2019

# 2018نامە - وەشانی 1

## ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی2018 یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.

ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا

بە هاوکاریی ئەندامانی کارا:

- مانو بەرزنجی
- سەریاس ئەحمەد
- نالیا ئیبراهیم
- ئاراس ئیلنجاغی
- زریان سەرچناری

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
http://www.kurdipedia.org
03-01-2019

# چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی رێکخراوی رووداوە گرنگەکانی ساڵی 2018یە کە رێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا رەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە.
هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گرێدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخرێتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، یەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

رێکخراوی کوردیپێدیا
http://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
03-01-2019

## بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەڕتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 62 | 2017نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 472 | 363 | 2018-01-03 |
| 61 | چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 30 | 0 | 2017-04-02 |
| 60 | 2016نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 208 | 348 | 2017-01-22 |
| 59 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة ١ | SA عربي | 1 | 1252 | 2028 | 2016-10-10 |
| 58 | دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية | SA عربي | 1 | 20 | 0 | 2016-09-26 |
| 57 | ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 21 | 0 | 2016-08-08 |
| 56 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1734 | 3287 | 2016-05-12 |
| 55 | 2015نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 153 | 339 | 2016-01-01 |
| 54 | یارینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 11 | 9 | 2015-09-17 |
| 53 | نادینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 29 | 45 | 2015-09-17 |
| 52 | یاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 189 | 141 | 2015-09-11 |
| 51 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1219 | 2075 | 2015-09-10 |
| 50 | چالاکواننامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1249 | 2075 | 2015-09-10 |
| 49 | وێنەنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 882 | 2333 | 2015-09-10 |
| 48 | بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 847 | 771 | 2015-09-10 |
| 47 | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 42 | 93 | 2015-09-10 |
| 46 | ئامارنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 901 | 1191 | 2015-09-09 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -09-09 2015 | 4563 | 2703 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | 45 |
| -09-08 2015 | 719 | 325 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | 44 |
| -09-08 2015 | 11223 | 5207 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | 43 |
| -09-07 2015 | 476 | 190 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | گەینامە - وەشانی 2ەم | 42 |
| -09-07 2015 | 4294 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 2ەم | 41 |
| -09-07 2015 | 5613 | 1579 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 2ەم | 40 |
| -09-07 2015 | 7015 | 2849 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 39 |
| -03-18 2015 | 117 | 89 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | یاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 38 |
| -03-14 2015 | 92 | 58 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | داعشنامە - وەشانی 2ەم | 37 |
| -02-01 2015 | 191 | 136 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 36 |
| -01-24 2015 | 226 | 135 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 35 |
| -01-22 2015 | 2957 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 2ەم | 34 |
| -01-21 2015 | 536 | 353 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 33 |
| -01-19 2015 | 113 | 75 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 32 |
| -01-18 2015 | 287 | 140 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 2ەم | 31 |
| -01-18 2015 | 41 | 30 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | 30 |
| -01-16 2015 | 960 | 510 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | 29 |
| -01-15 2015 | 5035 | 1859 | 4 | کوردیی ناوەڕاست | هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | 28 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 27 | براکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 172 | 285 | 2015-01-11 |
| 26 | ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 165 | 359 | 2015-01-10 |
| 25 | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 3935 | 7345 | 2015-01-04 |
| 24 | 2014نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 166 | 344 | 2015-01-01 |
| 23 | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 118 | 130 | 2014-11-23 |
| 22 | گەینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 236 | 428 | 2014-11-23 |
| 21 | داعشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 26 | 27 | 2014-11-16 |
| 20 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 403 | 514 | 2014-06-10 |
| 19 | هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | کوردیی ناوەڕاست | 3 | 1653 | 4811 | 2014-06-03 |
| 18 | وێنەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 722 | 1419 | 2014-06-03 |
| 17 | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 78 | 101 | 2014-06-02 |
| 16 | چالاکوانانامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1284 | 1778 | 2014-06-02 |
| 15 | ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 31 | 33 | 2014-06-01 |
| 14 | براکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 219 | 282 | 2014-06-01 |
| 13 | هونەرنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1204 | 1695 | 2014-06-01 |
| 12 | زیندانینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1812 | 3172 | 2014-06-01 |
| 11 | ناونامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1238 | 3259 | 2014-06-01 |
| 10 | ڕێکخراونامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 546 | 937 | 2014-05-31 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -05-31 2014 | 171 | 100 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم | 9 |
| -05-31 2014 | 2887 | 1396 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 1ەم | 8 |
| -05-31 2014 | 756 | 435 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم | 7 |
| -05-31 2014 | 404 | 110 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 1ەم | 6 |
| -05-30 2014 | 285 | 163 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 1ەم | 5 |
| -05-28 2014 | 358 | 188 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم | 4 |
| -05-28 2014 | 3289 | 2291 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم | 3 |
| -05-27 2014 | 6140 | 2753 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم | 2 |
| -05-25 2014 | 12747 | 3562 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم | 1 |

## دەربارە!

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چڕوپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆڕمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا ببێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چڕوپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، بڕوانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەرێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت #C - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

**👦هاوڕێ باخەوان**
**👦زریان سەرچناری**
**👦مانو بەرزنجی**
**👦سەریاس ئەحمەد**
**👩نالیا ئیبراهیم**
**👦ئاراس ئیلنجاغی**
**👩ئەڤین ئیبراهیم فەتاح**
**👦ڕۆژهات سەعید**
**👦هەڤاڵ نەژاد**
**👦ڕەوەز جەلال ئەمین**
**👦شکۆ حەمەد شێخانی**
**...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2019

**بابەت: 365**

**رۆژی دەرچوون: 2019-01-03 PM8:53:43**

بابەت: 1

**2018-01-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180101000000143347



رۆژهەڵاتی کوردستان

- لە چەند رۆژی ڕابردوودا، 9 هاووڵاتیی خەڵکی کرماشان بە تۆمەتی بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکانی شاری کرماشان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کران.[2]

- ڕۆژنامەی کەیهان نزیک لە رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لە چاپی عەرەبی ژمارەی ئەمرۆی دا، بڵاوی کردۆتەوە کە خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردووی ئێران لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرپەرەشتی کراوە و لە دوو شاری هەولێر لە عێراق و هیرات لە ئەفغانستان بەڕێوەدەبرێن.[3]

- لە سنەش خۆپیشاندان دەستیپێکرد.[3]

- کۆڵبەرێکی تەمەن 19 ساڵە، بە تەقەی هەنگی سنووریی لە ورمێ بە سەختی بریندار کرا.[2]

- هێزە ئەمنییەتییەکان لە کاتی خۆپێشاندانی شارەکانی ئێران و کوردستان خوێندکارێکی کوردی خەڵکی شاری دەرەشاری پارێزگای ئیلامیان دەسبەسەر کرد. هەواڵنێری کوردیپا شوناسی ئەو خوێندکارە کوردەی بە ناوی ئیحسان محەمەدی کارناسی باڵای مێژوو لە زانکۆی تاران ڕاگەیاندووە.[2]

باشووری کوردستان

- منداڵێکی کوردی ئێزدی لە خانەی بیسەرپەرشتانی موسڵ دۆزرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 🖇ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-01

[2] 🖇ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-02

[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-01 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 2

**2018-01-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180102000000143348


روژباش کوردستان
قاضی محمد یک شخصیت ملی است

باکووری کوردستان

- دادگای تورک سزای زیندانی ساڵ و نیوێکی بەسەر ئایسەل توغلوک، جێگری هاوسەرۆکانی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەدا سەپاند.[3]
- بەهۆی تەوژمی بەهێزی بەفربارین کە لە ناوچەکانی بەلقان رووی کردووەتە باکووری کوردستان، لە ئەنجامی بەفر بارینێکی زۆرەوە رێگای 557 گوند و کێڵگە و دێهاتەکانی سەر بە پارێزگاکانی جۆلەمێرگ، وان، بەدلیس، قارس، ئەرزەرۆم و ئەردەخان لە باکووری کوردستان داخراون و تیمەکانی شارەوانی بەردەوامن لە کردنەوەی رێگاکان و پاککردنەوەیان.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەهۆی خراپیی بارودۆخەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، رژێمی ئێران پاسدارە خانەنشینەکانی بۆ سەر کارەکانیان بانگهێشتکردەوە.[4]
- ژمارە (1)ی هەفتەنامەی ڕۆژباش کوردستان لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی و بە سەرپەرشتی سەید لەتیف حسەینی، بڵاوکرایەوە.[1]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی پێشمەرگە لە بریارێکی نوێیدا ژمارەی پاسەوان و شوفێری بەرپرسانی وەزارەتەکەی و ئە و پێشمەرگانەش دەدات کە لەلیواکاندا زیادەن.[1]
- ئەگەرچی بریار بوو لە ڕۆژانی رابردوودا هەردوو خاڵی سنووریی پەروێزخان و حاجی ئۆمەران بکرێنەوە، بەڵام ئەمرۆ هەردووکیان بەفەرمی کرانەوە.[2]
- لەچاوپێکەوتنێکدا لاهور شێخ جەنگی ئاماژە بەوەدەکات، کە 24-12-2017، قاسم سلێمانی سەردانی مەسعود بارزانی کردووە، بارزانی داوای لێبوردنی لە سولەیمانی کردووە دەربارەی ریفراندۆم و وتوویەتی ئێمە هەڵەمان کردووە، دەشڵێت: ئەوەی دەڵێت ئەمریکا پشتی بەرداوین لە ریفراندۆمدا درۆ دەکات.[3]
- عەلادین مەقسود زەینەل ساڵحی، بەرپرسی نوسینگەی بەرەی تورکمانی لەگەڕەکی عەسکەری لە شاری کەرکوک، لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە بەدەسترێژی گوللە کوژرا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- خۆپیشاندانی خەڵکی راپەریووی ئێران دژی رژێمی مەلاکان ئەمرۆش بەردەوامیی هەیە و تاوەکو ئەمرۆ دەیان کەس کوژراون و سەدانیش بریندراربوون.[2]
- بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئێرانەوە، بەهای تمەن بەرامبەر دۆلار بەتەواوەتی دابەزیوە و زیانێکی زۆری بە ئابووریی رووخاوی ئێران گەیاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جولەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بەدلیس |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قارس |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئەرزەروم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری دوارۆژ - 2018-01-02
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رۆژنیوز - 2018-01-02
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری کوردپا - 2018-01-02
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رووداو - 2018-01-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 3

**2018-01-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180103000000143349



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، چەندین زانیاریی و بەڵگەی گرنگی لە بارەی ئەو بەڕێوەبەرە پلەبەرزانەی میت-ی تورکەوە ئاشکراکرد، کە پێشتر لەلایەن گەریلاکانەوە دەستگیرکرابوون. لە ڕاگەیەنداوی کەجەکەدا هاتووە، کە ئەو دوو بەڕێووەبەرە پلەبەرزەی میت لەلایەن شەخسی هاکان فیدان، پلەبەرزترین بەرپرسی میتی تورک ئەرکدارکراون بە فەرمانی ئەردۆغان.[4]
- لەیلا بیرلیک، پەرلەمانتاری شرناخی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بە تۆمەتی بێڕێزیکردن بە سەرۆک کۆمار، سزای 21 مانگ زیندانی بە سەردا سەپێندرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە گوندی زێوەی پیرانشار، پێکدادان لەنێوان هێزێکی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی ئێران روویدا و بەپێی زانیارییەکان ژمارەیەک لە هێزەکانی ئێران کوژراون.[3]
- فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران بڵاویکردۆتەوە کۆمەڵێک لە و کەسانەی لە خۆپیشاندانەکاندا بە تایبەت لە دوایی ڕۆژی هەینییەوە دەستگیرکراون، لە لایەن پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە بۆ مەبەستی گێرەشێوێنی، ڕاهێندراون. جەعفەری دەشڵێت ئە و کەسانە سەر بە سێ لایەنی پارتە کوردییەکانی بەرهەڵستکار و لایەنگرانی (شا)ی پێشووی ئێران و گرووپی موجاهیدین بوون، دەستگیرکراون و بە خراپترین شێوە وەڵامی کردەوکانیان وەردەگرنەوە.[1]
- دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە نوێترین هەڵوێستیدا لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران گوتی: لەکاتی گونجاودا خەڵکی ئێران پاڵپشتی گەورە لە ئەمریکا دەبینن.[2]
- شوجاع حوسێنزادە بەڕێوەبەری کاناڵی تێلگرامی بانە نیووز لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا. شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە دەستبەسەرکراوە بە محەممەد ئیبراهیمی تەمەن 50 ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی کۆنەلاجانی پیرانشار ڕاگەیەندراوە.[6]

باشووری کوردستان
- کەناڵی گەلی کوردستانی زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاویکردەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاسایشی سلێمانی چەند گروپێکی تیرۆرستیان دەستگیرکردوە، کە لەنێویاندا گروپێکی سەر بە داعش هەبووە و سەرجەم ئەندامەکانی ژن بوون.[1]
- لە گەڕەکی سەدماڵی شارۆچکەی کەلار، گەنجێک بە دەمانچە تەقەی لە خوشک و زاوایەکی کردووە، لەئەنجامدا دوو خوشکی خۆی کوشت و زاواکەشی بریندار کرد.[3]
- ڕۆژنامەیەکی تورکی نزیک لە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا ئاشکرایکرد هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕازیکردنی تورکیا بەنیازە ناوچەی ئەمنی لەسەر سنوری تورکیا دابمەزرێنێت.[1]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بایکۆتی دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنەکەیان کرد کە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر بودجە.[2]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیێنێ، بەمزووانە حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست بە گفتوگۆ دەکات. ئاشکرایشی دەکات کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا شاندێک لە هەولێرەوە سەردانی بەغدا دەکات. لەبارەی بودجەش دەڵێت دەبێ تێبینییەکانی پەرلەمانتارانی کورد و سەرجەم لایەنەکان لەبەرچاوبگیرێن.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 14-04-2018ی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دیاری کرد.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، وەفدێکی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکایەتی دەکات گەیشتنە بەغدا.[1]
- هاونیشتمانییەکی کورد بەناوی (ڕەزوان عەبدولوەهاب) کە خەڵکی گوندی تورەقی هەولێرە لە بازگەیەکی موسڵ بە دەستی چەکدارێکی حەشدی شەعبی دەکوژرێت.[3]
- لە سنوری دوبز شەڕو پێکدادان لەنێوان حەشدی شەعبی و چەکدارانی داعش ڕویدا و قوربانی لێکەوتوەتەوە.[1]
- حکومەتی کوردستان پرۆژەیاسای چاکسازی لە مووچەی خانەنشینی نایاسایی ڕادەستی پەرلەمان کرد، بەمنزیکانە پەرلەمان کۆبوونەوەی لەبارەوە دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات. دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان پرۆژەکە مووچەی دەیان هەزار خانەنشینی نایاسایی دەبڕێت، مانگانە زیاتر لە 100 ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری دوارۆژ - 2018-01-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رووداو - 2018-01-03
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رۆژنیوز - 2018-01-03
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری باسنیوز - 2018-01-03
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری کوردپا - 2018-01-04


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 4

**2018-01-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180104000000143350




باکووری کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی مەزوپوتامیا، هێزەکانی پۆلیسی تورک نیوەشەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی بسملی سەر بە ئامەد هێرشیان کردووەتە سەر گۆڕستانی شەهیدانی هەپەگە، یەپەگە، یەپەژە، یەپەسە، یەپەسە ژن و یەژا ستار و کێلەکانی شکاندوون.[1]
- سزای 15 ساڵ و سێ مانگ زیندان بە سەر ئیدریس بالوکەن، پەرلەمانتاری ئامەدی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەدا سەپێندرا، بە تۆمەتی ئەندامبوونی ڕێکخستنی قەدەغە.[1]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ، لە سنووری شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، ژمارەیەک شۆفێری بارهەڵگر ک و تاکسی لەگەڵ چەند هاوڵاتییەکی دیکەدا کە خەڵکی گەرمیان بوون، رفێندران.[1]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کار لەسەر مسۆگەرکردنی موچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و رون و بەپێی میکانیزمێکی ورد.[2]
- لە راگەیەندراوێکدا جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئاماژەی بەوەکردووە، هەستاون بە دورخستنەوەی سێ کەسی ناو جوڵانەوەکە، ئەویش پاش ئەوەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ناو جوڵانەوەکە بۆی ئاشکرابووە، کە ئەو سێ کەسە لە ژێرەوە کاریان بۆ دەزگایەکی سیخوری ناوخۆ کردوە و لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا شوێنی هاورێکانیان ئاشکرا کردووە.[3]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم رایدەگەیەنێت، داوایان لە حکومەت کردووە 23 ملیۆن دۆلار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان تەرخان بکات و دەشڵێت ئەگەر حکومەت بیەوێ هەڵبژاردنەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەرێوەبچێت دەبێت داواکارییەکانی کۆمسیۆن جێبەجێبکات.[2]
رۆژئاوای کوردستان

- هێزە ئەمنییەکانی کانتۆنی عەفرین، سیخوڕێکی دەزگای هەواڵگیری میتی تورکیایان دەستگیرکردووە، کە ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی چەند تەقینەوەیەک کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئارڕ تی - 2018-01-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 5

**2018-01-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180105000000143351



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە لە چەلێ-ی سەر بە جولەمێرگ، سەربازێکی تورک کوژرا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران
- ئاڵۆزییەکانی شارەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن، شەقامەکانی زۆربەی شارەکان بە هێزە سەربازییە جۆراوجۆرەکان تەنراون، هەر چەند مەترێک سەربازێک بە چەکەوە لە ئامادەباشدایە.[1][4]
باشووری کوردستان
- چوارەمین کۆنگرەی رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- رژاک بە دروشمی بە هۆشیارکردنەوە و رێکخستنی ژنان، سیستمی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتییانەی گەل بنیاتدەنێین لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- لە هۆڵی سینەما سالم، لە باڵەخانەی سەردەم لە شاری سلێمانی، جولانەوەی نەوەی نوێ، بەستنی یەکەمین کۆنگرەی خۆی دەستپێکرد. رێگە نەدرا جگە لە ئێن ئارڕ تی راگەیاندنەکانی دیکە رووماڵی بکەن.[1]

- شاسوار عەبدولواحید بەزۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ هەڵبژێردرا.[4]
- بومەلەرزەیەک کە پێشبینی دەکرێت گورەکەی نزیکەی 4 پلەی ڕێختەربێت، سنوری پارێزگای هەڵەبجە و دەوروبەری گرتەوە و هاوڵاتیان بە هەستیان پێکرد.[2]
- نوری مالیکی جێگری سەرکۆماری عێراق بە شاندی هاوبەشی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەوەری ڕاگەیاندووە کە لەم ڕۆژانەدا فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە کرداریی دەکرێنەوە.[2]
- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، دەبێت کێشەکانی هەولێر و بەغدا بەشێوەیەکی ئاشتیيانە لەرێگەی دانوستاندنێکی سیاسی لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەربکرێن.[3]
- پارتی دیموکراتی کوردستان چونی شاندی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بۆ بەغدا بە باش نازانێت و بەرپرسێکی پەیوەندییەکانیانیشیان دەڵێتدەیان شاندی تری حزبی بچێتە بەغدا کاریگەریی لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان نابێت.[2]
- ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و ژمارەیەک کەسایەتی شارۆچکەی خورماتوو لەگەڵ هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر کۆبوونەوە و ڕەوشی خورماتوو-یان تاوتوێ کرد.[1]
- سێ شوفێرە رفێندراوە کوردەکەی گەرمیان دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 48 کاژێر بەسەر رفاندنیان ئازادکران، تاوەکو ئێستاش چارەنووسی شوفێرێکی تورکمان دیارنییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | جولەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-05

[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-05 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 6

**2018-01-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180106000000143352




باکووری کوردستان

- ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە ڕاگەیەندراوێکدا کوژرانی شەش سەربازی سوپای تورکیای لە قلابانی سەربە شرناخ-ی باکوری کوردستان ڕاگەیاند.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- مەحمود عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ئێران لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئیسنای ئێرانی ئەمرۆ، لەبەرامبەر کوژرانی شەش ئەندامی هێزەکانیان لە شاری پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڕەشەی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد.[2]

باشووری کوردستان

- کۆسرەت ڕەسوڵ گەییشتەوە کوردستان.[1]

- سەرچاوە کوردییەکان باس لە گرتنی گرووپێکی چەکدار دەکەن کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەڕەشەی شەڕی چەکداری و ڕووخانی حکومەتی هەرێمیان کردبوو.[1]

- وتەبێژی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەر شاند و کەسێک سەردانی بەغدا بکات و قسەیەکی خێر بۆ میللەتی کورد بکات ئێمە سوپاسی دەکەین و پێشوازی لێ دەکەین.[2]

- گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێ: هەرێمی کوردستان بە کردەوە سەلماندوویەتی کە هەمیشە فاکتەری ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە بووە و هەرگیز ڕێگەی نەداوە و نادات ببێتە هۆی ئاڵۆزی و دروستبوونی پشێوی لە وڵاتانی دراوسێ.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 🖋ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-06

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 06-01-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 06-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-06 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 7

**2018-01-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180107000000143353



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە ئیزمیر عوسمان بایدەمیر پەرلەمانتاری ئورفا و هاوکات وتەبێژی هەدەپە دەستبەر کرا و پاش چەند کاژێرێک ئازادکرا.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەپەگە ڕایگەیاند، کە لە حەوت ڕۆژی ڕابردوودا، 4 سەربازی تورکیا لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا لەگەڵ شەڕڤانان کوژراون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو بوومەلەرزەیەک لە گوری 5.1 ڕێختەر سەرپێڵ زەهاوی سەربە پارێزگای کرماشانی هەژاند، لە ئەنجامی ئەو بوومەلەرزەیەدا 51 کەس بریندارببوون.[1]
باشووری کوردستان
- ئەندامێکی وەفدی وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردەی هەرێم ئاشکرایدەکات، لە دوای تەواوبوونی وردبینیکردن لە لیستی هەردوو وەزارەتەکە لە لایەن بەغداوە موچەکانیان ڕەوانەی هەرێم دەکرێت، دەڵێت عەبادی هیچ مەرجێکی دیارینەکردووە لەبەرامبەر ناردنی موچەی فەرمانبەران و دڵنیایی داوە لەناردنی.[3]
- ژنانی گەنجی تێکۆشەر، بە ئەنجامدانی گردبوونەوەیەکی بە مەشخەڵ لە شاری سلێمانی، کۆمەڵکوژییەکەی پاریس-یان شەرمەزارکرد، کە تیایدا سێ ژنە شۆڕشگێڕی کورد ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز شەهیدکران.[2]
- کۆچی دوایی نووسەر، سەید مەولود بێخالی لە هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئورفە
شار و شارۆچکەکان: ◯ زەهاو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 07-01-2018
[3] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 07-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 8

## 2018-01-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20180108000000143354



باکووری کوردستان
- والی شاری شڕناخ لە باکوری کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، بەمەبەستی پاراستنی سەر و ماڵی هاوڵاتیان لەو ئۆپراسیۆنە سەربازیانەی لەناوچەکەدا بەڕێوەدەچن، بۆ ماوەیەکی کاتی چەند ناوچەیەک بە ناوچەی ئەمنی ڕاگەیەنراوە و لەمڕۆوە بۆ 15 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و ڕێگە لە هاتوچۆی هاوڵاتیان لەو شوێنانە دەگیرێت. هەر ئەمڕۆش والی شاری بەدلیس ڕایگەیاند لە چەند گەڕەک و شارۆچکەیەکی سەر بەوشارە قەدەغەی هاتوچۆ ڕۆژانە لە کاتژمێر حەوتەوە تا پێنجی ئێوارە دەسەپێندرێت و بڕیارەکەش تا 22ی ئەم مانگە جێبەجێدەکریت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری شاری شنۆ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، دەدەنە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا دوو کۆڵبەری کورد بە سەختی بریندار بوون.[5]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر بە بەردەوامیی سنووری سیدەکان-یان بۆردوومان کرد.[3][4]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 1:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی پیربلا سەر بە شارۆچکەی زاخۆ-ی پارێزگای دهۆک-یان بۆردوومان کرد.[3][4]
- وتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە دوارۆژی ڕاگەیاند، سێ پێشمەرگە دوای گەڕانەوەیان لە مووچە وەرگرتن لە شەقامی مەخموور - هەولێر توشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و یەکێک لە پێشمەرگەکان بەناوی (ئیحسان وەلی) تەمەن 43 ساڵ دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە و دوو پێشمەرگەکەی تریش بە سەختی بریندار دەبن. وتیشی یەکێک لە و پێشمەرگانەی بریندار بوو بەناوی دارا ناسح ئەحمەد تەمەن 26 ساڵ ئەمڕۆ بەیانی گیانی لەدەستداوە.[1]
- دوو کچی گەنجی یەک بنەماڵە کە هەردووکیان دەزگیراندار بوون، لە گوندێکی سنوری ئاکرێ بەهۆی گرگرتنی غاز سووتان و گیانیان لەدەستدا.[2]
- سەرۆکی لیژنەی مادەی 140 سەبارەت بە شارەدێی سەرگەران ڕایدەگەیەنێت، گۆڕینی دەسەڵات لە ناوچەکە وایکرد ئە و ناوچەیە ناوەکەی لە سەرگەرانەوە بگۆردرێت بۆ قودس و ماڵە کوردەکان ڕابگوازرێن و عەرەب بچێتە شوێنەکانیان و دەست بەسەر زەویەکانیان بگرن.[3]
- پەرلەمانی عێراق دوو بڕیاری لەبارەی دۆخی کەرکوک و دووزخورماتوو دەرکرد و نەوتی کەرکوکی لە ژێر دەستی کۆمپانیای کار دەرهێنا و لێکۆڵینەوەش لە داهاتی هەناردەی نەوتەکەش دەکات.[1]
- لە بەیانی ئەمڕۆوە جارێکی دیکە لەسنووری گوندەکانی شارەدێی زنانە-ی گەرمیان و شارۆچکەی خورماتوو-ی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین شەڕ لەنێوان حەشدی شەعبی و ئەو گروپە چەکدارانە، کە بە خۆبەخشەکانی خورماتوو خۆیان ناساندووە دەستپێکردووە. زیاتر لە 20 گولە هاوەن لە شاخی هەنجیرەوە ئاڕاستەی نێو شارۆچکەی خورماتوو کراوە و لە نێو گەڕەکە تورکمان نشینەکان کەوتووەتە خوارەوە. لە بەرامبەریشدا حەشدی شەعبی بە هاوەن تۆپبارانی گوندەکانی زنانەی کرد و لەکاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵەشدا بە دوو هەلیکۆپتەر بۆردوومانی سنوورەکە دەکات.[3]

- نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبارەی کۆمپانیای کار-ەوە دروست نییە.[3]
- ئاسایشی سلێمانی دانپێدانانی دوو گرووپی تیرۆریستی بڵاوکردەوە کە پیلانیان دانابوو بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کوردستان.[4]
- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی کچێکی تەمەن 17 ساڵ بە گوڵلە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏬 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شڕناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 08-01-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-01-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-01-2018
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 10-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 9

**2018-01-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180109000000143355



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئیدریس شەریفی خەڵکی مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو بومەلەرزەیەک شاری سۆرانی سنوری هەولێری گرتەوە و هاوڵاتیانیش لە ماڵەکانیان چوونە دەرەوە، بەرپرسی بەشی کەشناسی سۆرانیش دەڵێت زانیاریمان لەسەر گوڕی بومەلەرزەکە نیە. [1]
- شەوی ڕابردوو لەنێو شاری کەرکوک دوو کەس بە دەسترێژی گوللە کوژران، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەکەش دەڵێت بکوژەکان رایانکردووە و تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون.[2]
- یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم بینای ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و تیایدا داوایان کرد کە دابمەزرێنرێن.[1]
- چەند چەکدارێکی نەناسراو دوو شۆفێری تەنکەریان لەسەر ڕێگای کەرکوک-خورماتوو بەرە و شوێنێکی نادیار رفاند.[1]
- ڕێکخراوی ژنانی نەوا لە ڕاگەراندراوێکدا دامەزرانی تەلەفزیۆنی ژن تیڤی ڕاگەیاند و بانگەوازی لە ژنان کرد بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ ئەو تەلەفزیۆنە.[3]
- پۆلیسی قەزای ماوەتی سەر بە سلێمانی رایگەیاند، لە ماوەت بەهۆی تەقینەوەی گوللە هاوەنێکەوە گەنجێک گیانی لەدەستدا، کە خۆی دەستکاری گوللەهاوەنەکەی کردووە.[2]
- ژمارەیەک کادری جوڵانەوەی نەوەی نوێ، چوونە ناو ریزەکانی یەکێتییەوە.[5]
- نەدیم زەهاوی، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی بەریتانیا بە یاریدەدەری وەزیری پەروەردەی بەریتانیا دیاریکرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سۆران
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 201810-01-
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-09 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 10

**2018-01-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180110000000143356




باکووری کوردستان

- بڕیاردرا، کە سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بۆ یەکەم جار لە دانیشتنی دادگاکەیدا لە لە دادگای سزای ئەسڵیی باکرکۆ ئامادەبێت.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بومەلەرزەیەک بە گوری4.7 ڕێختەر لە کاتژمێر 7:26 لە ناوچەی کوزرانی سەر بە پارێزگای کرماشانی ڕوویداو و پارێزگاکانی دەوروبەری و بەتایبەت لە شاری سنە هەستی پێکرا. بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئێران، بومەلەرزەکە هیچ زیانێکی گیانی و مادی لێنەکەوتووەتەوە. هاوکات هەر ئەمڕۆ، سێ بومەلەرزەی دیکە شارەکانی ڕوانسەرو سەرپێل زەهاوی هەژاند.[3]
- لاوێکی کوردی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی پووریا ئەمجەدیان خەڵکی شاری کرماشان، لە ماڵەکەی خۆیاندا لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.[4]

باشووری کوردستان

- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بەئامادەبوونی زیاتر لە 500 هاودیدی کۆنگرەی دامەزراندنی لە شاری سلێمانی بەست و بەرهەم ساڵح بە سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە هەڵبژێردرا.[1]
- لە شارۆچکەی کۆیە سەربە پارێزگای هەولێر بە سیمینارێک یادی شەهید ساکینە جانسز و هەڤالانی کرایەوە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سیپان حەمۆ، فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)فەرماندەی یەپەگە، ئاشکرای دەکات کە ژمارەی شەڕڤانانیان 50 هەزاری تێپەڕاندووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ زەهاو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-01-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-01-10

[4] 🖎ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 10-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 10-01-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 11

**2018-01-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180111000000143357



باکووری کوردستان

- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، دژی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک لە گابار، دوو سەربازی تورک کوژران.[3]

- دادگای ئامەد سزای 8 ساڵ زیندانیکردن بەسەر عەبدوڵلا زەیدان، پەرلەمانتاری جولەمێرگ-ی هەدەپە-دا سەپاند.[3]

- پەرلەمانی تورکیا بەدەنگی 276 پەرلەمانتار، مافی پەرلەمانتاری لە لەیلا زانا، پەرلەمانتاری شاری ئاگری پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە وەرگرتەوە.[3]

- بۆ جاری 721-ەمین، داواکاری پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان، لە لایەن داواکاری گشتی دادگای کۆماریی بۆرسا-ی تورکیاوە ڕەتکرایەوە.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە کاتژمێر 10:00ی بەیانی بومەلەرزەیەک لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و سنە ڕوویدا.[1]

- دوو ئەندازیاری کورد بە ناوەکانی ئەمین ئەشرەفی و جەواد ئەشرەفی لە شوێنی کارەکەیان لە شاری هەمەدان ڕفێندران.[3]

باشووری کوردستان

- لە کاتژمێر 10:00ی بەیانی بومەلەرزەیەک لە دەربەندیخان و هەڵەبجە و پێنجوێن و زەڕایەن ڕوویدا و بەهۆیەوە بەشێک لە خەڵک لە ماڵەکانیان چوونەتە دەرەوە.[1]

- لایەنە عەرەبییەکانی کەرکوک هاوپەیمانییەک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لە و پارێزگایەدا پێکدەهێنن.[2]

- گۆڕان، کۆمەڵ و هاوپەیمانی بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکەن.[1]

- فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق نامەیەک ئاڕاستەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران دەکات و رایدەگەیەنن دەبێت لە نزیکترین کاتدا سەرۆک وەزیران بەدواداچوون بکات بۆ ئەو سیاسەتی تەعریبیەی لە کەرکوک بەناوی حەشدی شەعبی دەستیپێکردووە.[2]

- بەهۆی تەقینەوەی گوللە هاوەنێکەوە لە شارەدێی شۆڕش-ی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ، سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا. سێ منداڵەکە ناویان (هێمن سەعید) تەمەن 9 ساڵ، (فەرمان عەتا) تەمەن 12ساڵ و (دێرین سامان) تەمەن 12ساڵە.[3][4]

دەرەوەی کوردستان

- تەرمی هەریەک لە جاک هۆڵمز و ئۆلیڤەر هۆڵ، کە هەردووکیان تەمەنیان 24 ساڵبوو و بە خۆبەخشی لە ریزی یەپەگە شەڕی داعشیان دەکرد، لە فرۆکەخانەی هیترۆ لە لەندەن دابەزێندران و لەلایەن خێزانەکانیانەوە پێشوازیان لێکرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-11 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 12

**2018-01-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180112000000143358



باکووری کوردستان
- سەڵاحەدین دەمیرتاش بۆ جاری یەکەم لە دادگا دەرکەوت.[4]
- لە ئەنجامی وەرگەڕانی پاسێکی نەفەرهەڵگر لە نزیک شارۆچکەی سلۆپی کە لە تورکیاوە بەرەو هەرێمی کوردستان گەشتی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون. لەو رووداوەدا بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان 9 کەس گیانی لەدەست داوە و 28 کەسی دیکەش لە سەرنشینەکانی بریندار بوون.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- گەنجێکی کورد بە ناوی سارۆ قارەمانی تەمەن 24 ساڵە لە شاری سنە لە زیندانی ئیتلاعات گیانی لەدەستدا، ئەوەش دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر.[2]
باشووری کوردستان
- کۆنفرانسی دەزگای بنەماڵەی شەهیدان بە بەشداری 400 ئەندام و میوانان لە چوار بەشی کوردستانەوە، لە کامپی پەنابەرانی شەهید رۆستەم جودی لە مەخموور دەستپێکرد.[2]
- بەهۆی پەلاماردانیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، سێ ئەندامی خێزانێک لەباشوری کەرکوک کوژران و یەکێکیشیان بەسەختی برینداربووە.[1]
- حکومەتی عێراق رێگەی بە وەزیری بەرگری بەلجیکا نەدا سەردانی هەولێر بکات و لەبەرامبەردا حکومەتی بەلجیکا باڵیۆزی عێراقی بانگهێشتکردووە بۆ روونکردنەوە.[3]
- لە شاری سلێمانی، بە مەراسیمێکی شکۆمەندانە، یادی سێ ژنە تێکۆشەری کورد ساکینە جانسز و لەیلا شایلەمەز و فیدان دۆغان کرایەوە و چوارەمین خەڵاتی ساکینەش درایە ژنە تێکۆشەرێک.[2]
- هێزێکی بەرپەرچدانەوەی خێرا-ی سەر بە سوپای عێراق، لە گەڕەکە کوردنشینەکانی شارۆچکەی خورماتوو، بە تانک و زرێپۆشەوە بڵاوەیان پێکراوە، بەرپرسێکی یەکێتیش لە شارۆچکەکە دەڵێت: هاتنی ئەو هێزە دڵەڕاوکێی لەناو هاوڵاتیاندا دروستکردووە.[2]
- لە گوندی کانی مارانی سنوری ڕانیە دوو کۆپتەری جەنگی نەناسراو تەقەیان بەسەر گوندەکەدا کردوو ترس و دڵەڕاوکێیان خستە ناو دانیشتوانی ئەو گوندە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لە هۆڵی دەرسگوتاری ناوەندی دیجلە بۆ رۆشنبیریی و هونەری دیموکراتی، لە شاری دێرک-ی سەربە کانتۆنی جزیرە، لەژێر دروشمی (ژنۆلۆژی کۆمەڵگا بە سروشتی ژن ڕووناک دەکاتەوە)، یەکەمین کۆنفرانسی ژنۆلۆژی دەستپێکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 🌏ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-01-2018
[2] 🌏ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-01-2018
[3] 🌏ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 12-01-2018
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 12-01-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 13

## 2018-01-13

https://www.kurdipedia.org/?q=20180113000000143359



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو هێزەکانی سەربە حکومەتی تورک هێرشیان کردووەتە سەر گۆڕستانی شەهیدانی ئیسماعیل ڕۆناهی لە گوندی کۆلانی سەربە گمگمی موش.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای ونبوونی بۆماوەی دوو ڕۆژ، تەرمی کۆڵبەرێکی کورد لەسەر سنووره دەستکردەکانی نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 3ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ نارنجۆکێکی دەستی لەبەردەم ماڵی ڕۆژنامەنوسی کورد، ئاکۆ ڕەشید لە گەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکوک تەقییەوە.[1]
- شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بەغدا و لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراق کۆبوونەوە. شاندەکە تاوتوێی کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی و بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان دەکەن لەگەڵ شاندی عێراق.[2]
- بە ڕەزامەندی هەرسێ لایەنی گۆڕان، هاوپەیمانی و کۆمەڵ، یوسف محەمەد سادق کراوەتە سەرۆکی هاوپەیمانیەکەیان.[3]
- بەهۆی تەقینەوەی مینێکەوە لە کۆمەڵگەی تلبەنات-ی سەر بە شارۆچکەی شەنگال، گەنجێک گیانی لەدەستدا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سالح موسلیم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەفدەم و هاوسەرۆکی پێشووی پارتی یەکێتی دیموکراتیک-پەیەدە هۆشداری دەدات بە تورکیا و لە دیمانەیەکدا ئاماژەی بەوەدا، ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر عەفرین، شەڕەکە دەپەڕێتەوە بۆ تورکیا و ئەمەش دەبێت بە سەرەتای رووخانی ئەو وڵاتە. [2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ ئەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ موش
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-01-2018
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-01-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 14

**2018-01-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180114000000143360




باکووری کوردستان
- لە ئامەد بۆ 465ەمین جار دایکانی ئاشتی گردبوونەوە، ئەوان پێشتر لە پارکی کۆشو یۆلو گرد دەبوونەوە، بەڵام ئێستا لەبەر باری نائاسایی لەنێو باڵەخانەکان چالاکی ئەنجامدەدەن و داوای چارەنووسی رۆڵەکانیان دەکەن.[1]
- بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی راگەیاندنە تورکەکان ڕایانگەیاندووە، لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هەپەگە لە دەوروبەری چەلێی سەربە جولەمێرگ، سێ سەرباز کوژران و سەربازێکی دیکەش برینداربووە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی سنەی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، نەیهێشت کە خانەوادی سارۆ قارەمانی کە پرسە بۆ ڕۆڵەکەیان بگێڕن، چالاکوانانی مەدەنیی شاری سنە بانگەوازیی خەڵکیان کردووە سەردانی ماڵی سارۆ بکەن بۆ سەرەخۆشیکردن لە خانەوادەکەی.[2]
- حوسێن باقری ناسراو بە ژاکان باران تەمەن 36 ساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری مەلەکشای ئیلام دەسبەسەر کرا.[4]
- حکومەتی ئێران هەواڵی کوشتنی گەنجێک کوردی بەناوی کیانوش زەندیی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە خانەوادەکەی ڕاگەیاند.[2]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 1:30 خولەکی پاش نیوەڕۆی ئەمرۆ چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر بازگەی قۆشنە، کە دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی مەخموور و شارەدێی باقرت.[2]
- بزوتنەوەی ئیسلامی رایگەیاند، بۆ هەڵبژاردنی عێراق ناچینە هیچ هاوپەیمانێتیەکی کوردستانەوە و بەسەربەخۆش بەشداری هەڵبژاردن ناکەین.[3]
- نۆیەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی کامپی مەخمور کۆتایی هات و تیایدا هاوسەرۆک و ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتەکە هەڵبژێردران. دوو هاوسەرۆک و 27 کەس بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی کامپی مەخمور هەڵبژێردران.[2]
رۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی سەربە سوپای تورک و تۆپخانەکانی سوپای تورک، گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شەرای عەفرین تۆپباران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | جولەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روداو - 2018-01-14
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-14
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 15

**2018-01-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180115000000143361



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکیی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگەدا لە چەلێی سەر بە جولەمێرگی باکوری کوردستان، 11 سەربازی تورک کوژران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران لە شاری دیواندەرە، چالاکێکی مەدەنی کوردی بە ناوی فەریدوون ئاقابی کوڕی حوسێن تەمەن 35 ساڵ بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی درۆ و بێ ڕێزی بە دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.[5]
- زیندانییەکی کورد بە ناوی حوسێن قادری، تەمەن 30 ساڵ و دانیشتووی شاری سنە، لە قەرەنتینەی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە بە هۆکاری نادیار گیانی لە دەستدا.[5]
باشووری کوردستان
- پێکدادانێکی قورس لە نزیک گرتووخانەی فیدراڵی لە چەمچەماڵ لەنێوان چەند چەکدارێک و دژە تیرۆری یەکێتی ڕوویدا و کوژراوێک و ژمارەیەک برینداری لێکەوتەوە. کوژراوەکە ئامۆزای عەبدوڵای کوێخا موبارەک بەرپرسی مەکۆی گۆڕانە لە چەمچەماڵ.[1]
- شاندێکی حکومەتی عێراق گەیشتە هەولێر و لەبارەی کردنەوەی فرۆکەخانەکان و چەند پرسێکی دیکە لەگەڵ تیمێکی هەرێمی کوردستان لە کۆبووەوە.[2]
- گەنجانی وڵاتپارێز لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایدەگەیەنن: دوو هەڤاڵیان بە ناوەکانی هێدی و ئەحمەد، لە لایەن ئاسایشی شارەدێی سەنگەسەرەوە بەبێ هیچ فەرمانێکی دادگا ڕفێندراون.[3]
- فڕۆکەخانەی هەولێر ڕایدەگەیەنێت بەمنزیکانە دەگەڕێینەوە بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانمان.[4]
- ئالا تاڵەبانی وەک باشترین پەرلەمانتاری 2017 خەڵاتی پێ درا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا هەرێمی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان تۆپباران دەکات. ئەردۆغان پشتڕاستیدەکاتەوە و دەڵێت دەستمانکردووە بە تۆپبارانکردن و بەردەوامیش دەبین. لە نزیکترین کاتدا پرسی عەفرین و منبج چارەسەر دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 15-01-2018

[3] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 15-01-2018
[4] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 15-01-2018
[5] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 16-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 16

**2018-01-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180116000000143362



باکووری کوردستان
- رۆژنامەی حوریبەتی تورکیا لە ژمارەی ئەمڕۆیدا بڵاویکردووەتەوە، بۆیەکەمجار لە مێژووی پەرلەمانی تورکیادا بە تۆمەتی بەکارهێنانی وشەی کوردستان لە دانیشتنی پەرلەماندا، سەرۆکایەتی کاروباری دارایی پەرلەمانی تورکیا، بڕیاریداوە بڕی 12 هەزار و 322 لیرەی تورکی (سێ هەزار 246 دۆلار) لە مووچەی عوسمان بایدەمیر ببڕێت.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، لە فڕۆکەخانەی شاری ئامەدی باکوری کوردستان، حەیدەر ئەرگول، سەرنووسەری گۆڤاری مۆدێرنەی دیموکراتی دەستگیر کرا.[2]
- دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر لەکارلادانی لەیلا زانا وەک پەرلەمانتاری تورکیا، ئەمڕۆ ئەنتۆنیۆ تەیینی، سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا ستایشی هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لەیلا زانای کرد کە لەماوەی رابردوودا لەڕێگەی پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بەدەستیهێناوە.[3]
- ئەمڕۆ ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک لە نزیک گوندی مەلێ-ی سەربە هەرێمی بەستا لە شرناخ، بەردەوامی هەبووەو چەندین سەربازی لە سنوورەکە جێگیرکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرەڕای ئەوەی دوو مانگ بە سەر بوومەلەرزەکەی کرماشاندا تێپەڕیووە، هێشتا لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە لە دۆخی خراپدا دەژین و سەرما ژیانی لێ تاڵ کردوون.[2]
- پارێزگاری دەرسیم، 30 ناوچەی سەربە دەرسیم-ی لە باکوری کوردستان، وەک ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیاند.[2]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری پیرانشار، بە ناوی ئەمجەد یووسفی کوڕی حوسێن و پاش پشکنینی ماڵەکەی، ناوبراویان دەسبەسەر کرد.[6]
باشووری کوردستان
- کەسوکاری پێشمەرگە گیراوەکانی دەستی داعش گردبونەوەیەکیان لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدا. لەو گردبونەوەیەدا داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بەدواداچون بکات بۆ ئەو پێشمەرگانە کە لەشەری دژی داعش-دا لە لایەن داعشەوە دەستگیرکراون، و تا ئێستا چارەنوسیان نادیارە، یاخود ئەوانەی دوای نەمانی داعش کەوتونەتە دەست حکومەتی عێراق.[5]
- دەنگێکی بەهێز لە دهۆک بیسترا و سەرەتا وادەزانرا بوومەلەرزەیە، بەڵام دەرکەوت کە بوومەلەرزە نییە.[4]
- ئەکتەری دیاری درامای گەردەلول پشتیوان نوری بەدەوی کە رۆڵی (رزگار)ی خۆشەویستی (هەنار)ی دەبینی بەهۆی جەڵتەوە لەتەمەنی 40 ساڵیدا گیانی لەدەستدا.[4]
- لەدانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی ئەرمینیادا پرسی کارەساتی تاوانەکانی داعش دژی کوردانی ئێزیدیی گفتوگۆی لەسەرکرا و بەکۆی دەنگی 91 پەرلەمانتاری ئەو تاوانانە بە جینۆساید ناسێنران.[1]
- دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی یاداشتە 24 خاڵییەکەی لە حکومەت، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە کۆی دەنگ بڕیاریدا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکشێتەوە. ئەمینداری یەکگرتوو دەڵێت، ئەو چاکسازییانەی داوایانکردبوو لەلایەن

حکومەتەوە جێبەجێنەکراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوسەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبەری کانتۆنی عەفرین هێڤی مستەفا، باس لە دۆخی عەفرین دەکات و، دەڵێت: هیچماڵێک چۆڵی نەکردووە، دەشڵێت: گەلی عەفرین بەژن و پیاو و گەنج پەروەردەی بەکارهێنانی چەکیان بینیوە لە ئامادەباشیدان.[2]
- پارتی دیموکراتیی گەلان- هەدەپە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک هەڵوێستی پیشاندا بەرامبەر بە هەڕەشەکانی حکومەتی تورک و ڕایگەیاند، کە هەڕەشەکانی ئەردۆغان بۆ سەر عەفرین قبوڵ ناکرێت.[2]
- ڕۆژنامەیەکی نزیک لەپارتی دەسەڵاتداری تورکیا بڵاویکردەوە بەرلەوەی تورکیا هێرشەکەی بۆ سەر عەفرین دەستپێبکات تیشکی سەوزی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ هەڵکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | شڕناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-01-16
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2018-01-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-16


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-16 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 17

**2018-01-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180117000000143363




باکووری کوردستان
- سەمرا ئۆزلو، ڕۆژنامەنووسی کورد و بەرپرسیاریی گشتی پەخشیی لقی مەرسینی ڕادیۆ سەس، کە پێشتر لەلایەن حکومەتی ئاکەپەوە داخرابوو، دەستگیر کرا.[1]
- پارێزگای ئەنقەرە بەهۆی بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە، هەموو جۆرە کۆبوونەوە و یادکردنەوە و گردبوونەوەیەکی لە تەواوی ئەنقەرە قەدەخەکرد. کات و شوێنی دادگاییکردنی دەمیرتاشیش گۆڕدرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی محەممەد کەریمیخا کوڕی خالید تەمەن 37 ساڵ، حوسێن مەحموودی کوڕی محەممەدکەریم تەمەن 37 ساڵ و ئەمیر ئیبراهیمی کوڕی ئەبووبەکر تەمەن 38 ساڵ، لە دادگای ئینقلابی شاری بۆکان بە سەرۆکایەتی پەیمان ڕۆستەمی، بەرپرسی لقی دووی دادگای کەیفەریی 2 بە 13 ساڵ و شەش مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.[5]
باشووری کوردستان
- ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و وەزیرەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش ماڵئاوایی دەکەن.[3]
- وەفدێکی حکومەتی تورکیا گەیشتووەتە کەرکوک و لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت کۆبوەتەوە و دواتر چاویان کەوتووە بە کوتلەی تورکمانی لەئەنجومەنی پارێزگا.[2]
- فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق، بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد، پەرلەمانتارێکی کوردیش ئاشکرای دەکات کەبەردەوام دەبن لە بایکۆتکردنی دانیشتنەکان تاوەکو لەگەڵ عەبادی لەسەر بودجە گفتوگۆ دەکەن.[1]
- کیفاح مەحمود، ڕاوێژکاری میدیایی مەسعود بارزانی، بە ڕۆژنامەی ئەلمەدای ڕاگەیاندووە پێشبینی ئەوە دەکەن کە گەشتی ئاسمانیی فڕۆکەخانەکانی هەرێم لە 25-01-2018دا دەستپێبکاتەوە.[2]
- نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند، بڕیاری کشانەوەی یەکگرتوو لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و یەکریزی لایەنەکان نییە، بڕیارەکە نیگەرانی کردوون.[4]
- بەشێکی بازاڕی عەلوەی سلێمانی گڕیگرت و بەرگری شارستانیش هۆکارەکەی بۆ شۆڕتی کارەبا دەگەڕێنێتەوە.[2]
- وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، وەزارەتی بەرگری عێراق بەڕەسمی هەرسێ نوێنەرەکەی پێشمەرگەی لە وەزارەتەکەی دەرکردووە.[2]
- ئاسایشی باشماخ بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر، باوکی شەهید سورکێو و نزار محەمەد، چالاکوانی مەدەنی-یان دەستگیر کردوە و بڕی دوو هەزار و 800 دۆلار پارەشیان لێسەندن.[1]
- عەلی حەمەساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان ئەمڕۆ ڕایگەیاند: لەسەر دانانی چەند بازگەیەکەی نایاسایی و وەگرتنی باج لە بازرگانان لە سنووری هەولێر و سلێمانی، هەروەها خەرجکردنی پارە بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن سەرۆکی حکومەت، ئەمڕۆ سکاڵای یاساییم لەڕێگەی دەستەی دەسپاکی لەسەر سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت تۆمارکرد.[2]
- دوای ڕێگریکردن لەگەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس بۆ سنوری لەیلان لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک، بەتۆمەتی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا داوای یاسایی لەسەر بەڕێوەبەری شارەدێی لەیلان (محەمەد وەیس) تۆمارکرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا شەوی ڕابردوو جارێکی دیکە گوندەکانی سەربە شەرا و

شێراوایان لە عەفرین تۆپباران کرد.[1]
- ماڵپەڕی ئەلدیار نووسیوێتی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: پێویستە سوریا دابەشبکرێت بۆ سێ دەوڵەتۆکە، دەوڵەتێکی کوردی و دەوڵەتێکی عەلەوی لەگەڵ مەسیحییەکان، دەوڵەتێکیش بۆ سوننەکان.[2]
- پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە داوایەکی ئاراستەی جیهان کرد لەبارەی ڕاگرتنی بۆردومانەکانی سەر شاری عەفرین لەلایەن تورکیا.[2]
- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کۆبووەوە و داوایکرد سەرجەم چەکی گروپەکانی ڕۆژئاوای کوردستان رادەست بکرێتەوە. لە کۆبوونەوەیەدا کە بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا بەڕێوەچووە و زنجیرەیەک بڕیار دەرکرا کە زۆربەیان تایبەت بوون بە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا رایگەیاندرێنادەین لەسەر سونەکانمان هیچ گروپێک بوونی هەبێت و دەبێت سەرجەم ئە و چەکانەی دراون بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە و ناوچەیە بەبێ دواکەوتن رادەستبکرێنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-01-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-01-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-01-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 18-01-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 18

**2018-01-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180118000000143364



باکووری کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا بڕیاری درێژکردنەوەی باری نائاسایی بۆ ماوەی 3 مانگی دیکە پەسندکرد و بڕیارەکە لە کاژێر 1ی بەرەبەیانی رۆژی هەینی جێبەجێدەکرێت.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای ئینقلابی شاری ورمێ هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری شنۆی بە ناوی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور کوڕی ئەبووبەکر بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دووبارە بە لەسێدارەدان مەحکووم کرد.[5]
باشووری کوردستان
- وەرزشوانی بەناوبانگی شاری سلێمانی (محەمەد عەبدوڵڵا) ناسراو بە (حەمەی عەبۆل) کۆچی دوایی کرد.[1]
- شەوی رابردوو، لە سنووری شارەدێی جەبارە، چەتەکانی داعش هەڵیانکوتایە سەرگوندێک، پێنج هاوڵاتیان ڕفاند و هاوڵاتیەکی دیکەشیان تیرۆرکرد.[2]
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئەمرۆ، رێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ کۆمپانیای (BP)ی بەریتانی واژکرد، بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی نەوتی کێڵگەی نەوتی کەرکوک بۆ 750 هەزار بەرمیلی رۆژانە.[3]
- ئەنجومەنی شارۆچکەی خورماتوو قایمقامی نوێی بۆ شارەکە هەڵبژارد کە تورکمانێکی شیعەیە و ناوی حەسەن زەینەلعابدینە. کوردیش بایکۆتی کۆبوونەوەکەی کرد.[3]
- گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە شاری کەرکوک دۆزرایەوە، وتەبێژی پۆلیسی شارەکە-ش ڕایدەگەیەنێت، تەرەمەکانی ناو گۆڕەکە کوردن و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991.[2]
- هێزی پێشمەرگە لەسنوری ناحیەی قەرەهەنجیر خرایە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، دوای ئەوەی هێزێکی زۆری پۆلیسی فیدراڵی گەیشتونەتە ناوچەی چیمەن لەسەر رێگەی کەرکوک - سلێمانی.[3]
رۆژئاوای کوردستان (بەرخۆدانی عەفرین)
- دەیان هەزار هاوڵاتیی عەفرین بەمەبەستی پشتگیریکردنی خاکەکەیان لە دژی هێرشی تورکیا رژانە سەر شەقامەکان و بە وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە و ئاڵای یەپەگە و یەپەژەوە رێپێوان دەکەن.[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک گوندەکانی سەربە عەفرینیان تۆپباران کرد، ئەنجامی تۆپبارانەکە زیانی قورسی لێکەوتەوە و تۆپبارانەکانیش بەردەوامن.[2]
- پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) داوایەک ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئەوەی بە خێرایی کاربکات بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئە و ناوچانەی کە لەلایەن کوردەکانەوە کۆنترۆڵکراون.[3]
- سوپای تورکیا رۆژئاوای کۆبانێ تۆپباراندەکات. وەزیری دەرەوەی تورکیاش دەڵێت بە ئەمریکامان راگەیاندووە دەچینە عەفرین و منبج.[4]
- پاش هەڕەشەکانی ئەردۆغان، ئەنجومەنی سەربازیی منبیج هێزەکانی بەرگری لە سنوورەکانی باکوری ئەو کانتۆنە زیاد دەکات.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: داوا لە تورکیا دەکەین هێرش نەکاتە سەر عەفرین و هەموو لایەنەکان سەرنجیان لەسەر شەڕی داعش بێت.[4]
- شەرڤانانی یەپەگە وەڵامی تۆپبارانێکی سوپای تورکیایان بۆ سەر خاڵە سەربازییەکانی شەرڤانانیان لە سنووری دێرک دایەوە و بەهۆیەوە نزیکەی کاتژمێرێک رووبەڕووبوونەوە لەنێوان شەرڤانانی یەپەگە و سوپای تورکیا-دا روویدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |


شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک
شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ○ شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ○ منبج
شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-01-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-19

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-18 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 19
**2018-01-19**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180119000000143365



باکووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری ڕوحای پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لەبەردەم ناوەندی گشتیی هەدەپە لە ئەنقەرە دەستگیرکرا و پاشتر ئازادکرا. ڕاگەیەندرا، کە دەستگیرکردنی بایدەمیر لە چوارچێوەی دۆسیەی 'سوکایەتییکردن بە سەرۆک کۆمار'بووە، کە پێشتر لە شرناخ لەدژی تۆمارکرابوو. دوای وتە لێ وەرگرتنی لەلایەن دادگای ئەنقەرەوە، عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری ڕوحای هەدەپە ئازادکرا.[1]
- موراد قەرەیلان، ئەندامی دەستەی بەڕێوبەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، بانگەوازیی سەفەربەریی بۆ بەرگریی لە عەفرین کرد و ڕایگەیاند، کە پەکەکە لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا بێدەنگ نابێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی رابردوو، بەهۆی کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ئێران، لە سەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشوور، کۆڵبەرێک بەناوی (شۆرش عومەری) خەڵکی سەردەشت، لە شاخ هەڵدێرا و گیانی لەدەست دا، هاوکات 6 ئەسپی کاسبکاران لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژران.[1][4]

باشووری کوردستان

- لە شاری سلێمانی کۆنگرەی دامەزراندنی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بە بەشداری 700 ئەندام و بە ئامادەبوونی زیاتر لە 300 میوان دەستپێکرد.[1]

- محەمەد عەبدوڵڵا بە سەرۆکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵبژێردرا.[1]

- بەهۆی بارینی بەفرەوە ڕێگەی نێوان شارۆچکەی ڕانیە و شارەدێی وەرتێ داخرا.[2]

- بەڕێوەبەری کارەبای کەرکوک هۆکاری بچڕانی کارەبای نیشتیمانی لە سەرەنساری پارێزگاکە خستەڕوو و ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە بەهۆی رەشەباوە تاوەری سەرەکی هێڵی 400 کەیڤی کارەبای کەرکوک لەسنوری دیالە کەوتووە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- نورەدین جانیکلی، وەزیری بەرگری تورکیا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند ئێمە هیچ ڕێگەیەکی ترمان نیە و ناچارین بۆ پێشگرتن لە تیرۆر ئۆپراسیۆنی سەربازی لە عەفرین ئەنجامبدەین.[3]

- هێزەکانی تورکیا لە دوێنێ شەوەوە بەچڕی بۆردومانی عەفرین و دەوروبەری دەکەن.[2]

- وەزیری بەرگری تورکیا رایگەیاند، هێزەکانی چاودێری سوپای روسیا کە لە عەفرین جێگیرکرابوون و ژمارەیان 170 سەربازە کشاونەتەوە لە و شارە.[3]

- سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا دوپاتی کردەوە کە هێزەکانیان لە شاری عەفرین نەکشاندووەتەوە.[2]

- سوپای تورکیا لە رۆژهەڵاتی کانتۆنی عەفرین هێرشیکردەسەر سەنگەرەکانی یەپەگە، شەرڤانانی یەپەگەش بە توندی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و دوو سەربازیان کوشت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | روحا |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 19-01-2018

[2] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 🌐ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-01-2018
[4] 🌐ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 19-01-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 20

**2018-01-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180120000000143366



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شاری وان لە باکوری کوردستان، سوعاد کاراگۆز، رۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی ئۆزگورلوکچو دیموکراسی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە بەغدا، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران و د. فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد. لەبارەی کۆبوونەوەکە، نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت، گفتوگۆ لەبارەی دۆخی سیاسی و ئەمنی و چارەسەر کێشەکانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور، کراوە.[3]
- لە شاری سلێمانی بە دەستپێشخەری گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، گەنجان رێپێوانیان بۆ پشتگیریی عەفرین ئەنجامدا.[1]
- لە شارۆچکەی ڕانیە بە دەستپێشخەری گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر چالاکی ئێشگرتن بۆ پشتگیریکردنی عەفرین دەستپێکرد.[1]
- کردنەوەی بارەگای ڕەوتی حیکمە لە سلێمانی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)
- تۆپبارانی عەفرین و ئاڵۆزییەکان لەسەر سنووری باکوور و ڕۆژاوا، ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە.[2]
- وێڕای تۆپبارانی چڕ، سوپای تورکیا بۆ یەکەمجار بە فڕۆکەی جەنگی دەستی بە بۆردوومانکردنی بنکە و بارەگاکانی یەپەگە لە هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان کرد.[3]
- سوپای تورک 10 تانک و پێنج ئۆتۆمبێلی سەربازیی و ژمارەیەکی زۆر سەربازەکانی سوپای تورکی لە گردی مەرجۆق باکوری کوردستان جێگرکردووە، کە دەکەوێتە سەر سنووری گوندی بالیی سەربە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین. ئەو هێزانە ئەمڕۆ هەوڵیاندا لەو ناوچەیە خەندەق هەڵبکەنن و پاشان خۆیان بگەیەننە بەرزاییەکانی چیای گر-ی سەربە شارۆچکەی بلبلێ. شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە چالاکییەکیان لە دژی ئەو هەوڵدانەی هێزەکانی سوپای تورک ئەنجامدا و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن.[1]
- فەرماندازی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل – یەپەگە ڕایگەیاند، بەهۆی هێرش و بۆردوومانەکانی تورکیاوە بۆ سەر عەفرین شەش هاوڵاتی و سێ شەڕڤانی یەپەگە و یەپەژە شەهید بوون.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی جەلبەرە-ی سەر بە شارۆچکەی شێراوا-یان لە کانتۆنی عەفرین بۆردوومانکرد و کۆمەڵکوژییان ئەنجامدا. ژمارەی قوربانیانی کۆمەڵکوژییەکە گەیشتە 7 شەهید و 11 بریندار.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 20-01-2018
[2] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 20-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 21

**2018-01-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180121000000143367



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک هێرشی کردە سەر چالاکوانان کە لە بەردەم ناوەندی هەدەپە لە ئامەد گردبوونەوە بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- گەنجێکی دیکەی کورد بەناوی غوڵام ڕەزا موحەمەد-ی لە شاری کرماشان، کە بە بیانووی بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کرابوو، تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.[3]
باشووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی کۆیە ژنێکیان بە کوژراوی لەنێوان گوندی شاخە پیسکە و گۆمەشین دۆزیەوە کە شەوی رابردوو بە فیشەک کوژرابوو.[4]
- دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان، نوێنەرانی 500 رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێر یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی بڵاودەکەنەوە.[2]
- لە چەند شار و ناوچەیەکی باشووری کوردستان خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە عەفرین ئەنجامدرا.[4]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، بەشێک لە و پێشمەرگە دیلانەی کە کەوتنە دەستی داعش لەگەڵ کەسوکارەکانیان قسەیان کردووە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت وەزارەتی دادی عێراق داوای بەڵگەنامەی پێشمەرگە دیلەکان دەکات.[1]
- دوو بەرپرسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی نوێنەرایەتی کانتونەکانی رۆژئاوا-یان کرد و رایانگەیاند،پشتگیری عەفرین دەکەین و ئەگەر هێزیش پێویست بێت دەینێرین بۆ عەفرین.[3]
- لە شاری هەولێر لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی کانتۆنی عەفرین ئەنجامدرا و یاداشتێکیان ئاڕاستەکرا.[1]
- مەسعود بارزانی لە شاری هەولێر سەردانی کۆسرەت رەسول عەلیی کرد.[4]

- وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی نوێکردنەوەی سەرجەم مووچەخۆرانی گرێبەستی دەرکرد.[1]
- لە هەڵەبجە تەرمی ژنێکی تەمەن 37 ساڵ دۆزرایەوە و پاشان دەرکەوت کە سێ کەسی دیکە لە هەمان خێزانچارەنوسیان نادیارە دواجار تەرمی هەرسێکیان کە کوژرابوون دۆزرانەوە و بکوژەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە کە کوڕی هەمان خێزانە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)
- سوپای تورکیا رایدەگەیێنێ، لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون، لە دوێنێوە 153 ئامانجی یەپەگەیان پێکاون، تاوەکو ئێستاش بۆردوومان و تۆپبارانی عەفرین و دەوروبەری بەردەوامە.[2]
- سوپای تورک کە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هەوڵیدا لە ڕێگەی زەمینییەوە هێرش بکاتە سەر گوندی بالی و هێرشەکە لەلایەن شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژەوە تێکشکێندرا، پاشان بە فڕۆکە جەنگییەکانی هێرشی ئاسمانی دەستپێکرد.[3]
- میدیاکانی تورکیا ئاشکرایانکرد سوپای تورکیا ژمارەیەک تانکی ناردووەتە ناو سنوری شاری عەفرینەوە، هەروەها میدیاکانی نزیک لە یەپەگە باسی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی تورک دەکەن.[4]
- بەرپرسێکی کانتۆنی عەفرین وێڕای ئاماژەدان بە بێبەڵێنیی روسیا بەرامبەر بەهێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر شارەکە، ڕایدەگەنێت ئێمە هیچکات پشتمان بە روسیا نەبەستووە، ئەوان لە دوێنێوە عەفرینیان جێهێشتووە.[1]
- لە ئەنجامی بۆردومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی ئەدامەی سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی کانتۆنی عەفریندا، دوای بڵابوونەوەی برینداربوونی کچێکی 20ساڵ، ڕاگەیەندرا منداڵێکی 13 ساڵانیش برینداربووە.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی میسر لەبەیاننامەیەکدا دژایەتی خۆی بۆ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین ڕاگەیاند کە تێیدا هاتووە هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین پێشێلکردنی سەروەری سوریایە، شارەزایەکی کاروباری ئەو وڵاتەش دەڵێت هەڵوێستەکانی قاهیرە کاریگەری دەبێت.[1]
- حکومەتی فەرەنسا دژایەتی خۆی بۆ هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین دەربڕی و داوای راوەستاندنی دەکات. ژان-ئیف لو دریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە راگەیەندراوێکدا داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات سەبارەت بە ڕەوشی عەفرین.[2]
- سوپای تورک، هەوڵیدا لە کانتۆنی شەهباوە هێرش بکات، شەڕڤانان بەرگرییان کرد و دوو تانکی سوپای تورکیان تێکشکاند، بەمەش تا ئێستا پێنج تانک-یان تێکشکاندووە.[3]
- لە گوندی ئەدامە لە سنووری عەفرین، لە ئەنجامی شەڕێکدا لەنێوان سوپای تورک و شەڕڤانانی قەسەدە-دا، دەیان سەربازی تورک کوژراون و ژمارەیەک سەربازیش بە زیندووی کەوتوونەتە دەست شەڕڤانان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-01-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 21-01-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 21-01-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 21-01-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 22

**2018-01-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180122000000143368



کوردستان
- ئاژانسی بەناوبانگی رۆژ نیوز لەلایەن گورگە بۆرەکانی تورکەوە هاککرا، هاککەرە تورکەکان لەسەر دەستپێکی ماڵپەڕەکە بە زمانی تورکی نووسیویانە: ئەندێشەی کوردستان لە گۆڕدەنێین.[1]
باشووری کوردستان
- لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراقدا، بەپێی مادەی (11)ی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کورسییەکی کۆتا بۆ کوردی فەیلی دیاریکرا.[2]
- لە درێژەی پشتیگیرییەکانی هاوڵاتیانی باشوری کوردستان بۆ کانتۆنی عەفرین-ی رۆژئاوای کوردستان دژ بە هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی تورک، ئەمڕۆش لە چەندین شار و شارۆچکە چلاکایی بەرێوەدەچێت.[4]
- 41 حزبی هەرچوارپارچەی کوردستان ئیدانەی هێرش و بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین لەرۆژئاوای کوردستان دەکەن و داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەکەن لەئاستی پێشلکارییەکانی تورکیا هەڵوێستی هەبێت.[2]
- مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیەندراوێکی لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانی سەر کانتۆنی عەفرین بڵاوکردەوەو رایگەیاند، بەهێرش و بۆردومانەکانی سوپای تورکیا و چەند لایەنێکی دیکە بۆ سەر عەفرین و گیانلەدەستدان و قوربانیبوونی خەڵکی سڤیلی ئەو شارە زۆر نیگەرانن.[1]
- ئاسایشی دهۆک هێرشی کردە سەر ریکخەران و بەشداربووانی گردبوونەوەیەک، کە بڕابوو بۆ پشتیوانیی عەفرین ئەنجام بدرێت و دوو چالاکوانیان دەستگیرکرد.[4]
- تەرمی ژنێک بە سوتێنراویی لە سنووری گەرمیان دۆزرایەوە، پۆلیسی گەرمیانیش رایدەگەیەنێت، کە لەبەر زۆری رێژەی سوتانەکەی، تەرمەکە ناناسرێتەوە.[4]
- تۆڕی رێکخراوەکانی هەڵەبجە شەشەمین کۆنفڕانسی خۆی لەژێر دروشمی بەرەو کۆمەڵگایەکی شارستانی، نوێ بوونەوە و بەردەوام بوون ساز کرد.[4]
رۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)
- بۆمبارانی تورک بۆسەر عەفرین و دەوروبەری بەردەوامیی هەیە و پێکدادانی چڕیش لەنێوان هێزەکانی هەردوولادا روودەدات.[1]

- هێزەکانی سوریا دیموکرات ڕایدەگەیەنێت، رووسیا لە رووداوەکانی عەفرین خیانەتی لە کورد کردووە و هەڵوێستێکی خراپی بەرامبەر کورد هەبووە.[2]
- سوپای تورکیا رایدەگەیێنێ لە ناوچە ئەعزازی رۆژئاوای کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای سوریای ئازاد دایە، دەستیان بە هێرشی زەمینی کردووە بۆ سەر عەفرین. هاوکات رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا رایگەیاند: لەگەڵ رووسیا رێککەوتووین لە ئۆپەراسیۆنی عەفرین پاشگەزنابینەوە.[3]
- دوو بەرپرسی پەیەدە کە سەردانی ئەمریکایان کردووە داوادەکەن واشنتن لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورد لە عەفرین ناوچەی دژەفڕین رابگەیەنێت.[2]
- وەزیری دەرەوەی بریتانیا رایدەگەیەنێت، وڵاتەکەی بە وردی و لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی عەفرین دەکات، دەڵێت تورکیا مافی خۆیەتی سنورەکانی بە سەلامەتی بهێڵێتەوە، بەڵام پێویستە لەتوندوتیژی خۆیان بەدووربگرن.[2]
- نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیاندند، لە ئێستاوە زیاتر لە 300 هەزار کەس لە عەفرینەوە ئاوارە بوون. دەشڵێت لە 60%ی خەڵکی عەفرین پێویستیان بە یارمەتییە.[3]
- زەکەریا شێخۆ پەیامنێری کەناڵی رووناهی بە هۆی تۆپبارانی سوپای تورکیا برینداربوو و رەوانەی نەخۆشخانەی عەفرین کرا و لە ئێستادا تەندروسی ناجێگیرە.[2]
- بەپێی ئامارەکانی یەپەگە، تەنها لە شەڕی ئەمرۆدا، زیاتر لە 53 سەربازی سوپای تورک لە سنووری عەفرین کوژراون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-01-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-01-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-01-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 23

**2018-01-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180123000000143369




باکووری کوردستان
- لەماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا لە باکوور کوردستان و تورکیا، نزیکەی 57 کەس بەهۆی پشتیوانیکردنیان لە عەفرین و بەتۆمەتی پڕوپاگەندە بۆ شەرڤانانی یەپەگە و دژایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەستگیرکراون، تاوەکو ئێستاش 24 کەسیان هێشتا لە زینداندان.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوری 4.5 پلەی ڕێختەر ناوچەی لوماری نێوان پارێزگاکانی ئیلام و لوڕستانی هەژاند.[3]
باشووری کوردستان
- لە چیای بەمۆ لە سنوری گەرمیان پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ئاسایش و چەند چەکدارێکی نەناسراودا ڕویدا.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەشارەدێی شۆڕشی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵی پارێزگای سلێمانی، بە ئاڕ پی جی هێرشکرایە سەر ماڵی ڕایدی مافپەروەر جەلال محەمەدئەمین لێپرسراوی بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ. ئەفسەرەکەش دەڵێت: ئە و جۆرە چەکانە لای هاوڵاتی نین، تەنها لای دەسەڵات هەیە، بۆیە دەبێت دەسەڵات قسەی هەبێت.[2]
- دانیشتوانی شارەدێی سمێلانی شارۆچکەی چۆمان لە سنوری پارێزگای هەولێر خۆپیشاندانێکیان دژی کەمی کارەباو نەبوونی خزمەتگوزارییەکان ئەنجامداو هێزەکانی ئاسایشیش دەیەوێت بە زەبری هێز بڵاوەیان پێبکات.[1]
- ئایدن مەعروف ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی، هاوکات ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند، ڕایدەگەیەنێت وەکو پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتون دەکەین، چونکە ئەو چەکدارانە هەڕەشەیان بۆ سەر تورکیا دروستکردووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخودانی عەفرین)
- شەوی ڕابردوو، ژنێک بەناوی سەوسەن سلێمان، لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی تەل سلۆر لە سنووری عەفرین شەهیدبوو، محەمەد عیسمەت کە منداڵی بووە، بە سەختی بریندارببوو و ڕاگەیەندراوە، کە هەر لەو گوندەدا منداڵێکی دیکەش برینداربووە.[2]
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گوندی قەرنەی سەربە کانتۆنی عەفرین-یان لە هێزەکانی سوپای تورک و چەتەکانی پاککردەوە.[2]
- سوپای تورک هاوڵاتیانی مەدەنی لە شاری قامیشلۆی هەرێمی جزیرە تۆپباران دەکات.[2]
- لە سنوری هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان پێکدانێکی قورس لە نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و سوپای تورکیا دەستپێکرد.[3]
- چەتەکانی سەربە سوپای تورک شەوی ڕابردوو کاتژمێر 01:30 خولەک هەوڵیاندا لە گوندی تەل جیجانی سەربە کانتۆنی شەهباوە سنوورەکانی ئەو کانتۆنە ببەزێنن، هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕێگرییان لێکردن و گورزی کوشندەیان لێدان. لە ئەنجامی ئەو چالاکییەی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتدا 15 چەتەی سەربە سوپای تورک کوژران.[2]
- لە گوندی ئومەری سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی کانتۆنی عەفرین لە نێوان شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای تورکدا شەڕی سەخت ڕوویدا و لە ئەنجامیدا 24 سەربازی تورک کوژران.[2]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر گوندەکانی مسریێ و دیربەلۆت-ی سەر بە شارۆچەکەی جەندریس لە عەفرین، دوو ژن و دوو منداڵ شەهیدبوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏣 پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ لوڕستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-01-23
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-23
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-01-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-01-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 24
**2018-01-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180124000000143370



باکووری کوردستان
- حکومەتی تورک ئاژانسی هەواڵی ژن نیوزی داخست بەو بەهانەیەی کە هەواڵی بەرپۆبەرە بەدیلگیراوەکانی میت و دانپێدانانەکانیان لە بارەی کۆمەڵکوژیی پاریسی بڵاوکردووەتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە تەنیشت فولکەی مامەڕیشە لە شاری کەرکوک، لە مەراسیمێکدا 33 هەمین ساڵیادی شەهیدکردنی مامە ریشە و هەڤاڵانیی (موحسین بیکەیسی و سەردار محەمەد) بەرز ڕاگیرا.[1]
- شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە سێ وەزیر و هەر چوار پارێزگارەکەی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، لە شاری بەغدا بەشداری (کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ حکومڕانی لامەرکەزی) دەکات.[2]
- مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، وەک چالاکترین ئەندام پەرلەمانی گەنجی عێراق خەڵاتکرا.[2]
- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستپێکرد، کۆسرەت رەسوڵ عەلی، سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکە، بەهۆی باری تەندروستییەوە کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت. کۆبوونەوەکە رۆژی کۆنگرەی یەکێتیی لە 03-03-2018دا دیاریکرد[3]
- لەسەر داوای داواکاری گشتی و بە هاوکاری نووسینگەی دەزگای دەستپاکی لە زاخۆ، ئەمڕۆ بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانی زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە برابووە دادگا، پاشان بە بڕیاری دادوەر

دەستگیرکرا.[2]
- 365 ملیۆن دۆلار هاوکاری ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە گەیشتە هەرێمی کوردستان. پارەکە لە بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بڕیاری لێدراوە و بۆ پشتیوانییە لە هێزی پێشمەرگە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیای دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا هۆشداری دایە ئە و وڵاتە سەبارەت بە هێرشەکانی بۆ سەر شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕاگەیانددەبێت هێرشەکانتان بۆ سەر عەفرین سنوردار بکەن و دۆخەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان تورکیاو ئەمریکا دووربخەنەوە.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک هاوکات بە بۆردومان کردنی گوندەکانی بلبلێ دەستییان کردووە بە بۆردومانکردنی گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی شەرای سەربە عەفرینیش.[1]
- هەزاران هاوڵاتی شاری تەبقا ئەمڕۆ لە چوارڕێیانی شەهیدانی ئەو شارە گردبوونەوە و لەگەڵ پشتگیریکردنی عەفرین، هێرشەکانی تورکیایان شەرمەزارکرد.[1]
- بەهۆی بەردەوامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین ژمارەی قوربانییەکان بەرزبوونەوە و تا ئەمڕۆ 35 هاوڵاتی کوژراون و 106ی هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون.[1]
- مەولود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاشکرایکرد کە لە دیداری لەگەڵ ڕێکس تیلەرسن وزیری دەرەوەی ئەمریکا پێشنیاری ئەوەی کردووە سوپای تورکیا تا قوڵایی 30 کیلۆمەتر دەتوانن بچنە ناو خاکی سوریاوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-01-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-01-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 24-01-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 25
**2018-01-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180125000000143371




رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی شاری سنەی دادگای شۆڕشی ئێران، بە خانەوادەی ڕامین حسێن پەنایی، ڕاگەیاند، کە سزای سێدارە بەسەر پەناهییدا سەپێندراوە.[2]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ، لە قەزای داقوق، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو نزیک تەکیەی خزر ئەلیاس تەقییەوە و زیانی بە ناوچەکە گەیاند.[1]
- لە کەلار بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە 11 خوێندکاری زانکۆی گەرمیان بریندارببوون و برینی یەکێکیان سەختە.[2]
- شاندێک لە پەرلەمانتارانی هەرێم سەردانی نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستانیان کرد و ڕایانگەیاند، کە پێویستە پەرلەمان بڕیار بۆ پشگیریی عەفرین دەربکات و دەروازەی سێمێلکا-ش بکرێتەوە بۆ گەیاندنی هاوکاریی.[2]
- ئیتلاعاتی ئێران دەستبەسەراگرتنی دوو کاروان چەک و تەقەمەنی ئاشکرادەکات و دەشڵێت، یەکێکیان لە هەرێمی کوردستانەوە چووەتە وڵاتەکەیان.[1]
- بۆ پشتگیریی عەفرین شاندێ کۆنگرەی ئیسلامی دیموکراتی، سەردانی نوێنەرایەتی ڕۆژئاوا-یان لە شاری سلێمانی کردو ڕایانگەیاند، کە ئەردۆغان هەر داعشە و پێویستە هەموو دونیا وەک داعش بیبینن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوچەی بلبلێ لە کانتۆنی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[3]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریا دیموکرات- قەسەدە، ئاماری کوژراوانی سوپای تورکیای ڕاگەیاند، کە لە شەڕی دوێنێدا 16 سەرباز لە سنووری عەفرین کوژراون.[2]
- ئاژانسی سپوتنیکی روسی رایگەیاند بەیانی ئەمڕۆ لە هێرشێکی ئاسمانی سوپای تورکیادا بۆ سەر عەفرین دوو راوێژکاری سەربازی ئەمریکی کوژراون.[1]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرایکرد کە 16 سەربازی تورکیایان بە دیل گرتووە لە میانەی ئە و هێرشانەی سوپای ئە و وڵاتە کردوویەتییە سەر هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان.[1]
- لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی جامای سەربە شارۆچکەی شەرا هاوڵاتییەکی دیکەش بەناوی عەبدولقادر حەمۆ شەهیدبوو.[2]
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، هێرشێکی دیکەی سوپای تورک و چەتەکانیان بۆ سەر گوندی حەمام-ی سەربە شارۆچکەی بلبلێی کانتۆنی عەفرین تێکشکاند و گورزی کوشندەیان لێدان.[2]
- ئەمڕۆ ئەڵمانیا نیگەرانی قوڵی خۆی لەبارەی لەشکرکێشییەکەی تورکیا دژ بە کوردەکانی سوریا لە عەفرین دەربڕی و داوای لە ناتۆ کرد گفتوگۆ لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیاوە بکات. زیگمار گابریل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند بەرلین بەشێوەیەکی کاتی ڕێکەوتنی چەکی لەگەڵ تورکیا ڕاگرتووە و داوای لە (یەنس ستۆڵتنبێرگ)، سکرتێری گشتی ناتۆ کردووە لەناو ناتۆدا لەبارەی بارودۆخی سوریا بە گشتی و باکوری ئەو وڵاتە بەتایبەتی گفتوگۆ ئەنجامبدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-01-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 25-01-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 26

**2018-01-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180126000000143372



رۆژهەلاتی کوردستان
- منداڵێکی تەمەن 4 مانگ بەناوی (محەممەد سەیفوری)، خەڵکی گوندی کویکی سەیفوری سەر بە شاری سەرپێڵ زەهاو لە سنووری کرماشان، بەهۆی سەرما گیانی لەدەستدا.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر گوندی نەرزیوێ سەر بە شاری شنۆ و 7 هاووڵاتیی خەڵکی ئەو گوندەیان بە ناوەکانی فەتاح عەلی کورد، مامەند عەلی کورد، عومەر، کەماڵ، جەماڵ، عوسمان، و ئەبووبەکر نەوبەخت دەسبەسەر کردووە.[5]
- کۆبوونەوەی چالاکانی مەدەنیی شاری سنە، لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانی کردن لە هاووڵاتییانی شاری عەفرین، بە هۆی پێشگرتنی هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە بەڕێوە نەچوو.[5]
باشووری کوردستان
- مونا قەهوەچی سەرۆکی فراکسیۆنی چاکسازی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت عەفرین ناوچەیەکی سنوریە لەگەڵ تورکیا، تورکیا مافی خۆیەتی بۆ پاراستنی سنورەکانی هەنگاوی پێشوەختە بمێنێت و هێزی هەبێت لەوێدا، بەڵام نەک بەشەڕ و کردنە ئامانجی برا کوردەکانمان.[1]
- لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەی ڕاوێژی یەکێتی نەتەوەیی باشوری کوردستان بە دروشمی بە یەکێتی نەتەوەیی کۆتایی بە داگیرکەریی دێتبەرێوەدەچێت.[3]
- بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی لە ناوچە جیاجیاکانی باشوری کوردستان لە وتاری هەینیدا، باسی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیان بۆ سەر عەفرین کرد و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە بە پێی فەرمودەی خودا ئەردۆغان مەلعون و دژە دین و جەلادە.[3]
- لە گەڕەکی خەباتی سلێمانی تەرمی کچێکی 16 ساڵی بەخنکاوی دۆزرایەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکەکانی تورک ئەم بەیانییە عەفرینیان بۆردومان کرد و کۆمەڵکوژییەکی زۆریان ئەنجامدا.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 03:30، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوەندی ناوچەی ماباتا-یان لە کانتۆنی عەفرین بۆردوومان کرد و دوای بۆردوومانەکەش سوپای تورک بە هاوەن دەستیان کرد بە تۆپبارانی ناوچەکە. لە ئەنجامی ئەو بۆردوومان و تۆپبارانانەدا حەوت ئەندامی یەک خێزان شەهید بوون و زیانێکی زۆریش بەر ماڵوموڵکی هاوڵاتیان کەوتووە.[3]
- سەرکردایەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لەبانگەوازێکدا داوا لەهەمووسەربازانی

تورکیا و چەکدارانی گروپە جیاوازەکان دەکەن کە تورکیا بەکاریاندەهێنێت لەشەڕی عەفرین، خۆیان بەدەستەوە بدەن.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، ئاماری کوژراوانی سوپای تورک و چەتەکانی سەر بەو وڵاتەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: لەم هەفتەیەدا 308 سەرباز و چەتە کوژراون.[3]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند لەگەڵ ئەوەی کەشوهەوا نالەبارە و ئە و ناوچەیەی ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتوونی تێدا ئەنجامدەدرێت جوگرافیایەکی سەختی هەیە، بەڵام ئۆپراسیۆنەکە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام دەبێت.[1]
- سوپای تورک گوندی خەلیلاکا لە سنوری بلبلێ عەفرین تۆپباران دەکات و ئەگەری کۆمەڵکوژی دیکە هەیە، هەروەها لە گوندی مەمیلەش شەڕێکی سەختە.[3]
- جێگری گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیێنێ، بەردەوام دەبن لە دەربڕینی نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە ڕەوشی عەفرین. دەشڵێت ناتوانن هاوکاریی مرۆیی بگەیێننە عەفرین.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زەهاو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-01-2018
[2] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-01-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-01-2018
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-01-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 27

**2018-01-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180127000000143373




دەرەوەی کوردستان

- ژمارەیەکی زۆر لە تاراوگەنشینانی کورد لە ئەوروپا بۆ پشتگیریی عەفرین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سامان نەسیم، زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری مەریوان کە پێشتر بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، بڕیارەکە گۆڕدرا و بووە 5 ساڵ زیندانی.[6]

- لە گوندی ئیمام حەسەنی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرووپێک چەکداری داعش کەوتنە بۆسەی سوپای پاسدارانی ئێران، 6 چەکداریان کوژران و ژمارەیەکیشیان دەستگیرکران. ئاسایشی گەرمیان دەڵێت گرووپەکە هەمان ئەو چەکدارانەن کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە سنووری شارۆچکەی بەمۆ بینران.[4]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی خالید قەیسەری خەڵکی کرماشان، کە چەند ڕۆژ پاش نارەزایەتییە خەڵکییەکان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو، ئەمڕۆ لە گرتووخانەی ئەو شارە گیانی لە دەستدا.[6]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرایدەکات حکومەتی بەغدا جارێکی تر دەستیکردەوە بە ناردنی بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستان.[1]

- فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بڕیاریاندا سەفین کانەبی سەرۆکی فیدراسیۆنەکە بەهۆی ئەوەی لە یاری نێوان سەید سادق و دەربەندیخان لە گەڕی دووەمی خولی یانە پلەیەکەکانی کوردستان لەگەڵ هاندەرێک نێرگەلەی کێشا بە بڕی 250 هەزار دینار سزا درا.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[2]

- لە ناوچەی کەڤر-ی سەربە ڕاجۆ لە سنوری عەفرین، شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات –قەسەدە، و سەربازانی تورک و چەتەکانی سەربەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت.[3]

- لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا و سوپای ئازادی سووریا بۆ سەر هەرێمی عەفرین دەستیپێکردووە، هەزاران کەس لە دەوروبەری عەفرین ئاوارەبوون و لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکیشدا، ژمارەی ئاوارەکان زیاتر دەبێت.[4]

- یونیسێف ئاشکرایکرد، کە لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین زیاتر لە 11 منداڵ کوژراون.[3]

- وتەبێژی یەپەگە ڕایدەگەیەنێت، تا ئێستا چوار تانکی سوپای تورکیایان تێکشکاندووە.[1]

- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات هێرشی سوپای تورک بۆ سەر گوندی کەڤرێ کەر-ی سەربە شارۆچکەی ڕاجۆی کانتۆنی عەفرینیان تێکشکاند و شەڕ لە گوندی عەلی بیسکێ شەڕ بەردەوامە.[3]

- ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزدییان ڕایدەگەیەنێت لە سنوری عەفرین زیاتر لە 15 گوندی ئێزدینشین هەن جگە لەوەی لەناوعەفرین و گوندەکانی تر لە زۆربەیان ئێزدی هەن، بەڵام دوای ئۆپراسیۆنی تورکیا بۆسەر عەفرین، تائێستا 6 گوندی ئێزدینشین بۆردومانکراون.[1]

- سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند، هێرش بۆسەر عەفرین جیهادە لە پێناوی ئەڵلادا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-01-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-01-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 27-01-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 27-01-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-27 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 28

## 2018-01-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20180128000000143374



باکووری کوردستان
- حکومەتی تورک لە 11 شوێنی سەر بە شارۆچکەی ئەلکەی شرناخ قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیەندووە، بە مەبەستی ڕێخۆشکەریی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سوپای تورک.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، ئیدارەی گەیاندنی زانیاریی پەروەردە و بارهێنان لە پارێزگای ورمێ لە ڕاگەیندراوێکدا، بڵاوی کردەوە، بە هۆی بارینی بەفر و ساردبوونی کەشوهەوا و سەهۆڵبەندانەوە، هێندێک لە قوتابخانەی گوند و ناوچە و شارەکانی دەوروبەری ورمێ وەکوو: ئەنزڵ، نازلوو، سیلوانا و سۆما و برادۆست، لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن و هەروەها لە شارەکانی پیرانشار، شنۆ، مەهاباد، سەردەشت و بۆکانیش لە تەواوەی قۆناغەکانی خوێندن و لە شاری تیکابیش قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ داخراون.[3]
- پێکدادان لەنێوان هێزەکانی سوپای پاسداران و گرووپێکی چەکداری داعش لە ناوچەی ئەزگڵە لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان بەردەوامە.[2]
- پەرلەمانتارە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامەیەکی نارەزاییان دایە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووکان، بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، باڵیۆزی تورکیا لەتاران هەڵوێستی ئەو نوێنەرانە بە تۆمەتێکی بێبنەما ناودەبات.[1]
باشووری کوردستان
- مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە گردبونەوەیەکدا پشتگیری خۆیان بۆ عەفرین پیشاندا و بڕیاریشە لە ڕۆژانی داهاتودا ژمارەیەک چالاکی بەو بۆنەیەوە ئەنجامبدەن.[1]
- وتەبێژی حەشدی شەعبی رایدەگەیەنێت، بەهۆی ئارامی دۆخی ئێستای خورماتووەوە ئاوارەکان

دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و تا ئێستا نزیکەی 400 خێزان گەڕاونەتەوە سەر ماڵەکانیان.[4]
- بەمەبەستی پاڵپشتی بۆ عەفرین چەند چالاکوانێکی مەدەنی شاری هەولێر داوایان لە پارێزگای هەولێر کرد ڕێگەیان پێبدرێت خۆپیشاندانێک لە بەردەم کونسوڵخانەی تورکیا ئەنجامبدەن، بەڵام داواکاریەکەیان ڕەتکرایەوە.[1]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە جموجۆڵی بازرگانی لە حاجی ئۆمەران بەربەستی بۆ دروستبووە.[6]
- لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرفراوان و نوێنەری بەشێکی زۆر لە حزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی ئاینی و مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان و بەشێک لە بەڕێوەبەرانی دەزگا ئەمنی و خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە، ڕێپێوانێک لە پارکی لەیلا قاسمەوە بۆ ناوبازاڕی کەلار، بۆ پشتگیری عەفرین بەڕێوەچوو.[5]
- کاژمێر 9:45 خولەکی ئەمشەو لەگەڕەکی (حەی خضراء)ی شاری کەرکوک ژمارەیەک چەکدرای نەناسراو تەقەیان لە (عودەی ساڵح ئیبرهیم) کرد ناوبراو ئەندامی شارەوانی شارەدێی (ڕەشادە) و دانشتووی گەڕەکی (حي نداء)ی شاری کەرکوک نزیک مەعرەزەکان و دەست بەجێ گیانی لەدەستداوە.[6]

رۆژئاوای کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە بەردەوامی چیای قەستەل لە سنووری عەفرین بۆردوومان دەکەن. شەڕڤانانی یەپەگەش سەنگەرەکانیان لەسەر چیای قەستەل چۆڵنەکردووە و شەڕ دەکەن. هەندێک لە سەنگەرەکانیان تەنیا دوو کیلۆمەتر لە سنووری تورکیاوە دوورن.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی شێخۆرزێ سەربە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین بۆردومان دەکەن. هەروەها لە لایەکی دیکەوە، بەنداوی (مەیدانکێ)ی سەر بە شارۆچکەی شەرا یان بۆردومان کرد.[5]
- بە گوێرەی ڕاگەیەندراوێکی ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ گوندی حاج خەلیلیان بۆردومان کردووە و لە ئەنجامیدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان شەهید و برینداربوون.[5]
- رۆبێرت فیزک، رۆژنامەنووسێکی بەریتانییە و لەبارەی دۆخی مەدەنییەکانی نێو عەفرین ڕاپۆرتێکی تایبەتی لە ماڵپەری ئیدنیپێندێنتی بەریتانی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا باس لە بارودۆخی مرۆیی و زیانەکانی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوونی تورکیا بۆسەر مەدەنییەکانی عەفرین کردووە.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، لە گوندی گوبەلێ-ی سەر بە شارۆچکەی شێراوا لە کانتۆنی عەفرین، کۆمەڵکوژییەکیان پێکهێنا.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، لە دەوروبەری گوندی عەلی بیسکا-ی سەر بە شارۆچکەی ڕاجۆ لە عەفرین، تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان تێکشکاند.[5]
- هاوسەرۆکایەتیی خۆبەڕێوبەریی دیموکراتی کانتۆنی عەفرین، داوای پشتگیریکردنی عەفرین-ی بەرامبەر هێرشەکانی سوپای تورک، ئاراستەی جیهان کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-01-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 28-01-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 28-01-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 28-01-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-01-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 28-01-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 29

**2018-01-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180129000000143375




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش تێپەڕبوونی نزیک بە سێ مانگ بە سەر بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆی لێقەوماوان نەکراوە و ئەو هاوڵاتیانە لە چادرەکان دا دەژین و سەرما زیاتر لە هەمیشە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات.[1][2]
- گروپی شاخەوانیی چلچەمە، چوونە سەر لوتکەی چیای ئارێز کە کەوتووەتە باشوری شاری سنەوە و بە بەدەستەوە گرتنی پانکارد، هێرشی سوپای تورکیان بۆ سەر عەفرین شەرمەزارکرد.[2]
- دوو زیندانی کورد خەڵکی شاری ورمێ لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە لە سێدارە دران. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە بە ناوەکانیمێهران بهشاد و فەرهاد ئالیا خەڵکی شاری ورمێ ڕاگەیەندراوە. ئەو دوو زیندانییە کوردە بە تۆمەتیکوشتنی بە ئەنقەس لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێرانەوە بە قیساس مەحکووم و ئێعدام کران.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 3:30ی سەرلەبەیانی ئەمرۆ دوو فرۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک گوندەکانی شارەدێ-ی

زەلان-ی ناوچەی شارباژێڕ-یان بۆردوومان کرد. بۆردوومانەکە جگە لە زیان گەیاندن بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان، هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە.[2]
- لەچوارچێوەی پشتیوانییەکانی بۆ کانتۆنی عەفرین لە بەرامبەر پەلامارەکانی دەوڵەتی تورک، لە شاری سلێمانی بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقام و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.[2]
- سەرجەم فراکسیۆنە کوردییەکان بایکۆتی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقیان کرد. بایکۆتکردنی ئە و کۆبوونەوەیە لەلایەن فراکسیۆنە کوردییەکانەوە بە هۆی ئەوە بوو کە سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسی تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای بودجەی خستە خشەی کاری دانیشتنەکەوە کەپێشتر تیایدا نەبوو.[3]
- ئەمڕۆ و دوای ڕاگەیاندن و ئامادەکاری تەواو، فیرقەی 20ی سوپای عیراق لە شاری کەرکوک بەرەو موسڵ جوڵەیان پێکرا و لە بری ئەوان هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی شوێنەکانیان پڕکردەوە.[2]
- هەریەک لە تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ و بەرەی دیموکراسی گەل، بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هاوپەیمانێتییەکی نوێیان ڕاگەیاند.[2]
- حکومەتی عێراق بڕیاری خەرجکردنی 250 ملیار دیناری بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەرکرد، سەرچاوەیەکیش لە وەزارەتی دارایی دەڵێت بڕێک پارە گەیشتووە.[4]
- گردبوونەوەیەکی نارەزایی لەلایەن پەرلەمانتار و چالاکانی چوار پارچەی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێر رێکخرا و بەیاننامەیەکی نارەزایی خوێندرایەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بۆ ڕۆژی 10یەم، عەفرین ڕووبەڕووی هێرشی دڕندانەی تورک دەبێتەوە و هێشتا هەر خۆڕاگرە.[1]
- سوپای تورک دەستیکرد بە تۆپبارانکردنی ناوچەکانی دەوروبەری جندرێس و گوندی حەمامی سەربەو شارە، لە کانتۆنی عەفرین.[2]
- بەڕێوبەرایەتیی نەخۆشخانەی ئاڤرینی عەفرین ڕایگەیاند، کە گومان هەیە سوپای تورک ئەو چەکانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قەدەغەکراون لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکار بێنێت.[2]
- شەرڤانان، تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان لە شارۆچکەی شێراوای سەر بە عەفرین تێکشکاند.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنگرەی نیشتمانی سووریا ئەمڕۆ لە سۆچی، رووسیا دەستپێدەکات و دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، رووسیا ئامادەکارییەکی بێوێنەی بۆ کۆنگرەکە کردووە و رایگەیاند نامەی بانگهێشتکردن بۆ زیاتر لە 1600 کەس نێردراوە. پەیەدە و ئەنەکەسە بەشداری ناکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 29-01-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 29-01-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 29-01-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-01-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-01-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 30

**2018-01-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180130000000143376



باکووری کوردستان
- کاژێر 08:00ی بەیانی، لە ڕێگای سەرەکیی نێوان پارێزگای وان - جۆڵەمێرگ لە نزیک شارۆچکەی گورپنار، پاسێکی نەفەرهەڵگر و بارهەڵگرێک خۆیان بەیەکدا کێشا، بەهۆیەوە هەشت کەس گیانیان لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون. [1]
- بۆ جاری 726-ەمین، داواکاری پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان، لە لایەن داواکاری گشتی دادگای کۆماریی بۆرسا-ی تورکیاوە ڕەتکرایەوە.[2]
- پۆلیسی تورک نۆ کەسی لە شاری وان، بەو بەهانەیەی کە بەتەما بوون دژی ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی عەفرین چالاکی ئەنجام بدەن.[2]
باشووری کوردستان
- ڕێپێوانی مەودا درێژی ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر و کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان لە شارێی سالم (سەهۆڵەکە)ی شاری سلێمانی بەرەو کانتۆنی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد.[2]
- بزووتنەوەی گۆڕان دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانی بایکۆت کرد بەهۆی ئەوەی دانیشتنەکە تایبەت نەکرابوو بە لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان.[4]
- لەژێر ناوی (عەفرین ناکەوێت)، لە زانکۆی سلێمانی کۆنسێرتێکی میوزیک، بۆ پشتیوانییکردن لە بەرخۆدانی عەفرین سازدرا.[2]
- گروپی دەواری خزمەت بەهاوکاری ڕێکخراوی زار بۆ بەرگری لە ئازادییەکان لەهۆڵی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە شاری هەولێر پانێڵێکی تایبەتی لەژێر ناوی (عەفرین لێرەیە) ئەنجامدا بۆ هەریەکە لە سالار مەحمود ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و تارا حسێن، وتەبێژی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و کارۆخ عوسمان چاودێری سیاسیی.[2]
- لوئەی خەتیب، شارەزای سیاسەتی نەوت کە بە کەسێکی نزیک لە حکومەتی عێراق دادەنرێت

لە تویتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاندووە، حکومەتی هەرێم ڕازی بووە دەستبەرداری کێڵگەی نەوتی خورمەڵە ببێت بە مەرجێک حکومەتی عێراق 22 ملیار دۆلاری قەرزی هەرێمی کوردستان بداتەوە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین بەردەوامە و لە چەندین شوێنیشەوە لە نێوان شەڕڤانان و هێزەکانی سوپای تورکدا شەڕ و پێکدادانە.[3]

- وتەبێژی یەپەگە لە عەفرین ڕایگەیاند، شەڕ بە سەختی لە ناوچەی جندرێس و ڕاجۆ بەردەوامە، سوپای تورکیا بە بۆمبای هێشوویی سەنتەری شارەدێیەکە و دەورووبەری بە چڕیی بۆردومان دەکات.[4]

- قەسەدە ڕایگەیاند، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک لە بۆردوومانەکانی شارۆچکەی جندرێس-دا، ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنییان کردووەتە ئامانج و بەهۆیەوە 3 کەس برینداربوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- کۆنگرەی سوچی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی سوریا بەهۆی شەڕەدەم و جنێودان لەنێوان بەشداربووواندا، بەناچاری پۆلیسی ڕوسی کە ڕەوشی ئەمنی کۆنگرەکەی لەئەستۆ بوو، دەستوەردانی کرد و کەوتە ناوبژیکردن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-01-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-01-2018

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 30-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 30-01-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 31

**2018-01-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180131000000143377



باکووری کوردستان
- بە مەبەستی ڕێخۆشکەری بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای تورک، پارێزگاری تورکی دەرسیم، لە30 ناوچەی سەر بەو پاریزگایەی باکوری کوردستان قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[1]
باشووری کوردستان
- ڕێپێوانی سەرتاسەری بۆ پشتگیریی عەفرین لە هەڵەبجە دەستپێکرد و چین و توێژە جیاوازەکانی هەڵەبجە ڕژانە سەر شەقامەکان.[1]
- شەوی ڕابردوو، ژنێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی ناهیدە بابەحەسەن لە قادر کەرەم بە چەکی کلاشینکۆف کوژرا و کەسوکارەکەشی دەڵێن خۆی خۆی کوشتووە.[1]
- لە ژێر ناوی دیداری قۆناغەکانی هەڵکەوتنی ئارام-ی سەرکردە، یادی شەهید ئارام کرایەوە و تێیدا پانێڵێک لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهید ئارام پێشکەشکرا، پانێلیستەکان لەسەرەتای قسەکانیاندا سڵاویان لە بەرخۆدانی عەفرین کرد.[2]
- لە شاری کەرکوک ژمارەیەک خوێندکار گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تێیدا پشتگیری بەرخۆدانی عەفرینیان کرد.[1]
- لە شاری هەولێر مەراسیمێک بۆ شەهید محەمەد هادی ناسراو بە باشور سۆران ئەنجامدرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخۆدانی عەفرین، ڕۆژی 12هەم)
- دوای ئەوەی سوپای تورکیا توانی ناوچەیەک لە شاری عەفرین داگیربکات، لەنیوەشەوی ڕابردوودا یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) هێرشیان کردە سەر هێزە مۆڵدراوەکەی تورکیا و بە کوژراو و بریندارێکی زۆر و زیانێکی گەورەی ئامێرە جەنگیەکانیانەوە پاشەکشەیان پێکردن.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆش سوپای تورک بەردەوام بوو لە هێرشەکانیدا بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی کانتۆنی عەفرین و لە چەندین شوێن شەڕی سەختە. لە گوندەکانی قورنێ، گردی شێخورزێ و عبێدانی سەربە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین شەڕی سەخت لە نێوان شەرڤانان و هێزەکانی سوپای تورکدا بەردەوامە.[2]
- هێزەکانی سوپای تورک گەڕەکی ئەشرەفییەی ناوەندی عەرفرین تۆپباران دەکەن، لەو تۆپبارانەدا 12 کەس بریندارببوون کە دووانیان منداڵن و دوانیان ژن، شەهیدیش هەیە.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەیاند، بەسەدان کەس کە بەشێکیان هاوڵاتی مەدەنین لە پرۆسە سەربازییەکەی تورکیا بۆسەر شاری عەفرینی سوریا کوژراون.[2]
- فڕۆکەکانی سوپای تورک گوندی خالیدیە سەربە ناوچەی شێراوا لە کانتۆنی عەفرین-یان بە تەواوی وێران کرد.[1]
- فەرماندارێتی گشتی یەپەگە لە عەفرین لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات: بە بۆنەی چالاکی خۆبەخشی شەهید ئاڤێستا خابوورەوە، بەرخۆدانی عەفرین لە بەرگری سەردەمەوە دەگۆڕێت بۆ ئاڤێستا خابوور و درێژە بە خۆڕاگری خۆی دەدات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رۆژنیوز - 31-01-2018
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دوارۆژ - 31-01-2018
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کەی ئێن ئێن - 31-01-2018

کاتی تۆمارکردن: 31-01-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 32

**2018-02-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180201000000143378



باکووری کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێک کە لە میدیا تورکەکان بڵاوکراوەتەوە، ئەمڕۆ لە چەلێ سەربە جولەمێرگ گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل چالاکیان ئەنجامداوە لە دژی سوپای تورک. ئەگەرچی میدیاکانی تورکیا برینداربوونی پێنج سەربازی تورک-یان ڕاگەیاندووە، بەڵام هێشتا ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە لە بارەی ئەو چالاکییەوە ڕاگەیەندراوی بڵاونەکردووەتەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی 25 ساڵ زیندانی تەعزیریی زیندانییەکی سیاسیی کورد، بە ناوی حاسڵ عەزیزی خەڵکی گوندی قەرەسەقەلی شنۆ لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێ، بۆ 20 ساڵ کەم کرایەوە.[5]
- بەشێک لە پارێزەرە کوردەکانی نیشتەجێی پێتەختی ئێران، بۆ پشتیوانی لە عەفرین لە بەردەم بینای نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆبوونەوە و خوازیاری هەنگاوی جیددی و بەپەلەی ئەم ڕێکخراوە، بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە عەفرین بوون.[5]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی مەهەدی فەرەجی و ئەیووب عەزیزی خەڵکی شارۆچکەی ڕوانسەر، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوازراون.[5]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر ساڵیادی تەقینەوەکانی 1ی شوبات بەرزڕاگیرا.[2]
- لە شاری پزیشکیی فاروق لە سلێمانی کۆنفرانسێک بۆ نەخۆشییەکانی دڵ بەڕێوەچوو.[3]
- فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغداد لەگەڵ حەیدەر عەبادی لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و بودجە و کردنەوەی فرۆکەخانەکان کۆبوونەوە.[4]
- لە زنجیرە چیاکانی شاخی بەمۆ، هێزەکانی ئاسایش دەستیانگرت بەسەر حەشارگەیەکی چەک و تەقەمەنی گروپە چەکدارەکانی داعشدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان (بەرخۆدانی عەفرین، ڕۆژی 13هەم)
- فڕۆکە جەدنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی گوندی مەزن، باشمەرا و باسوفانی سەربە شارۆچکەی شێراوای عەفرین کە زۆربەی هاوڵاتییەکانیان ئێزدین بۆردومان دەکەن.[1]
- لە شارۆچکەی بلبلێ سەر بە عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان شەڕڤانانی یەپەگە هێرشیانکردە سەر سوپای تورکیا و لە ئەنجامدا 15 سەربازی سوپای تورکیا کوژران. تورکیاش سێ گوند لە شێراوە بۆردوماندەکات کە دانیشتووانەکەی کوردی ئێزدین.[2]

- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دژە هێرشیان بۆ سەر سوپای تورکیا و گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی لە سنوری باکور و رۆژئاوای شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا.[3]
- 106 پارێزەری کورد کە دانیشتووی وڵاتانی ئەوروپان، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک هێرشی سەر عەفرینیان شەرمەزار کرد و بانگەوازی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان کرد هەستیار بێت بەرامبەر بە عەفرین.[1]
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گوندی قورنەی سەر بە شارۆچکەی بلبلێ کانتۆنی عەفرین، ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورکیان تێکشکاند. هەروەها لە گوندی زەرێی سەر بە بلبلێ لە چالاکییەکی شەرڤاناندا دژی سوپای تورکدا 20 سەرباز و چەتەی سوپای تورک کوژران.[1]
- سوپای تورک ناوەندی شارۆچکەی جندرێسی کانتۆنی عەفرین و هەروەها گوندەکانی کۆتانا و قەرەکۆلای سەربە بلبلێ تۆپباران دەکات.[1]
- پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پرسی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی عەفرینی رۆژئاوای کوردستان و تیایدا فراکسیۆنە جیاوازەکان هەڵوێستی خۆیان لەدژی ئە و هەڵمەتە راگەیاند و داواکرا کە فرۆشتنی چەکی ئەڵمانی بە حکومەتی ئەنقەرە رابگیرێت. لەوکۆبوونەوەیەدا نوێنەری پارتی سەوزی ئەلمانیا جەختی کردەوە کە بەهۆی ئە و هێرشانەی تورکیاوە هاوڵاتیانی مەدەنی لە عەفرین کوژراون و راشیگەیاندنابێت ئەڵمانیا چەک بە تورکیا بفرۆشێت. هاوکات نوێنەری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە و کۆبوونەوەیەدا جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین رابگیرێت و وتیشیهێرشەکان بۆ سەر عەفرین نیگەرانی کردووین.[3][4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-01
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 01-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-02-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 33

**2018-02-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180202000000144312



باکووری کوردستان

- لە پارێزگای خەرپێت، 7 کەس بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین دەستگیرکران.[1]

- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئەنقەرە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی سۆنگول ئاکبای راوێژکاری فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە و دوای گەڕان و پشکنین لە نێو ماڵەکەیدا، دەستگیریان کرد و رەوانەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشیان کرد.[1]

- گەریلاکانی پەکەکە بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەک وەڵامی هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر عەفرین دایەوە و بەرپرسێکی هەپەگە رایدەگەیەنێت، لە ماوەی 48 کاتژمێری رابردوودا 22 سەربازی تورکیا کوژراون.[2]

باشووری کوردستان

- لەبەردەم پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر، دەستەی پشتیوانی لە عەفرین، ئاهەنگێکیان بۆ پیرۆزکردنی سەرکەوتنەکانی عەفرین و دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی بۆ عەفرین ئەنجامدا.[4]

- سایلۆی سلێمانی تەقێندرایەوە.[3]

- رێپێوانی گەنجانی وڵاتپارێزی باشوری کوردستان، کە لە شاری سلێمانییەوە بەپێ بەرەو عەفرینی رۆژئاوای کوردستان بەرێکەوتبوون، ئەمرۆ لە چوارەمین رۆژیدایە، لە خاڵی پشکنینی دێگەڵە رێگریان لێ کرا.پاشان کاتژمێر 05:00 ی ئێوارەی، چەکدارانی پارتی لەبەردەم بازگەکە دەستڕێژی گوللەیان لە رێپێوانی گەنجان کرد و دووانیان بریندار بوون.[4]

- لە هۆڵی رۆشنبیری لە شاری سلێمانی بە بەشداری جەماوەرێکی زۆر و بە دەستپێشخەری رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-رژاک یادی شەهید ڤیان جاف کرایەوە.[4]

- کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر لە راگەیاندراوێکی بەپەلەدا دەڵێت هیچ مەرزێکی نافەرمی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق یان هەرێمی کوردستان دانەخراوە و ئاڵوگۆڕ و بازرگانی و هاتوچۆ تیایدا ئاساییە و ئەو سەرچاوانە راستنین کە باس لە داخستنیان دەکەن.[2]

- بە مەبەستی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵا بۆ سەرجەم کاکەییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە شاری هەڵەبجە کاکەییەکان کۆبوونەوە و بڕیار درا ئەنجومەنێکی باڵای تایبەت بە کاکەییەکان دروستبکرێت، ئەندامێکی بەشداری کۆبونەوەکەش هۆکاری پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە باڵایە بۆ دوارۆژ ئاشکرا دەکات.[2]

رۆژئاوای کوردستان

- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لە عەفرین راگەیاند، شەڕێکی سەخت لە ناحیەی جندرێس و ڕاجۆ و بلبل لە نێوان شەرڤانان و سوپای تورکیا دەستپێکردووە و شەرڤانان شکستیان بەهێرشێکی سوپای تورکیا لە ناحیەی جندرێس هێناوە و دەیان کوژراویان لێبەجێ ماوە.[2]

- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە شارۆچکەی عەین عیسای سەر بە ناوچەی گرێسپی، ڕیدور خەلیل، بەرپرسی گشتیی پەیوەندییەکانی هێزەکانی سوریای دیموکراتهەسەدە، ئاماری شەڕ و بۆردوومانەکانی لەماوەی ئەم هەفتەیەدا لە عەفرین رایگەیاند، کە لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا، 473 سەربازی سوپای تورکیا و چەکدارە هاوپەیمانەکانی سەر بەو وڵاتە کوژراون.[2]

- لەدرێژەی هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر عەفرین، سوپای تورک شارۆچکەی ڕاجۆ لە عەفرین تۆپباران دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 02-02-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 02-02-2018
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 02-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 34

**2018-02-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180203000000144313



باکووری کوردستان
- لە باکووری کوردستان و لە تورکیا لەسەر پاڵپشتی عەفرین و دژایەتی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ئەو شارە سەدان کەس دەستبەسەرکراون، یەک لە گیراوەکان بەرپرسی سەندیکای پزیشکانە. [3]
- ناوەندی ڕاگەیاندی هەپەگە کوژرانی دوو سەرباز و برینداربوونی دوو سەربازی دیکەی لە شەمزینانی باکوری کوردستان ڕاگەیاند.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 24 ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و بەبڵاکردنەوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش داواین کرد، کە سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی لابرێت، لەلایەکی دیکەوە 1589 چالاکوانی مەدەنی نامەیەکیان واژۆکردووە هەر بەو مەبەستە.[2]
- چالاکێکی مەدەنی خەڵکی شاری کرماشان بە ناوی سەعید ئیقباڵی بە فرۆکە لە شاری

کرماشانەوە بۆ بەندی 209ی زیندانی ئێڤین گوازرایەوە.[4]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی ئازاد رۆستەمی خەڵکی گوندیتەوریوەر سەر بە شاری سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا.[4]

باشووری کوردستان

- بەهۆی داخستنی مەرزی پشتە لە سنوری بەمۆ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە شۆفێرانی ئە و مەرزە خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و رێگای نێوان کەلار و سلێمانییان داخست و ئیدارەی شارەدێیەکەش خۆپیشاندانەکە بە بێ ئەنجام ناودەبات.[1]
- گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان باس لەوە دەکەن، کە سەرەرای هێرش و ئاستەنگییەکانی پارتی، درێژە بە رێپێوانەکەیان بەرەو عەفرین دەدەن.[2]
- رێکخراوی ئینەف (Enough) بۆ بەرگریی لە مافی مرۆڤ و ئازادیی رۆژنامەگەریی و چەند چین و توێژێکی جیاواز لە باشوری کوردستان، کەمپەینێکی واژۆ کۆکردنەوەیان بۆدەرکردنی سوپای تورک لە باشور راگەیاند.[2]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، ئەمرۆ (بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان) راگەیەندرا، کە بزوتنەوەیەکی سیاسییە و باکگراوەندێکی چەپی هەیە.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- ئۆپراسیۆنی تورکیا لەعەفرین بۆ رۆژی 15مین بەردەوامە و لەبەرامبەردا شەرڤانانی یەپەگە و هەسەدە هێرشی پێچەوانە ئەنجامدەدەن و لە شارەدێی بلبل 11 ئەندامی گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی تورکیا کوژراون.[1]
- سوپای تورک گوندی حەج حەسنای سەربە شارۆچکەی شییەی کانتۆنی عەفرین کاتیوشاباران دەکات.[2]
- لە راگەیێندراوێکدا ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، کە لەدوای شێواندن و سووکایەتی بە تەرمی بارین کۆبانی، کچە شەرڤانی یەپەگە بڵاویکردووەتەوە، سەرکۆنەی کردەوەکە و هەموو ئەو کەسانە دەکات کە دەستیان لە پێشێلکارییەکەدا هەبووە.[3]
- شەرڤانانی یەپەژە، تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان لە نزیک شارۆچکەی بلبلێ-ی سەر بە عەفرین تێکشکاند.[2]
- سوپای تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتوون) بۆ سەر عەفرین، لەماڵپەری فەرمیی خۆیدا کوژرانی 3 سەربازی دیکەی راگەیاند.[3]
- سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتوون) بۆ سەر عەفرین، کوژرانی 5 سەربازی وڵاتەکەی لە پێکدادانەکانی ئەمرۆدا راگەیاند. هەر ئەمرۆ کوژرانی سێ سەربازی دیکەش راگەیێندرابوو.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە میانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ تەلەفیزیۆنی رەسمی سوریا وتی، عێراق هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەتێکی بیانی بۆسەر وڵاتێکی دیکە رەتدەکاتەوە، وتیشی ئەوە سراتیجییەتێکی نەگۆرە. جەعفەری ئاماژەی بەوەشکرد هەروەک چۆن لە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیادا پابەندبووین بە رەتکردنەوەی دەستێوەردان لە باشیک. بەهەمانشێوە ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتوونی تورکیا بۆ سەر عەفرین رەتدەکەینەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شەمزینان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 03-02-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 03-02-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 03-02-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 04-02-2018
[5] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 03-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 35

## 2018-02-04

https://www.kurdipedia.org/?q=20180204000000144314



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی میلاد دلارا خەڵکی سەقز، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە 15 مانگ زیندان مەحکووم کرا. ئەم هاووڵاتییە کوردە تۆمەتی بەشداری کردن لە پشتیوانیی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و تێکدانی ئاساییشی گشتی خراوەتە پاڵی.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 12:50 خولەکی شەوی رابردوو، بومەلەرزەیەکی بەهێز شارۆچکەی سۆرانی هەژاند، بومەلەرزەکە هیچ زیانی بەدواوە نەبووە.[1]
- بەهۆی نیگەرانیان لەسیستمی پاشەکەوتی مووچە و پێنەدانی لەکاتی خۆیدا مامۆستایانی سنوری پەروەردەی کۆیە بایکۆتی پرۆسەی خوێندنیان کرد و زیاتر لە 200 خوێندنگە خوێندکارانیان ناردوەتەوە ماڵەوە.[2]
- سکرتارییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە راگەیێندراوێکدا رەتیدەکاتەوە پێشمەرگەکانی ئەوان لە گرژییەکەی رۆژی هەینی بازگەی دێگەڵە دەستوەردانیان کردبێت و دەڵێ هەندێک کەس و راگەیاندن هەوڵدەدەن بە مەبەستی سیاسی دیاریکراو، حیزبی دیموکرات تێوەبگلێنن.[4]
- ئەمرۆ، بەمەبەستی دامەزراندنیان نزیکەی 200 کەس لە دەرچووە یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم-دا خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[3]
- سەدان گەنجی ئێزدی بە مەبەستی پشتگیریکردنی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین، لە شنگالەوە بەرەو ئەو کانتۆنە بەرێکەوتن.[3]
- نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یان کۆبیچ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبووەوە و پرسی دانوستانی نێوان هەولێر و بەغدایان تاوتوێکرد بۆ

چارەسەری کێشەکانی نێوانیان.[2]
- ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە شارەدێی سەعدیەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین موختارێکیان کوشت. ناوی خالد فەرحان-ە و بەڕەگەز عەرەبە و موختاری گوندەکانی باشوری شارەدێی سەعدییە بووە.[3]
- لە شاری سلێمانی ژنێکی تەمەن 29 ساڵ و لە رانیەش کچێکی تەمەن 17 ساڵ کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا، هۆکاری هەردوو رووداوەکەش بە نەزانراوی ماوەتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- رێپێوانی شکۆداری گەلانی عەفرین بە دروشمی بە ئیرادەی گەل هێرشی تورکیا و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین تێکدەشکێنین دەستپێکرد.[3]
- جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئاشکرایدەکات، دوای عەفرین ئامانجیان منبج و رۆژهەڵاتی فوراتە و دەشڵێت ئە و سەربازە ئەمریکیانەی جلوبەرگی یەپەگەیان پۆشیوە دەکرێنە ئامانج. [4]
- سوپای تورکیا دەستی بە تۆپبارانکردنی ژمارەیەک گوندی سنوری هەردوو شارۆچکەی ماباتا و ڕاجۆ-ی سەر بە عەفرین کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (راپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 04-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 04-02-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو2018-02-04 -
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 07-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 36

**2018-02-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180205000000144315



باکووری کوردستان

- لە پارێزگای وان، پاسێکی نەفەرهەڵگر بەهۆی بەستنی ڕێگاوبان کۆنترۆڵی لەدەستدا و وەرگەڕا. لە ڕووداوەکەدا دوو کەس گیانیان لەدەستدا و 22 ی دیکەش برینداربوون.[3]

باشووری کوردستان

- بەهۆی خەرجنەکردنی پارەی گەنمی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەشێک لە جوتیارانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە گردبوونەوە و داوای خەرجکردنی پارەی گەنمەکانیان کرد.[1]

- کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەستپێکرد و پەرلەمانتارانی کورد باکۆتی دانیشتنەکەیان کرد بەهۆری هەوڵی سەرۆکی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر پرسی تاوتوێی بودجەی 2018 بەبێ جێکردنەوەی داواکارییەکانی کورد لەو پڕۆژەیاسایەدا.[2]

- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق وەڵامی تانەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی دایەوە کە سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە فەرمانگە حکومییەکانی کەرکوک پێشکەشیکرابوو، جەختیشیکردەوە کە ئەوە لەچوارچێوەی تایبەتمەندی دادگاکەیاندا نییە.[2]

- لەکۆبوونەوەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لە سلێمانی 15 ئەندام وەک ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئە و حزبە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردران.[2]

- دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بەشداری دەیان بەرپرسی حیزبی و حکومی و کونسوڵخانە و کۆمپانیا و دامەزراوە یەکەمین کۆنفرانسی ساڵانەی سازکرد و تێیدا کۆی کار و چالاکییەکانی لە ساڵی 2017 دا خستنەڕوو.[3]

- خاوەنی مۆلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی بڕیاریانداوە بەهۆی جیاوازی نرخ و جێبەجێنەکردنی داواکاریەکانیانەوە، لە ئەمڕۆوە، کارەبای مۆلیدە لە سەرجەم هاوڵاتیانی شارەکە بکوژێنەوە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەوی ڕابردوو، هێزەکانی سوپای تورک هێرشیان کردە سەر گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شییەی کانتۆنی عەفرین، شەڕڤانان بەتووندی وەڵامیان دانەوە. لە ئەنجامی بەرخۆدانی شەوێ ڕابردووی شەڕڤاناندا، هەشت سەرباز و چەتەی سەربە سوپای تورک کوژران و لاشەکانیان کەوتە دەستی شەڕڤانانەوە.[1]

- تۆپخانەکانی تورکیا بەچڕی گوندەکانی معەسکەرە و زیتوناک و سعرنجکەی لە ناوچەی شەرا لە سنوری هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانیان بۆردومانکرد و قوربانی لێکەوتووەتەوە.[2]

- ڕۆژنامەیەکی تورکی ئاشکرایکرد بڵاوبونەوەی گرتەڤیدیۆییەکی نوێ کە لە شاری قامیشلۆ تۆمار کراوە دەریدەخات کە ئەمریکا زرێپۆش و هاوکاری سەربازیی زیاتر ڕەوانەی یەپەگە دەکات.[2]

- سەدان هاوڵاتی شاری منبیج بۆ ئەوەی بەشداری کاروانی هاوڵاتیانی جزیرە، حەسەکە، کۆبانێ و شەنگال بن، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری منبیج گردبوونەوە.[1]

- هێزەکانی سوپای تورک ناوەندی شاری جندرێسی سەربە کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن.[1]

- فەرماندەیی هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایگەیاند، کە لە ئەنجامی بەرخۆدانی چەند ڕۆژەی شەڕڤانان، گوندی شێخۆرز و گردەکانی دەوروبەری لە هێزەکانی سوپای تورک پاککرانەوە.[1]

- بۆ جاری دووەم، سوپای تورک گۆڕستانی شەهید سەیدۆ-ی لە شارۆچکەی جندرێس-ی سەر بە عەفرین بۆردوومانکرد.[1]

دەرەوەی کوردستان

- پۆلیسی ئیتالیا هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەرانی کورد و چالاکوانانی ئیتالی کە لە دژی چوونی ئەردۆگان بۆ لای پاپا فرانسیس لە بەر دەم کۆشکی سەن ئانجێلۆی ڕۆما گردبوونەوەو هێرشەکانی تورکیان بۆسەر عەفرین شەرمەزارد.[1]

- بەهرام قاسمی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایگەیاند: پێویستە تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە عەفرین بووەستێنێت و لەوبارەیەوە چاوێک بە هەڵوێستەکانیدا بخشێنێتەوە.[3]
- لە تارانی پایتەختی ئێران، کەمپەینێک لەلایەن 600 هونەرمەندانی ئێرانیەوە دەستپێکرا بۆ پشتگیریی عەفرین و شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورک، کەمپەینەکەش بەردەوامی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 05-02-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 05-02-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 05-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-05 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 37

**2018-02-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180206000000144316



باکووری کوردستان
- لە 60 گوند و ناوچەی ئامەد قەدەخەی هاتووچۆ ڕاگەیێندرا.[3]
- فاتمەگوڵ دەمیرتاغ، هاوسەرۆکی لقی مێرسینی هەدەپە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[4]
- دوای ئەوەی لە مانگی 10 ی ساڵی ڕابردوودا، دادگای دیلۆک سزای زیندانیکردنی بەسەر فەرهاد ئەنجو، پەرلەمانتاری شرناخی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە-دا سەپاندبوو، ئەمڕۆ نووسراوی وەرگرتنەوەی مافی پەرلەمانتاریی لە ئەنجوو لە دانیشتنی پەرلەمانی تورکیادا خوێندرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- بەشێک لە مامۆستایانی سلێمانی خۆپیشاندانیان دەستپێکرد دژ بە دواکەوتنی موچەکانیان.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت شەوی ڕابردوو تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ، زیاتر لە 20 بومەلەرزە لە سلێمانی و دەوروبەری تۆمارکراوە.[1]
- بەپێی ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمریکا بەردەوامدەبێت لە ڕاوێژی سەربازیی و مەشقکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی 2018.[2]
- دەستەی سەرپەرشتی مامۆستایان لە سنوری پەروەردەی چۆمانی دەڤەری باڵەکایەتی پارێزگای هەولێر بەفەرمی بۆ ماوەی یەک هەفتەی بایکۆتی خوێندنیان ڕاگەیاند داواکاریەکانیشیان بۆ شکاندنی بایکۆت ئاشکراکرد.[2]
- مامۆستایەکی زانکۆ لە کەرکوک کوژرا. نێوبراو ناوی عەلی یەڵماز کوشتووە بوو و خەڵکی شارەدێی بەشیری سەر بە خورماتوو بووە. [1]
- لەناو بازاڕی شارۆچکەی ڕانیە هاوڵاتییەک بەر دەستڕێژی گوللە درا و گیانی لەدەستدا، پۆلیسیش ڕایدەگەیەنێت، کە بکوژەکە خۆی ڕادەستکردووە و هۆکاری ڕووداوەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی بووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە چەندین شوێن لە دژی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا و لە ئەنجامی ئەو چالاکیانەدا 59 سەربازی تورک کوژران.[4]
- لە ئەنجامی شەڕێکدا کە لە شەوی ڕابردووەوە تا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆی خایەند، گوندی حەج بلێلی سەربە شارۆچکەی شییەی کانتۆنی عەفرین لە سوپای تورک و چەتەکانی پاککرایەوە.[4]
- ئەردۆغان داوا لەهێزەکانی ئەمریکا دەکات منبج چۆڵ بکەن.[1]
- نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ، داوای وەستانی بەپەلەی شەڕ و پێکدادانەکان لە سوریا دەکات.[1]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، لە دەوروبەری گوندی حەمامێ-ی سەر بە شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورکیان تەقاندەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی نیشتمانی تاوان لە بەریتانیا (NCA) ڕایگەیاند، ئەمڕۆ ئۆپەراسیۆنێکی گەورەیان دژی تۆڕێکی گومانلێکراوی تاوان ئەنجامداوە، کە تۆمەتبارن بە هێنانی سەتان کوردی عێراق بەڕێگەی قاچاخ بۆ بەریتانیا. ئەفسەرانی ئەو دامەزراوە ئەمنییەی بەریتانیا بە هاوکاری چەند دەزگایەکی ئەمنی دیکەی وەک پۆلیس، توانیویانە 21 گومانلێکراو، کە بە ڕەگەز کوردن، لە چەند شوێنێکی لەندەن دەستگیربکەن.[3]
- پەڕلەمانی سوید لەسەر داوای 4 پەڕلەمانتار وەزیری دەرەوەی سویدی بانگکرد بۆ پەڕلەمان تاوەکو لەسەر لەشکرکێشیی تورک بۆسەر عەفرین هەڵوێست وەربگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |

شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 06-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 06-02-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 06-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-06 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 38

**2018-02-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180207000000144317



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر لە راگەیێندراوێکدا هەواڵی کرانەوەی سێ بازاڕچەی سنووریی کێلێ، سەیرانبەن و شۆشمێ لەنێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستان راگەیاند.[3]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 7ی بەیانی ئۆپەراسیۆنی هێزە سەربازییەکانی عێراق لە سنووری خورماتوو بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری شارۆچکەکە لەپاشماوەکانی داعش دەستپێکرد.[1]
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق دوای 8 کاژێر راگەیێندراوێکدا ئاماری ئۆپەراسیۆنەکەی سنووری خورماتووی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، 50 پێگەی داعش لەنێوبراون و 6 ئۆتۆمبێلیشیان کراونەتە ئامانج. ئاماژەی بەوەش کرد کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون و پێگەکانی داعشیان لە چیای حەمرین بۆردوومانکردووە.[3]
- ئامانج عەبدولڕەزاق، بەرپرسی کۆمیتەی جەبارەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، رایگەیاند: هێزێکی حەشدی شەعبی لە گوندی ساری گوێل سەر بە شارەدێی جەبارە، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان ئەنجامداوە و ژمارەیەک چەکی کڵاشینکۆفیان بردووە، کە هی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و هاوڵاتی ئاساییبن. وتیشی: هێزەکانی حەشدی شەعبی بڕی 100 هەزار دینار و دوو مۆبایلیان لە دوو گەنج بە زۆر سەندووە و بردوویانە. ناوبراو باسی لەوەشکرد: چەکدارەکانی حەشدی شەعبی سوکایەتیان بە دانیشتوانی گوندەکە کردووە و قسەی نەشیاویان

پێووتون.[2]
- گروپی دەنگی شەقام، بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ دەرکردنی سوپای تورکیا و ئێران، لە هەرێمی کوردستان سەردانی نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق -یان کرد، دواتر کونگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان ئەنجامدا.[2]
- وتەبێژی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم دەڵێت لە 80%ی لیستی تۆماری دەنگدەران پاککراوەتەوە و حکومەتی هەرێمیش بڕیاریدا بە سێ بەش بودجەی پێویست بۆ کۆمسیۆن دابینبکات.[4]
- ڕۆژنامەی واشنتن تایمز لە بابەتێکیدا نووسیویەتی، نێچیرڤان بارزانی بە ژیری و دیپلۆماسییەتی خۆی توانی ڕێگری لە شەڕێکی خوێناوی لە عێراق بکات، کە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەدوای خۆیدا دەهێنا، بۆیەش ئەو شایەنی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵە بۆ ئاشتی.[3]
- ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بڕیارەکەی سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە باسکردنی هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی سێ پەرلەمانتاری کورد نایاساییە و داواشی لێدەکات بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- یەپەگە، داگیرکەری تورک بەوە تاوانباردەکات کە لە هێرشەکانیدا بۆسەر عەفرین چەکی کیمیایی بەکاردەهێنێت.[1]
- ژان ئیڤ لۆ دریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەڵێت، کە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین پێشێلکردنی مافە نێودەوڵەتییەکانە.[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک گوندی کەفەر سەفرا و گوندی بافلورو گۆڕستانی شەهید سەیدۆ-ی سەر بە شارۆچکەی جندرێسی کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن.[2]
- پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی کانتۆنی عەفرین لەلایەن تۆپخانەکانی تورکیاوە کرایە ئامانج و جندرێس و گۆڕستانی شەهید سەیدویش بەچڕیی تۆپبارانکران.[4]
- دوای پێکدادانە سەختەکانی ئەمڕۆی نێوان سوپای تورکیا و هێزەکانی یەپەگە لە گوندی شێخورزێی شارەدێی بلبلێ، ئێوارەی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکانی سوپای تورکیا و هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا گەیێندرانە نەخۆشخانەکانی کیلیس.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 07-02-2018


[3] 🗣️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 07-02-2018
[4] 🗣️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 07-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 07-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 39

**2018-02-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180208000000144318



باکووری کوردستان
- بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، پەروین بولدان و سەزای تەمەللیی وەک کاندیدەکان بۆ هاوسەرکایەتیی گشتیی پارتییەکە ڕاگەیاندراون.[1]
- ئەمرۆ، دادگا بڕیاری گرتنی بۆ محەمەد ئەرسەلان، هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە دەرکرد و ڕەوانەی زیندان کرا.[1]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 9:00 دەوڵەتی تورک لە تۆپخانەی چەلێ-ی سەر بە شاری جۆلەمێرگ-ی باکوری کوردستانەوە دەستی بە تۆپبارانکردنی هەرێمی زاپ-ی سەر بە هەرێمی بادینانی هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا کرد.[1]
- ڕێکخراوی پێکەوە ژیان، سەبارەت بە هێرشەکانی سەر عەفرین یاداشتێکیان ئاڕاستەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی کرد.[1]
- ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی هەولێر و کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر ئەنجامداو داوایانکرد، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەم عەفرینەوە بچێت.[1]
- کاتژمێر 03:00 ی دوانیوەڕۆی ئەمرۆ، لە شارۆچکەی کۆیەی سەر بە شاری هەولێر، چلەی شەهید مامۆستا هێرش عومەر، ئەو مامۆستایەی کە لە خۆپیشاندنەکانی کۆتایی ساڵی ڕابردوو-دا لە شارۆچکەی کۆیە شەهیدبوو، بەڕێوەچوو.[1]
- لە گەڕەکی بەختیاری خانەقین، دەسترێژی گوللە کرایە سەر دووکانێک، بەهۆیەوە حەوت کەس کوژراون و سێ کەسی دیکەش بریندارن. [3]
- بەڕێوبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری وەزارەتی پێشمەرگە، رایدەگەیەنێت ڕێکخراوی هاوپەیمانێتی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) سەرپەرشتی ڕێکخستنەوەی پەیەکەربەندی کۆی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات لەڕێی پاکێجێکی پێنج خاڵی کە تایبەتە بە چاکسازی.[2]
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرایدەکات، ئەمرۆ گرێبەستی دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نەوتی لە کەرکوک بەشێوەی وەبەرهێنان واژۆکرد، کە توانای بەرهەمهێنانی 70 هەزار بەرمیلی هەیە لە رۆژێکدا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی کەڤریکەر سەربە ناوچەی ڕاجۆ لە عەفرین شەڕێکی سەخت لەنێوان شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا ڕوودەدات.[1]
- لە 20ەمین ڕۆژی هێرسی سوپای تورک بۆ سەر عەفریندا، تۆپخانەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بەردەوامن لە تۆپبارانکردنی شارۆچکەی شیيە کە دەیان هەزار هاوڵاتیی تێدا دەژی.[1]
- تورکیا ئەندامانی گروپی داعش بەکاردەهێنێت بۆ بەشداریکردن لە هێرشەکانیدا بۆ سەر هەرێمی عەفرینی رۆژئاوای کوردستان ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتێک کە رۆژنامەی ئندیپێندنتی بریتانی بڵاویکردووەتەوە. رۆژنامەکە لە ژمارەی ئەمرۆیدا بڵاویکردووەتەوە سوپای تورکیا مەشقی سەربازیی بە ژمارەیەک ئەندامی پێشوی گروپی داعش کردووە بۆ ئەوەی بەشداریی بکەن لە هێرشەکانیدا بۆ سەر عەفرین.[2]

- وتەبێژی یەپەگە رایگەیاند، لە 24 کاتژمێری رابردوودا لە گوندی شیخورد 27 سەربازی تورکیا لەلایەن شەرڤانانەوە کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-08

[2] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-08

[3] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-08


کاتی تۆمارکردن: 2018-02-08 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 40

**2018-02-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180209000000144319



باكووری كوردستان
- بڕیاری دەستگیركردن بۆ سەرپیل كەمال بای، هاوسەرۆكی گشتیی هەدەپە دەركرا.[1]
- گەریلاكانی هێزەكانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە دژی چوار پێگەی سوپای تورك لە چەلێ سەربە جولەمێرگ چالاكییان ئەنجامداوەو تێیدا سێ سەرباز كوژراون.[3]

ڕۆژهەڵاتی كوردستان
- لەم هەفتەیەدا، لاوێكی كورد بە ناوییوونس كازم زادە خەڵكی شاری مەلەكشای ئیلام لە ناوچەی سنووریی شاری مێهران بە هۆی تەقینەوەی مین، دەستبەجێ گیانی لە دەست دا.[4]

باشووری كوردستان
- شەوی ڕابردوو هێرشكرایە سەر ماڵی مەلا سامان سەنگاوی لە گەڕەكی وڵوبە لە شاری سلێمانی و لە سێ لاوە جامی ئۆتۆمبێلەكەی شكێندرا.[3]
- نیوەڕۆی ئەمرۆ، لە (سەكۆی ئازاد)ی ناو پاركی ئازادی شاری سلێمانی، بە پێشنوێژیی و وتارخوێندنەوەی مەلا سامان سەنگاوی، نوێژی سەركەوتنی عەفرین بەڕێوەچوو.[3]
- لە نزیك فڕۆكەخانەی بامەڕنێ-ی سەر بە ئامێدی لە پارێزگای دهۆك لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێكی پاشماوەی هێزە ئەمریكیەكان كەسێك گیانی لە دەستدا و یەكێكی تریش برینداربوو.[2]

ڕۆژئاوای كوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆكە جەنگییەكانی سوپای تورك ناوچەكانی شەڕا و شێراوا و بلبل و جندرێس-یان لە سنوری عەفرین بۆردوومان كرد.[1]
- فڕۆكە جەنگییەكانی دەوڵەتی تورك گەڕەكەكانی ئەشرەفیە و مەحمودییە و قیبار-یان لە شاری عەفرین بۆردوومان كرد.[1]
- وەزیری دەرەوەی فڕەنسا رایدەگەیەنێت هەرچی زووە دەبێت بۆردوومانی توركیا بۆ سەر شاری عەفرین بوەستێت و ڕێگە بدرێت ڕێڕەوی ئارام دروستبكرێت بۆ یارمەتیدانی قوربانیان.[2]
- لە دەوروبەری جندرێس شەڕێكی قورس لەنێوان شەڕڤانانی هێزەكانی سوریای دیموكرات و سوپای تورك چەتەكانی سەربە توركیا بەڕێوەدەچێت.[3]
- شەوی ڕابردوو فڕۆكە جەنگییەكانی سوپای تورك دوو بنكەی سەربڕینی ئاژەڵ و مریشكیان لە باشوری ڕۆژئاوای شاری عەفرین كردە ئامانج و وێرانیان كرد. لە بۆردوومانەكەدا زیاتر لە 15 سەر مەڕ-یش مرداربوونەوە.[3]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە سنووری گوندی حەج بلیل-ی سەربە شارەدێی شیە-ی كانتۆنی عەفرین، شەڕێكی قورس دروست بوو. سەرچاوە خۆجێیەكان لە ناوچەكە ئاماژە بە زانیارییە سەرەتاییەكان دەكەن كە بریتییە لە كوژرانی 25 چەكداری سوپای تورك و چەتەكانی سەر بە توركیا.[3]
- ژمارەیەك فڕۆكەی جەنگیی سەربە سوپای تورك، هەردوو گوندی (شكفتە) و (ترمشا)ی سەربە شارەدێی شیە-ی سەر بە كانتۆنی عەفرینیان بۆمباران كرد.[3]
- فڕۆكە جەنگییەكانی گوندی شكاتی سەربە شارۆچكەی شییەی بۆردومان كرد و ماڵی هاوڵاتیانی مەدەنیی بە سەردا ڕووخاند. پاش بۆردومانەكە هاوڵاتیانی گوندەكە خۆیان گەیاندە شوێنی بۆردومانەكە و توانیان تەرمی نوسرەت عوسمانی تەمەن 50 ساڵیان لە ژێر ڕووخاوەكاندا بهێننە دەرەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەیان كرد. ڕاگەیەندراوە، كە ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە ئەنجامی بۆردومانەكەدا شەهید بوون سێ بۆ چوار كەسە، بەڵام تەرمەكانیان جارێ نەدۆزراونەتەوە.[3]
- لە دانیشتنی ئەنجومەنی سێنای فەرەنسادا، 39 سێناتۆر كە 17یان سێناتۆری فراكسیۆنی حزبی سۆسیالیستی فەرەنسا بوون بانگەوازییان لە حكومەتی فەرەنسا كرد، كە لە دژی هێرشی توركیا بۆ سەر عەفرین بوەستنەوە.[3]

تایبەتمەندییەكانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموكراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: یەكینەكانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 09-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 09-02-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 10-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 09-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 41
**10-02-2018**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180210000000144320



باشووری کوردستان
- کۆدەنگی تەندروستکارانی نارازی ئەمرۆ لە سلێمانی، بە ئەنجامدانی ڕێپێوان پشتگیری خۆیان بۆ بەرخودانی کوردانی شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان دەربری.[4]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ئاشکرایکرد، پاشماوەکانی داعش ناسراو بە گروپی ئاڵای سپێکە جارێکیتر گەڕاونەتەوە ناوچەکانی پەڵکانە و دەوروبەری خورماتوو و دەستیشیان بەسەر بیرە نەوتیەکاندا گرتوەتەوە.[4]
- گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە شنگال دۆزرایەوە.[4]
- شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەرەو عەفرین بەرێکەوتن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین بەردەوامە، لە ئەنجامی شەرێکدا لە راجۆ، گورزی کەمەرشکێن لە سوپای تورک درا و لە شێخورزێش شەرێک قورس لە نێوان شەرڤانان و سوپای تورکدا بەردەوامە.[1]
- بەرەبەیانیی ئەمرۆ فرۆکەکانی سوپای تورک لە هێرشێکی دیکەدا بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی شارۆچکەی بلبلێ و گوندی قەستەل خدریای بۆردوومان کرد. [1]
- سوپای تورک بە بۆردوومانکردنی بێ وەستانی ناوچە مەدەنی نشینەکان بەردەوامە لە هێرشەکانیدا، ئەو سوپایە تەنیا لە گەڕەکی باشوری شارۆچکەی جندرێس زیاتر لە 200 ماڵی هاوڵاتییانی رووخاندووە.[1]

- بۆ یەکەمینجار لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان، زاراوەی کوردستانی سووریا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی ئاسایش بۆ راگەیاندنی ئاگربەست لەسووریا بەکارهات.[3]
- میدیاکانی جیهان بە بڵاوکردنەوەی ئەنالیز و وتار و هەواڵ هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر کانتۆنی عەفرین رووماڵ دەکەن و رۆژنامەی تایمزی ئەمریکی-ش دەڵێت: تورکیا لە عەفرین هاوڵاتیانی مەدەنیی دەکاتە ئامانج و دەیانکوژێت.[1][2]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، دژەهێرشی وەڵامدانەوەی ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیا و هاوپەیمانەکانیان دەستداوەتێ و تەنانەت ناو خاکی تورکیاش بۆردوومان دەکەن.[4]
- سوپای تورک جارێکی دیکە پاڵاوگەی ئاوی خواردنەوەی عەفرینی تۆپباران کرد.[1]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە لە گوندی حەج بلێل سەربە ناوچەی شیێ تانکێکی دیکەی سەربازیی سوپای تورکیان تێکشکاند.[1]
- شەڕڤانانی یەپەگە هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورکیان خستە خوارەوە، کە بە سەر ئاسمانی گوندی قودەی سەربە شارۆچکەی راجۆی عەفرین-دا دەفڕی.[1]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ئەردۆگان رایدەگەیەنێت، چەکدارانی یەکینەکانی پاراستنی گەل هێلیکۆپتەرێکی سەربازیی سوپای تورکیایان لە عەفرین خستووەتە خوارەوە، دەشڵێت بەزیادەوە باجی ئەوە دەدەن. [4]
- لە بەرەی چەمی ساجیر-ەوە لە باکوری شاری منبج، چەتەکانی سەر بە سوپای تورک، هێرشیان کردە سەر شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازیی منبج.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فڕۆکەکانی ئیسرائیل چەندین ئامانجیان لە دیمەشق پێکا.[2]
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ناسراو بە پێنتاگۆن دەڵێت، هەندێک لە گرووپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی تانکی پێشکەوتووی جۆری ئەبرامزیان لابووە و بەکاریشیان هێناوە. هەروەها رایدەگەیێنێت، تانکەکان لەو گرووپە وەرگیراونەتەوە و دراونەتە هێزە ئەمنییەکانی عێراق.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: منبج
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-10 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 42

**2018-02-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180211000000144321



باکووری کوردستان
- بەستنی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە لە ئەنکەرە.[1]
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) سەزای تەمەڵ و پەروین بوڵدان-ی وەک هاوسەرۆکی نوێ بۆ پارتەکەیان هەڵبژارد.[1]
- شەوی ڕابردوو، کاروانێکی سەربازیی سوپای تورکیا بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە یەکەکانی سەر سنووری باکوور و ڕۆژاوا، گەیشتە شاری هەتای.[4]
- ئەمڕۆ، جارێکی دیکە دەوڵەتی تورک ئاوی ڕووباری فورات-ی لە باکووری کوردستانەوە لەسەر خاکی ڕۆژاوا و سوریا گرتەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی کۆڵبەرێکی کورد لە دۆڵی هەنجیرە ڕەشەی بانە، بە دەست و قاچ بەستراوی دۆزراوەتەوە. ئەو کۆڵبەرە ناوی شوانە ڕەسولییە و ماوەی هەفتەیەک پێش ئێستا لە ماڵەکەی چووبووە دەرەوە بۆ کاری کۆڵبەری، سەرئەنجام ئەمڕۆ تەرمەکەی بە دەستوقاچ بەستراوی دۆزراوەتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- کەمپەینی دەرکردنی سوپای تورک لە باشوری کوردستان بەردەوامیی هەیە و سەرپەرشتیارانی کەمپەینەکە بەشێوی مەیدانیی دەچنە ناو خەڵک و واژۆ کۆدەکەنەوە.[3]
- وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ڕایگەیاند، هاوکارییەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامدەبن و لە داهاتووشدا بەشداردەبن لەدروستکردنی هێزێکی پێشکەوتوو لەعێراق و هەرێمی کوردستان.[2]
- شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فڕۆکەوانی عێراق هاتوونەتە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمیش ئاماژە بەوەدەکات، ئامانجی شاندەکە ئامادەکارییە بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم.[2]
- بەرپرسێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری ڕاگرتنی بەخشی 45 کەناڵی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دراوە و ئەمشە و بڕیارەکە جێبەجێدەکرێت، دەشڵێت تاکو مۆڵەتەکانیان نوێنەکرێتەوە و باجەکانیان نەدەن، پەخشەکانیان دەستپێناکاتەوە.[2]
- لەسەر چیای هەیبەت سوڵتان، لەسنوری شارۆچکەی کۆیە پێشمەرگەیەک لەکاتی کۆکردنەوەی دار دا، مین پێیدا تەقیەوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[2]
- سەربازێکی هێزەکانی بەربەرچدانەوەی خێرا-ی سەر بە سوپای عێراق لە گوندێکی سنوری شارۆچکەی زنانە لە گەرمیان کوژرا، فەرماندەیەکی هێزەکەش دەڵێت: سەربازەکەمان بە تەقەی چەکداری نەناسراو کوژراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (قەسەدە) ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تیایدا دەڵێت دوو هەلیکۆپتەری سوپای تورکیایان خستووەتە خوارەوەو لەهەر دووکیاندا 11سەربازی تورک کوژراون.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک شەش گوندی حەج جەمانە، ماسیکا، قودە، کورێ، چەلا و شادییای سەربە ڕاجۆی کانتۆنی عەفرینیان بۆردومان کرد.[3]
- لە گوندەکانی عەرەبوێران و دەروێشانی سەربە شارۆچکەی شەرا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا ڕوودەدات، ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەتە لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا کوژراون.[3]
- ئەمڕۆ سوپای تورک گوندی حسییە (میرکان) ی سەربە شاردەێی ماباتی عەفرینی تۆپباران کرد، لە

ئەنجامی ئەو تۆپبارانانەدا منداڵێکی شیرەخۆرە بە سەختی بریندارببوو.[3]
- شەڕڤانانی قەسەدە تانکێکی دیکەی سوپای تورکیان لە شارۆچکەی بلبلێ-ی عەفرین تێکشکاند.[1]
- وەفدی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە کانتۆنی عەفرین.[1]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل – یەپەگە ڕایگەیاند، چوار تانکی دیکەی سوپای تورکیان تێکشکاندووە و 28 سەربازیش کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: بانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 11-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 11-02-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 11-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-11 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 43

**2018-02-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180212000000144322




باکووری کوردستان
- بە تۆمەتی پروپاگەندە بۆ ڕێکخستنی قەدەغە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دوژمنایەتی لە ناو گەلان دا، داواکاری گشتیی دادگای ئەنقەرە داوای لێپرسینەوەی لە پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی هەدەپە و سری سورەیا ئوندەر، پەرلەمانتاری هەدەپە کرد.[4]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی مامۆستایان لە سلێمانی دەستیپێکرد کە دیارترین داواکارییان لەسەر پرسی دابەشکردنی مووچەیە.[1]
- لە شاری سلێمانی 8 حیزب بۆ شکاندنی بایکۆتی مامۆستایان کۆبوونەوە. پاشان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا یاداشتێکی سێ خاڵییان ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان و رای گشتی کرد. هاوکات مامۆستایان بە ئەنجامدانی گردبوونەوە و بڵاوکردنەوەی راگەیێندراو جەختیانکردەوە لە بایکۆت بەردەوام دەبن. یەکێتیی مامۆستایانیش دەڵێت ئیدارەی سلێمانی لە دواکەوتنی مووچەی مامۆستایان بەرپرسە.[3]
- سەرلەبەیانیی ئەمرۆ، دانیشتوانی گەڕەکی سەربازگەی خالید لە شاری کەرکوک خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم بەڕێوبەرایەتیی پۆلیسی شارەکە ئەنجامدا. خۆپیشاندەران ڕایانگەیاند، کە پاش ئاوارەبوونیان بەهۆی هاتنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ شارەکەیان لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، خانووەکانیان لەلایەن چەند گروپێکی تورکمانییەوە، کە لەلایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێستای کەرکوکەوە پشتیوانیی دەکرێن داگیرکراوە و داوایانکرد، کە خانووەکانیان بۆ بگەڕێندرێنەوە.[4]
- سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا رایگەیاند، پرۆژەیاسی بودجەی ساڵی 2018 ی عێراق کە لەلایەن حەیدەر عەبادی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق ئامادەکراوە، یاسایی و دەستووری نییە، بۆیە وەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان رەتیدەکەنەوە.[3]
- وەزیری دەرەوەی فڕەنسا گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر و لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک لە بەرپرسان پێشوازی لێکرا.[2]
- بۆ پشتوانیکردن لە بەرخۆدانی عەفرین و شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر ئەو کانتۆنە، لە شارەدێی تەقتەق-ی سەر بە شارۆچکەی کۆیە ڕێپێوانێک بەڕێوەچوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەک فەرماندەی باڵای یەپەگە و ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە سەنتەری شاری عەفرین ژمارەیەک شەهیدی یەپەگە بەخاکسپێردرا.[1]
- ئەمرۆ شاندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی شاری عەفرین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا تیشک خرایە سەر یەکێتی نەتەوەیی کورد، هەروەها پشتگیریی بەرخۆدانی عەفرین کرا و ڕاگەیەندرا:داگیرکاریی لە کوردستان دا لە ناو دەچێت.[4]
- تۆپباران و بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنیی بەبێ وەستان بەردەوامە و سەدان دووکانی شارۆچکەی ڕاجۆی عەفرین لە ئەنجامیدا ڕووخاون.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی تورک ناوی ساڵح موسلیم خستە لیستی سوور و بڕی 4 ملیۆن لیرەی تورکی (ملیۆنێک و 40 هەزار دۆلاری ئەمریکی) وەک خەڵات دەستنیشانکراوە بۆ ئەو کەسەی شوێنەکەی ئاشکرابکات.[3]
- سوپای تورک و چەتەکانی لە شارۆچکەی شەرا-ی سەر بە عەفرین، سێ هاوڵاتی مەدەنییان ڕفاند و تاوەکو ئێستاش چارەنووسی ئەو سێ هاوڵاتییە دیارنییە.[4]
- فڕۆکە شەڕکەرەکانی سوپای تورک گوندی عەین حەجەر لە سنووری شارەدێی مابات لە عەفرین بۆ ردوومان دەکەن، کە شوێنێکی مەدەنییە و هاوڵاتیان دەکەنە قوربانی.[4]
- فڕۆکە شەڕکەرەکانی سوپای تورک گوندەکانی دێر بەلوت و گرێ دێوا لە جندرێسی سەربە عەفرین بۆردوومان دەکەن، هاوکات لە سنووری گوندی دێر بەلوت لە نیوان شەرڤانان و سوپای تورک و چەتەکانی سەر بەو سوپایەدا شەڕێکی سەخت بەڕێوەدەچێت.[4]
- سوپای تورک پاڵاوگەی ئاوی چیای کەفەر سەفرای جندرێس-ی سەربە عەفرینی کردە ئامانج و

لە ئەنجامدا ئاوی خواردنەوەی پێنج هەزار خانەوادە بڕا.[4]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لەراگەیەنراوێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کەشەوی ڕابردو لەهەردو ناوچەی عەزاز و شەرا لەکانتۆنی عەفرین، شەرڤانان ڕوبەڕوی سوپای تورکیا بونەتەوە و توانیویانە، 4 تانک و جبەخانەیەکی چەک و تەقەمەنی سوپای تورکیا بتەقێننەوە، ئاشکراشیدەکەن شەوی ڕابردو 28 سەربازی سوپای تورکیا بەدەستی شەرڤانان کوژراون و ژمارەیەکی دیکەشیان بریندار کراون.[5]
- شەڕڤانانی یەپەگە شارۆچکەی ڕاجۆ-ی عەفرین، فڕۆکەیەکی سیخوڕیی سوپای تورکیان خستەخوارەوە و ڤیدیۆی فڕۆکەکەشیان بە تێکشکاویی بڵاوکردەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-02-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 12-02-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-02-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 12-02-2018



کاتی تۆمارکردن: 2018-02-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 44

**2018-02-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180213000000144323



باکووری کوردستان
- سەرپێل کەمالبای هاوسەرۆکی پێشوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەلایەن تیمەکانی دژەتیرۆری تورکیاوە لە شاری ئەنکەر دەستبەسەرکرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دانیشتنی دادگای شەهرام فەرهادی، چالاکوانی مەدەنی خەڵکی شاری سنە بەڕێوەچووە و لە ئەنجامدا چوار ساڵ سزای بە سەر دا سەپێندراوە.[3]
باشووری کوردستان
- شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و سوپای تورکیا لە سنووری زاخۆ دەستییپێکرد. بەپێ هەندێک سەرچاوە چەندین سەربازی تورک کوژراون و پاشان فڕۆکە جەنگییەکانی تورک بۆردوومانی ناوچەکەی کردووە.[1][3]
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەستییپێکرد بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2018 و پەرلەمانتارانی کوردیش بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکرد.[1]
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوا لە عەبادی دەکات دەستی دەستی بە مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێم نەکرێت، داواش دەکات بەپەلە فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەڕووی گەشتە دەرەکیەکان بکرێنەوە.[1]
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن)، هاوشێوەی ساڵانی رابردوو لە بودجەی ساڵی 2019 دا بودجەی تایبەتی بۆ مەشق و پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە تەرخانکرد. بودجەکەش 850 ملیۆن دۆلارە.[2]
- لە گوندی بەلکی شارەدێی ژاراوەی شارۆچکەی پشدەر بەهۆی زۆری رێژەی بارانبارینەوە خانی ئاژەڵی هاوڵاییەک دارماوە. بەهۆی دارمانی خانەکەوە 40 سەر مەڕ و بزن مرداربونەتەوە و ژمارەیەکی تریش برینداربوون.[1]
- سەرچاوەیەک لە دەروازەی سنوری سەرزێرێ لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا رایگەیاند، دوانیوەڕۆی دوێنێ گەریلاکانی پەکەکە تەقەیان لە بارەگایەکی سەربازانی تورکیا لە سەر سنور کردووە، بەوهۆیەوە لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ هاتووچۆ وەستاوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا لە 25ەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی سەر عەفریندا لە سێ لاوە گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی شیێ-یان تۆپبارانکرد. شەوی رابردووش لە سنووری شارۆچکەی بلبلێ شەڕ و پێکدادانی قورس روویدا.[2]
- لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی هێکیچێی سەربە جندرێس دوو ژن شەهیدبوون.[3]
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن) لە بودجەی ساڵی 2019 دا بڕی 300 ملیۆن دۆلاری بۆ مەشق و پرچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات HSD و 250 ملیۆن دۆلاریشی بۆ هێزی ئاسایشی سەر سنوور تەرخانکرد.[2]
- فڕۆکە شەڕخوازەکانی سوپای تورک ناوەندی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[3]
- لە عەفرین، هەزاران ژن بە دروشمی (ژن ژیان ئازادی) ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ڕێپێوان دەکەن لە دژی هێرشی سوپای تورک.[4]
- شەرڤانانی قەسەدە هێرشێکی سوپای تورک و چەتەکانیان لە شارۆچکەی شەرا-ی عەفرین تێکشکاند و سوپای تورک ئۆتۆمبێلێکی گوللەنەبڕیان لە بەرەکانی شەڕدا بەجێهێشت.[3]
- لە درەنگانێکی ئێوارەی ئەمڕۆوە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، گەڕەکەکانی ئەشرەفیە ترندێ لە سەنتەری شاری عەفرین بەشێوەیەکی هەرەمەکیی بۆردوومان دەکەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-02-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 13-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 45

**2018-02-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180214000000144324



باکووری کوردستان
- ئەمرۆ پرۆسەی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان -هەدەپە لە ئەنکەرە بەرێوەدەچێت.[1]
- بەهۆی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەلایەن سوپای تورکەوە، لە 176 گوندی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ رگەیەندرا.[2]
- سوپای تورک لە چیای جودیی سەربە شرناخ دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی نادرە ئەو چیایە.[2]
- غەزەل ئاراس، هاوسەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی گیادینی سەربە ئاگری، بە بەهانەی ئەوەی رۆژی 9ی شوبات بەشداری مەراسیمی بە خاک سپاردنی تەرمێک بووە رەوانەی زیندانی پانتۆس کرا.[2]
- لە ئەنجامی روداوی ئاگرکەوتنەوە، ئەمرۆ لە گەرەکی بەرۆشکێ لە دهۆک، کەسێک گیانی لە دەستدا و پێنج ئۆتۆمبێل و تانکەرێکی گازوائیل و 13 مۆلیدە سوتان.[3]
- هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی چالاکییەکەی زاخۆی پارێزگای دهۆکی گرتە ئەستۆ و رایگەیاند، لە و هێرشەکەدا 22 سەربازی تورک کوژراون.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی لە 26-ەمین رۆژی هێرش بۆ سەر عەفریندا، شارۆچکەی شییە و ناوچەکانی دەوروبەری تۆپباران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 46
**2018-02-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180215000000144325



باشووری کوردستان
- لە شاری هەولێر بەدروشمی بژێ سەرۆک ژیان نابێ، بژی سەرۆک ئاپۆ، بەسەدان کەس بەخۆپیشاندان بەرەو بەردەم کونسوڵخانەی تورکیا بەرێکەوتن.[1]
- لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ڕۆژی 5ی ئازار وەک ڕۆژی ئەنجامدانی کۆنگرەی ئە و حزبە پێشنیارکرا.[2]
- شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ عەفرین گەڕانەوە باشووری کوردستان.[3]
- لە شارۆچکەکانی کەلار و کۆیە و ڕانیە و سەید سادق و شارەدێی بازیان و بناری قەندیل ڕێپێوانی جەماوەریی بۆ شەرمەزارکردنی پیلانگێڕیی 15ی شوبات دەستی پێکرد و داوای ئازادکردنی سەرۆک ئاپۆیان کرد.[1]
- بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، نابێت شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم بکرێتە قوربانی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بەم نزیکانەش لەگەڵ عەبادی کۆدەبنەوە.[2]
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە فرۆکەخانەی کەرکوک، کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی تەقییەوە.[4]
- بۆ ساڵی چوارەم فیستیڤاڵی شانۆیی سەرشەقام لە کەرکوک دەستی پێکرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان

- 38 ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا بەهۆی بێدەنگیی پارتەکان لە بارەی هێرشی سەر عەفرینەوە، دەستیان لە کارکێشایەوە و لە حزبەکە چوونە دەرەوە.[1]
- ئەمڕۆ لە 27-ەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفریندا، لە گوندی چەقەڵای شارۆچکەی شییە شەڕێکی سەختە.[1]
- لە دەوروبەری گوندی دێوا-ی سەربە شارۆچکەی جندرێسی کانتۆنی عەفرین شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سوپای تورک دا ڕوودەدات.[1]
- ڕێپێوانی خەڵکی کۆبانێ بە مەبەستی شەرمەزارکردنی ساڵیادی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی لە دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە دەستپێکرد.[1]
- یەکنەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرایکرد کە ئەمڕۆ توانیویانە لە گوندی دیوای ناحیەی جەندریسە چوار ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای تورکیا تێکبشکێنن کاتێک هێرشکراوەتە سەریان.[2]
- سوپای تورکیا کاروانێکی سەربازیی دیکە، کە لە 40 بارهەڵگری سەربازیی پێکهاتبوون و چەکی قورس و کەرەستەی سەربازییان بارکردبوو، لە شارۆچکەی ڕەیحانلی و کرکهانەوە ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لە عەفرین کرد.[4]
- لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، هاوڵاتییەک لە شارۆچکەی ڕاجۆ شەهید بوو. ناوی ئەو هاوڵاتییە محەمەد حەسەن بەرازییە و تەمەنی 55 ساڵە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا لە کۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە لەگەڵ ریکس تێلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆبوویەوە و تاووتوێی دۆخی عەفرین و یەپەگە کراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 15-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 15-02-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] 	 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 15-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 	 2018-02-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: 	 هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 47
**2018-02-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180216000000144326



باشووری کوردستان
- درەنگانێکی شەوی رابردوو، کێشە لەنێوان دوو خێزانی یەک گەڕەکدا لە شاری کۆیە دروستبووە و بەوهۆیەوە شەڕەتەقە رویداوە، پۆلیسی ئە و شارەش دەڵێت :لە ئەنجامی رووداوەکەدا 2 کەس کوژران و دوانیش بریندداربوون.[1]
- ئەندامانی (کۆدەنگی تەندروستکارانی ناڕازیی) لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین داوا لە هاوڵاتیان دەکەن کە بایکۆتی دراما و خواردن و کەلوپەلی تورکی بکەن.[2]
- باران بارینی چەند رۆژی رابردوو، ئاستی بەنداوی سماقوڵی بەرز کردووتەوەو بەهۆیەوە رێگای سەرەکی نێوان هەولێر و سلێمانی داخرا، بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیەش ریگایەکی لاوەکی کردۆتەوە، بەڵام گرفتی بۆ ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دروستکردووە.[1]
-پارێزگاری سلێمانی هەڤاڵ ئەبوبەکر داوا لە مامۆستایانی ناڕازی دەکات، بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- بەرپرسێکی تورکیا رایگەیاند، لە کۆبوونەوەی دوێنێی تیلەرسن و ئەردۆگاندا پێشنیاریان کردووە، سەرجەم هێز کوردیەکان بکشێنەوە بۆ رۆژهەڵاتی فورات و هێزی هاوبەشی ئەمریکا و تورکیا تێیدا نیشتەجێببن.[1]
- عەبدوڵلا پەشێو، شیعرێکی بۆ عەفرین بەناوی عەفرینگراد بڵاوکردەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سێ ژن لە شاری جنێڤی سویسرا، بە رووتکردنی سنگیان پشتیوانییان بۆ بارین کۆبانێ و بەرخۆدانی عەفرین دەربڕی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 	 ◯ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 	 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 	 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-02-2018
[2] 	 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-02-2018
[3] 	 ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 	 2018-02-16 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 48

**2018-02-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180217000000144327



باشووری کوردستان
- لەژێر ناونیشانی پەیام، بە بەشداری 600 گەنج، کۆنفرانسێک لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێت، کە تێیدا پەیامی ئاین، فکر، فەلسەفە، بۆ مرۆڤایەتی دەخرێتە ڕوو لەمیانی پێنج پانێڵدا.[2]
- بە بەشداری کەسوکاری شەهیدان و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی و دەوروبەری، یادی شەهیدانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دوایی کرایەوە و خەڵات درایە چالاکوانان و بنەماڵەی شەهیدان.[2]
- بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێک کە بەهۆی لافاوەوە ڕوودات، لە سلێمانی 39 تیم خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. لە سنووری ئیدارەی گەرمیانیش بەهۆی مەترسی دروستبوونی لافاو رۆژی یەکشەممە 18-02-2017 کرایە پشووی فەرمی.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە عەفرین رایگەیاند، شەوی رابردوو سوپای تورکیا چەکی کیمیاوی لەدژی خەڵکی مەدەنی لەگوندەکانی ناوچەی شیا بەکارهێناوە و بەوهۆیەوە شەش کەس بوونەتە قوربانی.[1]
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە دژی سوپای تورک و چەتەکانی چالاکییان ئەنجامدا، هاوکات سوپای تورک ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی عەفرین تۆپباران دەکات.[2]
- نەخۆشخانەی ئاڤرین: 170 هاوڵاتی شەهیدبوون و 460یش بریندابوون[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک کە لە عەزاز جێگیرن گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شێراوا تۆپباران دەکەن.[2]
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل رایگەیاند، لە دوو چالاکی تایبەتی شەڕڤاناندا لە میحوەری راجۆ 13 سەرباز و چەکداری سەر بە سوپای تورکیا کوژران.[2]
- پێکدادانێکی بەهەڵە لە نێوان سەربازانی ئەمریکا و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە شاری دەیرزوری سوریا رویدا و کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-02-2018

[2] مالپەڕ | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-17
[3] مالپەڕ | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-17
[4] مالپەڕ | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-11

كاتی تۆماركردن: 2018-02-17 12:00:00 AM
ناوی تۆماركار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 49

**2018-02-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180218000000144328




ڕۆژهەڵاتی كوردستان
- هێزەكانی ئیتلاعاتی شاری جوانڕۆ ڕێگەیان بە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی پرسەی فەرماندەی گیان بەختكردو كاوە مەجیدی (باهۆز جوودی)، كە لە پێناوی بەرگری لە پەلامار و هێرشە درندانەكانی توركیا بۆ سەر عەفرین و ڕۆژئاوای كوردستان گیانی بەخت كردوە نەدا.[4]
باشووری كوردستان
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی كەركوك ڕایدەگەیێنێت، شەوی ڕابردوو كارمەندێكی بەڕێوەبەرایەتییەكەمان بەناوی سەمیر حەسەن غەریب كە كوڕی هونەرمەندێكی ناسراوی كەركووكە، لەبەر دەرگای ماڵەكەی شەهیدكرا. [1]
- بەڕێوەبەری كەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی كوردستان ڕایدەگەیێنێ، لە 24 كاژێری ڕابردوودا بارانبارین ئاستێكی پێوانەیی تۆماركردووە و لە شاری سلێمانی 127 ملیم زیاتر لە ساڵی ڕابردوو باریوە.[1]
- لە ناوچەی بەستی شەرغە كە دەكەوێتە نێوان شارەدێی سێ گردكان و قوشتەپە پردێک باران دەیبات، بەهۆیەوە ڕێگای هەولێر لە شارەدێی تەقتەقەوە داخرا.[2]
- وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران ڕایدەگەیەنێت بەهۆی دارمانی پارچە شاخێكەوە لە ئێستادا ڕێگای سەرەكی سۆران - هەولێر ئەستەنگی بۆ دروستبووە و داخراوە و ڕێگایەكی لاوەكی كراوەتەوە.[2]
- بەهۆی بارانبارینەوە زیان بە پردی تانجەرۆ گەیشتووە و بەهۆیەوە ڕێگەی سەرەكی نێوان سلێمانی - قەرەداغ بەربەستكرا.[2]
- لە گوندی مەلا هۆمەری سەر بە شارۆچكەی خان لە شارۆچكەی كفری بەهۆی داڕووخانی گەورێكی ئاژەڵەوە نزیكەی 300 سەر بەرخ و مەڕ مرداربوونەوە.[1]
- بارانبارینی بەدەوام، بەشێكی پرۆژەی دیواری ڕاگری پاركی سەرشاخی سەید سادق-ی ڕووخاند، كە ماوەی چوار ساڵە كاری تێدا دەكرێت و هێشتا تەواو نەكراوە.[3]
- یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان، هێرشەكانی توركیا بۆسەر عەفرین شەرمەزار دەكات و دەڵێت:سەرۆكی توركیا لەژێر ناوی سوپای ئازاد ڕاهێنانی بە هەزاران داعش كردووە، بۆئەوەی شەڕ لەناوچە كوردییەكان بەرپابكات.[3]
- لە بینای ڕێكخراوی مانگی سووری كوردی لە شاری سلێمانی، كەمپەینێک بۆ كۆكردنەوەی هاوكاری بۆ شاری عەفرین ڕاگەیەندرا، بڕیارە كەمپەینەكە تا ئەوكاتەی شاری عەفرین پێویستی بە هاوكاری بێت بەردەوام دەبێت.[3]
ڕۆژئاوای كوردستان
- ئەمڕۆ لە بەردەم نەخۆشخانەی ئاڤرین لە ناوەندی عەفرین، ئەنجومەنی تەندروستیی كانتۆنی عەفرین كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد و ئاشكرای كرد، كە سوپای تورك لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی گازی كلۆری بەكارهێناوە.[3]
- هەندێک سەرچاوە باس لە ڕێكەوتنی یەپەگە و حكومەتی سوریا دەكەن سەبارەت بە عەفرین. سەرەتا یەپەگە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتكردەوە.[4]

- فرۆکە جەنگییەکانی تورک، سەنتەری شارۆچکەی ڕاجۆ لە عەفرین بۆردوومان دەکەن.[3]
- لە بەرەی شارۆچکەی ڕاجۆ-ی عەفرینەوە، شەڕێکی دژوار لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەڕێوەدەچێت و بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانیش، 7 سەرباز و چەتەی سوپای تورک کوژراون.[3]
- لە گەڕەکی غەربی لە قامشلۆ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە و بەهۆیەوە پێنج کەس گیانیان لەدەستدا و حەوت کەسی دیکەش بریندادربوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 18-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 18-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 18-02-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 18-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 50

**2018-02-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180219000000144329



باشووری کوردستان
- کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی ئاوی سلێمانی دژی نەبوونی مووچە و ڕادەستکردنی بەڕێوبەرایەتییەکەیان بە کەرتی تایبەت، مانیان گرت و ڕاشیدەگەیەنن، ئەگەر حکومەت داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکات ئاوی سلێمانی و دەوروبەری دەبڕن.[1]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند کە لە دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نزیکبوونەتەوە و لەئایندیەکی زۆر نزیکیشدا گەشتی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە دەکەنەوە.[2]
- بەشێک لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی خورماتوو ڕایدەگەیەنن، کە لەلایەن هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێراوە خانووەکانیان داگیرکراوە و بەرپرسێکی یەکێتی-ش هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە.[1]
- هۆتێلێک لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لە سلێمانی گڕیگرت و چەندین قوربانی لێکەوتەوە.[2]
- بەهۆی ڕێژەی زۆری باران بارین و دروستبوونی لافاوەوە، بەشێک لە پردی تانجەرۆ دارماوە و هاتووچۆش هاوڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە لە ڕێگەی عەربەت - دارە ڕەشەوە هاتوچۆ بکەن.[1]
- ژمارەیەک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و داوایان کرد حکومەتی عێراق هاوکارییە تەندروستی و داراییەکانیان بۆ بنێرێت.[2]
- شەوی ڕابردوو چەتەکانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سەربازگەیەکی حەشدی شەعبی لە سنووری گوندی سەعدونیەی نزیک شارەدێی ڕیازی سەر بە شارۆچکەی حەویجە لە پارێزگای کەرکوک و لە ئەنجامدا 27 حەشدی شەعبی کوژران.[1]
- دوای نیوەڕۆی ئەمرۆ بوومەلەرزەیەک بە دووری هەشت کلیۆمەتر لە شارۆچکەی خانەقینی دا.[2]
- لە شاری سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری بەختیار عەلی، ڕۆماننوسی ناسراوی کورد لادرا.[1]
- لە کاتژمێر 10:20 خولەکی شەو بومەلەرزەیەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕوویدا. گوڕی بومەلەرزەکە 4.6 پلە بووە بە پێوەری ڕێختەر و لە رانیە و قەڵادزێ و دوکان و چەند ناوچەیەکی سلێمانی لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەستپێکراوە.[2]
- کەمپەینی ئێمەش لەگەڵتانین بۆ کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ عەفرین لە شاری کەرکوک ڕاگەیەندرا و بڕیارە ماوەی هەفتەیەک بەردەوامبێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بە ئەنجامدانی هێرشێکی ئاسمانی، شارۆچکەی جندرێس و گوندەکانی دێرسیوان و نەبی حۆریی سەربە شەرا لە سنووری عەفرین بۆردوومان دەکەن.[1]
- سوپای تورک و چەتەکانی گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شەرای کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن، هاوکات لە گوندی حەلوبیە، بەنداوی مەیدانەک و دەوروبەری قەڵای نەبی حری شەرا شەڕێکی سەخت لە نێوان شەرڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا ڕوودەدات.[1]
- تەلەڤزیۆنی فەرمیی حکومەتی سووریا رایدەگەیێنێ، لە چەند کاژێری داهاتوودا سوپای سووریا دەچێتە نێو عەفرین.[3]
- کۆمکاری عەرەبی کاردانەوەی پێشاندا بەرامبەر بە پاوانخوازییەکانی حکومەتی تورک و ڕایگەیاند، کە پێویستە هێرشی سەر عەفرین بوەستێندرێت.[1]
- لە 31 هەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورک بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، هێزە داگیرکەرەکان گەڕەکی ترندی ناوەندی عەفرین بە سەختی تۆپباران دەکەن.[1]
- سوپای تورک بە چڕی شار و شارۆچکەکانی عەفرین تۆپاران دەکات، لە ئەنجامی تۆپبارانی گوندی باسووتێ سەربە شێراوا هاوڵاتیانی مەدەنی شەهید و برینداربوون.[1]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێ ئەگەر سوپای سووریا بۆ پاککردنەوەی پەکەکە و یەپەگە بچێتە عەفرین، ئەوا هیچ کێشەیەکیان نابێت، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوەبچێت پارێزگاری لە یەپەگە بکات،

ئەوا ئۆپەراسیۆنەکەیان بەردەوامدەبێت و هیچ کەسێک ناتوانێت پێش لە سوپای تورکیا بگرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-19
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-19
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-19



کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-02-19


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 51

**2018-02-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180220000000144330



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە لە دوو مانگی ڕابردووی زستانی ئەمساڵدا، لە هەموو مەیدانەکان لە دژی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامداوە، لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا 76 سەربازی تورک کوژراون و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.[1]
- ئەنجومەنی پارێزگای جولەمێرگ، 31 ناوچەی جولەمێرگی وەک ناوچەی ئاسایشی تایبەت ڕاگەیاند و هاتووچۆی تێیاندا قەدەغەکرد.[1]
- سەرپیل کەمالبای، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە بە مەرجی قەدەغەی چوونەدەرەوە لە وڵات ئازادکرا.[1]
باشووری کوردستان
- سێ کوردی ئێزدی لەژێر دەستی داعش ڕزگارکران، ئەوان لە کۆمەڵکوژی سەر گوندی کۆجۆدا براوبوونە ڕەققە.[4]
- بەهۆی بوونی مەترسی دارمان لەسەر بەنداوی سماقوڵی، ڕێگای سەرەکی ڕانیە - هەولێر بە ڕووی شۆفێران داخرا.[3]
- هاوڵاتییەکی کورد لە کەرکوک رفێندرا، سەرچاوەیەک لە پۆلیسی ئامادەی کەرکوک رایگەیاند: ئەو هاوڵاتییەی رفێندراوە ناوی محەمەد زەنگەنەیە و برای ئەمیرە کەریم ژنە پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستانە لەبەغدا.[3]
- مەلا حەسەن، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی شەشی سۆرانی یەکێتی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[2]
- هەڵمەتی دادپەروەریی لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەکان لە هەرێمی کوردستان گردبوونەوەیەکی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا.[1]
- کۆمەڵەی هێڤی بە چاندنی بەڕوو لە چیای ئەزمەڕی شاری سلێمانی، وەڵامی تۆپباران و قڕکردنی سروشتی عەفرین لەلایەن دەوڵەتی تورکی دەدەنەوە.[1]
- مێجەر جەنەراڵ ئەندرۆ کرۆفت جێگری فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش رایگەیاند عێراق 13 فڕۆکەی جەنگی جۆری F16 وەردەگرێت لە ماوەی ئەمساڵدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆ سەر گوندی سێویای سەربە شارۆچکەی ماباتا، هاوڵاتییەکی کەم ئەندام شەهیدبوو.[1]
- لە چەندنین بەرەی کانتۆنی عەفریندا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سەربازەکانی سوپای تورک دا ڕوودەدەن، هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک عەفرین بۆردوومان دەکەن.
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، لە دەوروبەری گوندی دەروێشانی سەربە شارۆچکەی شەرا لە کانتۆنی عەفرین، تانکێکی سوپای تورکیان تێکشکاند، هەروەها لە هەمان شوێن 20 سەربازی تورک کوژران.[1]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، لە دەوروبەری گوندی دەروێشانی سەربە شارۆچکەی شەرا لە کانتۆنی عەفرین، تانکێکی سوپای تورکیان تێکشکاند، هەروەها لە هەمان شوێن 20 سەربازی تورک کوژران.[1]
- هێزە میللییەکانی سەر بە حکومەتی سووریا چوونە نێو عەفرین. هاوکات هێزی ئاسمانی تورکیا دەستی بە بۆردوومانی عەفرین و ئەو هێزانە کردووە کە چوونەتە نێو عەفرین. کوژراو و برینداریان هەیە.[2]
- سوپای تورک و چەتەکانی، ناوەندی کانتۆنی عەفرین بە چەکی قورس تۆپباران دەکەن.[2]
- وتەبێژی یەپەگە ڕایگەیاند، هاتنی هێزی سوریا بۆ عەفرین لەسەر داوای ئێمە بووە، ئەوەشی خستەڕوو: هێزەکەی سوپای سوریا لەسەر سنوورەکان جێگردەکرێن و بەشداریی لە پاراستنی یەکێتیی خاکی سوریا و سنوورەکەی دەکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 20-02-2018
[2] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-02-2018
[4] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 20-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 52
**2018-02-21**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180221000000144331



باکووری کوردستان
- لە سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان مینێکی پەکەکە بە هێزێکی سوپای تورکیادا تەقییەوە. سوپای تورکیا خۆی دەڵێت دوو سەربازیان کوژراون، لە تۆڵەی ئەوەشدا سنوورەکانی رەش-یان لە دیوی باشووری کوردستان تۆپبارانکردووە.[3]
- هەپەگە ڕایگەیاند: ئەمڕۆ کاتژمێر 07:30 خولەک هێزەکانمان لە نێوان کانیرەشی سەربە شەمزینان و گردی کۆردینەی سەربە چەلێ لە جولەمێرگ، لە دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا حەوت سەربازی سوپای تورک کوژران و دووانی دیکە بریندارووبن، سوپای تورک پاش ئەو چالاکییە کوژراو و بریندارەکانی بە هەلیکۆپتەر لە شوێنی چالاکییەکە گواستەوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بارینی بارانی زۆر لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکانی کرماشان و روودانی لافاو لە هەندێک ناوچە، دۆخی ژیانی زیانلێکەوتوان ئاستەمتر بووە.[3]
باشووری کوردستان

- لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، لە هۆڵی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بە ئامادەبونی مامۆستایان و خویندکارانی بەشی کوردی چەند چالاکییەک بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوو.[2]
- لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک-دا، هەورامییەکانی شاری هەڵەبجە داوای پاراستنی شێوەزاری هەورامی دەکەن و دەڵێن:هەورامی لەڕیزی ئە و زمانانەیە، کە هەرەشەی لەناوچوونی لەسەرە.[1]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دەنگێکی بەرزی هاوشێوەی تەقینەوە لە گەڕەکی قرگەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بیسترا. پۆلیسیش دەڵێت مەشق و راهێنانی کارمەندانی ئاسایش بووە.[3] پاشتر ئاسایشی سلێمانی رایگەیاند کە چەند گوللە هاوەنێکی کۆنیان تەقاندووەتەوە.[4]
- شاندی پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی لەسەر لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر عەفرین لە دانیشتنی ئەمڕۆ خوێندەوە و بەپێی راپۆرتەکە 31 خوێندنگا خاپورکراون و بە هۆی شەڕ و لەشکرکێشی تورکیاوە، خوێندن وەستاوە.[2]
- لە شاری کەرکوک لە دوو شوێنەوە هێرش کرایە سەر پۆلیسی فیدراڵی و دەنگی تەقەیەکی زۆر بیسترا.[4]
- لە شاری سلێمانی جەژنی ژنانی زەردەشتی ناسراو بە جەژنی سپەندار مەزد بە ئاهەنگ و مۆسیقا پیرۆز کرا.[1]
- لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازیی لە خانەنشینی پلە تایبەتەکان بوو، خانەنشینی پلە تایبەتەکان هەڵوەشێنرایەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو سوپای تورک لە کاتژمێر 01:00 بە دواوە ناوەندی عەفرینی بە چڕی تۆپباران کرد، لە ئەنجامی ئۆو تۆپبارانانەدا شەش هاوڵاتی بە سەختی بریندار بوون.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ناوەندی جندرێس و گوندی تەلسلۆر بۆرردوومان دەکەن.[1]
- شەوی ڕابردوو ستێفان دووژاریک، وتەبێژی سکرتێریی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی هەوڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بارەی هێرشی سەر عەفرین جارێکی دیکە ڕاگەیاند. دوژاریک وتی: دەبێت حکومەتی تورک هێرشەکەی بوەستێنێت، هەر چەند شەڕ درێژتر بخایەنێت گەیاندنی یارمەتی و هاوکارییە مرۆییەکان بۆ هاوڵاتیان سەخت تر دەبێتەوە.[1]
- سەرحەدە ڤارتۆ، وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە رایدەگەیەنێت، چوونی سوپای سوریا بۆ عەفرین شتێکی ئاساییە و ئێمە پێشوازی لە و هەنگاوە دەکەین و بە کارێکی ئیجابی دەزانین، دەڵێت پەیەدە و یەپەگە کارێکی ئاقڵانی زۆر باشیان کردوە کە ڕێگەیاندا سەربازانی سوریا بچنە ناو عەفرین.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هێزەکانی سوریای دیموکراتی – قەسەدە لێدوانێکی فەرمی لەسەر شەڕەکانی 24 کاتژمێری ڕابردوو بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆ چالاکییەکی شەرڤانان دژی سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا کردووە. قەسەدە ڕایگەیاندوە: لە ناوچەی ڕاجۆ شەرڤانان لە دژی سوپای تورک و چەتەکان چالاکیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا 12 سەباز و چەتە کوژراون.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆردوومانی گوندەکانی ناوچەی بلبل دەکەن.[1]
- لە ئەنجامی چالاکییەکی شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە گردی بلیلکا-ی ڕاجۆ لە عەفرین، مۆڵگەیەکی سوپای تورک و چەتەکانی خاپوورکرا و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەتەی سەر بە سوپای تورک کوژران و برینداربوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ شەمزینان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-02-21
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-21
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-02-21
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-21 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 53

**2018-02-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180222000000144332



باشووری کوردستان
- پارێزگاری دهۆک ڕێگەی نەدا کەمپینێک بۆ هاوکاریی منداڵانی عەفرین ئەنجام بدرێت.[1]
- ئەو هاوکارییانەی، کە لە شارەدێی تەقتەق بۆ عەفرین کۆکرابوونەوە، ڕادەستی مانگی سوری کوردیی کران.[2]
- زیاتر لە نیو تەن زێڕ لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەستیبەسەردا گیرا کە هەوڵی ناردنەدەرەوەی بە قاچاخ درابوو، سەرچاوەیەکیش لە و دەروازەیە دەڵێت لەدوای ڕوداوەکە چەند کارمەندێکی دەروازەکە دەستگیرکراون.[1]
- لە شاری هەولێر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە ڕۆژی شەممە 24ی مانگ کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەریی بۆ پشتگیریی عەفرین ئەنجام دەدرێت.[2]
- بە بەشداری نەوزاد هادی، هەڤاڵ ئەبوبەکر و فەرهاد ئەتروشی، هەرسێ پارێزگاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک کۆنفرانسی وزە لە برۆکسل بەڕێوەدەچێت.[3] لە کاتی گەییشتنیان بۆ شوێنی کۆنفڕانسەکە کۆمەڵێک لاو بە جنێو هێرشیانکردەسەر نەوزاد هادی. پاشتریش ڤیدیۆی هێرشکردنەکە بە بەرفراوانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبوەوە.[4]
- نوێنەری مامۆستایانی ناڕازی و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە و تیایدا ئەنجومەنی ناوبراو پەیامێکی سێ خاڵی ئاڕاستەی مامۆستایان کرد بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن لە سنوری سلێمانی و ڕاشیانگەیاند لە هەفتەیەکدا هاندانێکی مامۆستایان دابەشدەکرێت.[1]

- دەزگای گشتی کاروباری مین لەهەرێم هۆشداری دەدات، بەهۆی روودانی لافاو، مەترسی ڕامالّینی مین و تەقەمەنی لە ناوچە بەرزاییەکانەوە بۆ دامێنی شاخ و دەشتاییەکان هەیە، دەشڵێت پێویستە هاووڵاتییان ئاگاداری خۆیان بن و لە و ناوچانە بە هۆشیارییەوە هاتوچۆ بکەن.[1]
- بۆ جاری دووەم لەباشوری کەرکوک روبەڕوبوونەوە لەنێوان چەکدارانی داعش و حەشدی شەعبی رویدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی شەیتانا و کورکای سەربە شارۆچکەی ماباتای کانتۆنی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[2]
- ئادریان گالۆوەی، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت، کە لە عەفرین هاوڵاتیانی مەدەنی دەکرێنە ئامانج و دەکوژرێن.[2]
- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، قەیران و رووداوەکانی شەڕ و پێکدادان لە سوریا بە جەهەنەمی سەر زەوی ناودەبات و داوای وەستانی بەپەلەی ئەو شەڕ و ئاڵۆزییانە لە ناوچەی عەفرین و سوریا دەکات.[1]
- بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و سوپای سوریا کراوە، گروپێکی دیکەی سەربازانی سوپای سوریا گەیشتنە عەفرین، وتەبێژی یەپەگەش دەڵێت چاوەڕێدەکەین هێزی زیاتری سوریا بگاتە عەفرین.[1]
- سوپای تورک جارێکی دیکە ناوەندی شاری جندرێسی کانتۆنی عەفرینی تۆپباران کرد، لە ئەنجامدا هاوڵاتییەک شەهید بوو و دووانی دیکەس بە سەختی بریندار بوون.[2]
- لە گوندی دێرسەوان-ی سەر بە شارۆچکەی شەرا لە عەفرین، کاروانێکی ئۆتۆمبێلی سەربازیی سوپای تورک و چەتەکان-یان کردە ئامانج. ڕاگەیەندرا، کە لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا، ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەتەی سەر بە سوپای تورک کوژراون و برینداربوون. هاوکات، لە گوندەکانی ساریا، قەتمە و شەیتانا-ی سەر بە شارۆچکەی ماباتا، لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕێکی سەختە و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیش ئەو گوندانە بۆردوومان دەکەن.[2]
- فەرماندەیی یەکینەکانی پاراستنی ژنان- یەپەژە، بە ڕاگەیەندراوێک ئاشکرایکرد، کە دوو شەڕڤانی بریندارایان لە ناو هێزە داگیرکەرەکاندا ڕزگارکردووە.[2]
- کاروانی هەزاران کەسی گەلانی هەرێمەکانی جزیرە و فورات، گەیشتنە خاڵی پشکنینی سەرەتایی عەفرین و لەلایەن سوپای تورک و چەتەکانییەوە تۆپبارانکران.[2]
- کاتژمێر 07:30 خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ، کەسێکی نەناسراو لە چوارڕیانی شەریا-ی گەڕەکی نەشوان-ی شاری حەسەکە، بۆمبێکی هەڵدایە ناو ئۆتۆمبێلێکی هێزەکای ئاسایشی حەسەکە-وە. ڕاگەیەندرا، کە بەهۆی تەقینەوەکەوە، کارمەندێکی ئاسایش و کارمەندێکی هاتووچۆی حەسەکە برینداربوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کۆبوونەوەی سەرکردە جووەکان لە ئۆرشەلیم - قودس، بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند، بەشێکی گرنگی سیاسەتی وڵاتەکەی ئەوەیە هەرگیز ڕێگە بە ئێران نەدەن بنکەیەکی سەربازی لە سووریا دروستبکات و لە دژی ئیسرائیل بەکاربیهێنێت. نەتانیاهۆ راشیگەیاند نەک ڕێگە بە ئێران نادەن جێپێی سەربازی لە سووریا قایمبکات، ڕێگەشی پێنادەن چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێت. ئەوە بەشێکی هەرە گرنگی سیاسەتی ئێمەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-02-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-02-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-02-2018
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 54

**2018-02-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180223000000144333



باشووری کوردستان
- هەرسێ پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەمیانی بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسی جێگرەوەی وزە لە وڵاتی بەلجیکا واژویانکرد لەسەر رێککەوتنامەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بۆ مامەڵەکردن بە جێگرەوەی وزە.[1]
- راوێژکارێکی سەرۆک کۆماری عێراق ئاشکرایدەکات، سەرۆک وەزیران یەک تریلیۆن دیناری بۆ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2018ی عێراق زیاد دەکات.[1]
- لە بەشێک لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەریەوە داوا لە هاوڵاتیان کرا بەشداری خۆپیشاندانی سەرتاسەری ببن بۆ پشتیوانی عەفرین، کە بڕیار وایە سبەینێ لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە و پارت و رێکخراوەکانەوە رێکبخرێت.[2]
- قوباد تاڵەبانی و شاندێکی ئەمریکا لەبارەی ناردنی مووچە لەلایەن حکومەتی عێراق، کردنەوەی فرۆکەخانەکان و رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە گفتوگۆیان کرد. شاندی ئەمریکا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامبوون لە ناردنی هاوکارییەکانیان، پاڵپشتیی وڵاتەکەیان بۆ دەستپێکردنی دیالۆگێکی جددی لەنێوان هەولێر و بەغدا دەربڕی.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا دەستیان کرد بە تۆپبارانکردنی شارەدێی باسوت لە ناوچەی شێراوا لە عەفرین.[2]
- لە سنوری گوندی موسکی سەربە ناوچەی راجۆ شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای

تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا بەڕێوەدەچێت.[2]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانییەوە لەسەر ناوەندی شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، هاوڵاتییەکی دیکە شەهیدبوو.[2]
- لە هەردوو بەرەی شارۆچکەکانی ڕاجۆ و جندرێس-ەوە لە عەفرین، شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەڕێوەدەچێت، هاوکات سوپای تورک گوندەکانی شارۆچکەی ماباتا تۆپباران دەکات.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا ئەردۆگان رایگەیاند، هاوینی ئەمساڵ بەرە و منبج دەچن و دواتر هەنگاو بەرە و رۆژهەڵاتی فورات دەنێن.[3]
- سوپای سووریا چووەتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگە لە شاری حەلەب.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری بەغدا کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی لیستی نەوەی نوێ لە پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەدەچێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 23-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 23-02-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-02-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 55

**2018-02-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180224000000144334



باكووری كوردستان
- ئاسایشی ئامەد لە هەڵمەتێكدا هەزار و 432 كەسی پشكنی و لێپرسینەوەیشی لەگەڵ هەزار و 393 كەس ئەنجامدا.[4]
ڕۆژهەڵاتی كوردستان
- دووكاندارەكانی شارەكانی بانە و پیرانشار، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی بێكاریی و داخستنی دەروازە سنوورییەكان مانیان لە كاركردن گرت و دووكان و بازاڕیان داخست.[2]
- ئیبراهیم عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی كۆمەڵەی ئێران جەختیكردەوە، كە گەلی ڕۆژهەڵاتی كوردستان پشتوانی عەفرینە، ڕاشیگەیاند، كە ئەوان ئامادەن هێزی پێشمەرگە بنێرنە عەفرین، داواشی لە حكومەتی هەرێم كرد سنورەكانیان بەڕووی ڕۆژئاوای كوردستاندا ئاوەڵا بكەن.[2]
باشووری كوردستان
- لە باشوری كوردستان خۆپیشاندانی سەرتاسەریی بۆ پشتیوانیی عەفرین دەستپێكرد.[3]
- پارتی ڕێگرییكرد لە ئەنجامدانی ئەو چالاكییەی، كە بڕیاربوو لە شارۆچكەی سۆران بۆ پشتیوانیی عەفرین ئەنجام بدرێت.[2]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق لیژنەیەكی باڵای لە وەزارەتی ناوخۆو بەرگری ڕەوانەی كەركوک كردووە بۆ بەدواداچوون لەبارەی دۆخی ئەمنی شارەكەوە.[1]
- دژە تیرۆری عێراق تەئكید دەكاتەوە، بەهەموو هێزو توانایەوە ڕووبەڕووی هەر هێزێک دەبنەوە هەوڵ بدات لەشارەكە نزیكبێتەوە، پۆلیسی شارەكەش ئاماژە بەوە دەكات، دۆخی سەنتەری كەركوک و دەوروبەری ئارامە.[1]
ڕۆژئاوای كوردستان
- فڕۆكە جەنگییەكانی سوپای تورک گوندی عەرەبوێران بۆردوومان دەكەن و لە گوندی حاجیلكا-ش شەڕی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و هێزە داگیركەرەكاندا ڕوودەدات.[2]
- لە عەفرین منداڵێكی تەمەن پێنج ساڵان بە ناوی ئیبراهیم ڕەشید كرایە ئامانجی هێرشی سوپای تورک و شەهیدبوو.[2]
- سوپای تورک و چەتەكانی بەردەوامن لە ئەنجامدانی تاوانی دژەمرۆیانە لە دژی هاوڵاتیانی عەفرین، لە كردەوەیەكی دیكەدا چوار هاوڵاتیی گوندنشینی بەتەمەنیان بەیەكەوە بەستووەتەوە و لە دەوریان مینیان چاندووە.[2]
- سەرەڕای هەموو هێرشەكانی دەوڵەتی تورک بۆسەر كاروانی هاوڵاتیانی جزیرە و فورات، كە بەرەو عەفرین بۆ پشتگیریی بەرخۆدان بەڕێكەوتبوون، ئەو هاوڵاتیانە گەیشتنە عەفرین و كەمێک پێش ئێستا بەشداری ڕێپێوانی گەورە بۆ پشتگیریی بەرخۆدانی عەفرین بوون.[2]
- شاندێكی ژنانی سێ پارچەی كوردستان بە مەبەستی پشتگیریكردنی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین، بەرەو ڕۆژئاوای كوردستان بەڕێكەوتن.[2]
- لە دەوروبەری گوندی ئۆمەرای سەربە شەرای كانتۆنی عەفرین، شەڕێكی سەخت لە نێوان شەرڤانانی یەپەژە و یەپەگەدا و هێزە داگیركەرەكاندا ڕوودەدات و ژمارەیەكی زۆر لە سەرباز و چەتەكانی سوپای تورک لەو شەڕەدا كوژراون.[2]
- سوپای توركیا بە بڵاوكردنەوەی گرتەیەكی ڤیدیۆیی ڕایگەیاند، هێرشی ئاسمانیان كردووەتە سەر كاروانێک لەو ئۆتۆمبێلانەی ویستوویانە بچنە عەفرین. توركیا دەڵێت، ئەم كاروانە هەڵگری چەک و تەقەمەنی بووە بۆ شەرڤانان. بەڵام چەند كەس لە بریندارەكان كە بۆ نەخۆشخانە گواستراونەتەوە، دەڵێن، ئەوان سڤیل بوونەوە و تەنیا ویستوویانە بەو شێوەیە پاڵپشتی لە عەفرین بكەن. ڕەتیشیدەكەنەوە چەک و تەقەمەنیان بۆ عەفرین گواستبێتەوە. بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێیەكان، كاروانەكە لە شارەكانی قامشلۆ و كۆبانێ-وە بۆ عەفرین دەرۆیشت بۆ ئەوەی پاڵپشتی خۆیان بۆ خەڵكی ئەو هەرێمەی ڕۆژئاوای كوردستان دەربڕن.[4]

تایبەتمەندییەكانی بابەت

پارت / لایەن: یەكینەكانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 24-02-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-02-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-02-2018

کاتی تۆمارکردن: 24-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 56

**2018-02-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180225000000144335



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی هەرەسهێنانی شاخێکەوە لە شاری گەیلان غەربی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 2 هاووڵاتی مردن و دووانی تریش برینداربوون.[4]
- مانگرتنی کاسبکارانی بانە و پیرانشار بەردەوامە و دوکان و بازاڕەکانیان داخستووە.[1]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەکی خۆکوژیی لەبەردەم بارەگای عەسائیبی ئەهلی حەق لەنزیک باڵەخانەی پارێزگای کەرکوک ڕوویدا.[2]
- خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی دەستپێکرد و بە ڕێپێوان دەچنە بەردەم پارێزگای سلێمانی، هاوکات مامۆستایانی کەلاریش دەستیان بەخۆپیشاندان کردەوە.[2]
- لەبەردەم باڵەخانەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە هەولێر، لە یەکەمین ساڵیادی شەهیدبوونی شیفا گەردی لەموسڵ، پەردە لەسەر پەیکەری سیمبولیی شەهید شیفا گەردی لادرا.[3]
- بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکەوە لەسەر ڕێگای سەرەکیی ڕانیە-قەڵادزێ، پێنج پێشمەرگە برینداربوون، بەوتەی جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ-ش، برینی دوو لە پێشمەرگەکان سەختە.[2]

- مامۆستایانی خوێندنی کوردیی لە کەرکوک گردبوونەوەیەکی نارەزاییان ئەنجامدا و داوایان کرد میلاکەکانیان بگوازرێتەوە بۆسەر پەروەردەی گشتیی کەرکوک.[2]
- هێزەکانی پێشمەرگە لەشوێنەکانی خۆیان بەرەو پێشتر جوڵەیان کردووە و بەوەش لەدەروازەکانی کەرکوک زیاتر نزیکبونەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- میدیاکانی تورکیا رایدەگەیێنن، ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە لە پراگی پایتەختی چیک دەستگیرکراوە. پەیەدەش رایگەیاند کە لەسەر داوای تورکیا دەستبەسەرکراوە[1]
- پەیەدە ڕاگەیەندراوێکی لەسەر دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم لە وڵاتی چیک بڵاوکردەوە و جەختی کردەوە، دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم هیچ پاساوێکی یاسایی نییە و دەبێت بەزووترین کات ئازادبکرێت.[1]
- یەپەگە ڕایگەیاند: لە سەر بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دوێنێ 24ی شوبات دەرکرا، بە مەبەستی ناردنی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ ناوچە شەڕاوییەکانی سوریا، بۆ ماوەی مانگێک لە سەرتاسەری سوریادا ئاگربەست ڕادەگەیەندرێت، ئێمە وەک فەرماندەیی یەپەگە پێشوازی دەکەین لەو بڕیارە.[2]
- عەمر موسا، وەزیری دەرەوەی پێشووی میسر و ئەمینداری گشتیی پێشووی کۆمکاری عەرەبی دەڵێت، ئاگربەستێک کە ئەنجومەنی ئاسایس لە سوریا ڕایگەیاندووە عەفرینیش دەگرێتەوە.[2]
- سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئاگربەستێکی 30 ڕۆژە لە سوریا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سوپای تورک ناوەندی شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین تۆپباران دەکات و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیش گوندێکیان لە شارۆچکەی مەیدانکێ بۆردوومانکرد.[2]
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە بەرەی جندرێس گورزیان لە سوپای تورک و چەتەکانی وەشاند و 8 سەرباز و چەتەی تورک کوژران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-02-2018

[3] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 25-02-2018
[4] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 25-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 57

**2018-02-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180226000000144336



باشووری کوردستان
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم رایدەگەیەنێت، بۆ جاری دووەم راگرتنی گەشتی دەرەکی فڕۆکەخانەکانی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە درێژکراوەتەوە.[3]
- شاندێکی رۆژئاوای کوردستان و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، سەردانی کونسوڵی چیک-یان لە هەولێر کرد داوای ئازادکردنی ساڵح موسلیم-یان کرد، کونسوڵی چیک-یش سەرسوڕمانی خۆی لە دەستگیرکردنی موسلیم نیشاندا.[1]
- لە شاری سلێمانی ژنانی گەنجی تێکۆشەر کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان ئەنجامدا و کەمپینێکیان ڕاگەیاند و داوای بایکۆتکردنی هەموو کاڵا و کەلوپەلێکی تورکیان لە باشوری کوردستان کرد.[1]
- کاتژمێر 10:15ی ئەمشەو لە شاری کەرکوک، پێکدادان لەنێوان هێزە عێراقییەکان و ژمارەیەک چەکداری نەناسراو روویدا. سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کەرکوک راگەیاند چەند چەکدارێکی نەناسراو گوللە ئاربیجییەکیان ناوە بە بارەگای بەرەی تورکمانی لەگەڕەکی موسەڵای تورکمان نشین و بەهۆیەوە پێکدادان روویداوە.[3]
- شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و چەکدارانی داعش لە حەویجە روویدا و کوژراو برینداری لێکەوتەوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی یەلانقۆزی سەربە جندرێسیان بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا پێنج هاوڵاتی شەهیدبوون.[1]
- شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی ژن و یەکینەکانی پاراستنی گەل، هێرشێکی سوپای تورکیان بۆ سەر جندرێس تێکشکاند.[1]
- جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەبارەی دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە رایدەگەیێنێ، سێ وەزارەتیان لەسەرخەتن بۆئەوەی چیک رازی بکەن رادەستیان بکات.[2]
- سوپای تورک و چەتەکانی، شارۆچکەکانی شەرا و مەیدانکێ لە عەفرین تۆپباران دەکەن و زیانی زۆری لێکەوتووەتەوە.[1]
- ئەدریان رانکین گاڵۆوەی وتەبێژی پنتاگۆن لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەمریکا و تورکیا بەدوای رێگەچارەیەکدا دەگەڕێن بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی عەفرین و گەیشتن بە چارەسەرێک. رانکین ئەوەشی ئاشکراکرد، لێکۆڵینەوەی دیپلۆماسی بۆ چارەسەری دۆخی عەفرین دەستپێکردووە و چارەسەری دۆخی عەفرین دەکرێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دەیان هاوڵاتی کورد لە بەردەدم داگای پراگی پایتەختی چیک گردبوونەوە و نارەزایی دەردەبڕن لە دژی دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم و داوای ئازادکردنی دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 26-02-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 26-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-02-2018
کاتی تۆمارکردن: 26-02-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 58
**2018-02-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180227000000144337



باکووری کوردستان
- لە شاری مانیسای تورکیادا، لە چالاکییەکدا لە بەرزگۆی ناوەندی شارەوانی مەهەپەوە سرودی ئیرۆ چەرخا شۆڕشێ فرە دگەرینێ پەخش کرا، کە گرێدراوی دەیان پارکە و دەنگەکە تەواوی شاری گرتەوە.[3]
- ئەحمەد یڵدرم، نوێنەری شاری موش و ئیبراهیم ئایهان، نوێنەری شاری روحا لە باکوری کوردستان بەهۆی سزادانیان لەلایەن دادگای تورکیاوە لە پەرلەمانی تورکیا لە ئەندامێتی دوور خرانەوە.[1]
- هەپەگە، راپگەیاند: کاتژمێر 04:00ی پاش نیوەڕۆ، گەریلاکانمان لە گوندی بەرمیزەی سەربە شەمزینان چالاکییەکیان لە دژی هێزەکانی سوپای تورک ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا دوو سەربازی تورک کوژران.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەمەد پەتاشی تەمەن 54 ساڵ کوڕی محەممەد کەریم خەڵکی شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- جووڵانەوەی نەوەی نوێ و حزبی شیوعی کوردستان، ئیدانەی دەستگیرکردنی ساڵح موسلیم دەکەن و داوا لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و رێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ دەکەن، فشار بکەن بۆ هەرچی زووە ئازادکردنی.[3]
- بەهۆی بارانبارینی بەردەوام ئاوی زێی بچوک بۆتە قوڕاو و بەمەش پرۆژەی ئاوی تەقتەق لەکار

کەوت کە ئاو بۆ کۆیە دابیندەکات.[1]
- یەکەمین کڵێسای ئەدڤێنتستی ئینجیلی لە هەولێر کرایەوە.[2]
- لە عەلوەی سەوزە و میوەی شاری هەولێر، منداڵێکی تەمەن 12ساڵ بەناوی (عەبدولحەکیم فەرحان عەلی) لەکاتی کارکردندا سەری بەر دەرگای ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە کەوتووە کە سەوزە و میوەی بۆ بارکردووە، راستەوخۆش گیانی لەدەستداوە.[2]
- بە وتەی کارگێری لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان تا دوای جەژنی نەورۆز پرۆسەی خوێندن دەستپێناکاتەوە و بەرێوەبەری پەروەدەی سلێمانیش دەڵێت تا ساڵێک یان دووساڵی دیکە گەر وابێت ناتواندرێت موچەی بێ پاشەکەوت بدرێت.[1]
- لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشانگایەک لەژێر دروشمی عەفرین نیشتمانی بەرخۆدان بۆ هونەرمەند رێبوار سەعید کرایەوە و پێشانگاکە ماوەی سێ رۆژی خایاند.[3]
- ئەمرۆ ژمارەیەک هاوڵاتی لەکاتی هەوڵدان بۆ چوونە سنووری باکوور لە لای سنوری شەمزینانەوە گیانیان لەدەستدا. بەپێی زانیارییەکان ئە و هاوڵاتیانە ویستویانە بە قاچاغ سنور دەرباز بکەن، بەڵام بەهۆی سەرماوە گیانیان لەدەستداوە، لەناو ئە و قوربانیانەدا سێ منداڵ و ژنێک هەن.[3]
- یەکەی تانک و زرێپۆشی هێزە عێراقییەکان لە سنوری خورماتوو کشایەوە، بەرپرسێکی حەشدیش دەڵێت ئەوەی کراوە تەنیا ئاڵوگۆڕی هێزە و هێزی نوێش لە بەغداوە رەوانە نەکراوە.[1]
- فرۆکە عێراقییەکان چەکدارانی داعشیان لە سنوری پردێ بۆردومانکرد، لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان لەقەزای دوبز کەوتونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[1]
- سەرۆکوەزیرانی عێراق رایگەیاند، لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێککەوتووین لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک. گوتیشی: ئەگەر بێت و نەوتی کەرکووک هەناردە نەکرێت ئەوا داهاتمان نابێت.[2]
- دوای چەندین کۆبوونەوە لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان، پەرلەمانی کوردستان ئەمشەو هەموو ماددەکانی پرۆژەیاساکەی پەسندکرد و بەو شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پرۆژەیاساکە جێبەجێ بکات. یاسای چاکسازی لە خانەنشینی لە 24 ماددە پێکهاتووە، پەسندکردنی مانگانە بری 150 ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەرێنێتەوە. لە یاساکەدا خزمەتی ساڵانەی فەرمانبەران و دەرماڵەکانیان رێکخراوەتەوە، کەمترین مووچەی خانەنشینان 300 هەزار دینار دەبێت و دوو مووچەیش نامێنێت.[2]
- ماتۆرسکلێک لە شاری کەرکوک تەقیەوە و وتەبێژی پۆلیسی کەرکوک-یش وتی، تەقینەوەکە هیچ زیانێکی مادیی و گیانیی نەبووە.[3]
- بەهۆی باران بارینی بەردەوام و زۆرەوە، لە سنووری پێنجوێن و دەوروبەری، تەواوی کانیەکان تەقیون و ئاوی چەمەکانی سنوورەکەش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەمرۆ لە 39 یەمین رۆژی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین دا، گوندی ئۆمەرای سەربە شاری شەرای کانتۆنی عەفرین لە چنگی سوپای تورک و چەتەکانی رزگارکرا.[3]
- سوپای تورک جارێکی دیکە ناوچەکانی دەوروبەری جندرێسی تۆپباران کرد، لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەدا دوو هاوڵاتی شەهیدبوون و سێیانی دیکەش برینداربوون.[3]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایدەگەیەنێت، بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەتە بە غۆتەی خۆرهەڵات لە سوریا، ئاماژە بەوەشدەکات کە ئاگربەستەکە ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆسەر عەفرین راناگرێت.[1]
- رۆیتەرز، بڵاویکردەوە کە تورکیا هێزی زۆرتر رەوانەی عەفرین دەکات.[4]
دەرەوەی کوردستان
- 74 پەرلەمانتاری ئەوروپا داوای ئازادیی ساڵح موسلیم دەکەن.[3]
- ساڵح موسلیم لە پراگ بەرەو دادگا بەرێکرا.[4]

- ساڵح موسلیم پاش ئەوەی چووە بەردەم دادگای چیک، ئازادکرا.[4]
- تورکیا رایگەیاند، بڕیاری ئازادکردنی ساڵح موسلیم مایەی قبوڵکردن نییە و پێچەوانەی یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | حزبی شیوعی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | موش |
| شار و شارۆچکەکان: | روحا |
| شار و شارۆچکەکان: | شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-02-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-02-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-02-27
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-05


کاتی تۆمارکردن: 2018-02-27 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 59

**2018-02-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180228000000144338




باکووری کوردستان

- دادگای پێداچوونەوە بە دۆسیەی سەلما ئیرماک، نوێنەری هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا سزای 10 ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند.[2]

- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە چەلێی سەربە جولەمێرگ فڕۆکەیەکی سیخوڕی سوپای تورکیان لە جۆری درۆن تێکشکاند.[4]

باشووری کوردستان

- چلەی ماتەمینیی یاریزانی بەناوبانگی سلێمانی حەمەی عەبۆل لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]

- مامۆستایانی نارازی هەڵەبجە گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و رایانگەیاند هەر هەوڵێکی حکومەت بۆ شکاندنی بایکۆت بەبێ دەستکاریکردنی مووچەکانیان بێئاکام دەبێت.[2]

- ڕێزان شێخ دلێر، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای دەکات سەرۆک وەزیرانی عێراق پیلانێکی مەترسیداری لە دژی هەرێمی کوردستان بەدەستەوەیە و ئامادە نییە هیچ برە پارەیەک بنێرێت.[2]

- فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا بە گرنگییەوە باسی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی وڵاتەکەی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت هەرێمی کوردستان هاوبەشێکی ستراتیژیی ئەمریکایە. لەبارەی ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەڵێت ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر عەفرین کاریگەریی لەسەر شەڕی دژی داعش هەیە.[3]

- هیومان رایتس ووچ لە نوێترین ڕاپۆرتیدا، باسی لە دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کردووە.[4]

- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق، بەمەرج ڕێگر نییە لەوەی کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕوسی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکدا کار بکات.[2]

- سروە عەبدولواحید، پەرلەمانتاری بزوتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت دەستبەرداری فراکسیۆنی گۆڕان نابن، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەم وەک سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان ڕادەگەیەنم. ڕونیشیکردووەتەوە خۆکاندیدکردنم لە هاوپەیمانی نەسر بۆ تێپەڕاندنی سنوری شوێن و تایەفی و نەژادی بوو، بۆ ئەوەشبوو کە نوێنەرایەتی سەرجەم عێراق بکەم نەک پێکهاتەیەکی دیاریکراو.[2]

- کاتژمێر 2:30 خولەک بە ئامادەکاریی دەستەی پشتیوانی لە عەفرین لە هۆڵی مەشق و ڕاهێنانی میدیایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر، کۆنفرانسێک بە ناونیشانی خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ تاوانەکانی توکریا بۆسەر کانتۆنی عەفرین دەستپێکرد.[4]

- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە تەنها بەقسە باسی ناکەین، بەڵکو بە کردار هەنگاومان ناوە بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی بندیوار، لە پرۆسەی بایۆمەتریش توانیمان زیاتر لە پەنجا هەزار موچەخۆری بندیوار و وەهمی بدۆزینەوە.[4]

- ژمارەیەک چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا و دروشمیان دژ بە مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران بەرزکردبووەوە.[2]

- کۆمەڵەی جیهانیی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان (وان ئیفرا) خەڵاتی باشترین سۆشیاڵ میدیای لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ساڵی 2017 بەخشییە ڕووداو.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ سوپای تورک شارۆچکەی بەدینای بە چڕی تۆپباران کرد، لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی مەدەنی بە ناوی عەبدۆ ڕەشید بە سەختی برینداربوو.[4]

- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزە داگیرکەرەکان هەوڵی هێرشێکیان دا بۆ سەر گوندی عەلی جەرا سەربە بلبلێ، ڕووبەڕووی چالاکیی شەرڤانان بوونەوە، لە ئەنجامدا هێرشەکە تێکشکا و چوار سەرباز و چەتە کوژران و شەشی دیکەش برینداربوون.[4]

- ڕێکخراوی ئامنستی ئینتەرناشناڵ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، باسی کۆمەڵکوژیی حکومەتی تورکی لە عەفرین کرد و ڕایگەیاند، کە ئەو کۆمەڵکوژییە بووەتە مەترسی لە سەر گیانی سەدان هاوڵاتیان.[4]

دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەخت دەکاتەوە، کە ئاگربەست بۆ سەرتاسەری سوریایە و پێویستە تورکیا باش لە پەیمانەکە تێبگات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-02-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 28-02-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-02-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-02-28 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 60

**2018-03-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180301000000144339



باکووری کوردستان
- دادگای تورک سزای دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانی بە سەر دیلەک ئۆجەلان، پەرلەمانتاری ڕوحای هەدەپەدا سەپاند.[3]
باشووری کوردستان
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بۆ تاوتوێی پرۆژەیاسای بودجەی 2018ی عێراق دەستپێکرد و پەرلەمانتارانی کوردیش بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.[2]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند، پرۆژەیاسای بودجەی عێراق ڕەتدەکەینەوە و داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەین هەڵوێستیان هەبێت.[4]
- چین و توێژەکانی شارۆچکەی قەڵادزێ، دژی پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی مووچە و خانەنشینیی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕێپێوانێکان ئەنجامدا و داوایانکرد، کە هەرچی زووە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە بکرێت.[1]
- بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلێکدا لە بازاڕی شارەدێی بنەسڵاوەی نزیک هەولێر تەقییەوە و دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەختی برینداربوون.[2][4]
- دوای دوو ڕۆژ لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ عەفرین، لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی هاوکارییە پزیشکییەکانییان ڕەوانەی عەفرین دەکەن، کە بەوتەی خۆیان، خۆی لە 11 تۆن دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی دەبینێتەوە.[1]
- لە گوندی مەحمود پەریزادەی سەر بە شارەدێی تەکیەی جەباری بەهۆی تەقەی خۆشییەوە گۆرانیبێژێکی میلی کوردی بەناوی حەمادە وەلی کاکل کوژرا.[2]
- دەستەی پشتیوانیی لە عەفرین، کەمپەینێکی بەناوی هاواری عەفری بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریی بۆ عەفرین ڕاگەیاند و داواش لە خەڵکی شاری هەولێر دەکەن، کە هاوکارییەکانیان بگەیەننە کەمپەینەکە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە 41 ەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم-دا، سوپای تورک بەردەوامە لە هێرشەکانی و شەڕڤانانیش بەرگریی دەکەن، لە سێ خاڵی کانتۆنەکەدا شەڕی سەخت لە ئارادایە. لە گردی جەنکێی سەربە شاری ڕاجۆی کانتۆنی عەفرین شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە لەگەڵ سوپای تورکدا ڕوودەدات. هەروەها، لە گوندی باخچەی سەربە بلبلێ و گوندی ئەرەندێی سەر بە شییە شەڕ بە سەختی بەردەوامیی هەیە. لەلایەکی دیکەوە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا شارۆچکەی بەدینای سەربە ماباتایان بۆردوومان کرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی حەج خەلیلی سەربە ڕاجۆ بۆردوومان دەکەن، دەوترێت لە ئەنجامدا هاوڵاتی مەدەنی شەهید و برینداربوون.[1]
- لە گوندی بلیکا و جەلای سەربە ڕاجۆ شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوویدا، لەو شەڕەدا هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورک کرایە ئامانج.[1]
دەرەوەی کوردستان
- واڵتەر لیندنەر سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، پێویستە تورکیا ڕێز لە ئاگربەستی سوریا بگرێت و ئە و ئاگربەستە عەفرینیش دەگرێتەوە.[1]
- وەزارەتی بەرگری عێراق ئاشکرایکرد، خەلوسی ئاکار سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا گەیشتە بەغدا و لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی بەرگرییەوە پێشوازی لێکرا.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، بڕیاری ئاگربەستی سووریا عەفرینیش دەگرێتەوە، رووسیاشی تۆمەتبارکرد بەوەی لە کوشتنی خەڵکی سووریا بەرپرسیارە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 01-03-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 01-03-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 01-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 61

**2018-03-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180302000000145918



باکووری کوردستان
- بەپێی راگەیێندراوێکی پارێزگاری ئامەد، بەمەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژ بە گەریلاکانی پەکەکە و دەستبەسەرداگرتنی جبەخانە و ئەشکەوت و حەشارگەکانیان و دەستگیرکردنی رێکخستنە نهێنییەکان و لایەنگران و هاوکارانیان، قەدەخەی هاتووچۆ لە 104 گوندی سەر بە 3 شارۆچکەی ئامەد راگەیێندرا.[2]
- سوپای تورک هەڵیکوتایە سەر گوندی رەشای سەبریی سەر بە ئەرزرۆم و بەو بەهانەیەی گەریلای هەپەگەی لێیە ماڵەکانی سووتاند، لە ئەنجامدا چوار هاولاتی گیانیان لە دەستدا.[3]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی ئێوارەی دوێنێ تەقینەوەیەک لەبەردەم ماڵی دوو ئەندامی حزبی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان لە بنەسلاوەی سنوری هەولێر رویدا، یەکێک لە دوو بریندارەکەی ئە و رووداوە گیانی لەدەستدا. ئەوەی گیانی لەدەستدا ناوی سەباح رەحمانییە و هەردوو قاچی لەدەستدابوو بەسەختی بریندار بوو لە دوێنێوە باری تەندروستی جێگیر نەبوو.[1]
- چەکدارانی داعش هێرشێکیان بۆ سەر خاڵێکی پشکنین لە رۆژئاوای موسڵ ئەنجامدا، هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەڵێن هێرشەکەیان پوچەڵکردووەتەوە، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریش کوژرانی دوو سەرکردەی داعشی راگەیاند. هێرشەکانی داعش لە سنووری کەرکوکیش بۆ سەر چەکدارانی حەشدی شەعبی چڕکراونەتەوە، بە ناچاریش حەشدی شەعبی لە چەند پێگەیەکی خۆیان کشاونەتەوە.[2]
- رێگای نێوان کەرکوک - هەولێر کرایەوە. ئەم رێگایە لە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە

داخرابوو.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ شەڕێکی قورس لە ناوچەی ماساکای سەر بە ناوچەی راجۆی سنوری عەفرین دەستپێکردووە و فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیاش چەند ناوچەیەکی سنوری عەفرین-یان لە رۆژئاوای کوردستان بۆردومان کردووە. یەپەگە ئاشکرایکرد کە لەناوچەی جندرێس و راجۆ توانیویانە 30 چەکداری گروپە هاوپەیمانەکانی سوپای تورکیا بکوژن و 26ی تریش بریندار بکەن.[1]
- ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پێشوی پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (پەیەدە) پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە هاوڵاتیانی کورد کرد لە سەرجەم جیهاندا سبەی شەممە 3ی ئازار خۆپیشاندان ئەنجامبدەن بۆ پاڵپشتی لە عەفرین بەرانبەر بە و هێرشانەی سوپای تورکیا لەدژی دەستپێکردووە.[1]
- بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورک و چەتەکانییەوە بۆ سەر گوندێکی سەر بە شارۆچکەی ماباتا لە عەفرین، هاوڵاتییەکی مەدەنیی شەهیدبوو و پێنج هاوڵاتی دیکە بریندار‌بوون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەرمینیا بەرەسمی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پرۆتۆکۆڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا دا کە لە ساڵی 2009 ەوە ئیمزایان کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەرزەروم |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-02
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-03-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 62

**2018-03-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180124195318144243




باشووری کوردستان
- دژی پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی مووچە و خانەنشینیی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، ژمارەیەک گەنج لە شارۆچکەی کەلار، لە فلێکسێکدا، پەرلەمانتاران و خاوەن پلە تایبەتەکانیان تەماتە و هێلکەباران کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە دەوروبەری ناوەندی ڕاجۆ لە نێوان شەرڤانانی یەپەژە و یەپەگە لەگەڵ هێزەکانی سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕی زۆر سەخت ڕوودەدات.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک خاڵەکانی یەکینەکانی گەل-ی سەربە سورییایان بۆردوومان کرد، کە لە گوندی کەفەرجەنێ سەربە شەرا جێگربووبوون.[1]
- لە ئەنجامی بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر شەرای کانتۆنی عەفرین، پێنج هاوڵاتی شەهیدبوون.[1]
- لە هەریەکە لە بەرەی شارۆچکەکانی شەرا، ماباتا و ڕاجۆ لەنێوان شەرڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕ و پێکدادانی سەختە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-04

کاتی تۆمارکردن: PM 7:53:18 2018-01-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 63

**2018-03-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180304000000145919



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سنوورەکانی نەنۆی سەربە بانە، مین بە دوو کۆڵبەردا تەقییەوە و هەردووکیان بە سەختی بریندداربوون.[4]
- پیشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سنە دەستیپێکرد و پەرتووکی سەحەری سەڵاحەدین دەمیرتاش پڕفرۆشترین کتێبی ئەو پیشانگایە بوو.[4]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک چالاک و ئەندامانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بینای پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێکخست و داوای کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران و سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان دەکەن.[1]
- جەعفەر ئیمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت لەکۆبوونەوەکانی داهاتووی پەرلەمان جگە لەو مادەیەی کە نارەزایی چین و توێژەکانی لێکەوتەوە لەبارەی خانەنشینی پەرلەمانتاران، چەند مادەیەکی تریش لەیاسای خانەنشینی هەموار دەکەنەوە.[1]
- لە شارۆچکەی خورماتوو، ئەفسەرێکی هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە بەر دەستڕێژی گوللە درا و کوژرا.[4]
- سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەپێی ئەو داهاتەی لەبەردەستیانە لە دابەشکردنی مووچە بەردەوامدەبن. لەبارەی بودجەی عێراقیش دەڵێت: نەک تەنیا ئەو بودجەیەی ئەوان پەسندیان کردووە مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەستەبەرناکات، بەڵکو ناتوانێت بەو پاشەکەوتەی ئێستاش هەیە، مووچەی مووچەخۆران دابینبکات.[3]
- مامۆستایانی هەڵەبجە جارێکی تر گردبوونەوە و بەردەوامیان بەبایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن دا و، ڕایانگەیاند ناچنە ژێر فشاری هیچ لایەنێک بۆ شکاندنی بایکۆت.[4]
- لە چەند گوندێکی سنوری حەویجە لە باشوری کەرکوک، شەڕو ڕووبەڕووەبوونەوە لەنێوان چەکدارانی داعش و هێزە سەربازییەکانی عێراق ڕوویدا.[1]
- لە شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)ی شاری سلێمانی دەستڕێژی گوللە لە موقەدەمێکی پۆلیس کرا و بەسەختی برینداربوو. ئەفسەرەکە ناوی خالید حەسەن حوسێنە و پلەی موقەدەمە. پێش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەرپرسی بەشی ئەمنی پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی کەرکووک بووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ جەماوەری خەڵک لە ناوەندی عەفرین لە بەردەم نەخۆشخانەی دەرسیم گردبوونەوە و بە مەبەستی پشتگیریکردنی بەرخۆدانی گەل لە جندرێس بە ڕێکخستنی کاروانێک بەرەو جندرێس بەڕێکەوتن. لە ڕێگادا کاراوەنەکە کراوەتە ئامانجی هێرشی سوپای تورک، ڕاگەیەندرا، کە سوپای تورک کاروانەکەی تۆپباران کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا خۆپیشاندان لەدژی بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین بەڕێوەچوو.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی جەمای سەربە شاری شەرای کانتۆنی عەفرین بە چڕی بۆردوومان دەکەن، لە ناو گوندەکەشدا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەردەوامە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-04
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 64

**2018-03-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180305000000145920




باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پارێزگاری تورکی مێردینی باکوری کوردستان لە گوندی کەرتوێنی سەربە نسێبین قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[3]
باشووری کوردستان
- لە مۆنۆمێنتی راپەرین لە شارۆچکەی رانیە یادی 27 ساڵەی ڕاپەرینی خەڵکی شارۆچکەکە کرایەوە و بەهۆی خراپی دۆخی ئابوری و سیاسی هەرێمیشەوە هاووڵاتیانی شارۆچکەکە بایکۆتی یادەکەیان کرد.[1]
- شارەدێی قەرەهەنجیر لە سنوری پارێزگای کەرکوک بەبۆنەی یادی راپەرینی گەلی کوردستان لە بەهاری 1991 ئەمرۆ دەکاتە پشووی فەرمی.[1]
- دەزگای میدیایی کوردسات، بڕیاری دا بە ڕاگرتنی پەخشی دراما تورکییەکان.[2]
- ڕێگای نێوان دهۆک و موسڵ بە فەرمی بۆ هاتوچۆی بارزگانی کرایەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ 45-ەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورکە بۆ سەر عەفرین، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ درندەیی ئەو هێرشانە زیاتر دەبن و هاوڵاتیانی مەدەنی زیاتر دەبنە قوربانی. شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندەکانی سینکا و مەیدانکی سەربە ڕاجۆ و ناوەندی شەرایان بە چڕی بردوومان کرد، هاوکات بە بۆردوومانەکان، ڕاجۆ-ش تۆپباران کرا. لە ئەنجامی تۆپبارانەکانیشدا ژنێک بە ناوی ڕەمزییە عەبدوڕەحمان شەهیدبوو، هاوڵاتییەکی دیکەش بەناوی نەبی سەفەر شێخۆ، کە تەمەنی 60 ساڵە بە سەختی بریندارببووە..[3]
- بەهۆی بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر جندرێس 13 هاوڵاتی شەهیدبوون کە سێیانیان منداڵن، ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون.[3]

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک ناوچەی جندرێس-یان بۆردومان کردووە و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی شەهید و برینداربوون، بەڵام تا ئێستا ژمارەی شەهید و بریندارەکانی ئەو بۆردومانە بە ڕوونی نازانرێت.[2]
- لە ئەنجامی بۆردوومانی گوندی بەربەنی سەر بە ڕاجۆ لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکەوە، سێ هاوڵاتیی مەدەنی شەهیدبوون و 18 هاوڵاتیش برینداربوون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بە گومانی کاری تیرۆریستی داخرا. هەروەها داواش لە هاووڵاتییە ئەمریکییەکان دەکات تاوەکو خۆیان لە شوێنە پڕخەڵکەکان بەدوور بگرن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-05
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-05

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-05 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 65

**2018-03-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180306000000145921



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: گەریلاکانمان کاتژمێر 01:30 خولەکی نیوەشەوی ئەمڕۆ، لە نزیک ئیدری سەربە سەرحەد لە دژی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلەکە بە تەواوی تێکشکێندرا و هەشت سەربازیش کوژران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- نەجیبە ساڵحزادە، ژنە چالاکی مەدەنیی کورد، لە شاری سەقز و هاوسەری مەحمود ساڵحی، چالاکی کرێکاریی بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام لە ڕێگای وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیاندنە بیانییەکان و دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ڕادیو پەیام و تیڤی ڕو در ڕو لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سەقز دادگایی کرا.[5]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی گرێبەست لە بەرامبەر دانەمەزراندنیان بە هەمیشەیی، لەبەردەم پەروەردەی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکی دامەزراندنی هەمیشەییان کرد.[1]
- لە پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی نێوان لیژنەی کاروباری ژنان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چارەنووسی ژنانی ونبوی شەڕی داعش بەڕێوەچوو.[1]
- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کۆبوونەوەیەکی باڵا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر حکومەتی عێراق دەربکەوێت.[1]
- لە شارۆچکەی کفری، بەشێک لە خوێندکاران گردبونەوەیەکی نارەزایەتیان ئەنجامدا و تێیدا پشتگیری خۆیان بۆ داواکاری مامۆستایان دەربڕی و داواشیان کرد بگەڕێنەوە نێو هۆڵەکانی خوێندن.[1]
- لە گوندی بێموشێ لە شارەدێی بنگرد، دوو برا بەناوەکانی (محەمەد و کاکەڕەش ئەرسەلان) لەکاتی ڕاوەماسیدا بەلەمەکەیان ژێر ئاو کەوتووە و بەوهۆیەوە هەردووکیان خنکان.[2]
- عەبادی ڕایگەیاند، پێش جەژنی نەورۆز بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەنێرن و فڕۆکەخانەکانیش دەکەنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشی سوپای تورک و چەتەکان بۆ سەر عەفرین ئەمڕۆ لە 46-ەمین ڕۆژیدایە، فڕۆکە جەنگییەکان ئەمڕۆ بە سەختی ناوەندی شەرا و جندرێس بۆردوومان دەکەن.[1]
- هاوسەرۆکی کانتونی عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان بانگەوازێک ئاڕاستەی حکومەت و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات کە پشتگیری نەخوشخانە و بریندارەکانی عەفرین بکەن.[2]
- هاوکارییەکانی خەڵکی کەرکوک، کە بریتیبوو لە نزیکەی 13 هەزار دۆلار و کۆمەڵێک دەرمان و کەرەستەی پزیشکی، گەیەندرایە دەست مانگی سووری کوردی لە سلێمانی، بۆ ئەوەی ڕەوانەی عەفرین بکرێت لە ڕۆژئاوای کوردستان.[1]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورکەوە لە گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی ماباتا لە عەفرین، دوو هاوڵاتی مەدەنیی شەهیدبوون و هاوڵاتییەکیش بریندارببوو.[1]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانییەوە لە شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، پزیشکێک لەکاتی چارەسەرکردنی بریندارانددا شەهید بوو.[1]
- سوپای تورک ناوەندی عەفرین تۆپباران دەکات.[3]
- عامر ئیدلبی، وتەبێژی فەرمیی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە ناوەندی ڕەقە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند، کە هێزە شۆڕشگێڕەکان کە ژمارەیان 3 هەزار چەکدارە لە ڕەقە دەکشێنەوە و دەچنە عەفرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ○ دوکان
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-06
[3] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-06 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 66
**2018-03-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180307000000145922




باکووری کوردستان
- داواکاری گشتی ئەنکەرە دۆسێی لێکۆڵینەوەی لەسەر سێ پەرلەمانتاری سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کردەوە، تۆمەتبارکراون بەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بە پۆستکردنی نوسین یان وێنە پشتیوانیان لە عەفرین کردووە و دژی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون وەستاونەتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی دۆسێیان لەسەر تۆمارکراوە بریتین لە (ئادەم گەڤەری و بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان و لەزگین بۆتان) و تۆمەتی پروپاگندە بۆ رێکخراوی تیرۆریستییان دراوەتە پاڵ.[2]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ، لە سلێمانی خۆپیشاندانی مامۆستایانی نارازی و مانگرتوو لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوا دەستیپێکرد.[2]
- لەژێر ناونیشانی "ڕەسەنایەتیمان ڕەگی ناسنامەبوونمانە"، یەکەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی ئینستیتیوتی کەلەپووری خۆشناوەتی و سێیەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری لە شەقڵاوا دەستپێکرد.[1]
- وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕاگەیاند، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە نزیک گوندی هەرتەلی شارەدێی بێتواتە تەرمی هاوڵاتیەک بەناوی (قادر قادری) دۆزاوەتەوە کە شوێنەواری چەند گوللەیەک

بەسەر جەستەیەوە دیارە. وتیشی قوربانییەکە تەمەنی لە سەرووی 40 ساڵەوەیە و ئەندام و کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستانە و دانیشتوی کۆیەیە.[2]
- لەبەردەم نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەولێر ژمارەیەک لە جوتیاران خۆپیشاندانیکیان ئەنجامداو داوای پارەی گەنمەکانیان بۆ چوار ساڵی رابردوو لە حکومەتی عێراق دەکەن و دەڵێن داوا دەکەین "پارەی گەنمەکانمان بە سیاسی نەکرێت".[2]
- فرانک ڤینرینگ، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئەمرۆ بە ئاژانسی هەواڵی سپۆتنیکی رایگەیاند بەردەوام دەبن لە مەشقکردن بەهێزەکانی پێشمەرگ لەبوارەکانی تەندروستی و لۆجستی.[2]
- مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەنگۆی هەرەشەکردنی گروپێکی حەشدی شەعبی لەو حزبە رەتکردەوە و رایگەیاند یەکێتی نەئێستا و نەداهاتوو هەرەشە لەهیچ هێزو لایەنێک قبوڵ ناکات.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە دەوروبەری جندرێسی سەربە کانتۆنی عەفرین، لە نێوان شەرڤانان و هێزە داگیرکەرەکانی سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕێکی سەخت روودەدات.[1]
- لە جندرێس، شەرڤانان شکستیان بەهێرشێکی سوپای تورکیا هێنا و لەئەنجامدا بەدەیان سەرباز و چەکداری هاوپەیمانی تورکیا کوژران و شەڕ لە میحوەرەکە بەردەوامە.[2]
- لە گوندی مەشعەلە و دەوروبەری قوتمێ شەڕی سەخت لە نێوان شەرڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوودەدات، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا نۆ سەرباز و چەتە کوژراون، ئەمەش دوای کوژرانی 20 سەربازی دیکە دێت لە چەند کاتژمێری ڕابردوودا.[1]
- شەرڤانانی یەپەژە و یەپەگە لە گوندی کەفەرجەنی سەربە شەرا لە دژی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لە و چالاکییەدا پێنج سەربازی سوپای تورک کوژران، بەوەش ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمرۆی سوپای تورک بوو بە 34.[1]
- لە گوندی میسکی ژووروو سەربە جندرێس لە عەفرین، بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکەوە چوار هاوڵاتی شەهید بوون.[1]

دەرەوەی کوردستان
- فیلمی پێشمەرگە لەنێو کۆنگرێسی ئەمریکا نمایشکرا. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا بە دیقەتەوە سەیری رۆڵی پێشمەرگە و داستانەکانی شکاندنی تیرۆریان کرد لە باشووری کوردستان کرد.[3]
- مارگۆت واڵسترۆم، وەزیری دەرەوەی سوید دەڵێت، کە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە سوریا بۆ سەرتاسەری خاکی سوریایە و عەفرینیش دەگرێتەوە، دەبێت تورکیا هێرشەکەی بوەستێنێت.[1]
- خۆپیشاندان و چالاکییەکانی هاوڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا لە دژی قەدەغەی سەر یەپەگە گەیشتە ئەنجام و پۆلیسی بەرلین بە فەرمی قەدەغەی سەر یەپەگەی لابرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏣 پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |

شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 07-03-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 07-03-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 07-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 67

**2018-03-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180308000000145923



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 6ی بەیانی لە ناوچەکانی سەربە گابار سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکرد، گەریلاکانی یەژاستار یەکینەیەکی هێزی داگیرکەریان خستە ژێر چاودێرییەوە و کاتژمێر 09:45 خولەکی پێشنیوەڕۆ چالاکییەکیان لە دژیان ئەنجامدا، چالاکییەکە سەرکەوتووانە گەیشتە ئەنجامدا چوار سەربازی سوپای داگیرکەری تورکیا کوژران.[5]
باشووری کوردستان
- یەکەمین کەناڵی کوردی تایبەت بە ژنان بە ناوی ژن تیڤی دەکرێتەوە.[1]
- وەک دەربڕینی نارەزایەتی لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بۆ خستنەڕووی چەند داواکارییەک، ئەمرۆ 8ی مارس ژمارەیەک لە ژنانی هەڵەبجە بە هەماهەنگی لەگەڵ نوسینگەی مافی مرۆڤ و رێکخراوی هاریکاری یاسایی لە بەردەم بینای پارێزگا گردبوونەوەی نارەزاتیان ئەنجامدا.[3]
- کونسڵی گشتی کۆریای باشور لە هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی شەڕی داعشەوە کۆمپانیاکانمان نەهاتوون بۆ کارکردن لە کوردستان، بەڵام پاش ئاساییبوونەوەی ڕەوشەکە ئامادەن بێنە کوردستان.[3]
- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، بەرەسمی داوایان لە وەزارەتی رۆشنبیری کردووە ئە و دراما تورکیانە رابگیرێن کە دەبنەهۆی لاساییکردنەوەی منداڵ و ئافرەتان و دیاردەی کوشتن و خۆکوشتن زیاد دەکات.[3]
- ژنانی تەڤگەری ئازادیی لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و خەباتی ژنانیان بۆ ئازادیی و یەکسانی بەرز نرخاند.[2]
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی نیشاندا بەگەڕانەوە و دەستبەکاربوونەوەی 295 مامۆستا و فەرمانبەری عەرەب بەسەر ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی مەخموور.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورک کە 48-ەمین ڕۆژی هێرشەکەی بە بۆردوومانکردنی جندرێس دەستپێکرد، پاشان چیای لەیلون ی سەربە شێراوا و گوندی ترندی سەربە ناوەندی عەفرین تۆپباران دەکات.[2]

- سوپای تورک ناوەندی عەفرین بۆردوومان دەکات.[2]

- سوپای تورک پاڵاوگەی ئاوی خواردنەوەی کانتۆنی عەفرینی کردە ئامانج و ئاوی خواردنەوەی بە سەر خەڵکی عەفریندا بڕی.[2]

- لە گوندەکانی مەرسک و کەفەرجەنێی سەربە شەرای کانتۆنی عەفرین، شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا لە ئارادایە.[2]

- مەولوود چاوشئوغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون تاوەکو مانگی 5ی ئەمساڵ کۆتاییدێت.[4]

- لە شاری عەفرین کە 48 ڕۆژە لە بەرانبەر هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیادا بەرخۆدانی ئەکرێت، ئەمڕۆ بە هەزاران ژن، کە لە هەر چوار بەشی کوردستان ولە هەریمەکانی دیکەی ڕۆژئاوا خۆیان گەیاندووەتە عەفرین، ڕژانە سەر شەقامەکان و بەرخۆدانی ژنانی شۆڕشگێڕ و پیئشەنگی عەفرینیان بەرز نرخاند.[5]

- سوپای تورک لە گوندی ترندی سەربە ناوەندی عەفرین، کۆمەڵکوژییەکی دیکەیان ئەنجامدا، سێ منداڵ شەهیدبوون.[2]

- تورکیا کۆنترۆڵکردنی جندرێس ڕادەگەیەنێت.[1]

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، گوندەکانی مرێمین و قورتوقلاقێ-ی سەر بە شارۆچکەی شەرا و گوندی قەرەتەپەی-ی سەر بە عەفرین بۆردوومان دەکەن. هاوکات، لە گوندەکانی قورتوقلاقێ-ی سەر بە شەرا و قەرەتەپەی-ی سەر بە عەفرین، شەڕی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک-دا ڕوودەدات.[2]

- بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە هەرێمی عەفرین، شەڕڤانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل - یەپەگە لە ناوچەی جندرێسی عەفرین، هەتا کۆتایی لە دژی سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی شەڕی کردووە، دواتر بۆ ئەوەی بە دیل نەگیرێت، لەنێو سەربازەکانی تورکیای داگیرکەر خۆی تەقاندۆتەوە و چالاکیی فیدایی ئەنجامداوە.[5]

- سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر هێرشیان کردە سەر سنووری شاری سەرێکانیی ڕۆژئاوای کوردستان. لە ئەنجامدا ژنێکی گەنج بە ناوی ئەمینە عەبدولرەحمان مەلا دەروێش - تەمەن 18 ساڵان بەسەختی بریندار بوو.[5]

- سوپای تورکیا بەچڕی تۆپباران و بۆردوومانی دەورووبەری عەفرینی کرد. دایکێک و چوار منداڵەکەی، لەترسی بۆردوومانەکان لەدەوری یەکدی لە ماڵەکەیان کۆببوونەوە لە گوندی ترندێ، بەڵام گوللە تۆپێک لەیەکدی کردن. سیان لە منداڵەکان بە ناوەکانی (حوسێن 15 ساڵ، فەرهاد 10 ساڵ و حەلا 14 ساڵ)گیانیان لەدەستدا و بنەفشی دایکیشیان کە تەمەنی 31 ساڵە لەگەڵ منداڵە سێ ساڵانەکەی دیکەشی بریندارن.[4]

دەرەوەی کوردستان

- پۆلیسی ئەڵمانیا بەبیانووی (بەڵگە قەدەغەکان) بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر وەشانخانەی میزۆپۆتامیا لە شاری نۆیس-ی ئەڵمانیا. هێزەکانی پۆلیس دەستیانگرت بەسەر هەموو ئامێرەکانی وەشانخانەکە و بە 4 کامیۆن گواستیاننەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 08-03-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 08-03-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 08-03-2018
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 68
**2018-03-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180309000000145924



باشووری کوردستان
- هێزی دژەتیرۆری عێراق دەستگیرکردنی پێنج باندی سەر بەگرووپی تیرۆریستی داعشی لە کەرکوک ڕاگەیاند.[1]
- ڕێکخراوی جەماوەری خورماتوو لە چوارچێوەی کەمپەینی ژیان بۆ خورماتوو لە مزگەوتەکانی هەولێر بڕی 27 ملیۆن دیناری کۆکردەوە. ئەندامێکی ڕێکخراوەکەش دەڵێت، ئەو پارەیەی لە مزگەوتەکانی هەولێر بەو پارەیە خانووە تەقێندراوەکانی دروستدەکەنەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەرەی شەرا-وە، شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە چالاکییەکی کاریگەریان دژی سوپای تورک و چەتەکانی ئەنجامدا و چەندین سەرباز کوژراون، لە بەرەی بلبلێشەوە شەڕێکی سەخت ڕوودەدات.[3]
- لە دەوروبەری گردی قازلقە و گوندی کەفەرسەفر-ی سەر بە شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین، شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە و سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکان لە ئارادایە. هاوکات، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا ناوچەکە بۆردوومان دەکەن.[4]
- لە دەوروبەری گوندی بوکێ-ی ناوچەی بلبلێ لە ئەنجامی شەڕێکی سەختدا 10 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون.[4]
- ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاوی کردەوە، کە لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا 313 سەربازی سوپای تورک و چەتەی سەربە تورکیا کوژراون لە میحوەرەکانی جندرێس و شەرا و بلبل.
دەرەوەی کوردستان
- جێگیری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران ئاشکرای کرد، وڵاتەکەی سێ ملیار دۆلار (3.57 تریلیۆن دینار) وەک گرەنتی بانکی دەخاتە بەردەستی عێراق و جەختیش لەسەر بەهێزکردنی

پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکاتەوە.[1]
- سەرۆکوەزیرانی عێراق ئومێدەوارە سووریا دابەش نەبێت و هۆشداریشدەدات لە ئەگەری گۆڕینی سنووری وڵاتانی ناوچەکە.[2]
- بەرپرسێکی وەزارەتی دادی سوید ڕایگەیاند، داواکەی تورکیایان بۆ ڕادەستکردنەوەی ساڵح موسلیم پێگەیشتوە، بەڵام موسلیم وڵاتەکەی جێهێشتوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 09-03-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-03-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 09-03-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 09-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 69
**2018-03-10**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180310000000145925




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە سنوورەکانی پیرانشاری سەربە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستەیەک کۆڵبەران کەوتنە بۆسەی سەربازەکانی ئێرانەوە، سەربازەکان کۆڵبەرەکانیان ڕاوناوە، لە ئەنجامدا کۆڵبەرەکان ڕێیان لێ ونبووە و کەوتوونەتە مەیدانێکی مینەوە. لە ئەنجامدا مینیان پێدا تەقیوەتەوەو کۆڵبەرێک بە ناوی ئەمیر خان ڕۆخیدە، کوژراوە و چوار کۆڵبەری دیکەش بە سەختی برینداربون.[1]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە سەنتەری شاری کەرکوک ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی بەرەی تورکمانی و بەهۆیەوە لەگەڵ هێزێکی بنەبڕکردنی تیرۆر کەوتنە شەڕێکی قورسەوە و کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[2]
- بە ئامادەبوونی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و قایمقامی چەمچەماڵ و ژمارەیەک لە

بەرپرسانی حکومی و هاووڵاتیان پرۆژەی ڕێگەی سەنگاو – خان ڕۆستەم ئاغا کرایەوە کە گەرمیان و چەمچەماڵ پێکەوە دەبەستێتەوە.[2]
- لە گوندێکی سەر بە پارێزگای هەولێر لەسەر کێشەی زەوی و زار سێ برا کوژران.[3]
- نوێنەرانی 19 حزب و لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان داوایانکرد، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە ڕاگرتنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە گوندەکانی تورمیشا و شکەفتای سەربە شییە شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا حەوت سەربازی تورک کوژران.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی تورک دەوروبەری ناوەندی عەفرین بۆردوومان دەکەن.[1]
- لە گوندی کانی گەورکێ و قوربەتێ سەربە جندرێس لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە، لەگەڵ سوپای تورک و جەتەکانیدا شەڕی سەخت ڕوودەدات.[1]
- سوپای تورک و چەتەکانی، گوندەکانی عەفرین شارۆچکەی جندرێس بۆردوومان دەکەن.[1]
- ورک ئەمڕۆ بە چڕی گوندەکانی تەرمیشای سەربە ماباتا و ئەستێری سەربە ناوەندی عەفرینی تۆپباراِن کردووە. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا هاوڵاتییەک بە ناوی نەجیب شێخۆی تەمەن 55 ساڵ لە گوندی تەرمیشە شەهیدبووەوە محەمەد عومەر، تەمەن 48 ساڵ لە گوندی ئەستێر بریندابووو.[1]
- بە پێی زانیارییەکان لە شەڕێکی سەخی لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و سوپای داگیرکەری تورکیا لە گوندی خالتا-ی سەر بە عەفرین 18 سەربازی سوپای داگیرکەری تورکیا کوژران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-10


کاتی تۆمارکردن: 2018-03-10 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 70

**2018-03-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=2018012910132094092



باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و شارۆچکەکانی قەڵادزێ و ڕانیە و کەلار و تەقتەق و شارەزوور و چەندین ناوچەی دیکە خەڵک بۆ عەفرین دەستیان بە چالاکی کرد.[1]
- لە نزیک شارەدێی قەراجی سەر بە شارۆچکەی مەخموور فرۆکەکانی هاوپەیمانان چەکدارانی داعشیان بۆردومانکرد و 16 چەکداریان لێکوشتن.[3]
- بۆ پشتیوانیکردنی عەفرین، لە شاری کەرکوک گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو و تیایدا، بۆ پاراستنی عەفرین، جەخت لەسەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کرایەوە.[2]
- لە کەمپینی هاواری عەفرین، 15 هەزار دۆلار و دوو تەن کەلوپەلی پزیشکی کۆکراوەتەوەو لەرێگەی مانگی سوری رۆژئاوای کوردستانەوە دەگەیەنرێتە کانتۆنی عەفرین.[3]
- لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، کۆنفرانسێکی تایبەت بە ئابوری عێراق ئەنجامدرا و تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕ و شارەزایانی کورد و عەرەب و بیانی بەشداربوون. لە کۆنفرانسەکەدا چەند پانێلێک لەسەر ئابوری عێراق و جەنگ دژ بە داعش و لێکەوتە ئابورییەکانی باسکران و گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر چۆنیەتی باشکردنی ئابوری وڵاتەکە کرا.[3]
- فەرهاد پیرباڵ لە هەولێر دەستگیرکرا.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ، 51 ڕۆژ بەسەر هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر کانتۆنی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان تێپەڕبوو، سوپای تورک لە هێرشەکاندا، هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو بەکاردەهێنێت.[1]
- لە هەرسێ بەرەی ڕاجۆ و جندرێس و شێراوا لە عەفرین، شەڕی سەخت لەنێوان شەڕڤانان و سوپای تورک و چەتەکانیدا بەردەوامە.[2]
- هاوڵاتیانی عەفرین تەرمی باشور سۆران، شەهیدی یەپەگەیان بەرەو جزیرە بەرێکرد بۆ ئەوەی لەوێوە بنێردرێتەوە باشوری کوردستان.[2]
- خۆبەڕێوەبەریی عەفرین بۆ ڕێگرتن لە کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر دژی گەلی عەفرین، بانگەوازێکی ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد.[4]

دەرەوەی کوردستان
- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد - کەنەکە، کۆنفرانسێک بۆ پشتگیریی عەفرین لە هۆڵندا دەبەستێت.[1]
- لە پیکادلی گاردن لە شاری مانچستەر لە بەریتانیا، بە بەشداری بۆ پشتیوانی لە عەفرین و شەرمەزارکردنی دەوڵەتی تورک هێڵی شەمەندەفەری ئەو شارە وەستێنرا.[1]
- ئەمشەو لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، لە چوارچێوەی هەوڵە دبلۆماسیەکان بۆ ڕاگرتنی هێرشە داگیرکارییەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، فرانسوا ئۆلاند، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەو وڵاتە و نوێنەری ڕۆژئاوای کوردستان لە فەرەنسا، دکتۆر خالد عیسا، چاویان بەیەک کەوت و لە سەر ڕەوشی عەفرین و هێرشە داگیرکارییەکانی تورکیا بۆ سەر شارەکە کۆبوونەوە و گفتوگۆی چڕیان کردوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 11-03-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 11-03-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-01-29 10:13:20 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 71

**2018-03-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180312000000145926




باکووری کوردستان
- لە شارۆچکەی دۆغوبایەزید لە پارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان، شەڕ و پێکدادان لە نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و سوپای تورکیا روویدا. لە ئاکامدا سەربازێکی سوپای تورکیا بە سەختی بریندار بووە و دواتریش گیانی لەدەستداوە.[1]
- وتەبێژی حکومەتی تورکیا رایدەگەیەنێت، لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتوون بۆ دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنێک لە دژی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئە و ئۆپراسیۆنە لە ڕێگەی فڕۆکە و سەربازە تورکییەکانەوە ئەنجامدەدرێت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە هەریەکە لە شارەکانی، سنە، مەریوان، کامیاران، بۆکان و ڕشت، چالاکیی بۆ پشتیوانیی عەفرین بەڕێوەچوو.[4]
- هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر سنووری تەتە لە هەورامان، کە کەوتووەتە سەر سنووره دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، ژمارەیەک کۆڵبەر و کاسبکاری کوردیان دەستگیرکردووە و ژمارەیەکیش بریندار‌بوون.[2]
- چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەکات لە ئێران، بڵاویکردووەتەوە، کە سێ چالاکی مەدەنی ناسراوی شاری مەریوان، بەناوەکانی عەدنان حەسەنپوور، حەمەی دانش و ناسح باخیشی، لە کاتی بەڕێوەچوونی گردبوونەوەی پشتگیری بۆ عەفرین لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە مەریوان دەستبەسەر کراون.[2]
باشووری کوردستان
- ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم کوردستان دەڵێت، هەرێم ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ ڕادەستکردنەوەی دەستگیرکراوانی داعش و تائێستا بە سەدان لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستکراون و پرۆسەکەش بەردەوامە.[3]

- بەمەبەستی شکاندنی بایکۆت و دەستپێکردنەوەی دەوام لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە، ئێوارەی ئەمڕۆ لە کۆبونەوەی پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە و ژمارەیەک لەپیاوماقوڵانی هەڵەبجە بڕیاردرا کە لە سبەینێوە دەرگای خوێندنگاکان بکرێتەوە، ئەندامێکی دەستەی داکۆکی لە مافی مامۆستایانیش دەڵێت تا موچەی بێ پاشکەوت نەدرێت بایکۆت بەردەوامە.[3]
- ئەمڕۆ، 14 ساڵ تێپەڕبوو بەسەر کۆمەڵکوژیی شاری قامیشلۆ، کە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە ئەنجامدرا و گەلی کوردیش ڕاپەڕینی ئەنجامدا، لە کەمپی باریکە لە شارەدێی عەربەت-ی سەر شاری سلێمانی یادی ئەو کۆمەڵکوژیە کرایەوە.[3]
- بۆ دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی بۆ بەرخۆدانی عەفرین، بەپێشەنگایەتیی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، ڕێپێوانێکی بەمەشخەڵ لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[2]
- خوێندکارانی زانکۆی کەرکوک لە بەرامبەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بۆنە و ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بایکۆتی دەوام دەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەڕڤانێکی یەپەگە و پێنج منداڵ، کە تەمەنیان لەنێوان پێنج بۆ 14 ساڵە و بەهۆی هێرشی تورکیاوە گیانیان لەدەستداوە، لە عەفرین بەڕێوەچوو. دانیشتووانی عەفرین توڕەن و بەتایبەتی کەسوکاری ئەو کەسانی گیانیان لەدەستداوە، پڕ بە دەنگیان هاوار دەکەن ئەردۆغان دیکتاتۆرە.[1]
- لە گوندەکانی سەربە بلبلێ شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوودەدات، هاوکات فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی کەوکەبی سەربە جندرێس بە چڕی بۆردوومان دەکەن.[2]
- روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد کە چەند یەکەیەکی گاردی کۆماری سوپای سوریا گەیشتونەتە باشوری شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و چەند ناوچەیەکیان کۆنترۆڵکردووە کە هاوکات بووە لەگەڵ هێرشەکانی سوپای تورکیاو گروپە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئە و شارە.[3]
- ئەمڕۆ لە 52 یەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورک بۆ سەر عەفریندا، فڕۆکە جەنگییەکان دەوروبەری مەزارگەی شەهیدانی ئاڤێستا خابووریان بۆردوومان کرد،کە تەرمی هەزاران شەهیدی تێدا بە خاک سپێردراوە.[2]
- سوپای تورک لە سەر سنووره دەستکردەکانی نێوان باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، گوندەکانی سەر بە تربەسپیی کانتۆنی قامیشلۆ تۆپباران دەکات.[2]
- هێزەکانی سوپای تورک گوندەکانی باسووتا، گرزێلێ و زەربای سەر بە شێراوایان لە عەفرین بۆردوومان کرد. لەئەنجامی بۆردوومانەکەدا، چوار هاوڵاتی بریندا‌ربوون، کە ناسنامەیان بەمشێوەیە: محەمەد خەلۆ تەمەن 25 ساڵ، زوهێر یوسف 45 ساڵ، ڕیهانا محەمەد، جوما ڕەجەب تەمەن 21 ساڵ.[2]
- کاتژمێر 22:00ی ئەمشە و بە کاتی سووریا، بۆمبێکی دەنگی لە چوارڕیانی بەتا-ی باشووری ناوەندی شاری منبج تەقیوەتەوە. تا ئێستا وردەکاری تەقینەوەکە و زیانەکانی ڕانەگەیەندراوە. هەروەها ئەنجومەنی سەربازیی منبج و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی منبج لە و بارەیەوە هیچ لێدوانێکیان نەداوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەبارەی سووریا، ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاند، تووندوتیژییەکانی عەفرین پێشێلکردنی ئاگربەستە لە سووریا.[1]
- لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی تورکیادا، لەبارەی دۆخی عەفرین گرژی لەنێوان پەرلەمانتارانی ئاکپارتی و هەدەپە روویدا. ژنە پەرلەمانتاری هەدەپە هودا کایا، ڕەخنەی توندی لە حکومەت گرت و گوتی ئەوەی ئاکپارتی لە عەفرین دەیکات جیهاد نییە، ئەمە بوختانێکی گەورەیە بە پێغەمبەرمان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: تەربەسپی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: منبج
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-12
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 72
**2018-03-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180313000000145927



باکووری کوردستان
- له‌ ئۆپه‌راسیۆنێکی پۆلیسی تورک بۆ قرکردنی کۆمه‌ڵگای باکوری کوردستان و تورکیا له‌ شاره‌کانی ئامه‌د و مێرسین ده‌یان که‌س ده‌ستگیرکران.[3]
- به‌رپرسی راگه‌یاندن و چاپه‌مه‌نی هێزه‌کانی پاراستنی گه‌ل (هه‌په‌گه) ئاشکرای ده‌کات که‌ ماوه‌ی دوو رۆژه‌ سوپای تورکیا هێزی زیاتری ره‌وانه‌ی ناوچه‌ سنورییه‌کانی سیده‌کان کردووه‌ و کیلۆمه‌ترێکی دیکه‌ش هاتۆته‌ پێش و خاکی هه‌رێمی زیاتر به‌زاندووه‌.[1]
- هاوسه‌رۆکی هه‌ده‌په‌ داوای کرد کۆتایی به‌ گه‌مارۆدانی سه‌ر عه‌فرین بهێنرێت و به‌ حکوومه‌تی تورکیای گوت: ئێوه‌ له‌ عه‌فرین داگیرکه‌رن.[7]
- هه‌په‌گه‌ رایگه‌یاند: کاتژمێر 09:00ی سه‌رله‌به‌یانی گه‌ریلاکانمان گردی کۆردینه‌ی سه‌ربه‌ شه‌مزینانیان کرده‌ ئامانج، له‌و چالاکییه‌دا چه‌ند سه‌ربازێکی دوژمن کوژران و بریندارببوون، هه‌ر ئه‌و رۆژه‌ کاتژمێر 11:00ی نیوه‌رۆ له‌ گردی خه‌ره‌گۆل چالاکییه‌کی دیکه‌ ئه‌نجامدرا، له‌وێش گورزی سه‌خت له‌ سوپای تورک درا، کاتژمێر 11:30 خوله‌کیش له‌ دژی باره‌گای سه‌ربازیی شکێر چالاکییه‌کی دیکه‌ ئه‌نجامدرا، هه‌روه‌ها له‌ دژی گردی گومبه‌تی سه‌ربه‌ شه‌مزینانیش له‌ ئه‌نجامی چالاکییه‌کی گه‌ریلاکانماندا ژماره‌یه‌ک سه‌ربازی سوپای تورک کوژران و بریندارببوون.[3]
باشووری کوردستان
- رۆژنامه‌ی حه‌یات له‌سه‌ر زاری چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگاداره‌وه‌ ئاماژه‌ی به‌وه‌داوه‌ که‌ ئه‌مرۆ حه‌یده‌ر عه‌بادی ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی گه‌شته‌ نێوده‌وڵه‌تیه‌کانی فرۆکه‌خانه‌ی هه‌ولێر و سلێمانی راده‌گه‌یه‌نێت و له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ک له‌ ئه‌فسه‌رانی کورد و به‌رپرسانی دوو فرۆکه‌خانه‌که‌ کۆده‌بێته‌وه‌ له‌پاش ئه‌وه‌ی که‌ به‌رپرسارێتی ئیدارییان گواستراوه‌ته‌وه‌ بۆ سه‌ر وه‌زاره‌تی ناوخۆی عێراق له‌ و دیداره‌دا کردنه‌وه‌ی فرکه‌خانه‌کان ئاشکراده‌کرێت.[1]
- به‌مه‌به‌ستی پاکراگرتنی ژینگه‌ و سروشتی شاره‌که‌ و گرنگیدانی زیاتر به‌ زۆرکردنی رێژه‌ی سه‌وزایی هه‌ڵه‌بجه‌، له‌لایه‌ن دوو رێکخراوی هه‌ڵه‌بجه‌وه‌ له‌ کۆنگره‌یه‌کی رۆژنامه‌نووسیدا، که‌مپه‌ینی جیهانی بۆ ناشتنی نه‌مام-یان له‌ هه‌ڵه‌بجه‌ ڕاگه‌یاند.[3]
- به‌مه‌به‌ستی رێگریکردن له‌ هه‌رزانبوونی زیاتری به‌رهه‌می مریشک و په‌له‌وه‌ر و پشت به‌ستن به‌ به‌رهه‌مه‌ ناوخۆییه‌کان وه‌زاره‌تی بازرگانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان هاورده‌کردنی مریشکی به‌ستووی له‌ وڵاتانی ده‌ره‌وه‌ قه‌ده‌غه‌کرد.[1]
- ده‌سته‌ی ته‌ندروستکارانی باشوری کوردستان له‌ گه‌رمیان، به‌ هاوبه‌شی ته‌ڤگه‌ری ئازادیی، سێ تۆن ده‌رمان و که‌ره‌سته‌ی ته‌ندروستیان بۆ عه‌فرین نارد.[3]
- به‌پێی گرته‌ ڤیدیۆیه‌ک که‌له‌ میدیایی په‌که‌که‌دا بڵاوکراوه‌ته‌وه‌ تێدا ده‌رده‌که‌وێت دوێنێ شه‌و له‌ شاری سلێمانی هیرشکراوه‌ته‌وه‌ سه‌ر کۆمپانیایه‌ک له‌م شاره‌ به‌ تۆمه‌تی ئه‌وه‌ی که‌ خاوه‌نه‌که‌ی تورکه‌.[5]
- ته‌قینه‌وه‌یه‌ک له‌ گه‌ڕه‌کی تسعینی که‌رکوک روویداو که‌سێک به‌هۆیه‌وه‌ به‌سه‌ختی بریندارببوو.[4]
- به‌رپرسی یه‌که‌می حزب و لایه‌نه‌ کوردستانییه‌کانی که‌رکوک (به‌بێ پارتی) له‌باره‌گای مه‌کته‌بی سیاسی یه‌کێتی له‌ شاره‌که‌ کۆبونه‌وه‌ و رێککه‌وتن بۆ یادی نه‌ورۆز و راپه‌ڕین ئاهه‌نگێکی گه‌وره‌ سازده‌کرێت و ئاڵای کوردستان به‌رزده‌کرێته‌وه‌.[1]
- به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی هه‌ولێر ئاشکرای کرد، به‌هۆی سووکایه‌تیکردن به‌ رۆڵی پێشمه‌رگه‌ و ماڵباتی شه‌هیدان، فه‌رمانی ده‌ستگیرکردن بۆ سروه‌ عه‌بدولواحید ده‌رکراوه‌.[6]
- له‌کۆنگره‌یه‌کی رۆژنامه‌وانیدا گابرێک هاڤی، سه‌رۆکی ده‌سته‌ی داوه‌ری تایبه‌ت به‌ تۆمارکردنی سکاڵا له‌سه‌ر ئه‌و کۆمپانیا و که‌سایه‌تییانه‌ی چه‌کی کیمیاییان به‌رژێمی به‌عس فرۆشتووه‌ وتی ئه‌مرۆ به‌هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه‌ی قوربانیانی کیمیاباران که‌ نوێنه‌رایه‌تی که‌سوکاری شه‌هیدان ده‌که‌ن، له‌ دادگای هه‌ڵه‌بجه‌ سکاڵامان له‌سه‌ر چه‌ند کۆمپانیایه‌ک تۆمارکرد که‌ هاوکاری رژێمی به‌عسیان کردووه‌ له‌ ده‌ستخستنی چه‌کی کیمیایی و ته‌نانه‌ت هه‌ندێکیشان ڕاسته‌وخۆ چه‌کی کیمیایان پێفرۆشتووه‌.[1]
- ئێواره‌ی ئه‌مرۆ، ته‌رمی شه‌هید محه‌مه‌د هادی، ناسراو به‌ باشور سۆران، له‌ گۆڕستانی سمایلاوا

لە گوندی سمایلاوای شاری هەولێر لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا بەخاکسپێردرا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو، شەڕڤانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەناوی مەروان عومەر، لە گوندی قزڵ پاشای شارەدێی بلبلێ لە سنوری عەفرین خۆی بە یەکەیەکی سوپای تورکیا تەقاندەوە لەکاتێکدا شەڕ و پێکدادانی قورس لە و سنورە هەبووە.[1]
- ئەمڕۆ لە 53یەمین ڕۆژی هێرشی سوپای تورک بۆ سەر عەفریندا، فڕۆکە جەنگییەکان دەستیان کردووە بە بۆردوومانکردنی گەڕەکی ئەشرەفییەی ناوەندی عەفرین کە هەزاران هاوڵاتی تێیدا دەژین. لە ئەنجامدا منداڵێکی تەمەن 14 ساڵ بە ناوی عیزەت حسێن بە سەختی بریندارببوو.[3]
- لە گوندەکانی تورمیشا و شکەتای سەربە شییە و گوندەکانی ڕەجا و برکی سەربە ماباتا شەری سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەرەکاندا ڕوودەدات.[3]
- بەهۆی پێشڕەویی سوپای تورکیا و بەشێک لە چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا بۆ سەنتەری شاری عەفرین، هەزاران کەس دەربەدەربوون.[2]
- تورک ڕایگەیاند، کە گەمارۆی ناوەندی شاری عەفرینیانداوە.[4]
- دوای ئەبجامدانی مەراسیمی ماڵئاوایی، تەرمی شەهید باشور سۆران لە دەروازەی سێمێلکاوە بەرە و شاری هەولێر بەڕێکرایەوە.[3]
- دانیشتوانی عەفرین بە درووشمی (بژی بەرخۆدانی عەفرین)، (شەهید نامرن)، (بژی سەرۆک ئاپۆ) و (ئێمە هەتا مردن لەگەڵتین عەفرین) بەرە و شەهیدگەی (شەهید ئاڤێستا خابوور) ڕێپێوانیان کرد.[7]
- سوپای تورک بە چەکی قورس، گوندی زۆرمخارێ لە ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ تۆپباران دەکات.[3]
- سوپای تورک لە شارۆچکەی ماباتای عەفرین، کاروانی گەڕانەوە هاوڵاتیانی مەدەنیی تۆپبارانکرد و بەهۆیەوە 9 هاوڵاتیی شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریش برینداربوون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی کۆمار ئاشکرای کرد، فواد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراق، ڕەتیکردۆتەوە یاسای بودجە پەسەند بکات، یاساکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی عێراق.[1]
- لە پاریس-ی پایتەختی فەرەنسا کوردستانیان بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەرعەفرین، لەبەردەم بینای پەرلەمانی فەرەنسادا کۆبونەوە، کە پۆلیسی هێرشی کردە سەریان و ژمارێکی زۆر لە خۆپیشاندەرانیان دەستگیرکرد. کوردستانیان دوای ئەوەی لە بەردەم بینای پەرلەمانی فەرەنسادا هێرشیانکرایە سەر، بەرەو کۆنسوڵخانەی ئەمریکا بەڕێکەوتن و لە بەردەم بینای کۆنسوڵخانەکەدا کۆبوونەوە. هێزەکانی پۆلیسی فەرەنسا لەوێش هێرشی کەردە سەر خۆپیشاندەران و100 خۆپیشاندەری دەستگیرکرد. بە هۆی هێرش و توندوتیژیی پۆلیسەوە بۆسەر خۆپیشاندەران، 7 خۆپیشاندەر بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
- 🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
- 🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 13-03-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-03-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-03-2018
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیامنێر - 13-03-2018
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 13-03-2018
[7] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 13-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 73

**2018-03-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180314000000145928



رۆژهەڵاتی کوردستان
- یەکەمین پەرتووکی فێرکاری زمان و وێژەی کوردیی لە زانکۆی کوردستان بۆ وانەی وشە ناسی لەلایەن نووسەرێکی کوردە بە ناوی سەعید کەرەمی لە شاری سنە چاپ و بڵاوکرایەوە.[5]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی رایدەگەیەنێت، هەڵگرتنی گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی باشە بەرە و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵام کێشەکان لەوە زیاترن کە تەنها لە فڕۆکەخانە و بودجەدا کورتبکرێتەوە.[1]
- رۆژنامەی (عەرەبی ئەلجەدید) ئاشکرایکردووە کە بڕیارە لە چەند کاتژمێری داهاتوودا نیشتنەوەی یەکەم فڕۆکەی نێودەوڵەتی لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەستپێبکات. رۆژنامەکە ئەوەشیخستووەتەڕوو کە یەکەم فڕۆکەش لە ئێرانەوە دەبێت.[1]
- هێزێکی نەناسراو کە ژمارەیان زیاتر لە 50 چەکدار بووە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە چیایەکی نزیک بیارە سێ تەقینەوەیان ئەنجامداوە، دواتر دەرکەوتووە بەدوای شوێنەواردا گەڕاون.[1]
- لە شارۆچکەی ئاکرێی سەر بە پارێزگای دهۆک پیاوێکی تەمەن 40 ساڵ ئاگری لە ماڵەکەی بەردا، بەهۆیەوە چوار منداڵی سووتان، پیاوەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا.[3]
- پەیکەرێک بۆ مام جەلال سکرتێری کۆچکردووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سەرکۆماری پێشوی عێراق لەسەر قەڵای کەرکوک داندرا.[1] پاشان پەیکەرەکە گوازرایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی یەکێتی بەهۆی ئەوەی رەزامەندیی بۆ وەرنەگیرابوو.

- به دەستپێشخەریی گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لە شاری سلێمانی ڕێپوانێک بۆ پشتیوانیی بەرخۆدانی عەفرین ئەنجامدرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە 54-ەمین ڕۆژی بەرخۆدانی سەردەم دا، لە گوندی باسلی سەربە شێڕاوا لە ئەنجامی شەڕێکدا، شەڕڤانان گورزی کەمەرشکێنیان لە سوپای تورکدا.[2]
- شاهۆز حەسەن، هاوسەرۆکی پەیەدە رایدەگەیێنێ: تورکیا بەنیازی داگیرکردنی دوو پارچەی دیکەی کوردستانە و دەیەوێت لە عەفرینەوە تاوەکو کەرکوک هەمووی داگیربکات.[3] ڕەخنەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت، کە بێدەنگن و هەڵوێستی ڕونیان نییە.[2]
- لە گوندی بادینی سەربە ماباتا شەڕی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و هێزە داگیرکەراندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا 10 سەرباز و چەتە کوژران.[2]
- بەهۆی هێرشەکانی ئێوارەی ئەمڕۆی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بۆ سەر ناوەندی شاری عەفرین، چەندین هاوڵاتیی سیڤیل شەهید و بریندار بوون کە لەنێویاندا منداڵ هەیە. ژمارەیەک لە شەهید و بریندارەکان کەمێک پێش ئێستا گەیەندرانە نەخۆشخانەی عەفرین. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان 4 هاوڵاتیی سیڤیل شەهید بوون و 12ی دیکەش بریندار بوون. 2 لە شەهیدەکان منداڵن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- گروپێکی ئیتالیی لە شاری ڤەنەدیکی ئەو وڵاتەدا، بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین دەستیان بە سەر کۆنسولخانەی تورکیا دا گرت و ئالای پەکەکەیان تێدا هەڵواسی.[2]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا لەمیانی گوتارێکیدا لە مۆسکۆ رایگەیاند، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا لە خاڵی پچڕاندایە. هەروەها گوتی، بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان پێویستە ئەمریکا چیدیکە چەک بۆ یەپەگە نەنێرێت.[3]
- ڤلادیمیر پووتین، سەرۆکی رووسیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا پرۆژەی یەکەم کێڵگەی ئەتۆمی لە تورکیا دەکەنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاکرێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | بیارە (هەورامان) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 14-03-2018

[2] 👫مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 14-03-2018
[3] 👫مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روداو - 14-03-2018
[4] 👫مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-03-2018
[5] 👫مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 14-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 14-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 74

**2018-03-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180315000000145929



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەرەیەکی نوێی شەڕیان لە چەند ناوچەیەکی باکوری کوردستان کردەوە، بەرپرسی راگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگەش ئاشکرای دەکات کە کردنەوەی ئە و بەرەیەی شەڕ دژی سوپای تورکیا پێشتر بەرنامەرێژی بۆ کرابوو.[2]
- دەستەی بەڕێوبەریی ناوەندی هەدەپە، رایگەیاند، کە ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ بۆ عەفرین هەڵدەکەن.[2]
- لەنێوان ئەو هێزەی سوپای تورک، کە هێرشیان کردبووە سەر خاکی باشوری کوردستان و گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستار-دا لە ناوچەی خاکورک شەڕێکی سەختە.[1]
باشووری کوردستان
- رێکخراوی ریچی نێودەوڵەتیی بەهاوکاری رێکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی و بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، پێنج هەزار نەمامی بۆ رۆحی پێنج هەزار شەهیدی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەزار نەمامی سنەوبەر-ی لە لەسەر گۆڕستانی شەهیدانی عەنەب چاند.[1]
- لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەک لە بەردەم کونسوڵخانەی ئەڵمانیا بەرێوەچوو، تێیدا داوا کرا وڵاتی ئەڵمانیان دان بە جینۆسایدی کوردا بنێت، ئەوەش بەهۆی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە رژێمی پێشووی عێراق.[1]
- ماهر نزاری تەمەن شەش ساڵ، کە دوێنێ لەگەڵ دوو برای دیکەی لە ئاگرێ لەلایەن باوکییانەوە سووتێنران، ئەمرۆ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[3]
- مامۆستا و نووسەر و شاعیر رۆستەم باجەلان کۆچی دوایی کرد.[4]
- شەوی ڕابردوو گوندەکانی سنووری سیدەکان لە پارێزگای هەولێر لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە بۆردومان کران. سەر لەبەیانیی ئەمرۆش سەربازانی تورکیا لە بارەگاکانیانەوە لەو ناوچەیەدا، سنووری گوندەکانی گەلی رەش و بەرمیز تۆپباران دەکەن.[5]
- ئێوارەی ئەمرۆ، گەریلاکانی پەکەکە لە سنوری سیدەکان هێرشیانکردە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای تورکیا و لە ئەنجامدا سێ رەبایەی تورکیایان گرت و ژمارەیەکی زۆر سەربازیشیان کوشت.[2]
- دوو فرۆکەی جەنگی تورکیا بە خەستی چەند گوندێکی برادۆست لە سنووری شارۆچکەی سیدەکانیان بۆردوومان کرد.[3]
- بەمەبەستی خستەڕووی کاریگەریی دراما بیانییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی لە باشوری کوردستان، لە شارۆچکەی سەید سادق پانێڵێک بەرێوەچوو و تیایدا ئەنجامی ڕاپرسییەکیش ئاشکراکرا، کە زیاتر لەسەدا 50ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، داوای ڕاگرتنی پەخشی دراما بیانییەکان دەکەن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی گەرەکی زەیدییە و گوندی تەرتوێلی سەربە ناوەندی عەفرین بە چڕی تۆپباران دەکەن. هەروەها لە گوندی مەیدانکی سەربە شەرا لە نێوان شەرڤانانی یەپەژە و یەپەگە

لەگەڵ سوپای تورک و چەتەکانیدا شەڕی سەخت روودەدات.
- پێنج هاوڵاتی کە دووانیان منداڵن، لە ئەنجامی بۆردوومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین بە سەختی برینداربوون، یەک لە بریندارەکان پاشتر گیانی لەدەستدا.[1]
- لە ئەنجامی بۆرووومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆ سەر ناوەندی عەفرین، دوو ژن و سێ منداڵی دیکە شەهیدبوون.[1]
- وتەبێژی سەرۆکایەتی تورکیا رایگەیاند، لەدوای گرتنی عەفرین شارەکە رادەستی رژێمی سوریا ناکەنەوە.[2]
- دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی جزیر-ی رۆژئاوای کوردستان ئاشکرای کرد بەهۆی زیادبوونی هێرشی داگیرکەران لەسەر عەفرین، چارەنووسی 3 هەزار کەس لە گوندی مەراتا-ی عەفرین نادیارە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- کوردستانیان لە شاری مونستای ئەڵمانیا بۆ پشتیوانیکردن لە عەفرین تاوەکو بەردەم بارەگای ناتۆ خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. گەلی کورد و دۆستەکانیان هێرشەکانی سوپای داگیرکەری تورکیایان بۆ سەر عەفرین شەرمەزارکرد.[5]
- دادگای نێودەوڵەتیی، کە وابڕیارە بەڕێوبەران و بەرپرسانی حکومەتی تورک تێیدا دادگیی بکرێن، دەستیپێکرد. لە دانیشتنی دادگای نێودەوڵەتیدا لە پاریس وابڕیارە ئەمڕۆ و سبەینێ بەردەوام بێت، باس لە تاوانەکانی ئەردۆغان دەکرێت. و تێیدا ئەردۆغان وەک بەرپرسی ئەو تاوانانە بناسرێت، هەروەها ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپا تێیدا دادگیی بکرێن. دوو تاوانی سەرەکیی بەڕێوبەرانی حکومەتی تورک کە لەو دادگایەدا باسی لێدەکرێت، یەکەمیان کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە شارەکانی جزیر، سور و نسێبینە و دووەمیان تیرۆرکردنی سێ ژنەشۆڕشگێڕی کورد لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەلایەن ئەو حکومەتەوەیە.[1]
- پەرلەمانی ئەوروپا، بەزۆرینەی دەنگ پرۆژە بڕیاری بەشێک لە فراکسیۆنەکانی دەربارەی دۆخی سوریا پەسەندکرد و داوای لە تورکیا کرد، کە هێرشەکانی بۆ سەر عەفرین ڕاگرێت.[4]
- ئەردۆغان لەوەڵامی بانگەوازەکەی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ راگرتنی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون، وتی لەپەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە عەفرین داوامان لێکراوە جموجۆڵەکەمان لەوێ راگرین، خاتونێکیش هەیە کە بەرپرسی فراوان بوونە لە یەکێتی ئەوروپا، ئەویش ئەوەی خواستووە، "بەخۆڕایی خۆتان پەرۆش مەکەن تا کارەکەمان تەواو نەبێت لەوێ ناکشێینەوە".[2]
- دادگایەکی ئەڵمانیا قەدەخەکردنی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵی لە هانۆڤەر هەڵوەشاندەوەو رایگەیاند کە ئازادیی کۆمەڵگە لە ئەڵمانیا لەسەرووی ترس و نیگەرانییەکانی پۆلیسەوەیە. پێشتر لەبەر مەترسیی بەشداریکردنی لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان پۆلیس ئەنجامدانی ئاهەنگی قەدەخەکردبوو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏢 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 15-03-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 15-03-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 15-03-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 15-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 75

**2018-03-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180316000000145930



باشووری کوردستان
- مەراسیمی سیهەمین ساڵیادی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەستپێکرد.[1]
- بەبۆنەی 30 ساڵرۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە-وە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەیاننامەکەشدا رایگەیاندووە، هاوسەرۆزی خۆمان بۆ گەلی کورد و قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەردەبڕین و بەڵێنی چڕکردنەوەی هەوڵەکانمان بۆ رێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتەکە دەدەین.[2]
- ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، بڕیارە لە بودجەی گشتی ساڵی 2018ی عێراق بڕی سێ ملیار دینار بۆ شاری هەڵەبجە تەرخانبکرێت و چاوەڕێش دەکرێت نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عێراق ئە و پارەیە بە فەرمی ئاشکرا بکات.[2]
- لە زۆربەری شار و شارۆچکەکانی کوردستان یادی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە کرایەوە.[1]
- بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان و بەرپرسانی سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەبێ پارتی یادی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە نزیک قەڵای کەرکوک رێکخرا. لەرێوڕەسمەکەدا ئامادەبووان بە ئاڵای کوردستانەوە خەمخۆری خۆیان بۆ هەڵەبجە دووپاتکردەوە و بۆ چەند ساتێکیش جموجۆڵی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەچەند شەقامێکدا راگیرا.[2]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر رێکەوتنی هەولێر و بەغدا هاتەدەنگ و داوا دەکەن وردەکاری رێکەوتنەکە بۆ پەرلەمان ئاشکرابکرێت.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە تا بەیانی ئەمڕۆ سوپای تورک بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی ناوەندی شارۆچکەی عەفرین و بە و هۆیەشەوە زۆرتر لە 21 هاوڵاتی شەهید بوون و چەندین هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون.[3]
- بەهۆی بۆردومانی کوێرانە و درندانەی تورک بۆ عەفرین و دەوروبەری، خەڵکێکی زۆر ناچاربوون ماڵەکانیان بەجێبهێڵن و بۆ شوێنێکی ئارام و دوور لە بۆردومانەکان رەوبکەن.[1]

- له ڕۆژی 56مینی هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیا بۆسەرعەفرین، شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە له ناوچەی شەرا-ی عەفرین 2 ئۆتۆمبێلێ سەربازی سوپای تورکیایان تێکشکاند.[5]
- له نامەیەکدا بەناونیشانی (بانگەوازێکی بەپەلە)، کرستیانەکانی نێو شاری عەفرین و دەوروبەری، که ئێستا لەژێر بۆردومان و هێرشی سەخت دان، داوا له کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن، هەرچی زووە فریایان بکەون و له هێرشە قڕکەرەکانی تورکیا و گرووپەچەتەکانی ئەلقاعیدە و بەرەی نووسرە بیانپارێزن. ئاشکراشی دەکەن، کەنیسە و مەزاری دێرینی یەکێک له پێشەوایانی ئایینی کرستیانی بەناوی (مارمارون) له بەردەم مەترسی لەناوچووندان.[5]
- ئەمشەو، هێزە ئاسمانیەکانی سوپای تورکیا نەخۆشخانەی عەفرینیان له ناوەیدی شارەکە بۆردومانکرد و بەهۆیەوە 15 هاوڵاتی مەدەنیی تر شەهیدبوون و دەیانی تریش بریندار.[2]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئاشکرای کرد: ئەمڕۆ له ئەنجامی بۆردومانەکان له ناوەندی شاری عەفرین، 27 هاوڵاتیی سیڤیل شەهید بوون که لەنێویاندا 7 منداڵ هەیە. بەهۆی سەختی برینی بریندارەکانەوە ژمارەی قوربانیان له زیادبووندایە. بەپێی ڕاگەیەنراوی ئه و ڕێکخراوە، شەهید و بریندارەکان له سەردەم گەلان پێکدێن و هاوڵاتیانی کورد، عەرەب و ئەرمەن بوونەته قوربانی.[5]
دەرەوەی کوردستان
- کوردانی دانیشتووی شاری ئەدیلاید-ی وڵاتی ئوسترالیاو ژمارایەک له دۆستانیان له شارەکە، لەدژی بێدەنگبوونی حکومەتی ئوسترالیا له بەرانبەر جینۆسایدی عەفرین لەبەردەم نووسینگەی وەزیری بەرگری وڵاتەکە گردبوونەوە.[3]
- وەزیرانی هەرسێ وڵاتی رووسیا و تورکیا و ئێران له ئاستانه کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی قەیرانی سووریا.[1]
- گوتەبێژی حکومەتی تورکیا لەبارەی بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بەعەفرین رایگەیاند، بڕیارەکە وەک نەبوو وایە.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی وەڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا (هیزەر نوێرت) له دژی وتەکانی مەولود چاوش ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا دەرکەوت و ئەو بانگەشانەی که گوایه ئەمریکا و تورکیا لەسەر کشانەوەی یەپەگە له مینبج ڕێکەوتنیان کردبێت، بەدرۆخستەوە.[5]
- ئەمڕۆ گردبوونەوەیەک دژی بێدەنگی بەریتانیا بەرامبەر کۆمەڵکوژی سەر عەفرین له بەردەم پەرلەمانی سکۆتلەندا بەڕێوەچوو، تیایدا داواکرا هەرێمی سکۆتلەند جدیتر بێ بۆ ڕاگرتنی هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک.[3]
- ڕێکخراوی یونسێفی سەر به نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاند: له ئەنجامی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوەندی شاری عەفرین و دەوروبەری، دەیان منداڵ کوژراون و داواشی کرد دەستبەجێ هێرشەکانی سەر عەفرین بوەستێنرێن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-16

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-16 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 76

**2018-03-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180317000000145931



باکووری کوردستان
- هەپەگە کوژرانی 18 سەربازی تورکیای لە برادۆست ڕاگەیاند.[3]
- گەریلاکانی هەپەگە لە بایەزیدی سەربە ئاگری، لە دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا چوار سەرباز کوژران و دووانیش بریندار بوون.[3]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی یەنیشەهری سەربە ئامەد چوار هاوڵاتییان دەستگیرکرد.[3]
-لە ناوچەی ئیپەک کۆیی وان، جەردەوانێک بە ناوی فوئاد کلاغوس کوژرا.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 10:15 خولەک، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕژاک)، لە هۆڵی بتوێن-ی شارۆچکەی ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین کۆنفرانسێکی بە دروشمی "نا بۆ کۆمەڵکوژیی ژنان، بەڵێ بۆ چارەسەری ڕیشەیی" دەستپێکرد. لە کۆنفرانسەکەدا زیاتر لە 100 ژن ئامادەن و بڕیارە لە چوارچێوەی هەڵمەتی ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و چارەسەری بە فکرییدا، چارەسەریی دەستنیشان بکرێت.[3]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبووەوە و بڕیاریدا کە مەکتەبی سیاسی بە هەمان ئەندامانی پێشووەوە کارابکرێتەوە.[4]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی ڕۆڤیای سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەشی دهۆک ڕایگەیاند، لە گوندێکی سنوورەکەیان، پیاوێک ژن و کوڕێکی خۆی دەکوژێ بۆ شوێنێکی نادیاریش هەڵهاتووە.[2]
- لە 24 کاژێری ڕابردوودا لە سلێمانی 5 کەس بەهۆی کۆمەڵێک ڕووداوی هاتووچۆوە گیانیان لەدەستداوە، 15 کەسیش برینداربوون.[2]
- لەناو بازاڕی ناحیەی حاجیاوا کەسێک کوژرا و کەسێکی تریش برینداربوو، پۆلیسیش هۆکاری ڕووداوەکە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە.[4] پاشان ئەم کێشەیە پەرەیسەند و بەهۆیەوە کوژراوی تری لێکەوتەوە و ژمارەی کوژراوان گەییشتە 8 کەس.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بەدروشمی شەهیدان نامرن، بۆ یادی پێنج هەزار شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەزار و 200 مۆم لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە داگیرسێندرا.[3]
- لە چەمچەماڵ چەند کەسێک هێرشیان کردە سەر شاسوار عەبدولواحید و ئوتومبیلەکەیان بەرد و تەماتەبارانکرد.[1]
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت بەهۆی گوێنەدانی بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی جووەکان لە کارەکەی

دوورخراوەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک ئەو هاوڵاتیانەی کردە ئامانج، کە بەهۆی هێرشی سوپای تورکەوە لە ڕێگادابوون بەرەو شەهبا، لە ئەنجامدا دەیان هاوڵاتی مەدەنی شەهید و بریندار بوون.[3]
- هێرش و بۆردومانی سوپای تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین و هاووڵاتیانی ئەو شارە بەردەوامیی هەیە.[1]
- ئانجێلا ڕەشۆ، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی تەندروستی عەفرین ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە، کە لە میدیاکانی تورکیا لەبارەی چۆڵکردنی نەخۆشخانەی ئاڤرین لە عەفرین بڵاویانکردووەتەوەو ڕایگەیاند، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری بریندار لە نەخۆشخانەکەدا چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێت.[2]
- بەهۆی هێرشەکانی حکومەتی تورک بۆ سەر عەفرین هێڵی تەلەفۆن و ئینتێرنێت بڕاون، سوپای تورک بورجە تەلەفۆنییەکانی کردە ئامانج.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، گەڕەکی ئەشرەفییەیان لە ناوەندی عەفرین بۆردوومانکرد، بەهۆیەوە 3 هاوڵاتی کەوتنە ژێر داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکەیانەوە.[3]
- مانگی سووری کوردی ڕایگەیاند، لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا 300 هەزار کەس عەفرینی جێهێشتووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پارتی سۆسیالیستی ئەوروپا بانگەوازیی حکومەتی تورکی کرد، کە هێرشی بۆ سەر عەفرین بوەستێنێت و لە خاکی عەفرین بکشێتەوە.[3]
- هاوڵاتیانی کورد لە کەنەداوە تا ڕوسیا بۆ پشتگیریکردنی عەفرین لە سەر شەقامەکانن و هێرشی سوپای تورک شەرمەزاردەکەن.[1]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: بۆ هێرشکردنە سەر پەکەکە هاوکاریی تورکیا دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-03-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-03-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-03-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 77

**2018-03-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180318000000145932




باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو تۆپخانەکانی تورکیا گوندەکانی بەرمیزە و خواکورک و گەلیە ڕەش وچەند ناوچەیەکی تریان لە سنووری شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە شارۆچکەی سۆرانی لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆپباران کرد.[4]
- شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد - کەنەکە و نوێنەرانی بەشێک لە حزبەکان و پێکهاتە ئاینییەکانی باشوری کوردستان، کە 10 ئەم مانگە بەرێکەوتن بۆ عەفرین، گەیشتنەوە شاری هەولێر و لە پرێس کۆنفرانسێکدا باسی بارودۆخی عەفرینیان کرد.[4]
- سوپای تورکیا بە قوڵایی زیاتر لە 10 کیلۆمەتر خاکی باشووری کوردستانی لە سنووری سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران بەزاندووە، بەردەوام لە ڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە سەربازی زیاتر لە بەرزاییەکانی گوندی بەرمیزە دادەبەزێنێ و، بۆردوومان و تۆپبارانی سنوورەکە دەکات، ئەمەش ژیانی گوندنشینانی سەر سنووری تێکداوە و خەڵک لە دڵەراوکێدان.[3]
- لاهور شێخ جەنگی بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری/ زانیاری هەرێمی کوردستان پەیامێکی لەبارەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژانی دواتر بڵاوکردەوە و تیایدا داوای پێکهێنانی لیژنەیەک دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە.[2]
- ڕاوێژکارێکی ئاینیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر هەڵوێستی جدیی و کرداریمان نەبێت لەسەر ئەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر عەفرین، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، کە تورکیا باشوری کوردستانی داگیر بکات.[4]
- بەبۆنەی گیرانی عەفرین لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان خەڵکانێک وەک پشتگیریی عەفرین هاتنەسەر شەقامەکان و نارەزایی خۆیانیان دەربڕی.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوەکان باس لە بۆردوومانی چڕی تورک دەکەن بۆ سەنتەری عەفرین و گەرەکی مەحمودییە، هەروەها باس لەوەش دەکرێت کە شەڕ لە لێوار و نزیک ناوەندی عەفریندایە.[1]
- وتەبێژی ئۆپراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە ڕایدەگەیەنێت بەفەرمی ئۆپراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە رادەگرین و تەواوی هێزەکانمان لە دێرەزۆر دەکشێنینەوەو دەچینە عەفرین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سوپای تورکیا و گروپە توندڕەوەکان.[2]
- لە دەوروبەری عەفرین شەڕێکی هێجگار سەخت لەنێوان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە و چەتەکانی داگیرکەری تورک و تاقمە چەتەکانی دەقەومێت. هاوکات، لە ئاسمانیشەوە دەیان فڕۆکەی جەنگی ناو شاری عەفرین و دەوروبەری بەشێوەیەکی زۆر قورس بۆردوومان دەکەن. لە زەمینیشەوە موشەکخانە و تۆپخانەکانیش بەچڕی موشەک و تۆپبارانی سەدان هەزار هاوڵاتی مەدەنی دەکەن، کە هێشا لەشاردا ماونەتەوە و ئامادە نین بەجێیبهێڵن. لەگەڵ ئەمەشدا، لە

ئێوارەوە تا ئێستا زیاتر لە پازدە هەزار لە ئەندامانی تیمە تایبەتەکان و سەربازانی تورک و چەتەکانی ئەلقاعدە و بەرەی نوسرە، لەچەندین بەرەی نزیک شارەوە بەچەکی قورس هێرش دەکەن سەر سەنگەرەکانی شەڕڤانان.[1]
- هێرشە دڕندانەکانی سوپای تورک لە 58-ەمین ڕۆژیدا گەیشتە ناوەندی عەفرین، لە ئەنجامی بۆردوومان و تۆپبارانکردنی هاوڵاتیاندا سەدان هاوڵاتی کۆمەڵکوژکران.[4]
- سەرۆککۆماری تورکیا، ڕایگەیاند: لە کاژێر 8:37 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ عەفرین کۆنترۆڵکراوە و ئاڵای تورکیامان لە سەنتەری عەفرین هەڵکرد.[3] بەڵام یەپەگە هێشتا ئەمەی پشتڕاست نەکردووەتەوە و بەپێچەوانەوە دەڵێن کە شەڕی قورس لە ناوەندی عەفرین هەیە.[1]
- ساڵح موسلیم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەڤدەم ڕاگەیاند کشانەوە لە عەفرین مانای دۆڕانی جەنگ و دەستبەرداربوون لە خەبات نییە.[2]
- سوپای تورک و میلیشیا ئیسلامییەکان عەفرین تاڵان دەکەن.[1]
- لە هێرشێکی لێدە و ڕاکەی شەڕڤانان بۆ ناو عەفرین دەیان سەرباز و چەتەی ئیسلامی کوژران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- تا ئەمڕۆ هیچ دەوڵەتێکی خۆرئاوایی، کۆمەڵکوژیی عەفرینی بەهەند وەرنەگرتووە و هیچ فشارێکی ئەوتۆ نەخراوەتە سەر تورک بۆ وەستاندنی هێرشەکان.[1]
- لە چەندین وڵاتی ئەورووپی، کوردستانییان هێرش و داگیرکردنی عەفرینیان شەرمەزارکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 18-03-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 18-03-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 18-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 18-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 78

**2018-03-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180319000000145933




باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی ئەبەخی سەر بە وان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەند سیاسەتمەدارێکی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە و هەشت کەسیان دەستگیرکرد.[3]
- عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە و نوێنەری شاری (رحا) لە پەرلەمانی تورکیا رەخنەی توندی لە دەسەلاتدارانی تورکیا گرت و رایگەیاند ئێوە جگە لە ترازان هیچ بژاردەیەکی دیکە بۆ کورد ناهێڵنەوە.[1]
- سەفەر چاغلەر، لە زیندانیانی سیاسیی پەکەکە لە زیندانیی وان، بۆ شەرمەزارکردنی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن حکومەتی تورکەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و شەهیدبوو.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، پێنج چالاکی مەدەنیی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوەکانی موحسێن مورادی، ئاریوان شاکری، مێهران محەممەدی، عێرفان ساعدپەنا و سالار کازمی بانگهێشت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا. چوار کەس لەو چالاکانە پاش لێپرسینەوە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە ئازاد کران، بەڵام عیرفان ساعدپەنا دەسبەسەر و لە چارەنووسی هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە.[5]
باشووری کوردستان
- سەرەڕای نارەزایی حکومەتی هەرێم، ئیدارەی گەرمیانیش ماتەمینی فەرمیی بۆ عەفرین راگەیاند.[2]
- لە هەولێر، ئاساییش رێگری کرد لە گردبوونەوەیەکی نارەزایی لەبەردەم کونسوڵخانەی تورکدا.[2]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەمرۆ رایگەیاند ئاگری نەورۆز لە چوارچێوەی چالاکییەکی رەسمیدا لە گردی مامەیارە دەکرێتەوە، بەڵام سەرجەم ئاهەنگ و خۆشییەکان لەو بۆنەیەدا بۆ ماتەمینی عەفرین رادەگیرێت.[1]
- دژی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە، کارمەندانی تەندروستی لە دەڤەری راپەرین بایکۆتی دەوامی ناوەندە تەندروستیەکانیان کرد.[1]
- دوو بومەلەرزەی یەک لە دوای یەک شارۆچکەی کەلار و ناوچەکانی دەوروبەری هەژاند.[2]
- بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر رایدەگەیەنێت، بۆ رێکخستنی باری شەقام و کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ لە رۆژانی نەورۆزدا هەزار و 320 کارمەند لە ئەرکدا دەبن.[1]
- هێزێکی دژە تیرۆری یەکێتی گەیشتنە کەرکوک و بەپێی زانیاریەکانیش بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاهەنگەکانی راپەرین و نەورۆز لە شارەکە دەبن.[3]
- دەستەی پیشتوانی لە عەفرین بە بەشداری چالاکوانان و رۆژنامەنووسان خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم کونسڵخانەی روسیا لە شاری هەولێر ئەنجامدا.[3]
- سەندیکا و رێکخراوە تەندروستیەکان لە سلێمانی رایدەگەیەنن وەرگرتنی نەخۆشیان لە نەخۆشخانەکان راگرتووە و راشیدەگەیەنن، لەمرۆوە مانگرتنیان لە کار دەستپێکردووە.[1]
- لە گوندی حلەواتی رۆژئاوای کەرکوک، بەهۆی هێرشێکی چەتەکانی داعشەوە دوو هاوڵاتیی کوژران و سێ کەسی دیکەش برینداربوون.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- دەیان هەزار ئاوارەی عەفرینی لە گوند و شوێنە چۆڵەکانی باکووری پارێزگای حەڵەب نیشتەجێ بوون، کارەساتێکی مرۆڤییانەی لێکەوتووەتەوە. نە خۆراکی پێویست و نە دەرمان و نە هیچ شتێکی پێویستیان نییە.[2]
- باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی بۆمبرێژکراو لەنێو شاری عەفرین تەقییەوە، بەهۆیەوە 11 کەس کوژران، زۆربەی کوژراوەکانیش چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریان.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەبۆمبی مۆلۆتۆف هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی تورکیا لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک.[1]
- مەراڵ ئاکشەنەر هاوسەرۆکی حزبی باش لە تورکیا راپگەیاند، 726 سەربازی سوپای تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفریندا کوژراون.[4]

- پاتریک کۆکبۆرن، نووسەری بەشی سیاسیی ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنت لە وتارێکدا ئاشکرای کرد، کە ئەوانەی چوونەتە ناو عەفرینەوە هەمان چەتەکانی داعشن.[3]
- سەرۆک کۆماری تورکیا رایدەگەیەنێت، پاش عەفرین دەچینە منبج و کۆبانێ و قامیشلۆ و دەشلێت، شەوێک لەناکاو دەچینە شەنگال و پەکەکە دەردەکەین.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی سووریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیا و ئە و تاوانانەی کردوونی ئیدانە دەکات.[4]
- ژان ئاسێلبۆرگ، وەزیری دەرەوەی لوکزامبورگ دەڵێت، کە پێویستە ناتۆ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لێپرسینەوە لە ئەنقەرە بکات.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی میسر، ئیدانەی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە دەکات و دەڵێت: پێشێلکاریی سەروەریی سوریا جێگای قبوڵ نییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-23


کاتی تۆمارکردن: 2018-03-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 79

**2018-03-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180320000000145934



باکووری کوردستان

- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر، ماڵی چالاکوانان لە شارەکانی ئەنقەرە، ئەستەنبول، مێردین و شرناخ و دەیان کەسیان دەستگیرکرد.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ناوەندە مەدەنییەکان لە سنە، نەیانتوانی مۆڵەتی بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز وەربگرن و دەوڵەتی ئێران شوێنێکی دیاریکردووە بۆ بەڕێوەبردنی جەژن.[4]

باشووری کوردستان

- نەورۆزی ئەمساڵ لە باشووری کوردستان جیاوازە، ئەو پلانانەی بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز دانرابوو، بەهۆی ڕەوشی عەفرینەوە زۆربەیان هەڵوەشانەوە.[2]
- پارێزگاری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت هیچ یاسایەک نییە ڕێگری لەوە کردبێت ئەوان ماتەم ڕابگەیەنن و جەختیشدەکاتەوە تا ئێوارەی سبەینێ ماتەم بۆ ئاشتی بەردەوامە.[1]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە برینداراني عەفرین گەیەندرانە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی.[2]
- سوپای تورک ناوچەی زاپ-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکات.[3]
- دەستەی پشتوانی لە عەفرین خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان تا بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا ئەنجامدا و ئیدانەی بێدەنگیی ئەمریکایان کرد بەرامبەر عەفرین.[3]
- ژمارەیەک لە بەڕێوەبەری خوێندنگاکانی سنوری پەروەردەی کۆیە دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان لە پۆستەکانیان ڕاگەیاند،بەهۆی نیگەرانیان لە سیستەمی پاشەکەوتی مووچە.[1]
- بەشێک لە مامۆستایانی سلێمانی لەبەردەم پەروەردەی ڕۆژئاوا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و شەقامی سەرەکییان داخست.[1]
- مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامی جەژنانەی نەورۆزدا ڕایگەیاند، جێگەی داخێکی زۆرە کە عەفرین تووشی شەڕ و ڕووداوی ناخۆش بووەتەوە و ژیان و ئاسودەیی خەڵک کەوتووەتە بەر مەترسی.[2]
- خۆپیشاندانی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی هەڵەبجە لە فولکەی عومەری خاوەرەوە دەستپێکردن ئەوەش بەهۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت بە دابەشکردنی مووچەی بێپاشەکەوت.[1]
- مامۆستایان وکارمەندانی تەندروستی ڕاپەڕین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- پۆلیسی کەرکوک ڕایگەیاند، دوو تەرم دۆزراونەتەوە، کە کچ و کوڕێکە و پاش کوشتنیان سوتێنراون و شێواون.[3]
- دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت سەرەڕای ئەوەی داوا لە وەزارەتی دادی هەرێم کراوە گیراوانی سیاسی بەشەکانی تری کوردستان ڕادەستی تورکیا و ئێران نەکاتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم گیراوێکی سیاسی باکووری کوردستانی ڕادەستی تورکیا کردەوە.[1]
- بە پێی ئەو خشتەیەی کە لەلایەن هێڵی ئاسمانی عێراقییەوە نێردراوە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی سەبارەت بە دەستپێکردنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانیان، ئەمڕۆ یەکەم گەشت بۆ عەمان ئەنجام دەدات.[1]
- مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن لەژێر هیچ فشارێکدا لاهور شێخ جەنگی لە شارەکە کرابێتە دەرەوە، دەڵێت هێشتا لاهور شێخ جەنگی لەشاری کەرکوکە.[1]
- ژمارەیەک گەشتیار لەکاتی گەڕانەوەیان لەسلێمانییەوە لەسەر ڕێگەی کەرکوک - بەغدا کەوتنە بۆسەی داعشەوە و چەند کەسێکیش بوونە قوربانی.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هاوڵاتیانی عەفرین کە بە هۆی هێرشی حکومەتی تورک بۆ سەر ماڵ و خاکیان ئاوارەی شەهبا بوون، لە دۆخێکی سەختدان و داوای هاوکاری دەکەن.[3]

- سوپای تورک و چەتەکانی هاتووچۆیان لەناو عەفرین قەدەغەکردووە و گەنجەکان دەستگیردەکەن و دەیاننێرن بۆ زیندانەکانی تورکیا.[3]
- مەولود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو هەواڵانە دەکەن کە باس لە تاڵانکاری لەناو شاری عەفرین دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- گۆڤاری دێر شپیگێلی ئەڵمانی، بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک رەخنەی لە حکومەتی ئەڵمانیا گرت، کە چۆن چەتەکانی سوپای ئازاد بە تانکی ئەڵمانی عەفرین وێران دەکەن.[3]
- گروپی فێمێن، کە گروپێکی رادیکاڵی ژنانە، بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەک لە سەر ئەکاونتی رەسمی تۆرە کۆمەڵایەتییەکەیاندا پشتگیریان بۆ عەفرین دەربڕی.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە دوو رۆژ پشووی لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق راگەیاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 80

**2018-03-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180321000000145935



باکووری کوردستان
- سەدان هەزار کەس لە پارکی نەورۆزی ئامەد کۆبوونەتەوە و دروشمی بژی سەرۆک ئاپۆ و بژی بەرخۆدانی عەفرین دەڵێنەوە.[2]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی باغلەری شاری ئامەد-ی باوکری کوردستان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئەسرا سۆلین دال، ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی میزۆپۆتامیا و لە ماڵی خۆیدا دەستگیریان کرد.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لەبارەی چالاکیی ئەمڕۆی گەریلاکانەوە بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوی هەپەگەدا هاتووە: سەرلەبەیانیی نەورۆز، کاتژمێر 6:00ی سەرلەبەیانی لە ناوچەی تەپە خوەدێ سەربە شارۆچکەی شەمزینانی جولەمێرگ گەریلاکانمان چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا دوو سەربازی سوپای داگیر کەری تورکیا کوژران.[5]
- دوای ئەوەی سەربازانی تورک ڕێگریان کرد لە گەیاندنی دار بۆ مەیدانێک لە شاری ئورفە بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، پەرلەمانتاری کورد (عوسمان بایدەمیر) بە بۆینباغەکەی خۆی ئاگری نەورۆزی کردەوە.[1]
- تورکیا لە بەرانبەر جۆشی نەورۆز خۆی پێنەگیرا و سەدان کەسی دەستبەسەر کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە حکوومەتییەکان و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی لوقمان محەممەدزادە خێزاندار و تەمەن 37 ساڵ خەڵکی گوندیشمۆلە سەر بە شاری ڕەبەت بە سەختی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک شاری کەلاری هەژاند.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکەیان لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان بۆردوومانکرد.[4]
- لە بازگەی قەسرێ و گۆجار ئاساییشی پارتی ڕێگای نەدا هاووڵاتیان بەشداریی ئاهەنگی نەورۆز بکەن لە بناری قەندیل، پاشان بەهۆی زۆریی بەشداربووان و نارەزاییەوە ڕێگای بناری قەندیلیان کردەوە.[1]
- ڕێناس جانۆ، وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، دەبوو حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق مووچەی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی بە تەواوی بنێرێت و دەڵێت ناردنی بەمشێوەیەی ئێستا وا تێدەگەین عەبادی لە بەڵێنەکانی راستگۆ نییە و راستگۆش نابێت.[3]
- لە سەیرانگەی مەیدانۆکی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، لەکاتی خۆشی دەربڕین بەبۆنەی نەورۆز و بەهۆی تەقاندنی تەقەی خۆشی، لیوایەکی پێشمەرگە بەناوی خورشید عەزیز تەموون، تەمەن 64 ساڵ، کە لیوای فەرماندی تایبەتی هێزی پێشمەرگە بوو، گیانی لەدەستدا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بۆردومانی سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی بۆ سەر گوندەکانی کماڕێ و بەرادێ لە ناوچەی شێراوای عەفرین بەردەوامیی هەیە. بۆردومانەکان شەهید و برینداری لێکەوتووەتەوە.[5]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل – یەپەگە ڕایگەیاند، کە لە گوندی کیمار سەربە ناوچەی شێراوا لە عەفرین ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەک تەقێنراوەتەوە و پێنج سەربازی داگیرکەر کوژراون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی شارەوانیی شاری ناپۆلی ئیتالیا دەڵێت: پێویستە ڕێگریی لە حکومەتی تورک بکرێت و هێرشی سەر عەفرین بوەستێندرێت.[2]
- چوار حزبی یەکێتی کریستیانەکان، حزبی سۆسیال دیموکرات، حزبی چەپ و سەوزەکانی ئەڵمانیا داوایان لە ئانگێلا مێرکل، سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا کرد، لە بەرامبەر هێرشی سەر

عەفریندا بێدەنگ نەبێت.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند کە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لەلایەن تورکیاوە لە خاکی عێراقدا رەتدەکەنەوە.[3]
- تورکیا چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە کە لەبارەی منبج لەگەڵ ئەمریکا رێککەوتنیان هەیە و رێککەوتنەکە چەند هەفتەیەکی دیکە جێبەجێدەکرێت، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رەتیدەکاتەوە هیچ رێککەوتنێکیان لەوبارەوە لەگەڵ تورکیا هەبێت.[4]
- ئەنگێلا مێرکڵ-ی راوێژکاری ئەڵمانیا باسی لە عەفرین کرد و رایگەیاند: ئە و رووداوانەی لە عەفرین روویاندا، ئاوارەبوونی هەزاران سیڤیل و کوشتنیان جێی قبووڵکردن نییە و ئێمە بەشێوەیەکی توند ئیدانەی دەکەین.[5]
- سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، پەکەکە لە عێراق دەستی بە جموجۆڵ کردووە، وتیشی ئەگەر ئیدارەی ناوەندی عێراق، پەکەکە لە شنگال لەناونەبات ئێمە لەناوی دەبەین.[3]
- لە پەرلەمانی بەریتانیا پانێڵێک لەبارەی نەورۆز بەڕێوەچوو. پەرلەمانتارانی بەشدار لە پانێڵەکە داوا لە حکومەتی وڵاتەکەیان دەکەن گوشار بخاتە سەر تورکیا لە عەفرین بکشێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-03-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-21 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 81

**2018-03-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180322000000145936




باکووری کوردستان

- ئەمڕۆ پارێزگای بەدلیس لە 11 گوندی سەربە تەتوان، سێ گوند و دوو گەڕەکی سەربە مۆتکی قەدەغەی هاتووچۆی هاوڵاتیانی ڕاگەیاند.[4]

- هەریەکە لە ڕەزان ساریجە، فواد چۆشاچاک و چەنگیز چیچەک، سیان لە پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان، داواکارییەکیان پێشکەش بە داواکاری گشتی دادگای کۆماریی بۆرسا-ی تورکیا کرد.[3]

باشووری کوردستان

- شەوی رابردوو، فڕۆکەکانی تورک چەند گوندێکی ناوچەی باڵەییان لە شارۆچکەی چۆمان بۆردوومانکرد و 4 لاوی ئەو ناوچەیە بەناوەکانی: شەرۆ مەحمود، کاکە مستەفا وەرتی، دەرباز محەمەد بالیسانی و محەمەد ئیسماعیل وەرتی شەهیدبوون، شەهیدەکان دووانیان پێشمەرگە و دووانیشیان پارێزەرن، هەر چواریشتیان ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون.[1]

- فەرماندەیەکی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە)، رایگەیاند، سوپای تورکیا هیچ بەهانەیەکی نیە بۆ هێرشکردنە سەر شنگال و لە هەڕەشەکانی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا ناترسن.[2]

- فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی گیانلەدەستدانی چوار هاونیشتمانی لە باڵەکایەتی بەهۆی بۆردوومانی تورکیا راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت، پێویستە بەغدا سنوورێک بۆ پەلامارەکانی تورکیا دابنێت.[5]

- لە قەسرێ لەسەر داوای بەڕێوەبەری شارەدێی قەسرێ، ئاسایشی پارتی سێ چالاکوانی دەستگیرکرد، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئیدانەی هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی کرد. پاشتر ئەو چالاکوانانە ئازادکران.[4]

- هەر یەک لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیان کرد بۆ سەر هەرێمی کوردستان.[1]

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بۆردومانەکەی ئەمڕۆی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا رایدەگەیەنێت وێڕای هاودەردی و سەرەخۆشیمان بۆ خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان، نیگەرانیی خۆمان لە بەئامانجگرتنی دێهات و ئاوەدانییەکانی هەرێمی کوردستان دەردەبڕین.[2]

- لە دەوروبەری کاتژمێر 12:25 خوولەکی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک سلێمانی هەژاند و لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەستپێکراوە.[2]

- ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە کۆمپانیای ئەجیلیتی کوێتی و ئۆرەنجی فەرەنسی داوای یاساییان لەدژی سیروان بارزانی و دوو بەڕێوەبەری تری کۆمپانیای کۆرەک تێلیکۆم لەدادگایەی دوبەی دارایی نێودەوڵەتی تۆمارکردوە و بەخراپ بەڕێوەبردن و بردنی ملیۆنان دۆلار تۆمەتبارییان دەکەن.[6]

- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت پێویستە تورکیا و پەکەکە لەڕێگەی ئاشتییەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، جەختیشدەکاتەوە کە قبوڵی ناکەن سوپای ئەو وڵاتە بۆردومانی قەندیل بکات.[2]

- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ باشووری کوردستان راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و تێدا هاتووە: ئیدانەی بەردەوامیی هێرش و بەزاندنی سنوورەکانمان لەلایەن تورکیاوە دەکەین.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر بە تۆپی جۆری ئۆبیس، هێرشی کردە سەر گوندی بەرادێ لە ناوچەی شێراوای عەفرین و بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە شوێنەوارە مێژوویەکانی ئەو گوندە خاپوور بوون، کە یەکێک لە شوێنەوارەکان پەرستگەی گەورەی کلس-ە.[3]

- بەڕێوەبەرانی ناوەندی تەندروستیی شەهبا بانگەوازیان ئاراستەی شوێنە پەیوەندیدارەکان کرد، کە بە زووترین کات هاوکاری و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی بگەیێننە هاووڵاتیانی عەفرین لە

شەهبا.[3]
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە ناوەندی عەفرین لە دژی داگیرکەران چالاکیان ئەنجامدا، ژمارێکی زۆر لە داگیرکەرانی سوپای تورکیا کوژران. لە چالاکییەکەدا لانی کەم 10 سەرباز کوژران، کامیۆنێک و تراکتۆرێکیش کە کەلوپەلەدزراوەکانیان لێ بارکرابوو، تێکشکێنران.[3]
- شاندێکی باڵای ئەمریکیی لە منبیجە و لەگەڵ بەرپۆبەرانی شارەکەدا کۆبوونەوە، شاندەکە دەڵێن وەڵامی هەموو هێرشێکی تورکیا بۆ سەر منبیج دەدەنەوە.[4]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا کوژرانی سێ سەربازی سوپای تورکیای لە سەنتەری شاری عەفرین ڕاگەیاند.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند: ئەوەی لە عەفرین کردمان لە شنگال و قەندیلیش دەیکەین.[5]
- پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، بەردەوامن لە مانگرتن لە خواردن لەبەردەم بینای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری جنێڤی سویسرا.[4]
- لە ڕاگەیەنراوێکدا یەکێتی ئەوروپا بە توندی ئیدانەی کارە نایاساییەکانی تورکیا دەکات لە دەریای ناوەڕاست و دەریای ئیجە و ڕایدەگەیەنێت ئامادەیە بۆ هاریکاری تەواوی قوبرس و یۆنان.[2]
- هیومان ڕایتس ووچ لە دوایین ڕاپۆرتیدا ئاشکرایکردووە، کە سوپای تورک پەنابەرە سورییەکان یان دەیانکوژێت، یان بە کۆمەڵ سنووورداشیان دەکات، داواشی لە یەکێتی ئەوروپا کرد، کە بە دواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات.[4]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: منبج چۆڵناکەین و چالاکییەکانمان درێژە پێدەدەین، نیگەرانییەکانی خۆمان زۆر بە ڕوونی بە تورکیا ڕاگەیاندووە و داوامان لە تورکیا کردووە دۆخەکە هێوربکاتەوە.[5]
- لە دژی هاوکارییەکانی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ تورکیا فرۆشتنی چەک پێی و بێدەنگبوونی لەبەرامبەر کۆمەڵکوژییەکانی عەفرین، ژمارەیەک چەپی ئەڵمان لەبەردەم بارەگای سۆسیال دیموکراتەکان گردبوونەوە و بەشێکیشان چوونە ناو بارەگاکە.[4]
- کۆمەڵێک لایەنگری ئەردۆغان لە زانکۆی (بۆغازیچی) شیرینیان بەبۆنەی گرتنی عەفرینەوە بەناو خوێندکارەکاندا بەخشیەوە، بەڵام کۆمەڵێک خوێندکار دژی ئەو ڕەفتارە وەستانەوە و مێزی شیرینیەکەیان شێواند لەبەرامبەریشدا پۆلیس 13 خوێندکاری دەستگیرکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 22-03-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-03-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 22-03-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 22-03-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 22-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 22-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 82

## 2018-03-23

https://www.kurdipedia.org/?q=20180323000000145937



باکووری کوردستان
- لەزگین بۆتان، پەرلەمانتاری هەدەپە بە 18 ساڵ زیندانی سزادرا.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 03:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکانی باڵەکایەتی و کەسوکاری شەهیدانی سەرکان، خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لە گوندی چۆمساکی دۆڵی باڵەیانی-ی سەر بە شارەدێی قەسرێ لە شارۆچکەی چۆمان، تا گوندی وەسان بەڕێوەچوو.[5]
- پسپۆڕێکی بواریی ئاسایشی تورکیا ڕایگەیاند ئۆپراسیۆنی سنوور بەزاندنی تورکیا لەناو خاکی عێراق دوور لەچاوی میدیاکان و بەبێ دەنگیی دەستپێکردووە.[1]
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە هەواڵگیرییەکانی تورکیا بە نزمی بە سەر دەڤەری نهێل و چیای گارە و چیای مەتین و دەورووبەری سنوری ئامێدی دەستیانکردووە بە سووڕانەوە.[1]
- ئەمڕۆ و سبەی فێستڤاڵی ڕەنگەکان لە هەولێر ئەنجامدەدرێت، بڕیارە هەزاران کەس بۆ نەورۆز ڕەنگەکان بە ئاسماندا بڵاوبکەنەوە، تۆڕی گەنجانی نیشتمان ڕێکخەری فیستڤالەکەن، 6 تۆن ڕەنگ ئامادەکراوە ئاماژەی پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانن و سمان ڕەنگاوڕەنگ دەکەن.[2]
- سەندیکای کارمەندانی تەندروستی ڕایدەگەیەنێت، گەر تا ڕۆژی 1ی نیسان حکومەتی هەرێم وەڵامێکی ئەرێنیان لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی مووچە پێنەدات سەرجەم نەخۆشخانەکان لەکاردەخەن.[1]
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی داوای لە مامۆستایانی ئایینی کردووە لە وتاری ئەمڕۆیاندا باسی دۆخی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن کە خەڵکەکەی ئاوارە بوون.[1]
- کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە ڕایگەیاند: لە شنگال ئاسایش بەرقەرارە، لەسەر داوای حکومەتی عێراق و ئێزیدییەکان، گەریلاکانمان لە شنگال دەکشێنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان

- شەرڤانان لە گوندی کەفەرجەنێ-ی ناوچەی شەرەی- عەفرین، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوپای تورکیایان تێکشکاند، ڕاگەێندرا کە لەو چالاکییەدا 3 چەتە کوژران.[3]
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین ڕاگەیاند، لە ئەنجامی چالاکییەکی شەرڤانان لە شارەدێی ماباتا شەش سەربازی تورکیا کوژران و بریندار‌بوون.[2]
- ئاڵدار خەلیل هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری بزوتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (تەڤدەم) بەڵێندەدات وانەیەکی توندی سوپای تورکیا و بەکرێگیراوەکانی دەدەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە گەلی کورد دەکات و ئومێدەوارە ساڵی نوێ ساڵی ئاشتی و پێکەوەژیان بێت.[2]
- نارەزایەتییەکان لە هەمبەر داگیرکاری سوپای تورکیا وچەتەکان لە عەفرین هەتاکو دەڕوات پەرە دەستێنێت. کۆمەڵیک لە خوێندکارانی زانکۆی زوریخ بە دروشمیعەفرین بپارێزە چالاکییان بۆعەفرین ئەنجامدا.[3]
- دیوانی هاوسەرۆکایەتی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردستانیانی ئەورووپا (کەجەدەکە)، بانگەوازی ئاراستەی تەواوی کوردستانیان وئازادیخوازان کرد کە ڕێپێوانی 24ی ئادار/4ی خاکەلێوە بەشداری بەشکۆ بکەن لە ڕێپێوانی گرسەیی شاری کۆڵن-ی ئەڵمانیا.[3]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ کایەی ئاسمانیمان بۆ هەولێر دەکەینەوە و گەشتە ڕاستەوخۆیەکانیش تەنیا بۆ هەولێر دەکرێتەوە، بڕیارەکەمان سلێمانی ناگرێتەوە.[2]
- سەرککۆماری تورکیا ڕایدەگەیێنێ، بە عەفرین وازناهێنن، بەڵکو ئۆپەراسیۆن بۆ سەر ئیدلب و منبجیش ئەنجامدەدەن و لەگەڵ ئەو ناوچانەی لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتدا کۆنترۆڵیان کردن، بەیەکیان دەگەیێننەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-23
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-23

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-03-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 83
**2018-03-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180324000000145938




باکووری کوردستان
- پارێزگاری تورکیا لە جۆلەمێرگ، بە پاساوی دۆخی ئەمنی لە 30 ناوچەی سەر بە شاری جۆلەمێرگ قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆمیتەی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکان بۆ عەفرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ سێیەمین بانگەوازیی بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە ڕۆژهەڵات بڵاوکردەوە و وابڕیارە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵات چالاکی ئەنجام بدرێت.[4]
- هێزەکانی سەر سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سنوورەکانی سەردەشت-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەقەی ڕاستەوخۆ کۆڵبەرێکیان کردە ئامانج و برینداریان کرد.[2]
باشووری کوردستان
- کارمەندان و پزیشکانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بەهۆی دابەشنەکردنی مووچەکانیان بەبێ سیستمی پاشەکەوت، لە بایکۆت بەردەوام بوون، لەئێستاشدا تەنیا نەخۆشخانەی شۆڕش دەوامی تیادادەکرێت.[3]
- وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکیان نەناوە لەسەر ئەنجامەندانی گەشتی تورکیا بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و چاوەڕێی حکومەتی عێراقن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ تورکیا.[3]
- ژمارەیەک مامۆستا و فەرمانبەر و تەندروستکار و خانەنشینان لە هەولێر ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە رادەگەیەنن و ئاماژە بەوە دەکەن تا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە لە چالاکییەکانیان بەردەوام دەبن.[3]
- سەباح عەلی قارەمان، هەڵسووڕاوی گۆڕان ڕاگەیاند: بەهۆی ڕەخنەگرتنەوە، سەرکەوتی کوبە و پاسەوانەکانی لەناو گردەکەی گۆڕان، بە شەق و بۆکس و بە شێوازێکی نەشیاو، بەربوونە گیانم و لووتم تووشی خوێنبەربوون بووە و دەستێکیشم درزی بردووە.[6]
- دەستەی مامۆستایانی نارازی لە هەولێر پێکهێنرا و سبەی یەکەم خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن و بایکۆتی وانە وتنەوە دەستپێدەکەن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دەنگۆی بایکۆتی خوێندن لە سنوری هەولێر ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت مامۆستایان بەردەوام دەبن لە وانە وتنەوە.[3]
- جێگری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە ئاماژە بەوەدەکات، کەرتی تەندروستی کەوتووەتە حاڵەتێکی مەترسیدارەوە و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بەردەوامن لە مانگرتن و بایکۆتکردنی دەوام، دەشڵێت، لەوەتەی باکۆتکراوە حەوت هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوە و کە پێویستییان بەچارەسەر هەبووە.[3]
- هێزە ئەمنییەکانی هەولێر، بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت، ڕێگرییان لە ئەنجامدانی چالاکیی کرد بۆ پشتگیریی گەلی عەفرین.[4]
- لە دژی دەستدرێژی و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر گەلی کورد و ڕاگرتنی گەشتەکانی بۆ سلێمانی، لە شاری سلێمانی گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا و داواکرا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێتە دەنگ.[4]
- کاتژمێر 10ی ئەمشەو، بۆمبێکی لکێنراو لەژێر ئۆتۆمبێلێک تەقیوەتەوە و ژمارەیەک برینداری لێکەوتووەتەوە.[4]
باشووری کوردستان، چالاکییەکان بۆ کۆمەڵکوژیی عەفرین بە پێی کات و شوێن بەم شێوەیەن:
- شاری هەولێر، شوێن: پردی کەرکوک، بەردەم قونسوڵخانەی ئەڵمانیا، کاتژمێر 4ی پاش نیوەڕۆ.

- پێنجوێن، شوێن: بەردەم هەیکەلەکە، کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ.
- شاری سلێمانی، دوو چالاکی بەڕێوەدەچێت، چالاکی یەکەم، شوێن: ئەمنەسوورەکە کاتژمێر 3:30ی خولەک لێدوانی ڕۆژنامەوانیی. چالاکی دووەم لە سەهۆڵەکە، کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ، خۆپیشاندان.
- دەربەندیخان، شوێن: گەراجی بانیخێڵان، کاتژمێر 3:30ی پاشنیوەڕۆ.
- ڕانیە، شوێن: بەردەم باخی گشتی، کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ.
- سەید سادق، شوێن: سەر پردی ناوبازاڕ، کاتژمێر 3:30خولەکی پاشنیوەڕۆ.
- کەلار، شوێن: فلکەی ئاوارەکان، کاتژمێر3ی پاشنیوەڕۆ.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هاوڵاتیانی عەفرین کە پاش داگیرکاریی سوپای تورک، چەتەکانی نوسرە، قاعیدە و داعش چوونە شەهبا، لەو ناوچەیەدا شارێک لە چادر دروست دەکەن.[4]
- سوپای تورکیا لە سنووری عامودێ لە کانتۆنی قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان، هاووڵاتییەکیان کردە ئامانج و گوللەبارانیان کرد.[2]
- دەیان هەزار هاوڵاتی لە هەموو پێکهاتەکانی کانتۆنی گرێسپی، ئەمڕۆ دەڕژێنە مەیدانی نەورۆز لە گوندی کۆپرلیک و دژی داگیرکارییەکانی حکومەتی تورک گرددەبنەوە.[4]
- وتەبێژی یەپەگە لە عەفرین ڕایگەیاند، شەڕڤانان لە عەفرین چالاکییان دژی چەتەکانی سەر بە سوپای تورک ئەنجامداوە و 19 چەتەیان کوشتووە و 4 ئۆتۆمبێلی سەربازییشیان تێکشکاندووە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- ڕۆژی جیهانی بۆ پشتیوانیی عەفرین.[1]
- لە ڕۆژی جیهانیی عەفریندا، لە 36 گەورە شار و دەیان شارۆچکەی وڵاتانی سەرتاسەری جیهان خۆپیشاندان بەڕێوەچوون و کورد و هاوڵاتیانی ئەوڵاتانەش بەشداری چالاکییەکان بوون و سەرکۆنەی هێرش و داگیرکاریی تورکیایان بۆ سەر عەفرین کرد.[2]
- کریس ستیفن، پەرلەمانتاری پارتی نیشتیمانی سکۆتلاند دەڵێ وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەردەوام دەبین لە وروژاندنی کێشەکانی عەفرین و کوبانێ و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خەڵک و سڕینەوە و لەناوبردنی هاووڵاتیان. ئەمە بە تەواوەتی جێگەی قبوڵ نییە، ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لەجیاتی کوردەکان، نەک تەنها لە گلاسگۆ و سکۆتلاند، بەڵکو لە هەموو بەریتانیادا.[5]
- لە بەیاننامەیەکدا، ئەمڕۆ، کۆشکی ئەلیزی ڕایگەیاند: ئیمانویل ماکرون، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا نیگەرانی خۆی بە ڕەجەب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا ڕاگەیاندوە سەبارەت بەو دۆخە مرۆییەی لە شاری عەفریندا دەگوزەریت.[2]
- سایتی (دەبکا فایل)ی ئیسرائیلی بڵاویکردەوە، پلانەکان خێرا دەکرێن بۆ گواستنەوەی بنکەی ئەنچەرلیکی ئەمریکا لە باشوری تورکیاوە بۆ یۆنان کە گەورەترین بنکەی ئاسمانیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2018-03-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-03-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-03-24

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-24 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 84

**2018-03-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180325000000145939



باکووری کوردستان
- کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، لە بارەی هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورک بۆ سەر خاکی باشوری کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو تێیدا ڕایگەیاند: گەلی باشور پشتیوانی گەریلا دەکات بۆیە سوپای تورک دەیانکاتە ئامانج.[3]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر بە دروشمی "بروخێ دز" خۆپیشاندانی مامۆستایان دەستپێکرد. پاشان خۆپیشاندانەکە گرژیی تێکەوت و چەند کەسێک بریندابوون، ژمارەیەکیش لەلایەن ئاسایشەوە بردران و کامێرای هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانیش شکێندران.[1]
- خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەییەکانی شارۆچکەی سەید سادق دەستپێکرد و ڕێگای سەید سادق - سلێمانی-یان داخست.[1]
- لە دهۆکیش بایکۆت لە خوێندنگا و قوتابخانەکانی ئە و شارە ڕاگەیەنرا.[1]
- زۆربەی بانکەکانی ناو شاری سلێمانی بایکۆتیان لە دەوامکردن ڕاگەیاند و مووچەی فەرمانگە و وەزارەتەکانیش سەرفناکەن.[2]
- کارمەندانی کارەبای سلێمانی لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی کۆبونەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشکەوتی مووچە دەکەن.[2]
- خۆپیشاندان و مانگرتنی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی هەولێر لە بەردەم نەخۆشخانەی فێرکاری لە و شارە دەستپێکرد.[2]
- سەرجەم فەرمانگەکانی دادنووسانی سلێمانیش بایکۆتی دەوامکردنیان ڕاگەیاند و داوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە دەکەن.[2]
- لە ڕانیە گردبونەوەی مامۆستایان و تەندروستکاران و فەرمانبەران دەستپێکرد.[1]
- گردبوونەوەی مامۆستایان لە ڕواندز دەستپێکرد و خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشەکەوتی موچە دەکەن.[2]
- مامۆستایانی ناڕازی لە سنوری ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دژی پاشکەوتی

مووچە ئەنجامدا.[1]
- خۆپیشاندان لە نزیک مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ رویدا و بەهۆیەوە رێگای سەرەکی نێوان کەرکوک-سلێمانی داخرا.[2]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ جارێکی دیکە دەوڵەتی تورک ناوچەی نێروە و رێکانی سەر بە شارەدێی شیلادزێ-یان لە شارۆچکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک بۆردوومان کرد. بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکەوە هاوڵاتییەک بەناوی نیهاد مەحمود، تەمەن 35 ساڵ بەسەختیی بریندارببوو.[3]
- رێبوار تەها، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی (نیازی مەعمار ئۆغلۆ) لە رۆژی نەورۆزدا ئاراستەی کوردی کردوون و، بەوە تۆمەتباری کردوون کە هێرشێکی تیرۆریستییان لە رێگای داقوق خوورماتوو ئەنجامداوە، سکاڵا یاسایی لە دژی تۆمارکردووە.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا راگەیاند کە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانیان دژ بە هێزەکانی پەکەکە لە سنوری شنگال دەستپێکردووە.[1]
- مامۆستا بەدەل بەرواری سەرۆکی گروپی دەنگی مامۆستایان لە دهۆک لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا و پاشان ئازادکرا.[1]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سنوونێ بەوەکالەت رایدەگەیێنێت، گەریلاکانی پەکەکە لە شنگال کشاونەتەوە و سوپای عێراق و یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە) جێگەیان گرتوونەتەوە.[4]
- هێزێکی پۆلیسی فیدراڵی لە کەرکوکەوە کشاونەتەوە بۆ هەردوو شارۆچکەی خورماتوو و داقوق، وتەبێژی حەشدی شەعبیش نایشارێتەوە، کە لەسەر داوای بەرپرسانی ئەو دوو شارۆچکەیە، ئەو هێزەی پۆلیسی فیدراڵی جوڵەیان پێکراوە و لەبەر مەترسیی هێرشەکانی چەتەکانی داعش-ە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- لەشەقامی سوندوس لە شاری منبج، شەڕڤان دەروێش، سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی مینبج لە رێگەی چەکی قەناسەوە ئۆتۆمبێلەکەی کرایە ئامانج و بریندارکرا.[2]
- لە گوندی رەوای سەربە ناوچەی سەرێکانیی کانتۆنی حەسەکە مینێک بە دوو منداڵدا تەقییەوە و لە ئەنجامدا هەر دوو منداڵەکە کوژران.[3]
- بەپێی زانیاری سەرچاوەکانی نێو عەفرین، ناکۆکی لەسەر بەشکردنی ماڵ و کەلوپەلی دزراوی هاووڵاتیانی عەفرین لەنێوان چەتەکان دروست بووە و شەڕ هاتۆتە ئاراوە. لە ئەنجامی شەڕێکی قورسی نێوان ئەو دوو گرووپە چەتەیەدا، 10 کەس لە هەردوولا کوژراون و ژمارەیەکی زۆریشیان بریندار بوون.[5]
دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئەمڕۆ رایگەیاند، هیچ هێزێکی بیانی سنوری عێراق نەبەزاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ رواندز
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-20180-3
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-25
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-25
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2018-03-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-03-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 85
**2018-03-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180326000000145940



باکووری کوردستان
- بە پێی بەیاننامەی قایم مەقامی تورک لە مێردین، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە گوندی تانیەر، قەدەغەی هاتووچو راگەێنندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان سەرلەنوێ لە هەولێر دەستپێکرد و هێزەکانی پۆلیس، ئاسایش و پاراستن رێگریيان لێدەکەن بچنە بەردەم پەرلەمان.[4]
- بەیانی ئەمرۆ گردبوونەوە و خۆپیشاندانی مامۆستایان لەبەردەم پەروەردەی شارۆچکەی سۆران دەستپێکرد سەبارەت بە کێشەی مووچە و سەرۆکی لقی یەکێتی مامۆستایان لە و شارۆچکەیە لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای تر دەستگیرکران.[1]
- لە هەولێر، ژمارەیەک چالاکی مەدەنی و بەرپرسی بزووتنەوەی گۆڕان دەستگیرکران، یەک لەوان عەلی مەحمود محەمەد بوو، پاشان ئازاد کران.[4]
- لە سەنتەری پارێزگای دهۆک و لە شارەدێی شێلادزێی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی خۆپێشاندانی مامۆستایان دەستپێکرد دژ بە سیستمی پاشەکەوتی مووچە.[1]

- هێزێکی ئەمنیی زۆر لە چۆمان کۆکراونەتەوە بۆ ڕێگرییکردن لە بەرێوەچوونی خۆپیشاندان و مامۆستایان و فەرمانبەران و هاوڵاتیانی ناڕازیی-ش سورن لەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندان.[3]
- مامۆستایانی زاخۆ لەبەردەم بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی زاخۆ دەستیان بە گردبوونەوە کرد و داوای هەڵوەشانەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچە دەکەن. لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لە و شوێنە ئامادەبوون و ڕێگرییان لە بەردەوامی ئە و گردبوونەوەیەی مامۆستایان کرد.[1]
- کارمەند و ئەندازیارانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای دوکان مانگرتن لە کار و وەستاندنی تۆرباینەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای وێستگەکەیان تا چاککردنەوەی مووچەکانیان ڕاگەیاند.[1]
- لە زاخۆ، هێرش کرایە سەر پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان، عەلی حەمەساڵح.[4]
- یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان داوایەک ئاراستەی کونسڵخانەی تورکیا دەکەن لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دەستپێنەکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی.[1]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر رایدەگەیێنێ، بەدواداچوون بۆ ئەو حاڵەتە دەکەن کە کەسێک پەلاماری خۆپیشاندەرێک دەدات و لێیدەدات. دەشڵێت ئەو کەسەی شەقی وەشاندووە هەر کەسێک بێت و پلە و پۆستێکی هەبێت ڕووبەڕووی یاسای دەکەینەوە و دەبێت سزای خۆی وەربگرێت.[2]
- فڕۆکەکانی تورک دیسان ناوچەکانی برادۆستیان لە بادینان بۆردومانکرد و ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لەو ناوچانەدا دروستکرد.[4]
- سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رایدەگەیەنێت، لەسەر لێدان لە مامۆستا بەتەمەنەکەی هەولێر سکاڵا تۆماردەکەین و ناکرێت ئەوانەی شەق لە مامۆستا دەدەن سزانەدرێن.[1]
- سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند: هێزە ئەمنییەکان لە ناوەندی شاری هەولێر و دهۆک و شار و شارۆچکەکانی سەر بەو دوو پارێزگەیە ڕێگری لە ڕوماڵی گردبوونەوە و چالاکییە مەدەنییەکان دەکەن. سەنتەرەکە دەستنیشانی کردووە، هێزەئەمنییەکان لە زاخۆ کەناڵێکی یەکگرتووی ئیسلامییان داخستووە و لە هەڵەبجەش پەیامنێرێکی کەناڵی ئێن ئارِ تی دەستبەسەر کراوە.[5]
- لە گەڕەکی ئازادی ژمارەیەک چەکداری نەناسراوە بە دەسترێژی گوللە گەنجێکیان کوشت و پاشان بەئۆتۆمبێلێک هەڵاتوون. کوژراوەکە ناوی حەمزە محەمەد و پاسەوانی خوێندنگای پیرەمێردە لە گەڕەکی ئازادی و لەپێش بینای خوێندگاکە تەقەی لێکراوە.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- لە بازاڕی میللی شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- بەبۆنەی رۆژی نیشتیمانی وڵاتەکەیەوە، پانۆس کامینۆس، وەزیری بەرگری یۆنان لە لێدوانێکی دا هێرشی کردە سەر تورکیا.[1]
- لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورکەوە، سەرۆککۆماری تورکیا رایگەیاند تورکیا چاوەڕێ دەکات عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوو لەدژی پەکەکە لە شنگال ئەنجام بدات، ئەگەر نا، خۆی هێرش دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: دوکان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

🏢 شار و شارۆچکەکان:  ◯ دهۆک
🏢 شار و شارۆچکەکان:  ◯ سۆران
🏢 شار و شارۆچکەکان:  ◯ ئامێدی
🏢 شار و شارۆچکەکان:  ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏢 شار و شارۆچکەکان:  ♖ هەولێر
🏢 شار و شارۆچکەکان:  ◯ زاخۆ
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-03-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-03-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-03-2018
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 26-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 86
**2018-03-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180327000000145941




باکووری کوردستان
- بە هۆی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی سوپای تورکیا لە 37 گوند وگوندەڵۆک-ی ناوچەی لیجە وهێنێ-ی سەر بە ئامەد، قەدەغەی هاتووچو ڕاگەیێندرا.[3]
- هاوسەرۆکی هەدەپە داوای لە حکومەتی تورکیا کرد، عەفرین رادەستی خەڵکەکەی بکاتەوە و سوپای سوریای ئازاد و پاشماوەکانی داعش لەگەڵ خۆی بەرێت و شارەکە چۆڵبکات.[1]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان لە شاری هەولێر دەستپێکردەوە و خۆپیشاندەرێک لە ناو خۆپیشاندانەکەوە، لەلایەن چەند کەسێکەوە رفێنرا و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵیش لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەستگیرکرا.[1]
- سەرچاوەکان باس لە گرتنی دەیان خۆپیشاندەر دەکەن لە سنووری بادینان و 6 کەسیش برینداربوون.[4]
- هاوشێوەی مامۆستایان و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی کە بایکۆتی دەوامیان کردووە مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی هەڵەبجەش بایکۆتکردنی دەوامیان ڕاگەیاند.[1]
- لە سلێمانیش لەبەردەم دادگا خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە.[4]
- لە ڕانیە و کەلاریش مامۆستایان و فەرمانبەران خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە.[4]
- ئەمڕۆ جارێکی تر فڕۆکەکانی سوپای تورک بەشێک لە گوندەکانی نێوە و ڕێکان-یان لە بادینان

بۆردوومان کردەوە. بۆردوومانەکە گوندەکانی سارکێ و بێزەلێ و کۆکەرێ و شانکێ-یان کردوەتە ئامانج. هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک پردی شانکێ-یان تەقاندوەتەوە، کە چەندین گوند پێکەوە گرێدەدات، بەهۆی وێرانکردنی پردەکەوە، ڕێگەی نێوان ئە و گوندانە داخراوە. [5]
- شەوی رابردوو چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایە سەر دوو گوند لە سنووری شارۆچکەی گوڵاڵە (جەلەولا) و موختاری هەردوو گوندەکەیان کوشت.[2]
- لە کۆمەڵگەی کانی قرژاڵەی خۆرئاوای هەولێر دایک و کوڕێکی کوردی شەبەک لە ماڵەکەی خۆیان بە چەقۆ کوژران.[1]
- داواکاری گشتی هەرێم رایدەگەیەنێت، سکاڵای یاسایی دژی ئەوانە تۆماردەکات کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمدوایە دەستدرێژیان کردەسەر خۆپیشاندەران.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ: ژمارەیەک لە پارێزەران و کەسوکاری خۆپیشاندەران لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە و داوای ئازادکردنی ئە و کەسانە دەکەن کە ئەمڕۆ لە خۆپیشاندەنەکەی هەولێر دەستگیر کراون.[1]
- هێزێکی گەورەی عێراق گەیشتە شنگال و لە سنووری باشوور و رۆژئاوای کوردستان جێگیرکرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە تەقینەوێکدا لە ناوەندی شاری عەفرین بەدەیان سەربازی سوپای تورکیا کوژران.[3]
- لە چالاکیێکی شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە عەفرین 2 سەربازی سوپای تورکیا کوژران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا، بۆ پشتیوانی کردن لە عەفرین و دژ بە هێرشەکانی تورکیا و بیدەنگی ئەوروپا لە بەرامبەریان، خۆپیشاندانی مەزنی جەماوەری ڕێکخرا.[3]
- ڕێکخراوی گەنجانی پارتی سۆسیالدیموکرات (باڵی ئۆپۆزسیۆنی نێو پارتەکە) و ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیالیستی ئەڵمانیا - دی فالکەن (نزیکی هەمان پارتن) لەگەڵ ڕێکخراوی بەهاری سووری لە تاراوگە (تەبەنی ئەلسەورە)، ڕێکخراوی تەندروستیی ئینتەرناسیۆنال، ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردانی ئەڵمانیا - ناڤدەم و ڕێکخراوی جڤاکی ئازاد نامەیەکی هاوبەشی کراوەیان ئاراستەی هایکۆ ماس، وەزیری نوێی دەرەوەی ئەڵمانیا کرد. ئە و ڕێکخراوانە داوا دەکەن حکوومەتی ئەڵمانیا لە بەرانبەر سیاسەتەکانی تورکیا دژی کورد هەڵوێستیان هەبێت.[3]
- لە ڕەقەی ڕزگارکراو، کۆنگرەی دامەزرانی حزبی سوریای داهاتوو بە ئامادەبوونی سیاسەتمەدارانی کورد، عەرەب، سوریانی و ڕێشسپییەکانی عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان بەڕێوەچوو، تێیدا ئەنجومەن و سەرۆک بۆ پارتەکە هەڵبژێردران.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-03-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-03-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-03-2018
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 27-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 27-03-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 87

**2018-03-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180328000000145942



باکووری کوردستان
- لە مەراسیمی یادی هەفتەی قارەمانێتیدا موراد قەرەیلان ڕایگەیاند، کە هەزاران عەگید درێژەپێدەری ڕێبازی فەرماندە عەگیدن، ڕاشیگەیاند، کە 2018 ساڵی شەڕی گەورەی کورد و داگیرکاریی تورکیایە.[2]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی نارەزایی سەرتاسەری لە شارەکانی باشووری کوردستان بەردەوامیی هەیە.[1]
- لە هەولێر چەند رۆژنامەنووسێک دەستگیرکران، لەوانە هانا چۆمانی. بەڵام پاش ماوەیەک ئازادکران.[1]
- ژمارەیەک چەکداری پاراستن و ئاسایشی پارتی دەیانەوێت ژمارەیەک مامۆستای خۆپیشاندەر دەستگیر بکەن، هێزەکانی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانیش ڕێگرییان لێدەکەن و بەهۆیەوە شەرو روبەروبونەوە لەنێوانیان دروست دەبێت.[5]
- شەوی رابردوو چوار بوومەلەرزە لە سنوری رۆژئاوای گەرمیان بە گوڕی جیاجیا روویاندا.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند: بڕیارێکی باشمان داوە لە بەرژەوەندی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاریی گەورەمان لە مووچە کردووە و لە ئاییندەیەکی نزیکدا کۆتایی بە سیستەمی پاشەکەوت دەهێنین.[4] هەروەها لە هەمان کۆنگرەدا رایگەیاند: ❞ئەگەر خۆپیشاندەر چەقۆ و دەمانچەی پێبێت، ئێمەش وەک ئەوان رەفتار دەکەین❝.[1]
- ئەنجومەنی خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە دژی بڕیارەکانی ئەمڕۆی سەرۆکی حکومەت وەستانەوە و داوای نەهێشتنی بە تەواوی پاشەکەوتی موچەیان کرد.[2]
- لە زاخۆ شیلان شاکر، جێگری سەرۆکی تەڤگەری ئازادی و چەندین ئەندامی تری تەڤگەر لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران.[3]
- لە سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری دڵشاد مەریوانی لادەدرێت.[1]

- ئەو هێزەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کە چەند رۆژێکە چوونەتە شنگال، هێزێکی زۆریان کۆکردووەتەوە و دەیانەوێت بچنە نێو مەزارگەی شەرفەدین، بەڵام پێشمەرگە رووبەڕوویان وەستاون و رێگرییان لێدەکەن.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بروسک حەسەکە، وتەبێژی فەرمیی یەپەگە لە عەفرین، ڕایگەیاند، کە چەند چالاکییەک لە گەڕەکە جیاوازەکانی عەفرین ئەنجامدرا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا 16 سەرباز و چەتەی سوپای تورک کوژران.[2]
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لەسەر رێگەی نێوان عەفرین و جندرێس چالاکیان ئەنجامدا و لە ئەنجامدا دوو سەرباز کوژران و پێنج سەربازی دیکەش بریندار بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شارەوانیی جنێڤ پێشانگایەکی لەسەر تاوانی جەنگی دەوڵەی تورکیا و بەرخۆدانی کوردان لە ناوچەی سووری ئامەد کردەوە.[3]
- کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کۆتاییهات و رایگەیاند، ئەگەر هێزەکانی هەسەدە لە منبج دەرنەچن دەستپێشخەردەبن لە بەکارهێنانی هێز. لەبارەی پەکەکەش دەڵێت، عێراق کۆتایی بە چالاکییەکانی پەکەکە نەهێنێت، هەڵوێستمان دەبێت.[4]
- رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاند: هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بێڕێزیی بە ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن.[2]
- یونامی نیگەرانی خۆی دەربارەی ڕاپۆرتەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-03-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-03-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 28-03-2018

[5] 🙋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 28-03-2018
[6] 🙋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-28 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 88

**2018-03-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180329000000145943




باکووری کوردستان
- حکومەتی –ئەکەپە، لە هەڵسوکەوتێکی داعش ئاسادا، مۆنۆمێنتێک کە بۆ یادەوەری شەهید بونی 16 هاوڵاتی شاری نوسەیبین دروستکرابوو، خاپوردەکات.[2]
- لە سنووری شارۆچکەی هەزرۆ-ی ئامەد، لەکاتی بەرێوەچوونی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورکدا، شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، بەپێی میدیاکانی تورکیا، لەو شەڕەدا 6 سەربازی تورک بریندرابوون.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەموو لەسەر مەزاری پێشەوا لە مەهاباد ئامادە دەبین.[1]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران لە شارەکانی باشوورد دەستپێکردەوە.[1]
- هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی, شیلان شاکر، کە دوێنێ لە زاخۆ لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرابوو، ئازاد کرا.[2]
- دژەتیرۆری عێراق لە کەرکوک، داوا لە کەسوکاری شەهیدان دەکات، ئاڵای کوردستان لەسەر گۆڕی شەهیدەکانیان لە کەرکوک لابدەن.[3]
- هاوڵاتیانی ئێزدی لە شارەدێی سنونێ سەربە شەنگال خۆپیشاندانیان دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجامدا و داوایان لە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، هەڵوێستیان هەبێت.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، سەربازگەیەکی تورکیا بە چڕی گوندی دێریشکێی نزیک لە شارەدێ کانی ماسێ بە چەکی قورس بۆردوماندەکات و ترس و دڵەراوکێ دەخاتە دڵی دانیشوانی ئە و گوندە، بەڕێوەبەری شارەدێ کانی ماسێ-ش دەڵێت ئە و سەربازگەیەی کە بۆردومانەکەی کردووە ماوەی 10 ڕۆژە دروستکراوە.[4]
- وەزارەتی ناوخۆ بڕیارێکی دەرکردووە کە ڕێگا نەدرێت بارهەڵگر و تانکەرەکان ڕێگاکانی شەیتان ئاغجەلەر کە دەکەوێتە نێوان (چەمچەماڵ و کۆیە) بەکاربهێنن، بە و هۆیەوە شۆفێری تانکەرەکان لەسەر ڕێگاکە وەستاون و هاتوچۆکردنیان ڕاگرتووە و هاووڵاتیەکی زۆریش گیریان خواردووە.[4]
- نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، بەفەرمی داوای لێبوردنیان لە و مامۆستایە کرد کە لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی هەولێر لەلایەن دوو کەس لە هەولێر لێیدراوە، بەڵینیشیداوە هەردوو کەسەکە سزا بدرێت.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، سەرجەم بەڕێوەبەرەکانیان ئاگادارکردووەتەوە ڕۆژی یەکشەممەی ئایندە نەخۆشخانەکان بکەنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە گوندی دقێ لە ناوچەی ڕاجۆ لە کانتۆنی عەفرین چالاکییەکیان لە دژی چەتەکانی تورکیا ئەنجامدا و بەو هۆیەوە 7 فەرماندە و چەتە کوژران.[2]
- لە گوندی دیکەی ناوچەی ڕاجۆی عەفرین، شەرڤانان بارەگایەکی چەتەکانی تورکیایان تەقاندەوە و بەهۆیەوە 7 چەتە کوژران. لە عەفرینیش لە 2 چالاکی دیکەدا 21 چەتە کوژران.[2]
- هێزەکانی سوپای ڕوسیا بە جلی سەربازییەوە هەوڵیادا هاوکاریی بەسەر هاوڵاتیانی ئاوارەی عەفرین لە شەهبادا دابەش بکەن، بەڵام هاوڵاتیان وەریان نەگرت و وتیان ڕوسیا هۆکاری ئەم

دۆخەی ئێمەیە.[4]
- لە دەوروبەری شاری منبج لە باکووری سووریا بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی سەربازانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش تەقییەوە، بەهۆیەوە 2 سەرباز کوژران کە یەکێکیان ئەمریکی بوو و 5 سەربازی دیکەش برینداربوون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراق یاسای بودجەی 2018ی عێراق ئاڕاستەی وەزارەتی داد کرد، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائیعی عێراق بەبێ ئەوەی ئیمزای پەسەندکردنی لەسەر بکات.[4]
- شاندێکی باڵای رۆژئاوای کوردستان و باکوری سووریا کە لە بەرپرسانی خۆبەڕێوەبەریی رۆژئاوای کوردستان و باکوری سووریا پێکهاتووە، ئێوارەی ئەمڕۆ لە کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس، لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەرەنسا کۆبوونەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-03-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-29

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 89

**2018-03-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180330002806147746




باکووری کوردستان
- ئەمرۆ بەشێک لە میدیا تورکییەکان بڵاویانکردەوە، گەریلاکانی هەپەگە لە شارۆچکەی دیهێی سەربە سێرت لە باکوری کوردستان چالاکییەکیان لە دژی سوپای تورکیا ئەنجامدا، میدیا تورکییەکانیش ئاشکرایان کردووە، کە پێنج سەرباز کوژران و حەوتی دیکەش برینداربوون.[2]
- لە پارێزگای ئیدیر، پاسێکی نەفەرهەڵگر خۆی بە ستوونی رووناکی سەر شەقامە گشتییەکاندا کێشا، و بەهۆیەوە وەرگەڕا و لە ئەنجامدا 17 کەس گیانی لەدەستدا و 36 کەس برینداربوون.[3]
- لە ئەدەنا-ی باکووری کوردستان، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیان و 35 هاووڵاتی دەسبەسەر کرد. لە ناو گیراوەکاندا منداڵێک و 5 ژن هەیە.[4]
- سوپای تورک لە چیای جودیی سەربە شرناخ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی دەستپێکرد.[1]
- عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە لە بازنەی رووها، رایگەیاند، کە ئەوان وەکو هەدەپە لەگەڵ چارەسەری کێشەکانی کوردن لە باکووری کوردستان لەرێگەی دانوستاندن و گفتوگۆ، رەخنەش لە حکومەتی تورکیا دەگرێت کە ئێستا ئەوان دانوستاندنیان ناوێت و لێی دووردەکەونەوە. جەختیشدەکاتەوە کە تورکیا رۆڵی لە تێکچوونی رەوشی کەرکووک و، چوونی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ شارەکە هەبووە.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەندامێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات لە شارۆچکەی سۆران بەناوی ئەحمەد ئێرانی بە دەسترێژی گەڵلە کوژرا.[1]
- هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سنوورەکانی شاری بانەی سەربە پارێزگای سنە تەقەیان لە کۆڵبەرێکی گەنج کرد و بە سەختی برینداریان کرد.[5]
باشووری کوردستان
- ئەندامێکی ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی باس لەوەدەکات کە رەشەبا لە سلێمانی چادرەکانیانی تێکداوە، بەڵام چاکیان کردوونەتەوە، دەشڵێت تا سیستمی پاشەکەوت بمێنێت بەردەوام دەبین لە خۆپیشاندان.[2]
- بەهۆی قورولیتە و هاتنەخوارەوەی کەرتە شاخێکی گەورە لەبەرەبەیانی ئەمرۆ، رێگای سەرەکی چۆمان و دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران داخراوە و بەوهۆیەوەش دەیان ئۆتۆمبێل گیریان خواردووە.[2]
- لە بەردەم دادگای سلێمانی خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران و چین و توێژە جیاوازەکان بەرێوەچوو و شەقامی سەرەکی رۆشتن بەرەو شارەکەیان داخست.[2]
- پۆلیسی سۆران رایدەگەیێنێت، ئەوکەسەی ئەندامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ئەحمەد ئێرانیی کوشت، کوڕەکەی خۆی بووە.[3]
- کۆچی دوایی نووسەر و مافناس مستەفا عەسکەری.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی راگەیاندنی یەپەگە ئاشکرایکرد، شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە، لە شارۆچکەی بلبلێ-ی سەر بە عەفرین، تانکێکی سوپای تورکیان تێکشکاندووە و 4 سەربازیشیان کوشتووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە کاردانەوەی کۆبوونەوەکەی شاندی رۆژئاوای کوردستان و سەرۆکی فەرەنسا، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا رایگەیاند، نێوەندگیری فەرەنسا بۆ هەسەدە قبوڵناکەن.[3]
- سەرۆککۆماری تورکیا دەڵێت، رێگەنادەن شنگال ببێتە جێگرەوەی قەندیل بۆ پەکەکە، ئامادەکارییان بۆ ئۆپەراسیۆن کردووە و شەوێک لەناکاو بەسەریاندا دەدەین.[3]
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە سوپای تورکیا هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ دروستکردنی سێ بنکەی سەربازیی لە باکووری عێراقدا، ئامێرەکانی کارکردن سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی رێگاکانن بۆ دروستکردنی رێگای قیرتاوکراو بۆ گرێدانی بنکە سەربازییە پێشووەکان لەگەڵ ئە و بنکە سەربازییانەی بەنیازی دروستکردنیان. هەروەها گرێدانی رێگاکان بە تورکیا بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی هێزەکانیان.[3]

- جێگری سەرۆک وەزیران و وتەبێژی حکومەتی تورکیا رایدەگەیەنێت، فەرەنسا دەبێتە ئامانجی تورکیا ئەگەر بێت و بەردەوامبێت لە پشتیوانیکردنی تیرۆریستان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: سێرت

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-03-30

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-03-30

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-03-30

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-03-30

کاتی تۆمارکردن: 2018-03-30 12:28:06 AM

ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 90

**2018-03-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180327100708147669



باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران لە شار و شارۆچکەکانی باشوور بەردەوامیی هەیە.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ سەرجەم گیراوان لەمامۆستایان و فەرمانبەرانی هەولێر کە لای پۆلیس دەستگیرکرابوون، ئازادکران.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزە هاوبەشەکانی سوپای عێراق لە رۆژئاوای شارۆچکەی ئامرلی و ناوچەی غەرە لە باشووری خورماتوو ئۆپەراسیۆنێکیان دژی شانە نووستووەکانی داعش دەستپێکرد، بەهۆی خۆتەقاندنەوەی خۆکوژێکەوە، سێ چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[2]
- سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند زانیاریان هەیە بەشێک لەهێزە سەربازییەکانی عێراق لە کەرکوک و خورماتوو تێوەگلاون لەوەگرتنی سەرانەی نایاسایی و دزینی نەوت و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی.[3]
- لێپرسراوی کۆمیتەی شارەدێی جەبارە-ی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت، هێزێکی پۆلیسی فیدراڵی عێراق، هەڵیانکووتاوەتە سەر گوندێکی کوردنشینی سەر بە شارەدێکە و وێڕای سوکایەتیکردن گوندنشینانی گوندەکە، 8 هاوڵاتی کوردیشیان ڕفاندووە.[1]
- تەرمی شوانێکی کورد بە کوژراویی لە سنووری شارۆچکەی خورماتوو دۆزرایەوە، لێپرساوی کۆمیتەی یەکێتیش لە شارەدێی جەبارە ڕایدەگەیەنیت، کە ئەو شوانەی لەلایەن هێزەکانی پۆلیس فیدرالی و حەشدی شەعبییەوە لە گوندێکی شارەدێی جەبارە ڕفێندرابوو.[1]
- لەدژی دەنگۆی داخستنی گومرگی نێوان شەنگال-ڕۆژئاوای کوردستان، هاوڵاتیانی شەنگال خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و داواکارییەکانی خۆیان گەیاندە بەرپرسانی ئەو هێزەی سوپای عێراق، کە لە گومرگەکە جێگیربووە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر رایدەگەیەنێت، رۆژی یەکشەممە 01-04-2018، لە سەرجەم قوتابخانەکان دەوامی ئاساییە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە گوندی دێر سەوانی سەربە شارۆچکەی شەرای کانتۆنی عەفرین بارەگایەکی چەتەکانی سەربە تورکیا تەقێندرایەوە و لە ئەنجامدا زیاتر لە 30 چەتە کوژران. چالاکییەکە لەلایەن شەرڤانانی یەپەژە و یەپەگەوە ئەنجامدراوە و بارەگاکەش هی چەتەکانی سوڵتان موراد بووە، کە دەستەیەکی سەربە سوپای تورکە.[1]
- دەنگی ئەمریکا (VOA) بڵاوی کردەوە ئەمریکا سەربازانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی خۆی لە شارۆچکەی منبج زیاد کردوە.[3]
- لە ئەنجامی کەمینێکی شەرڤانانی یەپەگە بۆ کاروانێکی چەتەکانی سەربە سوپای تورک، کە بەرە و عەفرین بەڕێوەبوون، حەوت چەتە کوژران.[1]
- ئەمڕۆ 26 بارهەڵگری هاوکاری مرویی کە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی جەزیرە و مانگی سووری کوردەوە کۆکرابویەوە، گەیشتە کانتۆنی شەهبا کە هاووڵاتیان عەفرین لەوێ بەجێکراوون.[5]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سپی داوای لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە بەکارهێنانی ئەو 225 ملیۆن دۆلارە بوەستێنێت کە بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشی سووریا و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا دانراوە.[2]
- لە کۆنگرەی "ئازادکردنی عەفرین" کە لە ژێر چاودێری تورکیا لە شاری غازی عەنتاب بەڕێوەچووە، بڕیاردرا عەفرین وەک بەشێک لە پارێزگای خاتایی تورکیا بەڕێوەبرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

🏢 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 31-03-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 31-03-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 31-03-2018
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 31-03-2018

کاتی تۆمارکردن: 27-03-2018 10:07:08 AM
ناوی تۆمارکار: نالیا ئیبراهیم

---

بابەت: 91

**2018-04-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180401000000146525



باشووری کوردستان
- لە هەندێک شارۆچکەی باشووری کوردستان خۆپیشاندانی نارەزایی مامۆستایان و فەرمانبەران دەستپێکردەوە.[1]
- دوای چەند رۆژێک لە بایکۆت و راگرتنی دەوام لە ناوەندە تەندروستییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین، دەوامی ئەو ناوەندانە دەستپێکردەوە. نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەڵێت، لەپێناو خەڵکی کەمدەرامەت گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.[3]
- جارێکی تر بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بایکۆتی دەوام و وەستاندنی مامەڵەی هاوڵاتیانی راگەیاند.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، بەچڕیی دەستیان بە بۆردوومانکردنی چەند ناوچەیەکی قەندیل و برادۆست کردەوە.[1]
- لە شارۆچکەی کانی ماسێ لە سنووری ئامێدی، سوپای تورکیا تەقە بە ئاراستەی ماڵەکان دەکات، بەهۆیەوە ترس و دڵەڕاوکێی لەنێو دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دروستکردووە.[3]
- حکومەتی عێراق رایدەگەیەنێت هیچ رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێم نییە بۆ پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و دەڵێت هەولێر دەتوانێت مووچەی تەواوی هەموو مووچەخۆرانی هەرێم بدات.[2]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لە مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە لە ئەنجومەنی وەزیران کرا.[2]

- مەلا کەریم شکور، بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی رایدەگەیێنێ، کۆتایی ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە خورماتوو، بەڵام تەنیا بۆیان هەیە چەکی کلاشینکۆف لەگەڵ خۆیان ببەنەوە، ئەویش بەشێوەیەکی دیاریکراو.[3]
- وەزیری پەروەردەی هەرێم رایدەگەیەنێت، ئەگەر مامۆستایان لە دەڤەری سلێمانی و رانیە و گەرمیان و هەڵەبجە نەچنەوە هۆڵەکانی خوێندن، ئەوا رەنگە بڕیارێک بدرێت کە بەدڵی هیچ کەسێکمان نەبێت.[2]
- بومەلەرزەیەک هەڵەبجە و دەوروبەری هەژاند.[1]
- لە شارۆچکەی ماوەت بەهۆی دەستکاریکردنی مینەوە دوو کەسی تەمەن 27 ساڵ و 35 ساڵ گیانیان لەدەستدا.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- داگیرکەری تورک و چەتە ئیسلامییەکان بەردەوامن لە گواستنەوەی ماڵە عەرەب و تورکمانەکان بۆ نیشتەجێکردنیان لە ناوچەکانی عەفرینی داگیرکراو.[1]
- لە گەڕەکی مەحمودییە لە عەفرین، شەرڤانان چالاکییەکیان ئەنجام داوە و لە ئەنجامیدا نۆ چەتەی سەربە سوپای تورک کوژراون. هەروەها لە نزیک فلکەی کاوەی ئاسنگەر، شەرڤانان چالاکییەکیان ئەنجام داوە، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا سێ چەتەی سەربە سوپای تورک کوژراون.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕاوێژکارێکی باڵای رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا لەبارەی ڕۆڵی ڕووسیا لە عەفرین رایگەیاند، ئەگەر ڕووسیا ئاسمانی عەفرینی بۆ نەکردینایەتەوە، یەک فڕۆکەشمان نەیدەتوانی ناوچەکە بۆردمان بکات.[2]
- لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەمپەینێک بۆ بایکۆتکردنیی گەشتیاریی تورکیا ڕاگەیەندرا، ئەوە لە کاتێکدایە کە حکومەتی تورک بۆ داهاتیی ساڵی 2018ی حسابی سەرەکیی لە سەر کەرتی گەشتیاریی کردووەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 01-04-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 01-04-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 01-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 92

**2018-04-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180402000000146526



باکووری کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل - هەپەگە، لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی ئاداری لە باکووری کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند لەو مانگەدا 30 هێرش کراوەتەوەسەر داگیرکەری تورک و نزیکەی 99 سەربازی تورکیش کوژراون.[4]
- پارێزگەی جۆلەمێرگ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکی و بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەی مانگێک لە تەواوی شاری جۆلەمێرگ ڕاگەیاند. پارێزگە دەستنیشانی کردووە کە لێدوان، هەڵدانی چادر، دانانی مێز و چالاکی هاوشێوە لە تەواوی شار قەدەغەیە. پارێزگەی جۆلەمێرگ چالاکییەکانی بەرپرسانی دەوڵەت، وەک کۆبوونەوە، مەڕاسیم، ئاهەنگ و ناشتنی تەرمی سەربازەکانی بەسەربەستی هێشتەوە.[5]
- هەریەکە لە بیشەنگ مەتە هاوسەرۆکی لقی سلۆپی-ی پارتیی هەرێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە و دەلیل ئورەک، جەمیلە ئالیاناک و مستەفا ئوگەت بەرپرسانی پارتیی دیموکراتیی گەلان - هەدەپە، کاتێک لە ناوچەی هەزەخ-ی جزیر تێدەپەڕین، لە لایەن پۆلیسی تورکیا دەستبەسەر کران و گواسترانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی جزیر.[5]
باشووری کوردستان
- ڕێگای نێوان هەولێر و مەخموور کرایەوە.[1]
- کاتژمێری 04:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکە دەنگییەکانی تورکیا، گوندی گوندی بێرچم-یان لە سنووری شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر بۆردوومان کرد.[3]
- کاتژمێر 11، پێش نیوەڕۆ لە ڕۆژی جیهانی ئوتیزم لە هۆڵی زەیتون لە ناو پارکی سامی عەبدولڕەحمان، کۆمەڵەی ئوتیزمی کوردستان مەراسیمێک ساز دەکات و چەند چالاکیەک ئەنجام دەدات تیایدا ئاماری توشبووانی ئوتیزم دەخرێتە ڕوو.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستار بە بڕیاری کەجەکە لە شەنگال کشانەوە، هاوڵاتیانی شەنگال بە ئەنجامدانی مەراسیمێکی شکۆدار ئەو گەریلایانەیان بەڕێکرد.[3]
- خۆپیشاندانی بەشێکی زۆر لە مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و فەرمانبەرانی دامودەزگا حکومییەکانی هەڵەبجە دەستیپێکردەوە، خۆپیشاندەران سورن لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان کە خۆی دەبینێتەوە لە خەرجکردنی مووچەی بێ پاشەکەوت و خەرجکردنی مووچە هەموو 30 ڕۆژ جارێک.[2]
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی ڕایگەیاند، مەترسی لەسەر دۆخی پەروەردە هەیە لە شاری سلێمانی، چونکە ئەگەر یەک هەفتەی تر دەرگای خوێندنگەکان نەکرێتەوە خوێندن دەفەوتێت.[2]
- دلۆڤان ئیدریس بارزانی، برای نێچیرڤان بارزانی، بە جەڵتەی دڵ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.[1]

- هەفتەنامەی (چاودێر) کە مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەریەتی، رادەگیرێت و چیدیکە دەرناکرێت. لەبارەی هۆکارەکەیشی مەلا بەختیار دەڵێت: گیرفانمان لەمە زیاتر بڕی نەکرد.[4]

رۆژئاوای کوردستان

شەوی ڕابردوو شەڕڤانان لە دژی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک لە عەفرین چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلەکە تێکشکێندرا و ژمارەیەک سەربازیش کوژران.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆک کۆماری تورکیا رایدەگەیەنێت، بە حکومەتی بەغدایان وتووە چارەسەری پەکەکە بکەن، دەڵێت ئەگەرنا ئێمە دێین و لە شەنگال پەکەکە چارەسەردەکەین، بۆ هەموو ئەمانە مۆڵەت لە هیچ کەس وەرناگرین و تەماشای چاوی هیچ کەس ناکەین.[2]

- سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ، لە لاپەرەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، وەڵامێکی توندی ئەردۆغانی داوەوە کە کردەوەی سوپای ئیسرائیلی لە بەرانبەر خۆپیشاندەرە فەلەستینییەکان بە نائەخلاقی ناوبردبوو. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە تویتەکەیدا دەڵێت: ئەوانەی باکووری قوبرس و ناوچە کوردییەکانیان داگیرکرد و هاووڵاتیانی سیڤیلی عەفرینیان سەربڕی، بۆیان نییە باسی بەها و ئەخلاق بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جولەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-02

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-02

[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-04-02

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-02 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 93

**2018-04-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180403000000146527



باکووری کوردستان

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیس-ی تورکیا هەڵیکوتایە سەرماڵی هاووڵاتیان و هاوسەرۆکی هەدەپە-ی ناوچەی رێیا ئارمووش و بەڕێوەبەری ناوچەی نووری گور، عەلی بەیاز وفیکرەت دومان و 12 کەسی دیکەیان دەسبەسەر کرد.[3]

- پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی، مورات چەپنی، راوێژکاری هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە و دەسبەسەریان کرد.[3]

- بە بۆنەی کۆچی دوایی دلۆڤان ئدریس بارزانییەوە، کەجەکە، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی بارزانی کرد.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- 7 هاوڵاتی دانیشتووی شارۆچکەی قەڵادزێ، بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا بەهارەییەکان، ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان کردووە، بەڵام لەلایەن هێزێکی ئێرانییەوە بەتۆمەتی بەزاندنی سنوور هەرحەوتیان دەستگیردەکرێن.[5]

- بازاڕیان و دووکاندارانی شارەکانی: سەقز، جوانرۆ و مەریوان بە داخستنی بازاڕ داوای کردنەوەی سنوورەکانیان کرد.[6]

باشووری کوردستان

- خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران لە سلێمانی دەستپێکردەوە یەکێک لە رێگا سەرەکییەکانی بەردەم دادگای سلێمانیان داخست.[1]

- خۆپیشاندانی تەندروستکاران لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کۆتایی پێدێت و ماوەی مانگێک وەک مۆڵەت بۆ حکومەت دادەنێن.[4]

- یەکەم ڕۆژی پرسەی دلۆڤان ئیدریس بارزانی لە پیرمام بەڕێوەدەچێت.[1]

- عومەری سەید عەلی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە ئێوارەی ئەمڕۆ لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامی دا، وێڕای پێشکەشکردنی پرسە و سەرەخۆشی، هاودەردی و هاوخەمیی خۆیشی بۆ خانەوادەی بارزانی دەربڕی و هیوای خواست ئەمە دوایین کۆست و ناخۆشیی خانەوادەی بارزانی بێت.[1]

- فەرمانگەکانی سەر بە حکومەتی کوردستان گەڕانەوە مەخموور.[2]

- جووتیارانی هەرێمی کوردستانی لە دادگای ئیداری لە بەغدا، سکاڵا لە دژی وەزیری بازرگانی عێراق تۆماردەکەن، ئەم هەڵوێستەی جووتیاران کاردانەوەی خەرجنەکردنی شایستە دارییەکانی چوار ساڵی ڕابردوویانە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی روسیا بەمەبەستی بەشداریکردن لە رێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی وێستگەیەکی ئەتۆمی لە شاری (مەرسین)ی تورکیا گەیشتە ئەنقەرە.[4]

- تەلەفزیۆنی حورە-ی ئەمەریکی لە زاری چەند سەرچاوەیەکی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) بڵاویکردەوە، چەندین فەرماندەی سەربازیی وەزارەتەکە پێشنیازی زیادکردنی هێزی ئەمەریکایان لە خاکی سووریا پێشکەشی دۆناڵد ترەمپ-ی سەرۆکی ئەمریکا کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قەڵادزێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری rووداو - 2018-04-03
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-03
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-03
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-03
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-04-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 94

**2018-04-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180404000000146528



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی (دەبەپە)ی شاری رەحا و 5 کەسی دیکە کە بۆ پیرۆز کردنی ساڵرۆژی لەدایک بوونی عەبدوڵا ئۆجالان، سەردانی ماڵی موحەمەد ئۆجالان-ی برای لە گوندی ئامارایان کردبو، لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە دەستگیر کران.[3]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا ناوچەکانی سنووری زاخۆیان تۆپبارانکرد، بەو هۆیەوە دەروازەی سنووریی سێمالکا داخرا.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی سەید سادق ئاماژە بەوەدەکات لە کۆبونەوەماندا لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکەمان داواکاری 60 بەڕێوەبەرو یاریدەدەرمان رەتکردەوە کە داوای دەستلەکارکێشانەوەیان کردبوو، هاوکات داوامانلێکردوون لە ئەمڕۆوە دەستبکەنەوە بە دەوام.[1]
- لە گوندێکی قەرەتەپە بەهۆی شەڕی سوپای عێراق و داعش گوللەهاوەنێک دەکەوێتە ماڵێکەوە و کچێک دەکوژێت و سێ ئەندامی هەمان خێزان بریندار دەکات.[2]

- سەرۆکی بەرەی تورکمانی، ڕایدەگەیەنێت: هەرگیز ڕێگا نادەین هێزەکانی پێشمەرگە بێنە کەرکوک و هەموو ڕێگاکان بۆ پوچڵکردنەوەی ئەو پلانە دەگرینە بەر.[5]
- بەیانی ئەمڕۆ، هۆتێل ئەربیل ڤیو لە هەولێر گڕی گرت و وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێریش ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی تینی ئاگرەکەوە کارمەندێکی هوتێلەکە لە قاتی شەشەم خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و گیانی لەدەستداوە و چەند کەسێکی تریش بە سەختی بریندداربوون.[1]
- لە قەڵادزێ خۆپیشاندان دەستپێکردەوە.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ، کارمەندانی ناڕازی تەندروستی چەمچەماڵ ڕایانگەیاند، درێژە بەبایکۆت دەدەن.[1]
- لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە شارۆچکەی مەخمور-ی سەر بە پارێزگای موسڵ، 11 هەمین فیستیڤاڵی کلتور و وێژە کۆتایی هات، کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند.[5]
- کاژێر 10:00ی شەو، لە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ خانەقین، چەند چەکدارێکی نەناسراو سێ هاووڵاتی عەرەب دەکوژن، بەڕێوەبەری پۆلیس دەڵێت، چەکدارەکان داعشن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سووپای تورک هێرشی کردە سەر خاڵێکی پشکنینی ئاسایشی نزیک گوندی غەریب ڕەشک لە هەرێمی دێرک و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزی ئاسایش بریندداربوون و دوو سەربازی تورکیاش کوژراون.[5]
- سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی، 45 گەنجی کوردی عەفرینیان بە بیانوی پەیوەندی لە گەڵ یەپەگەدا ڕفاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری عێراق لەبارەی 14 بابەتی نادەستووریی یاسای بودجەی ساڵی 2018، سکاڵای لە دادگای باڵای فیدراڵی تۆمارکرد.[4]
- هەرسێ پووتین و ئەردۆغان و ڕووحانی لە ئەنقەرە دەربارەی دۆخی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەوە.[4]
- ئاژانسی ڕۆیتەرز لەسەر زاری سەرچاوەیەکی باڵای کۆشکی سپییەوە بڵاویکردەوە، لە کۆبوونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکادا، دۆناڵد ترەمپ بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی هێزەکانی ئەمەریکای لە خاکی سووریا دەرکردووە.[3]
- دایکێک و دوو برای خەڵکی زاخۆن لە پارێزگای دهۆک، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە ئاوی نێوان تورکیا - یۆنان خنکان.[2]
- ڕۆژنامەکانی تورکیا ئاشکرایدەکەن کە ئەمریکا کۆگا سەربازییەکانی خۆی لە بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیک-ەوە بۆ منبج لە سوریا گواستوەتەوە.[1]
- وەزیری دەرەوەی یۆنان باس لە ئەگەری پێکدادانی سوپای تورکیا و یۆنان دەکات، بەهۆی بەدیلگرتنی دوو سەربازی یۆنانی لەلایەن تورکەوە.[3]
- پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ناوەندەکانی هەدەپە لە ناوچەی ئاڤجلاری ئستانبول و 25 ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد، کە لە ناویاندا، محەمەد چاکان هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەکە هەبوو.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-04
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-04


کاتی تۆمارکردن: 2018-04-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 95

**2018-04-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180405000000146529




باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر بارەگای هەدەپە لەناوچەی ئاجلار لە شاری ئیستانبول و 25 کەسیان دەستگیرکرد. یەکێک لە دەستگیرکراوەکان محەمەد چاکن هاوسەرۆکی هەدەپەیە لە ناوچەی ئاجلار لە ئیستانبول.[4]
- سزای یەک ساڵ و5 مانگ زیندانیکردن، کە بەسەر عوسمان بایدەمیر پاڕلمانتاری هەدەپە-دا سەپێندرا بوو دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەبەر ئەوەش دەبێت بایدەمیر واز لە پەرلەمانتاری بهێنێت.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕووناک ئاقایی ژنە چالاکوانی کورد لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا و دادگای شۆڕشی ئێرانیش بڕیاری 6 مانگ زیندانیکردنی بۆ دەرکرد.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئێوارەی ئەمڕۆوە سوپای تورکیا دەستی کردووە بەتۆپبارانکردنی گوندەکانی دەڤەری برادۆست و دوو گوندیش بوهۆی چڕیی بۆردومانەکەوە چۆڵکراون.[3]

- لەئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە و تۆپی سوپای تورکیا بۆ سەر گوندەکانی سنوری قەندیل، کچێک بەسەختی بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانەی سۆران کرا.[3]
- 21هەمین ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی دەستپێکرد.[1]
- دوو خانەوادە کە ئامۆزای یەکدین، لەسەر هەزار مەتر زەوی لە گوندی کانی شیرینی سەر بە شارۆچکەی فەیدیی لە پارێزگای دهۆک بەشەڕ هاتوون. دوای ئەوەی چوونەتە سەر زەوییەکە ڕێکنەکەوتوون، بووەتە دەمەقاڵێیان، لە ئەنجامدا کوڕ و باوکێک لە خانەوادەیەک و کەسێکی دیکەش لە خانەوادەکەی دیکە کوژراوە.[2]
- بەهۆی بایکۆتکردنی دەوام لەلایەن کارمەندانی بەشێک لە بانکەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و سەیدسادق کە داوای دابەشکردنی موچەکانیان و دەرماڵەکانیان دەکەن، دابەشکردنی مووچەی مامۆستایان لە چەند ناوچەیەک ڕاگیرا.[3]
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت، لە هەفتەی داهاتووەوە دەوام لە قوتابخانەکانی سنوری پارێزگاکەیان دەستپێدەکاتەوە.[3]
- ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان راگەیاند، وەک تورکمانەکانی هەولێر پێمانباشە هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچە کێشە لەسەرەکان و گرنگە پێشمەرگە ئە و
- لە بناری چیای مەقلوب ئۆمەرییەکانی کوردستان کۆبوونەوە و بە درووشمی پەیوەندی برایەتی و تەبایی لە هەرچوارپارچەی کوردستان فێستیڤاڵی ساڵانەی خۆیان ئەنجامدا. لە فێستیڤاڵەکەدا چەندین بەرنامەی هونەری و کەلەپووری ئەنجامدران و بە گۆرانی و شایی کۆتایی بە فێستیڤاڵەکە هێندرا.[2]
ناوچانە بپارێزێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- 22 پەرلەمانتاری سویسرا پرۆژە یاسایەکەدا باسی ئەوەیان کردووە، تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفریندا یاسای نێودەوڵەتی پێشێلکردووە. داواشیان کرد بە خێرای فرۆشتنی چەک بە تورکیا ڕابگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 🗣مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 05-04-2018
[3] 🗣مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 05-04-2018
[4] 🗣مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 05-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 05-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 96

**2018-04-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180406000000146530



باکووری کوردستان
- بەپێی هەواڵی مێدیای تورکیا، لە ئەنجامی تەقینەوەی تەقەمەنی کە لە نزیک بارەگەی سەربازیی شانتەپە لە جوڵەمێرگ جێگیرابوو، 2 سەربازی تورکیا کوژراون و یەکێکی دیکەش بریندار بووە.[1]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک سێ جار بە چڕی دەستیان کردەوە بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی سنوری شارەدێی سیدەکان سەربە شارۆچکەی سۆران و بە و هۆیەشەوە هاوڵاتیان دەربەدەر بوون. بەپێی زانیارییەکان، بەهۆی بۆردوومانەکانەوە دانیشتوانی گوندەکانی نزاری و گورەشان و ئالەکان و سیران و خەلیفان و لیلکان سەربە شارەدێی سیدەکان ئاوارە بوون و ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دادگەی گەل لە باکووری سووریا بە هۆی ئەوەی کە فوئاد عەلیکۆ و ئیبراهیم برۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریا (ئەنەکەسە) بەشدار بوون لە داگیر کردنی عەفرین لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە، بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە.[1]
- لە گردی شەهید هۆگر-ی نێوان گوندی ئاشم-ێ و چارقلی هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای کوبانی، مینێکی چێنراوی سوپای تورکیای داگیرکەر تەقییەوە. بەهۆی تەقینەوەی ئەم مینە 2 منداڵ کوژران و چەند هاووڵاتی دیکەش بریندار بوون.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندی یەپەگە ڕایگەیاند، کە بەیانی ئەمڕۆ شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە، لە چوارچێوەی قۆناغی دووەمی بەرخۆدانی سەردەم-ی عەفرین، بنکەیەکی سەربازیی سوپای تورکیان لە نزیک شەقامی (ڤێلات) لە ناوەندی عەفرین تەقاندەوە. ناوەندی ڕاگەیەناندنی یەپەگە، ئاشکرایکردووە، کە لە ئەنجامی چالاکییەکەی شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە، 4 چەتە کوژراون و دووانی دیکەش بریندرابوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دادگایەکی شاری نیویۆرک لە ئەمریکا سزای زیندانی بەسەر دوو تورکدا سەپاند کە لەکاتی خۆپیشاندانەکەی بەردەم باڵیۆزخانەی تورکیا لە ئەمریکا لەگەڵ پاسەوانەکانی سەرۆکی تورکیادا هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆبانی |

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-04-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 06-04-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 06-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-06 12:00:00 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 97

**2018-04-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180407000000146531




باشووری کوردستان

- کاژێر 3ی بەیانی، شاندێکی باڵای هەدەپە گەییشتنە شاری هەولێر. شاندەکە لە پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی هەدەپە و سێ پەرلەمانتاری پارتەکە: فەلەکناس ئوجا، ئیمام تاشچیەر و عوسمان بایدەمیر پێکدێت. بریار وایە شاندەکە 3 ڕۆژ لە باشوور بمێنێتەوە و چەند دیدارێک لەگەڵ لایەنەکاندا سازبکەن[1]

- لەدوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەیان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، لە شاری هەولێر کۆبوونەوەی شاندی هەدەپە لەگەڵ ئەو حزب و لانەیە سیاسییانە دەستپێکرد، کە خاوەنی کورسی نین لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان نزیکەی 30 حزب و لایەنی سیاسییە.[2]

- دەوڵەتی تورک بۆ داگیرکردنی زیاتری خاکی باشوری کوردستان هێرشەکانی چڕترکردووەتەوە، هاوڵاتیانی ناچارکردووە کە واری خۆیان جێبهێڵن.[2]

- بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و حزبی شارەزوور و ژمارەیەک لە شاعیران و نوسەرانی سنوری پارێزگای سلێمانی، بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هونەری دووەم ڤیستیڤاڵی حەبیبە خاتوون بۆ شیعر و چیرۆک بەرێوەچوو کە تیایدا 37 شاعیر و چیرۆکنوس بە بەرهەمەکانیان بەشداری ڤیستیڤاڵەکەیان کرد و تا ئێوارەی ئەمڕۆش بەردەوامی هەبوو.[4]

- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیان کردەوە بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی سیدەکان لە دەڤەری برادۆست لە پارێزگای هەولێر.[2]

- گەریلاکان لە دەڤەری سیدەکانی سەربە پارێزگای هەولێر، تیمێکی سوپای تورک-یان کردە ئامانج و چەندین سەرباز کوژراون.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەرڤانانی یەپەگە ویەپەژە لە ناوەندی شاری عەفرین لە دژی سوپای تورک و چەتەکان چالاکییان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا چەتەیەک کوژراوە و دوو سەربازی سوپای تورک برینداربوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆککۆماری تورکیا بە ئاماژەدان بەوەی یەپەگە بە هاوکاریی کۆمپانیایەکی فەرەنسی تونێلی لە عەفرین هەڵکۆڵیون، رایگەیاند فەرەنسا هاوکاریی تیرۆر دەکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-07

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-04-07

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-07 12:00:00 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 98

**2018-04-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180408000000146532




باکووری کوردستان

- لە پارێزگای جۆلەمێرگی باکووری کوردستان چەند ناوچەیەکی شارۆچکەکانی گەڤەر، شەمزینان، چەلێ و ناوەندی شاری جۆلەمێرگ وەکو ناوچەی ئەمنیی تایبەت راگەیێندران و، قەدەخەی هاتووچۆ لەو ناوچانە 15 رۆژ بەردەوامدەبێت.[2]

باشووری کوردستان

- لە ناوچەی شەواڵی نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە دەستڕێژی گوللە لە سێ گەنجی کوردی دانیشتووی شارۆچکەی کەلار کرا، بەهۆیەوە یەکێکیان گیانی لەدەستدا و دووەکەی دیکەش برینداربوون.[2]

- بڕیاروابوو بەیانی ئەمڕۆ لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی خۆپیشاندان ئەنجامبدەن، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە رێگەیان پێنادرێت.[1]

- مامۆستایانی نارازیی بە چەند داواکارییەکەوە، بەشێوەیەکی کاتیی کۆتاییان بە بایکۆت و خۆپیشاندانەکانیان هێنا، هۆشداریشیان دا لەوەی، کە ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت، جارێکی تر بە هەڵوێستێکی توندتر دەگەڕێنەوە شەقام.[4]

- چەتەکانی داعش لە سەر رێگای کەرکوک - دوبز ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیانیان راگرتووە و 3 هاووڵاتییان کوشتوە و 3 هاووڵاتی تریشیان بریندارکردووە.[3]

- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا داوایەکی ئاراستەی هەموو لایەنە سیاسییەکان کرد بەمەبەستی کۆبوونەوە دژی لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لاما فەقیە بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ - HRW ڕایگەیاند، چەتەکانی سەر بە تورکیا ماڵی هاوڵاتیانی عەفرینیان تاڵان کردووە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هێزەکانی ڕژێمی سووریا ڕێگە نادەن گەلی عەفرین بچنە ئە و هەرێمانەی لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدان.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر تۆپبارانی گوندی تل فندرە دەکات کە دەکەوێتە نزیک شاری گرێسپی لە سنووری هەرێمی فورات-ی ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی کوردەکان لە ئەڵمانیا - ناڤدەم، کە ڕێکخراوی چەتری کۆمەڵە کوردییەکانە لە ئەڵمانیا، پێنجەمین کۆنگرەی خۆی بە بەشداریی 900 ئەندام بەڕێوەبرد و لە کۆنگرەکەدا بڕیاری بایکۆتکردنی کاڵا و کەرتی گەشتیاریی تورکیایان دەرکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-08

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 99
**2018-04-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180409000000146533



باکووری کوردستان
- ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە چیای جودی و گابار ماوەی 5 رۆژە بەردەوامە. سەربازانی تورک رەوەند و جوتیارەکانیان لە چیای جودی و کوێستانەکانی ئەو ناوچەیە دەرکردووە و رێگایان پێنەداون زەوی و باخەکانیان بکێڵن.[3]
باشووری کوردستان
- سەردانی شاندی هەدەپە بۆ لای پارتەکانی باشوور بەردەوامە.[4]
- بەهۆی بەشداریکرنیان لە خۆپیشاندانەکانی شاری دهۆک، 30 مامۆستا هەر یەکەیان یەک تا سێ رۆژ مووچەبڕ کراون.[2]
- بەیانی ئەمرۆ لە باشوری کەرکوک ژمارەیەک چەکداری داعش لە بۆسەیەکی هێزە سەربازییەکانی عێراقدا کوژران.[1] یەک لە چەکدارە کوژراوەکان ئاڵای تورک بەسەر سینگییەوە بوو.[4]
- دوای چوار روژ لە ونبوونی، تەرمی کچێکی کوردی ئێزدی بە ناوی نەجات برجزە کە ئاوارەی شنگالە و ماڵباتەکەی لە کومەڵگەی خانکێ نیشتەجێن، بە کوژراوی لە گومێک دۆزاریەوە.[2]
- ئیاس ساموک، وتەبێژی دادگای فیدراڵی ئەمرۆ رایگەیاند، ئەمرۆ دادگای فیدراڵی بە سەرۆکایەتی دادوەر مەدحەت مەحمود و ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامەکانی، یەکەم دانیشتنی بۆ لێکۆڵینەوەی لە سکاڵایەک ئەنجامدا، کە دژ بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەلایەن وەزیری نەوتی عێراق دژ بە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم تۆمارکرابوو.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی کەناڵی تەلەگرام-4 کە گرنگی بە هەواڵی جەنگ و ناکۆکیە سەربازییەکان دەدات، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە رابەرایەتی ئەمریکا چەک و کەلوپەلی سەربازی نوێ لە باکوری عێراقەوە رەوانەی سوریا دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فرۆکە ئیسرائیلییەکان، فرۆکەخانەیەکی سەربازیی داگیرکەری سووریایان بۆردوومانکرد.[4]
- وەزیری دەرەوەی رووسیا رایدەگەیێنێ، پێویستە تورکیا عەفرین رادەستی حکوومەتی سووریا بکاتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-09

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-04-09

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-09

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-04-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 100

**2018-04-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180410000000146534




باکووری کوردستان
- سوپای تورک بەردەوامە لە ئۆپەراسیۆنە داگیرکارییەی کە بە بەشداری هەزاران سەرباز دەستپێکردبوو لە چیای جودی و گابار لە شرناخ.[1]
- لە شاری ئەستەنبوڵ بڕیاری زیندانیکردن بۆ چوار ئەندامی دیکەی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە دەرکرا، بەرپرسی هەدەپەی ناوچەی ئاڤجیلار-یشی تێدایە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆمەڵێک لە کرێکاران و ستافی پاڵاوتگەی گازی ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دواکەوتنی حەقدەست و مووچەی مانگانە و دواخستنی داواکارییەکانیان، لە بەردەم پاڵاوگەی ئیلامدا کۆبونەوێکی نارەزایەتییان ئەنجامدا.[5]
باشووری کوردستان
- شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، سەردانی هەریەکە لە ئاسایشی ئێزیدخان و بەڕێوەبەری شارەدێی سنوونێ-یان کرد و دەستنیشانیان کرد، کە هەڕەشە لەسەر شەنگال، هەڕەشەیە لەسەر هەموو باشوری کوردستان.[1]
- لە بەیانی ئەمڕۆوە سوپای تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چاودێری دەڤەری برادۆست دەکات، بە چڕیش بەرزاییەکانی ئاودەلکێوی لە گوندی شاپانی سەر بە شارۆچکەی سیدەکان بۆردوومان دەکات.[3]
- لەگەڕەکێکی شاری کەرکوک بەهۆی دەستدرێژی گوللەی چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە گەنجێک گیانی لەدەستدا.[2]
- لە بەرامبەر سستی بەڕێوەچونی کارەکانی پرۆژەی بەجوتساید کردنی ڕێگای ڕانیە - قەڵادزێ، شۆفێرانی بارهەڵگر لە سنوری قەزای پشدەر ئە و ڕێگا سەرەکیەیان داخست.[2]
- بەڵێندەران لەبەرامبەر پێنەدانی پارەی پرۆژەکانیان خێمەی نیگەرانی هەڵدەدەن و داوای پارەی پرۆژەکانیان دەکەن.[2]
- دوای 12 دانیشتنی دادگای سلێمانی لەبارەی یەکلاکردنەوەی دۆسیەی (مریەم باروتجیان) کە بەهاوناز ئەحمەد ناسرابوو، یەکێک بوو لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە، بەڵام ئەمڕۆ دادگا بڕیاریدا کە مریەم، هاوناز نیە، بەڵام هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسلێمنن منداڵێکی ونبووی هەڵەبجەیە.[2]
- لە شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی ئیداری و حزبی و جەماوەری شارۆچکەی ڕواندز، دەیەمین فێستیڤاڵی ڕۆژی ڕواندز لە هۆڵی بۆنەکان ئەنجامدرا.[1]
- لەئەنجامی شەڕی نێوان هاندەرانی یانەی سەید سادق و شەهیدانی شارەزوور 5 کەس برینداربوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە وەڵامی وەزیری دەرەوەی رووسیا، ئەردۆگان رایگەیاند کە خۆیان دەزانن عەفرین رادەستی کێ دەکەنەوە.[4]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ تاوتوێکردن و دەنگدان لەسەر پرۆژەبڕیارەکەی ئەمریکا لەبارەی هێرشی کیمیایی لە سووریا کۆبووەوە. باڵیۆزی رووسیا لە دژی پرۆژەبڕیارەکە وەستایەوەو بۆ جارێکی دیکە ئەم بڕیارەی دژ بە سووریا ڤیتۆکرد.[3][4]
- ڕاگەیاندنەکانی یۆنان بڵاویان کردەوە، دوای ئەوەی کۆپتەرێکی تورکیا نزیک بووەتەوە لە دورگەی

Royی دەریای ئیجە، هێزەسەربازییەکانی یۆنان بەمەبەستی هۆشداری دەسترێژی گولەیان لێ کردووە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: رواندز

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-10

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-04-10

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-04-10

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-10 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 101

**2018-04-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180411000000146535




باکووری کوردستان
- سەربازانی سوپای تورکیا لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکیاندا لە بەدلیس، کەوتن بەسەر مین دا و بەو هۆیەوە ئەفسەرێکی پسپۆڕ کوژرا.[2]
- ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا ماوەی 7 رۆژە لە جودی و گابار و شرناخ بەردەوامە.[1]
- لە ئەنقەرە سێیەمین دانیشتنی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە بەڕێوەدەچێت.[3]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس لە ناوچەی چایرۆڤای پارێزگای کۆجالیی تورکیا، هەڵیکوتایە سەر ماڵەکانی شاهیسمایل تۆموجو و ئەمینە کارائاسلان هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) و دەستگیریان کردن.[2]
- لە کۆڵان و ڕێگەکانی ئامەد، ئە و تابلۆیانەی بە دوو زمان (کوردی و تورکی) نووسراون، لابران و تابلۆی یەک-زمانی (تورکی) لە شوێنیان دانرا.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی هەواڵی کەمپەینی رزگاریی ژیانی ڕامین حسێنپەناهی، و لێدوانی بنەماڵەی ناوبراو سزای لە سێدارە دانی ئەم بەندکراوە سیاسیە کوردە، کە بۆ پێداچوونەوە ڕەوانەی لقی 39ی دیوانی باڵای دادگەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری قوم کرابوو، سەر لە نوێ پەسەند کرایەوە.[2]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری چەمچەماڵ دووەمین (دیداری چەمچەماڵ بۆ فیلمی جینۆساید) سازدەکات.[1]
- چەتەکانی داعش ماوەیەکە لە دەورووبەری کەرکوک دەستیان بە پەلاماردان کردووە و شەوی رابردووش 2 گوندیان لە ناوچەی داقوق داگیرکرد.[2]
- هێزەکانی گەریلا لە گردی لەلیکان-ی هەرێمی برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، چالاکیەکی تەقینەوەیان ئەنجامدا. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی، کە لەناوچەکە دەستکەوتووە لە چالاکی گەریلادا 4 سەربازی تورک کوژران 5 سەربازی دیکەش بریندار بوون.[4]
- زیادبوونی تۆپباران و بۆردوومانەکانی تورکیا لە سنووری زاخۆ خەڵکی گوند و ناوچەکانی نیگەرانکردووە، 60 گوند لە سنووری شارۆچکەی باتیفا بوونەتە گۆڕەپانی ململانێ و ئاڵۆزی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا.[3]
- ئاسایشی دهۆک هێرشیان کردە سەر مەراسیمی شەهید دەمهات ئەحمەد و سووکایەتییان بە خانەوادەکەی کرد و وێنەی شەهیدیان دڕاند.[4]
- ئەمڕۆ، لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو لەشارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری پێشمەرگە و گەریلا لادرا، کە لەلایەن هونەرمەند توانا تاڵب و بەسەرپەرشتی ئاسۆس جاف دروستکراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند: موشەکەکانمان بەڕێوەن بۆ سووریا.[1]
- کەجەدەکە ئەوروپا، داوای لە داواکاری گشتیی ئەڵمانیا کرد سکاڵا لە دژی ئەردۆغان تۆمار بکات.[2]
- میدیای ئیسرائیل رایدەگەیێنێ، بەشار ئەسەد بە یاوەری کاروانێکی سەربازیی رووسیا کۆشکی سەرۆکایەتیی سووریای بۆ شوێنێکی نادیار جێهێشتووە.[3]
- بەهۆی ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانانەکان بۆسەر سووریا، رێکخراوەی فڕۆکەوانی و ئاسایشی گەشتە ئاسمانییەکان دەربارەی ئاسمانی سووریا و دەوروبەری لە 72 کاتژمێری داهاتوودا هوشداریدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ○ زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 11-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 11-04-2018
کاتی تۆمارکردن: 11-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 102

**12-04-2018**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180412000000146536



باشووری کوردستان
- کاتژمێر 5ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە خانەقین پۆلیسێک بەناوی محەمەد قاسم بریندداربوو و گەیەندرایە نەخۆشخانە و چارەسەریی پزیشکی بۆ کرا، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شۆڕش کرا لە سلێمانی و لەوێ گیانی لەدەستدا.[3]
- لە هەولێر تەقە لە حوسێن یەزدان پەنا کرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی شاری عەفرین ئەنجومەنی خۆجێیی کاتی لە نوێنەرانی کورد و عەرەب و تورکمان دامەزرێندرا. بەگوێرەی سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکانی تورکیا ئەنجومەنەکە بە دەنگدانی کەسایەتی و ناودارەکانی شارەکە پێکهێندراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە 3 هەمین کۆنفەرانسی کوردی فەیلیدا، کە لە پارلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل بەڕێوە دەچێت، دەیان کەسایەتی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان،، عەرەب، ئەورووپی و ئەمەریکی بەشداران ولە سێ بەش یان پانێلدا پرسی فەیلیەکان تاوتوێ کرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی ئازادی کوردستان - پاک

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-04-2018

[2] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 12-04-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 103

**2018-04-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180413000000146537



باکووری کوردستان

- سوپای داگیرکەری تورکیا خەریکی خۆ ئامادەکارییە بۆئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لەهەرێمی بەدلیس هە بۆیە لە 8 کێڵگە ی سەر بە 3یَ گوند-ی خیزان-یَ قەدەغەی هاتوچووی ڕاگەیاند.[1]

- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی پارتیی دیموکراتیی گەلان - هەدەپە لە لایەن نۆزدەیەمین دادگەی سزای توندی ئەنقەرە بەڕێوەچوو.[1]

- سزای 6 مانگ زیندانیکردن بەسەر هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی هەدەپە فیگەن یوکسەکداغ-دا سەپێنرا.[2]

- لە سنووری شارۆچکەی بازیدی سەر بە ئاگری، دوو سەربازی سوپای تورک کوژران و سێیانی دیکەش برینداربوون.[3]

باشووری کوردستان

- سوپای تورکیا کە بە ئامانجی داگیرکردنی هەرێمی برادۆست-ی باشووری کوردستان دەستی داوەتە هێرشێکی بەرفراوان، لەلایەن گەریلاوە گوزری گرانی بەرکەوتوو. لە چالاکی گەریلاکانی هەپەگەدا لە نیوەشەودا 3 سەربازی سوپای تورکیا کوژران و 5 سەربازی دیکە بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-13
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالْەکانی راگەیاندن
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رۆژنیوز - 2018-04-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 104

**2018-04-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180414000000146538



باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ مەراسیمی 30 ساڵەی ئەنفال بەڕێوەچوو، تێیدا داوا کرا، بیرهێنانەوەی کارەساتی ئەنفال بکرێتە هۆکارێک بۆ یەکریزیی و تەبایی نێوان لایەنەکان.[2]
- لە شارەکانی باشووری کوردستان، بانگەشەی هەڵبژاردن دەستیپێکرد.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەو دوو هاوڵاتی خەڵکی سەرێکانیی سەربە کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستانن، کە هەوڵیاندابوو بچنە باکوری کوردستان، لەلایەن هێزەکانی سوپای تورکیاوە ڕفێندراون و پاش ئەشکەنجەدران کوژراون، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ تەرمەکانیان دۆزرایەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- هێزەکانی ئەمریکا و ئەوروپا چەند ئامانجێکی سەربازیی سوریيان بۆردومانکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالْەکانی راگەیاندن
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رۆژنیوز - 2018-04-14
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 105
## 2018-04-15
https://www.kurdipedia.org/?q=20180415000000146539

باکووری کوردستان
- هەشت ناوچەی پارێزگای ئاگریی باکووری کوردستان، فێستیڤاڵێکیان بۆ نیشاندانی بەرهەمە خۆماڵییەکانیان ئەنجامدا.[2]
- هێزەکانی گەریلا لە ناوچەی لێلکان لە باشووری کوردستان لە دژی سوپای تورکیای داگیرکەر چالاکییان ئەنجامدا. بەپێی سەرچاوە هەرێمییەکان، چالاکییەکە ئێوارەی ئەمڕۆ و لە کاتژمێر 17:40 خولەکەدا لە گردی کەڤۆرتێ ئەنجامدراوە. گەریلا لە ماوەیەکی کەمدا زیانی گەورەیان لەو سەربازانە دا، کە لە کونێکدا خۆیان حەشاردابوو. ئاماژی بەوەدەکرێت، لەو چالاکییەکدا بەلانیکەمەوە 8 سەربازی سوپای تورکیای داگیرکەر کوژراون.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی تەرزە و بارانبارین لە 15 پارێزگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوێنێوە لە هەندێ ناوچە لافاو هەستاوە و ئاو شەقام و ڕێگاکانی گرتووەتەوە، ئەمەش کێشەی هاتووچۆی بۆ هاووڵاتییان دروستکردووە.[2]
- پاش داخستنی دەروازە سنوورییەکان بۆ هاتووچۆی کاسبکاران و گواستنەوەی کاڵا، هەروەها بەرزبوونەوەی باجی گومرگ لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، ئەمڕۆ دووکاندارانی بانە و جوانڕۆ مانیان گرت و دووکان و بازاڕیان داخست.[3]
باشووری کوردستان
- تەرمی سێ براکەی شیلادزێ کە هەفتەی ڕابردوو بەهۆی بۆردوومانی تورکەوە کۆمەڵکوژکران، بەخاک سپێردران.[4]
- پاسەوانی دادوەرەکان لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوادەکەن سیستەمی نوێی پاشکەوتی مووچە ئەوانیش بگرێتەوە.[1]
- ئەو پزیشک کارمەنداندانەی کە ناویان بۆ دامەزراندن لە نەخۆشخانەی چارەسەری بەرکەوتوانی کیمیایی هەڵەبجە گەڕاوەتەوە، گردبوونەوە و داوای ڕوونکردنەوەیان کرد سەبارەت بە نەکردنەوەی نەخۆشخانەکە.[3]
- بە پاساوی نەبوونی مۆڵەت درەنگانی شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر ئاسایشی پارتی بارەگای جوڵانەوەی نەوەی نوێی لە شارۆچکەکە داخست.[3]
- کاتژمێر 5:30 ئێوارەی ئەمڕۆ تەقینەوەک لەنزیک پێشانگەی ئۆتۆمبێلەکان لە گەڕەکی خەزرای شاری کەرکوک ڕویدا. کردەوە تیرۆریستییەکە لەرێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە ئەنجامدراوە و بەپێی زانیاریی لە سەرچاوە تەندروستیەکانەوە، کەسێک کوژراوە و 5 ی دیکەیش برینداربوون، 2 ئۆتۆمبێلێش سوتاون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گرووپێکی پێکهاتوو لە 4 چەتە هەوڵیاندابوو هێرش بکەنە سەر خاڵێکی پشکنینی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج، بەڵام شەڕڤانان ئەو هەوڵەیان بۆ ئەنجامدانی هێرش تێکشکاند. بەو هۆیەوە چەتەیەک کوژراو و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەربازی منبجیش بۆ دەستگیرکردنی 3 چەتە هەڵهاتووەکەی تر، دەستیان بە کێوماڵێکی فراوانی ناوچەکە کردووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە پارێزگای حەلەبی سووریا تەقینەوەیەکی گەورە لە بنکەیەکی سەربازیی ئێراندا روویدا، بەهۆیەوە 20 ئەفسەر کوژران و ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و سەربازیش برینداربوون.[2]
- یەکێتی ئەورووپا ڕایدەگەیەنێت، کە کێشەی کورد یەکێکە لە گرنگترین پرسەکانی تورکیا،

هۆشداریشی داوەتە ئەنقەرە، کە بەشێوەیەکی سنووردار بۆ رووبەرووی پەکەکە بجولێتەوە.[3]
- یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی ئاوارتەی گەنجانی کورد لە ئەوروپا کە ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوەدەچێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: جوانرۆ
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سۆران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەر | کوردیی ناوەراست | مالپەری دوارۆژ - 15-04-2018
[2] مالپەر | کوردیی ناوەراست | مالپەری رووداو - 15-04-2018
[3] مالپەر | کوردیی ناوەراست | مالپەری رۆژنیوز - 15-04-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەراست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[5] مالپەر | کوردیی ناوەراست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 106
**2018-04-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180416000000146540



باکووری کوردستان
- هێزەکانی گەریلا لە ناوچەی بەستای شرناخ لە بنکەی سەربازانی تورکیایان دا و بەلانیکەمەوە 3 سەرباز کوژراون و چەندین سەربازی تریش برینداربوون.[2]
- ئەمڕۆ سوپای تورک لە هەرێمی بەستا-ی سەربە شەرناخ لە باکوری کوردستان، بە شتیوانی سەدان سەرباز و خۆفرۆش، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دەستپێکرد. لە سنوورەکە بۆردوومان دەستپێکردووە، و لەوشوێنانەی سەربازەکانی لێ جیگیرکراوە دەنگی تەقە دەبیسترێت.[3]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک سنووری رانیە، هەولێر و کەرکوکی هەژاند.[1]
- کۆبوونەوەیەک لەبارەی دۆخی ئەمنی ناوچە جێناکۆکەکان و راهێنانی پێشمەرگە لەنێوان بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان لە هەولێر بەڕێوەچوو.[4]
- بە بۆنەی رۆژی ژینگەی کوردستان، لە شاری هەڵەبجە هەڵمەتێکی نەمام ناشتن بەڕێوەچوو.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێک کە ئەمرۆ ئاژانسی هاوار بڵاوی کردوەتەوە، چەتەکانی دەوڵەتی تورک لە ڕاجۆ و گوندی ئەلحەجەر بەکری گرێدراو بە ناوچەی مابات لە سنوری عەفرین دەستیان بە ڕفاندن و ئەشکەنجەدانی کەسانی مەدەنی کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-04-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-16

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-16 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 107

**2018-04-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180417000000146541



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای جودیی شرنەخ و بە بەشداریی زیاتر لە 300 جەردەوان و 2500 سەرباز، دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی بەرفراوانی سەربازی.[1]
- پارێزەرەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، بۆ 744-هەمین جار داوای سەردانی ئیمرالییان کرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش ئەوەی کاسبکاران و دووکاندارانی شارەکانی بانە و جوانرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانگرتن لە کاریان ڕاگەیاندبوو، ئەمڕۆ کاسبکارانی مەریوانی سەربە سنەش بەشداری ئەو مانگرتنە بوون.[2]
باشووری کوردستان
- لە کاتژمێر 1:30 خولەکی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە، دەوڵەتی تورک بە چڕیی گوندەکانی بەرمیزە، لیلکان و چیادێل-ی سەر بە شارەدێی سیدەکان-ی پارێزگای هەولێر تۆپباران دەکات.[2]
- بە دەستپێشخەریی ڕژاک، لە شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام دەدرێت و تیایدا کۆمەڵکوژیی سێ براکەی شیلادزێ و داگیرکاریی دەوڵەتی تورک شەرمەزار دەکرێت.[2]
- لە شارەدێی ڕزگاری، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان هەڵمەتی سەوزکردنی مەزاری ئەنفالەکانی ڕاگەیاند و 600 دار نێژران.[2]
- دژی سزادانی دوو مامۆستای زانکۆی هەڵەبجە بە بیانوی بەشدارییان لە خۆپیشاندان و بایکۆتی دەوام، ژمارەیەک لە مامۆستایان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان ئەنجامدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئە و سزادانانە دەکەن.[2]
- مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق وازهێنانی خۆی لە بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کەمپەینێکی ئیمزاکۆکردنەوە ڕێکخرا بۆ داخستنی ئەو ڕێکخراوانە، کە لە ئەڵمانیا هانی شەڕ دەدەن و پڕوپاگەندە بۆ ئاکەپە دەکەن. کەمپەینەکە لە شاری بەرلین بە ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی، ئامانج و هۆکارەکانی خستەڕوو.[1]
- لە دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی میللی - مەگەکە، لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی تورکیا بڕیاردرا (باری نائاسایی) بۆ ماوەی 3 مانگی دیکە درێژبکرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 108

**2018-04-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180418000000146542



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیا تۆپبارانی دەڤەری بەستای کرد لە سنووری شرناخی باکووری کوردستان کە کۆچەرەکانی لێ دەژین.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 06:20 خولەکی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شاری دیواندەرە، بەکرێگیراوێکی ڕژێمی ئێران بە ناوی ڕەسول فکرەت، بە جلی سەربازییەوە هێرشی کردە سەر خانەوادەی بورهان دیوارگەر و ئارام دیوارگەر، کە دووان لە ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستن و ئەندامانی خانەوادەکەیانی کۆمەڵکوژکردووە.[5][6]
- لە چوارەمین ڕۆژی مانگرتنی سەرتاسەریی کاسبکاران و دووکاندارانی شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمڕۆ شارەکانی مەریوان، بانە، سەقز، جوانرۆ، سەردەشت و پیرانشار لە مانگرتندان.[5]
باشووری کوردستان
- کوردانی ئێزدی بەبۆنەی هاتنی چوارشەممە سوورە، ساڵی 430 لە پەرستگای لالش ئاهەنگ دەگێڕن.[1]
- فارس حسێن مەیاس، سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند حکومەتی عێراق پارەی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووەو ئەمەش کێشەی بۆ جوتیاران دروستکردووەو پێشمانوایە ئەمە نیگەرانی لای جوتیاران دروستکردووە، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری جددی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی لای حکومەتی عێراقە و پارەی جوتیارانە بینێرێت.[3]
- هەپەگە ڕایگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 06:30 خولەکی سەرلەبەیانی گەریلاکانمان لە گردی بەیرەقی سەربە دەڤەری بارزانی باشوری کوردستان لە دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا سێ پێگەی هێزەکانی دوژمن تێکشکێندرا و پێنج سەربازی تورک کوژران.[5]
- لە هەولێر قەوارە و پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پەیمانی شەرەفی هەڵبژاردن واژۆدەکەن، ڕێوڕەسمەکەش بە چاودێری یونامی بەڕێوەدەچێت.[4]
- شارەوانی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەرجەم لایەنەکان لەنێو شوێنە ڕێگە پێنەدراوەکانی سنوری شارەوانیدا بانگەشەیان کردووە و ئەوانیش سەرپێچییەکان بۆ کۆمسیۆن بەرز دەکەنەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە کانتۆنی شەهبا کە ئێستا سەدان هەزار هاووڵاتی عەفرین-ی لە خۆ گرتووە، لەگەڵ گەرم بوونی هەوادا نەخۆشییەکان پەرەدەستێنن. مانگی سوری کورد دەستنیشانیکرد، دەرمان لە کانتۆنی شەهبا زۆرکەمە و داوای هاوکاریی کرد.[2]
- سەرچاوە خۆجێییەکان لە شارۆچکەی ماباتای سەر بە عەفرین ڕایانگەیاندوە، کە هێزە

داگیرکەرەکانی سوپای تورک و چەتەکانی لەم هەفتەیەدا 14 هاوڵاتیی مەدەنییان ڕفاندووە.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر گەنجێکی خەڵکی شاری ڕەقای کوشت لە کاتێکدا دەیەویست لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستانەوە بەمەبەستی کارکردن دەربازی باکووری کوردستان بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 18-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 18-04-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 18-04-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 18-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 18-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 109

**2018-04-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180419000000146543



باکووری کوردستان
- دادگای تورکیا مافی پەرلەمانتاری لە هەردوو پەرلەمانتاری هەدەپە، عوسمان بایدەمیر و سەلما ئیرماک سەندەوە.[4]
- لە دەرسیمی باکوری کوردستان، چوار بارهەڵگری حکومەتی تورک سووتێندرا، کە کەرەستەی بیناسازییان دەبرد بۆ دروستکردنی بارەگای سەربازی.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ پێنجەمین ڕۆژی مانگرتن لە کارکردنی دوکانداران و کاسبکارانی شارەکانی جوانڕۆ، بانە، مەریوان، سەقز، سەردەشت و پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.[2]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو؛ لە شارۆچکەی خانەقین ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پۆلیس و ژمارەیەک چەکدار-دا ڕوویدا و لە ئەنجامدا چوار کەس برینداربوون.[2]
- شەوی ڕابردوو؛ زۆرێک لە پۆستەری کاندیدە کوردەکان لە کەرکوک درێندران و شێوێنران.[4]
- سێ کچی کوردی خەڵکی شەنگال کە داعش دەستگیری کردبوون لە وڵاتی سوریا ئازادکران.[5]
- مووچەی مانگی 2 لە بەغداوە گەییشتە هەرێم.[4]
- چەتەکانی داعش ئێوارە لە ناحیەی زاپ-ی باشووری کەرکوکدا هێرشیان کردە سەر بەندێکی کۆنترۆڵ-ی حەشدی شەعبی وپۆلیس-ی فیدراڵی، هێرشەکە لە ڕێگەی کردەوەی خۆکوژییەوە دەستی پێکرد. پاش ئەو هێرشە خۆکوژییە شەڕێکی سەخت دەستی پێکرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕێگەیان بە تیمە مرۆیی و فریاگوزارییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە نەداوە بۆ ئەوەی سەردانی عەفرین بکەن، ستافان دۆژاریک گوتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، نزیکەی 137هەزار کەس لە دانیشتووانی عەفرین لە ناوچەی شەهبا ئاوارەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە پاریسی پایتەخت و مارسیلیا، ئەندامانی مەجلیسی کۆمەڵگەی دیموکراتی کورد و دۆستانیان ستاندێکی هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە تاوانەکانی حکومەتی تورکیا لە دژی گەلی کورد ڕێکخست و تێیاندا بانگەشەیان کرد بۆ بایکۆتکردنی گەشتیاری و کاڵاکانی تورکیا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 19-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 19-04-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-04-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-04-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 110

**2018-04-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180420000000146544



باکووری کوردستان
- لە ئۆنتۆراڵ-ی ناوچەی پیلەموورا-ی دەرسیم بە هۆی بۆردمانی هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای تورکیا ئاگرێکی مەزان دارستانەکانی ئەو ناوچەیەی گرتووەتەوە و هەتاکو دەڕوات پەرە دەستێنێت. ئەو ئاگرە هەمو چیاکانی ئەو ناوچەیەی گرتووەتە بەر.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ، لەکاتێکدا گوندنشینانی گوندی ئالادانا-ی سەر بە شارۆچکەی خیزان-ی بەدلیس لە باکوری کوردستان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیا ڕوویان لە کوێستانەکانی ناوچەکە کردبوو، لەلایەن بەکرێگیراوانی دەوڵەتی تورکەوە دەسترێژیی گوللەیان لێکراوە. لەئەنجامی دەسترێژی گوللەی بەکرێگیراوانەوە، دوو برا بە ناوەکانی سینان کاراباش و مەڤلان کاراباش گیانیان لەدەستدا و چەندین گوندنشینیش بریندماربوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکان لە شارەکانی کوردستان، دەستیان بە ڕەشبگیری ژمارەیەک لە دوکانداران و کاسبکاران کردووە.[2]
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، لە درێژەی داخستنی دوکان و بازاڕەکانی کوردستان لەلایەن بازاڕیان و دوکاندارنەوە، ئەماکن و هێزە ئینتزامییەکان بە زۆر دوکانی کاسبکارانی شاری پیرانشاریان کردەوە.[2]
باشووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند، لە بارزان لە چالاکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە 11 سەربازی سوپای تورک کوژران.[4]
- بەتۆمەتی تێوەگلانی لەچەند تاوانێکدا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ فەرماندەی هێزی سواتی پۆلیسی کەرکوک لەلایەن دادگاوە دەرچووە، کەسوکاری ئەو ئەفسەرە کوردەش بۆ ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکان گردبونەوەی نارەزایەتیان ڕێکخست.[1]
- ژنێکی گەنج لە شارۆچکەی کەلار ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا،

بەڕێوبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنانی گەرمیانیش دەڵێت، کە تا ئێستا هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە گەنجە نەزانراوە.[4]
- لە گوندی گەورەدێی سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوگوندییان و بەرپرسانی حکومی و کەسایەتیەکانی سنورەکە شەشەمین فیستیڤاڵی گوندەکە بەڕێوەچوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی سوپای تورکیا لەکاتی گەڕان و پشکنیندا لە گوندی (دەرمەشکانلی)ی سەر بە عەفرین مینێکی چێندراو بە سەربازێکی سوپای تورکیادا تەقیوەتەوە و دەستبەجێ سەربازەکە گیانی لەدەستداوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- حکومەتی نەمسا ڕایگەیاند، کە ڕێگانادات سیاسەتمەدارەکانی ئاکەپە میتینگی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا ئەنجام بدەن.[4]
- حکومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە وەکچۆن ئەنجامدانی میتینگی ئاکەپە لە کاتی ڕیفراندۆمدا ڕێگای پێنەدرا، بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانیش بانگەشەی هەڵبژاردنی ئاکەپە لە وڵاتەدا قەدەغەیە.[4]
- یەکێتیی ئەوروپا ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی بەرەوپێشچوونی تورکیا بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتییەکە بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، تورکیا لە ئەندامییەتی یەکێتیی ئەوروپا زۆر دوورکەوتووەتەوە.[5]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ-ەوە بڵاوکردەوە و لە ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، لە تورکیا سەدان هەزار کەس دەستگیرکراون و ئەمەش کێشەی بۆ دیموکراسییەت دروستکردووە.[1]
- لە شاری لیڤەرکۆزنی ئەڵمانیا چالاکییەک بە ناوی من چوم و پێڵاوەکانم مانەوە بۆ یادی ئەو منداڵە عەفرینیانە ئەنجامدرا، کە لەلایەن حکومەتی تورکەوە کوژراون.[4]
- پەرلەمانی تورکیا پرۆژەبڕیاری هەڵبژارنی پێشوەختی پەسندکرد، بەپێی بڕیارەکە ڕۆژی 24-06-2018 هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا پێکەوە بەڕێوەدەچن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 20-04-2018

[3] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-04-2018
[4] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 20-04-2018
[5] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 20-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 20-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 111

**2018-04-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180421000000146545



باکووری کوردستان
- شەپۆلێکی بەفر بارین و سەرما و سۆڵە پارێزگای قارسی لە باکووری کوردستان گرتەوە و بەدرێژایی شەو ناوەندی پارێزگاکە، ڕێگا سەرەکییەکانی قارس-دیگۆر و پارێزگای ئیدیری سپی پۆش کرد و پلەکانی گەرماش بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ دوو پلەی سەدی دابەزی.[1]
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هەپەگە لە گردی لێلکان کە دەکەوێتە سەر سنوورەکانی باشوری کوردستان، سەربازێکی سوپای تورک کوژرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دووکانداران و کاسبکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێنە حەوتەمین ڕۆژی مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازاڕەکان، پارێزگاری سنەش دەڵێت، کە دەبێت سنوورەکان بکرێنەوە.[2]
- کاسبکارێکی کورد خەڵکی شاری شنۆ بە ناوی محەمەدڕەزا ئیسماعیلزادەلە ئەنجامی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان گیانی لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- هاوڵاتیانی کورد لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، ڕانیە، قەڵادزێ، شارەزوور، کەرکوک، کەلار و قەندیلەوە بەرەو سیدەکان بەڕێکەوتن، لە گوندی باڵایانی سەربە شارۆچکەی قەسرێ چۆمان گەیشتنە یەکدی و کاروانێکی هاوبەشیان پێکهێنا بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشەکانی حکومەتی تورک بۆ سەر باشوری کوردستان. کاروانەکە لە خاڵی پشکنینی قەسرێ لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە ڕێگرییان لێکرا، ئاسایشی پارتی بە ئەندامانی کاروانەکەیان وتووە، کە لە سەرەوە فەرمانیان پێکراوە کە ڕێگری بکەن لە چوونی ئەو کاروانە بەرەو سیدەکان. لە بەرامبەر ڕێگرییەکاندا، خەڵکیش پێداگرییان کرد لە چوونیان و لە ئەنجامدا ئاسایش هێرشی کردە سەر هاوڵاتیان.[2]
- هاوکارییە داراییەکەی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە گەیشتە هەولێر و لەم هەفتەیەدا مووچەی 12 لیوای وەزارەتی پێشمەرگە دابەشدەکرێت.[3]
- لەسەر ڕێگای سەرەکی شارۆچکەی ڕەشاد – تازە خورماتووی پارێزگای کەرکوک، بۆمبێک بە ماشێنێکی لە جۆری پیکاب تەقیوەتەوە. زانرا تەقینەوەکە کوژرانی 2 کەس و برینداربوونی 2 کەسی دیکەی لێکەوتووەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەڕڤانی ئینتەرناسیۆنالیستی ئەرجەنتینی ئەلینا سانچێز ناسراو بە لێگەڕین چیا، لە دێرک لە ڕۆژئاوای کوردستان بە بەشداریی بنەماڵەکەی و هاوسەنگەرەکانی و لە مەراسیمێکی جەماوەریدا بەخاکسپێردرا.[2]
- هەزاران چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک، بە خێزانەوە چوونەتە عەفرین و دانیشتووانی گوندێکی عەفرینیشیان لە گوندەکەیان دەرکردووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی پەرلەماندا، دانی

بەبوونی پەیوەندی نێوان لەندەن و پارتی یەکێتی دیموکرات و باڵە سەربازییەکەی یەکینەکانی پاراستنی گەل دا نا، بوونی هەرپەیوەندییەکیشی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا ڕەتکردەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: قارس

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-04-21

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-04-21

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-04-21

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-04-21

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2018-04-22


کاتی تۆمارکردن: 2018-04-21 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 112

**2018-04-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180422000000146546




رۆژهەڵاتی کوردستان

- نوێنەرانی شارەکانی مەهاباد و قوروە لە پەرلەمانی ئێران لە نامەیەکدا، رەخنە لە خەمساردی حکومەتی ئێران بەرامبەر نارەزایەتی سنوورنشینان لە داخستنی سنوورەکان لە ناوچە کوردنشینەکان دەگرن.[1]

- بە هۆی لێکەوتنی بێڵێکی میکانیکی لە مینێک و تەقینەوەی ئەو مینە لە شاری سەرپێڵی زەهاو، دوو هاووڵاتیی بە سەختی بریندار بوون و رەوانەی نەخۆشخانە کران. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە بە ناوەکانی سەعید میری و هادی موورادی راگەیەندراوە و ئەو دوو هاووڵاتییە لە گوندی بێشکان تووشی ئەو رووداوە بوون.[5]

باشووری کوردستان

- بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە دەوروبەری گردی لێلکان لە سنووری ناوچەی سیدەکان، 3 سەربازی سوپای تورک کوژران.[4]

- ژمارەیەک پۆلیسی پاسەوانییەکان لەبەردەم دادگای رانیە گردبوونەتەوە و نارازین لەدەستکارینەکردنی پاشەکەوتی مووچەکانیان و داوادەکەن مووچەکانیان هاوتای مووچەی وەزارەتی ناوخۆ لێبکرێت.[1]

- ژمارەیەک پۆلیسی پاسەوانییەکانی بارەگا حزبییەکان و دادگاکان لەبەردەم دادگای سلێمانی گردبوونەتەوە و نارازین لەدەستکارینەکردنی پاشەکەوتی مووچەکانیان و داوادەکەن مووچەکانیان هاوتای مووچەی وەزارەتی ناوخۆ لێبکرێت.[1]

- ژنێکی خەڵکی زاخۆ، کە خاوەنی شەش منداڵە، لەگەڵ هاوژینەکەی و منداڵەکانیان ویستوویانە بەرێگەی قاچاخ خۆیان بگەیەننە یۆنان، بەڵام ئەو بەلەمەی دەیگواستنەوە، لەرێگەدا نقووم بووە، لە ئەنجامدا ژنەکە و دوو لە منداڵەکانی لەگەڵ منداڵێکی دیکەی کورد، گیانیان لەدەستداوە و هێشتاش تەرمەکانیان نەدۆزراونەتەوە.[2]

- سێ پێشمەرگەی کوردی دەستگیرکراو لەلایەن چەکدارانی داعش لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆر ئازادکران.[1][2]

- وەزیری هاریکاری و گەشەپێدانی ئەڵمانیا لەرێگەی فرۆکەخانەوە گەیشتە هەولێر و لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێم پێشوازی لێکرا.[1]

- وەزیری دارایی رایگەیاند، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا کە دوو ملیار دینار بۆ پارەی مووچەی وەزارەتی ناوخۆ زیادبکرێت.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- خوێندکارانی عەفرین دوای 3 مانگ دەستیان کردەوە بە خوێندن.[3]

- هێزەکانی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانیان لە عەفرین، لە گوندێکی ئێزدییەکان 6 کەسی خانەوادەیەکیان رفاند. هاوکات لە گوندەکانی دیکەی کانتۆنەکە 9 کەس رفێندران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: زەهاو

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەرین)

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-04-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 24-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 113

**2018-04-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180423000000146547



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار زیندانیی کورد، خەڵکی شارەکانی بۆکان، پیرانشار و ورمێ لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە سێدراە دران. شوناسی ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە، بە ناوەکانی تەیب شێخزادە، خەڵکی پیرانشار، قادر محەمەد حەسەن خەڵکی بۆکان، یەدوڵلا سەمەدی و ئیسلام ڕەشیدی خەڵکی ورمێیە. هەر چواریان بەتاوانی کوشتنی ئەنقەست لەسیدارەدران.[3]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی شاعیری نوێخواز، کەژاڵ ئیبراهیم خدر لە سلێمانی.[5]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 1:30 خولەک، بنکەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە شارەدێی حاجی ئۆمەران-ی سەر بە شارۆچکەی چۆمان-ی پارێزگای هەولێر سوتێندرا.[2]
- بەشێک لە پۆلیسەکانی یەکەی پاسەوانی شاری کۆیە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای زیادکردنی مووچەکانیان کرد.[1]
- ئەنجومەنی ناوچەی بۆرک-ی شەنگال دووەمین کۆنفرانسی خۆی ئەنجامدا. لە کۆنفرانسەکەدا داوا لە کۆمەڵگەی ئێزدی کرا کە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەنگی خۆیان بدەنە ئیرادەی خۆیان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 23-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 23-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-04-2018
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 23-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 114

**2018-04-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180424000000146548



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 3:34 خولەک لە شارۆچکەی سەمسات بوومەلەرزەیەک بە گوری 5.4 رێختەر لە قووڵایی 1.4 کیلۆمەتریی زەوی روویدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خانوو و بیناکان رووخان و زۆرتر لە 10 کەسیش بریندار بوون، ئەو بوومەلەرزەیە لە ئامەد، رِوحا، مەرەش، دیلۆک، مەلەتی، باتمان و چەندین شاری رۆژاوای کوردستان و باکوری سوریا وەک کۆبانێ و حەلەب هەستی پێکراوە.[1]
- بەپێی میدیاکانی تورکیا، سەرلەبەیانیی ئەمرۆ لە ناوچەی سۆرو تەپە لە پارێزگای شرناخ تەقینەوەیەک روویداوە و بەو هۆیەوە سەربازێک کوژراوە.[2]
باشووری کوردستان
- بە بەشداری هاوڵاتیان و نوێنەری بەشێک لەلایەنە سیاسییەکان، لەسەر مەزاری شەهیدان لە قەڵادزێ یادی 44 ساڵەی بۆردوومانی شارۆچکەکە بەبێ وتاری هیچ حزبێک کرایەوە. لە مەراسیمەکەدا تاجە گوڵینە لە سەر مۆنۆمێنتی شەهیدان دانرا، هەروەها گروپی شاخەوانی سەردەشت بە پێ لە شاری سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێ-ی رۆژهەلاتی کوردستانەوە، وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی قەڵادزێ لە مەراسیمەکەدا بەشداریان کرد.[1]
- لە شەقامی سەد مەتری هەولێر، پیاوێک بەدەستڕێژی گوللە کوژرا.[3] قوربانیەکە ناوی فارس محەمەد سادق-ە و بەرێوەبەری گشتی کارگێری_یە لە ئۆفیسی سەرەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەنەکان لەپشکی یەکێتی.[4]
- ئەمشەو، هێرشێکی چەکدارانی داعش لەباشوری کەرکوک، کوژراوێک و 5 بریندار لەریزی حەشدی سونەی حەویجەی لێکەوتەوە.[3]
- سوپای تورکیا رایدەگەیێنێ، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانیدا فرۆکە جەنگییەکانیان 9 پێگەی پەکەکەیان لە باشووری کوردستان بۆردوومانکردوون.[5]
- بەشار مستەفا، جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلیمپی عێراق و سەرۆکی یەکێتی بۆکسینگی عێراق لە رێگای کەربەلا بۆ بەغدا لەلایەن گرووپێکی نەناسراوەوە بەهۆکارێکی نادیار رفێندرا.[5]

رۆژئاوای کوردستان
- سەدان ئاوارەی عەفرینی کە لە کامپی بەرخۆدانی شەهبا و کامپەکانی دەوروبەری جێگربوون تووشی نەخۆشیی پێستیی لەشمانی بوون، بەڕێوبەرانی مانگی سووری کورد بانگەوازیی هاوکاریی دەکەن بۆ ئەو نەخۆشانە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی ئەوروپا ڕایگەیاند، کە هەڵبژاردنی پێشوەختەی 24ی حوزەیرانی تورکیا بەگوێرەی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا نییە و دەبێت دوابخرێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-04-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری سنور میدیا - 24-04-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-04-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-04-24 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 115
**2018-04-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180425000000146549



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە سێگۆشەی پاسور و لیجەی ئامەد و ناوچەی دارا هێنێی لە پارێزگای چەولیک بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر سەرباز دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن کرد.[4]
- بەپێی هەواڵی مێدیاکانی تورکیا ئەمڕۆ کاتژمێر 17:30 لە سنووری ناوچەی لیجەی ئامەد لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر شەڕ ڕوویداوە. لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی هێزەکانی جەندەرمە بە ناوی ئیسماعیل جەسوور کوژراوە، هەروەها 4 سەربازیش بریندار بوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، یەکێک لە دستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی ئێران، کە سەرهەنگی سپای پاسدارانی شاری مەریوان بووە، تەقەی لە دوو هاووڵاتیی خەڵکی گوندی نێی مەریوان (کە برا بوون) دەکات و دەبێتە هۆی برینداربوون و کوژرانی ئەو دوو برایە. شوناسی ئەو دوو برایە بە ناوەکانیحاجی لەتیف نیکپەی و عوسمان نیکپەی ڕاگەیەندراوە و هەروەها شوناسی بکوژەکەش بریتییە لە کاوە کۆنەپۆشی سەرهەنگی سپای پاسداران.[5]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، لە ناوەندی شاری مەریوان ڕێستورانتێکی تایبەت بە سوپای پاسداران لەلایەن هاوڵاتیانی ناڕازییەوە سووتێندرا، لەلایەکی دیکەوە هاوڵاتیانی ناڕازی لە گوندی نێ بەردیان هەڵداوە بۆ ناو ماڵەکانی ئەندامانی سوپا.[2]
باشووری کوردستان
- پۆلیسی پاسەوانی بارەگا حزبییەکان و دادگاکانی چەند شار و شارۆچکەیەک لەدژی کەمنەکردنەوەی پاشەکەوتی مووچەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکردووە.[1]
- لە نزیک مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ بەشێک لە پۆلیسانی پاسەوانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و ڕێگەی سەرەکی سلێمانی کەرکوکیان داخست.[1]
- لە دهۆکیش پۆلیسانی پاسەوانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[3]
- فڕۆکەکانی جەنگییەکانی تورکیا بە تۆمەتی بوونی گەریلای پەکەکە بۆردوومانی دوو ناوچە لە سنووری شارۆچکەی وەرتێ دەکەن.[6]
- ژمارەیەک لە چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شاری هەولێر لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی-یان کرد.[2]
- حکومەتی عێراق سەبارەت بە بایکۆتکردنی فڕۆکەخانەی سلێمانی هۆشداریدەداتە تورکیا و هەڕەشەی گرتنەبەری هەڵوێستی هاوشێوە بەرامبەر ئەو وڵاتە دەکات.[1]
- لە خوێندنگەی ئاڵای بنەڕەتی لە سلێمانی، پاش ئەوەی شەڕ لەنێوان ژمارەیەک خوێندکاری خوێندنگەکە ڕوودەدات، باوکی خوێندکارێک بە چەقۆ بەڕێوەبەری خوێندنگەکە و کوڕەکەی بریندار دەکات.[1]
- حەیدەر عەبادی بەسەردانێک گەییشتە سلێمانی.[3]
- لە پەیمانگای ڕانیە بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر سێیەمین ڤیستیڤاڵی ساڵانەی خۆی ڕێکخست. کە تیایدا خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو پەیمانگایە بە چەندین داهێنان و بەرهەمی زانستی توانا و بەهرەکانی خۆیان خستە ڕوو.[1]
- خانەوادەی شەهید لیوا حوسێن مەنسوور سەردانی حەیدەر عەبادی بۆ ماڵەکەیان لە سلێمانی ڕەتدەکەنەوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لە عەفرین ڕایگەیاند، لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا لە عەفرین 12 سەرباز و چەکداری هاوپەیمانی تورکیا کوژراون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا سزای لەسێدارەدان و کردەوەکانی دوور لە پێوەرە مرۆییەکانی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە زیندانیان، لە چالاکییەکەدا ئیدانەکران.[4]
- چەند فەیلسوفی گەورەی جیهان، نامەیەکی کراوەیان بە ناوی بانگەوازییەک بۆ بەرگری لە

ڕۆژئاوا بڵاوکردەوە و تێیدا بانگەوازی حکومەتی ئەمریکایان کرد، کە بە گەمارۆی ئابوری و سیاسیی تورکیا پشتگیریی ڕۆژئاوای کوردستان بکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-04-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-04-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-04-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 25-04-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 25-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 116

**2018-04-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180426000000146550



باکووری کوردستان
- بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیای داگیرکەر، لە 69 گوند و ناوچەی لیجە و پاسووری ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاندرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان، کۆڵبەرێک بریندارببوو.[1]
باشووری کوردستان
- هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل هۆشداری دەداتە هاوڵاتیانی دەڤەری ڕاپەڕین بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا بەهارییەکان سەردانی شاخەکانی بنارەکە نەکەن، ئەوەیش بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا ژیانیان دەخاتە مەترسیەوە.[4]
- حەیدەر عەبادی سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆبووەوە.[3]
- سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەمنی، کە سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقە ڕایگەیاند، چەکدارانی داعش هیچ گوند و ناوچەیەکیان لە باشووری پارێزگای کەرکوک کۆنترۆڵنەکردووە.[4]
- لە ناوەندی کلتوری لە شارۆچکەی خانەقین پێشانگایەکی شێوەکاریی بە بەشداری 16 شێوەکاری خانەقین کرایەوە.[1]
- سەر لەئێوارەی ئەمڕۆ لەکاتی بەشداریکردنی لە یادی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی 1987ی خەڵکی هەڵەبجە و هەورامان، دوابەدوای خوێندنەوەی شیعرێک، شاعیری دیاری ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان، (ئیبراهیم عەبدولکەریم) کۆچی دواییکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕێکخراوی ڕوانگەی سوریی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە ناوەندەکەی لە لەندەنە، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک ڕایگەیاند، کە تاڵانکارییەکان لە عەفرین بەردەوامن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- مانگرتن لە خواردن لە شارەکانی ئەوروپا بۆ ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە بە دەستپێشخەریی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی کورد لە ئەوروپا لە شاری ستراسبورگی فەرەنساوە دەستپێکرد، ئەمڕۆ لە چوارەمین ڕۆژیدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
- شار و شارۆچکەکان: ئامەد
- شار و شارۆچکەکان: هەولێر
- شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: خانەقین
- شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
- شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-04-2018
[2] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-04-2018
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-04-2018
[5] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-04-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-04-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 117

**2018-04-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180427000000146551




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر داخستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات مانگرتنی دوکانداران وکاسبکارانی شاری بانە پێی نایە سێزدەیەمین ڕۆژی خۆی.[1]
- ئەمڕۆ لە شاری ڕوانسەر، تەرزە باریوە هێندەی هێلکەیەک گەورە بووە و زیانی زۆری داوە.[3]
- لە گوندی هەژدە دۆڵانی شاری بانە، تەرمی ژنێک بە ناویگ.س دۆزرایەوە، کە لە لایەن مێردەکەیەوە کوژرابوو.[6]
باشووری کوردستان
- بەهۆی هاتنی شەپۆلێکی نوێی سەرما و سۆڵە و نزم بوونەوەی پلەکانی گەرما، بەیانی ئەمڕۆ لە کوێستانەکانی سنووری پێنجوێن بەفر باری و ڕێژەی بارانی ئەمساڵیش (1000 ملم)ی تێپەڕاندووە.[2]
- وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا دەنگی یەکێتی لە ناوچەی بادینان کەمناکات و چەسپاوە، ئەگەربێت و لایەنێکیش لەم ناوچەیە دەنگ بەدەستبهێنێت و باڵانسی دەنگ بگۆڕێت دەنگ لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەڕوات نەوەک یەکێتی.[2]
- گەریلاکانی هەپەگە لە ناوچەی بارزان، هێزە نهێنییەکانی سوپای تورکیان کردە ئامانج و 3 سەربازی تورک لەو چالاکییەدا کوژران.[5]
- لە کاژێر 13:30 خولەکی ئەمڕۆ, شەڕ و پێکدادانێکی چڕ لەنێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە و سوپای تورکیا لە سنووری پێنج گوندی شارۆچکەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران دەستپێکرد و بەهۆیەوە گوندەکانی لێلکان، خەلیفان، گۆرەشا، تارەکان و ناومێرگان چۆڵ بوون و خەڵکەکەی ئاوارەی سیدەکان و دەورووبەری بوونەتەوە.[4]
- لە شاری ڕانیە لە سەر ئەوەی مەلایەک یەکێتی و ئەی تر دوور لە یەکێتی دەبێتە کێشەیان، دەرئەنجام ریزی نوێژ لە مزگەوتی گەورەی ڕانیە دەبێتە دوو ریز، ریزێک هەموو لایەنەکانی تر، ریزێک و مەلایەک و یەکێتییەکان.[3]
- بنەماڵەی شەهیدی فەرماندە سەربەست مەنتک ڕونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە و دەڵێن، بڕیاربوو ئەمڕۆ حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر سەردانیان بکات، بەڵام سەردانەکەیان ڕەتکردۆتەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە پێی هەواڵێک کە لە ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاوبووەتەوە، سەرچاوەکان لە عەفرینەوە زانیارییان داوە، کە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی عەلەوییەکانی عەفرین لە هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران/4ی پووشپەڕ دا تورکیادا بەکاربهێنێت، ناسنامەی تورکییان بۆ دەردەکات. هەمان سەرچاوە ئەوەشی خستەڕوو، کە دەوڵەتی تورکیا بەزۆر ناسنامەی تورکییان داوەتە دانێشتووانی

گوندی کۆکانێ-ی سەر بە شارۆچکەی ماباتای عەفرین.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمینداری گشتی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) رایگەیاند، پلانی تایبەتیان هەیە بۆ زیاترکردنی هاریکارییە سەربازییەکانیان بۆ هێزە سەربازییەکانی عێراق و پێشمەرگە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پێنجوێن |

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-04-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-04-2018
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-04-2018
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 27-04-2018
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-04-2018


کاتی تۆمارکردن: 27-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 118

**2018-04-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180428000000146552



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ 14-یەمین ڕۆژی مانگرتن لە کارکردنی دووکانداران و کاسبکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ دەربڕینی نارەزایی لە دژی داخستنی سنوورە کۆڵبەرییەکان و بەرزبوونەوەی نرخی باج و گومرگ.[1]
- ژمارەیەک لە ئەسپی کاسبکارانی کورد، لە گوندەکانی میرئاوا و پێگەڵە دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و هێزە نیزامییەکانیش ئەسپی کاسبکارانی کورد دەدەنە بەر دەسڕێژی گوللە. لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، دەیان ئەسپی کاسبکارانی کورد بەکوشت چوون و چالاکانی مەدەنیش ئەم هەوڵەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بە تێکدانی سامانی خەڵک (تخریب اموال مردم) ناو دەبەن.[5]
باشووری کوردستان
- حەیدەر عەبادی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، گەییشتە کەرکوک.[2]
- لەمیانی بەشداریکردنی لەئاهەنگی ناساندنی کاندیدانی لیستەکەی لە کەرکوک عەبادی رایگەیاند، پێشمەرگە هەڵگری هەڵوێستی نیشتیمانییە و لە دژی سوپای عێراقیش ئامادەی شەڕکردن نەبوو.[4]
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و کوڕی مام جەلال لە هەڵمەتی بانگەشە بۆ لیستی یەکێتی، ڕەخنەی توندی لە بەرهەم ساڵح گرت و گوتی، کاتێک یەکێتی پارەی نەما ئەو جیابووەوە. گوتیشی، کە سەرۆک حکومەت بوویت و حکومەت پارەی لێدەباری بۆ چاکسازیت نەکرد.[3]
- کامەران بەرواری، سەرۆکی لیستی نەوەی نوێ لە زاخۆ هێرشی کرایەسەر.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی خەلنێرە-ی سەر بە ناوەندی شاری عەفرین، بۆمبارانی خانەوادەیەکی کردووە کە لەنێو باخی زەیتوونەکانیان بوون. بەهۆی هێرشەکە هاوڵاتییەک بە ناوی خالید مستەفا (24 ساڵان) شەهید بوو، هەروەها باوکی ناوبراو بە ناوی (واحید موستەفا (50 ساڵان) و برایەکی بە ناوی (عەلی مستەفا(23 ساڵان) بریندار بوون.[6]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری دەنیزلیی تورکیا لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی ڕەشبگیریی پۆلیسی تورکدا، دەیان ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە دەستگیرکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-04-2018
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-04-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 8-04-20182
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-04-2018

[6] 🖋مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-04-2018
کاتی تۆمارکردن: 28-04-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 119

**2018-04-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180429000000146553



باکووری کوردستان
- ئەنجومەنی پارێزگای چەولیگ ڕایگەیاند، کە لە ڕۆژانی 30ی نیسان بۆ 14ی ئایار، 26 ناوچەی ئەو پارێزگایە وەک ناوچەی ئاسایشی تایبەت دەناسرێن و هاتووچۆ تێیاندا قەدەغە دەبێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتن لە کاری کاسبکاران و دوکاندارانی شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 15 یەمین ڕۆژیدا بەردەوامە و نوێنەری سەید عەلی خامنەیی لە پارێزگای سنە-ش ڕەخنە لە کەمتەرخەمییەکانی حکومەت لەبارەی کوردستانەوە دەگرێت.[2]
باشووری کوردستان
- لە گەڕەکی هەڤاڵانی هەولێر گەنجێک بە چەقۆ دایک و باوکی خۆی دایە بەر چەقۆ و لە ئەنجامدا باوکی گیانی لەدەستدا و دایکیشی بریندار بوو.[1]
- بەشێک لە هەڵگرانی ماستەرو دکتۆر لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەولێر گردبوونەوە و داوادەکەن مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستی لەسەر هەڵبگیرێت.[3]
- بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایدەگەیەنیت تائێستا هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن تۆمارنەکراوە.[3]
- عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند فەرهاد پیرباڵ دەستگیرنەکراوە بەڵکو لەسەر داوای بنەماڵەکەی لەشوێنێکی تایبەت دانراوەو پاش "چارەسەری دۆخی دەرونی و جەستەییشی" ئازاد دەکرێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕو پێکدادانی قورس لەنێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەدەسە) و سوپای سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕویدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🖋مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 29-04-2018
[3] 🖋مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 29-04-2018
[4] 🖋مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 30-04-2018

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-04-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 120

**2018-04-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180429101921149397



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمرۆ کاتژێر 10:00، سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، نێردرایە بەردەم دادوەر لە دادگای سزای قورسی ئەستەنبوڵ. داواکاری گشتیی تورک بە تۆمەتی پروپاگەندە بۆ ڕێکخستنی قەدەغە داوای سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش کرد.[2]
- سوپای تورک لە ناوچەکانی جودی و فاراشین لە باکوری کوردستان، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی بە بەشداریی چەندین سەرباز و فڕۆکەی جەنگی دەستپێکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتنی کاسبکاران و دوکاندارانی شاری بانە-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ نایە 16یەمین ڕۆژی خۆی، مانگرتووان لە سەر شەقامەکان چادریان هەڵداو، و ڕایانگەیاندووە تا گەیشتن بەخواستەکانیان واز لە مانگرتن ناهێنن.[3]
- سەربازێکی کورد بە ناوی محەممەد ڕەزا سالاوەندیان خەڵکی شاری بیجاڕ کوڕی عەلی بەخش بە هۆی تەقینەوەی مین لە خاڵی سنووری شاری سەقز بریندار بوو.[6]
- دوو چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوەکانی نادر و شەهرام مەجیدیان لە لایەن دادسەرای ئینقلابی ئەو شارە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.[6]
باشووری کوردستان
- بەهۆی ئەو شەپۆلە باران بارین و ڕەشەبایەوە کە ماوەی چەند ڕۆژێکە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان گرتۆتەوە زۆرێک لەو پۆستەرانەی کە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن دانرابون شێوێنراون و تێکچوون.[1]
- لە هەولێر، بەشێوەیەکی ئەزموونی دەنگدان لە 53 بنکەی هەڵبژاردن دەنگدان بەڕێوەدەچێت و سەرۆکی لقی هەولێری کۆمسیۆنیش دەڵێت دەنگدانەکە بۆ دڵنیابوونی حزب و لایەنەکان و چاودێرانی بیانییە.[1]
- تەرمی نوسەر و ڕۆشنبیری کورد، دانا جەلال موفتی گەیشتە فرۆکەخانەی هەولێر.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەدان هاووڵاتیی عەفرین لە کانتۆنی شەهبا، لە دژی داگیرکەریی دەوڵەتی تورکیا و هەوڵەکانی ئەو دەوڵەتی بۆ گۆڕینی دیموگرافیا و باری دانیشتوان، خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بڕیارە بۆ پشتگیری لە ناوچەی حەسکیف-ی باتمان و ناوچەی سووری ئامەد کە شوێنەواری مێژووین و لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە لەناودەبرێن، لە 20 وەڵاتی جیهان چالاکی بەڕێوەبچن.[3]
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش داخستنی بارەگاکانی لە بەغدا و کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش لە عێراق ڕاگەیاند.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بیجار
شار و شارۆچکەکان: سەقز

🏙️ شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ ئەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 30-04-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-04-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-04-2018
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-04-2018
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-04-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-04-29 10:19:21 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 121
**2018-05-01**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180501000000146554




باکووری کوردستان
- میتینگی ئامەد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ئەمڕۆ بە پێشەنگایەتیی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی DISK, KESK, TMMOB و TBB بە درووشمی جۆراوجۆری کرێکاران، کاتژمێر 13:00 لە مەیدانی 5ی حوزەیرانی دیموکراتی بەڕێوەچوو. لە میتینگەکەدا چەندین پۆستەر بەرز کرانەوە کە لەسەریان نووسرابوو: (ڕەنجی ئێمە، جەستەی ئێمە و ناسنامەی ئێمە ئی ئێمەیە)، (بژی 1ی گوڵان)، (ژن، ئاشتی و بەهار دێنێت) و (لەپێناو ژیانێکی مرۆڤانە و ئاسایشی کار، نا بۆ باری نائاسایی).[1]
باشووری کوردستان
- لە باشووری کوردستان، لە هەولێر، کەرکوک و هەڵەبجە بەپێشەنگیی حیزبی شیوعی کوردستان 1ی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پیرۆز کرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری قامیشلۆ، دێرک، گرگێ لەگێ، کۆبانێ، منبج، تربەسپی و چەندین ناوچەی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا 1ی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەجۆش و خرۆشەوە پیرۆز کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی

Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-01

[2] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-01 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 122

**2018-05-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180502000000147919




ڕۆژئاوای کوردستان

- کاتژمیر 11:45 خولەکی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە پردی سپیی حەسەکە، بۆمبێک بە گروپێک لە منداڵانا تەقییەوە، ئانجامە بەراییەکان باس لە کوژرانی 3 منداڵ وبریندار بوونی 7 منداڵی دیکە دەکات.[1]

- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار، سوپای تورکیای داگیرکەر لە سەربازگەکانی خۆیەوە لەسەر هێڵی سنووری کۆبانێ، بە تۆپی هاوەن هێرش دەکاتە سەر گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی

Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-02 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 123

**2018-05-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180503000000147920




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بڕیاربوو بەرەبەیانی ئەمڕۆ ڕامین حوسێن پەناهی زیندانیی سیاسیی کورد کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، لەسێدارە بدرێت، بەڵام ئەمڕۆ ڕاگەیەنرا کە جێبەجێکردنی سزاکە بۆ ماوەیەک ڕاگیراوە.[3]
- ماوەی 19 ڕۆژە کاسبکار و دوکاندارانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی حکوومەتی ئێران کە دەروازەسنوورییە نافەرمییەکانی داخستووە و باجی گومرگی زیاد کردووە، دەستیان بە مانگرتن کردووە. ئەمڕۆش لە شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت و پیرانشار مانگرتن بەردەوامە.[3]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی یادی 30 ساڵەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی قەڵاسێوکە - گوندەکانی (عەسکەر و گۆپتەپە و چەمی ڕەزان) بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراون و دانیشتوانی سنورەکە و بەرپرسانی حکومی و حزبی لەمەراسیمێکدا لەگوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپە، تاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدانی هەردوو گوندەکە دانرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەزاران هاوڵاتی کانتۆنەکانی عەفرین و شەهبا، ڕێپێوانێکی جەماوەرییان لە ناوچەی فافین-ەوە بۆ کامپی بەرخۆدان دەسپێکرد، کە ئاوارەکانی عەفرینی لێ نیشتەجییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 124

**2018-05-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180504000000147921




رۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرەڕای گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنی بازاڕیانی شاری بانە، مانگرتنی بازاڕیانی ئەو شارە سنوورییە، بە بیستەمین ڕۆژی خۆی گەیشت.[1]
باشووری کوردستان
- وەزیری بازرگانی ئێران بە سەرۆکایەتی شاندێک گەیشتە هەولێر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 04-05-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 125
**2018-05-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180505000000147922




رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 8.30 لە ئەنجامی ڕاودوونان و تەقەی هێزە نیزامییەکان لە کۆڵبەران، کۆڵبەرێکی خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان و بەربوونەوە لە شاخی کانی خوای ئەو شارە بریندار بووە.[2]
باشووری کوردستان
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنیی و کەسوکاری سەردەشت عوسمان، هەشتەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لەسەر گۆڕەکەی کرایەوە.[1]
- لە چەند شار و شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان، هەشتەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کرایەوە و بەرگی دووەمی پەرتووکی سەردەشت عوسمانیش بڵاودەکرایەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سێ پەرلەمانتاری پارتی گەلی کۆماری-جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا داوای ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەیان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 05-05-2018
[2] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 06-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-05 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 126

**2018-05-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180506000000147923




باشووری کوردستان
- شەوی رابردوو بە هۆی بارینی بارانێکی زۆرەوە، لە زۆربەی گەڕەکەکانی ناو شاری دهۆک لافاو دروستبووەو بەوهۆیەوە چوار کەس لە شارەدێی فایدە بێسەروشوێنبوون و 28 ماڵ بە تەواوی ژێر ئاوکەوتوون و گوازراونەتەوە بۆ قوتابخانەیەک.[1]
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە ناوچەی برادۆستی باشوری کوردستان لە دژی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، دوو سەربازی تورک کوژران و پێنج سەرباز بریندارببوون.[2]
- یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان بەتوندی وەڵامی قسەکانی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەنەوە و رایدەگەیەنن لەسلێمانی ئیرهابی فکری نییە، ئەگەر ئیرهابێکی فکری و جەستەیش هەبێت لەژێر دەسەڵاتی پارتی هەیە، پێشیان وایە بەراورد بەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەو حیزبەدایە زۆرترین خزمەتگوزاری لەسنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە پێشکەشکراوە، ئاماژە بەوەش دەکەن جێگری سەرۆکی پارتی، کە لەهەمان کات سەرۆکی حکومەتیشە بەقسەکانی پەردەی لەسەر شکست و نەشارەزایی خۆی هەڵماڵی و بە ئاشکرا وتی ئەو سەرۆکی بەشێکی هەرێمە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی عێراق، داوا لە تورکیا دەکات بەشە ئاوی عێراق بەربداتەوە، هەروەها هێزەکانیان لە ناوچەی (باشیک)ی خاکی عێراق بکشێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 06-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 06-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری شارپرێس- 06-05-2018

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-05-06 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 127

**2018-05-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180507000000147924



باشووری کوردستان
- لە هەولێر هێرشکرایەسەر رابوون مەعروف و بریندارکرا. ئەم هێرشکردنە نارەزاییی زۆری لێکەوتەوە.[1]
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هەپەگە لە سەر گردی لیلکان لە خاکی هەرێمی کوردستان، 15 سەربازی سوپای تورک کوژران.[2]
- کەشناسیی هەرێمی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە رۆژانی 7 و 8ی ئایاری 2018، ئەگەری بارانی بەخوڕ و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک لەئارا دایە.[1]
- فرۆکەکانی تورک، برادۆستیان بۆردوومانکرد.[1]
- لە دووبز هەرچی ئاڵای یەکیتی هەیە لە لایەن عەرەبەکانی دووبز هێنرایە خوارەوە و خستیانە ژێر پێڵاوەکانیان و قسەی نەشیاویان بە مام جەلال دا و تەقەیان لە هاووڵاتیانی دووبز کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- خێزانێکی کورد لە بەغداد کۆمەڵکوژکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 08-05-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-05-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 128

**2018-05-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180508000000147925



باکووری کوردستان
- لەسەر پێشکەشکردنی وتارێک لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی چالاکوانێک، دیلان دیرایەت تاشدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە، بە ساڵێک و 8 ماگ زیندانیکردن سزادرا.[3]
- بە بیانووی ئاسایش، پارێزگاری جۆلەمێرگ بۆ ماوەی 15 ڕۆژ، قەدەغەی هاتووچۆی لە 30 ناوچەی ئەو پارێزگایە ڕاگەیاند.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران، دوو کچی هاووڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی قوڕی قەڵا، سەر بە شاری ڕوانسەریان دەسبەسەر کرد.[3]
باشووری کوردستان
- داواکاری گشتی هەرێم سکاڵای لەسەر ئە وکەسە تۆمارکرد، کە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی هەولێر لە مامۆستا بەتەمەنەکەیدا.[1]
- لەسەر بانگهێشتی ڤلادیمیر بوتینی سەرۆکی ڕووسیا، نێچیرڤان بارزانی سەردانی مۆسکۆ دەکات.[2]
- بەهۆی لافاو و کۆبوونەوەی ئاو-ەوە لە گەڕەکی کوردستان-ی شاری هەولێر، منداڵێکی تەمەن 8 ساڵان گیانی لەدەستدا.[2]
- دژی دواکەوتنی واژۆکردنی دامەزراندنیان و نەکردنەوەی نەخۆشخانەی چارەسەری بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، ژمارەیەک لە کارمەند و پزیشکانەی کە ناویان بۆ دامەزراندن گەڕاوەتەوە، گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان ئەنجامدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەهۆی بارانباری بەلێزمەوە، لە هەردوو کانتۆنی حەسەکە و گرێ سپی-ی ڕۆژئاوای کوردستان، لافاو هەستا، ئەوەش بووەهۆی دروستبوونی ئاستەنگیی هاتووچۆ.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کشایەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 08-05-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-05-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 09-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 129

**2018-05-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180509000000147926



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتنی دووکانداران و کاسبکارانی شاری بانەی سەربە سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 25-ەمین ڕۆژیدا بەردەوامە.[3]
- بە هۆی پێکدادانی دوو ئۆتووبوس لە جاددەی نێوان حەمیل شائاباد لە کرماشان، 7 کوژرا و30 برینداری لێ کەوتەوە.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلاکانی هەپەگە لە دەڤەری بارزانی هەرێمی کوردستان و ئەرزینگانی باکوری کوردستان حەوت سەربازی سوپای تورک کوژران.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ئێران لە سەرەتای کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ، بە وتافی نەمان بۆ ئەمریکا دەستیانپێکرد و ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهانیان سوتاند. [1]
- بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا رایگەیاند، تاوەکو ئەو کاتەی ئێران پابەندبێت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، یەکێتیی ئەورووپاش پابەندی دەبێت.[2]
- وتەبێژی سەرۆک کۆماریی تورکیا رایدەگەیەنێت، کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، دەبێتەهۆی ناسەقامگیری و شەڕ لە ناوچەکەدا.[1]
- سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی لە کشانەوەی ئەمریکا لەڕێککەوتنی ئەتۆمییەکەی ئێران دەربڕی و داوای لە لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە کرد پابەندبن پێوەی.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و ڤلادیمیر پووتین، سەرۆکی رووسیا لە مۆسکۆ کۆبوونەوە.[2]
- شەوی رابردوو، ئیسرائیل بۆردوومانی بنکەیەکی سەربازیی سووریی کرد و نزیکەی 15 سەرباز کوژران کە 8یان ئێرانین.[3]
- لە شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا بۆ ساڵی نۆیەمین، چالاکیی (ڕۆژانی کولتووری کورد) دەستی پێکرد کە بووە بە نەریتێکێکی ساڵانە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 09-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-05-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 09-05-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 09-05-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-09 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 130

**2018-05-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180510000000147927




رۆژهەڵاتی کوردستان
- بازارِیانی شاری بانە، پاش 25 رۆژ مانگرتن بەبێ جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان و وڵام نەدانەوەی بەرپرسانی حکوومەتی بە داواکارییەکانیان کۆتاییان بە مانگرتنەکەی خۆیان هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژەئاستار لە 6 قۆڵەوە لە گردی لێلیکان لە سوپای تورکیای داگیرکەریان دا.[2]
- درەنگانێکی شە و لە خانەقین بە تەقە هێرشکرایەسەر ئۆتۆمبێلی ئەڤین محەمەد حەسەن زەهاوی کاندیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پارێزگای دیالە، بەڵام ناوبراو لە و هێرشە رزگاری بوو.[1]
- عیرفان سەعدوڵڵا، کاندیدی ژمارە 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دیالە، رایگەیاند کاژێر 10:00ی ئەمرۆ لەلایەن شێرکۆ عەبدولعەزیز، بەربژێری لیستی فەتح و پاسەوانەکانی و چەند چەکدارێکییەوە هێرشمکرایە سەر و بریندار کرام.[3]
- دەنگدانی تایبەت بۆ پەرلەمانی ئێراق لە باشووری کوردستان دەستپێکرد. لە هەندێک بنکە بەهۆی کێشەی زۆری دەنگدەران و کێشەی تەکنیکی دەنگدان راوەستاوە.[2]
- ئەمرۆ لەکاتێکدا بڕیاربوو برە پارەی قەرەبوو بدرێتەوە هاووڵاتیانی کورد لە خورماتوو، ئەندامێکی ئەنجومەنی شارۆچکەکەش رەتیکردووەتەوە هاوکارییەکە دابەشبکرێت و بە فیشەک بڵاوەیان بە هاووڵاتیان کردووە.[1]
دەرەوەی کوردستان

- سوپای ئیسرائیل ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردووەتەوەو دەڵێت، لە تۆڵەی چەند هێرشێکی مووشەکی بۆسەر ئیسرائیل، دەیان پێگەی سەربازیی سوپای قودسی سوپای پاسدارانی ئێرانیان لە سووریا کردووەتە ئامانج و وەڵامی 20 مووشەکی ئاراستەکراوی ئێرانیان لە بەرزاییەکانی جۆڵان داوەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 10-05-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 10-05-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 10-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-10 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 131
**2018-05-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180511000000147928




باکووری کوردستان
- لە سەر ڕێگای نێوان دەرسیم بۆ ئەرزینجان لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی سوپای تورک تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی سوپای تورک کوژران و برینداربوون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە یەکێک لە گوندەکانی شاری سەوڵاوا مێرمنداڵێکی تەمەن 12 ساڵ بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکان هەر دوو دەستی لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگارکردنی سێ منداڵی ئێزدی لە سوریا ڕاگەیاند.[1]
- کۆبی ئەنجامی چەند وێستگەیەکی حەویجە و دەوروبەری ئاشکرابووە و تێیدا یەکێتی نیستیمانی

کوردستان زۆرینەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەتی بەدەستهیناوە.[1]
- بەهۆی هێرشێکی چەکدارانی داعش بۆ سەر خاڵێکی حەشدی شەعبی لەنزیک زنجیرە چیای حەمرین، 5 چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[1]
- لەنێوان کاژێر 10:00 بۆ کاژێر 11:00ی ئەمشەو، بنکەی دەنگدانی ئاشتۆکان لە سنووری قەرەتەپە و بنکەی دەنگدانی شێخ باوە لە گولاڵە هاوەنباران کران.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- یەپەگە رایگەیاند کە لەماوەی 9 رۆژدا 15 سەرباز و جەتەی تورکیا لە عەفرین کوژراون.[2]
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە لە 11 یەمین ڕۆژی کۆتا قۆناغی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە، گەیشتنە کەناراوەکانی رووباری فورات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە سەر وێبسایتی چەینج دۆت ئۆرگ کەمپەینیک بە ناوی بۆ هەڵژاردنێکی یەکسان و بێ خەوش و ئازاد، با سەلاحەدین دەمیرتاش ئازاد بکرێت دەستپێکرد و دەیانویست 5 هەزار ئیمزا کۆبکەنەوە، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زیاتر لە 5 هەزار ئیمزایان کۆکردەوە.[2]
- حکومەتی ئەمریکا ئەبلوقەی خستەسەر شەش کەسایەتی و سێ کۆمپانیای ئێرانیی بەهۆی پەیوەندیی بازرگانییان بە سوپای پاسدارانەوە، ئیماراتیش چەند کەسایەتی و کۆمپانیایەکی ئێرانیی بایکۆت کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-05-12

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 132

**2018-05-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180512000000147929



رۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە نیزامییەکانی ئێران، لە شاری پیرانشار دەستیان بە سەر شتومەکی ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی ئەو شارەدا گرت و ئاگریان تێبەردا. شتومەکی کۆڵبەرانی کورد، سیگار و جلوبەرگی منداڵان بووە.[3]

- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی شەهریار تەهماسبی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری کرماشان، بەڵام لە دەسبەسەر کردنی ناوبراو سەرکەوتوو نەبوون.[3]

باشووری کوردستان

- دەنگدان بۆ پەرلەمانی ئێراق لە شارەکانی باشووری کوردستان دەستیپێکرد. لە هەندێک بنکە کێشەی تەکنیکی دروستبووە و هاووڵاتیان ناتوانن دەنگ بدەن.[1]

- چەکدارانی داعش لە باشوری کەرکوک هێرشیانکردەسەر هێزە عێراقییەکان و بەهۆیەوە ژمارەیەک سەرباز و چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[2]

- بەهۆی داخستنی رێگەی سەرەکی مەخموور و چوار شارەدێ، نزیکەی 20 هەزار کەس لە دانیشتووانی مەخموور و شوێنەکانی تر ناتوانن دەنگ بدەن، قایمقامی مەخمووریش دەڵێت فیرقەی سێی سوپای عێراق کێشەکەی دروستکردووە.[2]

- بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ئێراقەوە لە شارەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە سلێمانی کێشە و سەرپێچی دروستبوو. هێزەکانی یەکێتی هێرشیانکردە سەر گردی زەرگەتە و بەهۆیەوە چەند ئەندامێکی بزووتنەوەی گۆڕان بریندار بوون.[1]

- سەرۆکی لیستی یەکێتی لە کەرکوک ڕایدەگەیەنێت، پێشێلکاریی گەورە لە شارۆچکەی حەویجە کراوە و سکاڵامان لەسەر لایەنی عەرەبیی حەویجە تۆمار کردووە.[4]

- بەهۆی بارانی زۆرەوە لافاو لە شنگال هەستا.[4]

- سایتی کەی ئێن ئێن-ی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند: سیستمی ئەلکترۆنی دەنگدان هاککراوە و داواکراوە کە بەشێوەی دەستی دەنگەکان جیابکرێنەوە.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- لە ئەنجامی باران بارینێکی توند لە کانتۆنی کۆبانێ لافاو هەستا، لافاوەکە زیانی قورسی بۆ سەر ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان لێکەوتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالّپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-05-2018
[3] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 12-05-2018
[4] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 133

**2018-05-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180513000000147930



باکووری کوردستان
- تورکیا بە فەرمی سەلاحەدین دەمیرتاشی وەک کاندیدی سەرۆکایەتی پەسەندکرد.[3]
باشووری کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لە هێزە ئەمنییەکانی هەرێم دەکات بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ دۆسێی هەڵبژاردن بکەن.[1]
- سێ لیژنە لە بەغداوە سەردانی هەرێم دەکات، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی لەسەر هەڵبژاردنەکان هەیە.[1][2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خانەقین بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە کارمەندێکی هێزەکانی پۆلیسی پاسەوانی گیانی لەدەستدا.[1]
- ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان بڵاوکرایەوە و پارتی و یەکێتی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان یەکەم یان دووەمن.[3]
- پارێزگاری سلێمانی داوا لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات، کە بەخێرایی گومانەکان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بڕەوێنێتەوە.[4]
- هەریەکە لە یەکگرتووی ئیسلامیی، کۆمەڵی ئیسلامیی،بزوتنەوەی گۆران، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی، بزوتنەوەی ئیسلامیی و حزبی شیوعی لە بارەگای هاوپەیمانی لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێ کردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی دوێنێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و سەرجەم ئەو لایەنانە دەرەنجامی دەنگدان ڕەت دەکەنەوە.[4]
- وتەبێژی لیستی یەکێتی لە هەولێر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، دەستکاری دەنگەکانی یەکێتی لە هەولێر کراوە، بۆیە سکاڵایان تۆمارکردووە و ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن لە سنووری پارێزگاکە ڕەتدەکەنەوە.[1]
- لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە هێرشکرایە سەر بارەگایەکی یەکێتی لە کەرکوک، پۆلیسیش دەڵێت زیانی گیانی نەبووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ، شەرڤانانی قەسەدە لە 13-یەمین ڕۆژی قۆناغی کۆتایی هەڵمەتی گەردەلولی جزیرە-دا، چوونە گوندە باخۆز-ی ڕۆژهەڵاتی چەمی فورات و نزیکبوونەتەوە لە شارۆچکەی حەجین.[4]

دەرەوەی کوردستان
- ئیئتلافی وەتەنیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی داوا دەکات هەڵبژاردنی 12ی ئایاری پەرلەمانی عێراق هەڵوەشێدرێتەوە و دوبارە ئەنجامبدرێتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-05-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-05-2018



کاتی تۆمارکردن: 2018-05-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 134

**2018-05-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180514000000147931



| القائمة | عدد |
|---|---|
| سائرون | 54 |
| تحالف الفتح | 47 |
| ائتلاف النصر | 42 |
| ائتلاف دولة القانون | 25 |
| الحزب الديمقراطي الكوردستاني | 23 |
| ائتلاف الوطنية | 21 |
| تيار الحكمة الوطني | 19 |
| الاتحاد الوطني الكوردستاني | 17 |
| تحالف القرار العراقي | 13 |
| الانبار هويتنا | 6 |
| كوران (التغيير) | 5 |
| تحالف بغداد | 4 |
| حراك الجيل الجديد | 4 |
| نينوى هويتنا | 4 |
| التحالف العربي في كركوك | 3 |
| الجماعة الاسلامية الكوردستانية /العراق | 3 |
| ائتلاف قلعة الجماهير الوطنية | 3 |
| جبهة تركمان كركوك | 3 |
| حركة ارادة | 3 |
| الاتحاد الاسلامي الكوردستاني | 2 |
| التحالف من اجل الديمقراطية والعدالة | 2 |
| النهج الديمقراطي | 2 |
| ائتلاف كفاءات للتغيير | 2 |
| بيارق الخير | 2 |
| تمدن | 2 |
| حزب الجماهير الوطنية | 2 |
| عابرون | 2 |
| التحالف المدني الديمقراطي | 2 |
| الحزب المدني | 1 |
| تجمع رجال العراق | 1 |
| تحالف صلاح الدين هويتنا | 1 |
| عراق الارض | 1 |
| المجموع | 1 |
| | 320 |

باشووری کوردستان
- یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی ڕێککەوتبێت لەسەر دوبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی کەرکوک و دەڵێت تەنیا پابەندین بەبڕیارەکانی کۆمسیۆنەوە و هەموو جۆرە ڕێککەوتنێک ڕەتدەکەینەوە.[1]
- پۆلیسی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان هۆشداری دەدەنە هاوڵاتیان کە بە هەر هۆکارێک تەقە دەکەن یان تەقەی خۆشی دەکەن ئەو کارە ڕابگرن و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات ڕووبەڕوی یاسا دەکرێتەوە و بەپێی یاسا سزا دەدرێت.[2]
- ئەمڕۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئاسایشی عێراق لێدوانێکی لەسەر کوژرانی چوار چەتەی داعش لە سنوری ڕیاز لە باشوری کەرکوک بڵاوکردەوە.[2]
- بەرپرسی هێزەکانی یەکەی 70ی هێزی پێشمەرگە، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا لەبارە گرژی و تەقەکردنەکەی گردی زەرگەتەی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت بزوتنەوەی گۆڕان پەلاماری سندوقەکانی دەنگدانیانداوە، ئەوانیش وەک یەکێتی تا ڕادەی پارانەوە داوایان لەگۆران کردوە ئەو کارە بوەستێنن و بەڵام هەربەردەوامبون، ئاماژە بەوەش دەکات ئەوەی یەکێتی بە ساختەکردنی دەنگەکان تۆمەتبار دەکات حاڵی دۆڕاوەکانە، وتیشی " لەمڕۆ بەدواوە لەگەڵ هیچ لایەنێکدا سازش ناکەین".[3]
- کاتژمێر 2:00 سەرکردەی یەکەمی هەریەک لە (بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی شیوعی، هاوپیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی و بزووتنەوەی ئیسلامی)، گەیشتنە بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیی لە شاری هەولێر و لەئێستادا لە کۆبوونەوەدان. ئەو شەش لایەنە لە ئەنجامە نافەرمییەکانی هەڵبژاردنەکەی 12ی ئایاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نارازیین و دەڵێن ساختەکاریی تێداکراوە.[2]
- دوای گەیشتنی ئەنجامی دەنگدانی هاوڵاتیانی تاراوگە، ئەمشە و 14ی ئایاری 2018 کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی بەرایی دەنگدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم و سێ شاری تر ڕادەگەیەنێت.[1]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهۆی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتارێکی پێشکەشکرد و داوای لە لایەنەکان کرد ئەنجامەکان قبوڵ بکەن.[1]
- بەپێی زانیارییەکان تەنیا لە 40%ی خەڵکی کەرکوک دەنگیانداوە، زۆربەی پێکهاتەکانی پارێزگاکە گلەییان لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو شارە هەیە و تورکمان دەڵێت، سندووقەکانی دەنگدان پێش ماوەیەک براونەتە سلێمانی بۆ دەستکاری،کوردیش دەڵێت هەموو مافی گلەییان هەبێت، تورکمان و عەرەبەکان ئەو مافەیان نییە، چونکە خۆیان سیستەمەکەیان قبووڵکردووە و هێناویانە بۆ کەرکوک.[4]
- جگە لە یەکێتی، لایەنە کوردستانییەکان و لیستی فەتحی عێراقی لە خانەقین نارەزاییان دەربری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خانەقین.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ گوندی عەلی شار، کە 10 کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێوە، لەلایەن سوپای تورکەوە هێرشی کراوەتەسەر. سوپای تورک بە چەکی NG3 هێرشی کردوەتە سەر گوندەکە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی زیاتر دابەزی، ئەوەش بەهۆی زیادبوونی گومانەکان لە توانای بانکی ناوەندی تورکیا بۆ وەستاندنی هەڵاوسانی نرخەکان لە خانەی دەیاندا، تەرازووی بازرگانی تورکیاش لە مانگی ئازاردا زیاتر بووە لەوەی پێشبینی دەکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

|  |  |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| Quick Respons Code: |  |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-14

|  |  |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-05-14 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 135

**2018-05-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180515000000147932


سالی 2018
ئەنجامی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم 92%

| ناوی قەوارە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کەرکوک | موسڵ | دیالە | کۆتا | کۆی گشتی | رێژەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | 8 | 1 | 10 | 0 | 6 | 0 | 3 | 28 | 45.90% |
| یەکێتی | 2 | 8 | 0 | 6 | 1 | 1 |  | 18 | 29.51% |
| گۆڕان | 1 | 4 | 0 | 0 | 0 | 0 |  | 5 | 8.20% |
| یەکگرتوو | 0 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 |  | 2 | 3.28% |
| کۆمەڵ | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 |  | 2 | 3.28% |
| هاوپەیمانی | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 |  | 2 | 3.28% |
| نەوەی نوێ | 2 | 2 | 0 | 0 | 0 | 0 |  | 4 | 6.56% |
|  |  |  |  |  |  |  |  | 61 |  |

باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی تورک لەدژی گەلی کورد حەوت هاوڵاتی دەستگیرکران، کە سێیان لەوان هاوسەرۆکانی هەدەپە و دەبەپەی شارۆچکەی قەرەچۆبانی سەربە ئەرزرۆمن.[1]
- لەئەنجامی بەرپابونی شەڕی چەکداری لەنێوان دوو خانەوادەدا لە گوندی ئاکچەکەڵەی سەر بە شارۆچکەی (ئەرخەنی) لە شاری ئامەد پێنج کەس کوژران و دوو کەسی دیکەش برینداربوون.[2]
- هونەرمەند پنار ئایدنلار لە کاتی گەڕانەوەی لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا، لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک-ی ئیستەنبووڵ دەستگیرکرا. ئایدنلار کە سزای 10 مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە، گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی ژنانی باکرکۆی.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێکی ناوەندی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی کوردستان، لە دوو رۆژی ڕابردوودا دوو کۆڵبەر لەسەر سنووره دەستکردەکانی نێوان رۆژهەڵات و باشوری کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مینەوە برینداربوون.[1]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە ملەی تەتە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەردەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مستەفا حاجی بە توندی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە لە کەرکوک، گرژی لەنێوان تورکمانەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی دروستبوو.[3]

- مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پەیامێکی ئاڕاستەی هێزە ئەمنییەکانی شارەکە دەکات و هۆشداری دەدات کە ئەگەر ئامادەنین فەرمانبەرانی کوردی کۆمسیۆن بپارێزن ئەوە یەکێتی شەقامی کەرکوک لەدژی پێشێلکارییەکانیان دەجولێنێت.[2]
- لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە شاری هەولێر، لەبەرامبەر نەبوونی کارەبای نیشتیمانیی خۆپیشاندان ئەنجام درا.[1]
- نەوەی نوێ ڕایدەگەیەنن، پارتی و یەکێتی دەنگەکانیان لە بەرژەوەندی خۆیان دەستکاری کردووە، بۆیە دەنگەکان ڕەت دەکەینەوە و لەگەڵ شەش حزبە نارازییەکە هاوپەیمانییەتی دروست دەکەین.[1]
- کارزان گەردی، بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری هەولێر، بۆ وتی: لە هەولێر 106 سکاڵامان لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بوونی ساختەکاریی لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان تۆمار کردوە.[1]
- لە راگەیێندراوێکدا موقتەدا سەدر سەرۆکی رەوتی سەدر رایگەیاندووە: مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی سەرکەوتنی لیستەکەمانیان کردووە و باسمان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کردووە.[4]
- شەش لایەنی سیاسی نارازی لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەولێر خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[3]
- ئەمشەو، ئاگر لە ئۆفیسی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کەوتەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوەش دەڵێت، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەستپێکردووە.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا راگەیاند، بەپێی ئە و راپۆرتانەی لەلایەن رێکخراوە مەدەنی و نێودەوڵەتیەکانەوە بە وڵاتەکەی گەیشتووە، هەڵبژاردنەکەی عێراق متمانەپێکراوە.[4]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق، داوای لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد، کە دەنگەکانی پارێزگای کەرکوک بە دەست ئەژماربکرێنەوە، داواشی لە کۆمسیۆن کرد، کە رێوشوێنی دادپەروەرانە سەبارەت بە سکاڵای لایەنەکان بگرنەبەر.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئاشکرایانکرد، بەهۆی روداوەکانی غەززەوە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگهیشتی باڵیۆزی ئیسرائیلی لە ئەنقەرە کردووە و داوای لێکردووە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی و تورکیا جێبێڵێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەرزەروم |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 15-05-2018
[2] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 15-05-2018
[3] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 15-05-2018
[5] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-05-2018
[6] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 16-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 15-05-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 136

**2018-05-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180516000000147933




باکووری کوردستان
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، گەریلاکانی هەپەگە لە دژی بنکەی جەندرمە لە گۆکلو لە ناوچەی خەلفەتی پارێزگای رحا چالاکییەکیان ئەنجامداوە و لەو چالاکییەدا 2 سەرباز بریندار بوون.[2]
باشووری کوردستان
- کۆمیتەی شەهیدانی پەکەکە، کۆمەڵکوژکراوانی هەولێر بەبیردەهێنێتەوە و دەڵێت: 21 ساڵ داواکاریی بێ وەڵام لەبارەی بێ سەروشوێنبوونی ئەو هەڤاڵانەمانەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە دامودەزگاکانی حکومەت هیچ توانایەکیان نییە و ئەم دەسەڵاتەش لە خزمەتی هێزەکانی داگیرکەراندانیە.[1]
- شەوی رابردوو لەگەرەکی شۆرجەی کەرکوک لەکاتی ئاهەنگگێڕانی هاوڵاتیانی کورد بەبۆنەی بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانی شارەکە، هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق تەقەی هەرەمەکیان لە ئاهەنگگێڕان کرد و بەهۆیەوە منداڵێک بەناوی هەرێم غەمگین تەمەنی 6 ساڵ گیانی لەدەستدا، باوکیشی بەسەختی بریندار بوو.[3]
- ئایدن مەعروف پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند هەڵبژاردن ساختەکاری تێدا کراوە و داواکاری ئێمە رەتکردنەوەی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو هەژمارکردنەوەی دەنگەکانە بەدەستی، لەهەرێمی کوردستان و کەرکوکیش.[3]
- وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند، ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵنەوەشێتەوە و هەڵبژاردن دووبارەنەکرێتەوە، ئەوا لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەکشێنەوە.[3]
- نێچیرڤان بارزانی لەبارەی نیگەرانی شەش لایەنی کوردستانی لە ئەنجامی هەڵبژاردن گوتی: ئەو شەش لایەنەی نیگەرانی خۆیان دەربڕیەوە لەپرسی هەڵبژاردن لە سلێمانی و کەرکووک، بۆ تەواوکردنی قافیەی شیعرەکەیان هەولێر و دهۆکیشیان تێخستووە، بەڵام هەر نیگەرانییەک

هەیە دەبێت بڕەوێتەوە، نیگەرانی ئەو شەش لایەنە بە جدی وەردەگرین و وەک سەرۆکوەزیران داوا لە کۆمیسیۆن دەکەم زۆر بە جدی کاری لەسەر بکات.[4]
- ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەمڕۆ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، کۆمسیار دکتۆر سەعید کاکەیی هەڕەشەی کوشتن لە خۆی و خێزانەکەی کراوە لەلایەن یەکێک لە لایەنە سیاسیە زەرەرمەندەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. دەشڵێت، بەپێی یاسا دەنگەکان بەدەست هەژمارناکرێن.[3]
- لیستە کوردییەکانی پارێزگای دیالە نزیکەی 45 هەزار دەنگیان لە خانەقین و دەوروبەری بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەنگەکانیان بەسەر کۆمەڵێک لیستی جیاوازدا دابەشبووە، مەترسی ئەوە هەیە بەهۆی سیستەمی سانتلیگۆ کورد نەتوانێت لەو پارێزگایە هیچ کورسییەک بەدەستبخات.[4]
- راوێژکارێکی وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند، تاوەکو ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان داوای مۆڵەتی دروستکردنی هێزی چەکداری نەکردووە. گوتیشی دروستکردنی هێزی چەکداری لەلایەن هەر هێزێکەوە بێت رێگەپێدراو نییە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لەسەر سنوورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان لە نزیک قامیشلۆ، ئۆتۆمبێلێک تەقییەوە، بەگوێرەی زانیارییەکان شۆفیری ئۆتۆمبێلەکە و هاوڵاتییەکی دیکە گیانیان لە دەستدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: روحا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-05-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 16-05-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-05-16 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 137

**2018-05-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180517000000147934



باکووری کوردستان
- پێنجەمین دانیشتنی دادگاییکردنی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە سینجان بەڕێوەدەچێت.[2]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گەرمیان رایگەیاند، ئەو حەوت گەنجەی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا هەڕەشەیان لە دامودەزگاکانی حکومەت دەکرد، لەلایەن دادوەرەوە بە پێنج ساڵ و یەک مانگ زیندانیکردن، سزادران.[1]
- بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەرێم لەبارەی دەنگۆی دروستکردنی هێزی چەکدار لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە رایدەگەیەنێت، رێگە بە هیچ حزب و لایەنێک نادرێت هێزی چەکداری دروستبکات.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی هەولێر دەنگۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئیبۆلا لە هەولێر ڕەتدەکاتەوە و دڵنیایی دەداتە هاوڵاتییان، کە هیچ حاڵەتێکی ئەو نەخۆشییە لە شارەکە بوونی نییە.[4]
- لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە لێیان لەلایەن کۆمپانیایەکەوە، شۆفێرانی تانکەرەکانی گواستنەوەی سوتەمەنی بۆ باشماخ گردبوونەتەوە و رێگای هاتووچۆی تانکەرە ئێرانییەکانیان گرت.[4]
- یان کوبیچ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق داوا لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات بەخێرایی دەستبکات بە لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.[3]
- لە ڕوونکردنەوەیەکدا نوسینگەی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاشکرایکرد کە نوسراوێکیان ئاڕاستەی دەستەی نەزاهە کردووە سەبارەت بە هەندێک لادانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.[3]
- هاووڵاتیەکی کورد لە باشوری کەرکوک لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندرا. وتیشی رفیندراوەکە کوردە و ناوی شڤان محەمەد وادییە و خەڵکی ناوچەی حەفتەغارە لە داقوق.[3]
- لە رێگای هەولێر - بێستانە ژنێک بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت، گوللەیەک لەسەری دراوە و کوژراوە.[2]
- 22 رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی ڕایانگەیاند، کە هەفتەی داهاتوو دژی ئەنجامی هەڵبژاردن خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن، داواشیان کرد بەرپرسانی کۆمسیۆن دادگایی بکرێن.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، ناوچەی خواکورک لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بۆردوومان دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- میدیاکان بڵاویانکردەوە کە عادل موراد، سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بەهۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. پاشتر وتەبێژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەتیف نێروەیی دەربارەی باری تەندروستی عادل موراد لێدوانێکی دا و ڕایگەیاند کە دۆخی تەندروستی عادل موراد باش نیە و هێشتا لەژیاندا ماوە.[2]
- نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات لە زیادبوونی ئاڵۆزییەکان و دروستبوونی شەڕێکی نێودەوڵەتی لەسەر خاکی سووریا کە حەوت ساڵە بەدەست شەڕی نێوخۆوە دەناڵێنێت.[1]
- دوێنێ شەو خێزانێکی کورد کە دانیشتووی ڕانیەن و لە سێ کەس پێکهاتوون کە ژن و پیاوێک و منداڵێکن، لە وڵاتی فەرەنسا سواری (بارهەڵگر) دەبن و بەنیازبوون لەو وڵاتەوە بچنە وڵاتی بەریتانیا. ئەوەشی ڕاگەیاند، بەڵام بارهەڵگرەکە بە هەڵە دەچێتە وڵاتی بەلجیکا و لەکاتی

دابەزینیان لەو وڵاتە پۆلیسی بەلجیکا تەقە لە خێزانەکە دەکەن و منداڵێکیان بە ناوی مەودا کە تەمەنی سێ ساڵە کوژراوە و دایک و باوکی منداڵەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-17
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-05-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئارڕ تی - 2018-05-17


کاتی تۆمارکردن: 2018-05-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 138

**2018-05-18**

147935https://www.kurdipedia.org/?q=20180518000000



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیا کە لە ناوچەی ئیلک-ی شڕناخ سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی، 5 هەرێمی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ وەک هەرێمی ئاسایشی تایبەت ڕاگەیاندووە و هاتووچۆی هاووڵاتیان لەماوەی ئەم 15 ڕۆژەدا لەو هەرێمانە قەدەغە کردووە. لەوهەرێمانەی کە قەدەغەی هاووتوچۆی تێدا ڕاگەێندراوە جمووجوڵی سەربازی دەستی پێکردووە.[1]
باشووری کوردستان
- میدیاکانی یەکێتی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ئەم بەیانییە عادل موراد لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەپەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی عادل موراد سیاسەتمەدار و سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی پرسەنامەیەک ڕادەگەیەنێت.[4]
- بەیانی ئەمڕۆ لە نزیک گوندی قەڵای زەنقەر لە سنوری داقوق، بۆمبێکی چێندراو بە هاوڵاتی یونس محەمەد کاکەییدا تەقیەوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان، لەبەیاننامەیەکدا خواستی زۆینەی لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی ڕەتکردەوە بۆ ئەنجامدانی جیاکردنەوە و هەژمارکردنی دەستی دەنگەکانی هەڵبژاردن.[4]
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ئاشکرای دەکات، ئە و ژنەی دوێنێ تەرمەکەی دۆزرایەوە، لەلایەن براکەیەوە کوژراوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەوامیی تاڵانکاریی، داگیرکاریی و پێشێلکارییەکانی سوپای تورک و چەتەکانی لە عەفرین، ڕاگەیەندراوە، کە چەتەکان گۆڕە مێژووییەکان هەڵدەدەنەوە تاڵانیان دەکەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- 31هەمین مێهرەجانی گۆڤەندی کوردستان لە شاری هانۆڤەر-ی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت. لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە ئەمساڵ 31 گروپی هەڵپەڕکێ بەشداریی مێهرەجانەکە دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-17
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-18 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 139

**2018-05-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180519000000147936




باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا لە گوندی ئەفشێ لە ناوچەی میدیاتی سەر بە مێردین، پەرسەخانەی هاووڵاتییانی ئێزدیی ئەو گوندەی رووخاند.[3]
- دەستەی بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنەکانی هەدەپە رایگەیاند، بۆ ئەوەی نەخشەڕێگای هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیراندا بە باشی بۆ هاووڵاتییان روون بکرێتەوە، ملیۆنێک برۆشۆر و بڵاوکراوەی کوردیان چاپ کردووە.[3]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەریی کەجەکە لە پەیامێکدا کە بەبۆنەی کۆچی دوایی عادل مورادەوە بڵاوکردووەتەوە، ڕادەگەیەنێت: گەلەکەمان بە کۆچی دوایی عادل موراد بەهایەکی گەورەیان لە دەستدا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سەر سنوورەکانی شاری پیرانشاری سەربە پارێزگای ورمێ، هێزە چەکدارەکانی حکومەت دەستڕێژی گوللەیان لە دەستەیەک کۆڵبەرکردووە، لە ئەنجامدا کۆڵبەرک بەسەختی برینداربووە. ئەو کۆڵبەرە ناو عەلی حەسەنزادەیە، تەمەنی 45 ساڵە و خەڵکی گوندی باڵاگیری سەربە پیرانشارە.[2]
- هێزە نیزامییەکان لە سنووری شاری شنۆ، دەستیان بە سەر زیاتر لە 350 سەر ئەسپی کاسبکارانی ئەو شارەدا گرت و دەیان سەر لە ئەسپی کاسبکارانیان کوشت.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00، دەربارەی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی عێراق، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان عێراق کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد و بەپێی ئەنجامەکان،لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر بە بەدەستهێنانی 54 کورسی لە کۆی 329 کورسی پەرلەمان براوەی یەکەم بووەو لە هەرێمی کوردستانیش پارتی و یەکێتی و گۆڕان و نەوەی نوێ براوەی یەکەم تا چوارەمن.[2]
- بەرپرسی لقی یەکگرتووی ئیسلامی لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین رایگەیاند، کادیرێکی حیزبەکەیان کە وەک کاندیدێکی سەربەخۆ لە لیستەکەی عەبادی لە خورماتوو خۆی پاڵاوتبوو، لەلایەن کۆمیسیۆنە وەک پەرلەمانتار ناسێندرا، بەڵام دواتر ژنێک خرایە شوێنەکەی.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی قولە ڕەیسی لە شاری سلێمانی، باوکێک لەلایەن کوڕە دوانزە ساڵانەکەیەوە دەکوژرێت.[1]
- وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم بڕیاریدا لەمەودوا جوتیاران لەکاتی فرۆشتنی بەروبوومەکانیان هیچ بڕە پارەیەک وەک عمولە نەدەنە خاوەنی عەلوەکان و بەمەش بڕەپارەیەک دەگەڕێتەوە بۆ جوتیاران کە پێشتر لە عەلوەکاندا لێیان وەردەگیرا.[4]
- ئە و شەش حزبە نارازییەی کە داوایان دەکرد ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان بەدەست هەژماربکرێتەوە، ئەمڕۆ وازیان لە و داواکاریەیان هێناوە و داوادەکەن هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و بەشێکی ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامبدرێتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێک لە فەرماندەکان و دیپلۆماتکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی لەگەڵ فەرماندەکانی ئەنجومەنی سەربازیی منبجدا کۆبوونەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هاوڵاتیانی شاری کازرونی سەربە پارێزگای شیرازی ئێران ڕژانەوە سەر

سەقامەکان و خۆپیشاندانییان دەستپێکردەوە، لەکاتێکدا کە دوو رۆژ بوو بەهۆی بەسەربازیکردنی شارەکە لەلایەن حکومەتەوە سەر شەقامیان چۆڵکردبوو.[2]
- عەلی ئەکبەر ساڵی، سەرۆکی دامەزراوەی وزەی ئەتۆمی ئێران لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەگەر وڵاتانی ئەوروپاش وەک ئەمریکا پابەندی رێککەوتنەکە نەبن ئەوا دەستبەجێ دەستدەکەنەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم و مادەکانی تری ئەتۆمی بە رێژەی 20%. [4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 19-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-05-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-05-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 20-05-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-05-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 140

**2018-05-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180520000000147937




باشووری کوردستان
- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی نووسەر و کەسایەتی ناسراو و ئەفسەر و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە شارۆچکەی سۆران کۆچی دوایی کرد و بڕیارە ئەمرۆش تەرمەکەی بە خاک بسپێردرێت.[1]
- لە گوندی کانی خومارە لەنزیک مەرزی کێلەشین لە شارەدێی سیدەکانی سەر بەشارۆچکەی سۆران لە پارێزگای هەولێر، لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە تەقە لە هاولاتییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و کوژرا.[3]
- ژمارەیەک چەکداری داعش لە باشووری کەرکوک کەوتنە بۆسەی هێزە سەربازییەکانەوە و 5 کەسیان کوژران.[1]
- لە سۆران دەست بەسەر 38 کیلۆ هێرۆیندا گیرا، بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزاکەش دەڵێت لە ماوەی مانگێکدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 100 کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گرتووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی لە عەفرین بە زۆر دەچنە ناو ماڵی هاووڵاتییان، هاووڵاتییان دەڕفێنن و ئەشکەنجەیان دەکەن. هەروەها فیدیەیان لە بەشێک لەو کەسە ڕفێندراوانە سەندووە.[2]
- ماڵی ئێزەدییەکان هەرێمی جەزیرە و یەکیەتی ئێزەدییەکانی کانتۆنی عەفرین بە بەیاننامێکی هاوبەشدا، تێکدانی ماڵی ئێزەدییەکان لە گوندی ئیفشێ-ی ناوچەی نسیبین-ی ماردین کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە ئەنجامدراوە بەتوندی شەرمەزارکرد.[2]
- فەوجێکی سوپای عێراق هاتونەتە گوندێکی نزیک بە ناوچەی "شێخ باوە"ی سەر بە شارۆچکەی کفری و چەند ماڵێکی کوردیان "داگیرکردووەو کردویانە بە بارەگای سەربازی."[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ، ژنانی هەریەکە لە ڕێکخراوی تەڤگەری ژنانی کوردستان لە ئەوروپا، کۆمەڵگای ژنانی ئازادیی کوردستان-کەژار، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی، پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، تەڤگەری ئازادیی ژنانی ئێزدی-تاژێ، جڤاکی ئیسلامیی کوردستان، پەیەدە، کۆنگرەستار، ژنانی کاکەیی و فەیلی و ژنانی ئەندام لە کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان-کەنەکە، لەبارەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەییەوە لە هۆڵەندا کۆبوونەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: سۆران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-05-2018

[3] 👪 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 20-05-2018
[4] 👪 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 20-05-2018
[5] 👪 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 20-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 141

**2018-05-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180521000000147938




باکووری کوردستان
- لە شاری باتمان بە درووشمی قودس هی ئیسلامە گردبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ پشتگیریکردن لە گەلی فەلەستین و سەرکۆنەکردنی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەڤیڤەوە بۆ قودس بەڕێوەچوو. گردبوونەوەکە لەلایەن رێکخستنەکانی پارتی دۆزی ئازاد ناسراو بە هوداپار لە ستادیۆمی 16ی مایس لە ناوەندی شاری باتمان رێکخرا.[4]
- دادگای تورکیا ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و کاندیدی ئەو پارتەی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا رەتکردەوە.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی رامین سنجی خەڵکی بەشی نازلووی شاری ورمێ، بە تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری ناوچەی تەرگەوەڕ، بریندار کرا.[6]
- دامەزراوەی فەرهەنگی و هونەری زیرەک، لە پارکی حەسەن زیرەک، لەسەر گڵکۆی قالەمەڕە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک، هونەرمەندان، شاعێران، نووسەران، بە یادی شمشاڵژەنی کوردستان (قالەمەڕە)، رێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد.[6]
- لە میانەی سەردانێکیدا بۆ شاری کرماشان، وەزیری رۆشنبیریی ئێران، فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد و بە فەرمی رایگەیاند فەرمانبەرە کوردەکانی ئێران دەتوانن بە جلوبەرگی کوردییەوە بچنە شوێنی کارەکانیان لە دامودەزگا و ناوەندە حکومیەکانیشدا. [3]
باشووری کوردستان
- لەسەر سکاڵای یەکێک لە کارمەندانی ئاسایشی هەولێر و بەتۆمەتی ناوزڕاندنی، ئەمڕۆ، شایان عەسکەری، یەکێک لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەی دوو مانگی رابردووی هەولێر لە دادگای ناوچەی هەولێر وتەی لێوەرگیرا، بەڵام دادگاییکردنەکەی دواخرا.[3]
- سەندیکای پزیشکانی کوردستان رایدەگەیەنێت، رێگەنادەن کاری پزیشکی و مافەکانی پزیشکان پێشلبکرێت، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤیش دەڵێت دکتۆرە شایان بۆ مافی خۆی چووەتەسەر شەقام و مەبەستی ناوزڕاندنی کەس نەبووە.[3]
- بەپێی ئاژانسی فوراتنیوز، کاتژمێر 03:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل-هەپەگە و یەکینەکانی ژنی ئازاد-یەژاستار، لە چەند قۆڵێکەوە چالاکییان دژی سوپای تورک لە گردی لێلکان-ی ناوچەی برادۆست ئەنجامدا. فوراتنیوز رایگەیاندووە، کە لەو چالاکییانەی گەریلادا، ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک کوژراون.[5]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق 21ی ئایاری 2018 راگەیێندراوێکی لەبارەی ئەنجامی سکاڵاکان بڵاوکردەوە و رایگەیاند، بەگشتی هەزار و 436 سکاڵا لە دەنگدانی تایبەت، گشتیی و دەرەوە لەسەر سندووقەکانی دەنگدان تۆمارکراون، بەهۆشیانەوە دەنگەکانی 103 وێستگە هەڵوەشێندراونەتەوە.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ شەپۆلێکی بارانبارین دەڤەری سۆرانی گرتەوە و لە ئەنجامدا لە شارەدێی خەلیفان لافاو دروستبوو، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەرگری شارستانی سۆرانیش دەڵێت لافاوەکە هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.[3]

- له ڕاگەیێندراوێکدا پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند، لەئەنجامی شەڕی نێوان دوو دراوسێدا له شارۆچکەی سەید سادق دوو کەس کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون، کە سەرجەمیان لە هەر دوو لایەنی شەڕەکە بوون.[4]
- دوای ئەوەی مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی مایک پۆمپیۆ، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد، لە وەڵامی نامەکەدا مایک پۆمپیۆ وێڕای سوپاس و ئاواتەخوازی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، پابەندبوونی وڵاتەکەی بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانانی دووپاتکردەوە.[4]
- پێنج لایەنی سیاسی هەرێم بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان چەندین داواکاری ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەکەن و داوادەکەن کار بە سندوقی زیرەکی ئەلیکترۆنی نەکرێت و تۆماری دەنگدەرانیش پاکبکرێتەوە.[3]
- بەغدا بڕی 317 ملیار دیناری بۆ هەرێم ناردووە و بەرپرسێکی حکومیش دەڵێت دەستدەکرێت بە دابەشکردنی مووچەی مانگی سێی فەرمانبەران.[3]

رۆژئاوای کوردستان

- لە شاری قامیشلۆ، 3 رۆژ پرسە بۆ عادل موراد دانرا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- چەند پەرلەمانتارێکی ئیسرائیل یاداشتێک لەبارەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە سوریا و عێراق و تورکیا دەدەنە پەرلەمانی وڵاتەکەیان و تاوتوێی شێوازی یارمەتی ئیسرائیل بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکەن.[3]
- لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا تەقینەوەیەک لە بنکەیەکی سەربازیی ئێرانیدا ڕوویدا.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ستراتیژی کارکردنی وڵاتەکەی بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند و دەڵێت ئێران دەستی لەناو زۆر وڵاتی ناوچەکە هەیە و بووەتە کێشەیەکی گەورە و چیتر ڕێگای پێنادەین پەلی زیاتر بهاوێت.[3]
- حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران وەڵامی مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە و دەڵێت تۆ چیت کە دەتەوێت لەجیاتی ئێران و جیهان بڕیاربدەیت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەیدسادق (شارەزوور) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-05-2018

[2] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 🖼 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 21-05-2018
[4] 🖼 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 21-05-2018
[5] 🖼 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-05-2018
[6] 🖼 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 22-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 21-05-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 142

**2018-05-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180522000000147939



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە لە ئەنقەرە کاندیدەکانی پەرلەمانتاری بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانی تورکیا ناساند. لە مەراسیمی ناساندنی کاندیدەکان، هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە سەزای تەمەلی و پەروین بوڵدان ئامادە بوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوسێن ئەحمەدینیاز، پارێزەری ڕامین حوسێنپەناهی، زیندانیی سیاسیی کورد مەحکووم بە ئیعدام، داوای لە دیوانی باڵای وڵات کرد کە پێداچوونە بە حوکمی ڕامین حوسێن پەناهیدا بکات.[5]
باشووری کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوەکەی سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا، شەوی ڕابردوو 21-05-2018، لە ئەنجامی هاوەنبارانکردنی یەکەیەکی سەربازی لەلایەن گەریلاکانی پەکەکە لە چیای لیلکان کە دەکەوێتە باشووری کوردستان، دوو سەرباز دوای ئەوەی بە سەختی برینداربوونە، گیانیان لەدەستداوە. لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەمودەست هێزەکانیان لەڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە ئۆپەراسیۆنیان لە ناوچەکە ئەنجامداوە. هەر لەوبارەوە فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاندووە، لە ئۆپەراسیۆنەکەدا 11 سەرباز کوژراون.[2]
- سێ بوومەلەرزە بە گوڕی 4.5 پلەی ڕێختەر ناوچەی گەرمیانی هەژاند.[1]
- لەسەر سکاڵای هاووڵاتیانی عەرەبی ناوچەکە، بەڕێوەبەری شارەدێی جەلەولا کە کوردە دەستبەسەرکراوە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخانی خانوو و ڕێگەنەدان بە زیادەڕۆیی.[1]
- برێت مەکگۆرک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سلێمانی لەگەڵ عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرهەم ساڵح سەرۆکی هاوپەیمانی و عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ و سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتوو کۆبووەوە.[3]
- شاندی پارتی بەسەرۆکایەتیی فازڵ میرانی لەگەڵ موقتەدا سەدر، هادی عامری و نوری مالکی کۆبووەوە.[3]
- شاسوار عەبدولواحید لەگەڵ موقتەدا سەدر کۆبووەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل جارێکی تر هێرشدەکاتە سەر ئێران و بە هۆکاری یەکەمی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست ناوی دەبات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-05-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-05-2018

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-05-2018

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 23-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 22-05-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 143

**2018-05-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180523000000147940



باکووری کوردستان

- باشاک دەمیرتاش سەردانی سەلاحەدین دەمیرتاشی هاوژینی لە زینداندا کرد.[2]

- دادگەی دیلۆک-ی باکووری کوردستان سزای 16 ساڵ و 8 مانگ زیندانیکردن کە بۆ ئیدریس بالوکەن پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە بڕابوویەوە، پەسەند کرد.[5]

- هاوسەرۆکی هەدەپە لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتەکەیدا لە ئامەد، داوای پێکهێنانی هاوپەیمانی کوردی کرد بۆ ئەوەی دەنگی کورد پەرتەوازە نەبێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەڕێوەبەری گشتی زانیاری (ئیتڵاعات)ی پارێزگای سنە ئاشکرای دەکات، لە باجی بازرگانی کۆڵبەران و دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان گەندەڵی ئاشکرا بووە کە بە ملیۆنان دۆلار مەزەندە دەکرێت.[1]

- ئامنستی ئینتەرناشناڵ بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک نیگەرانی دەربڕیوە لەبارەی لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی، چالاکوانی سیاسیی کوردی سزادراو بە سێدارە.[3]

باشووری کوردستان

- شەوی رابردوو ژمارەیەک چەکدار بەجلوبەرگی سەربازییەوە هەڵیانکوتاوەتەسەر گوندی کەنعان لەباشوری شارەدێی ریازی سەربە کەرکوک و (حاجی مەحجوب) موختاری گوندەکەیان رفاندووە. وتیشی دوای چەند کاتژمێرێک ئەکاونتەکانی داعش لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی ساتی کوشتنەکەیان بڵاوکردەوەو بەرپرسیارێتییەکەیان لەئەستۆگرت.[1]

- وەفدی یەکێتی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ سەدر و عەبادی و مالکی کۆدەبێتەوە.[2]

- وەفدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ فوئاد مەعسوم سەرکۆماری عێراق کۆبوونەوە.[1]

- هەندێک سەرچاوە باس لە ململانێی پارتی و یەکێتی دەکەن لەسەر پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق.[2]

- ئێوارەی ئەمڕۆ، تۆپخانەکانی تورکیا ژمارەیەک گوندی شارەدێی سیدەکانیان لە سۆران بە چڕی تۆپبارانکرد و چەند فڕۆکەیەکی تورکیاش بە ئاسمانی سنورەکەدا دەسوڕێنەوە.[1]
- کاژێر 22:00-ی ئەمشەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتەسەر گوندی سلێمان وەهاب لە ناوچەی شێخ بابا. ئاسایشی گەرمیانیش دەڵێ کوژراو و بریندار هەیە.[4]
- لە بەردەم دادگای شارەزوور شەڕە تەقە لەنێوان دوو لایەن، کە پێشتر کێشەیان هەبووە، روویدا لە ئەنجامدا کەسێک کوژرا و پێنج کەسی دیکەش بریندار بوون.[4]
- نرخی بەنزینی نۆرماڵ لە هەرێمی کوردستان 25 دینار و جۆرەکانی دیکەش نزیکەی 70 دینار بۆ هەر لیترێک بەرزبوونەتەوە، لەگەڵ گرانبوونیشی نارەزایەتیی شوفێر و خەڵکی لێکەوتووەتەوە.[4]
- لە شاری یاریی ماجدی مۆلی لە هەولێر، لە یارییەکدا خوشک و برایەک و کچێکی پوریان گیانیان لەدەستدا و دوو کەسی تریش برینداربوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ساڵح موسلیم، داوادەکات هەمووان 26ی ئایار بۆ عەفرین بڕژێنە سەر شەقامەکان، دەشڵێت: سیاسەتە داگیرکارانەکانی دەوڵەتی تورک تایبەت نییە بە عەفرین، بەڵکو لە باشوری کوردستانیش هەر ئەو سیاسەتەیە و بە فڕۆکە هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتیان.[3]
- شاندێکی ئیتالی کە پێکهاتووە لە چەند ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارێک بەمەبەستی چاودێریکردنی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا گەیشتە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی هاوپەیمانی شەوی ڕابردوو تۆپبارانی گەڕەکی شێخ مەقسوود-ی کوردنشینیان کرد لە شاری حەلەب. هاوکات تۆپبارانی شارۆچکەی کەفەر-یان کرد کە بە دووری 5کم دەکەوێتە باکووری حەلەب. بەپێی زانیارییەکان بەهۆی تۆپبارانەکە، هاوڵاتیانی سیڤیل بریندار بوون و زیانی مادی بە خانووی هاوڵاتیان گەیشتووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران رایگەیاند، ئەگەر ئەمریکا بیەوێت یارییەکە لەمە زیاتر بگۆڕێت، وەڵامی پێویست لە لایەن ئێرانەوە وەردەگرێت.[1]
- بانکی ناوەندی تورکیا لە کۆبوونەوەکەیدا، تێکڕای نرخی سوەکانی بۆ قەرزە درێژخایەنەکان لە 13.5 ەوە بەرزکردەوە بۆ 16.5%. پاش بڕیارەکەی بانکی ناوەندەی تورکیا، بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار بەخێرایی بەرزبوەوە بۆ 4.55 لیرە بۆ هەر دۆلارێک و 5.33 لیرە بۆ یەک یۆرۆ، دوای ئەوەی ئەمڕۆ بەهای یەک دۆلار بەرزبوەوە بۆ 4.92 لیرە و یۆریەکیش بە 5.74 لیرە مامەڵەی پێوەکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-05-23
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-05-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-05-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 144

## 2018-05-24

https://www.kurdipedia.org/?q=20180524000000147941



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شەمزینانی سەربە جولەمێرگ لەکاتێکدا بەکرێگیراوەکان بەرەو ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک بەڕێوەبوون، تەقینەوەیەکی گەورە لەسەر ڕێگاکەیان ڕوویدا. لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا دوو بەکرێگیراو کوژران و سێیانی دیکە بریندار بوون.[4]
- پارێزەر ڕێزان ساریجە، فوئات جۆشئاجاک و نەڤرۆز ئویسال بەمەبەستی بینی ئۆجالان، جارێکی دیکە داواکاریيان پێشکەشی داواکاری گشتیی کۆماری کرد لە بوورسا. بەڵام هاوشەوەی 757 جاری پێشوو، داواکارییەکە ڕەت کرایەوە و ڕێگە نەدرا پارێزەران سەردانی ئیمراڵی بکەن.[5]
- هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کەجەکە ڕایگەیاند، کە گەریلاکان لە باشور و باکوری کوردستان گورزی کەمەرشکێنیان لە سوپای تورک داوە و سوپای تورک توانای بەرنگاربوونەوەی گەریلای نییە.[4]
باشووری کوردستان
- تەرمی عادل موراد گەیشتەوە سلێمانی و لە مەراسیمێکی جەماوەرییدا و لە گری سەلیم بەگ-ی شاری سلێمانی، بەخاک سپێردرا. لە ڕێوڕەسمی پێشوازی و ناشتنی تەرمەکەشی هیچ لایەنێکی کوردستان جگە لە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ئامادە نەبوون.[1]
- جڤاتی گشتی گۆڕان دوو پێشنیاری بۆ جڤاتی نیشتمانی کردووە سەبارەت بە ڕۆیشتنی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق، یەکەم بایکۆت بکەن، دووەم بڕۆن بۆ ئەوەی ببنە چاودێرێکی بەهێز لەسەر پارتی و یەکێتی.[2]
- بەڕێوەبەری شارەدێ بەمۆی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە ئاشکرایکرد، ئەمڕۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقییەوە مەرزی پشتە بە فەرمی کرایەوە و دەستکرایەوە بە جموجوڵی بازرگانی لەمەرزەکەدا، هاوکات دەبێت لەماوەی سێ مانگیشدا هەموو ئە و فەرمانگانەی کە پێویست بکرێنەوە.[2]
- شاندی پارتی و یەکێتی ئێوارەی ئەمڕۆ چوونە ماڵی هادی عامری بۆ کۆبوونەوەی چوار قۆڵی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هادی عامری، سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح و نووری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێم بڕیاریدا، کە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی ڕابردوو بێت و جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەی دەستی بێت.[4]

- هەشت چەکداری خۆکوژی داعش لەباشووری کەرکوک خۆیان بەهێزەکانی حەشدی شەعبیدا تەقاندەوە.[2]
- پۆلیسی سلێمانی رایدەگەیێنێت، منداڵێکی تەمەن 10 ساڵ لە خەڵەکان بە هەورە برووسکە گیانیلەدەستدا.[3]
- لە کەمپی خانکێ سەر بە شارۆچکەی سێمێل ئاگر لە چەند خێمەیەک بەربوو و بەهۆی ئەو ئاگرەوە جگە لە زیانی ماددی، کچێکی 17ساڵیش سووتاوە و لە هەمان شوێن گیانی لەدەستدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەیاسای بەرگریی نیشتمانی بۆ ساڵی 2019 پەسەندکرد، یەکێک لە برگەکانی پرۆژەیاساکە بریتییە لە دابینکردنی بڕی 290 ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە بۆ ساڵی 2019.[3]
- موقتەدا سەدر لە تویتێکدا کە لە هەژماری تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە، دەڵێت ئەمڕۆ وێنەکەم بۆتان تەواو کرد، مشتوماڵی کۆتاییم کرد، دوای ئەوەی ڕێگەکەمان بەتەواوی بڕی، بە و حکومەشتان رازیبووم، حکومەتێک نە سوننیيە نە شیعە، نە عەرەبییە نە کوردی، نە نەتەوەییە نە تایەفی، بەڵکو حکومەتێکی عێراقی رەسەنە، ئۆپۆزسیۆنێکی بنیاتنەرە، سیاسەتێکی دروستە.[2]
- دادگای نێودەوڵەتیی پاریس حکومەتی تورک و ئەردۆغانی بە دژایەتیی گەلی کورد بە تاوانبار لەقەڵەم دا، ئەردۆغانیشی بە بەرپرسیاری سەرەکی ئەو تاوانانە ناونا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-05-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-05-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-24 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 145

**2018-05-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180525000000147942



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە ویستیان سەردانی سەلاحەدین دەمیرتاش بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدرا.[3]
- دادگەی سزادانی ئاسلیە لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا، دەربارەی سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی پارتی هەرێمەدیموکراتییەکان - دەبەپە بڕیاریدا و بەتۆمەتی (پێشێلکردنی قانوونی خۆپیشاندان)، سزای 6 مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند. توونجەل لە ساڵی 2012 بەشداری کردبوو لە خۆپیشاندانێک بەمەبەستی پشتگیری لە مانگرتن لە خواردنی زیندانیان، بە و هۆیەوە دۆسیەیەکی بۆ کرابوویەوە و لە زیندانی پیتی ئێفی کاندرا بەندکرابوو.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دایکی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەکی ئاراستەی یەکێتی ئەورووپا کرد و داوایان لێدەکات، کە داوا لە ئێران بکەن، سزای لەسێدارەدانی ڕامین ڕاگرێت.[2]
باشووری کوردستان
- کۆنفرانسی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دروشمی کێشەکانی گەنجان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگاچارەی دیموکراتییانە لە سلێمانی دەستپێکرد، لە کۆنفرانسەکەدا زیاتر لە 300 ئەندام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەشدارن لەگەڵ زیاتر لە 100 میوان.[2]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش وێستگەیەکی کارەبایان لەگوندی بریمەی ناوچەی ڕیاز تەقاندووەتەوە. بەهۆی تەقینەوەی وێستگەکەوە کارەبای شارەدێیەکانی ڕیاز و زاب لە باشووری کەرکوک کوژاوەتەوە.[1]
- مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای گەڕانەوەی شاندی یەکێتی لە بەغدا ڕایگەیاند، لە بەغد 12 کۆبوونەوەمان ئەنجامدا، جگە لە بینینی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حیزبەکان، باڵوێزی تورکیا و ئێرانیشمان بینی، وتیشی پۆستی سەرۆک کۆمار پشکی کورد و یەکێتییە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک بۆردوومانی گوندەکانی سنووری شارەدێی دێرەلوک-یان لە شارۆچکەی ئامێدی-ی کرد و بەپێی سەرچاوە هەرێمییەکان، لە بۆردوومانەکەدا ناوچە مەدەنینشینەکان کراوەتە ئامانج.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی ئاژانسی هاوارنیوز، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، چەتەکانی دەوڵەتی تورک، ژمارەیەک هاوڵاتییان لە عەفرین ڕفاندووە و بۆ ئازادکردنیشیان داوای پارە دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 146

**2018-05-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180526000000147943




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لافاوی گەورە زیانی بە ژمارەیەک گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند، لافاو بە بڕی، 14 ملیار تمەن زیانی بە ماڵ، کشتوکاڵ و ژێرخانەکانی گوندی پەسوێی سەر بە پیرانشار گەیاندووە. دانیشتووانی گوندەکە داوا دەکەن حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و لە شار و شارۆچەکانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندان و نارەزایی دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجام دەدرێت، لە و چوارچێوەیەشدا تەڤگەری ئازادیی هەرێمی کەرکوک و گەنجانی وڵاتپارێز لێدوانێکی نارەزایی هاوبەشیان خوێندەوە.[2]
- هاوشێوەی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لەسەر ڕۆژئاوا و باشوری کوردستان، لە شاری هەولێر و شارۆچکەی کەلار گردبوونەوە و ڕێپێوان ئەنجامدران.[2]
- لە بەندیخانەی چاکسازی گەوران لە دهۆک (چاکسازی زرکا) بەهۆی شەڕی لە نێوان زیندانییەکانی عەرەب و کورد 7 کەس کوژران و دەیان کەسی دیکە بریندارببوون. سەرەتا زیندانییەکی بە ڕەگەز عەرەب، هێرشی کردە سەر پولیسێکی چاکسازی و دواتر شەڕ دروستبوو و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە.[3]
- ئاگر لە بەشە ناوخۆییەکی زانکۆی سلێمانی لە قلیاسان کەوتەوە و بەهۆی ئاگرەکەشەوە کارەبای سەرجەم بەشە ناوخۆییەکە بڕدرا.[3]
- وەسفی شێخ عاسی، فەرماندەی حەشدی عەشایەری حەویجە لەگۆڕەپانی مانگرتنەکانی تورکمانەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا و رایگەیاند، ماوەی 15 ڕۆژە ئێمە لەگۆڕەپانی مانگرتوانی کەرکوکین، بەڵام هیچ لایەنێک بەدەنگ داواکارییەکانمانەوە نەهاتوون، دەستبەرداری داواکارییەکانیشمان نابین تاوەکو هەڵبژاردنەکان دووبارەدەکرێنەوە.[3]
- مستەفا ساڵح بامەڕنی، چالاکوانی مەدەنی لەشاری دهۆک دەستگیرکرا.[4]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی، شێروان زرار رایدەگەیەنێت ئەو کەسانەی

تەمەنیان گەیشتوەتە 90 ساڵ مافی بەشداریکردنیان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان نامێنێت، ئاماژە بەوەش دەکات لە ئایندەیەکی نزیک ناوی دوبارە و مردوان بڵاو دەکەنەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە کەمپێکی یۆنان ژمارەیەک عەرەبی سووری و عێراقی بە بۆریی ئاسن لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری کورد بەشەڕ هاتوون، لەئەنجامدا چوار کۆچبەری کورد کوژراون و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی خەڵک باس لەوە دەکەن شەڕەکە بەهۆی کێشەی نێوان کورد و عەرەبەوە بووە، بەشێکی دیکەیشیان دەڵێن بەهۆی ئەوە بووە کە گەنجە کوردەکان بەرۆژوو نەبوون، بۆیە هێرشیان کراوەتە سەر.[1]
- حکومەتی تورکیا نیگەرانی خۆی نیشاندا بەرامبەر بەبڕیارێکی حکومەتی ئەڵمانیا، بەرێگەدان بە پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە کە لە شاری کۆڵن کۆنفرانس ببەستێت، لەکاتێکدا پێشتر ڕێگەیان بەپارتی داد و گەشەپێدان نەدا کۆنفراس ببەستێت.[2]


تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-05-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-05-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-05-2018
[4] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 26-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 147
**2018-05-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180527000000147944




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، هاووڵاتییەکی تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی شاری نەغەدە، بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکان لە نزیک شەقامیسەردار ڕۆحیی نەغەدە گیانی لە دەست دا. بە وتەی شایەتحاڵەکان، ئەو ڕووداوە لە کاتێکدا ڕووی داوە، کە هێزە ئینتزامییەکان لە کاتی ڕاودوونانی قاچاغچییەکان تەقەیان کردووە، کە گوللەیەک وەبەر چاوی ئەو هاووڵاتییەی کەوتووە.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 9 و 12، هێڵی ئنتەرنێت بۆ ماوەیەکی کاتی لە باشووری کوردستان وەستێنرا.[1]
- تۆمارکردنی قەوارەسیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد و تاوەکو 7ی مانگی داهاتوو کات بۆ لایەنە سیاسییەکان هەیە خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوول تۆمارکەن.[4]
- سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ئاماژە بەوەدەکات، ئەمڕۆ ئەو وادەیەی کە دابومان بە لایەنە سیاسییەکان بۆ لێکردنەوەی پۆستەر و ریکلامەکانی هەڵبژاردن کۆتایی هات، هەر لایەنێکی سیاسیش پابەندی ڕێنماییەکان نەبێت ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر دەگرینەبەر.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، بەمزووانە فەرهاد پیرباڵ ئازاددەکرێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- مانگرتنی شۆفێری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تانکەرەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی لەدژی خراپیی باری گوزەران و گرانیی نرخی کاڵا و پێداویستیەکان، بۆ ڕۆژی شەشەم لە چەندین شاری گەورەی ئێران بەردەوامە و تادێت فروانتر دەبێت.[3]
- دوویەمین کۆنگرەی بزوتنەوەی ژنانی کوردی فەرەنسا- تەژەکە لە ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتی کورد لە پاریس بەڕێوە چوو. لە کۆی 13 مەجلیسی ژنان وکۆمینان لە پاریس زیاتر لە 100 ئەندام بەشداری کۆنگرە بوون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ نەغەدە

شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 27-05-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 27-05-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-05-2018


کاتی تۆمارکردن: 27-05-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 148

**2018-05-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180528000000147945



باکووری کوردستان
- لە دێرسیم لە باکوری کوردستان ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای تورک هاوڵاتییەکی کرد بە ژێرەوە و بە و هۆیەوە برینداربوو.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەخاکسپاردنی محەمەد ساڵح ئیبراهیمی محەمەدی - شەپۆل لە مەهاباد.[1]
باشووری کوردستان
- وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەگەر پرۆژەیاسای چاکسازی، کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، وەک خۆی جێبەجێبکرێت، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی خەرجییەکی زۆری بەفیڕۆچوو و دەستکاریکردن لە سیستمی پاشکەوتی مووچە کە لە بەرژەوەندی مووچەخۆران دەبێت.[1]
- بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانیەرێم ئاشکرایدەکات، بڕی 30 ملیار دیناری پارەی گەنمی جوتیارانی هەولێر گەیشتووە و سبەی دابەشدەکرێت.[2]
- پۆلیسی دهۆک ڕوونکردنەوە لەبارەی چارەنووسی مستەفا بامەڕنی، چالاکڤان و ڕۆژنامەڤان بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت ئەو دەستبەسەرە. هێمن سلێمان، گوتەبێژیێ پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند مستەفا بامەڕنی بەهۆی هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت دەستگیرکراوە.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارن و ڕاپرسی لەهەرێم بڕیاریدا سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەک بازنەیی نیمچە کراوە بێت لە سەرتاسەری کوردستاندا.[2]
- بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری، ئازاد حەسەن ئەحمەد، جێگری پێشووی سەرۆکی داواکاری گشتی بۆ پۆستی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم دەستبەکاربوو.[3]
- لە گوندی پەلکانەی سەربە شارۆچکەی سەرگەڕان شەڕ لەنێوان کورد و عەرەبە هاوردەکان دروستبوو.[3]
- خانەی ڕاپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان مەسعود حەیدەری پەرلەمانتاری دەرکرد و مەسعود حەیدەریش دەڵێت، زیاتر لە 40 ڕۆژە دەستی لە کارکێشاوەتەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند سزاکانی لەسەر حکومەتی سوریاو هاوپەیمانەکانی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە تا 1ی حوزەیرانی 2019 درێژ کردەوەتەوە و یەکێتی ئەورووپاش جەختی لەسەر پابەندونی بە گەیشتنی چارەسەری سیاسیی هەمیشەیی بۆ قەیرانی سوریا کردۆتەوە.[2]
- پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکدا بڕیارێکی پەسەندکرد کە لیژنەی یاسایی ئامادەی کردبوو و تایبەتە بە ژماردنەوەی 10%ی دەنگەکان لە سەرانسەری عێراق و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات و دەنگدانی مەرجداری ئاوارەبووان لە ئەنبار و سەلاحەدین و موسڵ و دیالە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-05-2018
[3] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-05-2018
[4] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-28 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 149

**2018-05-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180529000000147946



باکووری کوردستان
- لە کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی ناوی پاڵێوراوەکانی ئاکەپە لە ئامەد شەڕ ڕوویدا.[3]
- لە ناوچەی ئەردیش سەربە شاری وان 20 کەس دەستگیرکران، کە لایەنگر و ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپەن.[4]
- گۆڕینی شوێنی دەنگدان لە جولەمێرگ کاریگەریی نەرێنی لە سێ یەکی دەنگدەران دەکات. سندوقەکانی دەنگدان لەو شوێنانە دەگوێزرێنەوە، کە جاری پێشوو لە سەدا 70ی دەنگەکانی بۆ هەدەپە بوون. ئەو سندوقانە دەگواسترێنەوە بۆ ئەو شوێنانە، کە لە کۆنترۆڵی جەردەوانەکاندایە.[3]
- بۆ جاری 759-یەمین، داواکاری عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە بۆ سەردانیکردنی ئیمرالی ڕەتکرایەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، سوپای پاسدارانی ئێران لە کوێستانی کێلەشین و لە شوێنێک بە ناوی "سپی ڕێز"، کاروانێکی کۆڵبەرانیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی کورد گیانی لەدەستدا و کۆڵبەرێکی دیکەش بریندار بوو. ئەو کۆڵبەرەی کە گیانی لە دەست داوە تەمەنی 28 ساڵە و ناوی "ڕێبوار موورادی"یە و خەڵکی ئاوایی کانی ڕەشی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و باوکی منداڵێکی تەمەن یەک ساڵ بووە. هەروەها، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "خەلیل فەروخی" دوو گوللە بەر سینگ و شانی کەوتووە و بە سەختی بریندار بووە.[4]
باشووری کوردستان
- بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی ڕایدەگەیەنێت، پەرلەمانی عێراق بۆی نییە بڕیار لەسەر هەژمار کردنەوەی دەنگدان بدات، دەشڵێت چەند پەرلەمانتارێک کە لە هەڵبژاردن دەرنەچوونەتەوە، دەیانەوێ لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کێشە بۆ کۆمسیۆن دروست بکەن.[1]
- ڕێبوار تەها سەرۆکی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکوک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە: بەپێی ماددەی 61ی دەستور ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی نییەو بڕیارەکانیشی پوچەڵ و نادەستورین و تێپەڕاندنی دەسەڵاتی دادوەرییەو لە دادگای فیدراڵیش تانە لە دانیشتنەکەی ئەنجومەنی نوێنەران دەدەن.[5]
- گوندێکی کوردنشین لە سنوری شارۆچکەی داقوق تاڵان دەکرێت و گەنم و جۆی جوتیارانی گوندەکەش دەسوتێندرێت، بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت پۆلیسی عێراق ئەو تاوانەی ئەنجامداوە.[1]
- بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان فراکسیۆنوکانی پەرلەمان لە بارەی یاسایی چاکسازی و جیاوازی لە بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان پەسەندکردنی یاساکە دوادەکەوێت و ئەگەری هەیە دووبارە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت.[1]
- کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەی هەڵوێستی خۆیان لەسەر دووبارە هەژمارکردنەوەی 10%ی دەنگەکان بەرێگەی دەستیی ڕاگەیاند و ئەندامێکی سەرکردایەتی

کۆمەڵیش دەڵێت بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق بە مردوویی لەدایکبوون.[1]
- بەڕێوەبەری نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی هەولێر رایدەگەیەنێت، لە ماوەی سێ رۆژی رابردوودا ژمارەیەک بازرگانی مادده هۆشبەریان لە پارێزگای دهۆک و هەولێر دەستگیرکردووە کە لەناوخۆی هەرێم کاری بازرگانییان لەگەڵ بازرگانەکانی وڵاتانی دراوسێ ئەنجامداوە.[1]
- گولە هاوەنێک ئاراستەی کۆگاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە کەرکوک کرا و پۆلیسیش رایدەگەیەنێت هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[1]
- لە شەوی رابردووەوە هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەرەکانی ناوەران و تلسقۆف تا سحێلا خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشیەوە.[1]
- وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم بڕیاریدا بەزیادکردنی 100%ی دەرماڵەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج و خانووبەرەی میری و لەکاتی دابەشکردنی مووچەی مانگانەیان، پێیاندەدرێت.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لەچوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین، سوپای تورک 15 خانەوادەی دیکەی چەتەکانی گواستووەتەوە بۆ عەفرین.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە ناونیشانی (خۆپیشاندانی کورد لە دژی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە، درێژەی هەیە) رۆژنامەی ئەلحەیات راپۆرتێکی دەربارەی مانگرتن و خۆپیشاندانی هاووڵاتیان لە شارە کوردستانیەکانی خۆرئاوا و هەروەها کوردانی تاراوگە، لە دژی داگیرکردن و مانەوەی هێزە سەربازیەکانی تورکیا لە شاری عەفرین، بڵاوکردووەتەوە.[1]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند: یاسا رێگە نادات ئەنجامی دەنگدانی عێراقییەکانی دەرەوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هەڵبوەشێندرێتەوە.[2]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، داواکارییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی 12ی ئایار کارێکی نادروستە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-05-2018

[2] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 29-05-2018
[3] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-05-2018
[4] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 29-05-2018
[5] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردسات نیوز - 29-05-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 150

**2018-05-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180530000000147947



باکووری کوردستان
- حەوتەمین دانیشتنی دادگەییکردنی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی گشتیی پێشووی هەدەپە لە نۆیەمین دادگەی سزادانی ئاسلیە لە مێرسین بەڕێوەچوو. لە دانیشتنی ئەمڕۆدا یوکسەکداغ ئامادە نەبوو، بەڵام سەرجەم پارێزەرەکانی ئامادە بوون. دەستەی دادوەران لە دوای قسەی پارێزەران، بەبیانووی ئەوەی کە کەموکوڕی لە دۆسیەکەدا هەیە، دانیشتنەکەی بۆ 27ی تشرینی دووەم دواخست.[3]
- لە ناوچەی ڕەزان-ی ئامەد، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە و پارتی هەرێمەدیموکراتییەکان - دەبەپە کە لە چوارچێوەی کەمپینی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانی تورکیا خەبات دەکەن و 13 چالاکوانی سیاسی دەستگیرکران.[3]
- کۆمیتەی زیندانیانی پەکەکە، بانگەوازیی لە خانەوادەی زیندانیان کرد، کە لە هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران-دا بەشداربن و دژی دەسەڵاتداریی فاشیستیی ئاکەپە و مەهەپە بوەستنەوە.[3]
- هەپەگە ئاشکرای کرد کە لە ئەنجامی دوایین چالاکییەکانی گەریلا لە لێلیکان، بەرواری، گەڤەر و چەلێ دژی سوپای تورکیای داگیرکەر، 26 سەرباز کوژراون.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش مۆڵگەیەکی چەکدارانی داعش لە چیای قەرەچووغ لە مەخموور بۆردومان دەکەن کە ناوچەیەکی شوێنەوارییە.[1]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا پەرلەمانتارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هۆشداری دەدەنە نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، حکومەتی عێراق و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەبارەت بە دەستکاریکردنی دەنگی نێو سندووقەکانی هەڵبژاردن لە کەرکوک لە بەرژەوەندی پێکهاتەیەکی دیاریکراو.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجومەنی سەربازیی منبیج لە ڕاگەیەنراوێکدا دەستنیشانی کرد کە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر تۆپبارانی گوندی مەحسەنلی-یان کردووە کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای منبیج. ئەنجومەنەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە شەڕڤانەکانیان وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە.[3]
- شاندێکی سەربازیی سعودی، ئیماراتی و ئوردنی سەردانی شاری کۆبانێ-یان کردووە و لەگەڵ فەرماندەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و هەسەدە کۆبوونەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ماڵپەڕی رۆژنیوز لەلایەن تورکەکانەوە هاککرا.
- مەودا شەمدین، ئەو منداڵە تەمەن 2 ساڵەی لە رۆژانی ڕابردوو لە لایەن پۆلیسی بەلجیکا کوژرا، ئەمڕۆ بە مەراسیمێکی بەرفرەوان لە گەرەکی لیوسە-ی برۆکسل بەخاکسپێردرا، مەراسیمەکە کە بە خۆپیشاندانێک دەستی پێکرد، لە لایەن ناوەندی دیموکراتی کوردستانیانی بەلجیکا - NAV-BEL و یەکێتیی ژنانی کورد لە بەلجیکا - YJK-B رێکخرا و جگە لە ئامادەبوونی

دایک و باوکی مەودا، دەیان کوردستانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیلی بەلجیکا ئامادە بوون. ئامادەبوان کوشتنی مەودای تەمەن 2 ساڵانیان بەتوندی ئیدانە کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 30-05-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-05-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-05-2018



کاتی تۆمارکردن: 30-05-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 151
**2018-05-31**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180531000000147948



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی هەنێ-ی سەربە ئامەد سوپای تورکیا دەستی کردووە بە ئۆپراسیۆنی سەربازی، شەوی رابردوو لەو ناوچەیە شەڕ ڕوییدا و لەئەنجامدا جەردەوانێکی سوپای تورکیا کوژرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمرۆ کاتژمێر 09:00 شۆفێری تەکسییەکانی شاری کرماشان لە بەردەم ئیدارەی تاکسیرانی کرماشان دەستیان دایە مانگرتن و کاری گواستنەوەی هاووڵاتیانیان ڕاگرد. مانگرتنی شۆفێر تەکسییەکانی کرماشان ڕۆژێک دوایی مانگرتنی شۆفێر تەکسییەکانی شاری بۆکان-ی سەربە پارێزگای ورمێ-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیپێکردووە. هەروەها یەکێک لە مەبەستەکانی ئەو مانگرتنە پشتگیریکردن لە مانگرتنی شۆفێری بارهەڵگرەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە زیاتر لە 10 ڕۆژە دژی بەرزبوونەوەی بەهای پارچەی بارهەڵگر و کەمیی کرێی بار مانیان گرتووە. پاش ئەوەی مانگرتنەکە دەستیپێکرد، هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران هەوڵیاندا بڵاوە بە مانگرتنەکە بکەن، بەڵام ڕووبەڕووی خۆڕاگریی شۆفێرەکان بوونەوە.[1]
- دوو خوشکی خەڵکی شاری مەریوان بە ناوەکانی ئامێنە سەعیدی تەمەن 30 ساڵ و خەدیجە سەعیدی تەمەن 35 ساڵ، پێکەوە خۆیانهەڵواسی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.[5]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، 30 سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکارانیان لە سنووری شاری شنۆدا گرت و لەگەڵ خۆیان بردوویانە.[5]
باشووری کوردستان
- لە هەرێمی برادۆست لە باشووری کوردستان، هێزەکانی گەریلا دژ بە سوپای داگیرکەری تورکیا چالاکیان ئەنجام داوە. ڕاشگەیەندرا کە بەرەبەیانی ئەمرۆ لە دەربەندی عەلی درێژ-ی سەربە هەرێمی برادۆست، چالاکیەکە ئەنجام دراوە و لە ئاکامیشدا لانیکەم 10 سەرباز کوژراون.[1]
- ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەمرۆ بڵاویکردەوە، بەیانی ئەمرۆ کۆڵبەرێک بەناوی (کەمال محەمەدی) لەدایکبوی ساڵی 1992 و دانیشتوی گوندی سوراو لە بانە، لە پشتی گوندی میشەڕۆ کوژرا.[2]
- بەهۆی خراپی باری تەندروستی ژمارەیەکی زۆر لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بەتایبەت ئە و بەرکەوتووانەی کە توانای سەردانیکردنی نەخۆشخانەیان نییە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە بڕیاریدا مانگانە دەرمان و چارەسەری پێویستیان بۆ دابین بکات.[2]
- ژمارەیەک سەربازی سوپای تورکیا چوونەتە نێو گوندێکی باشووری کوردستان لە سنووری سۆران. قایمقامی قەزای سۆران دەڵێت، دوای ئێوارەخوانێک سەربازەکان چوونەتە دەرەوەی گوندەکە. کرمانج عیزەت، قایمقامی قەزای سۆران ڕاگەیاند، سەربازانی سوپای تورکیا هاتوونەتە نێوگوندی بەرمیزە، کە گوندێکی سنوورییە. سوپای تورکیا گوتوویانە بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکەکە هاتوون و بۆ کێشە نەهاتوونەتە ناوچەکە.[3]
- بەهۆی دەرکەوتنی چەند چەکدارێکی داعش لەنێوان کفری-خورماتوو، هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان و خورماتوو ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش ئەنجامدەدەن.[2]
- لە بەرامبەر بریاری لەسێدارەدانی چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کودستان، ڕامین حسێن پەناهی، ئەمشە و گردبونەوەیەکی نارەزایی لە شارۆچکەی کەلاری دەڤەری گەرمیان بەرێوەچوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرۆکی سووریا رایگەیاند: سووریا یەک کێشەی ماوە ئەویش هێزەکانی سووریای دیموکراتە، دانوستاندن بژاردەیەکە لەگەڵ هەسەدە، ئەگەرنا بەهێز دەریاندەکەین.[3]
- لە پاش تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی خەڵک لە شار و گوندەکانی هەرێمی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ئێستا دەستیانکردووە بە تاڵانکردنی دەخڵ و دانی خەڵکی ناوچەکە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە ئەمرۆ پێنجشەممە 31 ئایار لە بەغدا ئەنجامیدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکانی عێراق رونکردنەوەی تەواوی لەبارەی ئەنجامی دەنگدان و

گومانەکانی ساختەکاریی خستەڕوو و رایگەیاند ئەگەر دادگا بڕیار بدات، ئامادەین بەدەست 100%ی دەنگەکان بژمێرینەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-05-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-05-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-05-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-05-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-01


کاتی تۆمارکردن: 2018-05-31 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 152

**2018-06-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180601000000150074




رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکان و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی پیرانشار بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا. ناسنامەی ئەو کۆڵبەرە کوردە عەبدوڵلا خەڵکی گوندی قەلاتە ڕەشی شاری پیرانشار ڕاگەیەندراوە.[1]
باشووری کوردستان
- فرسەت سۆفی، ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات مووچەی پێشمەرگە پێش جەژن دابەشبکرێت و دەڵێت: ناکرێت پێشمەرگە لە ریزبەندی یەکەمی مووچە بچێتە ریزبەندی کۆتایی و دوای جەژن.[3]
- لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە و بە هاوکاری هاوڵاتیانی ناوچەکە، لەگوندێکی سنوری خانەقین سێ چەکداری داعش دەستگیرکران کە پێشتر دەستیان لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستیدا هەبووە.[4]
- حکومەتی عێراق رەزامەندی دەربڕی بازاڕێکی تایبەت بە گەنم بۆ هەڵەبجە بکاتەوە و فۆڕمی خۆراکی ئەو پارێزگایەش بکاتە سەربەخۆ.[4]
- لە سنووری ئاکرێ ئاگر لە کەمپێکی ئاوارەکان کەوتەوە و چوار خێوەت سووتان، کەسێکیش برینداربوو. ئەو کەمپەی ئاگرەکەی لێکەوتووەتەوە ناوی چەمشکۆ-یە و دەکەوێتە رۆژهەڵاتی قەزای زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆک، کەمپەکە تایبەتە بە ئاوارەکانی شنگال و زیاتر لە 25 هەزار ئاوارەی لێ نیشتەجێکراون.[3]
- وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشکرای دەکات، حزبەکەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پۆستی بەرپرسی مەڵبەندەکان و رێکخراوەکان کردووە و بڕیاری بۆ دەرکردوون. گۆڕانکارییەکان بەمشێوەیەیە (سامان گەرمیانی) کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیان و (سیروان کوێخا نەجم) کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەماڵ و (عوسمان بانیمارانی) کراوە بە بەرپرسی مەڵبەندی کۆیە و (بەرزان ئەحمەد کوردە) کراوە بە بەرپرسی بۆردی رێکخراوە دیموکراتیەکان.[4]
- هێزێکی سوپای ئەمریکا چووەتە سنووری چیای شنگال و لە ناوچەی چل مێرای چیای شنگال جێگیر کراون، چوونیشیان بۆ ئەو ناوچەیە بەمەبەستی سەقامگیری سیاسییە لەو ناوچە سنوورییە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی سەر بە تورکیا، کاتژمێر 2ی دوێنێ شەو لە عەفرین، 5 هاووڵاتی مەدەنی سەر بە عەشیرەتی بوبان-یان کوشت. بەگوێرەی ئەو زانیارییەکان، لەنێو ئەو قوربانیانەدا ژنێک و منداڵێکیش هەن.[2]
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان لە عەفرینەوە، هێزە داگیرکەرەکانی عەفرین لە ماوەی دوو رۆژدا، 40 بنەماڵەی چەتەکانی غوتەی رۆژهەڵاتیان لە گوندی کاخور-ی سەر بە ماباتا جێگرکردووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پێنتاگۆن داوا لە حکومەتی سووریا دەکات چاو بە پلانی خۆی بۆ هێرشکردنەسەر هێزەکانی سووریای دیموکرات هەسەدەدا بخشێنێتەوە. هۆشدارییش دەدات لە ئەگەری هەر هێرشێک و رایدەگەیێنێت، هێرشکردنەسەر هێزەکانی ئەمریکا یان هاوبەشەکانی لە سووریا سیاسەتێکی هەڵە دەبێت.[3]
- لەکۆنگرەی 11 ی زەردەشتیەکانی جیهان کەلەشاری Perth ی باشوری رۆژئاوای کیشوەری ئوسترالیا، ناو و ئاڵای کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەناو 27 دەوڵەتی جیهان هاتبو و لەپاڵ سرودی نیشتمانی ئەو دەوڵەتە گەورانەش سرودی ئەی رەقیب لەکاتی ناساندنی شاندی کوردستان لێدرا کە 300 کەسایەتی لەم دەوڵەتانەوە داوەت کرابون بۆ ئەم کۆنگرە نێودەوڵەتیە گرنگە کە هەر چوار ساڵ جارێک لەیەکێ لەوڵاتانی دنیا دەکرێت،کۆنگرەکە لە 1 هەتا 4 ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت و سەرۆکی ئوسترالیا و چەندین پەرلەمانتار و کەسایەتی دبلۆماسی و ئاینی و لێکۆڵەر و میدیاکار تێیدا بەشدارن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-01
[5] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | فەیسبووکی مەریوان نەقشبەندی - 2018-06-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 153

**2018-06-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180602000000150075



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمرۆ لەناوچەی قەرەیازی ئەرزروم پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیان و دەستی کرد بە پشکنین. لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەی پۆلیسدا موهلیس کیرماجی هاوسەرۆکی ڕیکخستنی پارتی هەرێمە دیموکراتیکەکان- دەبەپە، بەرێوەبەرانی حیزب، ئەندامی مەجلیسی شارەوانییەکان وبەربژێری هەدەپە وبە گشتی 21 کەسیان دەستگیر کران.[3]
- لە گوندی یوفکاڵی لە شاری هەکاری تورکیا دوو گوندنشین، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە لایەن کۆمەڵێک سەربازی سوپای تورکیاوە ئەشکەنجە دران و دواتر لە هۆش خۆیان چوون. ئەو دوو گوندنشینە، بە ناوەکانی ڕەمەزان ئاکتاش و ناسر تاش، کە سەرقاڵی پیشەی شوانی بوون، بە وتەی خۆیان، لەلایەن سەربازەکانەوە پرسیاری شوێن و مۆڵگەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یان لێکراوە، بە هۆی ئەوەی وتویانەنازانین لە کوێن بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ئەشکەنجەیان داون.[5]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

رایدەگەیەنێت، ئامانجی هاتنی سوپای تورکیا بۆ گوندی بەرمیزەی سیدەکان، بۆ ئەوەیە هێرشبکەنەسەر قەندیل و ئەم هاتنە ئامادەکاری پێش وەختەی هێرشەکەیە، دەشڵێت تورکیا بە ئاگاداری هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمی ئە و جموجۆڵانەی دژی ئێمە دەستپێکردووە.[1]
- قایمقامی شنگال رایگەیاند، هێزێکی سوپای ئەمریکا لەسەر چیای شنگال جێگیر کراوە.بەبڕوای ئەو مانەوەی ئەو هێزە، جۆرێک ئارامی بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە، ئەگەر مانەوەی هێزەکەی ئەمریکا درێژخایەن بێت، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال بۆ ناوچەکانی خۆیان.[2]
- ئەمڕۆ، ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتەوە و بەڕێوەبەری پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی قەڵادزێش دەڵێت بۆ رێگری لە گرفتی کەمئاوی، دانیشتوانی قەڵادزێ خەریکی دروستکردنی بەنداوی بچوکن لەسەر ئەو زێیە.[1]
- سوپای عێراق زیاتر لە هەزار سەرباز رەوانەی ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە قەزای خانەقین دەکات، بەرپرسێکیش دەڵێت، بۆ باشتر کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیە.[1]
- 13 ئەندامی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنن، بەزاندنی سنوری هەرێم لەلایەن سوپای تورکیا مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی هەموو خاک و خەڵکی کوردستان و دەڵێن پێویستە پەرلەمان مەسئولیەتی سەرشانیان راپەڕێنن بۆ ناچارکردنی تورکیا لە چۆڵکردنی ئەو ناوچانە.[1]
- تورکیا ئاوی رووباری دیجلەی لە ئێڕاق گرتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بە پێی هەواڵی ئاژانسی هاوار، سوپای تورکیای داگیرکەر لە عەفرین، 4 هاووڵاتی بە ناوەکانی جومعە کەماڵ (مانگێک پێش ڕفێندراوە)، مووسا نەبی 32 ساڵان لە گوندی جەقلا جومێ (11 رۆژ پێش ئیستا ڕفێندراوە)، دەشتی ئیسو 40 ساڵ (9 رۆژ پێش ئیستا ڕفێندراوە) و عەبدولڕەحمان بەرمەجێ 35 ساڵە لە گوندی کەفەرسەرفرێ (4 رۆژ پێش ڕفێندراوە).[3]
دەرەوەی کوردستان
- سلێمان سۆیلو، وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند: بەردەوامین لە شەڕی تیرۆر، ئێستا لە باکووری عێراق 27 کیلۆمەتر چووینەتە پێشەوە و سەربازەکانمان لەوێن. کەممان ماوە بگەینە قەندیل، خەمتان نەبێ هێرشدەکەینەوە سەر قەندیل و تەختی زەوی دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🖄ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 02-06-2018
[2] 🖄ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 02-06-2018
[3] 🖄ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 02-06-2018
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 🖄ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 02-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 154

**2018-06-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180603000000150076




باکووری کوردستان
- 430 زیندانی کە لە بەندیخانەی کراوەی ئامەد بەند کراون، لە دژی مامەڵەی کاربەدەستانی بەندیخانەکە ڕاپەڕین و نارەزایی خۆیان دەربڕی.[5]
- سەرۆککۆماری تورکیا لە ئامەد ڕایگەیاند زمانی کوردی وەکو شیری دایکتان حەڵاڵە بۆتان و هێندەی زمانی تورکی بەهادارە. دەشڵێت با هیچ کەسێک بەدوای دەوڵەتەوە نەبێت بۆ کورد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، کچێکی مێرمنداڵ خەڵکی شاری بانە لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. شوناسی ئەو کچە بە ناوی سروە ڕەحیمی ڕاگەیەندراوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش هێرشیان بۆ سەر گوندی حەفتەغاری سنووری داقوق هێناوە و لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە تەقەیان لێکراوە و بەهۆی شەڕەکەوە بەشێک لە کشتوکاڵی ناوچەکەش سووتاوە.[1]
- پۆلیسی کەرکوک دەستگیرکردنی باندێکی مادەد هۆشبەرەکانی ڕاگەیاند.[1]
- قایمقامی قەڵادزێ ڕایگەیاند، لە پێناو کەوتنەوە کاری پرۆژەی ئاوی خاس کە سەرچاوەی ئاوی سەرەکی قەڵادزێیە، بەربەستیان لەبەردەم ئاوی زێی بچووک دروستکردووە و گوتی ئێستا پرۆژەی ئاوی خاس کەوتووەتەوە کار.[2]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی فێستیڤاڵی خانەو دایەنگەکان بەڕێوەچوو، کە تێیدا خانەی نەوجەوانانی کچان و کوڕان و خانەی منداڵانی ئەو بەرێەبەرایەتییە و دایانگە حکومییەکانی ناوشاری سلێمانی بەشداریان تێداکرد و چەند چالاکییەک ئەنجامدرا.[1]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکانی سەر سۆران ڕایگەیاند، ئەو هێزی تورکیا کە چوبوونە گوندی بەرمیزە، ئێستا گوندەکەیان چۆڵ کردووە و کشاونەتەوە بارەگاکانی خۆیان. گوتیشی داوای هاوکارییان لە خەڵک کردووە، بەڵام خەڵک ڕەتی کردووەتەوە.[2]
- فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەرچوو.[3]
- لەسەر هاتنەناوەوەی سوپای تورک بۆ باشووری کوردستان،ئەمنیداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، بۆ پاراستنی سنوورەکان پێویستە حکومەتی عێراق هەڵوێستی هەبێت، چونکە پاراستنی سنوورەکانی لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە، نەک وەزارەتی پێشمەرگە.[1]
- عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕایگەیاند، هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک بۆ ئێران دەستپێکردووە، کە ڕۆژانە بە تانکەر برەکەی لەنێوان 30 بۆ 60 هەزار بەرمیلە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سووریای دیموکراتی- هەسەدە لە کاتژمێر 8ی ئێوارەوە بە ئامانجی ڕزگارکردنی

گوندەکانی باشووری حەسەکە و گوندی دەشیشا-ی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی شەداد-ی کانتۆنی حەسەکە، هەڵمەتی گەردەلوولی جەزیرەی دەست پێکردەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی جمهوریەتی ئۆپۆزسیۆن، گروپێک کە لە 10 بۆ 15 کەس پێکهاتبون هێرشیان کردوەتەسەر کاروانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی هەدەپە لە شاری ئەنکەرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-03
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-03
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-03
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2018-06-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 155

**2018-06-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180604000000150077



باکووری کوردستان
- ئاژانسی ئیخلاسی تورکی بڵاوی کردەوە، دوێنێ لە چیای (باسیان) لە هەرێمی کوردستانەوە بە موشەک هێرش کراوەتە سەر بنکەیەکی سەربازی تورکیا لە شارۆچکەی شەمزینان و لە ئەنجامدا سێ سەرباز کوژراون و سەربازێکیش بریندار بووە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 11ی شەو، بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە گوللە تۆپە بەجێماوەکان لە گوندی شێخ سلە لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی، کوژران و برینداربوونی 6 ئەندامی بنەماڵەیەکی لێ کەوتەوە.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی ڕەحمان قوربانی کوڕی ڕەمەزان خەڵکی شاری نەڵۆس سەر بە شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بە شێوەیەکی گوماناوی لە گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەدا گیانی لەدەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- کونسوڵی ئێران لەبارەی دروستبوونی گرفتی ئاو لە پشدەر و قەڵادزێ ڕوونکردنەوە دەدات و رایدەگەیێنێ، ئاوی ڕووباری زێی بچووک نەگیراوەتەوە و پشکی هەرێمی کوردستانیش لە ئاوی خواردنەوە پارێزراو دەبێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت، کونسوڵ بەڵێنی داوە گرفتی ئاو دروست نەبێت.[2]
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دوا مۆڵەتی داوەتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دۆسیەی هەناردەی نەوتی هەرێم و دانیشتنی تایبەتی بە و دۆسیەیەش دواخست.[1]
- یەکەم کاروانی نەوتی کەرکوک رادەستی ئێران کرا.[1]
- شاندێکی چوار حیزبە ناڕازییەکە (بزووتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان) بە سەرۆکایەتیی بەرهەم ساڵح بەمەبەستی بەدواداچوونکردن لەبارەی ساختەکاری هەڵبژاردن و دەنگە دزراوەکانیان لە بەغدان.[2]
- لە ڕۆژانی رابردوو، فۆرمی خۆراکی 371 خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ پارێزگای کەرکووک گوازراونەتەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لە گردی کەڤۆرکەی هەرێمی برادۆستی باشووری کوردستان لە و شوێنەی کە هێزەکانی تورکیای داگیرکەری لێن، تەقینەوەیەک ڕوویدا. ڕاگەیەندرا کە لە تەقینەوەکەدا سەربازێک کوژراوە و زۆر سەربازیش بریندار بوون.[3]
- وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دیالە رایدەگەیەنێت، لە سنوری هەردوو شارۆچکەی میقدادییە و ناحیەی جەلەولا 12 تۆمەتباریان دەستگیرکردووە کە ژمارەیەکیان چەکداری داعشن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سووریای دیموکراتی - قەسەدە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد و دەستپێکردنی هەڵمەتی ڕزگارکردنی شارۆچکەی دشیشا و پاراستنی سنووری سووریا و عێراق ڕاگەیاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران رایگەیاند، هەر وڵاتێک مووشەکێک لە تاران بگرێت، ئەوان بە 10 مووشەک وەڵامی دەدەنەوە. راشیگەیاند، دەبێت ئاژانسی وزەی ئەتۆمی وڵاتەکەی بە خێرایی دەست بە زیادکردنی پیتاندنی یۆرانیۆم بکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |

شار و شارۆچکەکان: ◯ شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ◯ قەڵادزێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-06-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-05

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-06-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 156

**2018-06-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180605000000151148



باشووری کوردستان
- رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بەوەکالەت رایگەیاند، بڕیاری دادگای کەرکووکی لەبارەی دەستگیرکردنی تەمیز کردووەتەوە، بەوهۆیەشەوە بڕیاری دەستگیرکردنی راگیراوە و دەشڵێت، سکاڵام لەسەر دەستەی دەستپاکیی کەرکووک تۆمارکردووە، چونکە پیشەییانە کارناکەن.[2]
- دوای تۆمەتبارکردنی یەکێتی لەلایەن وەزیری دەرەوەی تورکیا بەوەی گرووپێکی نێو ئەو حیزبە هاوکاری پەکەکەیان کردووە، گوتەبێژی یەکێتی دەڵێت، یەکێتیی ناخوازێ دڵۆپێک خوێن (لە ژێر هەر ناوێک) لە کورد یا تورک و هەر پێکهاتەیەکی دیکە بڕژێت بۆیە پێداچوونەوەی وردتر بەم هەڵوێستەی تورکیا گرنگە و ئاشتی دەپارێزێت.[2]
- بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە رۆژنامەی ئاوێنە دەوەستێت.[3]
- دەرنگانی شەوی رابردوو، لە شاری خانەقین، شەڕوپێکدادان لە نێوان دوو گرووپی چەکداری حەشدی شەعبی روویداو بەهۆیەوە دوو چەکدار برینداربوون.[4]
- بینالی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند، وڵاتەکەی 11 بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا هەیەو ژمارەی سەربازەکانی سوپای تورکیا لە هەرێم بۆ دوو هێندە زیادکردووە.[5]
- بەدروشمی هەوڵێک بۆ دارشتنەوەی هێڵەکانی داهێنان لە زانستی ژمێریاریدا، گرووپی کۆمپانیاکانی فاروق و کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لە هۆتێل گراند میلینۆم سیمپۆزیۆمێکیان ئەنجامدا.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەبیانوی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، سنوری ئامێدیان بۆردومانکرد.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل رایدەگەیەنێت، پاش ئەوەی راوێژکارە

سەربازییەکانیان لە مەنبج ئەرکەکانیان کۆتایی هاتووە، لەئێستادا لەو شارە کشاونەتەوە.[4]
- هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ئەنجوومەنی سەربازی منبجی لەوە دڵنیاکردووەتەوە کە لەو شارە دەرناچن، بەڵکو لەگەڵ هێزەکانی تورکیا بە هاوبەشی لە باکووری رۆژئاوای منبج خاڵی هاوبەش دادەنێن.[2]
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی ناوەندی یەکێتیی ئێزدیەکانی لە عەفرین تەقاندەوە.[1] دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو، گرووپێکی نەتەوەپەرستەکانی سەر بە مەهەپە کە ژمارەیان نزیکەی 100 کەس دەبوو، هێرشیانکردە سەر بارەگای لقی رێکخستنەکانی هەدەپە لە پارێزگای بۆلو کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای تورکیا و بارەگاکەیان بەردبارانکرد و ئاگریان لە بەشێکی بارەگاکەدا بەردا و ئاڵای هەدەپەشیان سووتاند.[2]
- چالاکی ئێشکگری ئازادی بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لەبەردەم بارەگای ئەنجوومەنی ئەورووپادا بەرێوە دەچێت، لە هەفتەی 310هەمین دایە.[1]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند، ئاگادارین گرووپێکی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوکاری پەکەکەیان کردووە.[2]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، لەچوارچێوەی فراوانکردنی سزکانی واشنتۆن بۆ سەر تاران، ئەمرۆ ناوی 6 کەس و 3 قەوارەی دیکەی ئێرانیان خستە لیستی سزادراوانەوە. وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا روونیشیکردەوە، سزا نوێیەکانیان گروپەکانی سەر بە ئەنسار حیزبوڵڵا و کۆمەڵەی هانیستای پرۆگرامسازی ئێرانی دەکاتە ئامانج.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-05
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-05
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2018-06-05

[4] 🔊ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 05-06-2018
[5] 🔊ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 05-06-2018
[6] 🔊ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری لڤین - 05-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 05-06-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 157

**2018-06-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180606000000150079



باکووری کوردستان
- لە بەیاننامەیەکدا ئایشەر ئاجار باشەران، جێگری هاوسەرۆکی هەدەپە و نوێنەری شاری باتمان لە پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند بەجۆش و حەماسەوە کار بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران دەکەن، بەڵام لەهەندێک شوێن روبەڕوی هێرش بوونەتەوە و وەزارەتی ناوخۆی تورکیای لەو هێرشانە بە بەرپرسیار زانی.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی رابردوو لە نزیک دەرەوازی سنووری کێلێ لە گوندی بێورانی سەردەشت، پێکدادان لەنێوان گرووپێکی نەناسراو و هێزە ئەمنییەکانی ئێران روویداوە، پێکدادانەکە نزیکەی کاژێرێک بەردەوام بووە. هاوکات چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە سوپای پاسداران دەڵێن، لە گوندی بێواران شەڕ لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و گرووپێکی چەکدار دروستبووە، بەهۆیەوە دوو پلەداری هێزەکانی پاسەوانی سنووریی ئێران کوژران.[2][3]
- بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی کۆڵبەر نیوز دوێنی کۆڵبەرێک بەناوی ڕەحیم قوربانی خەڵکی شاری خۆی لە شاری پیرانشار-ی سەر بە پارێزگەی ورمێ-ی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا، ودوای ئەوەی گوازرایەوە بۆ بەندیخانە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا.[4]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی کێلەشین سەر بە شاری شنۆ، دەکەونە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی ش.ج تەمەن 32 ساڵ و د.ی تەمەن 28 ساڵ بە سەختی بریندار بوون.[3]
باشووری کوردستان
- بەپێی راگەیێندراوێکی سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا، دوێنێ ئێوارە، فرۆکەکانیان 16 پێگەی پەکەکەیان لە باشووری کوردستان بۆردوومانکردوون. وەک لە راگەیێندراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، پێگەکان لە خواکورک، گارا، مەتین، زاب، قەندیل، ئاڤاشین و باسیان بۆردوومانکراون.[2]
- سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پێویستە هێزەکانی پەکەکە لە هەندێ ناوچەی هەرێم دەربچن و چیتر بیانوو نەدەنە دەست هێزەکانی تورکیا بۆ بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان.[1]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە وەڵامی وتەبێژی حکومەتی هەرێم دەداتەوە و رایدەگەیەنێت، حکومەت یان بێ هەڵوێست بووە، یان هەڵوێستێکی وەهای هەبووە کە خزمەت بووە بە داگیرکەرانی کوردستان، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە گەریلا هەرێمی کوردستان چۆڵناکات.[1]
- پاشنیوەڕۆی ئەمرۆ تۆپخانەکانی سوپای تورکیا بە بیانووی بوونی بارەگاکانی گەریلاکانی پەکەکە، چەند ناوچەیەکیان لە سنوری ئامێدی کردەئامانج.[1]
- بەهۆی دیارینەکردنی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان، پەرلەمانی کوردستان داوای ڕوونکردنەوە لەسەرۆکی حکومەت دەکات و داوای ئەنجامدانی ئە و دوو

هەڵبژاردنە دەکەن.[1]
- گوتەبێژی هاوپەیمان لەبارەی چوونی هێزێکیان بۆ شنگال و دەنگۆی مانەوەیان لەوێ دەڵێت: ئامانجی ئەو هێزە تێکشکدانی داعشە، بە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێین هیچ بنکەیەکی سەربازی جێگیرمان لەو ناوچانە نابێت. لەبارەی کشانەوەی هێزەکەش دەڵێت: کاتەکەی دیارنییە، سەختە من بڵێم تاکەی دەمێنینەوە، چونکە دەبینین داعشەکان لەوێ هەن، ناوچەیەکی بەرفراوانمان لەبەردەستە کە دەبێت لەدەست داعش دەربێنین.[2]
- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش رایدەگەیەنێت، دوای چوار ساڵ لە رفاندنی دایکێک و منداڵەکەی ئەمڕۆ رزگارکران و گەیشتنەوە لای کەسوکاریان.[1]
- دادگای کەرکوک بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ نەجمەدین کەریم، پارێزگاری لەکارلادراوی کەرکووک دەرکرد. بڕیارەکەی دادگای کەرکوک بەهۆی پرۆژەی پرۆژەی هەلۆی کەرکووکە و تۆمەتی ساختەبوونی پرۆژەکەی خستووەتە ئەستۆی نەجمەدین کەریم.[2]
- نارەزایەتیەکان دژ بە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بۆ سەر باشووری کوردستان فراوانتر دەبن. لە شاری سلێمانی 'بەرەی نەتەوەیی' دژ بە داگیرکەران ڕاگەیەندرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی ئێراق هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی کرد و بڕیاریدا لە 100٪ی دەنگەکان بەدەست بژمێردرێنەوە.[5]
- پەیمانگەی ئاشتی و ئابووری (IEP)ی ئەڵمانی راپۆرتی خۆی لەبارەی ئاشتیی جیهانییەوە بۆ ساڵی 2018 بڵاوکردەوە و راپۆرتەکە ریزبەندیی 12 ساڵی رابردووی وڵاتانی جیهانی لە بواری ئاشتیدا خستووەتەڕوو. بەگوێرەی راپۆرتەکە، تورکیا لە ناو 163 وڵاتدا ریزبەندەکەی لە 146هەمەوە بۆ 149 دابەزیوە. بەوەش تورکیا لە رووی ئاشتییەوە 3 پلە دابەزیوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-06

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-06-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 158
**2018-06-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180607000000150080



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سیامەند موعینی هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ڕایگەیاند، پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی ماوەی 70 ساڵە ڕەوتی شۆڕشگێڕی خەباتی کوردیان بەلاڕێدا بردووە.[3]
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە ناوچەی مێرگە چەکۆ لە نزیک گوندی زێوکە و ماشکان سەر بە شاری پیرانشار دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئەنجامی دەسڕێژی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئەسعەد حەسەنزادە کوڕی خەلیل خەڵکی پیرانشار دەسبەجێ گیانی لە دەست دەدات.[4]
- هێزەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای کەپرانی شاری سەردەشت، دەسڕێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی ئەو ناوچەیە کردووە و لە ئاکامدا یەکێک لە کۆڵبەرانی کورد بە ناوی ئەسکەندەر.ف کوڕی حەمزە، گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر گوندەکانی گلابات و ئاشتۆکان لە سنووری شارۆچکەی قەرەتەپە، لەو شەڕەدا بۆمبێک بە هاونیشتمانییەک بە ناوی محەمەد حەمید لە گوندی گلابات تەقیوەتەوە، بەهۆیەوە گیانیلەدەستداوە. هەروەها کەسێکی دیکە بە ناوی لوقمان حەمید برینداربووە..[1]
- کونسوڵی گشتیی تورکیا سەردانی یەکێتی دەکات و تاوتوێی چەند پرسێک دەکەن. سەعدی پیرە سەرسوڕمان و نیگەرانی حیزبەکەی نیشانداوە بەرامبەر لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا کە یەکێتی تۆمەتباردەکات بە یارمەتیدانی پەکەکە.[1]
- خەسرەو گۆران دەڵێت، ئەوەی دوێنێ لە پەرلەمانی عێراق کرا پێشێلکاری دەستوور و یاسا بووە. دەشڵێت، پارتی دژی بڕیاری بە دەست ژماردنەوەی دەنگەکان نییە بەڵام دژی هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەت و دەنگی ئاوارەکانی نەینەوایە.[1]
- سەنتەری ڕاگەیاندنی جەنگی عێراق ڕایگەیاند بەهاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە توانیمانە سێ تیرۆریست لە پارێزگای سلێمانی دەستگیربکەن.[2]
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئێوارەی ئەمڕۆ دەوروبەری کاتژمێر 17:40 جارێکی دیکە دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی بناری قەندیل کردەوە.[3]
- یەکێتی و پارتی هەڵوەشاندنەی دەنگدانی تایبەتی لە هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەنەوە و جەخت لەوەدەکەنەوە کە بەپێی دەستوور هەر هاوڵاتییەک مافی دەنگدانی هەیە و ناتوانرێ ئە و مافەی لێ زەوت بکرێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی باڵای دادوەری ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکی هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنەکان دەردەبڕێت و ڕێوشوێنەکانیش بۆ ئە و مەبەستە دەگرێتەبەر.[2]
- وەزیری دارستان و ئاوی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، سەرۆک کۆمار بڕیاریداوە بە دواخستنی وادەی پڕکردنەوەی بەنداوی ئەلیسۆ بۆ تەمووزی داهاتوو و دەشڵێت لەئێستادا ئاو بۆ عێراق بەردەدەینەوە.[2]
- باڵیۆزی تورکیا لە عێراق جارێکی دیکە دڵنیایی دایە هاوڵاتیان عێراق و ڕایگەیاند، هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ حکومەتی عێراق تاوەکو بڕە ئاوی پێویست لە بەنداوی ئەلیسۆوە بۆ ئە و وڵاتە

بەربدرێتەوە.[2]
- کەنەدا مەشق و ڕاهێنانەکانی بە هێزەکانی پێشمەرگە رادەگرێت. سوپاسالاری ئەو وڵاتە دەڵێت، بۆ ئێستا تەنیا مەشق و ڕاهێنان بە سوپای عێراق دەکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-08



کاتی تۆمارکردن: 2018-06-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 159

**2018-06-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180608000000150081




باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پارێزگاری تورک-ی جولەمێرگ، 30 ناوچەی لەو پارێزگایەدا وەک ناوچەی تایبەتی ئاسایش ڕاگەیاند و بۆ ماوەی 14 ڕۆژ هەموو جۆرە هاتووچۆیەکی تێیاندا قەدەغەکرد.[2]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەکەکە رایدەگەیەنێت، ئێمە بێ منەتین و تورکیا لە هەر کوێ هێرش دەکات با بیکات، ئەمەش وەک وەڵامێک بۆ لێدوانێکی تەلەفزیۆنی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا کە رایگەیاندبوو، سوپاکەی هێرشدەکاتە سەر قەندیل و شەنگال و مەخمور-یش.[3]
باشووری کوردستان
- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە لەو هەوڵانەی بۆ رەواندنەوەی گومانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردن دراون هەرێمی کوردستان کراوەتە ئامانج. هەروەها رایدەگەیێنێت، هەر هەوڵێک بۆ رەتکردنەوەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەت رەتدەکەینەوە و دژی هەر هەوڵێکیشین کە بۆ ئە و مەبەستە بدرێت و بە دژایەتی راستەوخۆی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەزانین.[1]
- سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت رایدەگەیەنێت، وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسە لە و بێ ڕێزیانەی هەندێک مەلا لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بەرامبەر ئافرەتی کورد دەیکەن.[3]
- پۆلیسی سلێمانی رایدەگەیێنێت، شەوی رابردوو لە دوو رووداوی تەقەکردندا دوو کەس کوژران و دوو کەسی دیکەش برینداربوون.[1]
- موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە و فەرماندەی ناوەندی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەل 'نەپەگە' رایدەگەیەنێت، لە ماوەی دوو مانگدا گەریلاکانیان زیاتر لە 200 سەربازی تورکیایان لە سنوری سیدەکان کوشتوە، دەشڵێت حکومەتی هەرێم هەڵوێستی ئەرێنی نەبووە بەرامبەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ سیدەکان.[3]
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بۆردومانی سنووری ئاکرێیان کرد لە پارێزگەی دهۆکی باشووری کوردستان.[2]
- لە گوندێکی شارۆچکەی خورماتوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندارو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا، سەربازێک بریندربوو، سەرچاوەیەکیش دەڵێت جموجۆڵی داعش لە ناوچەکە دەرکەوتووەتەوە.[3]
- ئەمشەو، دوو تەقینەوە لە دوو گەڕەکی جیاوازی کەرکوک رویانداوە و بەهۆیەوە کەسێک گیانی لەدەستدا و 18 کەسیش برینداربوون.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- لە کاتژمێر18:00 لە ناوچەی تەل ڕەفعەت-ی کانتۆن-ی شەهبا مینێک-ی چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بە بنەماڵەیەکی عەفرین-یدا تەقییەوە و لە ئەنجامدا 6 هاووڵاتی شەهید بوون و 4 هووڵاتی دیکەش برینداربوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمەلیک لە چالاکوانانی سیاسی، مەدەنی، رۆشنبیر، مامۆستای زانکۆ، ئەندامانی رێکخراوەمەدەنییەکان کە لە نەتەوەکانی ئێران پێک دێن هەستاون بە ڕاگەیاندنی کەمپەینێک بە ناوی نا بۆ سێدراره لەئێران، و داوا لە تەواوی چین و تۆێژەکان بە هەر بیر و باوەڕی سیاسی جیاوازەوە دەکەن کە خاوەنداریەتی لەم کەمپەینە بکەن و بەشداری چالاکانەی تێدا بکەن.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا رایدەگەیەنێت، ئەگەر بەغدا چارەسەری پەکەکەی پێنەکرێت، ئەوا مۆڵەت لە کەس وەرناگرن و هێرشدەکەنە سەر شەنگال و قەندیل و مەخمور.[3]
- هاوپەیمانی فەتح، سەرۆکایەتی هادی عامری رایدەگەیەنێت، ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان هەڵدەگێڕێتەوە، بەتایبەت لە پارێزگای کەرکوک و هەرێمی کوردستان.[3]
- کۆبوونەوەی چوارقۆڵی نێوان عێراق و ئێران و سوریا و روسیا بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری دەزگای سیخوڕی سەربای عێراق لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو و تێیدا چەندین پرسی تایبەتی ئاسایش تاوتوێکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-06-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-06-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 08-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 08-06-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 160

**2018-06-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180609000000150082




رۆژهەڵاتی کوردستان

- لە کوێستانەکانی سیاکێوی شنۆ شەڕ لە نێوان گرووپێکی چەکدار و هێزە ئەمنییەکانی ئێران روویدا. لە شەڕەکەدا بریندار هەن و بۆ نەخۆشخانەی شنۆ گواستراونەتەوە.[2]

- چالاکانی مافی مرۆڤ ئاشکرایدەکەن، لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، واتە لە 24ی مانگی ئایار تا 8ی حوزیران، لانیکەم 10 کۆڵبەری کورد لە سنورە کۆڵبەرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت سنوورەکانی بانە، سەردەشت و پیرانشار کوژراون و ژمارێکی دیکەش برینداربوون.[3]

- چالاکانی مەدەنیی شارەکانی پیرانشار و سەردەشت بە بڵاوکردنەوەی ستاتوسگەلێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە مەڕ بێدەنگبوونی ڕەسووڵ خزری، نوێنەری ئەو دوو شارە لە مەجلیسی ئێران لە مەڕ کوژرانی کۆڵبەران نارەزایەتییان دەربڕی.[5]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لەڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژەی بەوەداوە کە کاتژمێر 2:42 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک روویدا بە دووری 18 کم لە سلێمانییەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە بومەلەرزەکە 3.1 پلەی ڕێختەر بوە و لە قوڵایی 10کم و هەستی پێکراوە و هیچ زیانی نەبوە.[1]

- بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و واشنتۆن جێگری سەرۆکی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم لەگەڵ یەکێتی ژوورە بازرگانییەکانی واشنتۆن کۆبۆوە.[3]

- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئێوارەی ئەمڕۆ دەوروبەری کاتژمێر 17:40 جارێکی دیکە دەستیان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی هەرێمی برادۆست-ی باشووری کوردستان کرد.[6]

- لە سنوری ناحیەی جەبارەی سەر بە خانەقین بەهۆی هەڵکوتانە سەر چەند گوندێک لەلایەن داعشەوە، هاووڵاتیانی ئە و گوندانە ناوچەکەیان بەجێدەهێڵن.[3]

- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام دەکات سنورێک بۆ مەلا مەزهەر دابنێن و ڕایگەیاند، دژی وتەکانی دەوەستنەوە.[7]

- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کەناڵی سرووشت دادەخات، کە مەلا مەزهەر خۆراسانی خاوەنییەتی، ئەوەش بەهۆی سووکایەتیکردن بە ژنان.[2]

- عەلی بەشار، ئەو گەنجەی کە کچێکی ئەڵمانیی لاقەکرد و پاشان کوشتی، ئەمڕۆ لە هەولێرەوە رەوانەی ئەڵمانیا کرا تاوەکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.[4]

- سەعد حەدیسی، وتەبێژی نووسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسییدا، تیشکی خستووەتە سەر داگیرکارییەکانی تورکیا لە باشوری کوردستان. سەعد حەدیسی ڕایگەیاندووە: لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق حاشاهەڵنەگرە و هەڵوێستی بەغداد لەوبارەیەوە زۆر ڕوونە و بەغدا بە مافی خۆی دەزانێت پارێزگاری لەسەروەریی خاکی وڵاتەکەی بکات.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-09

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-09

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-09

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-09

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2018-06-09

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-06-09 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 161

**2018-06-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180610000000150083



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دیوانی باڵای ئێران داواکاریی دادگاییکردنەوەی ڕامین حوسێن پەناهی ڕەتکردەوە.[4]
باشووری کوردستان
- تەقینەوەیەک لە بەردەم ماڵێک لە یەکێک لە گەڕەکەکانی هەڵەبجە ڕوویدا، جگە لە زیانی ماددی زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.[1]
- ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کە شۆفێرێک و کەسێکی دیکەی تێدابووە و هەردووکیان سەرباز بوون، لە پێش کابینەی عەریزەنووسەکان تەقەیان لە باڵەخانەی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر کرد. پاشان هەردووکیان دەستگیرکران.[2]
- لەبارەی داواکارییەکەی یەکێتی بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی دوو مانگ پارتی ڕەتیکردوەتەوە و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش ئاماژەبەوەدەکات، سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەوەدا نەبووە هەڵبژاردن دوابخرێت.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دەورووبەری گوندی بۆکریسکان وناوچەی دۆڵی بەدران و باڵەیانیان بۆردومانکرد.[3]
- فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدادگای فیدراڵی تانە دەدات لەدانیشتنەکەی 6ی حوزەیرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئاگر لە کۆگایەکی ئەمبارکردنی سندوقەکانی دەنگدانی سەر بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەغدای پایتەخت کەوتەوە.[4]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوادەکات هەڵبژاردنەکان دوبارەبکرێنەوە و ڕێوشوێنی یاساییش بەرامبەر ئەوانەی ساختەکار و تێکدەرن بگیرێتەبەر.[4]
- پێنجەمین فێستیڤاڵی ساکینە جانسز-ی ژنان لە شاری زوریخی وەڵاتی سویسرا بەڕێوەچوو. لە فێستیڤاڵەکەدا پێداگری لەسەر خۆپاراستنی ژنان لە بەرانبەر توندوتیژی کرا.[3]
- گروپێک لە چالاکوانانی مەدەنی، سیاسەتمەداران، نووسەران و ڕۆژنامەوانانی کورد لە وڵاتی بەلژیکا، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و لەو کۆبونەوەدا بەرەی نیشتیمانی دژ بە داگیرکاریی تورکیا-یان دامەزراند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 10-06-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 10-06-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-06-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 10-06-2018 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 162
**2018-06-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180611000000150084



باکووری کوردستان
- کەجەکە دەربارەی هێرشە داگیرکارانەکەی سوپای تورکیا بۆسەرباشووری کوردستان لێدوانێکی نوسراویان بلاوکردەوە و تێیدا داوای لە حکومەتی هەرێم، هەموو هێزە کوردیەکان بە گشتیی و داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان - پەدەکە کرد کە دژبەو داگیرکارییە هەلوێست بگرێت.[2]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە بۆ هەلبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا لەرێگەی تویتەرەوە هێرشێکی توندی کردەسەر نەیارەکانی و نوسیوێتی خەلک تەوالێتەکان پاک دەکەنەوە، خەم مەخۆن دەچن بۆ شوێنی شیاوی خۆتان.[1]
رۆژهەلاتی کوردستان
- ڕێوڕەسمێک بۆ یادکردنەوەی دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی ناسراو بە شەپۆل لە شاری سنە بەڕێوە چوو.[6]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمرۆچەکدارانی داعش هێرشیانکردوەتە سەر هەردوو لیوای ئیمام عەلی و لیوای 16ی حەشد لە گوندی قەرەتەپە لەنزیک ناحیەی یایچی. بەهۆی هێرشەکەوە 2 چەکداری حەشدی شەعبی کوژراون و 4ی دیکەش بریندارببوون.[1]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ چەکدارانی داعش هەلیانکوتاوەتە سەر گوندێکی کاکەیی لەسنوری قەزای داقوق و هاوولاتیەکیان بەناوی (فەرهاد ئاغا) رفاندووە.[1]
- ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند پێش جەژنی رەمەزان تەواوی مووچەی مووچەخۆران بە پێشمەرگەشەوە دابەش دەکەین.[3]
- تەلەڤزیۆنەکەی مەلا مەزهەر خۆراسانی دوای پرکردنەوەی بەلێننامە، کرایەوە.[4]
- ژمارەیەک گەنجی شاری هەولێر، دژی لێدوانێکی ئایدن مەعروف، پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی هەرێم، کە لە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە پەکەکەی بە تیرۆریست ناوبردووە، هەلمەتێکیان لە تۆرە کۆمەلایەتییەکان دەستپێکردووە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هاوار بلاوی کردەوە، کە سوپای تورک و چەتەکانی سەربە سوپای تورک لە گوندەکانی کانتۆنی عەفرین نۆ هاولاتیان رفاندوە، بەرامبەر بەردانی چوار هاولاتیان داوای پارە دەکەن، بەلام

چارەنوسی پێنج هاوڵاتیەکەی دیکە دیار نییە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- نوێنەری کەندا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش رەتیدەکاتەوە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 11-06-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 11-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 11-06-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-06-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 12-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 11-06-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 163
**2018-06-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180612000000150085



باکووری کوردستان
- سەلاحەدین دەمیرتاش و عەبدوڵڵا زەیدان کە لە بەندیخانەی ئەدەرنەوە پەیامیکیان ئاراستەی گەلی گەڤەر کرد و وتیان، گەلی گەڤەر لە 24ی حوزەیران / 3ی پووشپەڕ بەدەنگەکانی خۆیان وەڵامێکی توند دەدەنە زۆردارەدەکان.[3]
- پەرلەمانتاری هەدەپە فەرهاد ئەنجوو کە مافی پەرلەمانتاری لێسەندرابوویەوە، لە لایەن دادگەوە سزای 10 مانگ زیندانیکردنی بۆ بڕایەوە. دواتر سزاکە گۆڕدرا بۆ سزای پارەدان.[3]
- ئەمرۆ پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە سەردانی داواکاری گشتی دادگای کۆماری بورسایان کرد بۆئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت بچنە ئیمرالی، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە، بەوەش ئەوە 763 جارە داواکاریی پارێزەران بۆ بینینی ئۆجالان ڕەتدەکرێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ڕایگەیاند لە دژی ئێران، کۆمەڵێک بەڵگەیان بە ئەمریکا داوە.[1]
- زیاتر لە دوو هەزار چالاکوانی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ، بە واژۆکردنی نامەیەک داوایانکرد، کە سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانیی سیاسیی کورد بوەستێندرێت.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 1ی بەرەبەیانی ئەمرۆ ژمارەیەک چەکداری داعش هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی نموزەجییە لەناوچەی زەربانی سنوری حەویجە و کوڕێ موختاری گوندەکەیان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفاندووە.[2]
- چەند ڕۆژێکە لە دەروازە سنوریەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، هێزێکی ئەمنیی تورکیا چاودێرییەکی چڕی خستووەتە سەر مۆبایلی گەشتیارەکانی هەرێم وێنە و بابەتی ناو تۆڕە کومەڵایەتییەکان دەسڕنەوە.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەوروبەری گوندەکانی بۆکریسکان، کوزینە، کورتەک، ئیندزێ و لێوژە، زارگەلی، بایەوان، سلێ و گەلیی بەدران-یان لە بناری قەندیل بۆردوومان کرد.[4]
- سەرۆکی زانکۆی پالسکی چیکی، (30) کورسی خوێندن وەک سکۆلەرشیپ بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرد کە (20) کورسیان تایبەت دەبێت بە پزیشکی گشتی و (10) کورسیەکەی دیکەش بۆ پزیشکی ددان دەبێت.[2]
- حکومەتی ئەنقەرە ئەو 150 کەسەی ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە کە هەڵگری پاسپۆرتی عێراق بوون و لە ئاوی ئەدرنەی نێوان تورکیا - یۆنان دەستگیرکرابوون.[1]
- بەرپرسی کۆمیتەی مەخموری یەکێتی ڕایدەگەیەنێت، درەنگانی شەوی ڕابردوو و بەرەبەیانی ئەمرۆ هێزێکی گەورەی ئەمریکا بە چەکی گەورە و قورس و ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە بەرەو سنوری مەخموور هاتوون و تێپەڕبوون.[2]
- لە ئۆپراسیۆنێکی هێزە سەربازییەکانی عێراق-دا ژمارەیەک چەکداری داعش لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کەرکوک دەستگیرکران.[2]
- چالاکیی قەڵغانی زیندووی گەنجانی وەڵاتپارێزی باشووری کوردستان لە قەندیل ماوەی 5 ڕۆژە بەردەوامە. چەندین کەس کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتبوون، سەردانی چادری چالاکانی قەڵغانی زیندوویان کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جوتیارێکی کورد لە شاری عەفرین بە مەبەستی پاراستنی گەنمەکەی لە بەتاڵانبردن شەش چەتەی هێزە هاوپەیمانەکانی تورکیا دەکوژێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لقی نەرویج-ی ئامنستی ئینتەرناشناڵ نامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی ئێران کرد، کە 33 هەزار هاوڵاتی نەرویجی واژۆیان کردووە و تێیدا داوای لابردنی سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی دەکەن.[4]
- نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران ڕایگەیاند، ئێران بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بەپێی عورف و ڕەچاوکردنی پێداویستی هەرێمی کوردستان بە ئاو، نەرمیی

نواندووە و بەشێک لە ئاوی زێی بچووکی بەرداوەتەوە. دەشڵێت: دەبێ ئێمەش تێبگەین کە ئێران بەنداوی بۆ گلدانەوەی ئاو دروستکردووە.[1]
- نورەددین جانیکلی، وەزیری بەرگری تورکیا لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەگەڵ میدیای فەرمیی وڵاتەکەی، لەبارەی ئۆپەراسیۆنی قەندیل گفتوگۆی کرد و رایگەیاند: تاوەکو ئە و کاتەی بەیەکجارەکی تیرۆر لەناودەبردرێت، سوپاکەمان لە باکووری عێراق دەمێنێتەوە. هەروەها پێشنیازی هاوئاهەنگیمان بۆ ئۆپەراسیۆنەکە لە ئێران کردووە، ئەوانیش رەزامەندییان دەربڕیوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-12

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 164

**2018-06-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180613000000150086




باکووری کوردستان
- چوار حیزبی کوردستانی له باکوور و تورکیا، بڕیاریاندا بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران / 3ی پووشپەڕ پشتیوانی له سەلاحەدین دەمیرتاش پاڵێواری هەدەپە بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بکەن.[5]
باشووری کوردستان
- له شارەدێی کەسنەزانی شاری هەولێر دەستڕێژی گوللە له ئەفسەرێکی پێشمەرگە بەناوی عوسمان عەبدوڵڵا کرا و کوژرا.[1]
- له سلێمانی سەدان پێشمەرگە دژی ڕەتکردنەوەی دەنگەکانیان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە خۆپیشاندان دەکەن.[2]
- گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) له سنوری ناوچەی بارزان هێرشیانکردەسەر یەکەیەکی سوپای تورکیا، بەرپرسێکی هەپەگەش دەڵێت، له و هێرشەدا پێنج سەرباز کوژران و ژمارەیەکیشیان برینداربوون.[3]
- شەوی ڕابردوو بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیایی له شاری سلێمانی بەناوی ئەختەر فارس گیانی لەدەستدا، له ئێستاشدا زیاتر له 20 بەرکەوتووی دیکەی چەکی کیمیاییش ژیانیان له مەترسیدایە.[1]
- له ڕاگەیێندراوێکدا ئەحمەد مەحجووب، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، لەبەر نەبوونی ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەنێوان عێراق و ئەڵمانیا سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تۆمەتباران، ڕادەستکردنی تۆمەتبار عەلی بەشار لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا بە سەرپێچی یاسایی ئەژماردەکرێت.[3]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو لەسەر ڕێگەی گوندی (حوسێن مەمە) له سنووری خانەقین له لایەن چەکدارانی داعشەوە بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلێکدا تەقێنرایەوە. وتیشی دوای تەقینەوەکە چەکدارەکان چوونەتەسەر ئۆتۆمبێلەکە و سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکە کە ژن و پیاوێک بوون هەردوکیان بە گوللە کوشتووە. [1]
- بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، پیسبوونی ژینگە بەهۆی تیشک له هەرێمی کوردستان ڕووی له زیادبوون کردوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک له کارمەندانی حکومی و بەکارهێنەرانی تیشک و هاوولاتیانی نزیک له تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت زیانمەندبوون.[1]
- عەبدولرەزاق فەیلی، یەک له دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان له سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]
- بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک هۆشداریی لەبارەی چۆڵکردنی گوندە کاکەییەکان بەهۆی هێرشی داعشەوە دەدات و دەڵێت، ئەگەر ئەو دێیانە چۆڵ بکرێن، ئەوا چەکدارانی داعش بە ئاسانی دەتوانن بێنە ناو قەزای داقووق و ناحیەی تازە و هێڵی ستراتیژی کەرکوک بەغدا بگرن.[3]
- له سنووری شارۆچکەی قەرەداغ بەهۆی ئاگرێکەوە، 13 دۆنم پوش و پاوان سوتا و پۆلیسی دارستانیش هاوڵاتیەکیان بە تۆمەتی ئاگر کردنەوەکە دەستگیرکرد.[4]
- کاتژمێر 11:45ی شەو بەهۆی تەقاندنەوەی نارنجۆکێک لەبەردەم بارەگای دژەتیرۆری عێراق له کەرکوک و وەڵامدانەوەی پاسەوانەکانی بارەگاکە، سێ هاووڵاتی بوونە قوربانی کە دوانیان ژنن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانان 2 گوندی دیکەیان له سنووری حەسەکە ڕزگار کرد.[5]
- ەهۆی باران بارینی زۆر له کانتۆنی کۆبانێ, لافاو هەستا و چەندین ماڵی گوندەکانی ڕۆژئاوای کۆبانێ ژێرئاوکەتن. بەهۆی ئە و لافاوە کە 2 کاتژمێری خایاند، دەیان ئۆتۆمبێل ئاو بردنی و هێڵەکانی کارەبا و ئینتەرنێتی سەرانسەری کانتۆنەکەش پچڕان. له گوندی چەقەل ویران بە هۆی لافاوەکە دوو برا بە ناوەکانی حسێن ئەمین حسەنۆ (35 ساڵان) و حەلا ئەمین حسەنۆ (18 ساڵان) ژیانیان لەدەستدا. ڕاگەیەندرا کە تا ئێستا تەرمی ئە و دوو برایە نەدۆزراوەتەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان

- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر ئەو تانەیەی ئاڕاستەی کرابوو دەربارەی جێبەجێنەکردنی یاسای هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیاریدا. دادگاکە رایگەیاندووە ناتوانێت ئەو رێکارانە رابگیرێت کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری لەبارەوەدابوو لەبارەی ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان و چەند رێکارێکی تر.[1]
- لە ئەنقەرە و ئیزمیر لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا ئەندامانی هەدەپە و سەرۆکی پارتی شۆڕشگێڕ لە ئیزمیر دەستگیرکران.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-06-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-06-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-06-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 165

**2018-06-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180614000000150087



باکووری کوردستان
- خانەوادەی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پارتی کرێکاری کوردستان و پارێزەرەکانی بەمەبەستی بینینی عەبدوڵلا ئوجەلان لە جەژنی ڕەمەزاندا سەردانی دادگایان کرد.[4][2]
- پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە داواکارییەکی پێشکەشی دەستەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا کرد بۆ ئەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەشداری بکات لە میتینگەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە شارەکانی ئیستەنبووڵ، دیلۆک، ئیزمیر و مێردین. ئەمڕۆ داواکارییەکە لە لایەن دەستەی هەڵبژاردنەکانەوە پەسەند کرا.[5]
- بەهۆی دروستبوونی شەڕ و دەمەقاڵە لەنێوان شاندێکی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) و کۆمەڵێک دوکاندار لە شارۆچکەی پرسوس (سوروچ)ی سەر بە شاری رحا (ئورفە) لە باکوری کوردستان سێ کەس کوژران و هەشت کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- گرووپێک لە ناوچەی دەگیرمەندەرەی شاری کۆجائەلی تورکیا هێرشیان کردە سەر خەباتکار و لایەنگرانی هەدەپە کە مێزی بانگەشەی هەڵبژاردنیان دانابوو. هاوکات لە مەڵەتی بە دار و بەرد هێرشکرایە سەر لایەنگرانی هەدەپە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێبەرانی دوو حیزبی گەورەی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ تینکتەنکەکانی واشینگتۆن دیدار و چاوپێکەوتنیان کردووە.[3]
باشووری کوردستان
- تەرمی عەبدولڕەزاق فەیلی لە سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت.
- لە گەرمیان فەرمانگەیەکی حکومی لە ڕێگەی ڕێکخراوی (ICRC) کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بە دابینکردنی دەستمایە 122 خێزانی کەمئەندام، بێوەژن، کەمدرامەت دەکاتە خاوەن پرۆژەی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی خۆیانی پێ بەرێبکەن.[1]
- تادێت جموجوڵی چەکدارانی داعش لە چەند ناوچەیەکی سنوری خانەقین زیاتر دەبێت، بەرپرسێکی حزبیی ناوچەکەش دەڵێت، پێشتر بە شە و دەردەکەوتن، بەڵام ئێستا چەکداران لە ڕۆژیشدا بە ئاشکرا دەسورێنەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک گوندنشین ئاوارەبوون.[1]
- لەرێگەی پەرلەمانتارێکی بەغداوە، هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بەرووداوی تەقەکردنەکەی شەوی رابردووی دژەتیرۆری عێراق لە کەرکوک و شەهیدبونی هاوڵاتییەکی کورد خرایەڕوو، و داواشیکرد لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە ئەنجامبدرێت، چونکە بابەتێکی هەستیارو مەترسیدارە.[1]
- سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری فەرمانی دامەزراندنی سێ دادوەری دەرکرد بۆ بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کاندیدکرابوون.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پارتی یەکێتی دیموکرات- پەیەدە، بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر باشوری کوردستانی شەرمەزارکرد و ڕایگەیاند، کە دەستدرێژی بۆ سەر باشور دەستدرێژییە بۆسەر هەموو کوردستان.[4]
- لە چوارڕیانی سەبای بەحرات لە منبج، تەقینەوەیەک ڕوویدا، بەهۆی ئەو تەقینەوەیە هاووڵاتیەک بەناوی بەسام بەشیری 49ساڵان و منداڵێک-ی 6ساڵان بەناوی یەزەن عەبدولحەلیم بریندار بوون. برینداەکانیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی فورات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەیەکی هێزەچەکدارەکانی ئێران ئە و لێدوانانەی وەزیری بەرگری تورکیا ڕەتدەکاتەوە کە گوایە ئێران دەچێتە پاڵ تورکیا لە ئۆپراسیۆنی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە باکوری عێراق.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 14-06-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 14-06-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 14-06-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-06-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 14-06-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-06-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 166

**2018-06-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180615000000150088



باکووری کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا ڕووداوی هێرشە چەکدارییەکە و کوشتنی ئەندامانی ئاکپارتی لە ڕووها دەخاتە ئەستۆی پەکەکە و دەڵێت، لەگەڵ کورد هیچ کێشەیەکمان نییە ، ئێمە بەتایبەتی کێشەمان لەگەڵ پەکەکە هەیە.[3]
- سەرۆکی تورکیا دژایەتی خۆی بۆ کاندیدبوونی سەڵاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە بۆ سەرۆکایەتی تورکیا دوپاتکردوە و ڕایگەیاند گۆڕانکاری لە مەرجەکانی کاندیدبوون دەکەن و نابێت بەندکراو ببێتە کاندید.[1]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە بازاڕێکی میللی هەولێر 80 دوکان گڕیانگرت و وتەبێژی بەرگری شارستانیش ئاشکرایدەکات، زیانەکەی نزیکەی دوو سەد هەزار دۆلار بووە.[1]
- دوو بۆمبی چێندراو بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی خورماتووی سەربە پارێزگای سەلاحەدین-دا تەقییەوە و تەنها زیانی ماددیی هەبوو.[2]
- شەڕ و پێکدادان لەنێوان ئە و هێزە و چەکدارانی داعش لە نزیک جەلەولا ڕوویدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا و گروپە چەتەکانی گوندی دارگرێ لە ناوچەی ماباتای عەفرین نزیکەی 60 کەسی تریان ڕفاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-06-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-16


کاتی تۆمارکردن: 2018-06-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 167

**2018-06-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180616000000150089




باکووری کوردستان
- بە بەشداری سەزای تەمەلی هاوسەرۆی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە جەزیرە-ی باکووری کوردستان متینگێک بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەڕێوە چوو. بەهەزاران هاووڵاتی دوای دەرباز بوون لە بەندی کۆنترۆڵ-ی پۆلیس خۆیان گەیاندە مەیدانی میتینگەکە.[2]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو دوو فڕۆکەی جەنگیی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی گوندی ئێنزێ-ی هەرێمی قەندیل-یان کرد و زیانێکی زۆر-یان بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان و ژینگەی ناوچەکە گەیاند.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی ئیتیحادی عێراق لەئۆپراسیۆنێکدا دوو چەکداری داعشیان دەستگیرکرد کە لەگوندێکی ڕۆژهەڵاتی کەرکوک خۆیان حەشاردابوو.[3]
- بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە لەسەر ڕێگەی خورماتوو - کەرکوک چوار هاووڵاتی گیانیان لە دەستدا.[3]
- بەگوتەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی کەرکوک ئەمڕۆ شەممە ڕێگای کەرکوک-هەولێر کرایەوە بەڵام بەهۆی خراپی ڕێگاکە دیار نییە کە کەی هاتووچۆ تێیدا ئاسایی دەبێتەوە.[4]
- لە شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین چەکدارانی داعش پەلاماری چەکدارانی حەشدی شەعبیاندا و لە ئەنجامدا لە هەرلایەکیان چەکدارێک کوژرا.[3]
- مەسعود بارزانی سەردانی هێزی پێشمەرگەی پارتیی کرد لە بەرەی پردێ.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک 'قەسەدە' لە چوارچێوەی هەڵمەتی گەردەلوولی جزیردا، گوندی تەل ئەلجایر-یان لە باشووری حەسەکە لەدەست چەتەکان ڕزگار کرد. شەڕڤانان لەو هەڵمەتەیاندا تاوەکو ئێستا 15 گوندیان ڕزگار کردووە.[2]
- سوپای دەوڵەتی تورک و چەتەکانی ئاگریان بەرداوەتە زەوی و گەنمی هاوڵاتیانی شارۆچکەی شێراوای کانتۆن-ی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕووبەرێکی بەرفراوانیان سوتاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-06-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-06-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-06-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 16-06-2018
[5] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 16-06-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 168

**2018-06-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180617000000150090




باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە گردی چۆلی و دەوروبەریدا لە جودی دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی کردووە. ئۆپراسیۆنەکە بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانی و بە بەشداریی جەردەوانان (جاشەکان) بەڕێوەدەچێت.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ ئاگر لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە شاری دیلۆک (غازیعەنتەپ) کەوتەوەو بەهۆیەوە دوو کەس گیانیان لەدەستدا و پێنج کارمەندی نەخۆشخانەکە و 80 نەخۆشی دیکە بە دوکەڵی ئاگرەکە کاریگەر بوون.[2]
- سەلاحەدین دەمیرتاش لە نوێترین پەیامیدا رایدەگەیێنێ، نەک 20 مانگ، بەڵکو 20 ساڵیش لە زیندان بێت چۆک بۆ دەسەلات دانادات.، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی 24ی ئەم مانگەشەوە رایگەیاند: دەرفەتێکی زۆر گرنگمان لەبەردەستە، پێویستە سوودی لێ وەربگرین و بە دەنگێک هەموو شتێک دەگۆڕدرێت.[4]
- فازل شەنیاشار هاوڵاتیی شارۆچکەی پرسووسی سەر بە روحا کە 14ی حوزەیران باوک و 2 برای لە لایەن پاسەوانەکانی پەرلەمانتارێکی ئاکەپە کوژران و خۆیشی بریندار کرا، ئەمڕۆ دەستگیرکرا.[3]
باشووری کوردستان
- ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی و باڵیۆزی نیازپاکیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجێلینا جولی بەمەبەستی سەردانیکردنی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان و موسڵ لە دومیز گەیشتە پارێزگای دهۆک.[2]
- پرۆسەی دەنگدان بۆ سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا دەستپێکرد و لە باشووری کوردستان دوو بنکەی دەنگدان کراوەتەوە.[1]
- لە گوندی مەردانی سەر بە خانەقین بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە ژن و پیاوێک کوژران کە لە هۆزی هەمەوەندن و کوردن. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی نەخۆشخانەی خانەقین راگەیاند؛ پیاوەکە ناوی ئاراز فەرمان مەردانەوە سەرۆک هۆزی هەمەوەندە لە سنوری خانەقین و کەسایەتییەکی ناسراوە، هاوسەرەکەشی ناوی شنۆ عوسمان عەبدوڵلایە و هاوکات لە تەقینەوەکە جگە لە کوژرانی ئە و ژن و پیاوە، منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵ بە ناوی نمە بە سەختی برینداربووە.[2]
- پۆلیسی ئیتیحادی رەتیدەکاتەوە بەمزوانە رێگەی نێوان کەرکوک هەولێر بکرێتەوەو دەڵێت کردنەوەی رێگاکە بەندە بە هەوڵەکانی حکومەتەوە بۆ چاککردنەوەی پردە روخاوەکان کە رێگاکە بەیەکەوە دەبەستنەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان

- شەرڤانانی قەسەدە دوێنێ ئێوارەوە لە شەرێکی قورسدا 8 کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە چەتەکانی داعش پاک کردەوە و ئێستا خۆیان گەیاندووەتە ناو شارۆچکەی دشیش لە باشووری حەسەکە.[3]
- لە گوندی بەرسیرینی شارۆچکەی سۆران ژنێکی عەرەب دەخنکێت و گەنجێکی کوردی گوندەکەش لە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی ژنەکە ئەویش دەخنکێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا رایگەیاند رێگەنادەن خاکی تورکیا بەکاربهێنرێت بۆ لێدانی ئێران و وەبیریشی هێنایەوە کە ساڵی 2003ش رێگەیان نەدا بە ئەمریکا تورکیا بۆ داگیرکردنی عێراق بەکاربهێنێت.[2]
- نەژادپەرستان لە دوورگەی گەورە (بویوک ئادا)ی ئەستەنبول هێرشیان کردە سەر کەمپەینی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە و کەسێکیان بەناوی سەدات شاهین بە چەقۆ بریندار کرد. شاهین بە برینداری لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستبەسەر کرا.[3]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیا وتارێکی بۆ رۆژنامەی (لومۆند) نوسیوە کە یەکێکە لە رۆژنامە ناودارەکانی فەڕەنسا. دەمیرتاش لەو وتارەیدا داوایکردوە ئەوروپا زیاتر دەست لە سیاسەتی تورکیا وەربدات و دەستبەرداری بەهاکانی خۆی نەبێت لەپێناوی رێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ تورکیا لەسەر مەسەلەی ئابوری و کۆچبەران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 169

**2018-06-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180618000000150091



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی پێگەی زانیاری گەیاندنی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری تاران، سەرلە بەیانی ئەمڕۆ، حوکمی سێدارەی محەمەد ڕەزا سەلاسی باباجانی، یەکێک لە دراوێشەکانی گۆنائابادی نیعمەتوڵلاهی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج جێبەجێ کرا.[1]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیاندراوێکدا لەسێدارەدانی محەمەد ڕەزا سەلاسی باباجانی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج مەحکووم کرد.[1]
باشووری کوردستان
- سەر لەبەیانی ئەمڕۆ، بە دەستپێشخەری بەرەی نیشتیمانی دژی داگیرکاریی و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، شاندێکی بەرفراوانی هەرێمی کوردستان بەرەو قەندیل بەڕێکەوتن وەک نارەزاییەک بۆ داگیرکارییەکانی تورک لە باشووری کوردستان.[2]
- لە رانیە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەکەوە شەڕەتەقە لەنێوان مام و برازایەک دروستدەبێت، بەهۆیەوە هەردووکیان و ئافرەتێکی دیکەش بە گوللە بریندارەبن.[3]
- فەرماندەی کاکەییەکانی حەشدی شەعبی ئەمڕۆ رایگەیاند: بڕیارماندا ئەرکەکانی خۆمان لە سەنگەرەکان لە داقوق بەجێبهێڵین تاوەکو ببێتە فشارێک لەسەر دەستەی حەشدی شەعبی و لیوای بابلیون بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان و دابینکردنی مووچە و شایستە داراییەکانمان کە بتوانین لەرێگایەوە هاوکاری ئەو چەکدارانە بکەین کە ماوەی هەشت مانگە خۆبەخشانە دەوامیان کردووە.[4]
- ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە کەمپی کەبەرتوو - 1ی کوردە ئێزدییەکان لە دهۆک روویدا، بەهۆیەوە سێ خێوەتی ئاوارەکان سووتان.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا لەسەر رووباری ساجوور و لەنێوان منبج و جەرابلووس دەستی بە جووڵە کردووە، فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش بە ئاسمانی ناوچەکە دەسوورێنەوە. فەرماندەی ئەنجوومەنی لەشکری منبجیش دەڵێت: هێزەکانیان لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە.[3]
- شەرڤان دەروێش وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی سەربازیی منبج، دەربارەی ئەو پڕوپاگەندانەی دەڵێن، سوپای تورک چووەتە منبج لێدوانێکیدا. شەرڤان دەروێش وتی: سوپای تورک لەسەر سنوری چەتەکان دەگەڕێن و هێزەکانی ئەمریکایش لە سنورەکانی ئەنجومەنی سەربازیی منبج. وتیشی: ئێمە دڵنیایی دەدەین کە هێزەکانی تورکیا نەهاتوونەتە منبج و یەک هەنگاویش بە ئاراستەی هێزەکانی ئێمە نەهاتوون، هێزەکانی ئێمە هێشتا لە سنورەکانی خۆیانن لە سنوری فورات.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێدوانێکدا داوای کرد، لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی ڕابگیرێت، کە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە.[2]
- لە شاری ئەلبوکەمال کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، بنکەیەکی سەربازیی حکومەتی سووریا بۆردوومانکراوە، لەو بنکە سەربازییە چەکدارانی سەر بە ئێران هەبوون، بەهۆی بۆردوومانەکەش 52 چەکداری سەر بەو وڵاتە کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

🏣 پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە

🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-18 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 170

**2018-06-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180619000000150092




باکووری کوردستان
- ئاژانسی فەرمی تورکیا بڵاوی کردەوە، دوێنێ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی شارۆچکەی چەلێ لە پارێزگای جۆلەمێرگ بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتەسەر کاروانێکی سەربازی سوپای تورکیا و بەوهۆیەوە 6 سەرباز برینداربوون.[1][2]
باشووری کوردستان
- هەریەک لە یەکێتی نەتەوەیی کوردستان، پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیمان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنا.[4]
- ئەمشەو دوو فرۆکەی جەنگیی دەوڵەتی تورک، گوندەکانی لیلکان، گۆڕەشان، ناو مێرگان و بەرزاییەکانی خواکورک و چیادێل و گەلی رەش-یان بە چڕیی بۆردوومان کرد. بۆردوومانکە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ناوچەکە گەیاندووە و رووبەرێکی زۆر لە زەوی ناوچەکەی سوتاندووە.[2]
- چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیی شاری هەولێر داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، کە فشار بخاتە سەر حکومەتی ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارەی ڕامین حسین پەناهی.[4]
- بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل لەسەر رێگەی کەرکوک - چەمچەماڵ، هەشت کەسی بنەماڵەیەک بوونە قوربانی، دووانیان گیانیان لەدەستدا، دووانی دیکەشیان برینەکانیان سەختە.[1]
- ئەمرۆ 13یەمین رۆژی چالاکیی قەڵغانی زیندووی گەنجانی باشوری کوردستان لەدژی داگیرکارییە، لە چوارچێوەی ئەو چالاکییەدا رێپێوانێکی بە مەشخەڵ ئەنجامدرا.[2]
- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەریی، پشتیوانیی خۆی بۆ بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی ڕاگەیاند و جەختیان کردووەتەوە، کە هەرچییەکیان لەدەستبێ دژی دەوڵەتی تورک ئەنجامی دەدەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2019 وڵاتەکەی پەسەندکرد، بەپێی ئە و

پرۆژە یاسایە ڕێگەنادرێت ئەمریکا فڕۆکەی F-35 بە تورکیا بفرۆشێت.[3]
- ئەمرۆ 12 ئەندامی هەدەپە لە ئیزمیر و 4 ئەندامی هەدەپە لە هاتای-ی تورکیا دەستگیرکران.[4]
- لە گەرەکی کارابۆیونی عوسمانیە، چەند کەسێک بە چەک هێرشیان کردە سەر ناوەندی هەڵبژاردنی هەدەپە لەو شارە.[2]
- سەرلەنوێ خۆپیشاندانی هاووڵاتیان لە شاری تاران-ی پایتەختی ئێران دەستیپێکردەوە وەک نارەزاییەک بەرامبەر بە گرانبوونی رۆژبەڕۆژی نرخی پێداویستیەکانی ژیانی ئاسایی خەڵک و خۆپیشاندەران هیچ گوێ نادەن بەو هەڕەشەکانەی کە دەسەڵات لێیان دەکات بۆ سەرکوتکردنی هەر گردبوونەوەیەکی نارەزایی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-06-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 19-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-06-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 19-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 171
**2018-06-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180620000000150093



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ سوپای داگیرکەری تورکیا لە ناوچەی گردی چۆلیا-ی جودی سەر بە شڕناخ ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان دەست پێکرد.[3]
- لە ناوچەی چەلێی جۆلەمێرگ بە مووشەک هێرشکرایە سەر ئۆتۆمبێلێکی سوپای تورکیا. بەلانیکەمەوە لەو چالاکییەدا 2 سەربازی تورکیا کوژران.[3]
- سەدان هەزار کەس لە ئامەد ڕۆیشتن بۆ گۆڕەپانی ستاسیۆن بۆ بەشداریکردن لە بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە و کۆبوونەوەیەکەی سەدان هەزار کەسییان ڕێکخست.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەو, لە بەردەم زیندانی سنە گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا بۆ دژایەتیی سزای سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی، بەڵام هێرش کرایە سەریان و دەستگیرکران، هەر ئەمڕۆش محەمەد حسێن پەناهی، باوکی ڕامین براوە بۆ شوێنێکی نادیار و وتەی دژبە ڕامینی لێوەرگیراوە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:20 خولەک تۆپخانەکانی دەوڵەتی تورک دەستیان بە تۆپبارانکردنی چیای قەلەڕەش-ی شارەدێی سیدەکان-ی دەڤەری برادۆست کرد.[4]
- لە ڕۆژی جیهانیی پەنابەراندا، لە کەمپەکانی کوردستان چەندین چالاکی ئەنجام دەدرێن.[1]
- لە ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا ژمارەیەک پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لەشاری هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و پاشان مانگرتنیان ڕاگەیاند.[2]
- دوای حەوت ڕۆژ لەرووداوی تەقەکردنەکەی بەردەم بارەگای دژەتیرۆری عێراق لە کەرکوک کە گیانلەدەستدانی هاوڵاتییەک و برینداربونی سێ هاوڵاتی دیکەی لێکەوتەوە، بەغدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی رەوانەی کەرکوک کرد.[2]
- بریاردەری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایدەگەیێنێت، لەسەر دۆخی ئەمنی کەرکوک، لە دادگای فیدراڵیی سکاڵای یاسایی لەسەر هێزە عێراقییەکان و لایەنی ئەمنیی کەرکوک تۆمار دەکەین.[4]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین رایگەیاند، دژی ئەو کارە تیرۆریستییانەی لە سنووری خانەقین دەکرێن، ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانێک دەکرێت و دەڵێت خەریکە دۆخی ئەمنی بەتەواوەتی لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، بۆیە خەڵکی داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەن.[5]
- لە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆوە ئاگرێک سنوری چەند گوندێکی ناوچەی هەورامانی گرتوەتەوە بەهۆیەوە چەندین دۆنم لە باخ و دارستان و لەوەڕگای سروشتی ناوچەکە سوتاوە، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەڵەبجەش ئاماژە بەوەدەکات، پێدەچێت ئاگرەکە لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبێتە سنورەکە و تا ئێستاش کۆنترۆڵ نەکراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- یەپەگە و یەپەژە لە هەفتەیەکدا هەشت چالاکییان لە عەفرین ئەنجامداوە.[4]
- ئاژانسی هەواڵی هاوار لەسەر زاری چەند سەرچاوەیەکەوە لە شارۆچکەی ماباتای عەفرین ڕایگەیاندووە، کە چەتەکانی سەر بە تورکیا 25 هاوڵاتیی دیکەیان ڕفاندووە.[4]
- سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی شاری منبج رایدەگەیەنێت، تا ئێستا هیچ سەربازێکی تورکیا نەچووەتە ناو منبج و دەشڵێت، هێزەکانی هاوپەیمانان تائێستا ئە و شارەیان چۆڵنەکردووە.[2]
- چەتەکانی سوپای ئازادی سوریا، ویستیان پزیشکێک بەناوی سامی فەرەج برفێنن و پاشان لەلایەن چەتەکانەوە تیرۆرکرا. ئەو تیرۆرەش لە ماوەیەکی کەمدا لەناو عەفریندا دەنگی دایەوە. دانیشتوانی عەفرینیش لەبەردەم ماڵی ئەو پزیشکەدا کۆبوونەوە و نارەزایەتیان لە دژی چەتەکان نیشاندا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی زانیارییەکان، ئەفسەرەکانی سوپای تورکیا نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەشداریی ئاهەنگێکیان کردووە، کە هاوکات لە جەرابلوس و عەزاز دا بەڕێوەچووە. ئەفسەرەکانی سوپای تورکیا لەو ئاهەنگەدا داوایان لە چەتەکان کردووە بەشداری بکەن لە ئۆپراسیۆن بۆ سەر قەندیل.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-20


کاتی تۆمارکردن: 2018-06-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 172

**2018-06-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180621000000150094



باکووری کوردستان
- به بەشداری هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزای تەمەلی و سیاسەتمەداری کورد ئەحمەد تورک، لە ناوچەی ئارتووکلوو-ی مێردین بەمەبەستی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران/3ی پووشپەڕ میتینگێک بەڕێوە چوو. میتینگەکە لە پارکی کارایۆنلار بەڕێوە دەچێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا ئیلخانیزادە، چالاکی فەرهەنگیی کورد و بەرپرسی فێرگەی زمانی کورد و وێژەی منداڵانی شاری بۆکان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: کە لە دادگاییکردنی ڕامین حسێن پەناهی بنەمای دادپەروەریی لە بەرچاو نەگیراوە و ناوبراو شیاوی سزای لەسێدراەدان نییە.[4]
- لقی 101 سزای دادگای گشتیی شاری سەقز، کچێکی کورد، بە ناوی چینی ئاخرخوبی بە 50 زەربە قامچی لە پێش چاوی خەڵک و دانی بڕی 400 هەزار تمەن پارەی نەخت مەحکووم کرد.[4]
باشووری کوردستان
- ڕۆژی مانگرتنی سەرتاسەری لە شارۆچکەی خانەقین بەهۆی خراپیی ڕەوشتیی ئاساییشەوە.[1]
- بایز تاڵەبانی، وەزیری پێشووی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[1]
- لە کاتژمێر 06:30 خولەی ئێوارەی ئەمڕۆوە، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر، دەستیان کردووە بە بۆردوومانکردنی ناوچەی سنینێ-ی هەرێمی برادۆست.[5]
- بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی پارتی ڕایدەگەیەنێت، پارتی پێشوازی لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەکات و بە بڕیارێکی دروستی دەزانێت.[2]
- لەسەر ڕێگای کەسنەزان - هەولێر گەنجێک کوژرا.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان سێ دادوەری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دیاریکردووە و دادوەرەکانیش دەستبەکاربوون.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بڕیاردراوە بە سڕینەوەی ناوی 200 هەزار کەس لە ناوی دووبارە و سێبارە لە لیستی دەنگدەران.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین 2 تەقینەوە ڕوویاندا.[5]
- شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە، لەدژی چەتەکانی دەوڵەتی تورک لە عەفرین چالاکییان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا دوو سەرباز و پێنج چەتەی تورک کوژران و 6 چەتەی دیکەش برینداربوون.[6]
- شاندێکی باڵای سەربازیی ئەمریکا، سەردانی شاری منبیجیان کرد و بەڵێنیاندا، کە لە هێزەکانیان لە منبیج دەمێننەوە و لە هەموو مەترسییەک دەیپارێزن.[6]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا لە بەردەوامی تاوانەکانیاندا لە دژی گەلی عەفرین، دارستانەکانی دورگە لە گوندی مەیدانکێ-ی ناوچەی ماباتایان سوتاند. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە هاوڵاتیان ویستیان ئاگرەکە بکوژێننەوە، چەتەکان بە زۆری چەک ڕێگریان لە هاوولاتیان کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕایگەیاند، ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە داواکراوە، دژی دەستوور نییە و ئەوە متمانە دەگەڕێنێتەوە.[2] هەروەها بڕیاریدا بەوەی کە هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەت و ئاوارەکان و دەنگدانی دەرەوەی وڵات نایاساییە و بەپێچەوانەی مافی دەنگدانە بۆ دەنگدەران و ڕەتیکردەوە.[3]
- نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق یونامی ڕایدەگەیەنێت، نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێزی ئەو بڕیارە دەگرێت کە لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە دەرچووە سەبارەت بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان.[2]
- جەبار ئەمین، پەرلەمانتاری کوردی سوید لەکاتی گەیشتنی بە تورکیا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵەوە دەستبەسەرکرا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین

شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ

شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-06-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 21-06-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 21-06-2018

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-06-2018

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-06-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-06-21 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 173

**2018-06-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180622000000150095



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکایەتیی دەستەی بەڕێوەبەری کەجەکە رایگەیاند، ئەردۆغان لە ئیدعایەکیدا وتبوی ئێمە کۆبوونەوەی کادرە پێشەنگەکانی پەکەکەمان بۆردومانکرد، کەجەکە رایگەیاند، ئەو ئیدعایە درۆیە و ئەو درۆیەش لە کۆشکەوە ئامادەکراو و دوایین هەوڵیانە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن.[2]
- پارێزگاری تورک لە جۆلەمێرگ رایگەیاند، 30 ناوچەی جۆلەمێرگ، کە ناوەندی جۆلەمێرگ و ناوچەکانی چەلێ و شەمزینان و گەڤەریش دەگرنەوە، بۆ ماوەی 14 رۆژ دەکرێن بە ناوچەی ئەمنیی تایبەت. ئەو قەدەغەکارییە تاوەکو رۆژی 7ی تەمووز بەردەوامیی دەبێت.[2]
باشووری کوردستان
- لە گوندی (محەمەد عەباس)ی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری بچووکدا تەقییەوە. بەهۆی تەقینەوەکەوە ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (فاتمە حەسەن ئیسماعیل) گیانی لەدەستداوە و خوشکێکیشی بە ناوی (نەجاح) کە تەمەنی 15 ساڵە بە سەختی برینداربووە. قوربانییەکان کوردن و سەر بە هۆزی (سادە)ن.[1]
- لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوڵاتیانی بەرەو بناری قەندیل بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی نارەزایەتی دژی داگیرکاریەکانی تورکیا دەربڕن.[3]
- ئەمڕۆ لەسەر شەقامی 100 مەتری هەولێر، باوک و کوڕێک لە شوێنی کارەکەیان کوژران. بەپێی زانیارییەکان، دوو کەس چوونەتە ناو نەمامگەی ئاشنا، کە ئەو باوک و کوڕە خاوەنی بوون و تەقەیان لێکردوون، لە ئەنجامدا هەردووکیان گیانیانلەدەستداوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک 'قەسەدە'، لە چوارچێوەی هەڵمەتی گەردەلولی جزیر دا گوندی زیبە-یان رزگار کرد، کە 6 کیلۆمەتر لە سنەوری عێراقەوە دوورە. شەڕڤانان ئەو گوندەیان بە تەواوەتی لە چەتەکانی داعش پاککردەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- 60 پەرلەمانتاری عێراق، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان واژۆیان کۆکردەوە و، پرۆژە یاسایەکەیان بردە نێو هۆڵی پەرلەمان، عادل نووری، پەرلەمانتاری سەربەخۆ و ئاسیا حاجی لە فراکسیۆنی یەکگرتوو لەنێو ئەو پەرلەمانتارانە بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ جولەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-06-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-06-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 22-06-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 174

**2018-06-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180623000000150096



باکووری کوردستان

- بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە، فەرماندەیی بریارگەی ناوەندی پاراستنی گەل-نەپەگە، لەسەر بریاری کەجەکە، بۆ ماوەی 24 کاتژمێری، چالاکییەکانی گەریلای ڕاگرت.[4]

- داگیرکەری تورک لە وان، لە دوای گۆڕستانە مێژووییەکانی ئەرمەنییەکان، دەستیانکردووە بە رووخاندنی بینا مێژوویەکان.[3]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- چالاکێکی فەرهەنگیی کورد، بە ناوی نوورمحەمەد نادری (ئەردەڵان ئەفشار)، تەمەن 55 ساڵ خەڵکی شاری شیروان سەر بە پارێزگای خوراسان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی شاری بیرجەند کرا.[2]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، گوندەکانی شیلادزێیان لە بادینان بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا سێ هاوڵاتی شەهیدبوون و سێ هاوڵاتی دیکەش برینداربوون.[4]

- پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوازی دەستی لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و سەرەتا لە و سندوقانەوە دەستپێدەکات کە سکاڵایان لەسەرە.[1]

- لەگەڵ رۆژی جیهانی یۆگا بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە هەوادار و قنسوڵی هندستان لە هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی مەراسیمێک ئەنجامدرا و چەند جوڵەو چالاکییەکی تایبەت بە یۆگا نمایشکرا.[1]

- دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە باشوری کوردستان، رێپێوانێکی بەرفراوان لە شاری سلێمانی دەستپێکرد.[4]

- گەنجێکی تەمەن 18 ساڵان بەناوی (شیروان عەدنان) لە چەمچەماڵ بە چەکی کلاشینکۆف فیشەکێک دەنێت بە سەری خۆیەوە و خۆی دەکوژێت.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- ئەمرۆ، شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، لەدرێژەی پێشیرەوییەکانیاندا بۆ پاککردنەوەی ناوچەکانی ژێر چنگی چەتەکانی داعش لە باشوری رۆژهەڵاتی حەسەکەوە، گەیشتنە ناوچەی تل سفوک لەسەر سنوورەکانی عێراق و سوریا.[4]

- بەدروشمی نا بۆ داگیرکاریی دەوڵەتی تورک گەلی قامیشلۆ رژانە سەر شەقامەکان وداگیرکاریی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزارکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-23
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-06-23
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-23
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-06-23
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 175

**2018-06-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180624000000150097



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 08:00 پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا لە باکوری کوردستان و تورکیا دەستپێیکرد و سەڵاحەدین دەمیرتاش لە زیندان دەنگیدا.[1]
- 480 چاودێری نێونەتەوەیی چاودێری هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەکەن.[3]
- هەندێک سەرچاوە باس لە پیشێلکاریی ئاکەپە دەکەن لە شارەکانی باکووری کوردستان، چاودێرەکانیش ناتوانن بچنە ئەو ناوچانەی کە قەدەخەی هاتووچۆیان تێدایە.[1]
- کاندیدی ئاکەپە و پاسەوانەکانی لە شارۆچکەی پرسووسی ڕوحا، هێرشیانکردە سەر بنکەکانی دەنگدان و ئەندامانی هەدەپە و ئەندامێکی هەدەپەیان بە چوقۆ بریندارکرد.[4]
- لەسەر هێرشکردنە سەر ئەندامانی هەدەپە و دەنگدانی بەکۆمەڵ، لەلایەن لایەنگران و ئەندامانی ئاکەپەوە، هەدەپە سکاڵای لە دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا تۆمارکرد.[4]
- لە گەڕەکی کۆپاڵی سەر بە شارۆچکەی قەرەچۆپانی پارێزگای ئەرزەڕوومی باکووری کوردستان شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵەدا ڕوویداوە و بەهۆیەوە نوێنەری ئەی پارتی بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان گیانیلەدەستدا.[2]
- بەگوێرەی ئەو ئەنجامە بەراییانەی ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی بڵاوی کردوەتەوە، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) توانیویەتی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەدا بەربەستی لەسەدا 10تێپەڕێنێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکانی پیرانشار پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پاسەوانی سنووری ئێران و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕوویدا و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک گیانی لەدەستدا و ئەفسەرێکی هێزەکانی ئێران کوژرا.[1]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 7:00 سەرلەبەیانی دەوڵەتی تورک گوندی سیران-سەر بە شارەدێین سیدەکان-ی

دەڤەری برادۆست-ی تۆپباران کرد و ئاگری لە دارستانی گوندەکە بەردا.[4]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند: ژنێکی تەمەن 26 ساڵ لە شەڵتەری ژنان لە گەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە.[4]
- لە شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایەسەر خێزانێک و دایک و کچێکیان سەربری و دوو کچی تری ئە و خێزانەش بە سەختی برینداربوون، هەموویان لە نەتەوەی عەرەبی سوننەن.[5]
- لە کفری هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش کۆبوونەوە و بوونی چەکدارانی داعش لە و سنورە گفتوگۆی لەسەر کراوە.[6]
- زیاتر لە هەشت هەزار و 500 پەنابەری باکووری کوردستان لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆک بەهۆی ئەوەی ناویان لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا لە تۆماری دەنگدەران سڕاوەتەوە، نەیانتوانی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بڵاویکردەوە لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی مانگی تەموزی 2016ی تورکیاوە تائێستا، نزیکەی 300 دیپلۆماتکاری تورکی لە ئەڵمانیا داوای مانەوەیان کردووە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-06-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-06-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 24-06-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-24 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 176

**2018-06-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180625000000150098



باکووری کوردستان
- سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی زیندانیکراوی هەدەپە، پەیامێکی پیرۆزبایی و دەستخۆشیی بەبۆنەی سەرکەوتنی هەدەپەوە بڵاوکردەوە و ڕاشیگەیاند: بەردەوامدەبین لەسەر ئەو ڕێبازەی پێشتر گرتبوومانە بەر.[4]
باشووری کوردستان
- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت هەدەپە سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و هیوادارین ئەوە ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئاشتی لە تورکیا.[1]
- لە گەڕەکی تاسڵوجەی سلێمانی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، نەقیبێکی پێشمەرگە و پاسەوانێکی کوژران.[2]
- یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی هاوپەیمانیەتیەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن و ئەمڕۆش بەڕەسمی ناوی خۆیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکانی هەرێم تۆماردەکەن.[1]
- هەریەک لە بەڕێوبەری ئاسایش و پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنن، لە دوێنێ شەوەوە، هەڵمەتێکی فراوانی گەڕان و پشکنینیان بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر چەکی بێمۆڵەت و ئۆتۆمبێلی بێ تابلۆ و جامڕەشیان دەستپێکردووە و ژمارەیەک کەسیشیان بە و تۆمەتە دەستگیرکردووە.[1]
- قایمقامیەتی قەزای هەولێر هەڵمەتێک بۆ داخستنی پاوڵاگە نایاساییەکانی دەوروبەری شارەکە دەستپێدەکات و قایمقامیش دەڵێت زیاتر لە 200 پاڵاوگەیە و سەرجەمیان دادەخرێن.[1]
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە تەلەفۆن لەگەڵ مەولوود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا قسەی کردووە و پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی لێکردووە.[2]
- هێرشی داگیرکەرانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان بەردەوامە. بەهۆی بۆردومانی کۆپتەرەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرەوە ئاگر بەربووەتەوە زەوی و باخ و پاوانی هاووڵاتییانی سنووری برادۆست و زیانێکی زۆر بە هاووڵاتییانی ئەو سنوورە گەیشتووە.[3]
- لە گوندێکی سنوری خانەقین، شەڕ لە نێوان هێزە عێراقییەکان و چەکدارانی داعش روویدا، بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی قەزاکە دەڵێت توانراوە ئۆتۆمبێلێکی چەکدارەکانی داعش بسوتێندرێت.[1]
- وەزیری بازرگانی و هاریکاریی پەرەپێدانی هۆڵەندا گەیشتە هەولێر و رایگەیاند، مەبەستی سەردانەکەیان پەرەپێدانی هاوکارییەکانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هاوکاری زیاترە لە بەڕێوەبردنی کەرتەکانی ئاو و کشتوکاڵ.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چالاکییەکانی شەرڤانانی یەپەگە لەدژی چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک لە عەفرین بەردەوامە و لە ئەنجامی چەند چالاکییەکدا زیاتر لە شەش چەتە کوژراون.[4]
- ئەمڕۆ، لە دژی هێرشە داگیرکارییەکانی سوپای تورک، سەدان هاوڵاتی باب و منبیج ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزاییان دەربڕی.[4]
- قەسەدە رایگەیاند، لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرەدا و لە شەڕی ڕزگارکردنی شارۆچکەی دشیشا لە باشوری ڕۆژهەڵاتی حەسەکە، 274 چەتە کوژراون و 13 چەتەش بە دیل گیراون.[3]
دەرەوەی کوردستان

- بەرەبەیانی ئەمرۆ، رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا لە لێدوانیدا دوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییە نارەسمیەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا رایگەیاند بەردەوام دەبن لە بەگژداچونەوەی رێکخراوە تیرۆریستیەکان و ئازادکردنی خاکی زیاتری سوریا.[1]
- نۆبەتی ئازادی کە ماوەدرێژترین چالاکیی بێ ناوبڕی گەلی کوردە، ئەمڕۆ دەکەوێتە هەفتەی 313. ئەمڕۆ 2 هەزار و 193 ڕۆژە کە بەشێوەیەکی بێ ناوبڕ، نۆبەت بۆ ئازادیی ئۆجالان دەگیرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-06-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 25-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-06-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 25-06-2018


کاتی تۆمارکردن: 25-06-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 177

**2018-06-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180626000000150099




باکووری کوردستان
- شاندی ئیتالیا بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا لە 11 کەس پێکهاتبوون و لە ئامەد چاودێری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد. پارێزەر سیمۆنیتا کریشی یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندە ئیتالیەکە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگدانیان لە ئامەد دەکرد. کریشی ڕایگەیاند، لە ناو شاردا ڕووبەڕووی زۆر ئاستەنگی کراونەتەوە و وتیشی ئەستەمە باس لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە بکرێت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش شەڕ و تێکەڵچوونی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لەگەڵ پێشمەرگەکانی حدکا، قەرارگای حەمزەی سپای پاسداران، لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.[5]
- تۆپخانەکانی سپای پاسداران، بەرزاییەکانی حاجی عومران لە سنووری شاری پیرانشار تۆپباران دەکات.[5]
- بە دەست پێکردنی نارەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەری لە چەند شارێکی ئێران وبەتایبەت تاران-ی پایتەختی ئێران، دوکانداران وبازارییەکانی شاری کرماشان بە داخستنی دووکانەکانیان چوونە ریزی مانگرتنە سەرتاسەرییەکەی ئێرانەوە.[3]
باشووری کوردستان
- یادی هونەرمەندی کۆچکردو حەسەن زیرەک بە چەند چالاکییەکی جۆراوجۆر لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[2]
- شەوی رابردوو، چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر گوندی ئاوایی عەلی لە ناوچەی حەفتەغاری سەر بە شارۆچکەی داقوق و لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی کورد بەناوی کازم حاجی حسێن کوژرا و سێ کەسی دیکەش بریندداربوون.[1]
- هەر چوارلایەنی نارازی هەرێمی کوردستان سکاڵا لە دژی ئەنجومەنی کۆمسیارانی دادوەرانی ڕاسپێردراو تۆماردەکەن لەبارەی بڕیاری هەژمارکردنەوەی تەنیا ئە و سندوقانەی سکاڵایان لەسەرە.[2]
- دانیشتنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش بەهۆی نارەزایەتییان لەسەر کارنامەی دانیشتنەکە و نەبوونی پرسی داگیرکاریی لەسەر خاکی باشوری کوردستان لە کارنامەکەدا، بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.[4]
- ژمارەیەک خوێندکاری دەرچووی تواناسازیی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو داوای پێدانی پارەی تواناسازیی دەکەن.[2]
- حەشدی شەعبی لەبارەی داوای ئەمریکا بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان هەتادەنگ و ڕایگەیاند، ئە و داوایەی ئەمریکا دەستێوەردانێکی بێمانە و گەمژانەیە.[2]
- پۆلسی هەولێر بڕیاریدا لە دوای تەواو بوونی دەوام نابێت هیچ کارمەندێکی دەزگا ئەمنییەکان چەک لەگەڵ خۆی بباتەوە ماڵەوە و ڕێگەشی پێنادرێت چەک هەڵبگرێت.[2]
- لە ناوچەی زەرگەی سەر بە شارۆچکەی خورماتوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی هێزەکانی سوپای عێراقدا سەربازێک کوژرا و سێ کەسی دیکەش بریندداربوون.[2]
- دەستەی قەلغانی خەڵک دژ بە داگیرکاییەکان، لە گردبوونەوەیەکدا لە هەولێر داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ وەستاندنی ئەو داگیرکاریانەی سوپای تورک لە باشوری کوردستان بەجدی بێنە سەرخەت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جارێکی دیکە چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا دەستیان دایە کاوڵکردنی ماڵی هاووڵاتیان لە سنووری عەفرین. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە دەست ئاژانسی هەواڵی فورات کەوتووە، چەتەکانی کەتیبەی سوڵتان سلێمان ئاگریان بەردایە ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی محەمەد شیندی.[3]
دەرەوەی کوردستان

- سەرۆک وەزیرانی عێراق رایدەگەیەنێت، لە ئەنجومەنی وەزیران تاوتوێی کۆنترۆڵکردنی سنورەکانی نێوان عێراق و تورکیا و ئێرانیان کردووە، داواشدەکات چەک بە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە دابنرێت.[2]
- پارێزەرانی سەلاحەدین دەمیرتاش سەردانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپایان کرد و ڕایانگەیاند، کە بەرامبەر دەمیرتاش هەموو یاساکانی مافی مرۆڤی ئەوروپا پێشێل کراوە.[4]
- درەنگانی شەوی رابردوو ئیسرائیل هێرشی موشەکی کردەسەر پێگەیەکی نزیک فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشقی پایتەختی سوریا و بەپێی سەرچاوە رۆژنامەوانیەکانیش ئامانج لە هێرشەکە پێگەیەکی حزبوڵای لوبنانی بووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-06-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 26-06-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 26-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 26-06-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 178

**2018-06-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180627000000150100



باکووری کوردستان

- دادگای سزای قورسی ئەدیرنە، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ ژنە هونەرمەندی کورد، جانێ دەرکرد.[3]

باشووری کوردستان

- سوپای تورکیا رایگەیاند، هێرشی ئاسمانییان کردووەتە سەر پێگەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان و بەهۆیەوە شەش پێگەی پەکەکە خاپوور کراون و ''هەشت گەریلا گیانیانلەدەستداوە''. پەکەکە هیچ دژەلێدوانێکی نەداوە.[2]
- لە نزیک گوندی بەشیری سەربە خورماتوو، پێدادان لەنێوان داعش و حەشدی شەعبی دروستبوو.[4]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، لە شوێنی مردوو شۆر لەناو مزگەوتی ئەبوبەکری سدیق لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، تەرمی گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (محەمەد کەمال) بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە باشووری کوردستان گوندەکانی زاخۆ لە ناوچەی حەفتانین بۆردومان دەکات.[4]
- بەهۆی زیادکردنی دەوامی فەرمانگەکەیان، بەیانی ئەمڕۆ بەشێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی مانیان لە کارەکانیان گرتووە و داوای کەمکردنەوەی دەوام دەکەن.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ژووری چالاکییەکانی تووڕەیی زەیتوون، چالاکییەکی دژی چەتەکانی سوپای تورک لە عەفرین ئەنجامدا، لە ئەنجامدا چەتەیەک کوژرا و سەرچەتەیەکیش برینداربوو.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکا لەزاری بەرپرسێکی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداری داوەتە وڵاتانی جیهان کە تاوەکو 4ی تشرینی یەکەم سەرجەم هەناردەکانی نەوتی ئێران رابگرن و جەخت لەوەشدەکاتەوە ئەوەی ئە و بڕیارە جێبەجێ نەکات دووچاری ئابڵوقەی ئابوری دەبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-06-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-06-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 27-06-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 27-06-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 179

**2018-06-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180628000000150101



باکووری کوردستان
- فراکسیۆنی نوێی هەدەپە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامدا.[3]
- هێزەکانی رژێمی ئاکەپە – مەهەپە لە ناوچەی نسێبینی پارێزگای مێردینی باکووری کوردستان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و 5 کەسیان دەستیگرکرد، کە یەکێکیان ژنە. ناوی 2 کەس لە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: بایسال سدیق کالپ، لەیلا سدیق کالپ. تا ئێستا ناوی 3 کەسە دەستگیرکراوەکەی تر روون نەبووەتەوە.[4]
باشووری کوردستان
- هەردوو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم و عێراق لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی هەرێم بۆ پارێزگاکانی عێراق و بریاریشدرا سەرجەم رێگاکان بکرێنەوە.[1]
- لە ناو بازاڕی شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەدژی بریاری لەسێدارەدانی رامین حسێن پەناهی، گردبونەوە بەڕێوەچوو.[2]
- لە گەرەکی پیریادییەکانی شارەدێی شۆڕش-ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ ژنێک بەناوی (س.ح.ع) تەمەن 20 ساڵ لە ماڵی خۆیاندا بەفیشەک گیانی لەدەستدا.[1]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە راگەیاندراوێکدا ئاشکرای دەکات، گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشە زانستییەکان دەستپێکردووە، هەنگاوە پراکتیکییەکانیش بۆ گۆڕانکاری لەبەشەکانی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆکانی کوردستان بەردەوامە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لە چوار رۆژ پێش ئێستاوە دوو هاوڵاتیی گەنج لە شارۆچکەی شێراوای سەربە عەفرین بێ سەروشوێن بوون، تەرمی ئەو گەنجانە ئەمرۆ دۆزرانەوە.[2]
- لە عەفرین، ژنێکی تەمەن 66ی ئێزدی بەناوی فاتمە هامک، لەلایەن چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورکەوە لە گوندێکی سەربە عەفرین کوژرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە پەرلەمانی ئەوروپا کۆنفرانسێک لەبارەی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە کوردستان بەڕێوەدەچێت و تێیدا رۆڵی کورد لە پێکهاتنی چارەسەرییەکی دیموکرات لە ناوچەکەدا دەنرخێندرێت.[2]
- لە رۆمای پایەتەختی نەمسا پاپا فرانسیس، پاپای ڤاتیکان بریاریدا لویس روفائیل کە مەسیحییەکی لەدایکبووی هەرێمی کوردستانە وەک کاردیناڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستبەکاربێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-06-2018

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-06-2018

[3] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-06-2018

کاتی تۆمارکردن: 28-06-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 180

**2018-06-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180629000000150102



باکووری کوردستان

- بڕیاری ئازادکردنی لەیلا گوڤەن، پەرلەمانتاری هەدەپە دەرکرا.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێزێکی سەربازی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانن رایانگەیاند، لە شاری شنۆ هێرشیان کردووەتە سەر سێ بنکەی سەربازی سوپای پاسداران.[3]
- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران، لە شاری تاران، دوو دەروێشی گونابادییان لەو شارە دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە بە ناوی ئەمین عەلیزادە و جەلال مووسەوی دانیشتووی شاری ئیلام ڕاگەیەندراوە.[4]

باشووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو فڕۆکەکانی سوپای تورک بۆردوومانی گوندی دۆرهەلو لە سنووری برادۆستیان کرد و بەو هۆیەوە ئاگرێکی زۆر کەوتەوە و زیانێکی زۆر بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان گەیشتووە.[2]
- فڕۆکە سەربازییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە بە داعش بە هاوکاری دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی عێراق بۆردومانی چەند پێگەیەکی چەکدارانی داعشیان کرد لە زنجیرە چیای حەمرین و ژمارەیەک لەسەرکردەی ئە و گروپە کوژران.[1]
- سکاڵای یاسایی دژی چەند کەسایەتییەکی تورکمان و عەرەب تۆماردەکرێت کە لە خۆپیشاندانەکانی بەردەم کۆمسیۆندا لەڕێگەی کەناڵی بەرەی تورکمانییەوە لیدوانیان دژی کورد داوە.[1]

- کچێکی کوردی ئێزدی بەناوی حەمدیا لە سووریا رزگارکرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک لەبارەی گەشتکردن بۆ تورکیا هۆشداری دا و ڕایگەیاند، کە مەترسییەکان لەو وڵاتەدا زیادیان کردوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-29
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-29
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-29
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-02


کاتی تۆمارکردن: 2018-06-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 181

**2018-06-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180630000000150103



باکووری کوردستان
- لەناوچەی بەرواریی پارێزگای سێرت لە باکووری کوردستان 3 هاووڵاتی لە گوندی کوبک دەستگیرکران.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهاد عەبدوڵڵاپوور، برای هیدایەت عەبدوڵڵاپوور زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- لە شاری مەریوان ژمارەیەک لە ژنان و چالاکوانانی ئەو شارە چالاکییەکییان بە بۆنەی ساڵیادی چالاکییەکەی زەینب کناجی (زیلان)ەوە ئەنجامدا.[4]
باشووری کوردستان
- کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە بەحرکەی هەولێر تەقییەوە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە جبەخانەکە سەربە هێزەکانی زێرەڤانییە.[1]

- بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی هاوار ئەرگوشی، وتەبێژی پۆلیسی سۆران، ئەمڕۆ ژنێک بەناوی (دنیا ڕەشید ناجی) تەمەن 19 ساڵ دانیشتوی گوندی هەلانیای سەر بە شارەدێی شێروان مەزن لە سنوری بارزان بەهۆی هاوەنێکی سوپای تورکەوە گیانی لەدەستداوە.[3]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر رایگەیاند، تەقینەوەی کۆگا تەقەمەنییەکە هیچ دەستێکی تیرۆریستی لە پشتەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە خراپی هەڵگرتنی تەقەمەنییەکانەوە هەبووە.[5]
- لە گوندێکی نزیک خانەقین چەکدارانی داعش بۆمبێکی چێنراویان بە ئۆتۆمبیلی هاووڵاتییەکدا تەقاندەوە و تەنها زیانی مادی هەبووە.[2]
- ئەفسەرێکی ئاسایش ئاشکرای دەکات، چەکدارانی داعش لە شاخی غەررەی نێوان کفری - خورماتوو کە دەکەونە سنوری هەرێمی کوردستانەوە دەرکەوتوونەتەوە و جموجۆڵیان زیادیکردووە.[2]
- لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی، بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، 23یەمین ساڵیادی زەینەب کناجی ناسراو بە زیلان بە مەراسیمێک بیرهێنرایەوە.[3]
- هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری هاوپەیمانان لە چیای قەرەچووخ لە سنووری مەخموور ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ سەر بنکەکانی داعش ئەنجامدا و سێ چەکدار کوژراون، لەنێویاندا عامر ناسراو بە ئەبو عوبەیدە، بەرپرسی دارایی و لۆجستی داعش.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لەپاش زنجیرە تەقینەوەکانی 27ی حوزەیرانەوە لە ناوەندی عەفرین، کە ژمارەیەکی زۆر لە چەتەکان تێیدا کوژران، چەتەکانی تورک بەشێوەیەکی فراوان دەستیانکردووە بە ڕفاندنی هاوڵاتیانی عەفرین و تا ئەمڕۆ زیاتر لە 150 هاوڵاتیان ڕفاندووە.[3]
- ڕۆژنامەی (یەنی شەفەق)ی نزیک لە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا بڵاویکردەوە دوای تەواوبوونی فرگەی بنکەی ئاسمانی (حەسەکە – تەلبێدەر) چوارشەمەی رابردوو 27ی ئەم مانگە دوو فڕۆکەی گەورەی بارهەڵگری سەربازی ئەمریکا لە بنکە ئاسمانییەکە نیشتوونەتەوە و چەک و تەقەمەنی نوێیان بۆ یەپەگە و هەسەدە ناردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سێرت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-06-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-06-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-06-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-06-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-01

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-30 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 182

**2018-07-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180701000000150104




باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، داوای هەڵگیرانی سزای ڕامین حسێن پەناهی دەکات و داوادەکات، کە ڕامین لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی بکرێت.[3]
- باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕایدەگەیەنێت، لە ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلاکانمان 13 سەربازی سوپای تورکیا کوژران و ڕێگای ستراتیژی نێوان دێرسیم و ئەرزنجانیشیان کونترۆڵکرد.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی شۆڕش قادر سەکینە و دڵشاد جەواهیر خەڵکی گوندی تاچیناوێی شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[4]
باشووری کوردستان
- کاژێر 4:00ی بەرەبەیانی ئەمرۆ سێ تەقینەوەی جیا جیا لە کەرکوک ڕوویاندا، تەقینەوەکە ئەو کۆگایانەی کردووەتە ئامانج کە سندووقی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تێدابووە. کەسێک کوژرا و 21ی دیکەش بریندرابوون.[1]
- پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و تیایدا گفتوگۆ لەسەر درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی، هەمواری چوارەمی یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەرایەتی دەکرێت، هاوکات خوێندنەوەی یەکەم بۆ پارێزگاری لەتۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.[2]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی تای خوێنبەربوون تۆمارکراوە و ئێستا نەخۆشەکە لەژێر چاودێری تەندروستیدایە.[1]
- سیروان بارزانی، سەرپەرشتیاری میحوەری گوێر - مەخمووری هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند، لە ئەنجامی بۆمبابارانکردنی چیای قەرەچووخ لەلایەن هاوپەیمانان دوو چەکداری داعش کوژران.[1]

- ژمارەیەک لە شۆفێرانی بارهەڵگری مەرزی شۆشمێ، لەدژی کارکردنی ژمارەیەک بارهەڵگەری بێ مۆڵەت لە مەرزەکە، گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بینای پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدا و نارەزایەتییەکانیان گەیاندە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگاکە.[3]
- فەرماندەی دژەتیرۆری عێراق لە کەرکوک ئاشکرایکرد، سێ رۆژ پێش ئێستا لەبارەی هێرشەکەی داعش بۆ سەر کۆگای سندوقەکانی کۆمسیۆن زانیاری هەواڵگرییان هەبووە، لەچەند کاتژمێری داهاتوشدا هەڵدەکوتنە سەر تیرۆرستان.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بڕیارە ئەمڕۆ، بۆ پڕکردنەوەی بەنداوی ئیلسۆ تورکیا جارێکی دیکە ئاوی رووباری دیجلە لە عێراق بگرێتەوە.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا راگەیێندراوێکی لەبارەی تەقینەوەکانی کەرکوک بڵاوکردەوە و داوایکرد رێوشوێنی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی پارێزگاکە بگیرێتەبەر. داواشدەکات لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و شەفاف لەو سکاڵایانە بکرێت کە دەگوترێ لە دەنگدانی کەرکوک ساختەکاری کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-01


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 183

**2018-07-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180702000000151178



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 9ی شەو، هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ترسی هێزی پێشمەرگە لە پشت گوندی قورووشاوێ سەر بە شاری شنۆ کەوتوونەتە کەمینی یەکترەوە و تەقەیان لە یەکتری کردووە. فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی حکوومەتی ئێران لە یەکتر، ژمارەیەک لە هێزەکانی حکوومەتی کوژراو و بریندار بوون.[5]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پەرلەمانتاری کوردستان لە چەند فراکسیۆنێکی جیاواز، داوای بانگهێشتکردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ دانیشتنێکی پەرلەمان.[2]
- لەبارەی جموجۆڵ و دروستکردنی مۆڵگەی نوێی داعش لە عێراق و ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان، وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هاوپەیمانان لە هەولێر کۆبوونەوە و داوادەکەن هەرچی زووە پێداچوونەوە بە پلانی ئەمنی ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەڤەری نهێلی و نێروەرێکان-یان لە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومانکرد. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، هیچ زیانێکی گیانی لە بۆردوومانکردنی فڕۆکەکانی تورکیا لەنێو دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ئامێدی نەبووە، بەڵام زیانی ماددی بە ناوچەکە گەیاندووە و ترسی لەلای خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە.[2]
- ئەبو عزرائیل وتەبێژی لیوای ئیمام عەلی حەشدی شەعبی ئەمڕۆ ڕایگەیاند: لەڕۆژانی داهاتوودا هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنەوە کەرکوک و تەواوی ناوچە کێشە لەسەرەکان.[1]
- شەوی ڕابردوو، نزیکەی سێ هەزار مریشکی مردارەوەبوو فڕێ دەدرێنە ناو ئاوی زەڵم و بەپرسیارانی ژینگەیی و گەشتوگوزاری هەڵەبجەش دەڵێن: تەندروستی خەڵک و ژینگەی ناوچەکە ڕووبەڕووی مەترسیی بووەتەوە و پێویستە بکەری ئەوکارە سزای توند بدرێت.[3]
- کاتژمێر 10:30ی ئەمشەو، ئاگرێکی گەورە لە تاسڵوجەی نزیک سلێمانی کەوتووەتەوە، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سلێمانیش ڕایدەگەیەنێت ئاگرەکە لە باروتخانەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کەوتووەتەوە و بەهۆیەوە 4 کەس بریندارببوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لیندزی گراهام و جان شاهین، سیناتۆرانی ئەمریکا سەردانی شاری منبج-یان کرد و دەڵێن، گرنگە هێزەکانی وڵاتەکەیان لە باکووری سووریادا بمێننەوە.[2]
- لە نزیک نەخۆشخانەی ئافرین مینێک تەقیوەتەوە. دەربارەی ئەنجام و زیانەکانی ئەو تەقینەوەیە هیچ زانیاریەک بەدەست نەگەیشتووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرایدەکات کە دانوستانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بەردەوامە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە و ئاشکراشیدەکات کە ئێستا ڕۆژانە 220 هەزار بەرمیل نەوت لەوشارە بەرهەم دەهێندرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |

🏢 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-02
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-02
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-02
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-03
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 184

**2018-07-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180527225603104087



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ لە باکووری کوردستان، لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوپای تورکیای داگیرکەر تەقینەوەیەک ڕوویدا.[3]
- لقی یەکەمی دادگای سزا قورسەکانی بورسا، لەسەر داخوازیی داواکاری گشتیی کۆماریی بورسا، مافەکانی 'سەردان، نووسینی نامە، پەیوەندیی تەلەفۆنی و چاوپێکەوتنی پارێزەران'ی لە ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجالان قەدەغە کرد. هەمان بڕیاری قەدەغەکاریش بۆ هەریەک لە زیندانیانی ئیمرالی حامیلی یلدرم، عومەر خەیری کۆنار و وەیسی ئاکتاش دەرکراوە. پاش ئەوەی بڕیاری قەدەغەکە لەلایەن دادگای یەکەمی سزای قورسی بورساوە پەسەند کرا، پارێزەران سەریان لە دادگای باڵای دەستووریی تورکیا دا و لە دژی ئەو بڕیارە سکاڵایان تۆمارکرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی تۆپباران و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران لە دەوروبەری شاری سەردەشتی سەر بە پارێزگای ورمێ، ئاگر لە دارستانەکانی گوندی مارلۆ کەوتەوە و هاوڵاتیانیش ناتوانن کۆنترۆڵی ئاگرەکە بکەن.[4]
- چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی ئەنوەر عەرەب تەمەن 33 ساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای شاری بۆکان دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[6]
- لەناوچە دەشتاییەکانی گوندی (تەکەلی) سەربە شارۆچکەی شەمزینان لە پارێزگای هەکاری بەتۆمەتی (سنور بەزاندن) سوپای ئێران دەستی بەسەر 970 سەرئاژەڵدا گرت و چوار شوانیشی بەو هۆیەوە دەستبەسەر کرد.[1]
باشووری کوردستان
- بەهەوڵی هێزەکانی دژە تیرۆری هەرێمی کوردستان، شەوی ڕابردوو ڕزگارکردنی ژمارەیەک

پەنابەری کورد لە دەستی گروپە چەکدارەکانی سوریا راگەیەندرا.[1]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 1:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆردوومانی کوێستانی سەرشێخان-ی بناری قەندیل-یان کرد.[4]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە ڕێگەی کەرکوک - خورماتوو، عەلی خەلیفە ناسراو بە ئەبو زەهرای عەبادی، یاریدەدەری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی رۆژهەڵاتی دیجلە سەر بە حەشدی شەعبی کوژرا.[2]
- لە ئەمڕۆوە تا 25ی ئەم مانگە دەستدەکرێت بە تۆمارکردنی ناوی کاندیدانی ئەو لیست و قەوارە سیاسی و هاوپەیمانیەتییانەی کە پەسەندکراون و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش چەندین مەرجی بۆ خۆتۆمارکردنی کاندیدان داناوە.[4]
- دادگا بەشداری تەڤگەری ئازادی لە هەڵبژاردنی کوردستان بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت، رەتکردەوە.[2]
- تەڤگەری ئازادی رایگەیاند: بڕیارەکەی دادگای هەرێم بۆ بەژدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان، یاسایی نییە.[4]
- وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، تائێستا هیچ ڕێککەوتنێکی رەسمییان لەگەڵ بەغدا نەکردووە لەبارەی گەڕانەوەی هێزەکانیان بۆ کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان و تەنها داوای پێکهێنانی ژووری هاوبەش کراوە.[1]
- بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە کەرکوک ڕایدەگەیێنێت، ئەگەر لە ژماردنەوەی دەنگەکانی کەرکوکدا گۆڕانکاریی رووبدات، ئەوە خۆپیشاندانی سەرتاسەری ئەنجام دەدەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە چەندین ڕۆژە تورکمان و عەرەب گەمارۆی سندوقەکانیان داوە.[4]
- لە یەکەم رۆژی پرۆسەی ئەژمار و جیاکردنەوەی دەستی دەنگەکاندا، 23 سندووقی دەنگدانی پارێزگای کەرکووک کرانەوە و سەرچاوەیەک لە بنکەی جیاکردنەوەی دەنگەکان باس لەوە دەکات کە جیاوازی هەبووە لە نێوان ئەنجامە ئەلیکترۆنییەکان و ئەنجامی دەستیی دەنگەکان. کاندیدێکی یەکێتیش دەڵێت، ئەو سندووقانە لەلایەن میلیشیاکانەوە لە کۆگاکان قوفڵەکانیان شکێندراون و دەستکاری کراون.[2]
- شاندێکی هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا لە خورماتوو بەرەسمی سەردانی ئاسایشی خورماتوو دەکەن لە کفری و لە کۆبوونەوەیەکدا داوای هاوکاری لە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە دەکەن بۆ پاراستنی سنوورەکە و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.[1]
- کۆگایەکی دیکەی چەک و تەقەمەنی هێزی پێشمەرگە لە شاری دهۆک سووتا.[5]
- ئاسمانی هەولێر بۆ ماوەی دوو کاژێر بەڕووی گەشتی ئاسمانی داخرا. بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریش رایگەیاند داخستنەکە لەسەر داوای هاوپەیمانان بووە.[2]
- لە ڕێگەی کۆیە-هەولێر هاووڵاتییەک قوراوی بەسەری خۆیدا کرد وەک هاوخەمییەک بۆ قوربانییانی ڕێگەکە.[1]
- کاتژمێر 1ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزێکی پۆلیس چونەتە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد لە کەرکوک کە پیشەی فرۆشتنی ماسییە، شەڕ و رووبەڕووبوونەوە لەنێوان هاووڵاتییەکە و هێزەکە دروستبووە، بەهۆیەوە 4 بریندار لەهەردوولا کەوتوەتەوە.[1]
- کاتژمێر 11:30ی خولەکی شەو بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکی ئەرکەوازی خانەقین تەقیوەتەوە و هیچ زیانێکی نەبووە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوەیەک لە عەفرین ڕایگەیاند کە سوپای تورکیا وچەتەکانی هاووڵاتییەک بە ناوی محەمەد ئیبیش-ی 55 ساڵ تەمەنیان لە گوندی هەسانا بە بێ هیچ هۆکارێک ڕفاندووە و دواتر لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە.[3]
- گروپێک لە چەتەکان-ی لیوای شام 8 هاووڵاتیی بە ناوەکانی ئەمین رەشید داوود(44)، حۆرێک عەبدۆعەلۆ(45)، ئەمین مەحیەدین عەلۆ(32)، زیاد نووری زیاد(38)، خەبات محەمەد حەسەن(27)، خالد محەمەد ناسح(35) و دوو برا بەناوەکانی محەمەد ئەحمەد حەنان (34) و ئەحمەد حەنان (30) تەمەنیان ڕفاندووە. ئەو هاووڵاتییانەیان بردووەتە بەندیخانەی گوندی

قۆبێ-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی عەفرین و بۆ ئازادکردنیان داوای پارە لە بنەماڵەکانیان دەکەن.[3]
- شەوی رابردوو، لە نزیک قوتابخانەی ساڵح عەلی لە گەڕەکی ئەشرەفیەی شاری عەفرین، گروپێک چەتەی سەر بە سووپای داگیرکەری تورکیا، ماڵ و موڵکی هاوولاتییانیان دزیوە و بەسەر خۆیاندا دابەشیان کردووە. لەکاتی دابەشکردنەکەدا لەنێو چەتەکاندا شەڕ دروست بووە.
لەئاکامیشدا کوێرانە دەستیان کردووە بە تەقەکردن بەسەر یەکتردا و بە دەوروبەری خۆیاندا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەیانیی ئەمرۆ کاتژمێر 6، پۆلیسی ئەڵمانیا هەڵیکوتایە سەر کۆمەڵەی کوردان لە شاری بیلەفێلد. ڕاگەیەندرا کە دەیان پۆلیس بەشدار بوون لە هەڵکوتانە سەر کۆمەڵەکە.[3]
- ئەمڕۆ، پەروین بوڵدان و سەزای تەمەللی، هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە، نامەیەکیان ئاراستەی محەمەد ئیبراهیم تاهریان، باڵیۆزی ئێران لە ئەنقەرە کرد و نیگەرانییان لەبارەی سزای ڕامین حسێن پەناهییەوە دەربڕی.[4]
- گولیزەر تاشدەمیر، چالاکوانی سیاسیی خەڵکی باکوری کوردستان بەمەبەستی چارەسەری تەندروستیی لە نەرویج داوای مافی پەنابەریی کردبوو، شەوی ڕابردوو لەلایەن پۆلیسی نەرویجەوە لە شاری ئۆسلۆ دەستگیرکرا و ئەمڕۆ خرایە بنکەی دیپۆرتکردنەوە و بڕیارە بە زووترین کات رادەستی دەوڵەتی تورک بکرێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: کفری

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: هەکاری

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 03-07-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 03-07-2018

[3] 🙈ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 03-07-2018
[4] 🙈ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 03-07-2018
[5] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] 🙈ماڵپەڕ | 🏳 | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 04-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-27 10:56:03 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 185

**2018-07-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180704000000151179



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکی بەردی لە ناوچەی کانی خەزاڵان لە پارێزگای رحا، پارچە ئاسنێک بە ئەلیف بادەم تەمەن 12 ساڵ و عەلی بادەم تەمەن 15 ساڵ و ئەمنیەی بادەمی تەمەن 45 ساڵی دایکیاندا تەقییەوە و هەر سێکیان برینداربوون.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هەنگی سنووریی پارێزگای ورمێ لە ناوچەی سنووری ئەسندرە چوار هاووڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی سنووری گلیشمی کوردستانی باکوور بە ناوەکانی ئادەم دەمیر، رەشاد سوورن، حەبیب سوورت و بایرام سوورن دەسبەسەر کردووە و بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ راگواست.[6]
باشووری کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی هێزە عێراقییەکان دژی داعش لە سەروو رێگەی کەرکوک - خورماتوو - کفری دەستپێکرد و پێشمەرگە بەشدارنییە.[2]
- لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن، لەنێوان کفری-خورماتوو بۆمبێکی چێنراو بە هێزێکی عێراقیدا تەقیەوە و بەهۆیەوە چوار کارمەندی هێزەکە برینداربوون.[1]
- هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کشانەوەی چاودێرەکانی لەچاودێریکردنی ئەژماری دەستیی دەنگەکانی کەرکوک راگەیاند.[1]
- ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکانی کەرکوک لە رۆژی دووەمدا بەردەوامیی هەیە و کۆمەڵی ئیسلامی-ش نوێنەری خۆی لە چاودێرییکردنی پرۆسەکە کشاندەوە.[3]
- ئەمرۆ، لە ماجدی مۆڵ لە شاری سلێمانی، سێیەمین پێشانگای دیداری سلێمانی بۆ رۆشنبیری کرایەوە و شێوەکارانی کوردستان و عێراق تێیدا بەشدارن و ماوەی سێ رۆژیش بەردەوام دەبێت.[3]
- وەفدێکی وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەگای لیوای یەکی هێزی پێشمەرگە لە شارەدێی قەرە هەنجیر کۆبونەوە.[1]
- جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئۆپراسیۆنەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، وەزارەتی بەرگری عێراق بەفەرمی داوای لەوەزارەتی پێشمەرگە کردووە هاوکاریان بن لە ئۆپەراسیۆنەکەیان دژی داعش.[1]
- لە شارۆچکەی رانیە گردبوونەوەیەک بۆ پشتگیری رامین حسێن پەناهی بەرێوەچوو، کە برایەکی رامین-یش بەشدار بوو و داوای کرد، گەلی کورد پشتگیری رامین بکەن.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا و چەکدارە هاوپەیمانەکانی لە شارەدێی جندرێسی سەر بە کانتۆنی عەفرین پاشەکشەیانکرد. هۆکاری کشانەوەکە نادیارە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- براین هوک، بەرێوەبەری پلانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، لەگەڵ هاوپەیمانانمان بەردەوامین لە دانوستاندن و گفتوگۆکردن بۆ دارشتنی ستراتیژێکی نوێ بۆ

مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، واشنتنیش دڵنیایە کە یەدەگی نەوتی جیهان بەشی ئەوە دەکات، کە واز لە کڕینی نەوتی ئێران بهێنین.[1]
- گولیزەر تاشدەمیر، سیاسەتمەدار و چالاکوانی کورد، کە وەک پەنابەر لە وڵاتی نەرویج بوو، لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە ڕادەستی دەوڵەتی تورک کرایەوە.[3]
- ئێران هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمزی کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-04
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-09


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 186

**2018-07-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180705000000151180



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی چاویان بە موەکیلەکەیان بکەوێت، بۆ 769هەمین جار سەریان لە داواکاری گشتی دا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەگەڵ زیادبوونی نیگرانییەکان لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانی رامین حسێن پەناهی-ی زیندانیکراوی کورد، 60 پارێزەری ناوداری ئێران نامەیەکی واژۆکراویان ئاراستەی حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران کردووە و تێیدا داوای ڕاگرتنی بڕیاری لەسێدارەدانی ئە و زیندانییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.[1]
- ئەندازیار مستەفا باقری ئاشنا دانیشتووی شاری کەنگاوەر و ئەندامی نیزامی ئەندازیاریی شاری کرماشان، سەید ئەردەشێر مووسەوی، خەڵکی کرماشان کارناسی زانستی سیاسی، مێهدی ئازادبەخت خەڵکی شاری لوڕستان وێنەگر، ئەندازیار بیژەن هیمەتی خەڵکی شاری کرماشان و شەهریار تەهماسبیکارناسی کۆمەڵناسی، خەڵکی شاری کرماشان لە بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمی خێوندەوان لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کران.[5]
- مەریم فەرەجی، چالاکی مەدەنیی کورد، دانیشتووی شاری کەرەج، پاش هاتنەدەرەوە لە ماڵ دەسبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە گوندی گردجانی شارەدێی چوارقوڕنەی ڕانیە ئاگر لە باخێک کەوتەوە، وتەبێژی بەرگری شارستانی ڕاپەڕینیش دەڵێت بەهۆی ئاگرەکەوە لە باخەکەدا بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی تەقیوەتەوە.[1]
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبارەی تەرخانکردنی ڕێژەی لە 70%ی کورسییەکان بۆ دەرچووانی خولی یەکەم ڕەتدەکاتەوە و بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردەش ئە و بڕیارە بە تاک لایەنە لە قەڵەم دەدات.[1]
- ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ڕاگەیاند ئەو سندووقانەی قەزای داقوق کە تانەیان لەسەر بوو، یەکلاکرانەو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، ئەوەش پێچەوانەی هەموو ئەو تۆمەتانە بوو، کە ئاراستەی یەکێتی دەکرا.[2]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 01:00 بۆمبێکی چێندراو لەبەردەم ماڵی خالد تەها، دادوەری دادگای شارۆچکەی خانەقین لە گەڕەکی ڕزگاریی لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە تەقییەوە. تەقینەوەکە زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە، باڵام زیانی بە ئۆتۆمبێل و ماڵی دادوەرەکە گەیاندووە.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەڤەری برادۆست بۆردوومان دەکەن و بووەتەهۆی سوتانی دارستان و پاوانی سنوورەکە.[4]
- لە هەولێر کۆنفرانسی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2018 تایبەت بە ڕێگری لە زێدەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەویوزار و موڵکی حکومەت بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا وەزیرەکانی ناوخۆ و شارەوانی و گەشتوگوزار گوتاریان پێشکەشکرد و باسیان لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیی کرد.[2]
- ئەمڕۆ لە شاری هەولێر دوو ئۆتۆمبێل گڕی گرت و بەمەش تەنها لەمساڵدا 20 ئۆتۆمبێل لەناکاو سوتاون.[1]
- بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی پلەی گەرمای خانەقین سەرووی 50 پلەیە و هاوڵاتیانی ناوچەکە لەبەر نەبوونی کارەبای نیشتیمانی و کەمی ئاو لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتێک دانیشتوانی منبج لە ناوچەی حەبیە خۆپیشاندان بۆ ئیدانەکردنی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر شارەکەیان بەڕێوەدەبرد تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی منبج بەلانیکەمەوە کەسێک لەو تەقینەوەیەدا کوژراوە و 22 کەسی تریش برینداربوون.[3]

- مەسعود ئیبۆ فەرماندەی چەتەکانی لیوای سەڵاحەدینی سوپای ئازادی سوریا و ئەندامی بەڕێوەبەریی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا لە عەفرین، لەلایەن شەڕڤانانی یەپەگە / یەپەژەوە کوژرا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کوردانی یۆنان دژی ڕادەستکردنی گولیزەر تاشدەمیر ڕژانە سەرشەقامەکان.[5]
- پەرلەمانی ئەوروپا پرۆژە یاسایەکی پەسەندکرد و تیایدا داوایکردووە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر ئاسایی بکرێتەوە. هاوکات داواشیکردووە حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-07


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-05 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 187

**2018-07-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180706000000151181



باکووری کوردستان
- لە گوندی تالاتی نسێبین و گوندی کۆڤانلی سەر بە مەهسەرەت لە سنووری پارێزگەی مێردینی باکووری کوردستان چوونە دەرەوە قەدەغە کرا. ئەم بڕیارەی دەوڵەتی تورکیا بە بیانووی (ئۆپەراسیۆن دەکرێت) دەرکراوە.[3]
- دادگاییکردنی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە جارێکی دیکە دواخرا.[4]
- دادگای تورک، 10 ساڵ زیندانیکردنیان بەسەر باقرخان هاوسەرۆک شارەوانیی سێرتدا سەپاند.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەفتەیەکە کەمکارەبایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتووەتەوە، هاونیشتمانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن، بچڕانی کارەبا بێزاری کردوون، پێشتر هەرگیز نەیاندیوە کارەبا ببچڕێت، ڕۆژانە دوو بۆ چوار کاژێر کارەبا نییە، جگە لە کارەبای نیشتمانی هیچ بەدیلێکی دیکەیان نییە.[1]
باشووری کوردستان
- لە بەیانی ئەمڕۆوە هێزەکانی سوپای عێراق لە سنوری شارەدێکانی لەیلان و قەرە هەنجیر و شوان سەربە پارێزگای کەرکوک، دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردوە بە مەبەستی گەڕان و پشکنین، هێزەکانی پێشمەرگەش لە دۆخی ئامادەباشیدان، بەڵام بەشداریان لەو ئۆپەرسیۆنە پێ نەکراوە.[4]
- هونەرمەندی میللی سلێمانی (حەمە جەزا زەنگەنە) کۆچی دواییکرد.[2]
- وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، لە پێناو بڵاونەبوونەوەی زیاتری نەخۆشی تای خوێنبەربوون، بڕی 400 ملیۆن دینارمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشییە دابینکردووە.[1]
- بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆز و کۆنسوڵی ئەمریکا لە بەغدا و هەولێر، بەردی بناغەی کۆنسوڵخانەی نوێی ئەمریکا لە هەولێر دانرا.[1]
- بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی ئەمڕۆ کاتژمێر 11:00 لە پارکی نالیی شاری سلێمانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد، لە کۆنگرەکەدا بەرنامەی بەرەکە بۆ ئەنجامدانی ڕێپێوانەکانی سبەینێ شەممە 7ی تەموز لە دژی داگیرکاریی لە باشوری کوردستان ئاشکراکرا.[4]
- بەهۆی زۆری قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەڕێگای کۆیە - هەولێر، شانۆکارێک بە بەرگی مردوانەوە چالاکییەکی هونەری ئەنجامدەدات.[2]
- بەهۆی تەقینەوە مینێکەوە لە چیایەکی دەڤەری بەرواری باڵا کەسێک گیانی لە دەستدا و دوو کەسی تریش بریندار بوون.[2]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا، ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە دەست لە کەرکوک کۆتاییهاتووە و هەموو پێکهاتە و حیزبەکان نوێنەریان لە پرۆسەکە هەبووە.[1]
- هاوڵاتیانی سێ گوندی کوردنشینی باکوری کەرکوک، بە هۆی ئەوەی کۆمپانیای نەوتی باکور داوای چۆڵکردنی ناوچەکەیان لێدەکات گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان بەڕێوەبرد و هەوڵی چۆڵکردنی گوندەکەیان بە سیاسیی دەزانن نەک یاسایی.[4]
- لە کاتژمێر 03:30 خولەکی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە، بەهۆکارێکی نادیار ئاگرێک سنوری گوندی سەرکەن و هاواری سەر بەشارەدێی بیارەی- ناوچەی هەورامانی سەربە پارێزگای هەڵەبجەی گرتوەتەوە و نزیکەی 20 دۆنم لە سنوورەکە سوتاون.[4]
- شاندێکی هاوپەیمانی فەتح-ی هادی عامری بۆ گفتوگۆ لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق گەیشتە هەولێر.[1]
دەرەوەی کوردستان
- چوارەمین فێستیڤاڵ بۆ شەڕڤانی MLKP ئیڤانا هۆفمان کە 7ی مارسی 2015 لە کاتێکدا لە دژی چەتەکانی داعش شەڕی دەکرد شەهید بوو، ئەمشە و دەستپێدەکات.[3]
- مەولود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، لەقۆناغی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەکەدان لەبارەی منبجەوە و کاتی ئەوە هاتوە بچنە ناو شارەکەوە.[2]
- وتەبێژی ئۆپۆزسیۆن لە باشوری سوریا ئاشکرایکرد، لەگەڵ لایەنی روسی ڕێککەوتون کە چەکە

قورسەکانیان رادەستی ئەوان بکەن و قۆناغ بە قۆناغیش پۆلیسی سەربازیی روسی لە ناوچەکە بڵاودەبنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-06

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-06

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-06

[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-06


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-06 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 188

**2018-07-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180707000000151182




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران، 8 هاووڵاتیی کوردی خەڵکی کرماشانی بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی تێرۆریستیی داعش و هێرش بۆ سەر مەجلیس و گۆڕی خومەینی لە شاری تاران، لەسێدارەدا.[5]

- ژمارەیەک لە کرێکارانی شارەداریی شاری مەریوان، کە ماوەی 9 مانگە حەقدەستیان مووچەیان وەرنەگرتووە، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان لە بەرانبەر بینای ئەو ناوەندە حکوومەتییە دەربڕی.[5]

- هاووڵاتیانی بۆمەلەرزە لێدراوی سەرپێڵ-ی زەهاو گوندەکانی کە سەرمای تاقەت پڕوکێنی زستانیان لە نێو چادرەکاندا تێپەڕاند، ئیستاکە دوای هەشت مانگ هێشتا لە ژێر چادرادا و ئەمجارە لە گەرمای هاویندا لە نێو چادرەکاندا ژیان دەبەنە سەر. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاوڕێکی لە هاووڵاتیان نەداوەتەوە و ئەو یارمەتیانەی کە نێردراوە بۆ گەل لەلایەن هاووڵاتیانی شارەکانی دیکەوە نێردراوە.[3]

- موزەفەر وەلەدبەگی، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی هەواڵیی نووریاو لەسەر بڕیاری موسلم ئەڵماسی، دۆزگەری شاری پاوە، لە لایەن پولیسی ئەمنییەتیی ئەو شارە دەسبەسەر کرا.[6]

- لە دەوروبەری گوندی کۆکە لە ناوچەی پیرمحەمەدی بۆکان، شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕووی دا، کە زیاتر لە یەک کاتژمێری خایاندووە. فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ڕاگەیەندنێکدا ڕاگەیاندووە، لەو شەڕەدا 4 کەس لە ئەندامانی سپای پاسدارانی ڕێژیم کوژرا و بریندار بوون.[6]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر درەنگانی شەوی ڕابردوو گوندی ئۆزمانای سەر بە شارۆچکەی مانگێشکێی دهۆکیان بۆمباران کرد.[3]

- بە وتنەوەی چەندین درووشم دژیی داگیرکارییەکانی سوپای تورک لە باشوری کوردستان، لە هەریەکە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، هەڵەبجە و شارۆچکەکانی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین و چەمچەماڵ-ی سەر بە سلێمانی و قەڵادزێ سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، بە دەستپێشخەریی بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی، خۆپیشاندانی نارەزایی بەڕێوەچوو.[2]

- هاولاتیانی شارۆچکەی خەبات سەربە پارێزگای هەولێر دژی کەمیی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی و فرۆشتنی بەرهەمی کارەبای شارۆچکەکەیان بە پارێزگای موسڵ، گردبوونەوە و بۆ ماوەیەک ڕێگەیەکی سەرەکیان داخست.[2]

- وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، پۆستی سەرکۆماری عێراق پشکی هیچ حزبێکی دیاریکراو نییە، دەشڵێت زیاتر لە هەموو لایەک پارتی مافی ئەوەی هەیە ئەو پۆستە دیاریبکات.[4]

- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ سەر زنجیرە چیاکانی حەمرین، سێ چەکداری داعش کوژران و ژمارەیەک ئۆتۆمبێل و چەک و تەقەمەنی دەستیان بەسەرداگیراوە.[2]

- مەلا بەختیار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لەگەڵ شاندەکانی هاوپەیمانی فەتح و دەوڵەتی یاسا رایگەیاند، لە 93%ی دەنگەکانی بنکەکانی کەرکوک، کە دووبارە بە دەست ژمێردراونەتەوە، هەمان ئەنجامی پێشووە کە کۆمیسیۆن رایگەیاندووە.[1]

- لایەنگرانی بەرەی تورکمانی لەبەردەم هۆڵی ئەژماری دەستی دەنگەکانی کەرکوک گردبونەوەیان ئەنجامدا.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی فەیلەقی شام و حەمزە-ی سەربە سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی ساتیا-ی ناوچەی جندرێس-ی عەفرین دووهاووڵاتیان ڕفاند و بۆ ئازادکردنیان داوای بڕەپارەیەکی زۆردەکەن.[3]

دەرەوەی کوردستان

- حەشدی شەعبی داواکارییەکەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی، ڕەتدەکاتەوە و داوا دەکات کۆتایی بهێنرێت بە دەستوەردان لە کاروباری عێراق.[1]
- گروپی کۆمپانیاکانی سی إم ئەی سی جی ئێم CMA CGM فەرەنسی، کە سێیەم گەورە کۆمپانیای خزمەتگوزاری گواستنەوەی دەریایی نەوتە لە جیهان، بڕیاریدا بە کۆتاییهێنان بە خزمەتگوزارییەکانی لە ئێران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ پاوە (هەورامان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-07



کاتی تۆمارکردن: 2018-07-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 189

**2018-07-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180708000000151183



باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات کە شەوی رابردوو لە شاری کفری بومەلەرزەیەک تۆمارکراوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیای داگیرکەر بۆمبارانی ناوچەکانی هەلکێلا و چیای دێلیان کرد لە هەرێمی برادۆست. بەهۆی بۆردومانەکە ئاگر بە دەیان دۆنمی دارستان کەوت. زەوییەکانی گوندی ناومێرگان و هەلگێلانیش سووتان.[3]
- لە گەرمیان بەمەبەستی دامەرزاندن لە کۆمپانیاکانی نەوت دانیشتوانی گوندێکی سنوری کفری خنۆپیشاندانیان کرد و ئاڵۆزی لێکەوتەوە.[1]
- ئەمڕۆ شاندێک بە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی گوندەکانی بناری قەندیل سەردانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەلایەن بێگەرد تاڵەبانی، سکرتێری پەرلەمان-ەوە پێشوازیی لێکرا. شاندەکە یاداشتێکیان رادەستی پەرلەمان کرد، کە تیایدا ئاماژە بەوەکرابوو، کە سوپای تورک رۆژانە گوندەکانیان بۆردوومان دەکات و بەهۆی ئەو بۆردوومانانەوە گوندنشینان ئاوارەبوون.[2]
- درەنگانی شەوی رابردوو چەند کەسێک بە چەکەوە هەڵدەکوتنەسەر نۆرینگەی پزیشکی دکتۆر رۆنی سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستان و دوو نۆرینگەی تر لە شاری هەولێر.[1]
- لە گردبوونەوەکەدا لە کەرکوک، تەڤگەری ئازادی، بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی سۆسیالست و ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی وەکو کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێز و رێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان بەشدار بوون. لە گردبوونەوەکەدا داگیرکاریی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان و بێدەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق شەرمەزار کرا.[3]
- پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، بەتەواوبوونی پرۆژەی ئیفرازی چوار، کێشەی کەمئاویی لەهەولێر چارەسەر دەکرێت، دەڵێت خاوەن باخچەکان ئاگاداردەکرێنەوە کە یان باخچەکانیان تێکبدەن یاخود بۆ خۆیان ئاوی بۆ دابنین بکەن.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 06:00ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، چەند کەسێکی نەناسراو بە بۆمبی دەستیی هێرشیانکردە سەر دیلان شێخ مەحمود، ئەندامێکی گەنجانی سوریای دیموکرات لە حەسەکە، لە ئەنجامی هێرشەکەدا دیلان و خوشکێکی شەهیدبوون.[2]
- فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان کە نەزانراوە سەر بە کوێیە، چەتەکانی حەمزەی لە گوندی ساتیای سەر بە جندرێسی عەفرین بۆردوومانکرد.[2]
- لە سەر رێگەی نێوان گوندی تورکەمان-ی زێبقیا وحەمامێ-ی گرێ سپی لە کاتێکدا ئەندامی ئاسایش لە شوێنەوە دەربازدەبوون، مینێک تەقییەوە. لە ئەنجامی ئەوتەقینەوەیەدا 2 ئەندامی ئاسایش-ی گرێ سپی شەهید بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 08-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 08-07-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-08 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 190

**2018-07-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180709000000151184



باکووری کوردستان
- دانیشتوانی گەرەکی باگلار لە جۆلەمێرگ، بەهۆی وێرانکردنی ڕێگاکانی گەرەکەکەیان، نارەزایەتییان بەرامبەر تاڵانیی ئاکەپە نیشاندا. دانیشتوانی ئەو گەرەکە بەربەستیان لە گەرەکەکەیان دانا و ڕێگەی هاتووچۆیان داخست. بەهۆی ئەوەی هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە سەر چالاکیی دانیشتوانی ئەو گەرەکەی جۆلەمێرگ، بارودۆخێکی ئاڵۆز هاتە ئاراوە. دانیشتوانی گەرەکی باگلار لە جۆلەمێرگ بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامییان بە چالاکییەکەیان دا و پاشان بڵاوەیان لێکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو لاوی خەڵکی گوندی نێی مەریوان بە ناوەکانی زانیار مینویی، کوڕی فاتێح و هادی ڕاستی کوڕی فایەق، پاش تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەیان لە زیندان ئازاد کران. ئەم دوو لاوە نێییە، بە تۆمەتی بەرزڕیکردن بە ئاڵای کۆماری ئیسلامی، لە ڕێوڕەسمی نەورۆز، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوانەوە دەسبەسەر کران.[5]
- کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، بە ناوی هیوا کوڕی عەلی تەمەن 26 ساڵ لە نزیک سنووری تەمرچین-حاجی هۆمەران، بە هۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەست داو و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی چۆمان ل کرا.[5]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی چەمچەماڵ سەربە پارێزگای سلێمانی هێزە ئەمنییەکان چوونە سەر ماڵی داواکراوێک، بەڵام داواکراوەکە خۆی ڕادەست نەکرد و بەو هۆیەشەوە شەڕە تەقە ڕوویدا و ژمارەیەک کارمەندی هێزە ئەمنییەکان لە پۆلیس و ئاسایش بریندار بوون و داواکراوێکیش بریندار بوو.[3]
- لە هەولێر، یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوا لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دەکەن بڕیاری دامەزراندنیان دەربکەن.[4]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 11:00 لەبەردەم هۆڵی ئاشتی (ئەو هۆڵەی ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت) لە شاری سلێمانی، هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی، هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی، یەکگرتووی ئیسلامیی، حزبی شیوعی و سۆسیالست، کە بە شەش لایەنە نارازییەکە ناسراون لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە

کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا بایکۆتی پرۆسەی ژماردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی-یان کرد.[3]
- لە بەیاننامەیەکدا نەوەی نوێ ڕایگەیاند: بەپێی هەژمارکردنەوەی دەستی دەنگەکان لە کەرکوک، نەوەی نوێ هیزی دووەمە لە کەرکوک و دوو کورسی بەدەستهێناوە.[3]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت، لەژماردنەوەی دەستی دەنگەکانی سلێمانیشدا ئەنجامی ژماردنەوەی دەستی و ئەلیکترۆنی ئەو سندوقانەی دەستکاری نەکراون وەک یەکن و دەنگەکانی یەکێتی بەهیچ شێوەیەک گۆڕنکاری بەسەردا نەهاتووەو کەمی نەکردووە.[4]
- تەرمی کچێکی تەمەن 15 ساڵ بە خنکاوی گەیەنراوەتە بەشی فریاکەوتنی مەڵبەندی تەندروستی زمناکۆ لە شارۆچکەی شارەزوور.[3]
- لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ ماڵپەڕدا دەستنووسی رێککەوتننامەیەک بڵاوکراوەتەوە، گوایە بەپێی رێککەوتنەکە سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێتە سەرۆککۆمار، بەڵام نووسینگەی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و نووسینگەی نووری مالیکی رەتیانکردەوە رێککەوتنی لەو شێوەیە کرابێت و بە ساختەیان دانا.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو، فڕۆکە جەنگیيەکانی سووپای داگیرکەری تورکیا چەندین ناوچەی رێگای نێوان شارەکانی جندرێس و عەفرین و هەندێک شوێنی سەر بە شارۆچکەی ڕاجۆیان، بۆردومان کرد.[2]
- سوپای داگیرکەری تورکیا وچەتەکانی لە گەڵی تیرا-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی عەفرین دەستیان کردووە بە سوتاندنی دارە زەیتوونەکانی ئەوناوچەیە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی لە مەراسیمی سوێندخواردنی رەجەب تەیب ئەردۆگان بەشداردەبێت.[1]
- رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆکی تورکیا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا ناوی وەزیرەکانی کابینەی نوێی حکومەتی وڵاتەکەی راگەیاند.[1]
- وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ئەمرۆ لە بریارێکدا کۆمپانیای ماهانی فرۆکەوانی ئێران و کۆمپانیایەکی دیکەی گەشتوگوزاری خستە لیستی تیرۆرەوە.[6]
- ناوەنی مافی مرۆڤی (نا بۆ زیندان، نا بۆ سێدارە) لە ڕاپۆرتێکی خۆییدا ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی یەک هەفتەکدا 9 کەس لە بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ئێراندا لە سێدارە دراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-09
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-09
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-09
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-09
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-09

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-09 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 191

**2018-07-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180710000000151185



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەی دواییدا، سپای پاسداران ناردنی چەکوچۆڵی قورسی بۆ شارەکانی شنۆ و نەغەدە زیاتر کردووەتەوە، ئەم چەکانە لە جۆرەکانی تۆپ، تانک و کاتیووشان.[4]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا دەستیان بە تۆپبارانکردنی چەند ناوچەیەک لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی کرد.[1]
- جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هەڵبژاردن رایدەگەیەنێت سەرسام بووە بە پیشەییبوونی پرۆسەی ئەژمارکردنەوەی دەستی دەنگەکان لە سلێمانی، داواش لە لایەنە سیاسیە ناڕازییەکان دەکات لەجیاتی بایکۆت چاودێری پرۆسەکە بکەن.[1]
- پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کرد، کە لەلایەن فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان و ژمارەیەک پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامییەوە پێشکەشکراوە.[3]
- فڕۆکەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکی سنوری شارۆچکەی رواندز بۆردومان دەکەن و بەهۆیەوە ژیانی دەیان رەوەند و کۆچەر کەوتۆتە مەترسیەوە، پێشتریش ناوچەکانی بناری قەندیل بۆردومانکران.[1]
- کاتژمێر 8:30 خولەک لە گوندی دووگمان-ی سەر بە شارەدێی سەنگەسەر-ی شارۆچکەی

قەڵادزێ لە ئیدارەی ڕاپەڕین، ژنێک بەناوی (س. ئ.) لەدایک بووی ساڵی 1990 پیشەی ژنی ماڵ بە خنکاوی گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ.[3]
- لە ناوچەی گرعەزەر مینێکی پاشماوەی چەتەکانی داعش، کە پێشتر لە ماڵی هاووڵاتییەکدا دایاننابوو، تەقییەوە و بەو هۆیەوە گەنجێکی تەمەن 25 ساڵی شەنگالی بە ناوی عەلی موراد ژیانی لە دەستدا و شەهید بوو.[2]
- نێچیرڤان بارزانی سەردانی هۆڵەندای کرد و لەگەڵ مارک رووتەی سەرۆک وەزیرانی هۆڵندا کۆبووەوە.[6]
- دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی رایدەگەیەنێت، لەدوای ئەژمارکردنەوەی دەستی دەنگەکان لە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی دەنگەکانیان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و وەک خۆیەتی.[1]
- دەستلەکارکێشانەوەی رابوون مەعروف لە پەرلەمانی کوردستان پەسندکرا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە حەسەکە، بەهەزاران هاووڵاتی هەرێمی جەزیرە، ئەندامانی بەڕێوەبەری مەسەدە ومەجلیسی جوانی سوریای دیموکراتیک بەشداری مەراسیمی بەخاک سپاردنی دیلان ئەحمەد و خوشکەکەی دڵیار ئەحمەد بوون. ئەم دوو خوشکە لە رۆژانی رابردوو بەهۆی تەقینەوەیەکەوە گیانیان لەدەستدا.[2]
- بەگوێرەی راپۆرتی مانگانەی نوسینگەی کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (ONCHR) لە شاری عەفرینی خۆرئاوای کوردستان روداوەکانی رفاندن لەبەرامبەر پارەدا زیادیانکردووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئیزمیر چەندین چالاکی سیاسی دەسبەسەرکران کە ئەندامانی هەدەپە لەناو دەسبەسەرکراەکاندان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | نەغەدە |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | رواندز |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-10
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-10 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 192

**2018-07-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180711000000151186




باکووری کوردستان
- ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە گابار، جودی، بەستا و کاتۆی ژیرکا لە پارێزگای شرناخ بەرفراوان کران و بەردەوامییان هەیە. سوپای تورکیا لە چەندین ناوچە ئاگری بەرداوەتە دارستانەکان.[2]
- دادگای سزای قورسی ئامەد، کە پێشتر بڕیاری ئازادکردنی لەیلا گوڤەن، هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات- کەجەدە و پەرلەمانتاری هەدەپە-ی دابوو، بڕیارەکەی گۆڕی و ماوەی مانەوەی لە زیندانی درێژکردەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- درەنگانی شەوی رابردوو لە نزیک ترمیناڵی سنە، تەنکەرێکی نەوت هەڵگری باشووری کوردستان و پاسێک تامپۆنیان کرد و بەهۆیەوە زۆرتر لە 13 کەس گیانیان لەدەستدا. پارێزگای سنە 3 رۆژ ماتەمینی راگەیاند.[1]
- سەرچاوەیەک لە پیرانشاری راگەیاند، کاژێر 20:30 لە پیرانشار تەقە لە کەسێک بەناوی حوسێن شوانکارە، ئەندامێکی ناسراوی سوپای پاسدارانی ئێران کراوە و بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە.[5]
- سێ هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی عەتا فەتاحی کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی سەردۆش، وریا فەرەجی تەمەن 31 ساڵ، کوڕی عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی نێ و هوشیاری کەسرایی تەمەن 41 ساڵ، کوڕی رەشید خەڵکی گوندی نێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری مەریوانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی هەڵەبجەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و راپرسی هەرێمی کوردسان ئاشکرایکرد، بۆ هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول سنوری پارێزگای هەڵەبجە وەک پارێزگایەکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و هەر لە هەڵەبجە پرۆسەی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان ئەنجامدەدرێت.[3]
- بەپێی ماددەی یەکەم و دووەمی پرۆژەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە بەشێک لە ماددەکانی لەدانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامنادرێت.[3]
- وەکو پەیامێک بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ژمارەیەک خاوەن

پێداویستیی تایبەت لەبەردەم لقی پەرلەمانی سلێمانی، کورسییەکانی کەمئەندامی و گۆچانەکانیان سووتاند.[4]
- وتەبێژی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایدەگەیەنێت، حکومەتی فیدراڵی پابەند دەبێت بە ناردنی موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت لە مانگی ئازارەوە مانگانە بڕە پارەکەی بۆ هەرێم دەنێرن.[3]
- ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە دەوڵەتی تورک هێزێکی 500 چەکداریی بۆ تورکمانەکانی کەرکوک دورستکردووە و سەرجەم چەکدارەکانیش لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت.[4]
- بەهۆی بەهەڵە دارشتنەوەی پرسیارەکانی وانەیەکی پۆلی شەشەمی زانستی خوێندنی کوردی لە کەرکوک بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێک خوێندکاران هۆڵەکانی تاقیکردنەوەیان بەجێهێشت، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردیش دەڵێت لەئێستادا پرسیارەکان چارەسەرکراون و هەر خوێندکارێکیش نەگەڕاوەتەوە هۆڵەکانی خوێندن بە دواخستنی ماددەکە بۆی هەژماردەکرێت.[3]
- کاتژمێر 11ی شەو تەرمی کچێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی (ڕ.ز.ق) دانیشتوی شارەدێی چوارقوڕنە سەربە شرۆچکەی ڕانیە، کە پیشەی خوێندکارە بە سوتاویی گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی گشیی ڕانیە.[2]
- شەوی رابردوو چەکدارانی داعش لەسەر رێگەی دووبز - کەرکوک، هێرشیانکردە سەر چەند پاسەوانێکی بۆری نەوت و بەو هۆیەشەوە سێ پاسەوان کوژراون و سێی دیکەش بریندارببوون.[3]
- رێکخراوی سرووشتی کوردستان لەپارکی ئازادی سلێمانی گردبوونەیەکی ناڕەزایی دژی کوشتن و لەناوبردنی سەگەکان ئەنجامدا، داوا دەکەن لەمەودوا سەگە بەڕەڵاکان نەکوژرێن و لەنێو نەبرێن، بەڵکو شوێنی پارێزراویان بۆ دابینبکرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر 10 هاووڵاتیی گوندی کۆباکای ناوچەی ماباتای کانتۆی عەفرینیان بە پاساوی ئەوەی کاری خراپیان کردووە وماڵی هاووڵاتییانیان تاڵانکردووە، رفاند. ناوی هاووڵاتییە رفێندراوەکان بریتین لە: 1 – محەمەد نور ئیبراهیم تەمەن 55 ساڵ، 2- عینایەت حەمۆ کوڕی حەنان تەمەن 55 ساڵ، 3 – مەنان عینایەت حەمۆ تەمەن 30 ساڵ، 4 - حەسەن حەمۆ کوڕی رەشید تەمەن 46 ساڵ، 5 – مستەفا محەمەد سلێمان تەمەن 43 ساڵ، 6 – فازیل حەسەن یاسین تەمەن 31 ساڵ، 7 - کەنجۆ حەسەن کوری موختار تەمەن 55 ساڵ، 8 – مستەفا حەسەن کوڕێ شێخۆ تەمەن 30 ساڵ، 9 – عابدین حەسەن کوڕی موختار تەمەن 58 ساڵ، 10 – گیولگیول حەمۆ کوڕی حەنان تەمەن 51 ساڵ.[2]
- سوپای تورکیای داگیرکەر وچەتەکانی لە دەورووبەری کاتژمێر 16:42 خولەکدا گوندی بەینێ-ی ناوچەی شێراوای عەفرین-یان تۆپباران کردووە. بە هۆی ئەو تۆپبارانانەوە زەوییە کشتووکاڵییەکانی هاووڵاتیان سووتاوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ناڕەزایەتییەکان لە دژی رادەستکردنی گولیزار تاشدەمیر چالاکوانی کورد بە تورکیا بەردەوامی هەیە. لە دژی حکومەتی ئۆسلۆ بۆ پشتیوانیکردن لە تاشدەمیر تێکۆشانی یاسای و خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی و کەمپەینی واژۆ کۆکردنەوە دەستیان پێکردووە.[2]
- عەلی موتەهەری، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران رایگەیاند، تاران بە داخستنی گەرووی هۆرمۆز وەڵامی گوشارەکانی ئەمریکا دەداتەوە و رێگە نادات لەوێوە نەوت هەناردە بکرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: رانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ○ پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-14


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-11 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 193

**2018-07-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180712000000151187




باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 12:00 هێزەکانی پۆلیسی تورکیا هێرشیان کردە سەر ناوەندی ژن نیوز لە ئامەد، بەڵام کەس لە ناوەندەکە نەبوو و گەڕانەوە، پاشان کاتژمێر 04:00ی بەرەبەیانی جارێکی دیکە هێرشیان کرد. پۆلیس دەرگای ناوەندەکەی شکاندووە، چونەتە ناو ناوەندەکەوە و دەستیان بەسەر هەمووی شتومەکەکانی ناوەندەکەدا گرتووە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە حکوومەتییەکان، لە ڕێگای نێوان گوندەکانی گۆجگەلی و موشیرئاوای شاری بۆکان، تەقەیان لە ماشینێکی پراید کردووە و یەکێک لە مسافیرانی ئەو ماشینە بە ناوی هەژار ڕەزایی کوڕی ئیسماعیل، خەڵکی گوندی قەڵای هەلاکۆ گیانی لە دەست دا.[5]
- یەکێک لە یارمەتیدەرەکانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان، بە ناوی سام عەباسی

گوورەجوویی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کرماشان ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- لەژێر ناوی سەپاندنی یاسا لە کەرکوک، چەندین خێزانی کوردی نیشتەجێی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوک، هەڕەشەی دەرکردنیان لەسەرە، لە نوێترین پێشهاتیشدا پۆلیسی کەرکوک، هەڕەشەی دەرکردنی 600 خێزانی کوردی گوندەکانی چۆپلیجە و هەنجیرە و باجوان دەکات.[1]
- هەریەکە لە گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو و هاوپەیمانی هۆڵی شادییان جێهێشت و ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکانیان بایکۆتکرد.[2]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، نەخۆشی تای خوێنبەربوون لە هەرێم کۆتاییهاتووە.[2]
- بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی رایدەگەیەنێت، بەئەژمارکردنەوەی دەستیی دەنگەکانی هەولێر، هیچ گۆڕانکارییەک روونادات و دەڵێت ئە و سندوقانەی تانەیان لێدراوە هی ئاوارەکانی موسڵن، نەک بنکەکانی دەنگدانی هەولێر.[2]
- لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە شارۆچکەی شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، 33 کەسی دوو بنەماڵەی دەستگیرکران، وتەبێژی پۆلیسی هەولێریش رایدەگەیەنێت رێکاری یاسایی بەرامبەر هەر 33 کەسەکە دەگیرێتەبەر.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، گەنجێک بەناوی هەڤرەست شوان، کە ئەندامی هەرێمی هەولێری تەڤگەری ئازادییە و هاوکات خوێندکاری قۆناغی سێیە لە کۆلێژی لوبنانی – فەرەنسی لە بەشی یاسا لە شاری هەولێر، لەلایەن ئاسایشی شارکەوە دەستگیرا.[4]
- پۆلیسی سلێمانی رایدەگەیێنێت، لە شارۆچکەی عەربەت بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێی نێوان دوو بنەماڵە گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە گوللە کوژرا.[1]
- بەهۆکارێکی نادیار ماوەی زیاد لە پێنج کاتژمێرە ئاگرێکی بەهێز، سنوری چەند گوندێکی شارەدێی بیارەی سەربەپارێزگای هەڵەبجەی گرتووتەوە و بەهۆیەوە زیاتر لە 300 دۆنم لە دارستان و باخی سروشتی ناوچەکە سوتاون.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوەیەک لە گوندی بەێ-ی سەربە شارۆچکەی شێراوی عەفرین ڕایگەیاند، کە گروپێکی چەتە بەناوی فەیلەقی شام، بەبێ هیچ هۆکارێک هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵانی گوندەکە و نۆ هاوڵاتییان ڕفاندووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بیارە (هەورامان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بۆکان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 12-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 12-07-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-07-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-07-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 14-07-2018


کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-07-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 194

**2018-07-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180713000000151188




باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00ی پاشنیوەڕۆ لە دادگای سزای قورسی مەڵاتیای تورکیا دانیشتنی دادگای سەباحەت تونجەل و گوڵتان کشاناک بەڕێوەدەچێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیسی تورکیا کاتژمێر 5ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ لە گەڕەکی گیولسویوی ناوچەی ماڵتەپەی ئیستەنبول و چەندین کەسیان لە ئەندامانی ئەسەپە و هەدەپە دەستگیرکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: مەلاتێ

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 195

**2018-07-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180714000000151189




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە دوو ناوچەی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەڕ و تێکهەڵچوون لەنیوان سوپای پاسداران و حدکا ڕوویدا و بەپێی ڕاگەیێندراوی سوپای پاسداران و حدکا، لەهەردوولا کوژراو هەیە. بەڵام حدکا ڕەتیدەکاتەوە شەڕ لە نۆدشە ڕوویدابێت و هیچ ئەندامیکیان کوژرابێت.[3]
- ئەندامێکی بە پیشینەی سپای پاسداران بە ناوی ئەرکان قەدیمی خەڵکی گوندی گوشخانی سەر بە بەخشی ناوەندی شاری سەوڵاوا لە پارێزگای سنە لە لایەن گرووپێکی چەکداری نەناسراوەوە کوژرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە باشووری کودستان و ئێراق بەهۆی بارودۆخی خراپی ئاساییشی ئێراقەوە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕاگیرا.[1]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 12:10 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، دەوروبەری شارۆچکەی شیلادزێ سەر بە ئامێدیی دهۆکیان بۆردوومانکرد و خاڵێکی پێشمەرگە و چێشتخانەیەکیان کردە ئامانج.[4]
- لە ئۆپەراسۆنێکی هێزە عێراقییەکان بۆ خۆرئاوای خورماتوو، تۆنێلێکی گەورەی چەکدارانی داعش دۆزرایەوە و تێکدرا، هاوکات ژمارەیەک لە بۆمب و تەقەمەنی و کەرەستە و پێداویستی ئە و چەکدارانە دەستیان بەسەرداگیرا.[2]
- ڕێکەوت حەمە ڕەشید، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی بەغدا تەنیا 45-50%ی پێویستییەکان بۆکوردستان دابیندەکات و ئەوەی دیکە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیان بۆ دابینبکات و خۆیان بیکڕن.[3]
- بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی فەرەنسا لە هەولێر، ڕێورەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسا لە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر بەڕێوەچوو.[3]
- پرۆسەی ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکانی پارێزگای دهۆک دەستپێکرد و چوار لایەن-یش بایکۆتی چاودێرییکردنی پرۆسەکەیان کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA) بڵاویکردەوە، چەتەکانی فورقەت ئەل حەمزە، لە گوندی باسوتە-ی سەر بە شێراوای عەفرین 4 هاووڵاتیی مەدەنییان ڕفاندووە. تا ئێستا نازانرێت ئەو 4 هاووڵاتییە مەدەنییە بۆ کوێ ڕفێندراون. ناوی ئەو هاوڵاتیە مەدەنیە ڕفێندراوانە بەم شێوەیە: 1 - حسێن جومعە کرێش تەمەن 45 ساڵ، 2 - مەجید عەبدۆ تەمەن 50 ساڵ، 3 - خەیری وەلید عومەر تەمەن 27 ساڵ، 4 - شادی بەتال قەدری تەمەن 40 ساڵ.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بارودۆخی ئاساییشی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە تێکچوون. هێڵەکانی ئنتەرنێت لە هەموو شارە ئێراقییەکان بڕاون.[1]
- پۆلیس لە شاری ئیستەنبول ئۆپراسیۆنی هەڵکوتانە سەر ماڵانی ئەنجامدا و 8 کەسی دەستگیرکرد. ناوی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون بریتین لە: زۆنگیولداکێ ئەڤلیان گیودان پاڵێوراوی هەدەپە، سەروەت تەکین، وەدات تەکین، موارد تەکین، هانم گیوزەل، میراج یاڵچن، ڤۆلکان ئاڤکان و ئازاد کاپلان.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 196
**2018-07-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180715000000151190
باکووری کوردستان
- لە کۆڵانی ئەرەس لە گەڕەکی والی میدحەد لە ناوچەی ریپا ئارموش لە وان شەڕ روویداوە و بەو هۆیەوە 2 کەس کوژراون و 3 پۆلیس بریندابوون و بریتی یەکێکیان قورسە. رووداوەکە کاتژمێر 00:20ی شەوی رابردوو روویداوە و دەیان ئۆتۆمبێلی زرێپۆش گەڕەکی والی میدحەد و کۆڵانی ئەرەسیان گەمارۆداوە و تاوەکو بەرەبەیان دەنگی تەقە بیستراوە.[1]
- لە شاری ئیستانبول پۆلیسی تورکیا هەڵیانکوتایەسەر بارەگای هەدەپە لەناوچەی سانجاق تەپە-ی ئیستانبول، لەو هێرشەدا هاوسەرۆکی هەدەپە-ی سانجاق تەپە ئیلکنور یووسفۆغڵوو وبەرێوەبەری هەدەپە-ی شاری ئیساتنبول نەوزاد کلینچ و 16 ئەندامی دیکەی هەدەپە-یان دەستگیرکرد.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی ومەدەنی، ئێوارەی دوێنێ پۆلیسی شاری تاران-ی پایتەختی ئێران

تەرمی مریەم فەرەجیی بە سووتاویی دۆزیوەتەوە و پاش وەرگرتنی تێستی دی ئێن ئەی لە باوکی ناسنامەکەی پشتڕاست کردووەتەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی فیرقەی حەمزەی سەر بە سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی ئایسکۆی ناوچەی شێراوی عەفرین 7 گەنجیان رفاندووە. چەتەکان ئەو 7 گەنجەیان بردووەتە کێڵگەکانی ئەو گوندە و بە قورسی ئەشکەنجەیان کردوون. ناوی ئەو کەسانەی لەلایەن چەتەکانی تورکیاوە رفێندراون بریتین لە: 1- عومەر ئیبۆ تەمەن 25 ساڵ، 2 – حەسەن بازۆ تەمەن 19 ساڵ، 3 – محەمەد حەسەن ئیبراهیم تەمەن 23 ساڵ، 4 – وەلید حەیدەر ئیلکیلۆ تەمەن 38 ساڵ، 5 – عومەر جومعە ئەلۆکۆ تەمەن 30 ساڵ، 6 – عومەر نازۆ تەمەن 31 ساڵ، 7 – عەبدۆ خۆجە تەمەن 35 ساڵ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 197
**2018-07-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180716000000151191



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سپای پاسداران لە راستای میلیتاریزەکردنی کوردستان، هێز و چەکوچۆڵی قورس رەوانەی گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆکان دەکات.[4]
- چالاکێکی کرێکاری کورد بە ناوی پەیمان (هاوار) عەبدی خەڵکی شاری مەریوان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەسبەسەرکرا و ئەمڕۆ، بۆ گرتووخانەی شاری سنە گوێزرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- تەڤگەری ئازادی رایدەگەیەنێت کۆمسیۆن و دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر بە پاڵپشتی لایەنێکی سیاسی بڕیاریاندا بەشداری نەکەین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ پێشمەرگە و هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشیان لە چیای قەرەچووغی سنووری مەخموور دەستپێکرد و 14 چەکداری داعش کوژراون.[3]
- رێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم رایدەگەیەنێت، 317 ملیار دینارەکەی بەغدا گەیشتۆتە هەولێر و دوای20ی ئە و مانگە مووچەی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دابەشدەکرێت و جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانیش دەڵێت لەماوەی کەمتر لە مانگێک، مامۆستایان دوو مووچە وەردەگرن.[1]
- بەهۆی بارودۆخی خراپی شارە عەرەبییەکانی ئێراق، هەندێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە

کەرکوک و دەوروبەری کشێنرانەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری ئێراق.[2]
- هەریەکە لە پارتی و یەکێتی پرۆژەیەکی نیشتمانیان ڕاگەیاند کە تایبەتە بە بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتووی عێراق و داواش لە لایەنە کوردستانییەکانی براوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن بێنە ناو پرۆژەکەیانەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوایین دەستەی ڕاوێژکارانی یەپەگە لە منبج کشانەوە.[5]
- ئەنجوومەنی سوریای دیموکراتیک (مەسەدە) ئەمڕۆ سێیەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەدەبات.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، ئیسرائیل بۆردومانی هێزە ئێرانی و سووریەکانی لە خاکی سووریادا کرد و ژمارەیەک سەرباز کوژران.[2]
- فیلمی 3/16 کە لەدەرهێنان و نواندنی گەنجێکی کوردی لەدایکبووی شارۆچکەی قەڵادزێیە، بەردەوامە لە بەدەستهێنانی خەڵاتە نێودەوڵەتییەکانی بواری سینەما و فیلم لەسەر ئاستی جیهاندا شەوی ڕابردووش لەئەمریکا 20مین خەڵاتی نێودەوڵەتی وەک باشترین فیلمی درێژ وەرگرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-16
[2] دەستنووس | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-16



کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 198

**2018-07-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180717000000151192



باکووری کوردستان
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ڕایدەگەیەنێت کە سوپای تورکیا لە شرناخی باکوری کوردستان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی دژی گەریلاکانمان دەستپێکردووە.[1]
- تەرمی گەریلا محەمەد یاکشر لە گۆڕستانی یەنی کۆی ئامەد بەخاک سپێردرا. پەرلەمانتارانی هەدەپەی ئامەد، ڕەمزیە تۆسون و موسا فاریس ئۆگلاری و بەڕێوەبەرانی هەدەپە و بەدەپە و خزم و کەسوکاری شەهید، بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی بوون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حدکا لە بەیاننامەیەکدا لە ماڵپەڕی فەرمی ئەو حیزبە گیان لە دەستدانی دوو پێشەرگەی کوردستانی بە ناوەکانی ڕەحیم ڕۆستەم داستان خەڵکی شاری مەهاباد و ئیدریس دەرویشی خەڵکی شاری پیرانشار لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان لە لایەن تۆپخانەکانی سپای پاسدارانەوە پشتڕاست کردەوە.[4]
- سۆران پارسامێهر، چالاکی مەدەنی و ئەندامی ئەنجومەنە خەڵکییەکانی ژینگەپارێزیی وڵاتی بۆکان بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی تۆپبارانی ئێران بۆ سەر گوندەکانی حاجی ئۆمەران، هاووڵاتییەک بریندار بوو، هاوکات زیانی ماڵیش بەر مەڕدارەکان کەوتووە و ئاگریش لە ناوچەکە کەوتوتەوە.[1]
- مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە و، پرۆژەیەکی هاوبەشی نیشتمانی ئامادە دەکەن و بەیەک شاندی هاوبەش دەچنە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی حکومەتی داهاتووی عێراق.[2]
- ژمارەیەک شوفێری بارهەڵگر کە لە سنورەکانەوە کاری هاوردەکردنی کەلوپەل دەکەن لە دژی زیادکردنی نرخی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکانیان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و ڕێگای نێوان هەولێر - موسڵیان داخست.[1]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی نیشاندا بە پێدانی ئە و هاوکارییانەی کە ئەمریکا بۆ پڕچەککردنی دوو لیوای پێشمەرگە دەینرێت و بەرپرسێکی باڵای وەزارەتەکەش دەڵێت هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ دوو لیواکە لە و قەرزانە دەبێت کە ئەمریکا بە عێراقی دەدات.[1]
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەوانەش پیشمەرگە، ڕۆژی 16ی تەمموز زنجیرەیەک ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی ڕێکخراویان ئەنجامدا بۆ لەناوبردنی داعش لە عێراق. لە بەیاننامەکەدا هاتووە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەپشتیوانی هاوپەیمانان سەرکەوتووانە پێگەیەکی ئارامی داعشیان لە ناوچەی چیای مەخموور پاککردەوە.[1]
- مەلا ڕێبین بەڕێوەبەری کەناڵی دیموکراسی بە چەقۆ بریندارکرا.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ئێران ئاشکرای دەکات، بەهۆی بەرپرسیارێتیی ئەمریکا بەرامبەر گەڕانەوەی ئابڵۆقەکان بۆ سەر ئێران، حکومەتی تاران لە دادگای نێودەوڵەتیی لاهای سکاڵای لە دژی ئەمریکا تۆمار کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-17
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 199

**2018-07-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180718000000151193



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە 19 هەمین دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش بەڕێوەچوو، بەڵام بڕیاری بەردەوامیی زیندانیکردنی دەمیرتاش درایەوە.[3]
- سوپای تورکیا لە بنکە سەربازییەکانیەوە ناوچەی چیای گابار لە نێوان ناوەندی شرنەخ و ناوچەی جزیر تۆپباران دەکات. بەهۆی ئەو تۆپبارانانەوە، لە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە ئاگرێکی گەورە لە دارستانەکانی چیای گابار کەوتووەتەوە.[5]
- تەرمی دەوران بایسال گەریلای هەپەگە، کە ڕۆژی 8ی تەمووزی 2018 لە جۆلەمێرگ شەهید بوو بوو، لە ئێلح بە خاکسپێردرا.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- باڵی سەربازی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ڕایدەگەیەنێت، چوار گەریلایان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون.[1]
- فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حدکا ڕایگەیاند، کە سپای پاسداران بۆ تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان، لە گوڵلە تۆپی فسفۆڕ کەڵکی وەرگرتووە.[4]
- کۆڕی هەڵپەڕکێی ئەوینی شاری بانە، پلەی یەکەمی فێستیڤاڵی جیهانیی وڵاتی ئەرمەنستانی بەدەست هێنا.[4]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، دوو هاووڵاتیی کورد، خەڵکی شاری بۆکان بە ناوەکانی کەریم سەیدزادە باوک و شارام سەیدزادە کوڕ، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە بانگهێشت و دەسبەسەر کراون. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: ئەو دوو هاووڵاتیيە کوردە، بە حوکمی یارمەتی گەیاندن بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان و هەروەها پشتیوانی لە دووکاندار و مانگرتووانی شاری بانە، بانگهێشت و دەسبەسەر کراون.[4]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەدەم وتنەوەی دروشمی شەهید نامرێت و ئەی شەهید خوێنی تۆ لە ئەرزدا نامێنێت تەرمی ئیقبال موڕادی، چالاکوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە ئاڵای پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک) پێچرابوو، بەرەوە مەزارگەی ڕاوگان بەڕێکرا و لە مەراسیمێکی شایستەدا لەتەنیشت مەزاری کەمال شێخ سادە-ەوە بە خاک سپێردرا.[3]
- فەرماندەیەکی پۆلیسی فیدراڵی ڕایدەگەیەنێت، سێ تیرۆریست لە کەرکوک دەستگیرکراون کە یەکێکیان ئەندامی بەناو دەزگای هەڵگری ڕێکخراوی داعشە.[1]
- چەند تەقینەوەیەک لە چەند ناوچەیەکی کەرکوک ڕوویدا و دەیان قوربانیی لێکەوتەوە.[2]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ شاندێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە سەرۆکایەتی فازڵ میرانی و مەلا بەختیار سەردانی بەغدایان کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- عەبدولڕەحمان خەج خەلیل هاووڵاتیی تەمەن 40 ساڵی عەفرینی لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە کوژرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-18
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-18
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-18
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-18 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 200

**2018-07-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180719000000151194



باکووری کوردستان
- دانیشتنێکی دیکەی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە تورکیا بەڕێوەچوو.[2]
- کاژێر01:00ی بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، لە دوای دوو ساڵ لە باری نائاسایی لە تورکیا و باکووری کوردستان، باری نائاسایی (کۆتایی) هات و لەمڕۆوە پارت و کۆمەڵەکان دەتوانن بەپێی یاسا و دەستووری تورکیا، چالاکی بکەن.[3]
- فیگەن یاشار هاوسەرۆک شارەوانیی کۆپ لە موش، پاش 10 کاتژمێر لە ئازادکردنی جارێکی دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرایەوە و سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە چەند رۆژی رابردوودا، هێزە ئیتلاعاتی و لیباس شەخسییەکان لە شاری سنە دوو هاووڵاتیی کوردیان بە ناوەکانی عەلی ئەڵلاوەیسی تەمەن 45 ساڵ خەڵکی گوندی کۆرکۆرەی سەر بە سەڵواتئاوای پارێزگای سنە و میلاد ساعدپەنا تەمەن 22 ساڵ لە یەکێک لە پارکەکانی شاری سنە دەسبەسەر کردووە.[4]
باشووری کوردستان
پاش ئەوەی شەوی 17ی ئەم مانگە لە گوندی پیرداود لە نزیک مەخموور ژمارەیەک چەکدار مەرداریێکی ئە و گوندەیان رفاند، بەیانی ئەمڕۆ تەرمەکەی لە بەردەم ماڵی خۆیان بە کوژراوی دۆزرایەوە. قوربانییەکە ناوی (مەجید عەلی عومەر) و تەمەنی 37 ساڵە.[1][2][3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر، کاتژمێر 16:20 خولەکدا دەورووبەری ئینزە-ی

سەربە قەندیل و چیای کارۆخ کە دەکەوێتە سەر سنووری هەولێر-ی بۆردمان کرد.[5]
- لە زانکۆی چەرموو لە سلێمانی کۆنفرانسێکی هاوبەشی زانکۆکانی سنە، چەرموو و جیهان، لەبواری زانستی کۆمپیوتەر و بیرکاری بەڕێوەدەچێت.[3]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وەفدی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کێشەی دانپێدانانیان نەماوە و هاوشێوەی زانکۆکانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. [3]
رۆژئاوای کوردستان
- شەشەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی 19ی تەموزی رۆژئاوا، لە چەندین شاری رۆژئاوای کوردستان و باکووری سوریا پیرۆز کرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-07-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-07-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 19-07-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-07-2018


کاتی تۆمارکردن: 19-07-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 201

**2018-07-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180720000000151195



باکووری کوردستان
- پەکەکە رایگەیاند: کاتژمێر 08:15 خولەکی سەرلەبەیانی لە گردی شەهید زەردەشتی گەڤەری جولەمێرگ گەریلاکانمان چالاکییەکیان ئەنجامدا، نەزانرا لەو چالاکییەدا چەند سەربازی دوژمن کوژران و برینداربوون، کاتژمێر 02:30 خولەکی پاشنیوەڕۆ لە گردی شکێرا سپیی سەربە شەمزینانی جولەمێرگ چالاکییەکی دیکە ئەنجامدرا، ئەنجامی ئەو چالاکییەش نەزانراوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پێنج زیندانیی بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست لە زیندانی ناوەندیی دێزڵاوای شاری کرماشان لە سێدارە دران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 22-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 202

**2018-07-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180721000000151196



باکووری کوردستان
- تەرمی شیلان کلچ (سارا گولان) کە لەگەل 7 گەریلای دیکە لە ڕۆژی 7 تەمووز/16ی پووشپەر لە جۆلەمێرگ پاش شەرێکی قارەمانانە شەهید ببوون، ئەمرۆ لە شاری ئامەد بە خاک سپێردرا.پاش ئەوەی کە تەرمەکەی لە نەخۆشخانە رادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە بە شەو لە گۆرستانی یەنێکۆیێ بە خاک سپێردرا.لە مەراسیمی بەخاکسپاردنییدا هاوسەرۆکی هەدەپە و بەدەپە ی شاری ئامەد و بەرێووبەرانی شاروناوچەکان و بەرێوبەری MEY-ADER و کۆمەڵیک لە خەلکی دیکە بەشدارییان کردبوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی دروستبوونی شەڕ لەنێوان سوپای پاسداران و گروپێکی چەکدار لە نزیک شارۆچکەی مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 11 سەربازی ئێرانی کوژران و هەشتی دیکەش بریندار بوون.[2] ناوی کوژراوەکان بەم شێوەیەیە: میهراب عەبدی، قانع کەرەموەیسی، فەرزاد ڕەحیمی، ئیبراهیم حەزرەتی، عەبدولڕەحمان خالیدی، ئیرج رەحیمنیا، ئارام فەیزی، شادمان مورادی، بورهان موعینپوور، تالب مەحموودی و ئارش ڕەزایی. سێ کەس لە کوژراوەکان خەڵکی شاری قورووە و

ئەو 8 کەسەکەی دیکە خەڵکی شاری مەریوانن.[4]
- موختار زارعی، چالاکی مەدەنیی کورد پاش سەردانی بۆ دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە دەسبەسەر کرا و بۆ زیندان ڕاگوێزرا.[4]
- گەنجانی ئاپۆچی شاری مەریوانی سەربە پارێزگای سنە، دوو هەزار بڵاوکراوەیان بە سەر هاوڵاتیاندا دابەشکرد و بانگەوازیی گەنجانی ڕۆژهەڵاتیان کرد، کە ڕووبکەنە چیاکان و بەشداری ڕیزەکانی گەریلابن.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرچەند شوێنێکی هاوڵاتیانیان لە نزیک گەلی باڵندە لە سنوری نێروەورێکان-ی سەربە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان کرد.[1]
- شەڕێکی قورس لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا لە ناوچەی سیدەکان دەستیپێکردووەتەوە و بەردەوامیی هەیە، هاوکات ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیش بۆمب بەسەر ئە و ناوچەیە دەبارێنن کە شەڕەکەی لێیە و ژمارەیەک گوندیش بۆردومان دەکرێن.[2]
- لە شارۆچکەی خورماتوو لەبەرئەوەی لە بازگەیەکی پشکنین پێناسی پێشمەرگەیان دەرکردووە و ئاڵای کوردستانی لەسەر بووە، لە لایەن هێزێکی عێراقییەوە دوو پێشمەرگە بە توندی ئەشکەنجە دەدرێن.[2]
- دژی دەستگیرکردنی هەڤرێست شوان، چالاکوانی مەدەنیی لە هەولێر، ژمارەیەک لە چالاکوانانی مەدەنیی لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوە و لە یاداشتێکیشدا ڕایانگەیاند، کە ئازادیی ڕادەربڕین لە دۆخێکی ناسروشتیدایە و بەردەوام مەترسیی هەیە لەسەر چالاکوانان.[3]
- ئەمڕۆ 10 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سۆران-ی مامەحەمە و لەو ساڵیادەدا، لەسەر مەزارەکەی لەشارۆچکەی چەمچەماڵ-ی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەلایەن کەسوکار و ڕۆژنامەنووسان و هاوڕێیانییەوە یاد کرایەوە.[3]
- لە دەیەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە، لە سلێمانی ڕێگریی لە یادکردنەوەی کرا.[3]
- شەوی رابردوو لە گوندی مەردانی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە تەقە لە هاوڵاتییەکی دانیشتووی گوندەکە کراوە کە لەسەربانیماڵی خۆیانەوە پاسەوانیی گوندەکەی کردووە.[2]
- جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕایدەگەیاند کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر هەڵیکوتاوەتە سەر ئۆفیسی جوڵانەوەکە و ڕێگە نادات کارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدەن.[1]
- هاوڵاتیانی کامپی پەنابەرانی شەهید روستەم جودی لە مەخموور، چوونە پێنجوێن و سەرەخۆشییان لە خانەوادەی ئیقبال موڕادی کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ژووری ئۆپراسیۆنی توڕەیی زەیتون ڕایگەیاند، هێزەکانیان لە ئیدلب لە دژی چەتەیەکی تورکیا بە ناوی ئەبو یەحیا حەمەوی ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا ئەو چەتەیە کوژراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |

شار و شارۆچکەکان: ◯ جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-21 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 203

**2018-07-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180722000000151197






باکووری کوردستان
- دیسانەوە 30 ناوچەی ناوەندی جۆلەمێرگ و ناوچەکانی تری ئەو پارێزگایە بە پاساوی ئەمنی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ کرانە ناوچەی ئەمنیی تایبەت و هەموو جۆرە هاتووچۆیەکیان تیادا قەدەغەکرا. پارێزگاری جۆلەمێرگ رایگەیاندووە، ئەو 30 ناوچە دەکەونە سنووری ناوچەکانی گەڤەر، شەمزینان، چەلێ و ناوەندی جۆلەمێرگەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 1:15 خولەک بوومەلەرزەیەک بە گوری 5.9 پلەی ڕێختەر و بە قوڵایی 8 کیلۆمەتر کرماشان، سنە، ئیلام و ئورمیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند و هاوکات باشوری کوردستانیشی هەژاند.[1] سەرچاوەکانی کرماشان باس لەوە دەکەن کە بەهۆی بوومەلەرزەکەوە 45 هاوڵاتی برینداربووە و چەند گوندێک رووخاوە.[4]
- لە شارۆچکەی بێهشتی سەر بە پارێزگای سەمسوور کەسێک بە چەک باوک، براگەورە، براژن و دوو برازای خۆی کوشت و دواتریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە. بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەو کەسە دانیشتووی گوندی ئەغەرلی سەر بە شارۆچکەی بێهشتی-یە، بەهۆی کێشەی زەویوزار لەگەڵ براگەورەکەیدا تووشی دەمەقاڵە هاتوون.[5]

باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو گوندەکانی خەلیفان، کۆنەر، شوشنە، مەزاری شوشنە، چیادێل و گەلی خواکورگ و گەلی رەش، لە دەڤەری برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکەوە بۆردومان کران.[1]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەکی بەهێز سنوری پارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە و هاووڵاتیان لەماڵەکانیان هەتنەدەرەوە.[2]
- تەڤگەری ئازادی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، دوورخراوەتەوە لە دادگای فیدراڵی عێراق سکاڵا لەسەر کۆمیسیۆنی باڵای ڕاپرسی و هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکات.[3]
- کوڕێکی بەرپرسی ئاسایشی دووزخورماتوی یەکێتی بەناوی ژیار کەمال لە سلێمانی گیانی لەدەستدا، لەپاش ئەوەی شەوی رابردوو لەلایەن چەکدارێکەوە لە شاری کفری تەقەی لێکرا و بریندار بوو.[2]
- لە شارەدێی جەلەولا ئەیوب ساڵح هندی ئەمیری چەکدارانی داعش کە کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوە و بەشداری شەڕەکانی دژی پێشمەرگە و چەندین چالاکی دیکەی داعشی کردووە، دەستگیرکرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی جندرێس-ی عەفرین کە سوپای داگیرکەری تورکیا وچەتەکانی گەمارۆیان داوە، گەنجێک بەناوی عەبدۆمحەمەد تۆبال بەدەستی چەتەکانی سوپا تورکیاوە کوژرا.[3]
- چەتەکانی بەرەی شام 30 هاووڵاتی مەدەنیان لە گوندی چەقەلە-ی سەربە ناوچەی شێی-ی عەفرینیان ڕفاندووو و بۆ ئازاد کردنی هەر کەسێک داوای 3 هەزاردۆلار ئەکەن.دەوترێت کە 13 کەس ئازاد کراون و چارەنووسی 17 کەسەکەی دیکە نادیارە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- رۆژنامەی جەریدەی کوەیتی نووسیوێتی ئیسرائیل لەماوەی دوو مانگی رابردوودا لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە چەند وێنەیەکی گرتووە کە جموجۆڵی ئێرانیان تێدایە، لەوانە سنووری باشماخ لەهەرێمی کوردستان، مەهرانی سنووری و شەلامچە لەنزیک بەسرە و هاوسنوور لەگەڵ کوەیت.[2]
- ئاماری قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی عێراق گەییشتە زیاتر لە 700 کەس.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-07-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-07-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 22-07-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 204

## 2018-07-23

https://www.kurdipedia.org/?q=20180723000000151198



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ناوەندی فەرماندەیی یەکینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان (یەرەکە) راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، بە کرێگیراوێک بەناوی ئەرکان قەدیمی لەلایەن گەریلاکانیانەوە لە مەریوان سزا دراوە. راشیگەیاند لە ئێستا بە دواوە لە هیچ کردەوەیەکی دژە گەلییانەی بە کرێگیراوان خۆش نابن و دەبێت بۆ کارەکانیان باجی قورس بدەن.[2]
باشووری کوردستان
- چەند چەکدارێکی داعش هێرشیانکردە سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر و رووبەڕووبوونەوەی قورس روویدا. بەپێی سەرچاوەکان، خزمەتگوزارێکی پارێزگا بەناوی فەرحان ئیلیا برایمۆک گیانی لەدەستداوە و 4 کەس بریندار بووە و 3 چەکداریش کە بە کوردی قسەیانکردووە کوژراون.[1]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند هێرشکەرەکانی سەر بینای پارێزگای هەولێر خەڵکی شاری هەولێرن. ئەمەش ناوەکانیانە: (رەهێڵ محەمەد رۆستەم مووسا لە دایکبووی ساڵی 2002)، (بیلال سلێمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی 2000) و (عەبدولرەحمان رەحیم قادر حوسێن لە دایکبووی ساڵی 2002). هەرسێ هێرشکارەکە قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوون.[1]
- نازم دەباغ، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران، لە وتووێژێکدا وتوویەتی: کە ئێران لە خۆیەوە یەکجاریش تۆپبارانی سنوورەکانی عێراقی لە هەرێمی کوردستان نەکردووە و ئەگەر ماڵێک لە شوێنێکدا کێشە بۆ ماڵەکانی دیکەوە دروست بکات، دەبێت ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت.[3]
- دوای تۆمارکردنی بە سەدان سکاڵا لەلایەن کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر ئە و کۆمپانیا و کەسایەتییانەی کە چەکی کیمیاییان بە رژێمی لەناوچووی بەعس فرۆشتووە، ئەمرۆ بۆ یەکەمجار دانیشتنی دادگاییکردنی ئە و کۆمپانیایانە لە دادگای بەرایی هەڵەبجە دەستپێکرد.[4]
- کۆمەڵەی داکۆکیکار لە زیندانیانی سیاسی باشووری کوردستان و هەڵمەتی نا بۆ لە سێدارەدانی رامین حوسێن پەناهی گردبوونەیەکی نارەزاییان دژی بریاری لە سێدارەدانی رامین لە پارکی نالی لە سلێمانی رێکخست.[5]
- لەسەر راسپاردەی محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە، شاندێکی باڵای ئابووری ئە و وڵاتە، ئەمرۆ گەیشتە هەولێر.[4]
- بەهۆی تەقینەوەی کورەی کارگەیەکی ئاسن لە گوندی کانی شەیتان لەسنوری بازیان 11 کەس

سووتان.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل 'یەپەگە'، ئارین حاجی ناسراو بە ئارین قامیشلۆ، لە ناوچەی تل کۆچەر لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا شەهیدبوو. بە مەراسیمێکی جەماوەری لە گۆڕستانی شەهید خەبات دێرک لە قامیشلۆ بە خاک سپێردرا.[2]
- ژووری چالاکییەکانی تووڕەبی زەیتوون ڕایگەیاند، کە لە چالاکییەکدا دوێنێ شەو، هێزەکانیان سەرچەتەی گروپی چەتەکانی فەیلەق شام-یان بەناوی محەمەد عەلی لە عەفرین کوشت.[2]
- سوپای داگیرکەری تورکیا وچەتەکانی لە درێژەی کردەوە دژە مرۆییەکانیان ئاگریان بەردایە چیای هەوار-ی عەفرین.[2]
- لە گوندی باب لەیموون-ی شەهبا لە کاتی کۆبونەوەی داگیرکەرانی تورکیا وگروپە چەتەکان-ی سەر بە تورکیا تەقینەوە ڕوویدا.هەروەها لە پێش مەجلیسی ئیختەرێن کە لەلایەن داگیرکەرانەوە دامەزراوە تەقینەوەیەکی دیکە ڕوویدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 205

**2018-07-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180724000000151199



باکووری کوردستان

- داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا لە ئەنقەرە سکاڵایەکی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە تۆمار کرد. هۆکاری سکاڵاکەی داواکاری گشتیی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پەروین بوڵدان داکۆکیی لە رەمزییە تۆسون و موسا فاریس ئۆگلاری پەرلەمانتاری هەدەپەی ئامەد کردووە، کە بەشداریی مەراسیم و رێورسمی بەخاکسپاردنی تەرمی گەریلای هەپەگە بوون.[1]
- لە چیای گابار هێزەکانی تورک و پەکەکە دایان بەیەکدا.[3]
- کەجەدە لە بەیەننامەیەکدا هێرشی چەداری لەدژی بینای پارێزگای هەولێری بە توندی شەرمەزارکرد و سەرخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی کوردستان کرد.[1]

باشووری کوردستان

- لە شاری هەولێر دیداری نێوان یەکێتی ژووری بازرگانی سعودی و یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی هەرێم دەستی بەکارەکانی کرد، ژمارەیەک لە وەزیر و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی بواری خاوەن کار و ئابووری و بازرگانی سعودییە تێیدا بەشدارن.[2]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە لایەن چەند کەسێکەوە تەقە لە باڵەخانەی یەکی شارەوانی هەولێر کرا و کەسێکیش بە و تۆمەتە دەستگیرکرا.[2]
- بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئایینی لە هەولێر.[3]
- شاندێکی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی رێگای نێوان هەولێر - کەرکوک لە پردێ کۆبوونەوە.[3]
- دانیشتووانی گوندی مەردانی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بەهۆی هەڕەشەی چەکدارانی داعشەوە گوندەکەیان چۆڵکرد و ئاوارەی ناوەندی خانەقین بوون.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- سووپای داگیرکەری تورکیا، چەندین تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازیی بردووەتە سەر سنووری شاری سەرێکانی رۆژئاوای کوردستان.[1]
- چەتەکانی سووپای تورکیا، پیرەمێردێکیان بەناوی شاهین بەغدادی لە عەفرین رفاند و ئەشکەنجەیان دا.[1]
- بەگوێرەی هەاڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار، چەتەکانی ئەحراری شام دوو برا بەناوەکانی جاسم عەبد ئەفارم و خەلەف عەبد ئەفارم-یان کوشتووە.[1]
- سووپای داگیرکەری تورکیا کە بەردەوامیی بە هێرشەکانی بۆ سەر باکووری سوریا دەدات، لەناکاو گوللەبارانی گوندی عەلی شاری کردووە، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری کۆبانێ-یەوە.[1]
- ژووری چالاکییەکانی تورەیی زەیتون رایگەیاند، لە عەزاز چەتەیەکی سوڵتان موورادی سەر بە دەوڵەتی تورکیا کوژرا. شەرڤانان ڤیدیۆیی چالاکییەکەیان بڵاوکردەوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- سوپای ئیسرائیل بە دوو مووشەکی بەرگری، فرۆکەیەکی ەجۆری سۆخۆی سەر بە هێزە ئاسمانییەکانی سوپای سووریای لە ناوچەی جۆلان خستە خوارەوە.[3]
- محەمەد باقری، فەرماندارێ سوپای پاسدارانی ئێران لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکانی ئێران رایگەیاند، لە دژی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر دەستکەوتەکانی ئێران، وەڵامی توندیان دەبێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-24
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-24
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-24

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-24 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 206
**2018-07-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180725000000151200




باکووری کوردستان
- لە هەرێمی ئۆمەریان-ی نسێبین کە سوپای داگیرکەری تورکیا چەند رۆژێکە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەست پێکردووە، ئاگر بەردراوەتە ناوچەکە وبەسەدان دارسووتاون، ئاگرەکە لەگوندەکان نزیک بووەتەوە.[5]
- پارێزگاری تورکیا لە شاری ئامەد، هاتووچۆی لە زۆربەی گوند و ئاواییەکانی سەر بە ناوچەی پاسووری ئامەد لە دژی هاووڵاتییان راگەیاند و هەموو جۆرە جموجوڵ و هاتووچۆیەکی لە هاووڵاتییانی ئەو ناوچەیە قەدەغەکرد.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی رابردوو لە گوندی شکل ئابادی سەربە دەڤەری مەرگور، کۆڵبەرێکی تەمەن 34 ساڵ بەناوی رەشید محەمەد عەلی تەقەی لێکراوە و کوژراوە.[2]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی لە مەراسیمێکدا بڕی 500 ملیۆن دینار بۆ چارەسەری تەندروستی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی خەرجدەکات.[1]
- وادەی خۆتۆمارکردنی کاندیدی حزبەکان ئەمڕۆ کۆتایی دێت و زۆرتریبی حزبەکانی باشوری کوردستان کاندیدەکانیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم تۆمارنەکردووە.[2]
- کۆمسیۆن وادەی وەرگرتنی ناوی کاندیدانی درێژکردەوە.[3]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاشکرای دەکات، چەند کەسێک لەسەر هێرشەکەی باڵەخانەی پارێزگای هەولێر دەستگیرکراون.[4]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، خوێندنی ئێواران

لە زانکۆکانی کوردستان سنووردار دەکرێت و لە 70%ی بەشەکانی ئێواران لە زانکۆ و پەیمانگەکان دادەخرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ نوسەیبین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 25-07-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 25-07-2018
[3] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 25-07-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 25-07-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 207

**2018-07-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180726000000151201



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی جزیر لە پارێزگای شرنەخ هێرشکرایەر سەر شەهیدگەی یافەسێ، کە گۆڕی ئەندامانی پەپەسەی تیادایە.[3]
- بەتۆمەتی وتنی گۆرانی کوردی، بۆ ماوەی مانگێک سزای قەدەغەکردنی دیدار بەسەر لەیلا گۆڤەن-ی پەرلەمانتاری هەدەپەدا لە زیندانی ئامەددا سەپێندرا.[1]
- لە سەر رێگای شرنەخ – جزیر و لە نزیک گوندی تۆپتەپە، چالاکییەک لە دژی کاروانێکی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەنجامدرا کە بەو شوێنەدا تێپەدەپەڕین.[3]
باشووری کوردستان
- دژی داخستنی مەرزی بازرگانی دەرەیمەڕ لە سنووری شارەدێی بیارە-ی هەورامان، کاسبکاران و کۆڵبەرانی ئەو مەرزە، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و رێگای سەرەکی خورماڵ-تەوێڵەیان داخست.[1]
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەنوسراوێک فەرمانیکردووە بەلابردنی 6 ئەفسەری کورد لە پۆستەکانیان لە شاری کەرکوک کە دیارترینیان بەرێوەبەری هاتوچۆ و پاراستنی باڵەخانەی پارێزگایە.[2]
دەرەوەی کوردستان

- قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران وەڵامی توووندی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەداتەوە و دەڵێت پێویست ناکات هێزەکانی ئێران بەشداربن، تەنیا خۆم و سوپای قودس دەرەقەتی ئێوە دێین.[4]
- ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە رەشنووسی بودجەی سەربازیی وڵاتەکەیان بۆ ساڵی 2019 ناوی پێشمەرگە زیاددەکەن و لە کۆی 850 ملیۆن دۆلاری تەرخانکراو بۆ سوپای عێراق، 290 ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە دانراوە.[4]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا وەڵامی وتە هەڕەشە ئامێزەکانی ترەمپ دەداتەوە لەبارەی ئازادکردنی (ئیندرۆ برانسن)ەوە کە قەشەیەکی ئەمریکییە و لە تورکیا بەندکراوە. وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت کەس فەرمان بەسەر تورکیادا ناکات، ئێمە هەرگیز هەڕەشە لە هیچ کەسێک قبوڵ ناکەین، بنەماکانی یاسا بۆ هەموو کەسن بەبێ جیاوازی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 26-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-07-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-07-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 26-07-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 208

**2018-07-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180727000000151202



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سوپای تورکیا خۆی کرد بە ناو جەڵەبێک مەڕدا و لە ئەنجامدا 20 مەڕی کوشت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد خەڵکی شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران درانە بەردەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە بە سەختی بریندار بوون. شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە کۆسەرەت مامەند تەمەن 15 ساڵ خەڵکی گوندی دۆڵەتووی سەردەشت و حوسێن تەمەن 25 ساڵ خەڵکی گوندی گەرەدەنە ڕاگەیەندراوە.[4]
- هێزە نیزامییەکانی جێگیر لە پاسگای سەقەڕ، لە سنووری شاری پیرانشار، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایەبەر دەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی سەید کامیل باڵاشار، خەڵکی شاری پیرانشار گیانی لە دەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی عەزیز شۆخەڵان و سەلاح شێخ محەممەد بەسەختی بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- بەرەی تورکمانی داوادەکات حاڵەتێکی جیاواز بە کەرکوک ببەخشرێت و بەوپێیەی زۆرترین سکاڵای تێدا تۆمارکراوە، پرۆسەی ژماردنەوەی دەستیی بۆ سەرجەم سندوقەکانی دەنگدان تێیدا ئەنجامبدرێت، بەپێچەوانەشەوە هۆشداریدەداتە حکومەتی عێراق.[1]
- بەهۆی هێرش و مەترسییەکانی داعش و بێ متمانەییان بەرامبەر هێزە عێراقییەکان، تەواوی گوندنشینە کوردییەکانی سنوری شارەدێی جەبارەی سەر بە خانەقین گوندەکانیان جێشهێتووە. بەرپرسێکی ناوچەکەش دەڵێت تادێت بارودۆخ خراپتر دەبێت و داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەین.[1]
- لە باخچەی پێشەوا لە شارەدێی بازیان-ی سەربە پارێزگای سلێمانی، نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستان، بە مەراسیمێک قوربانییانی کۆمەڵکوژیی تلحاسل و تلعەرانی بیرهێنایەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێکی باڵای ئەنجوومەنی دیموکراسی سووریا لە دیمەشقە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی سووریا.[2][3]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆبوونەوەی هاوبەشی حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکا کە تایبەت بوو بۆ پەسەندکردنی بودجەی 716 ملیار دۆلاری وەزارەتی بەرگری، پرۆژە بڕیاری قەدەخەکردن و سنووردارکردنی فرۆشتنی فرۆکەی جەنگی لە جۆری F-35 بەتورکیاش پەسندکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 27-07-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-07-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-07-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-07-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-27 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 209

**2018-07-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180728000000151203



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر ناوچەکانی نێوان لیجە و هەزرۆی لە پارێزگای ئامەد ئاگر تێبەرداوە و دەستیکردووە بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن. لە ئێستادا لە ناوچەیەدا شەرێکی قورس روو دەدات.[2]
-لە کاتی ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی بەرواریی پارێزگای سێرتی باکووری کوردستان تەقینەوەیەک روویدا. راگەیاندرا بەلانیکەمەوە لەو تەقینەویەدا جەردەوانێک بریندداربووە.[2]
باشووری کوردستان
- ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی سێیەمین کۆنفرانسی خۆی لە هۆڵی ڕیستۆرانتی داوا لە شاری سلێمانی ئەنجام دەدات.[1]
- شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە شاری سلێمانی، باوکێک لە دوای ئەوەی کوڕەکەی ئامۆژگارییەکانی وەرناگرێت، بە دەمانچە تەقەی لێدەکات و پاشان خۆی دەکوژێت.[3]
- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا رایگەیاند کە چەند پێگەیەکی پەکەکەیان لە زاپ و قەندیل بۆردومان کردووە.[4]
- بە بڕیارێکی وەزارەتی دارایی و بە هەوڵی یەکێتی مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، سەرجەم ئە و مامۆستایانەی لەساڵی 2006 لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە دامەزراون، بە هۆی فەوتانی سەرەمووچەی ساڵانی رابردوویان قەرەبوودەکرێنەوە کە بڕی 110 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی گروپی فیرقەی حەمزە و چەتەکانی سەر بە ئەنقەرە، لە گوندی سۆرخانێکێ 41 دۆنم زەویی کشتوکاڵی و 4 هەزار و 970 داری زەیتونی سوتاندووە و بەردەوامە لە سوتاندنی باخ و دارەکانی ئەو گوندە.[2]
- ساڵح موسلیم، ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەفگەری جڤاکی دیموکرات، تەڤ-دەم، ڕایدەگەیەنێت، کە دانیشتنەکانی دیمەشق لە نێوان مەسەدە و حکومەتی سوریادا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکان ئەنجام دراوە.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی 3 هاووڵاتییان لە عەفرین بە ناوەکانی عومەر عەلیکۆ تەمەن 33 ساڵ، عەگید محەمەد دەردۆ تەمەن 28 ساڵ و محەمەد حەسەن محەمەد دەردۆی تەمەن 22 ساڵ-یان رفاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 27-07-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-07-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-07-2018

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 210

**2018-07-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180729000000151204



باشووری کوردستان

- لە شارۆچکەی تەکیەی سلێمانی بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی، وێستگەیەکی 400 کەی ڤی دابەشکردنی کارەبا دەکرێتەوە و بەگوتەی بەرپرسان، وێستگەکە کاریگەری گەورەی لەسەر کەرتی کارەبا دەبێت.[1]

- بەناونیشانی (دوکان لە دیدارێکی گەشتیاریدا)، ئەمڕۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی دیدارێکی گەشتیاری لە هۆتێل ئاشور سازکرد.[2]

- لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا لە بەغدا، شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەبارەی کردنەوەی ڕێگەی هەولێر - کەرکوک ڕێککەوت. بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیاردراوە پردێکی ئاسن بەشێوەیەکی کاتی بۆ کردنەوەی ڕێگەکە دابنرێت و راستەوخۆش پرۆژەی دروستکردنەوەی پردی پردێ دەستپێبکات.[1]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیری دەرەوەی ئێران رایدەگەیەنێت ئەمریکییەکان بە ئابڵوقەدان ئالودەبوون وتیشی لەچەند مانگی داهاتوودا ناچاریان دەکەین ئەو نەخۆشییەیان چارەسەر بکەن.[2]

- فستیڤاڵی فیلمی Summer film school کە لە وڵاتی چێک بەڕێوە دەچێت خەڵاتی شانازی چل و چوارەمین دەورەی خۆی پێشکەشی سینەماکاری بەناوبانگی کورد بەهمەنی قوبادی کرد.[3]

- ژمارەیەک بەکرێگیراوی حکومەتی ئێران، لە هۆڵی ژمارە 10ی زیندانی 'ڕەجایی شەهری' کەرەج

هێرشیان کردە سەر زانیار مورادی، لوقمان مورادی، سەعید شیرزاد و ئارەش سادقی، زیندانیانی سیاسی و برینداریان کردوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 29-07-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-07-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-07-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-07-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 211

**2018-07-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180730000000151205

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زەینەب جەلالیان، زیندانیی سیاسیی کوردی سزادراو بە زیندانی تاهەتایی و نۆ زیندانی دیکە لە زیندانی شاری 'خۆی' بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایی لە دژی بێبەشبوونینان لە دەرفەتەکانی زیندان و دیدار لەگەڵ خانەوادەکانیان دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن.[2]
باشووری کوردستان
- مەسیحییەکانی شارۆچکەی عەینکاوە و ناوچەکانی تری کوردستان، دژی سیستمی کۆتا لە هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەی جندرێسی سەربە عەفرین و گوندەکانی، زیاتر لە 30 هاوڵاتیان ڕفاندووە و بۆ ئازادکردنیان داوای پارە لە خانەوادەکانیان دەکەن.[2]
- لە نزیک کانی باسووت کە چەتەکان لە گوندی باسووتی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین لێی جێگیربوون، بە ماتۆڕسکیلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشێک ئەنجامدرا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دوای دابەزینە مێژوییەکەی بەهای ریاڵی ئێرانی (تمەن) لە بازارەی ئێراندا، کە بەهای دۆلارێک بوو بە 112 هەزار ریال، لە کاتێکدا ڕۆژی شەممە 98.000 ریاڵ بوو، ئەوەش نارەزایی و نیگەرانی

فراکسیۆنەکانی خولی ئەمجارەی پەرلەمان:
فراکسیۆنی ڕووداو
فراکسیۆنی کەی ئێن ئێن
فراکسیۆنی کوردسات
فراکسیۆنی جەماوەر
فراکسیۆنی ڕێگا
فراکسیۆنی ئێن ئارتی
فراکسیۆنی سپێدە
فراکسیۆنی پەیام
فراکسیۆنی پێلیستانك
فراکسیۆنی کوردماکس پەپولە ... See more

بازرگانان و کاسبکارانی لێکەتەوە و لە زۆربەی شارەکان مانگرتن دەستپێکردوە.[1]
- ئاژانسی فیتش بۆ پۆلینی دڵنیایی بانکی نێودەوڵەتی، دوای دابەزاندنی پۆلینی دڵنیایی تورکیا، ڕایگەیاند، ژمارەیەک کۆمپانیای تورکی توانایان نابێت پابەند داراییەکانیان جێبەجێ بکەن، هۆشداری ئەوەشیدا، کە کەرتی بانکی تورکیا توشی دارِمان ببێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏭 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏭 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 30-07-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-07-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-07-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-30 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 212
## 2018-07-31
https://www.kurdipedia.org/?q=20180731000000151206



باکووری کوردستان
- داواکاری گشتیی کۆماریی لە پارێزگای بورسا، 777 جار داواکاری پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بۆ دیداری ئیمراڵی ڕەتکردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- لەدوو ڕووداوی تەقەکردندا لە دوو گەڕەکی شاری سلێمانی، دوو هاوڵاتی بریندار بوون.[2]
- بەپێی نوسراوێکی ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەسەڵاتی ئیمزاکردنی نوسراوە فەرمییەکان لە ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەوەکالەت وەرگیراوەتەوە ئەوەش بەپێی وتەی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە.[2]
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئە و هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لەسڕکردنی دەسەڵاتەکان و لەکارلابردنی ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەوەکالەت دەکات.[2]
- لە هەولێر کونسوڵخانەی بەریتانیا و وەزارەتی پێشمەرگە کۆنفرانسێکی هاوبەشیان لەبارەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجامدا و، 31 ئەفسەری پێشمەرگە دوای مەشق و ڕاهێنان خەڵاتکران کونسوڵی بەریتانیاش ڕایگەیاند پێویستە پێشمەرگە خاوەن چەکی زیاتر بێت.[1]
- هێزێکی ئاسایش، لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر، ڕێگریی لە بەرێوەچوونی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.[4]
- کاژێر 11:27 خولەکی ئەمشەو بۆمبێکی چێندراو لەنێو زبڵدانێکی گەڕەکی واستی شاری کەرکوک

دانراوە. بەهۆی تەقینەوەی بۆمبەکە کەسێک بەناوی یاسر جەلال کوژراوە و دوو کەسی دیکەش بەناوەکانی موزەفەر ئیبراهیم و عەللا موحسن برینداربوون.[1]
- دژی ڕاگرتنی کارەکانی پرۆژەی بەنداوی باوەنوور، ژمارەیەک لە هاوڵاتیان و چالاکوانانی شارەدێی باوەنووری ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوە و داوایانکرد، کە هەرچی زوورە بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکە تەرخان بکرێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مینێکی چەتەکانی سەر بە سوپای تورکیای داگیرکەر کە لە ناوچەی جندرێسی عەفرین جێگیریان کردبوو، لە کاتی تێپەڕبوونی تراکتۆری جوتیارێک تەقییەوە. ڕاگەیەندرا کە بەهۆی تەقینەوەکە جوتیارەکە بە سەختی بریندار بووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ هەزاران کاسبکار و شۆفێر لە شاری ئیسفەهانی ئێران ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-07-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-07-31
[3] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-07-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-31



کاتی تۆمارکردن: 2018-07-31 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 213

**2018-08-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180801000000152201



باکووری کوردستان
- له دژی بنکەی سەربازیی زەمینیی گوندی ناڤیان له شرنەخ چالاکییەک ئەنجامدرا. له چالاکییەکەدا بە لانیکەمەوە 4 سەرباز و 3 جەردەوان برینداربوون.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو پێشمەرگەی پژاک بەناوەکانی هۆشمەند عەلیپور و محەمەد ئوستاد قادر لە شاری سەقز لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە دەستگیرکران.[5]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پارێزەری خۆبەخش و رێکخراوی سەردەم کە تایبەتە بە جووتیاران، سکاڵایان لەسەر وەزیری بازرگانی عێراق تۆمارکردووە بەرامبەر بە پێنەدانی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ یەکەم دانیشتنی دادگایی لە دادگای ئیداری لە بەغدا بەڕێوەدەچێت.[1]
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە شارەدێی چوارقوڕنەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، کاسبکارێکی 44 ساڵان بەناوی سالار ئەرسەلان ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و پاشان گەیەندرایە نەخۆشخانە.[3]
- لەسەر بڕیاری پارێزگاری سەڵاحەدین، ئەمڕۆ پۆستی قایمقامیەتی دوزخورماتوو بە شێوەیەکی ڕەسمی درایە تورکمانێک کە لە بنەڕەتدا پشکی کوردە، بە پێی زانیارییەکانیش تانەی قایمقامە کوردەکەی خورماتوو لە لایەن دادگای ئیدارییەوە ڕەتکراوەتەوە.[4]
- لە گوندی زارگەلی بە مەراسیمێک یادی شەهیدانی زارگەلی کرایەوە، کە سێ ساڵ لەمەوبەر بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیاوە شەهید بووبوون.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک، هەڵیانکوتایە سەر بازاڕی میللی لە عەفرین، دەوری بازاڕەکەیان گرت و پاشان دەستیان کرد بە تاڵانکردنی بازاڕەکە، هەروەها سێ هاوڵاتیاشیان ڕفاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆچەر بیرکار، خەڵاتی فیلدزی بواری بیرکاری، کە بە نۆبڵی ئەو بوارە دادەنرێت لەگەڵ سێ پرۆفیسۆری دیکە لە بەرازیل بەدەستهێنا.[5]
- بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسیەک کە رۆژنامەی (Die Welt)ی ئەڵمانی بڵاویکردۆتەوە بەشی زۆری ئەڵمانەکان دژی ئەوەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی وڵاتەکەیان بکات.[4]
- ئەمڕۆ وەزارەتی گەنجینەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزای لەسەر دوو وەزیری حکومەتی تورکیا سەپاند بەهۆی دۆسیەی دەستیگرکردنی قەشەیەکی ئەمریکی لە لایەن تورکیاوە.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا وەڵامی بڕیارەکەی ئەمڕۆی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا دایەوە کە سزای دوو وەزیری حکومەتی ئەنقەرەی داوە و ڕایگەیاند ئیدانەی ئە و بڕیارەی ئەمریکا دەکەن و دەشڵێت لە بڕیارە هەڵەکەت پەشیمان بەرەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: سەقز

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری rووداو - 2018-08-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2018-08-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-01
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 214

**2018-08-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180802000000152202



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەدەستپێکردنی شەپۆلێکی دیکە لە خۆپیشاندانەکان لە ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بانگەوازیی کرا بۆ خۆپیشاندان لەدژی هەڵئاوسانی ئابوری و گرانی کاڵاکان، حکومەتی ئێرانیش شاری سنەی بەسەربازیکردووە بۆ ڕێگریکردن لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان.[4]
- کۆڵبەرێکی دیکە کوردی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەڵماس لە سنووری ئەو شارە، بە تەقەی هێزە سنووڕپارێزەکان گیانی لە دەست دا. شوناس و ناونیشانی ئەو کۆڵبەرە کوردە، بە سڵێمان بادۆشێوە، خێزاندار و کوڕی عیسا، خەڵکی گوندی دەرگەی بەخشی کۆساری شاری سەڵماس ڕاگەیەندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا، دەستیان بە بۆردوومانکردنی ناوچەی برادۆست کردەوە.[3]
- ئاسایشی هەولێر تۆمارێکی دەنگ و ڕەنگیی ئیسماعیل سوسەیی بڵاوکردەوە کە تێیدا دان دەنێت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ داعشدا.[3]
- دوای چوار ساڵ لە کۆمەڵکوژیی شنگال، بۆ یەکەمجار ڕێوڕەسمی جەژنی چلەی هاوینی کوردانی ئێزدی لە مەزارگەی لالش بەڕێوەچوو.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ سوپای تورک باخ و باخچەیەکیان لە گوندی گرەزێرەل لە سنووری زاخۆ گوللەباران کردوە و لە ئەنجامدا منداڵێکی ئێزدیی گیانی لەدەستداوە. منداڵەکە تەمەنی 12 ساڵە و ناوی ماهیر عەلی-یە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی گرووپی سوڵتان موراد و تابوری 112ی سەر بە ئەنقەرە لە گوندی داملیای ناوچەی ماباتای عەفرین 9 هاووڵاتیانی ڕفاندووە، کە یەکێکیان ژنە. ئەو هاووڵاتییانەی ڕفێندراون بریتین لە: 1 – سەیدۆ سلێمانی هیجی تەمەن 25 ساڵ، 2 – نەواف وەلید عەلۆ تەمەن 18 ساڵ، 3 – ئاقدار ڕفات عەلۆ تەمەن 18 ساڵ، 4 – چەگەر حسێن عەبدوڵا تەمەن 35 ساڵ، 5 – محەمەد

عەلی هیجی عومەر تەمەن 65 ساڵ، 6 – ئەحمەد مەحمود حەمۆ ئەبو جەبەل تەمەن 35 ساڵ، 7 – عەلی تەمەن 65 ساڵ، 8 – فاتمە فەخری عەلی تەمەن 49 ساڵ، 9 – بەخری قادر عەلی تەمەنی 35 ساڵ.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی تورکیا هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات و رایدەگەیەنێت، هەوڵی سەپاندنی سزا بەسەر دوو وەزیری ئەواندا لەلایەن ئەمریکاوە بێ بەرامبەر نامێنێتەوە.[1]
- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی رایگەیاند، لە عەفرینی داگیرکراودا مافەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی مەترسیداردا پێشێل دەکرێت. راشیگەیاند، تورکیا عەفرینی داگیرکردووە بەرپرسی ئەو پێشێلکارییانەیە.[2]
- بنیامین نێتانیاهو لە مەراسیمێکدا بۆ خەڵاتکردنی ئەفسەرە سەربازییەکانی سوپای ئیسرائیل قسەیکرد و ڕایگەیاند: ئەگەر ئێران هەوڵ بدات گەرووی باب ئەلمەندب دابخات، هاوپەیمانییەکی جیهانی لەدژی دەوەستێتەوە کە بێگومان هێزە ئیسرائیلییەکانیش ئەندامێکی ئەو هاوپەیمانییە دەبن.[4]
- لە سێیەمین رۆژی خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتیانی ئێران لەدژی هەڵئاوسانی ئابوری و گرانی کاڵاکان، خۆپیشاندان بەرفراوانتربووە و جگە لە ئەسفەهان و کەرەج، چەندین شاری دیکەشی گرتەوە.[4]
- لەنامەیەکی کراوەی هەڕەشەئامێزدا، سوپای پاسداران بە توندی هۆشداریی دەداتە حەسەن رۆحانی سەرکۆماری ئێران و داوای لێدەکات رێگە لە داڕووخانی زیاتری بەهای تمەن بگرێت.[1]


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-02
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-02
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-02
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 215
**2018-08-03**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180803000000152203



باکووری کوردستان
- لە 4 گوند و 5 ناوچەی لیجێ وهێلێ-ی ئامەدە لە کاتژمێر 23:55 خولەکی دوێنی شەووەوە رێگە نادەن کەس لەماڵ دەرکەویت. بە بیانووی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە قەدەغەی هاتووچۆی تێدا ڕاگەیەنراوە. هەلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرگوندی هووری-ی هێنی، گوندی زەرێ وگوندەلۆکی باتەیەتێ-ی لیجێ-یان بۆردمان کردووە. بۆردمانەکە هەتاکو بەرە بەیانی بەردەوان بوو.دوابەدوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچولە ناوچەکەجموجووڵەکانی فرۆکە وهەلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیا لە ناوچەکە زۆربووە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی سپای پاسداران، جێگیر لە پاسگای سارەوڵلای گوندی هێق، دەستیان بەسەر زیاتر 900 سەر مەڕوماڵات، لە سنووری شاری شنۆدا گرت.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ، لە شەنگال بەمەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی فەرمانی 3ی ئابی 2014 مەراسیمێکی سەربازیی لەلایەن شەرڤانانی یەبەشە و یەژەشەوە ئەنجامدرا.[2]
- ڕێکخراوی ژینگە دۆستانی گەرمیان هۆشداری دەداتە حکومەت و لایەنە پەیوندیدارەکان بەوەی، فرێدانی پاشەڕۆی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بوونەتە مەترسی گەورە بۆ سەر تەندروستی هاوڵاتیان.[3]
- کۆچی دوایی جەمال کرژەیی.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئێران کە جارێکی دیکە لە ئەسفەهان، کەرەج، شیراز، مەشهەد و چەندین شاری دیکە دەستیپێکردبۆوە، تارانی پایتەختیشی گرتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-04


کاتی تۆمارکردن: 2018-08-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 216

**2018-08-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180804000000152204




باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر دارستان و پاوانەکانی جۆلەمێرگ بە بەردەوامی تۆپباران دەکات و بەهۆی ئەو تۆپبارانانەشەوە ئاگر لە دارستانەکانی جۆلەمێرگ بەربووە.[4]
باشووری کوردستان
- بەهۆی پشتیوانیکردنی بۆ پاراستنی مێژوو و کەلتوور و کەلەپوری کورد و مۆزەخانە، ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە مۆزەخانەی سلێمانی ڕێورەسمێکی ڕێزلێنانی بۆ خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ڕێکخست.[1]
- بە ئامادەبونی کەسوکار و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و کەسایەتی سیاسی و حکومی و هەوادارنی لەسەر مەزارەکەی یادی شاعیر و نوسەری گەوەری کورد شێرکۆ بێکەس کرایەوە.[1]
- ئاگر لە قەیسەریی شاری هەولێر کەوتەوە و بەهۆیەوە سەدان دوکان سووتان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی کورزێلەی سەربە شێراوای عەفرین و بەرهەمە کشتوکاڵەکان و ئۆتۆمبێلەکانیان تاڵان کردوون و چەند هاوڵاتییەکیشیان ڕفاند.[3]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، هەموو دەشتایەکانی دێرەزۆر و ئاسایشی هەموو سنوورەکانی نێوان عێراق و سوریایان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 04-08-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 04-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 04-08-2018
کاتی تۆمارکردن: 04-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 217
**2018-08-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180805000000152205



باکووری کوردستان
- سەربازانی سوپای تورکیای گوندی گەڤەتەپەی ناوچەی قەرەیازیی-یان لە پارێزگای ئەرزرۆم گەمارداوە و ڕێگای هاتووچۆ بە هاووڵاتییان نادەن. هاوکات فڕۆکە جەنگییەکان گوندەکە بۆردومان دەکەن و ژیانی هاووڵاتیانی ئەو گوندە لە مەترسیدایە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ کاتێک، کە حسێن ئەحمەدی نیاز بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ کەیسی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانی سیاسیی کورد سەردانی دادگای شۆڕشی سنەی کرد، دەستگیرکرا و پاش چەند کاژێرێک ئازادکرا.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 9:30ی دەقیەی شەوی ڕابردوو، ئاگر لە بازاڕی سێبیرانی سەنتەری شاری هەولێر کەوتەوە و کاتژمێر 10ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگرەکە کۆنتڕۆڵکرا. زۆرتر لە 150 دوکان سووتان و زیانێکی مادیی زۆری لێکەوتەوە.[1][2]
- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید شێرکۆ لە سلێمانی کرایەوە، بەوتەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شۆڕش یەکێکە لە گەورەترین فریاکەوتنەکان لەهەرێمی کوردستان و عێراق.[1]
- لە دەوروبەری گوندی عەلییە ڕەش لە مەخموور چەتەکانی داعش کەمینیان داناوەتەوە، بە و هۆیەوە پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەنێوان چەتەکان و هێزە عێراقییەکان لە ناوچەکە شەڕ هاتووەتە ئاراوە. ڕاگەیەندرا کە لە دوای شەڕەکە تەرمی 2 چەتەی داعش دۆزراونەتەوە.[5]
- کۆگایەکی دیکەی چەک و تەقەمەنی لە شارەدێکانی قەڵاژاڵەی هەولێر تەقییەوە، ئەمەش پێنجەمین کۆگای چەک و تەقەمەنییە کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا لە هەولێر تەقیوەتەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی ئەلوەتەن ئۆنلاینی سعودی بەفەرمی داوای لێبوردن لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک، کە ئاماژەی بەسەروەت و سامانی بارزانی کردبوو.[3]
- وەک هەوڵێک بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەییەکانی شەقام، دەسەڵاتدارانی ئێران، ئەحمەد عیراقچی یاریدەدەری پارێزگاری بانکی ناوەندی بۆ کاروباری دراوی قورس و چوار کەسی دیکەیان لە بازرگانانی دراو دەستگیرکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 05-08-2018

[2] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 05-08-2018
[4] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 05-08-2018
[5] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 05-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 05-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 218

**2018-08-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180806000000152206




باشووری کوردستان
- تێرمیناڵی نوێی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێ و دوای نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، ئەمڕۆ لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێتەوە.[2]
- قوباد تاڵەبانی، دەربارەی بەردەوامی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ سلێمانی، ڕایگەیاند لەناو فرۆکەخانەی سلێمانییەوە داوا لەحکومەتی تورکیا دەکەم ئاسمانی نێوان سلێمانی و تورکیا بکاتەوە.[4]
- بەبۆنەی تێپەڕبونی 32 ساڵ بەسەر سوتان و شەهیدبوونی نزیکەی 200 هاوولاتی لە بینایەکی شارەدێی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، بە دروشمی (شەهیدانی بیناسوتاوەکەی سیروان برینێکی دیکەی جەستەی هەڵەبجەن) لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە شارەدێی سیروان بە ئامادە بوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی یادی 32 ساڵەی ئە و کارەساتە کرایەوە.[4]
- سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێم داوای کردوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوە خۆجێیەکانی ناو شاری عەفرین ڕایانگەیاند کە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانیان، لە گوندی بادینای ناوچەی ماباتا لە عەفرین، 9 هاوولاتیی مەدەنییان ڕفاند کە یەکێکیان ژنە. ناوی ئەو هاوولاتییە مەدەنییانەی کە ڕفێندراون بەم شێوەیە: 1 - نیهاد عومەر تەمەن 40 ساڵ، 2 - حسێن شەعبان تەمەن 25 ساڵ، 3 - ڕەشید جبالی تەمەن 27 ساڵ، 4 - حەسەن جەعفەر تەمەن 45 ساڵ، 5 - مەولیدا تەمەن 50 ساڵ، 6 - حەمودا ئەشکیلە تەمەن 44 ساڵ، 7 - محەمەد تەمەن 26 ساڵ، 8 - خەسان دادۆ تەمەن 40 ساڵ، 9 - حەبەش حەبش تەمەن 25 ساڵ.[3]
- وتەبێژی یەپەگە وەڵامی ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس ووچی دایەوە و جەختیکردەوە، کە ئەوان دژی چەکدارکردنی منداڵانن، ئامادەیی خۆشیانی دەربڕی، هاوکاریی هەرکەسێک بکەن کە ڕاستییەکانی ناوچەکە تۆمار دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک کۆماری عێراق ڕایدەگەیەنێت، بارودۆخی عێراق و سروشتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا، وادەکات قورسبێت بۆی پابەندی جێبەجێکردنی ئە و سزایانەبێت کە واشنتن بەسەر ئێراندا دەیسەپێنێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 06-08-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-08-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 06-08-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 06-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 06-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 219
**2018-08-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180807000000152207




باکووری کوردستان
- والییەتی جۆلەمێرگ بە بیانووی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، بۆ ماوەی 14 ڕۆژ 30 شوێنی سەر بە ناوچەکانی گەڤەر، شەمزینان و چەلێی سەر بە جۆلەمێرگ لەگەڵ ناوەندی شاری جۆلەمێرگی وەک (هەرێمی ئەمنیەتی تایبەت) ڕاگەیاند.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا لە ئیزمیربە بیانووی بڕیاری پشکنین هەڵیکوتایە سەرماڵی ڕوکەن دەمیر هەواڵنێری ئاژانسی مەزۆپۆتامیا.[1]
- لە هەڵکوتانە سەر ماڵی هاووڵاتییاندا لە گەڕەکی یوکاری دۆروکلوو لە ناوچەی سەرێکانی لە پارێزگای ڕحا، 3 کەس لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران. لەو پەلامارەدا هەریەک لە زەینەب داگ تەکین و عەلی داگ تەکینی تەمەن 17 ساڵ، لەگەڵ کەسێکی تر کە ناوەکەی هێشتا نەزانراوە دەستگیر کراون. هێشتا نەزانراوە ئەو 3 کەسە بە چ بیانوویەک دەستگیرکراون. ئەوکەسانە لە دوای پشکنینی تەندروستی ڕەوانەی لقی هێزە تایبەتەکانی پۆلیس لە ڕحا کران.[1]
- لە ناوچەی ئەلکێ لە پارێزگای شرنەخ، هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هاوڵاتیاندا و لە ئاکامدا 5 کەسیان دەستگیرکردووە، کە هێشتا ناوەکانیان ئاشکرا نەبووە و ناشزانرێت کە داخۆ بە چی بیانوویەکەوە دەستگیر کراون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی حاسڵ بادبەرین تەمەن 18 ساڵ کوڕی خدر خەڵکی گوندی ترکەش، لە ناوچەی بەری مێرگان سەر بە شاری پیرانشار لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە کوژرا.[4]

باشووری کوردستان
- کاتژمێر 6:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ نزیکەی 30 ئۆتۆمبێلی سەربازی تورکیا کە پێکهاتبوون لە بارهەڵگری درع و ئۆتۆمبێلی بچوک لەڕێگەی دەروازەی سنوری ئیبراهیم خەلیل-ەوە چەک و تەقەمەنیان گەیاندووەتە هەردوو سەربازگەی تورکیا لە گرێی و کانی ماسێ.[3]
- هەشتەم کۆنگرەی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە تێدا چەندین کەسایەتی سیاسیی و حکومی بە بەشداری سەدان لاو و گەنجی کوردستان بەڕێوەچوو.[2]
- رێگەنەدرا لیژنەی پێشمەرگە لە هۆکارەکانی تەقینەوەی کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی بکۆڵێتەوە، سەرۆکی لیژنەکەش دەڵێت وەزارەتی پێشمەرگە هیچ گرەنتییەک نادات کۆگاکانی تر نەتەقنەوە.[3]
- راگەیاندن و پەیوەندییەکان پۆلیسی سلێمانی، دەستگیرکردنی 19 ئافرەتی بە تۆمەتی سوڵکردن راگەیاند و ئەوەش دەخاتەڕوو کە، ئەو ئافرەتانە بە بیانووی سواڵکردن لەسەرشەقامە گشتییەکان رادەوەستن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- گروپێک لە چەتەکانی بە ناوی فەیلەقی حەمزە-ی سەربەدەوڵەتی تورکیا لە گوندی عەبدالۆ-ی ناوچەی شێراوا 4 هاووڵاتییان ڕفاندووە بۆ شوێنێکی نادیار. ناوی ئەو کەسانەی کە ڕفێندراون بریتین لە: حەسەن حەمزە(38) ساڵ، رزگار وەلیدعومەر(33)، عەلی جومعە(43)، عەلی عەدناد جەمۆ(45) و هاووڵاتییەکی کەم ئەندام بە ناوی عەدنان جەمۆ.[1]
- ژووری چالاکیی غەزەبی زەیتوون ڕایگەیاند، لە چالاکییەکی تایبەتدا لە ناوچەی جندرێسی عەفرین چەتەیەکی گرووپی فەیلەقی شامیان کوشتووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا بۆسەر ئێران دەچێتە واری جیبەجێکردنەوە.[5]
- کۆشکی سپی داوا لە هەموو وڵاتانی دیکە دەکات کە ئێران رووبەڕووی دوو بژاردە بکەنەوە: یان دەست لە رەفتارە تێکدەرانەکانی هەڵگرێت، یان لە ئابووری جیهاندا پەراوێزبخرێت.[2]
- سەرۆکی ئەمریکا پەیامێکی توندی ئاراستەی سەرکردە ئێرانییەکان کرد و، پێیگوتن تووندترین سزاتان دەخەمە سەر، لەبەرامبەردا رووحانی دەڵێ ئەمریکا شەڕی دروونی دەکات و سزای گەلی ئێران دەدات.[2]
- وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ناوی یەپەگە لەگەڵ حیزبوڵلا، حەشدی شەعبی، حووسییەکان و حەماس دەهێنێت و دەڵێت، ئێران هاوکاری ئەو گرووپانە دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: روحا

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری rووداو - 07-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 07-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 07-08-2018
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 220
**2018-08-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180808000000152208



باکووری کوردستان
- ڕۆژنامەوان دەنیز فورات کە 4 ساڵ بەر لە ئێستا لە مەخموور لە ئەنجامی هێرشی داعش شەهید بوو، لەسەر گۆڕەکەی خۆی لە شاری وان یادی کرایەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی جاویدان هەکاری تەمەن 25 ساڵ کوڕی زوبەید خەڵکی گوندی کەلەڕەش سەر بە ناوچەی شەپیرانی شاری سەڵماس بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری شاری شنۆ گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە ئەمڕۆوە فۆرم پڕکردنەوە بۆ دامەزراندنی کارمەندانی سەر سندووقەکانی دەنگدان دەستپێدەکات و نزیکەی 42 هەزار کەس دادەمەزرێن و زۆرترینی لە هەولێر دەبێت.[1]
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵە لە گەڕەکێکی شاری هەولێر 3 کەس دەکوژرێن و دوانیش بریندار دەبن.[2]
- بۆ یەکەمجار بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەڵەبجە بەڕەسمی کرایەوە، لەمەودواش پارێزگاکە بۆ دابەشکردنی مووچە و کاروبارە داراییەکان پشت بەخۆی دەبەستێت.[2]
- حەسەن خەلیل کە دەوترێت لە کاتی فەرمانی سەر ئێزدییەکاندا هاوکاری چەتەکانی داعشی کردووە، وەک ئەندامی ئەنجومەنی شارۆچکەی شەنگال دانرا، هاوڵاتییانی شەنگال لەدژی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[3]
- فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا بۆردومانی گوندەکانی بناری قەندیلیان کرد.[4]
- هێزەکانی حسک لە شارەزوور بەبۆنەی دامەزراندنی حسکەوە مانۆڕێکی سەربازییان ئەنجامدا.[4]
- کۆمەڵێک پەرلەمانتار و چالاکوان و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووس، گردبوونەوەیەکیان بۆ ئازادکردنی هەڤرەس شوان ئەنجامدا، کە ماوەی 25 ڕۆژە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر کراوە.[3]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە و دامودەزگایانەی کە پۆلیس ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی لەسەر شانە، وەک پاڵپشتییەک هێزێکی زێرەڤانیش لەو شوێنانە جێگیردەکرێت.[2]
- لەمیانی پانێلێکدا، سالار مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، کە داگیرکارییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە پەکەکەوە نییە و چەندین ئامانجی دیکەی سەربازیی و ئابوریی هەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 08-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-08-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-08-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 09-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 08-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 221

**2018-08-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180809000000152209



رۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی مەدنیی کورد بە ناوی سەحەر کازمی خەڵکی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری سنەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری کرماشان، وەرزشکارێکی کورد بە ناوی عادڵ کەرەمی، تەمەن 25، لە لایەن کەسێکی نەناسراوە هێرش کرایەوە سەری و لە ئاکامدا بە هۆی کاریگەربوونی برینەکەیەوە گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆن ئەنجامی دەست ژمێریی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراقی راگەیاند، شایانی باسە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەنجامەکانی پێشوودا روونەدا.[4]
- بەرپرسێکی دەستەی دەسپاکی هەرێم رایدەگەیەنێت، دوای وردبینیکردن لەناوی کاندیدانی لایەن و قەوارە سیاسییەکانی هەرێم، هیچ کاندیدێک کێشەی نەبووە و ناوەکانیش ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کران.[1]
- بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق رایدەگەیەنێت، بەر لە جەژنی قوربان بەغدا 317 ملیار دینارەکە بۆ مووچە دەنێرێت بەپێی سەرچاوەیەکی حکومەتی هەرێمیش پێش جەژن مووچەی سەرجەم وەزارەتەکان دابەشدەکرێت.[1]
- دانانی پردی ئاسن و بازگەی هاوبەش لە رێگەی هەولێر - کەرکوک دەستیپێکرد و بڕیارە پێش جەژن رێگەکە بکرێتەوە.[2]
- لە روونکردنەوەکەیدا ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان رەتیکردووەتەوە، هیچ رێگرییەکی لە پێدانی مۆڵەت بە کەناڵی ئازادی کردبێت.[1]
- چوارەمین پێشبڕکێی وێنەکێشان، چیرۆک و هەڵبەستی شەهید دەنیزی فورات بە پێشەنگیی یەکێتی خوێندکارانی ئازاد (یەخەئا - YXA) لە کەمپی پەنابەرانی شەهید رۆستەم جودی لە مەخموور، لە هۆڵی کۆنفرانس بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە نوێنەری رێکخراو و دەزگاکان و میوانانی دەرەوە و ناوخۆ بەڕێوەچوو.[3]
- لە سنوری شارۆچکەی رواندز، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کادیرێکی یەکێتی کوژرا و برایەکیشی بریندار کرا. ئە وکەسەی کوژراوە ناوی (نەوزاد شێخە برایم)ە وکادیری یەکێتییە، برایەکیشی کە بریندار بووە ناوی (شێرزاد)ە. ئەم شەڕە پاشتر سەریهەڵدایەوە و ژمارەی کوژراو و بریندار گەییشتە 5 کەس[1]
- بەهۆی کەمتەرخەمی و فڕێدانی جگەرە، ئاگر لە بەشێکی پارکی مەلیک مەحمود لە سلێمانی کەوتەوە و بەهۆیەوە دەیان دار سووتان.[4]
- بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دوو هەفتەی سەخت لەبەردەم کارەبای هەرێمی کوردستاندا ماوە. گوتیشی بەپێی ئەو پلانەی هەیە لە زستاندا نزیکەی 900 مێگاوات کارەبا زیاددەبێت، بەوەش دۆخی کارەبا دەگەیەنێتە قۆناخێکی زۆر باش.[2]
- 14 حیزبی تورکمانی و عەرەب ئامادەکاریی دەکەن بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لە کەرکوک و رازی نین لە دەرئەنجامی ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست. ئەوان داوا دەکەن، ئیدارەی کەرکووک مۆڵەتیان پێ بدات بۆ ئەو مەبەستە.[2]
- لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەچاودێری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و تۆڕی پێکهاتەکانی کوردستان لەژێر دروشمی (پێکەوە ژیان و ئاشتی) چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو.[1]
- مەعسومە ئەحمەدی، هاوژینی هەژار موکریانی، لە هەولێر کۆچی دواییکرد.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی زانیارییەکان، چەتەکانی لیوای هەمزەی سەر بە تورکیا ئەمڕۆ بە نزیکەی 30 ئۆتۆمبێلەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی بورج حەیدەر-ی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین و نیوەی دانیشتوانی گوندەکەیان ڕفاندووە. ئاژەڵدارانی ناوچەکە ڕایانگەیاند کە چەتەکان دەستیان بەسەر تەلەفۆنی هەموو دانیشتوانی گوندەکەدا گرتووە و هاتووچۆی گوندەکەشیان قەدەغە کردووە. بەشێک لە وکەسانەی کە ڕفێندراون و ناسنامەیان ئاشکرا بووە، بریتین لە: سەیدۆ عەلی سلێمان، گولێ خەیری (30 ساڵان)، عەبدالحی زەکەریا حەسەن (25 ساڵان)، عەگید

ڕەشید حەسەن (26 ساڵان)، ئەحمەد ڕەشید حەسەن (22 ساڵان)، محەمەد حەسەن ناسرۆ (53 ساڵان)، باسل عەدنان محەمەد (22 ساڵان).[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە دەریای ئیجەی تورکیا لەکاتی پەڕینەوەیان بۆ یۆنان، بەهۆی وەرگەڕانی یەختەکەیانەوە، دایکێک و سێ کچی کوردی دانیشتووی خورماتوو خنکاون و باوک و کوڕێکی خێزانەکەش ڕزگاریان بووە.[1][4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-11



کاتی تۆمارکردن: 2018-08-09 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 222

**2018-08-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180810000000152210




باکووری کوردستان
- 88-ەمین داواکاری خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە بۆ سەردانیکردنی زیندانی ئیمرالی، لەلایەن داواکاری گشتیی دادگای کۆماریی بورسای تورکیاوە ڕەتکرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو تەرمی گەنجێک لە گەڕەکێکی کوردنشینی کەرکوک دۆزرایەوە، سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی شارەکە دەڵێت لەلایەن ژنەکەیەوە کوژراوە. وتیشی گەنجەکە ناوی (محەمەد شێرکۆ)یە و تەمەنی 18 ساڵەو پێشمەرگەیە.[1]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، دوای چاودێریکردنی گازینۆکان و کافتریاکانی شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە، زانرا لەبەشێک لەوشوێنانەدا قومار دەکرێت، دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەر و گەڕان و پشکنین 60 کەسیان دەستگیرکردووە.[1]
- نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ کاتژمێر 05:00ی ئێوارە، لە دژی بێسەروشوێنکردنی محەمەد وەفا کۆچاکلی، ئەندامێکی هەدەپە، لە بەردەم ئاسایشی ڕاپەڕینی هەولێر خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن. ئاسایشی هەولێر ڕێگەی نەدا ئەم خۆپیشاندانە بکرێت[4]
- لە باشوری کەرکوک دوو چەکداری داعش لەبۆسەیەکی هێزە عێراقییەکاندا کوژران، تەرمی گوندنشینێکی رفێندراویش بەکوژراوی دەدۆزنەوە.[1]
- لە سەیرانگای خۆرنەوەزانی سەر بە شارۆچکەی کفری لە گەرمیان، ئاهەنگێک بۆ یادی 34 مین ساڵیادی 15ی ئاب، دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە بەڕێوەچوو.[4]
- ئۆفیسی سلێمانی کونسوڵخانەی تورکیا پێدانی فیزا بەهاوڵاتیانی شاری سلێمانی دەستپێدەکاتەوە و لەمەدوا لەشاری سلێمانی مامەڵەکانیان لێ وەردەگیرێت.[1]
- لەڕووداوێکی هاتوچۆدا لە نزیک شارەدێی دیبەگە، بەڕێوەبەری ئاوی مەخموور گیانی لە دەستدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، تەقینەوەیەکی گەورە لە شوێنی حەوانەوەی سەربازان وچەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی باسیلێ-ی سەربە شێراوا ڕوویدا.[2]
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک، هەڵیان کوتایە سەر گوندی بورج حەیدەر-ی سەربە شێراوای عەفرین وچەندین کەسیان ڕفاندووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا لە نوێترین هەڵوێستیدا لەبارەی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتەکەی و تورکیا دەڵێت، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا باشنین. گوتیشی، باجی سەر ئەلەمنیۆم و ئاسنی تورکیا دوو هێندە زیاد دەکەین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 10-08-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-08-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-08-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 10-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 10-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 223

**2018-08-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180811000000152211



رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حیزبی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە ماڵپەڕی ڕەسمی ئەو حیزبەدا، شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ سپای پاسدارانی پشتڕاست کردووتەوە و ڕایگەیاندووە: شەوی رابردوو، شەڕێکی توند لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سپای پاسداران لە شاخەکانی کێلەشینی شنۆ ڕوویدا کە نزیک بە 5 کاتژمێری خایاند.[5]
- هێزە نیزامییەکانی جێگر لە پایگای بێوران، 12 کۆڵبەری کوردی خەڵکی گوندەکانی شاری سەردەشتیان دەسبەسەر کرد.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەمساڵی خوێندن لە کۆیی 490 بەش لە کۆلێژەکانی ئێوارانی بەشی زانستی و یاسا زیاتر لە 202 بەشی داخست، لەبەرامبەردا ڕێژەی خوێندنی پاراڵێلی لە 10%-وە بۆ لە 40% بەرزکردەوە.[1]
- لایەنە تورکمانییەکانی کەرکوک داوای پۆستی پارێزگاری کەرکوک دەکەن. لە پرۆژەیەکی نوێدا بەرەی تورکمانی بەمەرجی وەرگرتنی ئە و پۆستە، ئامادەن ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک کارابکەنەوە و پۆستە ئیدارییەکانیش بەرێژەی 32% دابەش بکەن.[3]
- قایم مەقامی شەنگال مەحما خەلیل رایگەیاند: حەشدی شەعبی لە رەبیعە کشاوەتەوە و بریاری کشاندنەوەی لە شەنگال داوە.[1]
- رێکخراوی یونسکۆ لەهەر سێ شاری هەولێر و دهۆک و سلێمانی، خولی ڕاهێنان لە پیشەکانی (کارەبا، ساردکەرەوە) دەکاتەوە و ئاشکرایدەکات خولەکە بۆ ئە وکەسانەیە کە بێکارن.[2]
- لە کاتی پەردەلادان لەسەر پەیکەری (کلتور و خۆشەویستی)ی لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لە سلێمانی، پرۆژەی خەڵاتی گەل ڕاگەیەنرا و ئەمساڵ وەک یەکەم ساڵ دەبەخشرێتە کۆچەر بیرکار.[2]
- سەرکردەی یەکەمی چوار لایەنە نارازییەکە (گۆڕان، یەکگرتوو، هاوپەیمانی و کۆمەڵ)

رایدەگەیێنن، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕەتدەکەنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشە دڕندانەکەی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەروچەتەکانی لە عەفرین بەردەوامە. دەوڵەتی تورکیای داگیرکەروگروپەچەتەکانی بەشێوازێکی دڕندانە بەربوونەتە گیانی ژینگەی عەفرین ولەناوی دەبەن. سەرچاوەیەکی هەرێمی لەم بارەیەوە زانیاری داوەتە ئاژانسی هاواروئاشکرای کردووە کە سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەرلە گوندی هۆپ-ی ناوچەی ڕاجۆ دارە زەیتوونەکان دەسووتێنن.ڕاگەیەنرا کە 5هەزارداری زەیتوون-ی هاووڵاتییەک بەناوی ناسان محەمەد سوتێنراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- دەسەڵاتدارانی تورکیا هۆشداری دەدەن لەوەی زیادکردنی باج لەسەر مادده کانزاییەکانی وەکو ستیل و ئەلەمنیۆم لەلایەن دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، زیان بە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەگەیەنێت، بەڵێنی وەڵامدانەوەش دەدەن.[2]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، گوتارێکی بەزمانی ئینگلیزی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەناونیشانی تورکیا چۆن دەڕوانێتە قەیرانەکەی لەگەڵ ئەمریکا بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەداوە، 60 ساڵە تورکیا و ئەمریکا هاوپەیمانن، بەڵام ئەگەر ئەمریکا ڕێز لە سەروەرییەکانی تورکیا نەگرێت و هەستیاری گەلی تورکیا لەبەرچاو نەگرێت، هاوپەیمانێتییەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە و دەڵێ ئەگەر ئەمریکا کۆتایی بەم بێڕێزییە نەهێنێت، تورکیا دەستدەکات بەدۆزینەوەی دۆستێک و هاوپەیمانێکی نوێ.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | حزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 11-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 11-08-2018

[4] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-11 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 224

**2018-08-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180812000000152212



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتیەکان 'دەبەپە' لە ناوچەی چووکوورۆڤا حەیدەر یوکسەل، لە ئەدیرنە دەستگیر کرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەبوور یاری تەمەن 31 ساڵ خەڵکی گوندی شمشێر، سەر بە بەخشی ناوەندیی شاری پاوە بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو و لەو ڕووداوەدا لاقی ڕاستی لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- هاووڵاتییەکی بە ڕەگەز ئەمریکی لە رووباری بلێی سنوری شارۆچکەی مێرگەسوور خنکا.[2]
- ئەمرۆ، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی گەنجان، رێکخراوی ئەنجومەنی گەنجانی کوردستان بە ئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان و هاووڵاتیان بەوبۆنەیەوە فێستیڤاڵیکیان لە شانۆی ڕۆمانی لە پارکی هەواری شاری سلێمانی رێکخست و چەند چالاکییەک بەرێوەچوو.[2]
- ئامادەکاریی بۆ دانانی پردی ئاسن لەرێگەی هەولێر - کەرکوک دەکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر دانانی پردی ئاسن و بازگەی هاوبەش رێککەوتن و بریارە پێش جەژن رێگەکە بکرێتەوە.[3]
- ئەمرۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی بۆ لیست و قەوارە و کاندیدانی هەڵبژاردنەکەی 30ی ئەیلولی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دیارییکرد. بەپێی بەیاننامەکە، لە کاتژمێر 12-ی شەوی 5-ئەیلول بانگەشەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات تاوەکو کاتژمێر 08:00 ئێوارەی 28-09-2018.[4]
- بەرێوەبەرایەتیی پۆلیسی راپەرین رایگەیاند، شەوی رابردوو لە گوندی زەنگڵان-ی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەری شارۆچکەی پشدەر، ئافرەتێک خۆی خنکاندووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا ئەمجارەیان لە گوندی ئەبلەی ناوچەی بلبلێ لە عەفرین، هاووڵاتییەکی مەدەنییان بە ناوی عەدنان شەمسەدین حوسێن کوشت.[1]
- پارتییە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل لە عەفرین و شەهبا، دەربارەی بەردەوامیی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی دژ بە عەفرین ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و هێرشەکانیان ئیدانە کرد.[1]
- چەتەکانی فەیلەق شام ئێوارەی ئەمرۆ لە ناوچەی جندرێس لە عەفرین 2 هاووڵاتی تریان رفاندووە. ئەو 2 هاووڵاتییە ناوەکانیان بریتییە لە: حەسەن هۆرۆ و محەمەد عوسمان.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کەناڵی سکای نیوز بڵاویکردەوە بەهای لیرە بەردەوامە لەدابەزین و نرخی دۆلارێک بوو بە 7.22 لیرە، ئەوەش نزمترین ئاستی بەهای لیرەی تورکییە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی کە لە مێژوودا بەخۆیەوە دەیبینێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏢 پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مێرگەسوور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-12
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-12
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-12
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-12
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 225

**2018-08-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180813000000152213



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای باگۆک و دەوروبەری دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن کرد.[3]
باشووری کوردستان
- دەرچوانی بەشی پزیشکی گشتی و ددان و دەرمانخانە، لەبەردەم بینای پارێزگای سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ، لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکوک بەشێک لە ئەنجومەنی گەڕەکەکانی کەرکوک خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر خەرج نەکردنی بڕی ئەو 250 هەزار دینارەی وەک مووچەی مانگانە بۆ هەریەکەیان تەرخانکراوە و دەبێت لەڕێگای قائیمقامیەتی کەرکوکەوە پێیان بدرێت.[2]
- بەبیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکیان لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی و ئاکرێی سەر بە پارێزگای دهۆک بۆردومانکرد.[1]

- بەهۆی بەرزی و نزمی دراوی کۆماری ئیسلامی ئێران، بازرگانان لە شاری سلێمانی توشی زیانبوون و بەشێکیشیان مەمەڵەکردنیان لەگەڵ بازرگانانی ئەو وڵاتە وەستاندووە.[1]
- دایکێک و چوار منداڵی کوردی ئێزدی لە دەستی داعش رزگارکران، دایکەکە ناوی غەزال عەلییە و منداڵەکانیشی ناویان حەبیب حوسێن، عەلی حوسێن، سامی حوسێن، دالیا حوسێنە.[4]
- پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە لە شارۆچکەی پێنجوێن کوڕێک دایکی خۆی کوشت.[4]
- دووەمین خەڵاتی وەدات حسێن، بەخشرایە هەریەکە لە ڕۆژنامەنووس و چالاکوان نیاز عەبدوڵڵا و ڕۆژنامەنووس کاروان سالار.[2]
- بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجانی شارۆچکەی پێنجوێن، ماراسۆنێکی ماوە درێژ کە لەلایەن ناوەندی وەرزش و لاوان بەهاوکاری گروپی ژیانەوە رێکخرابوو لەبەردەم قایمقامیەتی قەزای پێنجوێن تا دەروازەی قەزاکە بەرێوەچوو.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بە بەشداری ژمارەیەک هاوڵاتی، کە زۆربەیان گەنج بوون، لە دورگەیەکی وڵاتی یۆنان یادی وەدات حسێن، پەیامنێری تیرۆرکراوی ڕۆژنیوز کرایەوە.[3]
- داواکاری گشتی تورکیا دەستیکرد بە گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی توند لە دژی ئە و کەس و لایەن و دامەزراوانەی بە وتەی ئەوان رۆڵیان لە دابەزاندنی نرخی لیرەدا هەبووە بەرانبەر بە دۆلاری ئەمریکی و بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی دابەزینی نرخی لیرەش ئەنقەرە مامەڵەی لەدۆلارەوە گۆڕی بۆ یۆرۆ.[1]
- ئەنگێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەڵمانیا رایگەیاند، ناسەقامگیری ئابووری لە تورکیا لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێک نییە.[4]
- دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا پرۆژە یاسایی بودجەی ساڵی 2019ی پنتاگۆنی واژۆکرد. بە واژۆکردنی ئەو پرۆژە یاسایە فڕۆکەی جەنگیی جۆری ئێف 35 (F-35) بە تورکیا نادرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 13-08-2018

[4] 👍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-08-2018
[5] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 13-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 226

**14-08-2018**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180814000000152214



باکووری کوردستان
- ماوەی هەفتەیەکە دارستانەکانی پارێزگای دێرسیم دەسووتێن و ئاگرەکە بۆ حەوت ناوچەی ئەو پارێزگایە تەشەنەی کردووە. ناوچەکانی (دەیرمەن دەرە، زۆگار، زەنگە، کۆچەری، بۆزان،کۆسک ئۆزلوجا و دوندول)یشی گرتووەتەوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چیای سنجاک-یان لە سنووری ناوچەی خۆزات لە پارێزگای دێرسیم بۆردومانکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، ئەمجەد حسێن پەناهی، برای ڕامین حسێن پەناهی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەردا ڕایگەیاند، کە شەوی ڕابردوو کاتژمێر 11:00 ڕامین گوازراوەتەوە بۆشوێنێکی نادیار.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بەناوی ئیسماعیل عەزیزی خەڵکی شاری مەهاباد، لە سنووری کانی زەردی سەردەشت بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان گیانی لەدەستدا.[6]
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی محەممەد حەمزە پوور خەڵکی گوندی باساوێ و ڕێبوار خزرپوور خەڵکی گوندی میر شێخ حەیدەر لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە تەقەیان لێکرا و بە سەختی بریندار بوون.[6]
- کاتژمێر 21:30 خولەک، یەکێک لە مەئموورانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە ناوی سەرگورد حەسەن مەلەکی، لە شاری ڕوانسەر، لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- یەکەم و دووەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر ئاستی زانکۆکانی هەرێم لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوا دەکەن دابمەزرێن، چونکە حکومەتی هەرێم پێشتر ئە و بڕیارەی داوە. یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان لە 2015-2016 خوێندنیان تەواو کردووەو ژمارەیان هەزار و 300 کەسە.[3]
- لە گەرلەری زاموا-ی شاری سلێمانی بۆ یەکەمجار پێشانگەی فۆتۆگرافی هاوچەرخ و دیجیتاڵ ئارت کرایەوە.[3]
- فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بۆردومانی ژمارەیەک گوندی شارەدێی سیدەکانیان دەستپێکردەوە و بەوهۆیەوەش ئاگرێکی گەورە لە نزیک گوندێکی شارەدێکە کەوتۆتەوە.[3]
- دانیشتنی دادگای فیدراڵی بۆ بڕیاردان لەبارەی یاساییبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان و فرۆشتنی، دواخرا بۆ 29ی ئاب.[1]
- لەچوارچێوەی کۆبونەوەیەکی نێوان وەزیری کشتوکاڵ و وەفدێکی هاوبەشی کورد و تورکمان بڕیاردرا بەڕاگرتنی پێدانەوەی زەویە کشتوکاڵییەکانی کەرکوک بە عەرەبی هاوردە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر، دوێنی شەو لە عەفرین هەڵیان کوتایە سەرماڵی کوردەکان و 2 ژنی کوردیان ڕفاند.[2]
- تیمێکی تایبەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات، خانەوادەیەکی ئێزدی لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[4]
دەرەوەی کوردستان

- بەگوێرەی ئاژانسە هەواڵە ناوخۆکانی ئێران، شەوی ڕابردوو عەلی خامنەیی، لە کاتی پێشکەشکردنی وتارێکدا، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ڕێبەرایەتییەکەیدا، دانی بە هەڵەبوونیدا نا. خامنەیی وتی: ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکان هەڵە بوو، لەو بارەویەوە بەندە هەڵەم کردووە، بەهۆی پێداگری چەند کەسێک، ڕێگەم پێدان کە ئەزمونی بکەن، هەرچەند ئەوان هێڵە سوورەکانیان تێپەڕکرد.[4]
- لە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی تورکیا لە شاری ئەنکارا دەیان ئەندامی هەدەپە دەستگیرکران. لەو هێرشەدا بەڕێوەبەری شاری ئەنکارا مەحموود ئەمین ئاقجی، نامزەدی پارلمانتاری هەدەپە و وتەبێژی پێشووی مەجلیسی ژنان-ێ ئەنکارا ئیپەک گور، هاوسەرۆکی ناوچەی چانکایا-ی هەدەپە ڕەمەزانکاراکوچ، بەڕێوەبەری ناوچەی کەچێورەنێ-ی هەدەپە فێگەن ئونجو وگولهان ئاکنجی، دایکی ئاشتی قەدریە ئوزگەن و مونیب کۆچ دەستگیر کران.[2]
- تورکیا بە فەرمی بایکۆتی خستەسەر کەرەستە ئەلەکترۆنییەکانی ئەمریکا.[5]
- حەیدەر عەبادی سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کۆبووەوە، بەپێی سەرچاوەکان کۆبوونەوەکەیان تایبەت بووە بە پرسی ئاو، ناردنی نەوتی کەرکوک لە ڕێی تورکیاوە و هەروەها پرسی بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەرە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-14
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-14

کاتی تۆمارکردن: 14-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 227

## 2018-08-15

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815000000152215



باکووری کوردستان
- سەر لەبەیانیی ئەمڕۆ لە ناوچەی جزیر لە پارێزگای شرنەخ لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا چەندین کەس دەستگیرکران. کەسە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تورک لە جزیر. ناوی چەند کەس لە دەستگیرکراوەکان بڵاوبووەتەوە کە بەم شێوەیەین: نورەدین بایک، حەنیفە ساکین، عادل چۆملەک و فاروق جیلاسون.[4]
- سەڵاحەدین دەمیرتاش، لە زینداندا چاوی بە خێزان و کەسوکارەکەی کەوت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مووسا مەحموودی، تەمەن 45 ساڵ، خەڵکی گوندی گوندەوێڵەی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- فەرهاد سەحراپەیما زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی شاری ورمێ، کە شەشەمین ساڵی زیندانبوونی لەو زیندانەدا تێدەپەڕێنێ، لە هەمبەر ڕەزامەندنەبوونی دادگا بۆ ئازادکردنی و بەڕێوەنەبردنی مادەی 134 کۆکراوەی حوکمەکان دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن.[6]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 17:00ی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیای داگیرکەر دەستیان بە بۆردومانی هەرێمی شەنگال کرد. فڕۆکە جەنگییەکان دۆڵی شیلۆ-ی شەنگال و دەوروبەریان کردووەتە ئامانج.[4]
- هەندێک سەرچاوە لە بۆردومانەکەی ئەمڕۆی شنگالدا باس لەوە دەکەن کە سەرپەرشتیاری دەڤەری شنگال و ئەندامی کۆمسیۆنی گەل – پەکەکە ئیسماعیل فەرمان ناسراو بە زەکی شنگالی و حەربۆ خدر مردۆ هەماهەنگکار لەنێوان حکوومەتی عێراق و پەکەکە و مەزلووم ڕۆس، فەرماندەی چەکدارانی یەبەشە- ئەندامی پەکەکە کە خەڵکی ئەرمینیایە و هەروەها ژمارەیەک شەڕڤانی تر گیانیان لەدەستدا و برینداربوون.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر کە لە باکووری کوردستان بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئاگر لە دارستانەکان بەردەدات، لە دەوروبەری گوندی دەشتی کافیە و گوندی گوزوێ-ی سەر بە هەرێمی گارا-ی باشووری کوردستانیش ئاگری لە دارستان بەردا.[4]
- لە هەولێر، بە تۆمەتی قاچاخچێتی دەرمان شەش کەس دەستگیرکران و چوار دەرمانخانەش داخران، قایقمامی ناوەندی هەولێریش دەڵێت بەدواداچوون بەردەوامی دەبێت.[1]
- یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی لە هۆتێل دیڤانی هەولێر بەڕێوەدەچێت، کۆنفرانسەکە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو و ئۆفیسی ڕزگارکردنی ڕفێندراوە ئێزدییەکان ڕێکخراوە و تۆڕی میدیایی ڕووداو سپۆنسەری کۆنفرانسەکەیە.[2]
- ئەمڕۆ تەرمی ئەو چوار کەسەی، کە لە دەریای ئیجەدا خنکان، گەڕێندرانەوە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین و لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردران.[3]
- لە ڕێگەی دانانی بۆمبێکی موگناتیسی بەئۆتۆمبێلەکەیەوەو تەقاندنەوەی، فەرمانبەرێکی وەقفی سونی لە کەرکوک کوژرا و سەرنشینێکی دیکەی نێو ئۆتۆمبێلەکەش بریندارابوو.[1]
- لە سنووری شارەدێی سەرگەرانی سەر بە شارۆچکەی دوبز (ڕۆژئاوای کەرکوک) بۆمبێکی چێنراو بەئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە چوار سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکە برینداربوون کە ئەندامی یەک خێزانن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی قەستەل کشکێ-ی سەر بە ناوچەی شەرا-ی عەفرین 15 هاوڵاتیی سیڤیلیان ڕفاند.[4]

دەرەوەی کوردستان
- واشنتن هۆشداریدەداتە عەبادی و رایدەگەیەنێت، پێشێلکردنی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، وادەکات عێراق دوچاری هەمان سزا ببێتەوە.[1]
- رۆژنامەی قودسی عەرەبی لە راپۆرتێکیدا ئاشکرایکردووە، حکومەتی هەرێم لە دوای کەوتنی رژێمی پێشووی عێراقەوە لە ساڵی 2003، بەهۆی چەند پێشێلکارییەکەوە نیو تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی قەرزاری بەغدادە.[1]
- میدیاکانی تورکیا، بڵاویانکردەوە، حکومەتی تورکیا باج لەسەر بەرهەمە هاوردەکانی ئەمریکا زیاددەکات لە نێوانیاندا ئۆتۆمبێل و خواردنەوە کحولییەکان و جگەرە.[1]
- لەپاش ئەوەی ئەمڕۆ دادگای تورکیا رەتیکردەوە ئەندرۆ برۆنسۆن قەشەی ئەمریکی ئازاد بکات کۆشکی سپی ئە و وڵاتە بەتوندی وەڵامی ئەنقەرەی دایەوە. کۆشکی سپی رایگەیاند تورکیا کێشەی ئابوری و سیاسی هەیە و نیگەرانین لە هەنگاوە نوێکانی تورکیا دژ بە ئەمریکا. وتیشی تورکیا وەک تۆڵە باج دەخاتە سەر هەناردەی ئەمریکا و ئە و هەنگاوانە بەئاراستەیەکی هەڵەدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-15
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-16

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 228

**2018-08-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180816000000152216



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد، چەند کەسێک لە ئەندامانی بنەماڵەی حیزبە کوردییەکانی بانگهێشتی ئەو ئیدارە حکوومەتییە کردووە و داوای لێ کردوون، کە بچن کوڕەکانیان کە ئەندامی حیزبە کوردییەکانن بیانهێننەوە.[3]
- فەردین مستەفایی، بەڕێوەبەری کاناڵی هەواڵیی سەقز ڕووداو و ناسر بارامپوور، بەڕێوەبەری کاناڵی شار سەقز، بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە داخرانی ڕێگای سنووریی کۆڵبەران، بانگهێشتی ئیتلاعاتی سپا کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا.[3]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر، سلێمانی، شنگال، کەلار و ڕانیە خۆپیشاندانی نارەزایی بۆ هێرشەکەی دوێنێی شنگال بەڕێوەچوو.[6]
- هاوسەرۆکایەتیی کەجەکە ڕایگەیاند، بەگوێرەی زانیارییەکان لە شەنگالەوە، گومان دەکرێت کە هێزی نزیک لە پارتی یان حکومەتی عێراق هاوکارییان کردبێت بۆ بە ئامانج گرتنی مام زەکی شنگالی، ڕاشیدەگەیەنن: گەر دەستی ئەوانی تێدانییە، با بەفەرمی شەرمەزاری بکەن و ڕوونکردنەوە بدەن.[2]
- عەلی عەونی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت حزبەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە هێرشەکەی دوێنێ سەر شەنگالەوە نییە و دەڵێت پێویست ناکات پەکەکە داوای ڕونکردنەوەمان لێبکات.[1]
- وتەبێژی یەکێتی، لەبارەی هێرشی فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر شەنگال و شەهیدکردنی زەکی شەنگالی، دەڵێت: ئێمە لایەنگری ئەوەین لێکۆڵینەوە بکرێت لەو ڕووداوە و پێویستە ئاسمانی عێراق بپارێزرێت.[2]
- پەروەردەی گشتی کەرکوک بڕیاریداوە بەدابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون لەسەر ڕێگەی کەرکوک – سلێمانی بەسەر مامۆستایاندا، بەڵام بڕیارەکە مامۆستایانی خوێندنی کوردی ناگرێتەوە.[1]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک لە گوندی بەرمیزەی ناوچەی برادۆستەوە، بۆردوومانی گوندەکانی کۆلیت، ناودارۆک و سنین-ی ناوچەی برادۆستیان کرد و بەهۆیەوە زیان بە ژینگەی ناوچەکە گەیشت و ڕووبەرێکی زۆر لە پووش و پاوان سووتان.[2]
- بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی لێدوانێکی لەسەر هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر شەنگال بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، جارێکی دیکە برینی خەڵکی شەنگال و کۆچۆ و دەوروبەریان کولاندەوە و خاڵێکی دیکەی ڕەشیان لە مێژووی تاوان و کوشتن و ستەمکاریی تۆمار کرد.[2]
- لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یادی 72 ساڵەی ئەو حیزبە، لە سلێمانی بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە بەرپرس و لایەنگر و هەوادارانی پارتی چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا وچەتەکانی لە گوندی گورزەلە-ی شێراوا-ی عەفرین 5 هاووڵاتیان ڕفاند وداوای فەدیە لەبنەماڵەکەیان دەکەن. بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی هاوار ئەو کەسانەی کە ڕفێندراون: عەگید عەبدولڕەحمان(25)، ئەحمەد یوسف عەبدولڕەحمان(28)، جەمال ئۆلۆ(23)، نووری محەمەد(44) و یوسفعەبدولڕەحمان (68) ساڵ تەمەن ڕاگەیەنراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری کشتوکاڵی عێراق ڕایدەگەیەنێت، تورکیا ڕەزامەندیداوە لەسەر دواخستنی پڕکردنەوەی بەنداوی ئەلیسۆ تا ساڵی داهاتوو.[1]
- ستیڤن منوچین وەزیری خەزێنەی ئەمریکا ڕایگەیاند ئەمریکا ئامادەیە سزای زیاتری تورکیا بدات گەر قەشە ئەمریکییەکە (ئەندریو برەنسن) ئازاد نەکرێت.[1]
- پشکێنەرەکەی وەزارەتی نەوت لەبارەی نووسراوی قەدەخەکردنی بەکارهێنانی دەستەواژە و

زمانی کوردی لە نووسراوەکانی کۆمپانیای گازی باکوور روونکردنەوە دەدات و رایدەگەیێنێت، بەهیچ شێوەیەک مەبەستم قەدەخەکردنی زمانی کوردی نەبووە.[5]
- ئاژانسی فرانس پرێس بڵاویدەکاتەوە، پارێزگای نەجەف دووچاری قەیرانی ئابوری بووەتەوە بەهۆی ئە و سزایانەی کە ئەمریکا سەپاندوویەتی بەسەر ئێراندا و دەشڵێت ئوتێلەکان و بازاڕەکان چۆڵ بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 16-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-08-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 16-08-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-16 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 229

**2018-08-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180817000000152217



باکووری کوردستان
- کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە ڕایگەیاند، کە هێرشی سەر شەنگال لە ئەنجامی ڕێککەوتن و بازرگانییەکی گەورە ئەنجامدراو ە و زۆری پێناچێت کە خۆشی هێرشەکە لە قوڕگیان دەگیرێت.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی پاسووری ئامەد ئاگری لە دارستان بەردا. ئە و ئاگرکەوتنەوەیەی بەهۆی گولەبارانی سوپای تورکیا دەستی پێکردبوو، دەیان هەزار هێکتار دارستانی سووتاندووە و سەربازانیش ڕێگە نادەن ئاگرەکە بکوژێنرێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو هەڵۆکانی زاگرۆس، ماشینی هەڵگری هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە جاددەی بەردەبووک-بانە لە لایەن گرووپێکی چەکدارەوە درایە بەر دەسڕێژی گووللە و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، چوار کەسیان کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون.[2]
باشووری کوردستان
- دوو فڕۆکەی جەنگی تورکیا ژمارەیەک گوند و ئاوایی لە دەڤەری پشدەر و باڵەکایەتی بۆردوومان دەکەن و بە و هۆیەوە لە چەند بەرزاییەکی ناوچەکان ئاگر کەوتووەتەوە. ئە و گوندانەی بە سەختی لە بناری قەندیل کەوتوونەتەبەر بۆردوومانەکە و گوندی ئاوەدانن، بۆکریسکان و سەرگەلین لە دەڤەری پشدەر و لە سنووری شارۆچکەی قەسرێ سەر بە شارۆچکەی چۆمانیش گوندەکانی تەگەروێ و کەڵەکی باڵەیی بۆردوومان کراون.[3]
- بە بیانوی بوونی بارەگاکانی پەکەکە لە شارەدێ کانی ماسێ لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی هێزە ئاسمانیەکانی تورکیا ئەشکەوتێکی لە سنورەکە بۆردومانکرد.[1]
- بەرەی دیموکراسی گەل لەسەر هێرشەکەی شەنگال ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیان، لە جیاتی ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا، پێویستە حکومەتی عێراق هەنگاو بۆ دیموکراسی بنێت و کێشەکانی چارەسەر بکات.[4]
- عەلی قەرەداغی، ئەمینداری یەکێتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان ڕەتیدەکاتەوە لەهیچ شوێنێک باسی خەوبینین بە پێغەمبەر و هەڵگرتنی لیرەی تورکی کردبێت و رایدەگەیێنێت، دووڕووەکان بەناوی من و پێغەمبەری خواوە درۆ هەڵدەبەستن و بەداخەوە هەندێک خەڵکی ساویلکەش بڕوایان پێ دەکەن.[3]
- ئەمڕۆ، کەسوکاری 17 پێشمەرگەی دیلی دەستی چەتەکانی داعش، لە بەردەم بینای قائیمقامی شارەدێی قەرەهەنجیری سەر بە پارێزگای کەرکوک لە گردبونەوەیەکدا، دوای ئاشکراکردنی چارەنوسی نەوەکانیان کرد، کە هێشتا لە دەستی چەتەکانی داعشدان.[5]
- لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا سێ تاوەری کارەبا لەسنوری پارێزگای کەرکوک تەقێندراونەتەوە کە یەکێکیان بوەتە هۆی پچڕانی کارەبای پارێزگای نەینەوا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکایەتی تورکیا ئاشکرایدەکات، لەگەڵ بەغداد ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە سێ ناوچەی عێراق لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئەنجامبدەن.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق بوونی هەر جۆرە هەماهەنگییەک لەگەڵ تورکیا دەربارەی بۆردومان ئاسمانییەکان بۆ سەر شەنگال ڕەتدەکاتەوە.[1]
- بە ئامانجی شەرمەزارکردنی هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەرشەنگال کە بووە هۆی شەهید بوونی زەکی شنگالی ئەندامی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگەی ئێزدی، لە چەندین شاروناوەندی ئەورووپایی چالاکیی ئەنجامدرا.[4]
- سعودییە رایدەگەیەنێت، بە سەد ملیۆن دۆلار بەشداریدەکات بۆ هاوکاری هەوڵەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی بەشەکانی باکوری سوریا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-08-2018
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 17-08-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 17-08-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-08-2018
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 17-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 17-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 230

**18-08-2018**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180604102838104169



باکووری کوردستان
- بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی والی شرناخ هەرێمی فەراشین-ی ئیلکێ، هەرێمی مەزرا وگونەیاکا وهەرێمی سێگرکێ-ی قیلبانێ بەگشتی 66 هەرێم، وەک هەرێمی پاراستنی تایبەت دیاری کراوە و بۆ ماوەی 15 ڕۆژ قەدەغەی هاتووچۆی تێدا ڕاگەیەنراوە.[2]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ کاتژمێر 05:30 خولەک هەتاکۆ کاتژمێر 7 هێلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیا چیای سینجیک-یان لە دەرسیم بۆردومان کردووە. دوای بۆردومانەکە لە ڕێگەی هێلیکۆپتەرەوە یەکینەیەکی سەربازی سوپای تورکیا لە ناوچەکە جێگیر بووە ودەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردووە.[2]
- سەربازەکانی سوپای تورک لە گوندی پاکونیی سەربە چەولگ هێرشیان کردە سەر گڵکۆی گەریلای هەپەگە و کێلەکەیان شکاندن.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- محەمەدئەمین قازی خەڵکی گوندی گوندەوێڵە سەر بە شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپا دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی زەکی شەنگالی بەخاکدەسپێردرێت.[1]
- بە بەشداریی هەزاران کەس لە هاووڵاتییان، مەراسیمێکی بە شکۆ بۆ بەخاکسپاردنی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئێزدییەکانی شەنگال و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کەجەکە زەکی

شەنگالی، کە بەهۆی هێرشی دەوڵەتی تورکیاوە لە 15ی تەباخدا شەهید بوو بوو، لە مەزارگەی شەهید دڵگەش و بەرخۆدان، مەراسیمێکی بەشکۆ بەڕێوەدەچێت. تەرمی مام زەکی شەنگالی لەسەر شان برایە مەزارگەکە و لە مەزراگەکە مەراسیمێکی سەربازیی بۆ ئەنجامدرا.[2]
- خانەوادەی مام زەکی شەنگالی، بە مەبەستی بەشداریکردن لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی مام زەکیدا گەیشتنە شەنگال.[5]
- سەرلەبایینی ئەمرۆ لقی سلێمانیی پارتی ئازادی و دیموکراسیی ئێزدییەکان (پادێ - PADÊ) لە گردی عەلی ناجی نزیک بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سلێمانی پرسەی بۆ شەهید مام زەکی شەنگالی ئەندامی کوردیناسیۆنی ئەنجوومەنی گەلی ئێزدی دانا. ئەمرۆ یەکەم رۆژی پرسەکەی بوو. پرسەکە بۆ ماوەی 3 رۆژ بەردەوام دەبێت.[2]
- لە پێنجوێن کۆنفرانسێک بۆ موفتی پێنجوێنیی شاعیر بەڕێوەدەچێت، کۆنفرانسەکە دوو رۆژ دەخایەنێت.[1]
- گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق و پێکهێنانی کابینەی نوێ لەگەڵ پارتی، رەشنووسێکی 27 خاڵییان ئامادە کردووە. دەشڵێت چوار لایەنەکەی دیکە دەتوانن خاڵی دیکە بۆ رەشنووسەکە زیاد بکەن.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا چیای قەندیل-یان بۆردومان کرد. بەهۆی ئەو بۆردومانانەوە دارستانەکانی ناوچەکە ئاگری تێبەربوو.[2]
- دژی هێرشە ئاسمانییەکەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر شەنگال و شەهیدکردنی زەکی شەنگالی، ئەنجومەنی هەرێمی کەرکوکی تەڤگەری ئازادیی گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و وێڕای ئیدانەکردنی هێرشەکە، ئەو هێرشەیان بە زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر تەواوی خاکی باشوری کوردستان و بەتایبەتیش کەرکوک ناوبرد.[5]
- بە بۆنەی تێپەڕ بوونی سێ ساڵ بەسەر ناساندنی وەک(هاوناز ئەحمەد) یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە و دواجار دروست نەبوونی ناوەکەی، سەر لە ئێوارەی ئەمرۆ بە ئامادە بوونی کەسوکاری منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و بەرپرسانی حکومی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە مەراسیمێکی تایبەتدا هاوسۆزی و پشتیوانی بۆ مریەم هەڵەبجەیی سازکرا کە ئێستا ناوی خۆی ناوە (ژیان کامەران).[4]
- زەردەشتییانی کوردستان، جەژنی پەیمانیان لە ئەشکەوتی مێژووی قزقاپان پیرۆزکرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا شەشەمین کۆنگرەی ئاسایی ئاکپارتی بەڕێوەدەچێت و جگە لە هەدەپە سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بە فەرمی بانگهێشتکراون. پارتی تەنیا حیزبی باشووری کوردستان بوو کە بۆ کۆنگرەی ئاکپارتی بانگهێشتکرابوو.[3]
- لە شەشەمین کۆنگرەی ئاکپارتیدا لە کۆی 50 ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی بڕیار و بەڕێوەبردن تەنیا 21 ئەندام لە پۆستەکانیاندا مانەوە و ژمارەیەک لە وەزیر و بەرپرسانی ئاکپارتی لە ئەنجوومەنەک دوورخرانەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شڕناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دێرسیم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | TR ئەنکەرە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-18
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-18
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-18
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-18
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-19

کاتی تۆمارکردن: 2018-06-04 10:28:38 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 231

**2018-08-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180819000000152218



باکووری کوردستان
- ناوچەیەکی فراوان لە نێوان گوندەکانی سن و هۆپکا قرخان لە سەروی گەیکسویو لە دەرسیم لە دوێنێ شەوەوە ئاگری تێبەردراوە و تاوەکو دێت ئاگرەکە ناوچەی زیاتر دەگرێتەوە.[1]
- ماوەی 3 ڕۆژە دارستانەکانی سنووری دارا هێنێ لە چەلیک ئاگریان تێبەردراوە و لە ئاگردا دەسوتێن. گەلی هەرێمەکە دەیانەوێت بڕۆن ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام سەربازی تورکیا ڕێگریيان لێدەکەن و ناهێڵن ئاگرەکە بکوژێننەوە.[1]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا لە جۆلەمێرگ ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، 30 ناوچەی ئەو پارێزگایەی لە هاووڵاتییان قەدەغەکردووە. لە ڕاگەیاندراوی پارێزگاری تورکیا لە جۆلەمێرگدا هاتووە، 30 ناوچە لە ناوەندی جۆلەمێرگ، لە چەلێ، شەمزینان و گەڤەر لە ڕۆژی 22ی ئابی 2018ەوە و تاوەکو 5ی ئەیلولی 2018 کراون بە ناوچەی ئەمنیی تایبەت و لەو ماوەیەدا هەمووجۆرە هاتووچۆیەک لە هاووڵاتییانی ئەو ناوچانە قەدەغە دەکرێت.[1]
- نوێنەرانی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات - کەجەدە، بزووتنەوەی ژنانی ئازاد - تەژەئا، دایکانی ئاشتی، پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە، پارتی سۆسیالیست و ئازادی - ئۆسەپە و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل لە شاری ئامەد-ی باکووری کوردستان کۆبوونەوە و لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا ئیدانەی هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر شەنگال و شەهیدکردنی مام زەکی شەنگالی-یان کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییانی شاری مەریوان زبڵ و خاشاکەکانی ماڵەکانیان لە بەردەم بینای شارەداریی شاری مەریوان کۆ کردەوە و ئاگریان تێبەردا. نارەزایەتیی هاووڵاتییانی شاری مەریوان، لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شارەداریی ئەو شارە بە هۆی کۆ نەکردنەوەی زبڵەکان لە ناو شارەدا، بوو بە هۆی

نارەزایەتیدەربڕینی هاووڵاتییانی ئەو شارە.[6]
- دادستانی شاری سەقز حوکمی وەگەڕخستنەوەی دۆسیەی ئەندامانی پێشووی حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێرانی دەرکرد و ئەو کەسانەش لە لایەن ناوەندە ئیتلاعاتییەکانەوە بانگهێشت و لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێت.[6]
- لاوێکی کورد بە ناوی تەوحید حەقدار تەمەن 19 ساڵ، کوڕی بارزان، خەڵکی گوندی دۆستان سەر بە ناوچەی شپیرانی شاری سەڵماس بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری شاری شنۆ گیانی لە دەست دا.[6]
- لاوێکی کورد خەڵکی شاری ئیلام، بە ناوی محێدین غەیاسی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە سەردەشتی چیای شەنگال، بۆ مام زەکی شنگالی، ئەندامی کۆردیناسیۆنی جڤاکی ئێزدی، پرسە دانرا.[5]
- بەهۆی پردێکی کاتیی ئاسنینەوە، ڕێگای کەرکوک - هەولێر دوای 10 مانگ لە داخستنی کرایەوە و بڕیاریشە لە نێوان کەرکوک و شارەکانی هەرێمی کوردستان خاڵی گومرگی دابنرێت.[2]
- قایمقامی خورماتوو رایدەگەیەنێت بەمەبەستی هاوسەنگی هێز لەخورماتوو فەوجێک لەهێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا دروستدەکەن کە هەموو نەتەوەکان وەکو یەک مافی دامەرزاندنیان تێدا هەیە.[3]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی پاشماوەی داعشەوە لە شنگال گەنجێک گیانی لەدەستدا.[3]
- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم رایدەگەیەنێت، کە زۆرترین کاری مافیایی دەرمان لە هەولێر ئەنجامدەدرێت و زۆرترین دەرمانی ماوە بەسەرچوو لەسەر خەڵکی هەولێر تاقیدەکرێتەوە، داوا لە حکومەتی هەرێمیش دەکات بەرپرسانی پشت بازرگانیکردن بە دەرمانی ماوە بەسەرچوو، دەستگیربکرێن.[3]
- هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەمرۆ یان رۆژانی رابردوو هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بافڵ تاڵەبانی و قوباد تاڵەبانی سەردانی مەسعود بارزانییان لە سەری رەش کردووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی پردی ئەبیەز لە باشوری رۆژئاوای شاری حەسەکە، مین بە ئۆتۆمبێلکدا تەقییەوە، لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا دوو برا برینداربوون.[5]
- لە کەمپی بەرخۆدانی کانتۆنی شەهباکە ئاوارەکانی کانتۆنی عەفرینی لێ دەمێننەوە، ئەمرۆ پرسەی مام زەکی شەنگالی ئەندامی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگەی ئێزدی لە لایەن یەکێتیی ئێزدییەکانی عەفرین دانرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوا لە خەڵکی وڵاتەکەی دەکات سەردانی عێراق نەکەن، ئەوەش بەهۆی تیرۆر و کێشەی چەکدارییەوە. لە راگەیێندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە، هاووڵاتیانی ئەمریکی لە عێراق لە مەترسیيەکی گەورەی رفاندن و ئەنجامدانی کاری توندوتیژیدان.[4]
- دوای 99 رۆژ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دادگای فیدراڵیی ئەنجامەکەی پەسەند کرد.[2]
- جێگری یەکەمی سەرۆککۆماری ئێران ڕایدەگەنێت لە ئێستادا وڵاتەکەمان لە بارودۆخێکی هەستیاری ئابووریدایە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئێمە تووشی کێشە بووین، تەنانەت لە قەیرانیشدا نین.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق هێرشەی تورکیا بۆسەر شەنگال شەرمەزاردەکات و داوا لە حکومەت دەکات، کە بەیاداشتێک داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان بکات، دەستوەردانی دەوڵەتانی هەرێمی لە خاکی عێراق قەدەغە بکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 232

**2018-08-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820000000152219




باکووری کوردستان
- حوسێن یوکا هاوسەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی کۆمور لە پارێزگای سەمسوور لە دوای دەستگیرکردنی، بریاری زیندانیکردنی بۆ دەرچوو و زیندانیکرا.[3]
- ئەندامی بزووتنەوەی ژینگەپارێزیی میزۆپۆتامیا گونەر یانلیچ دەستنیشانی کرد، ئەو ئاگرەی لە دەرسیم کەوتووەتەوە لەلایەن سووپای تورکیاوە کراوەتەوە و لە سنوورێکی بەرفراواندا بڵاوبووەتەوە. وتیشی دەرسیم دەسووتێندرێت و ئێمەش دەبینە دەنگی دەرسیم.[3]
- ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسیی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان بەردەوامە. جەندەرمەی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی هەواگ-ی ڕوحا بەرەبەیانیی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵان و هەر یەکە لە موهیتین کارا، حەسەن کارا، محەمەد کارا، میرکان کارا و محەمەد چەلیک دەستبەسەر کران. هاوکات لە ناوچەی پرسووس ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی پرسووس محەمەد پۆڵات، بەڕێوەبەری ناوچەی پرسووس-ی پارتی هەرێمە دیموکراتەکان (دەبەپە) نوور جەیران و هەریەکە لە ساڵح داگ، جووما دەمیر و محەمەد تاڤاس دەستبەسەر کران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- یەکەم دادگای لێپرسینەوەی ئیجلال قەوامی، چالاکی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسی دانیشتووی شاری سنە لە لقی دووی دادگای لێپرسینەوەی قەزایی لەو شارە بەڕێوەچوو. تۆمەتی ئەو چالاکەی مافی مرۆڤە بڵاوکردنەوەی درۆ بە مەبەستی تێکدانی بیروڕای گشتی بووە و ناوبراو پاش تەواو بوونی یەکەم دادگای لێپرسینەوە بە دانانی بارمتەی 20 میلیۆن تەمەنی ئازاد کرا.[4]
- ئیدارەی ئەماکنی شاری جوانڕۆ لە سەر سکاڵای یەکێک لە فەرمانبەرانی شۆرای ئەو شارە، بانگهێشت و لێپرسینەوەی لە هەواڵنێرێکی سەربەخۆی کورد، بە ناوی ئیرەج محەمەدزادە کرد.[4]
- سێ هاووڵاتیی کورد، لە شاری کرماشان، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، لاوێکی تەمەن 23 ساڵ کوژرا و دوو کەسی دیکە بریندار بوون. شوناسی ئەو لاوە کوژراوە بە ناوی مەجید یەعقووبنیا تەمەن 23 ساڵ و دوو کەسە بریندارەکەش بە ناوەکانی میلاد پەلەنگی و معیاد شاوەیسی ڕاگەیەندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ باڵیۆزی تورکیا لە عێراق سەردانی خورماتووی کرد و پیرۆزبایی لە قایمقامی نوێی ناوچەکە کرد کە لە نەتەوەی تورکمانە.[2]
- مەسعود بارزانی و برێت مەکگۆرک لە پیرمام دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئێراق کۆبوونەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بە بەشداری هەر یەک لە کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی پەکەکە لە باشور، کۆمیتەی شەهیدانی کۆدار و ڕۆژئاوای کوردستان، بە مەراسیمێکی شکۆدار ناوی مەزاری شەهیدانی ڕاپەرین بە ناوی شەهیدی فەرماندە هیوا حەمید ناسراو بە هەڵوێست پارتیزان ناونرا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ژووری چالاکییەکانی غەزەبی زەیتوون ئاشکرای کرد کە ڕۆژی 17ی ئاب\26ی گەلاوێژ لە دژی چەتەیەکی سەر بە گرووپی سوڵتان موراد کە ناوی عاد خالد خالدی-یە، چالاکییەکیان ئەنجامداوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەیانیی تەقە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئەنکەرە کرا، جگە لە زیانی مادی، هیچ زیانێکی تری لێنەکەوتەوە.[1]
- کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی ئێرانی بەجێهێشت و کارکردنی ئە و کێڵگە نەوتەدا راگرت کە لە باشوری ئە و وڵاتە کاری تێدا دەکرد.[2]
- ئیدارەی ئەمریکا داواکارییەکی حکومەتی تورکیای ڕەتکردووەتەوە، کە تیایدا داوایکردبوو کە قەشە برنسون ئازاد دەکەن، لەبەرامبەردا ئەگەر ئەمریکا واز لە هاڵک بانک بهێنێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: جوانرۆ

شار و شارۆچکەکان: سەمسوور

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: روحا

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەرە

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-20

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-20

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-20

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-20 12:00:00 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 233

**2018-08-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180821000000152220



باکووری کوردستان

- ئەو ئاگرەی لە دارستانەکانی دێرسیم بەهۆی بۆردومانی سوپای تورکیاوە کەوتووەتەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامیی هەیە. ئاگرەکەش بە ناوچەکانی بالی دەرەسی، مالی مەزارسی، موشکیرەک، باکر داغلەر و چرتک دەرەسی لە ناوەندی دێرسیم بڵاوبووەتەوە. دەوڵەتی تورکیا هیچ ناکات بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی کە سوپاکەی بەریداوەتەوە دارستانەکانی دێرسیم.[4]

- لە ناوچەی قسلە لە دەرسیم تەقینەوەیەک ڕوویدا. لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەشدا ژنێک بە سەختی بریندار بوو.[4]

- تەرمی دیلەک ئادسان ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کەجەدە لە نەخۆشخانەوە بە کەژاوەیەکی ئۆتۆمبێل برایەوە بۆ شاری ئێلح و لە مەراسیمێکدا بەخاکسپێردرا.[4]

باشووری کوردستان

- لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا باڵیۆزی تورکیا لە عێراق سەردانی کەرکوکی کرد و نوێژی جەژنی لە و شارە کرد و پەیامی ئەوەی دا کە شاری کەرکوک بەشێکە لە خاکی تورکیا و باووباپیرانیان.[4]

- ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، واژۆ بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆدەکەنەوە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش لەوبارەیەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە و جێگری سەرۆکی پەرلەمان پڕۆژەکەی بەشێوەیەکی زارەکی ڕەتکردۆتەوە.[3]

- لە بەیاننامەیەکدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەفەرمی داوای لێبوردن لە بزوتنەوەی گۆڕان دەکات بەهۆی تەقەکردن لەمەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لە 12ی ئایاری ئەمساڵ و وتەبێژی یەکێتیش دەڵێت لە کاتیخۆشیدا داوای لێبوردنمان لە بزوتنەوەی گۆڕان کردووە.[3]

- سەرۆکی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی پەیامەکەی یەکێتی بۆ جەژنی قوربان رایگەیاند، هەر هەوڵێکیان پێباشە کە ببێتە هۆی یەکڕیزی نێوان لایەنەکان.[1]

- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەداتەوە و رایدەگەیێنێت، حکومەت بە جیدی کاردەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە توندوتیژییەک دژی ئافرەتان و بازرگانیکردن بە ئافرەتان و منداڵان و بەتووندی سزای ئەو کەسانە دەدات، کە ئەو تاوانانە ئەنجامدەدەن.[1]

- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو، لە ناوچەی زەرگەی ڕۆژئاوایی شارۆچکەی خورماتوو-ی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق.[2]

- فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە سۆران ڕایانگەیاند کە بەئامانجی لێکنزیکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و هەنگاونان بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی ئە و پڕۆژەیەمان ئامادە کردووە و ئومێد دەکەین سەرجەم لایەنە سیاسیەکان بەجددی بەپیر ئە و پڕۆژەیەوە بێن.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە کۆڵانی ڕاجۆی شاری عەفرین بۆمبێک کە لە زبڵدانێکدا دانرابوو تەقییەوە، بەهۆیەوە 3 هاوڵاتیی سیڤیل ژیانیان لەدەستدا. ڕاگەیەنرا کە چەند کەسێکی دیکەش بریندار بوون و بە ئامبولانس ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- حەسەن روحانی سەرکۆماری ئێران رایگەیاند کە ئەمریکا بوێری ئەوەی نابێت هێرش بکاتە سەر وڵاتەکەی لەبەر ئەوەی دەزانێت باجەکەی قورس دەبێت.[3]

- کۆمپانیا رووسییەکەی بەرهەمهێنەری s-400 وادەی رادەستکردنی سیستەمی مووشەکی بەرگریی ئاسمانیی لە جۆری S-400 بۆ تورکیا ئاشکرادەکات و رایدەگەیێنێت، ساڵی 2019 سیستەمەکە رادەستی تورکیا دەکرێت.[1]

- یەکەمین فڕۆکەی شەڕکەری بەرهەمی ئێران، فڕۆکەی کەوسەرە، فڕۆکەکە پەردەی لەسەر لادرا و دواتر بە ئامادەبوونی حەسەن رووحانی، سەرۆککۆماری ئێران تاقیکرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 21-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 21-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-08-2018
کاتی تۆمارکردن: 21-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 234
**2018-08-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180822000000152221



باکووری کوردستان
- لە شاری شرناخ 4 کەس کە دوانیان منداڵن بەهۆی لەوەڕاندنی مەڕەکانیان، بە بیانووی (چوونە ناوچەی قەدەغەکراوی سەربازی) دەستگیرکران.[3]
باشووری کوردستان
- لە سەر چیای شەنگال، پرسەی زەکی شەنگالی، ئەندامی کۆردیناسیۆنی جڤاکی ئێزدی لە رۆژی پێنجەمدا بە مەراسیمێک کۆتایی هات، لە مەراسیمەکەدا بەڵێنی بەردەوامیدان بە تێکۆشانی زەکی شەنگالی درا.[5]
- هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق رێگریانکرد لەخۆپیشاندانێک لە دژی لێدوانێکی باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کە لەمیانی سەردانەکەیدا بۆ کەرکوک رایگەیاندبو کە کەرکوک شارێکی تورکییە.[4]
- شەوی رابردوو، فرۆکە جەنگییەکانی تورک، ژمارەیەک گوندی ناوچەکانی سیدەکانی بۆردوومانکرد.[1]
- قایمقامی شارۆچکەی شەرگات، وردەکاری لەبارەی هێرش و پەلامارەکانی شەوی رابردووی چەکدارانی داعش لە شارۆچکەی شەرگات دەخاتەڕوو و دەڵێ شەش کەس لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کوژراون.[2]
- سەبارەت بە پارێزگای کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، بەرەی تورکمانی پەیامێکی ئاراستەی پارتە کوردستانییەکان کرد و داوادەکات دیالۆگ لەگەڵ بەرەی تورکمانی دەستپێبکەن نەک لەگەڵ

هێزە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە بەغدا.[2]
- بریاردەری ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵ، رایدەگەیەنێت کۆمەڵێک قسە لەبارەی مەلا سەلیم شوشکەیی دەکرێت کە هیچ ئەسڵ و ئەساسی نیە، تەنیا قسەی بێ بنەما و تۆمەت و بیانووە، ئەگەرنا نە قاچاغە و نەدەشگیرێت و دەشگەڕێتەوە بۆ هەولێر.[4]
- خەلیل خوداد، بەرپرسی کۆمیتەی جەلەولای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمڕۆ راگەیاند، یەعقوب یوسف، بەڕێوەبەری شارەدێی جەلەولا دوای سێ مانگ لە زیندانیکردنی، لەلایەن دادگاوە ئازادکراوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-08-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 235

**2018-08-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180823000000152222



باشووری کوردستان
- ئاگرێکی گەورە لە نزیک بۆرییە نەوتییەکانی (جەوەڵ بۆر) کەوتەوە کە دەکەوێتە سەر رێکەی کەرکوک - سلێمانی.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەک گوللە هاوەن لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین کەوتنە خوارەوە.[2]
- سوپای تورکیا لە ڕێگەی تۆپخانە و فرۆکەوە بۆردومان و تۆپبارانی چەند ناوچەیەکی سنوری سیدەکانی دەستپێکردەوە.[1]
- بەڕێوەبەری پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی رایگەیاند بەهۆی زۆری گەشتیارەوە هیچ جێگایەکی بەتاڵ لە میوانخانەکانی سلێمانیدا نەماوە، گوتیشی بەپێچەوانەی جەژنەکانی پێشوو ئەو چێشخانە و خواردنگانەی شوێنەکانیان داخستبوو، سزای قورس دەدرێن.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، هەوڵێک لە دەرەوەی پەرلەمان هەیە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، بەڵام هیچ فراکسیۆنێک بەئاشکرا کاری بۆ دواخستنی هەڵبژاردن نەکردووە و دەڵێت تازە دواخستنی هەڵبژاردن بە پەرلەمان ناکرێت.[1]
- مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان، سەبارەت بە لێدوانەکانی فاتح یلدز، باڵوێزی گشتیی تورکیا،کە لە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان لە مزگەوتی گەورەی نوری شاری کەرکوک وتبوویکەرکوک شوێنی باوباپیرانمانە، بەراگەیندراوێک کاردانەوە و نارەزایەتی توندی نیشان دا.[4]
- بۆ یەکەمجار و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، شەوەئاهەنگێکی هەمەرەنگ لە هۆڵی ناوەندی وەرزش و لاوانی پێنجوێن بەڕێوەچوو کە لەلایەن گروپێکی خۆبەخشی سنوورەکە و ناوەندی وەرزش و لاوان-ەوە رێکخرابوو.[1]
- کچێک بەناوی (پەرواز حوسێن) تەمەن 16 ساڵ لە گەڕەکی ئاشتی قەڵادزێ بەهۆی ئەوەی بە ئاگر سووتاوە دەگەیێندرێتە نەخۆشخانەی قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی زۆری رێژەی سووتاویەکەی کە 70% بووە بەرێدەکرێت بۆ نەخۆشخانەی ئێمرجێنسی سلێمانی و دواتر لە درەنگانی شەو گیانلەدەستدەدات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی سزاکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا بڕیاریاندا لەسەرەتای مانگی داهاتووەوە گەشتە ئاسمانییەکانیان بۆ ئێران رابگرن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
- شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 23-08-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 23-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-08-2018

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 23-08-2018 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 236

**24-08-2018**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180824000000152223



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- نرخی بلیتی فڕۆکە بۆ گەشتی کرماشان-تاران بەرێژەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرزبووەتەوە و ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد، بەچەشنێک نرخی بلیتی گەشتێک کە پێشتر بە پێی جۆری فڕۆکە و کورسییەکە 200 تاکو 300 هەزار تمەن بووە، ئێستا بۆ 962 هەزار تمەن واتە نزیکی یەک ملیۆن تومەن بەرزبووەتەوە. ئەویش بۆ گەشتێک کە تەنیا 45 خولەک دەخایەنێت.[2]
- کاتژمێر 9ی بەیانی، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەیووب نیک‌زاد، کوڕی عەتا، خەڵکی گوندی سەردۆش سەر بە شاری مەریوان بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو و ڕوانەی نەخۆشخانە کرا.[4]
- بە هۆی کۆنەکردنەوەی زبڵ و خاشاک لە لایەن شارەداری مەریوانەوە، خەڵکی ئەو شارە ئاگریان لە زبڵ و خاشاکەکە لە ناو شار بەردا.[4]
باشووری کوردستان
- محەمەد سەمعان بەرپرسی ڕێکخستنەکانی بەرەی تورکمانی، داوا لەحکومەتی عێراق دەکات پێکهاتەی نوسینگەی کەرکوکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت، چونکە بەپێچەوانەوە ڕێگە نادەن هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامبدرێت.[1]
- کاروان هاشم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاند، سەرەڕای داوای لێبووردنکردنی یەکێتی، بەڵام گۆڕان لەڕووی یاساییەوە ئامادە نییە لە یەکێتی خۆشبێت و دوای پشووی جەژنیش لە کۆبوونەوەدا ئەو پرسە تاوتوێ دەکات. هەروەها گوتی: گۆڕان سکاڵای یاسایی لەدژی یەکێتی تۆمار کردووە و لە سکاڵاکە ناکشێتەوە.[2]
- سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکوک ڕایگەیاند، لەبازگەیەکی شارەکە دوو چەکداری داعش دەستگیرکران کە دەیانویست دزەبکەنە شارەکەوە.[1]
- بەڕێوەبەری بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردووی جەژندا، نزیکەی 5 هەزار کەس سەردانی ڕاگیراوانیان کردووە.[2]
- ئەمڕۆ بەلایەنی کەمەوە دوو کەس لە ڕووبارەکانی باشووری کوردستان خکاون.[3]
- وەزارەتی کارەبا ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت، بەهۆی گرفتێکی تەکنیکی لەناکاو بەرهەمهێنانی کارەبا بەبڕی 900 مێگاوات کارەبا لە تۆڕی کارەبای نیشتمانی کەمبووەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دوای دارمانی دراوی تورکی بەتایبەت لە هەفتەی ڕابردوو، بە جۆرێک کە تەنیا لە ڕۆژێکدا 20% بەهاکەی لەدەستدا، تورکیا گلەیی لە قەتەر دەکات کە لە قەیرانەکان لەگەڵی نەبووە، هیچ پاڵپشتییەکی نەبووە بۆ ڕزگارکردنی ئابووری ئەنقەرە و دابەزینی لیرە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

🏢 پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:

🗄️ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-08-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-08-2018
[3] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 25-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 24-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 237

**2018-08-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180825000000152224



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێکی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، لە ئەمڕۆوە سەردان و پەیوەندی تەلەفۆنی بە رامین حسێن پەناهییەوە براوە و ئەوەش نیگەرانییەکانی بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی زیاتر کردووە.[3]
- ئەمرۆ بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە دارستانەکانی سنووری شارۆچکەی مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەک ژینگەپارێزی ناوچەکە بوونەتە قوربانی.[2] بەپێی هەندێک سەرچاوە 4 ژینگەپارێز گیانیان لەدەستداوە کە یەکێکیان شەریف باجوەر-یە و ئاگرەکە بەهۆی تۆپبارانی پاسداران کەوتووەتەوە.[4]. ژینگەپارێزەرەکانی تر بریتین لە ئومید کۆنەپۆشی، رەحمەت حەکیمی نیا و محەمەد پژوهی.
- دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان لە کاتی گەڕانەوە لە ئەرکێکی رێکخراوەییدا لەگەڵ هێزەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی دەرگیر بوون و دوو کەس لە هاورێیانی کۆمەڵە، بە ناوەکانی ئەرسەلان جەوزاک و پەرویز عەبدی گیانی لەدەستدا.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمرۆ، بارەگای دەزگای میدیایی کەرکوک کرایە ئامانج کە جگە لە کەناڵی ئاسمانی کەرکوک، نوسینگەکانی کوردسات و گەلی کوردستان و کوردستانی نوێشی تێدایە. رووداوەکە هیچ زیانێکی گیانی نەبووەو تەنیا زیانی مادی کەمی لێکەوتووەتەوە و بەردەم نوسینگەی کوردساتی پێکاوە کە باخچەیە و هیچ بینایەک لەو بەشەدا نییە.[2]
- سکرتێری جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنێت، بزوتنەوەکەیان تائێستا لەگەڵ

ئەوەیە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت، دەشڵێت ئەگەر هەموو لایەنەکان لە بەرژەوەندی میللەت لەگەڵ دواخستنی بن ئێمەش بڕیاری خۆمان لەوبارەیەوە دەدەین.[2]
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بڕیاریدا بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.[2]
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی تەقینەوەی مین لەسنووری گوندێکی شارەدێی گەرمکی سەر بەشارۆچکەی پێنجوێن، کۆڵبەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی ناسر سدیق گیانی لەدەستدا و سیانی دیکەش بەسەختی برینداربوون. بریندارەکان ناویان (ئیقبال ئەحمەد) 46 ساڵ و (ئیبراهیم محەمەد) 32 ساڵ و (مەنسور مەجید) 40 ساڵە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی هاوار نیوز بڵاویکردەوە، سوپای تورکیا و گروپە هاوپەیمانەکانی گۆڕی نوری دەرسیمی نوسەر و کەسایەتی دیاری کورد و هاوسەرەکەی و چەند کەسایەتییەکی دیکەی کوردیان لە کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان هەڵداوەتەوە.[6]
- بە گوێرەی زانیارییەکان کە بە ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF) گەیشتوون، گرووپی (بەرەی شام)ی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە گەڕەکی ئەشرەفیەی ناوەندی شاری عەفرین 2 هاوڵاتیی سیڤیلیان بە ناوەکانی ڕێزان ئەدلۆ و ئەحمەد شێخ بریم ڕفاندووە و چارەنووسیان دیار نییە.[1]
- سوپای توک و چەتەکانی لە عەفرین سێ ژنی دیکەیان ڕفاند، بۆ ئازادکردنی یەکیان داوای پێنج ملیۆن لیرەی سوریان کردووە و هیچ زانیارییەکیش لەبارەی چارەنووسی دوو ژنەکەی دیکەوە نییە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ دایکانی کەسانی بێسەروشوێن لە 700 ەمین هەفتەی چالاکییەکەیاندا، کە لە ڕۆژانی شەممەدا ئەنجامی دەدەن، لەبەردەم کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە ئەستەنبوڵ گردبوونەوە، بەڵام پۆلیس هێرشی کردە سەریان. کەمێک پاش ئەوەی گردبوونەوەکە دەستپێکرد و پانکاردەکان بەسەر چالاکوانەکاندا دابەشکرا، هێزەکانی پۆلیس بەربەستێکیان لەبەردەمی چالاکواناندا دروستکرد و پێیان وتن: ئەو گردبوونەوەیە ڕێگەپێدراو نییە. دواتر، هێرشیان کردە سەر دایکان و دەستیان کرد بە دەستگیرکردنیان و کۆکردنەوەی پانکاردەکان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2018-08-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 238

**2018-08-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826000000152225



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی کانی ڕەشی چەولیکی باکوری کوردستان، شەڕی دژوار لە نێوان گەریلاکانی هەپەگە و سوپا داگیرکەرەکی تورکیا ڕوویدا. مەدیاکانی تورکیا قەومانی شەڕەکەیان پشتڕاست کردووتەوە، بەڵام بانگەشەیان کردووە، لە شەڕەکەدا تەنها سەربازێک کوژراوە و 2ی دیکەش بریندار بوون.[2]
- ئە و ئاگرەی بەهۆی بۆمبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دارستانەکانی هەرێمی دێرسم-ی باکووری کوردستان کەوتبووەوە، لە ڕۆژانی ڕابردوو لە لایەن ژینگەپارێزان و خەڵکی ناوچەکە دامرکێندرا. بەڵام بەرەبەیانیی ئەمڕۆ جارێکی دیکە سوپای تورکیای داگیرکەر هەرێمەکەی بۆمباران کرد و بەهۆیەوە دیسان ئاگر لە دارستانەکان بەربوو.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.1 ڕێختەر، زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، لە کرماشان و دەوروبەری قوربانیی لێکەوتەوە، سەدان بریندار هەیە و دەیان خانوو ڕووخاون[1]
- تەرمی هەر چوار ژینگەپارێزەرەکەی مەریوان کە دوێنێ لە کوژاندنەوەی دارستانەکانی مەریوان گیانیان لەدەستدا، بە بەشداریی هەزاران کەس بەخاک دەسپێردرێن.[1]
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2018082613173066171&lng=1,
ڤیدیۆی مەراسیمەکە
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە.[1]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە پارکی لەیلا قاسم لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دەستەی داکۆکی لە مافی مامۆستایانی گەرمیان، گردبوونەوەیەکیان دژی گرانی نرخ و گەندەڵی لە پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوونی مامۆستایان، کە بڕیارە بۆ مامۆستایانی گەرمیان دروستبکرێت، ئەنجامدا.[3]
- هەر چوار لایەنی بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی و هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسی ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی هاوبەش لە عێراق.[4]
- گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پۆستی سەرۆککۆمار بەمافی پارتەکەی دەزانێت و رایدەگەیێنێت، پۆستەکان بەخاڵ دابەشدەکرێت و بەپێی ئەو خاڵانەش، دەبێت پۆستی سەرۆککۆمار بۆ پارتی بێت.[5]
- لە شارۆچکەی خورماتوو لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە هاووڵاتییەکی

مەدەنی کرا و کوژرا، لەسەر ڕێگەی کەرکوک-بەغداش داعش کەسێکی ڕفاند و وێنەکەشی بڵاوکردەوە.[4]
- لە سەردانەکەیدا بۆ گەرمیان قوباد تاڵەبانی لە گەڵ نوێنەری مامۆستایانی ناڕازیی کۆبوەوە و بەڵێنی پێدان سەبارەت بە گرانی نرخی یەکەی خانووی مامۆستایان هەوڵی جددی بدات بۆ کەمکردنەوەی نرخەکەی.[4]
- لە مەراسیمێکی شکۆداردا و بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومیی و حزبیی و کەسوکاری شەهیدان و خانەوادەکەی، لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، چلەی شەهید ئیقبال موورادی بەڕێوەچوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایدەگەیەنێت، هیچ زیندانێکی سیاسی لە زیندانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نییە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەناتۆری دیاری ئەمریکی جۆن مەککین، سەر بە پارتی کۆماری ئەمریکا لە تەمەنی 81 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کۆچکردوو پەیوەندی باشی لەگەڵ کورد هەبوو و چەندینجار سەردانی باشووری کوردستان و ساڵی 2017ی ش سەردانی کۆبانێی کرد بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-08-2018
[3] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-08-2018
[4] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-08-2018
[5] 💫ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 239

**2018-08-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180827000000152226



باکووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دژ بە گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی شارۆچکەی سلۆپی سەر بە پارێزگای شرناخ دەستپێکردووە. لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکەدا چیای جوودی لەلایەن تۆپخانەکانی سوپای تورکیا لە سەربازگەی هیسار-ەوە تۆپباران کراوە و بەوهۆیەوە لە دارستانەکانی ناوچەی گیرەچۆلیا ئاگر کەوتووەتەوە.[1]
- ئە و ئاگرەی بەهۆی بۆمبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دارستانەکانی هەرێمی دێرسم کەوتووەتەوە، لە دۆڵی ئاڤگاسۆر، لادێی بالی، گوندی موشکرەک، ناوچەی کارتان، چیای سنجک، چیای خۆشرووک، گوندی دیکەنلی مەحموود و گاریپووشاگی سات بە سات تەشەنە دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاروانێک لە کۆڵبەرانی کورد، لە نزیک گوندی سەنگەر، سەر بە شاری ماکۆ کەوتنە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی عوسمان قەدیمی بە توندی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- شاندێکی باڵای یەکێتی سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان.[5]
- لە سنووری شارۆچکەی خورماتوو، بە هۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراو بە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، دوو چەکدار کوژران و دووچەکداری دیکەش بریندار بوون، وتەبێژی حەشدی شەعبیش بە کردەوەی چەکانی داعشی دەزانێت.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر ڕایگەیاند کە دوای پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی دەرمانی قاچاخ و ساختە، 16 کەس کە زۆربەیان بازرگانی دەرمانن، دەستگیرکراون.[1]
- بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، شاندێکی هاوبەش لە هاوپەیمانییەتییەکانی سائیرون، نەسر، وەتەنییە، حیکمە، دێنە هەولێر و لەگەڵ یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە.[2]
- پۆلیسی فیدراڵی لەشاری کەرکوک ئاشکرایدەکات، لەچوارچێوەی هەڵمەتی گەڕان و پشکنینەکانیان توانیویانە 16 کەس بەتۆمەتی هاوکاریکردنی داعش دەستگیربکەن.[3]
- لە دوێنێ شەووە تاوەکو ئەمڕۆ کاتژمێر 3:00ی دوای نیوەڕۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەندجارێک شوێن و مۆڵگەکانی چەکدارانی داعشیان لە چیای قەرەچوغ بۆردومان کردووەو بەپێی زانیارییەکانیش پێنج چەکداری داعش کوژراون.[3]
- بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییە پەروەردەییەکان، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک خوێندنگا و پەیمانگای ناحکومی داخست و سزای دارایی ژمارەیەکی

خوێندنگای دیکەشی دا.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- کۆنگرەی سێیەمی تەڤ-دەم لە شاری ڕمێلان لە ناوەندی کلتوری و هونەری ئارام تیگران بە ڕێوەدەچێت. شاندێک لە ئەنجومەنی سیڤیلی سەر بە مەسەدە، نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان و ڕێکخستنە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژئاوا و باکووری سووریا، لەگەڵ هاوسەرۆکانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤ-دەم بەشداری کۆنگرەکە دەکەن. لە کۆنگرەکەدا زەلال جەگەر و غەریب حسۆ بە هاوسەرۆکی نوێی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری تەڤدەم هەڵبژێردران.[4]
- سەرچاوەیەک لە گوندی مۆساکا-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی سەر بە کانتۆنی عەفرین ڕایگەیاند، چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر هاوڵاتییەکیان بە ناوی شێروان مستەفا (34 ساڵان) بەر لە دوو ڕۆژ لە دوکانەکەی خۆی لە عەفرین کە کاری بەرگدروون دەکات، ڕفاندووە. سەرچاوەکە گوتی چارەنووسی شێروان مستەفا نادیارە و چەتەکان لە بەرانبەر ئازادکردنی داوای فیدیەیان لە خانەوادەکەی کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی تەسنیمی ئێرانی لەسەر زاری عەلی فەدەوی فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانەوە رایگەیاند کە وڵاتەکەی بەتەواوی گەروی هورمزی لە کەنداوی عەرەب کۆنترۆڵ کردووە. عەلی فەدەوی دەڵێت دەتوانین بە و هەنگاوە ئێمەش مەترسی دروست بکەیت لەسەر هاتوچۆی کەشتی گواستنەوەی نەوت لە کەنداو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-08-2018

[2] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-08-2018
[3] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 27-08-2018
[4] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-08-2018
[5] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 28-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 240

**2018-08-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180828000000152227



باکووری کوردستان
- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە بە (بەرێوەبردنی ڕێکخستنی تێرۆریستی) تۆمەتبار دەکرێت، لە هۆڵی بەندیخانەی سینجانی سەر بە نۆزدەمین دادگەی سزاتووندەکانی ئەنقەرە بەرێوەچوو. دەمیرتاش لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ بەشداری دانیشتنەکە بوو. پارێزەرانی دەمیرتاش کە بیانووی خۆیان بە دادگە ڕاگەیاند، بەشدارییان نەکرد لە دانیشتنەکە. دادگە دوای خوێندنەوەی دۆسیەکە، مافی قسەکردنی بە دەمیرتاش دا. دەمیرتاش ویستی دانیشتنی دادگە بە ئامادەبوونی پارێزەرەکانی خۆی بەرێوەبچێت و ئە وکاتەش ئە و بەرگری لە خۆی دەکات. بۆیە داوای کرد کە دانیشتنەکە دوابخرێت. دادگە بڕیاری دا کە دەمیرتاش بە زیندانیکراوی بمێنێتەوە و دانیشتنەکەی بۆ 3ی تشرینی یەکەم دواخست.[5]
- بەیانیی ئەمڕۆ پارێزگەی دەرسیم ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: (ئۆپەراسیۆن لە هەرێمەکە بەردەوامە و هەتا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکان دێت، ڕێگەی دێرسم - پولور دادەخرێت.) ئەم بڕیارە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی شاندێکی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە بڕیاربوو ئەمڕۆ سەردانی ئە و شوێنانە بکەن کە ماوەیەکە بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئاگری لێ کەوتووەتەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی بەختیار مورادپوور خەڵکی گوندی کیسەڵە و ئەرکان کاکەیی لە سنووری شێخ سڵە سەر بە سەلاسی باوەجانی، لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەتی ئێران بریندار کران.[3]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، داوا دەکەن ڕەوانەی ئەوروپا بکرێن یان ئیقامەی نیشتەجێبوونیان لە هەرێمی کوردستان پێبدرێت.[1]
- بەئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، پرۆژەی خزمەت کە پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ڕاگەیێندرا و قوباد تاڵەبانی لە گوتارێکدا ڕایگەیاند: ئامانجمان لە بەرنامەی خزمەت باشترکردنی خزمەتگوزارییە باشەکانە. بەم هەنگاوە حکومەت شەفافیەتێکی زیاتر دەگەیێنێت بە هاووڵاتیان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکانی.[2]
- بە بڕیاری حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، 55 خێزانی عەرەب لە هۆزی جحێش گەڕانەوە گوندی گولات لە نزیک مەزارگەی شەرفەدین لە شنگال، بەڵام کوردانی ئێزدی لە گەڕانەوەیان نارازین و هۆشداری دەدەن لە ئەگەری دروستبوونی ڕووداوی کۆمەڵایەتی.[2]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لە مزگەوتی گەیلانی لە شارۆچکەی پێنجوێن، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی

حزبیی و حکومیی و کەسوکاری شەهیدان و چینوتوێژە جیاوازەکانی شارۆچکەی پێنجوێن، پرسەی شەهید سدیق موڕادی ناسراو بە دڵسۆز ڕوونی، خەڵکی شاری جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.[4]
- وتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە ڕایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ ئێسک و پروسکی هاووڵاتییەکیان دۆزیوەتەوە کە خەڵکی شاری سلێمانییە و لە سەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە بێسەروشوێن بووە. هاووڵاتییەکە ناوی (ئەحمەد محەمەد کریم ئاغابرا)یە و لە دایکبووی 1964 و دانیشتوی سلێمانی بووە.[1]
- سێ هەلیکۆپتەری نەناسراو سنووری ناوچەی ماوەتیان بەزاند.[6]
- دوای کۆبوونەوەی شاندی باڵای پارتی و یەکێتی لە هەولێر، گوتەبێژی هەردوو حیزبەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا نیوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان ڕاگەیاند و دەڵێن، تاوەکو ئێستاش 30ی ئەیلوول وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- خەڵاتی نێونەتەوەیی کەمانچەی ئایزاک سترن لە شاری شانگهای وڵاتی چین پێشکەشی کەیهان کەڵهوڕ دەکرێت. ئەو خەڵاتە بۆ ڕێزگرتن کارە هونەری و مرۆی و مرۆدۆستییەکانی کەیهان کەڵهوڕ پێی بەخشراوە.[5]
- سەرۆککۆماری ئێران، بۆ وەڵامی پێنج پرسیاری پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتە چووە پەرلەمان و دوای قسەکانی، وەڵامەکان خرانە دەنگدان و لەکۆی 5 پرسیارەکە، پەرلەمانتاران بڕوایان بە چوار وەڵامی ڕووحانی نەهێنا.[2]
- حەیدەر عەبادی سەرەک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند هیچ سازشێک دەربارەی کەرکوک لەگەڵ کوردەکاندا ناکرێت لەبەرامبەر ئەوەی کە بێنە هاوپەیمانێتیە چوارقۆڵیەکەی پێکهێنانی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانییەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-08-2018

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 28-08-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 28-08-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 28-08-2018
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-08-2018
[6] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 241

**2018-08-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180202144723145119



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە گوندی میرئاوای شاری شنۆ ژمارەیەک لە کاسبکارانیان دایە بەر دەسرێژی گوللە کە لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتیدا 45 سەر ئەسپی کاسبکاران کوژران و لەناو چوون.[5]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر، گوندەکانی هەرێمی برادۆست لە باشووری کوردستان تۆپباران دەکات. بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە لە ئاژەڵی گوندنشینان لەناوچوون و رەز و باخەکانی ئەوگوندانەش ئاگریان تێبەربووە.[1]
- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات، ئەمڕۆ 29ی ئاب جارێکی دیکە دادگای باڵای فیدراڵی لە حەوتەمین دانیشتنی خۆیدا سەبارەت بە داوای وەزارەتی نەوت لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ مانگی ئەیلولی داهاتوو دواخست.[2]
- ژنانی سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی هەرێم نیگەرانی خۆیان لە ناوزڕاندنیان لە پرۆسەی سیاسی دەردەبڕن و رایدەگەیەنن، ناشرینکردنی ژنان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بووەتە دیاردە.[2]
- وتەبێژی پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت، بەیانی ئەمڕۆ گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی باداوەی هەولێر دایکە 55 ساڵانەکەی بەناوی (سەمیرە عسامەدین) بە گوللە کوشتووە دەشڵێت بکوژەکە و باوکی دەستگیرکراون.[2][4]
- بەڕێوبەرانی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لە هەرێمی کوردستان، لە چوونەژوورەوەیان بۆ شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکران، دواتر برانە هەولێر و ئازاد کران.[4]
- سیروان بارزانی، سەرپەرشتیاری میحوەری گوێر-مەخمووری هێزی پێشمەرگە رایگەیاند، لە سنووری شارۆچکەی مەخموور 11 چەکداری داعش کوژران.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئێوارەی ئەمڕۆ جارێکی دیکە بۆمبارانی هەرێمی گارا-یان کرد لە سنووری هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا.[1]
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بۆ ئەمساڵی خوێندنی 2018 - 2019 پشووی رۆژانی شەممە نامێنێت.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە بەردەم فێرگەی فەیسەل قەدوور کە دەکەوێتە سەر رێگەی ڕاجۆ لە ناوەندی شاری عەفرین، لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانێکی سەربازیی چەتەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر تەقینەوەیەک ڕوویدا, دەیان چەتەی ئیسلامیی سەربە تورک کوژران و برینداربوون.[1]
- بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنەکەسە رایگەیاند، حکومەتی سووریا دان بە خوێندنی پرۆگرامی پێنج ساڵی رابردووی رۆژئاوای کوردستاندا نانێت، ئەوەش مەترسی ئەوەی

دروستکردووە خوێندنی ئەو پێنج ساڵە بەفیڕۆبڕوات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- مەجلیسی شەنگالی دەرەوەی وەڵات ئەوەی خستەڕووکە حکومەتی عێراق ئەو عەربانەی دەوروبەری شەنگال کە هاوکاری داعشیان کردبوو ڕەوانەی هەرێمەکە کردووە و سنوورەکانی نێوان شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان-ش داخراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 29-08-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 29-08-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-02-02 2:47:23 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 242

**2018-08-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180830000000152228




باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی چالاکوانان، سیاسەتمەداران و بەڕێوەبەرانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە مووش، بڕیاری بەڕێوەبردنی پرسە بۆ کۆچەر ئۆزدال، زیندانیی سیاسی-یان دەرکرد، پارێزگاری تورکی مووش لەو شارە و ناوچەکانی دەوروبەری قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند.[3]
- لە دەڤەری گردی بێرمەگێ و شلەروو-ی سەر بە هەرێمی چیای جوودی کە دەکەوێتە بەرانبەر شاری شرناخ، ئاگر کەوتەوە. ئاگرەکە کە بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر کەوتەوە، سات بە سات تەشەنە دەکات.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ئەمجەد حسێن پەناهی، برای ڕامین حسێن پەناهی، زیندانی سیاسی کوردی سزادراو بە سێدارە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی لە شاری سلێمانی ئەنجامدا. ئەمجەد حسێن پەناهی ڕایگەیاند: بەرپرسانی زیندانی ڕەجایی شەهری تاران پێیان ڕاگەیاندووین، کە ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی داهاتوو سزای لەسێدارەدانی ڕامین جێبەجێ دەکرێت.[3]
باشووری کوردستان
- لە باشووری پارێزگای کەرکوک خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە خۆی بە بازگەیەکی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا تەقاندەوە و کوژراو و بریندار هەیە.
- لەگوندێکی سنوری شارۆچکەی بەردەڕەش بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە کەسێک دوو برازای خۆی دەکوژێت.[5][1]
- لە گوندی عەلییە ڕەشی نزیک چیای قەرەچوغ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان 11 چەکداری داعشیان کوشت و پێنجی دیکەش بریندار بوون.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، لە بارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ئەنجامدەدرێت.[4]
- چەند ڕۆژێکە پەخشی ناوخۆی کەناڵی NRT لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک وەستاوە، بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریش رایدەگەیەنێت، وەستانی کەناڵەکە تەکنیکیەو پەیوەندی بە هیچ لایەنێکەوە نییە.[5]
- لە شاری هەولێر کۆنفرانسی پرۆگرامەکانی خوێندنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد و وابڕیارە لە کۆنفرانسەکەدا ژمارەیەک ڕاسپاردە دەربکرێت بۆ شوێنکردنەوەی خوێندن، مێژوو، بیر و باوەری ئاینی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە کوردستاندا.[1]
- لە گوندێکی سنووری دهۆک کێڵگەیەکی چاندنی مەریوانە و گیای هۆشبەر دۆزرایەوە. نۆ کەس بەناوی جووتیارەوە لە کێڵگە هۆشبەرەکەدا کاریانکردووە. ئێستا سێ کەسیان دەستگیرکیراون و شەش تۆمەتباریش شوێنیان نادیارە. [6]
- لە باکوری کەرکوک، تەرمی ژنێک لەزێی بچوک دۆزرایەوە، پۆلیسیش دەڵێت ناسنامەکەی نەناسراوەتەوە.[1]
- لە کۆمەڵگەی خانکێی پارێزگای دهۆک دوو گەنج بەناوەکانی (ک.ا.ک) و (ق.ق.ک) کە تەمەنیان 19 ساڵان و 21 ساڵانە لەکاتی مەلەکردندا خنکان.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە چوارڕێیانی سەبی بەحراتی منبیج، مین بە ئۆتۆمبێلێک لە جۆری ڤان و هاوڵاتییەک بەناوی فەیاز بەکر کە ڤانەکە لە بەردەم ماڵی ئەو بوو تەقییەوە، لە ئەنجامدا ئەو هاوڵاتییە هەر دوو قاچی لەدەستدا.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی فەیلەقی شام ئێوارەی ئەمڕۆ هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی کەباشین لە ناوچەی شێراوای عەفرین و دەیان هاووڵاتیی ئەوگوندەیان ڕفاند.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شاعیر و دەنگبێژی کورد، کارمەندی ڕادیۆی ئەریڤان مەجیدێ سلێمان لە تەمەنی 81 ساڵیدا کۆچیی دوایی کرد.[4]
- لە شاری ئەنتاڵیای تورکیا ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی گورگین بیلەن یەکێک لە

بەرپرسانی ڕێکخستنی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە شارەکە. گورگین بیلەن و براکەی کە ناوی حوسەین بیلەنە و لە عێراقەوە بە مەبەستی بەشداری لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری سەردانی ماڵەوەی کردبوو، لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستبەسەر کران.[2]
- کۆمەڵەی ئازادی کە بۆ مافی زیندانیانی کورد لە ئەڵمانیا لە تێکۆشاندایە لەبارەی ئەو سیاسەتمەدارە کوردانەوە کە بە هۆی یاسای دژە تیرۆرەوە دەستگیر و زیندانیکرابوون ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە. کۆمەڵەی ئازادی لە بولتەنی مانگانەیدا ڕایگەیاندووە، سیاسەتمەداران بەدرەدین کاڤاک، عەلی ئۆزەل و عەلی حەیدەر دۆغان لە دوای تەواوبوونی سزاکەیان لە مانگی ئابدا لە زیندان ئازاد کران.[2]
- ئە و هاریکارییە ئابوورییەی کە حکوومەتی ئەڵمانیا دەیدا بە ڕێکخراوی یەکێتیی ئیسلامیی تورک (DITIB) کە وەک نوێنەرایەتیی ڕژێمی ئەردۆغان لە ئەڵمانیا کار دەکات، ڕاگیرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: AM یەریڤان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: منبج
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 30-08-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-08-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 30-08-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 30-08-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 31-08-2018

کاتی تۆمارکردن: 30-08-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 243

**2018-08-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180831000000152229



باکووری کوردستان
- لە نێوان گوندەکانی کوملوپنار و کۆجابەی لە ناوچەی هەزۆ لە پارێزگای ئێلح بەهۆی ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیاوە شەڕ روویدا. لەو شەڕەدا 2 سەرباز برینداربوون و گوسترانەوە بۆ نەخۆشخانەی حکومیی هەزۆ و دواتر ئەو 2 سەربازە لە نەخۆشخانە بەهۆی قورسیی برینەکانیانەوە مردن.[4]
- ئەمڕۆ هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، لەبارەی سووتاندنی دارستانەکانی کوردستانەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. کەجەکە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا، سووتاندنی دارستانەکانی دەرسیم تا ئامەد و بۆتان تا قەندیلی بە تاوانێکی دژە مرۆڤانە ناوناوە و بێدەنگیی دەوڵەتانی ئەوروپایی، ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانی بە بەشداری لەو تاوانەدا زانیوە.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی گیناڤاز لە ناوچەی نسێبینی سەر بە مێردین، کاتێک کە ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سەربازیی تێپەڕ دەبوو، بۆمبێکی پێدا تەقیەوە.[4]
- والیی تورکیا لە شاری دەرسیم، قەدەغەی هاتووچۆی لە 31 هەرێمی ئەو پارێزگایە ڕاگەیاند. بەشێک لەو هەرێمانە بریتین لە هەرێمەکانی ناوەندی دەرسیم، ناوچەی پولور، ناوچەی پیلەمووری، ناوچەی خۆزاد و ناوچەی قسڵە، کە لە سبەینێوە هەتا 15 ی ئەیلول هاتووچۆیان تێدا قەدەغە کراوە.[4]
- بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی پارێزگەی جۆلەمێرگ، لە شارۆچکەی خرڤاتەی سەر بە ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا سەربازێکی تورکیا کوژراوە.[4]
- ئە و ئاگرەی کە دوێنێ بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دەڤەری گردی بێمرگێ و شلێرووت لە هەرێمی چیای جوودی کەوتەوە سات بە سات تەشەنە دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە بەرزاییەکانی چیای ئاویەری شاری سنە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان گردبوونەوە و یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت. هاوڵاتیان بە بەرزکردنەوەی وێنەی شەریف باجوەر، ئۆمێد حسێن زادە، ڕەحمەت حەکیمی نیا و محەمەد پەژوهی، و وتنەوەی دروشمی شەهیدان نامرن، یادی ئەو شەهیدانەیان کردەوە.[2]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مەهدی خۆگەر خەڵکی گوندی دەلی سەر بە شاری سەوڵاوا بەهۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو. ئەم هاووڵاتییە کوردە لە لە کاتی کاری وەرزێڕیدا تووشی ئەم ڕووداوە هاتووە کە بووەتە هۆی برینداربوونی لاقی.[6]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی سیروان هوشمەند و موختار وەلیپوور خەڵکی شاری مەریوان لە کاتی کۆبوونەوە لە بەردەم دەکەی شەریف باجوەر دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی شەهید ماهیر سەرحەد، کە لەگەڵ مام زەکی شەنگالی کرابووە ئامانجی هێرشی فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک و برینداربووبوو دوای 14ڕۆژ پێرێ شەهید بوو، بەخاکسپێردرا.[2]
- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی سنوری شارەدێی سیدەکانی دەستپێکردەوە و بەوهۆیەشەوە ئاگرێکی گەورە لەناوچەکە کەوتە.[3]
- تاوەکو دێت نارەزایەتییەکان لە گەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ شارۆچکەی سنوونێ لە باکووری ڕۆژئاوای شنگال زیاددەکات و دانیشتوونی شنگال دەڵێن، ئەو عەرەبانەی گەڕاونەتەوە هاوکاری داعش بوون.[1]
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی و لێپرساوانی حزبی و حکومیی، لە شاری کەرکوک یادی 30 ساڵەی شەهیدکردنی ئازاد هەورامی کرایەوە.[5]
- شێخ عەمەر عەجاج، سەرۆکی عەشیرەتی شێخ خەلەف و گەورەی گوندی گوهبەل، باسی فەرمانی 3ی ئاب دەکات و لەبارەی نەگەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ گوندەکانیان ڕەخنە لە حکومەتی

عێراق دەگرێت، هەروەها بانگەوازیی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکانی کرد، کە ئەو کەسانەی هاوکاریی فەرمانەکەیان کردووە بدۆزنەوە و ڕادەستی عەدالەتیان بکەن.[2]

- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، شەرمە بۆ ئە و کەسانەی کە لە ئەم ڕۆژە شەرمهێنەرەی 31ی ئاب دا، برینەکان هەڵدەدەنەوە.[5]

- لە شاری کەرکوک ئەمڕۆ بەئامادەبوونی سەدان کەس یەکەم ڕۆژی پرسەی گەریلای شەهیدی هەپەگە گۆران محەمەد ناسراو بە سەرکەوت گابار لە مزگەوتی گوندی گورگەچاڵ بەڕێوەچوو.[4]

- لە کاتژمێر 7ی بەیانی ئەمڕۆوە ئاگرێک لە زنجیرە چیای سەفین کەوتەوە.[3]

- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم رایدەگەیەنێت، لەماوەی 10 ڕۆژدا لە هەرێم 10 هاووڵاتی کوژراون و خۆیان کوشتووە و دەڵێت دیاردەکانی کوشتن بە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم کۆنترۆڵ ناکرێت و چاوەڕێی دۆخی خراپتر دەکرێت.[3]

- دانیشتوانی شارۆچکەی خانەقین لەهەڵمەتێکدا هەزاران سێت ئاوی خواردنەوەیان بۆ هاوکاریکردنی پارێزگای بەسرە کۆکردەوە و دوێنێ هەینی رەوانەی پارێزگاکەیان کرد.[3]

رۆژئاوای کوردستان

- ژووری چالاکییەکانی تووڕەیی زەیتوون ڕایگەیاند، لە ئەنجامی چالاکییەکی هێزەکانیان لە ناوچەی شێی عەفرین سەرچەتەیەکی فەیلەقی شام بە ناوی زیاد محەمەد خەیووب کوژراوە. ژووری چالاکییەکانی تووڕەیی زەیتوون دیمەنی چالاکییەکەشی بڵاوکردەوە.[4]

- پێنتاگۆن قۆناخی دووەمی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی منبجی ڕاگەیاند و وەزیری بەرگریی ئەمریکاش دەڵێت، ئامادەکاری پێویستکراوە و بەمزووانە راهێنانی هاوبەش دەستپێدەکەن و دواتریش دەستدەکەن بە دروستکردنی گەشتی هاوبەشی سەربازیی ئەمریکا و تورکیا لە منبج و دەوروبەری.[1]

دەرەوەی کوردستان

- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا ڕاگەیاند لە باکوری عێراقەوە "هەرێمی کورستان" هێرش دەکرێتە سەرمان ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئە و پێکداداناانەی کە لەنێوان سوپای تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە سەر سنوری نێوان هەرێم و تورکیا ڕوودەدەن. ئەمڕۆ هەینی 31ی ئاب رەجەب تەیب ئەردۆغان لە وتارێکدا ڕاگەیاند داوای چەکی قورسمان لە هاوبەشەکانمان کردووە پێیان نەداوین و داوای فڕۆکەی ئێف 35 مان کردووە و ئەگەر پێمان نەدەن هەڵویستمان دەبێت، وتیشی تورکیا ڕووبەڕووی پیلانگێڕی دەبێتەوە کە دواترینیان سزا ئابورییەکانی ئەمریکایە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | نوسەیبین |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-31
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-31
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-31
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-31
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-08-31
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-31 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 244

## 2018-09-01

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901000000152230



باکووری کوردستان
- لە شاری ئامەد، خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ ئازادیی عەبدوڵلا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئاشتییەوە بەڕێوەدەچێت.[1]
- پلاتفۆرمی رەنج و دیموکراسیی چەولیک کە حیزب و رێکخراوە مەدەنییەکان و ژوورە پیشەیی و سەندیکاکانی تیادا ئەندامە، لە کاتی چوونیان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی جەماوەریی 1ی ئەیلول رۆژی جیهانی ئاشتی لە ئامەد، رێگرییان لێکرا.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمرۆ 13هەمین فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام-ی مەریوان دەستی پێکرد.[1]
- ئێوارەی دوێنێ ئاگر بەردرایە دارستانەکانی کەبیر کوی ئیلام. سەر لەبەیانیی ئەمرۆ ئاگرەکە کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام مەترسیی ئاگرکەوتنەوەی تر لە ئارادایە. لەو ئاگرەدا رووبەرێکی بەرفراوان لە دارستانە چڕەکانی ناوچەی مەلەکشاهی سوتاوە.[6]
- کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بوو بە قوربانیی ژیان. شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە، بە ناوی مەحموود کتابی، تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی شاری بانە، ڕاگەیەندراوە.[7]
باشووری کوردستان
- لە ڕێوڕەسمێکدا پرووسکی 13 ئەنفالکراو لە قەڵای نزارکێ لە دهۆک دەنێژرێن.[1]
- شەوی رابردوو، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.5 بە پێوەری رێختەری شاری قەسری شیرینی لە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند. لەلایەکی ترەوە بەرەبەیانی ئەمرۆ

بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.9 سنوور تازەئابادی لە کرماشان هەژاند.[2]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 9:15 خولەک جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەستی بە بۆردوومانکردنی ناوچەکانی (ئاڤاشین، گەلی باڵندە، کورەژارۆ)ی هەرێمی بادینان-ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان کرد.[3]
- باڵەخانەیەکی بازرگانی لە هەولێر گڕیگرت.[1]
- بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئاشتییەوە لە شاری هەولێر و شارەدێی تەقتەق چالاکیی بەڕێوەچوون و تیایدا گۆشەگیریی سەر عەبدوڵا ئۆجالان، رێبەری پەکەکە شەرمەزارکرا و داوای ئازادکردنیشی کرا.[3]
- رێکخراوی هۆریزن، بە هاوکاری کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخش، پرۆژەی هەزار خەندەیان لە شاری سلێمانی راگەیاند، بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ پێدانەوەی قەرزی هەزار ماڵی کەمدەرامەت. بۆ ئەم چالاکییەش چین و توێژە جیاجیاکان پاڵپشتی خۆیان نیشانداوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەم ناوەندێکی چەتەکان لە شاری عەزاز ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە، ئەنجامەکەی کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[3]
- لە دەروازەی چوونە ژوورەوە بۆ عەفرین ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیوەتەوە. بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکە زیانێکی زۆر بە ناوچەکە گەیشتووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- میدیاکانی ئیسرائیل ئاشکرایانکرد، سوپای ئیسرائیل چەند هەفتەیەکە ئاگاداری گواستنەوەی موشەکە لە ئێرانەوە بۆ عێراق.[4]
- ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز بڵاویکردۆتەوە، حکومەتی تورکیا بەنیازە لەمڕۆوە بڕی نرخی کارەبا بۆ کەرتە پیشەسازییەکان 14% و بۆ هاوڵاتیانیش 9% زیادبکرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ○ قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 01-09-2018
[3] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 01-09-2018
[4] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 01-09-2018
[5] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 01-09-2018
[6] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 01-09-2018
[7] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 02-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 245

**2018-09-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180902000000153207



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی کوتودەری سەر بە ناوەندی شاری دێرسم دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا ئاگرێک بەهۆی بۆمبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر کەوتەوە و تا ئێستا نەکوژێنراوەتەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی داگیرکەری ئێران لە گوندی ماشکان سەر بە شاری پیرانشار تەقەیان لە ژمارەیەک کۆڵبەری کورد کورد لەو ناوچەیە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، پاش تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عەلی عەرەب کوڕی موراد بە سەختی بریندار بوو و هەروەها دوو کۆڵبەری دیکەش لەو ڕووداوەدا بێسەروشوێن بوون.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی واحید خالیدنژاد تەمەن 25 ساڵ، کوڕی محەممەدئەمین، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- نادر قازیپوور، نوێنەری شاری ورمێ، لە مەجلیس ئیدعای ئەوە دەکات، کە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پارەی عەرەبستان و کەرەستەی ئامریکایی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران تەیار دەکات.[5]
باشووری کوردستان
- ئاگرتێبەردانی دارستان، لەوەرگە، باخ و ڕەز و پێدەشت و شاخەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەردەوامە. بەهۆی تۆپبارانکردنی تۆپخانەکان و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرەوە چەندین ئاگر لە ناوچەکانی کوردستان کەوتونەتەوە. تازەترین ئاگرتێبەردانی دەوڵەتی تورکیا لە سنووری گوندەکانی بەدەهێ و ئۆرێ و بابیرێیە لە ناوچەی مەتینان ڕوویدا.[2]
- لە شاری سلێمانی پانێلێکی زانستی لەسەر ژیان و کەسایەتی مەستوورە ئەردەڵانی بەڕێوەچوو، کە ئاماژە بەسەرجەم وێستگەکانی ژیان و بەرهەم و تواناکانی ئە و خانمە کوردە کرا.[7]
- هەڵمەتێکی کوتان دژی نەخۆشی سورێژە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستپێبکات و ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام بێت. [1]
- سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت، بڕیارمانداوە بانگەشەی هەڵبژاردن لە بەردەم مۆنۆمێنتی هەڵەبجەوە تا کۆتایی شەقامی بەردەم قایمقامییەت قەدەغەبکرێت و هەر لایەنێکی سیاسیش پابەندنەبێت سزادەدرێت.[3]
- چەکدارانی داعش بۆمبێکی زۆر لە ناوچەی شێخ باوەی سنوری جەلەولا دادەنێن و بە وتەی سەرچاوەیەکیش چەکدارەکان لە چەند ناوچەیەک بە ئاشکرا دەردەکەون.[3]
- ئەمڕۆ و ڕۆژانی پێشوو، کۆبوونەوەیەکی زۆر لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی لەنێوان حیزبە کوردستانی و ئێراقییەکان بە مەبەستی بەشداریکردن لە پەرلەمانی ئێراقدا دەکرێت.[1]

- له گوندێکی ڕوژئاوای سەنتەری شنگال لەسەر ئۆتۆمبێلی بێناسنامە و دانانی بازگەیەک گرژی کەوتە نێوان یەبەشە و سوپای عیراق. بۆ ماوەی یەک کاژێر تەقەکردن لەنێوان هێزەکانی یەبەشە و سوپای عیراق دروست بوو.[4]
- لەبارەی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسی، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەفدی پارتی، رایگەیاندئەوەی میدیا باسی دەکات ئەسڵ و ئەساسی نییە و کاندیدی هیچ لایەنێک نیم بۆ ئە و پۆستە.[3]
- بەرهەم ساڵح، ڕیگەیاند، کە بەهۆی ئەوەی نوێنەریان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نییە و تێبینیان لەسەر کارەکانی ئەو کۆمسیۆنە هەیە، بڕیاریانداوە بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەکەن.[6]
- عارف تەیفور، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەسلێمانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی (کوردستان24) ڕایگەیاند کە پۆستی سەرۆک کۆمار ئیستیحقاقی پارتییە و سازشی لەسەر ناکەین.[3]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆ جاری سێیەم، وەزارەتی تەندروستی هەرێم لەبارەی جۆرەکانی دەرمانی ساختە ئاگاداردەکاتەوە و داوایان لێدەکات کە ڕێگری بکەن لە ساخکردنەوەی ئە و دەرمانانە.[3]
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند، چەکی شایستە داراییەکانی جوتیاران گەیشتە هەرێمی کوردستان. لە راگەیەندراوەکەدا ئەوەشخراوەتەروو، کە بڕی چەکەکە 154 ملیار و 130 ملیۆن دینارە و بۆ وەرزی بازارکردنی ساڵی 2018 ەیە.[7]
- هێزەکانی هاوپەیمانان رایدەگەیەنن، هاوکارییەکانیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامدەبێت و ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیش لە وەزارەتی پێشمەرگە چوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.[3]
- ئەمشەو ژمارەیەک چەکدار لەگەڵ برای سەرۆک عەشیرەتێکی سنوری سلێمانی لەگەڵ پۆلیسەکانی هاتوچۆی سلێمانی لە شەقامی سەهۆڵەکە کێشە لەنێوانیاندا دروستبووە و لە وەڵامدا چەکدارەکان تەقەیان بەسەر پۆلیسەکانی هاتوچۆدا کرد و کەس لە ڕووداوەکەدا برینداز نەبوو.[3]
- وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرایدەکات، وەک نارازیبوونێک لە بەرامبەر ساختەکاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکان، سبەی دووشەممە بەشداری یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق ناکەین.[3]
- یەکەم ڕۆژی هەفتەی نمایشی جلوبەرگ لە کوردستان بەڕێوەچوو، لە یەکەمین هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان 60 مۆدێل بەشدار بوون کە 40 یان کچ و 20 یان کوڕ بوون.[4] دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو، لە فڕۆکەخانەی مزەی سەربازی کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دیمەشقی پایتەختی سوریاوە، چەندین تەقینەوەی گەورە ڕوویانداوە.[1]
- لە ئیستەنبوڵ بە بەشداری دەیان هەزار کەس میتینگی (ئاشتی گۆشەگیر ناکرێت) بەڕێوەچوو. لە میتینگەکەدا نوێنەرانی دایکانی ئاشتی، خانەوادەی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی پرسووس و کۆمەڵەی 10ی تشرینی یەکەم قسەیان کرد.[2]
- لاوانی کورد ئەمڕۆ لەپێناو ئازادیی ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا دەستیان بە ڕێپێوانێکی درێژمەودا کرد. پۆلیس ڕێپێوانەکەی قەدەغە کرد و هێرشی کردە سەر لاوان.[2]
- لە پەرلەمانی ئێران، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕووبەڕوی پرسیار کرایەوە سەبارەت بە ئاڵای کوردستان کە چۆن ڕازی بووە لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی مام جەلال کە بە ئاڵای کوردستان داپۆشرا بوو ڕاوەستێ و گوتی: تەنیا کەسێک بۆ ڕێز گرتن سەری خۆی دانەنواند من بووم. چونکە ئاڵای کوردستانی پێوە بوو.[1] پاشتر ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی وەزیری دەرەوەی ئێران دەداتەوە لە بارەی گشتپرسی و ئاڵای کوردستان لەسەر تەرمی مام جەلال

و دەڵێت، هەموو وردەکارییەکانی مەراسیمی هێنانەوەی تەرمی مام جەلال، بنەماڵەکەی لێی بەرپرس و ئاگادار بوون نەک مەسعود بارزانی.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-02


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 246

**2018-09-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180903000000153208




باکووری کوردستان
- دەوروبەری گوندی هەلهەلێ-ی ناوچەی هەزرۆ-ی ئامەد بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەلایەن سوپای تورکیاوە هێرشی ئاسمانی کرایەسەر.دەوترێت کە دوابەدوای بۆردومانی گوندەکە دانیشتوانی گوندە بە هۆی دوکەڵ وبۆنی ئەومادەیەی کە لەبۆمبەکەدا بووە تووشی ژانەسەربوون.[4]
- ئە و ئاگرەی کە لە دوای ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دۆڵی ڕۆژ-ی سەر بە دێرسم لە باکووری کوردستان دەستی پێکرد، ماوەی 3 ڕۆژە بەردەوامە و دانەمرکاوەتەوە. ئە و گوندانەی دەکەونە ناوچەکە لە ساڵانی نەوەدەکان لە لایەن دەوڵەتەوە چۆڵکراون و بەشێکیشیان کراونەتە ناوچەی قەدەغەکراو (ناوچەی ئاسایشی تایبەت). بەهۆی ئەوەی کەس ناتوانێت لە گوندەکان نزیک بێتەوە، هیچ زانیارییەک دەربارەی ناوچەکە دەست ناکەوێت. چەند گوندێکی ناوچەکە بەهۆی دوکەڵی زۆر بە ئەستەم دەبینرێن.[4]
باشووری کوردستان
- بەهاوکاری مەڵبەندی 1ی ڕێکخستن و کۆمیتەی قەرەداغ یادی 41 ساڵەی شەهید مەلا ئەحمەد حەمە ئەمین ناسراو بە مەلا گەرمیانی دەکرێتەوە.[1]
- لە کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە لە هەڵەبجە، لە مەراسیمێکی تایبەتدا کتێبخانە کەسییەکەی نوسەری کورد (غەفوری میرزا کەریم) کە زیاتر لە هەزار و 500 کتێبی جۆراوجۆربوون بەخشرایە کتێبخانەی زانکۆکە.[5]
- سەرکردەیەکی ئیئتلافی سائیرون، رایگەیاند کە شاندی دانوستانکاری یەکێتی و پارتی خۆیان یەکلاکردوەتەوە و چوونەتەپاڵ هاوپەیمانییە گەورەکە.[2]
- پەرلەمانتارێکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە خولی نوێی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، چونەتە ناو کوتلەکەی نەسر و سائیروون. گوتیشی پشتگیری ئەوە دەکەین، حەیدەر عەبادی ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران.[3]
- چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایە سەر گوندێکی سنووری کەرکوک و 10 هاووڵاتییان کوشت.[3]
- هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان لەسەر بەشداریکردنی پەرلەمانی ئێراق و هاوپەیمانێتییان ناڕوونە، سەرچاوەکان کۆک نین لەسەر ئەو هەڵوێستانە.[6]
- لە شارەدێی جەلەولای سەر بە شارۆچکەی خانەقین، چەکدارانی داعش هاوڵاتییەکی مەدەنییان گوللە بارانکرد.[2]
- هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەبەشداری 166 ئەندام بە ناونیشانی (نیشتمان) و بەدروشمی (تواناسازی ئافرەت جڤاتی پێشکەوتوو) بەڕێوەچوو.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەپەگە بڵاویکردەوە، شەڕڤانان لە ناوچەی راجۆی عەفرین چالاکییەکیان ئەنجامداوە و لەو چالاکییەدا 2 چەتە کوژراون.[4]
- چەتەکانی جەیشی ئیسلام کە سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەرن، ئەمڕۆ لەسەر ڕێگەی تیرینده-ی عەفرین هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵێکی ئێزدی و 2 برای ئێزدییان بە ناوەکانی عەبدۆ حامکە (64 ساڵان) و بەحری حامکە (60 ساڵان) ڕفاندووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لەپاش ئەوەی چەند لیستێکی شیعە و سونە بە بەشداری عەبادی و سەدر و حەکیم فراکسیۆنێکیان ڕاگەیاند بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، فراکسیۆنێکی تر بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی قانون و هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح ڕاگەیەندرا.[2]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 11:50 خولەک، بە سەرۆکایەتیی محەمەد عەلی زەینی، بەتەمەنترین پەرلەمانتاری ئەم خولە، کە لە کوتلەی سائیرونە، یەکەمین دانیشتنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێکرد و لە سەرەتادا مارشی نەتەوەیی عێراق وترایەوە. لە دانیشتەکەدا، زۆربەی پەرلەمانتارە کوردەکان بەشدارییان کردووە، بەڵام پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان بایکۆتیان کردووە.[5]

- هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانییەکانی فەتح و دەوڵەتی یاسا لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کشانەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-03
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-09-03 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 247

**2018-09-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180904000000153209



باکووری کوردستان
- لە ناوەندی هاتای و ناوچەکانی ئەسکەندەروون، لە ئۆپەراسیۆنێکدا پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەرماڵی ئەندامانی هەدەپە. لەو ئۆپەراسیۆنەدا موحسین تاشان و ئەحمەد چاهان، هاوسەرۆکانی هەدەپەی ناوچەی ئەسکەندەروون و دەیان ئەندامی تری هەدەپە دەستگیرکراون.[1]
- لە دارستانەکانی ماقورک، ناوڤدەشت ورێهلا ورچە-ی نێوان گوندەکانی کەهاهەمزۆ وهاریێ-ی جولەمێرگ بە هۆی تۆپبارانی سوپای داگیرکەری تورکیاوە دارستانەکانی ئەو ناوچانە ئاگریان تێبەربووە. بە بیانووی ئەوەی کە شوێنی ئاگرەکە ناوچەی قەدەغەکراوە ڕێگە نادەن کەس بۆکوژاندنەوە وکۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە لەشوێنە نزیک بێتەوە. ڕاگەیەنرا کە ئاگرەکە لە ناوچەکە پەرەی سەندووە.[1]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، بانگەوازیی هاوڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیای کرد، کە خۆیان لە هەڵسوکەوتی توند دووربگرن و بەگوێرەی یاسا چالاکی بکەن، هەروەها داوای لە حکومەتی ئەڵمانیا کرد، کە سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا بەتاڵ بکاتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە 18هەمین خولی کێبڕکێی وەرزشییەکان لە شاری جاکارتا، وەرزشوانانی کورد، توانیان بەسەر ڕکەبەرکانیان سەربکەون و میداڵە زێڕ و زێوەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. پارێزگای کرماشان بە بەشداریی 20 وەرزشوانی کچ و کوڕ، توانی 10 میداڵ بۆ خۆی لەو کێبڕکێیە ئاسیاییەدا بەدەست بهێنێت.[5]
- شەوی ڕابردوو، کۆڵبەرێکی کورد، خەڵکی شاری سەقز بە تەقەی ڕاستەوخۆی هەنگی سنووری نەنوور پێکرا و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا. هەواڵنێری کوردپا لە شاری سەقز شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردەی بە ناوی ئاکۆ مینایی ناسراو بە ئاکۆ سەعادەت تەمەن 23 ساڵ کوڕی تەوفیق خەڵکی گوندی پیرئۆمرانی شاری سەقز ڕاگەیاندووە.[5]
- دوو چالاکی کرێکاریی بە ناوەکانی موزەفەر ساڵحنیا ئەندامی هەیئەتی یەکیەتیی ئازادی کرێکارانی ئێران و خالید حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- دانیشتوانی گەڕەکی ئازادی لە شارۆچکەی سۆران لەدژی نەبوونی خزمەتگوزاری خۆپیشاندانیان ساز کردووە و هێزە ئەمنییەکان ڕێگە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نادەن ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە بکەن. لەلایەکی ترەوە خۆپیشاندەران ڕێگەی سەرەکی سۆران – برادۆست-یان داخستووە.[3][4]
- لەچەند بۆسەیەکی پۆلیسی ئیتیحادی لەباشوری کەرکوک 5 حەکداری گروپی تیرۆریستی داعش کوژران، ژمارەیەکی زۆر بۆمبی چێندراویش پوچەڵکرایەوە.[2]
- پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتەی سلێمانی کۆبوونەوە.[6]
- ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند، کە خواستنی دواخستنی هەڵبژاردن خواستی ئەوان نییە و لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردندان لەکاتی خۆیدا، داواش لە هاوڵاتیان دەکەن بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر ئەمڕۆ کاتژمێر 15:30 بۆردومانی دەوروبەری گوندەکانی قەڵاتوکان، سوورەدێ و دەڤەری شەهید هاڕوونیان کردووە لە هەرێمی قەندیل. هاوکات فڕۆکە جەنگییەکانی داگیرکەر بۆردومانی دۆڵی ڕەش، لۆلان و شەکۆی ناوچەی برادۆستیان کردووە لە هەرێمی خواکورک.[6]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی بۆ 11ی ئەم مانگە دواخست.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە عەفرین لە دژی سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی چالاکییان

ئەنجامدا. لە چالاکییەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان و چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر کوژران. یەکەم چالاکیی شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە گوندی تیریندێ-ی عەفرین ئەنجامدرا. تەقینەوەیەک لە خاڵی پشکنینی گوندەکە روویدا، لەو تەقینەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە چەتەکانی لیوای شیمال و توگای 23ی کوژران. هەروەها لە چالاکیی دووەمدا شەرڤانانی یەپەگە ویەپەژە لە چیای ئیهلام ئۆتۆمبیلێک-ی سەربازییان کردە ئامانج. لەو چالاکییەکدا ژمارەیەک چەتەی سەربە سوپای تورکیا کوژران.[1]

دەرەوەی کوردستان

- کوردستانییان لە کۆڵن، نارەزاییان دژی لەسێدارەدانی رامین حوسێن پەناهی دەربڕی.[6]

- وەزارەتی بەرگری تورکیا رایگەیاند کە داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرودوە، چەکدارە کوردەکان لە خاکی سوریا دەربکات بە یەکجاری.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-04

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-04
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 248

## 2018-09-05

https://www.kurdipedia.org/?q=20180905000000153210



باکووری کوردستان
- بە پێی ڕاگەیەنراوی والی جولەمێرگ لە 30 ناوچە لە ناوەندی جولەمێرگ و ناوچەکانی چەلێ، شەمزینان وگەڤەر، بۆ ماوەی 15 ڕۆژ قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەنراوە و هاووڵاتیان مافی ئەوەیان نییە سەردانی ئەو ناوچانە بکەن.[4]
- لە ماوەی 2 ڕۆژدا لە ئامەد هەڵکوتراوەتە سەر 73 ماڵ.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد، بە ناوی ناسر ئیبراهیمزادە، خەڵکی گوندی گەوڵانی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی کوژرا.[6]
- هاجەر سەعیدی، چالاکی بواری مافی ژنان و ژینگەپارێزیی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[6]
- حەسەن گەڵوانی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری نەغەدە، لە گرتووخانەی شاری ورمێ، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ئەردەبێڵ دوور خرایەوە.[6]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا جارێکی تر گوند و ناوچەکانی سنوری برادۆستیان بۆردوومان کرد و بۆردوومانەکە ناوچەکانی چیادێل و خواکورک و گەروی سیران و گەرووی کەوەرت و، دەوروبەری گوندی خەلیفان و گەلی خواکورک ز گەلی رەشی گرتۆتەوە. بەهۆی تۆپبارانەکەشەوە زیانێکی زۆر بە رەزو باخی دانیشتووانی ئە و ناوچانە کەوتووە و بەوهۆیەوە ئاگرێکی گەورە لە سنورەکە کەوتۆتەوە.[3]
- نزیکەی 20 ڕۆژە لە کەرکوک، بە هۆی نەبوونی کارەبای نیشتمانییەوە زۆربەی وێستگەکانی کۆکردنەوەی ئاو لە ووشکبووندان و گەڕەکەکانی شارەکەی بەجۆرێک بێئاو کردووە کە خەڵکی بە تانکەر ئاو دەکڕن.[1]
- پارتی دیموکراتی کوردستان داوای بزووتنەوەی گۆڕانی لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان قبوڵنەکردوە، سەرچاوەیەکیش لە نێو گۆڕان دەڵێت ئێستا گۆڕان تەنها بڕیاری بایکۆتکردنی لەبەردەمدا ماوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە لایەن جڤاتی نیشتمانییەوە ئە و بابەتە یەکلادەکرێتەوە.[2]
- لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە و سەرۆکی سەندیکای پزیشکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستیی نەخۆشخانە، مەراسیمێکی ماتەمینی بۆ د. جەمال ئەحمەد ڕەشید بەڕێوەچوو.[2]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ناوی نەخۆشخانەی فێرکاری منداڵانی سلێمانی بگۆڕدرێت بۆ نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید.[2]
- بەرپرسێکی کۆمپانیای نەوتی باکوری عێراق ئاشکرای دەکات، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئاڵۆگۆڕکردنی نەوت لەگەڵ ئێراندا، هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک بۆ ئێران چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل بەتانکەر ڕەوانە دەکرێت.[2]
- لە گەڕەکی وڵوبە لەشاری سلێمانی کچێکی تەمەن 13 ساڵان بەهۆی گوللەوە گیانی لەدەستدا.[3]

رۆژئاوای کوردستان
- لە چوارچێوەی هاریکارییە بەردەوامەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات، نزیکەی 150 بارهەڵگر گەیشتنە شاری قامیشلۆ. ئە و بارهەڵگرانە کەلوپەلی سەربازی و لۆجیستیان هەڵگرتبوو، گەیشتە دەست هێزەکانی سوریای دیموکرات لە و ناوچەیە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێک کە لە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیلدا بڵاوبووەتەوە، سوپای ئیسرائیل پشتڕاستی کردووەتەوە، کە بۆسەر پێگە ئێرانییەکانی ناو سوریا 200 هێرشی ئاسمانی کردووە، هەروەها زیاتر لە 800 ڕۆکێتیشی هاویشتووەتە سەر ئەو پێگانە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | نەغەدە |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 05-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 05-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 05-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 05-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 05-09-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 05-09-2018


کاتی تۆمارکردن: 05-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 249

**2018-09-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180906000000153211



باکووری کوردستان

- بەهۆی بۆردومانی ئاسمانیی سوپای تورکیا لە دۆلی رۆژ لە ناوچەی کوتودەرەی دێرسیم ئاگرێک کەوتووەتەوە و ماوەی 7 رۆژە بەردەوامە. هاوولاتییان دەیانەوێت ئاگرەکە بکوژێنەوە، بەلام سەربازانی تورکیا بە پاساوی 'ناوچەی ئەمنیی تایبەت' رێگری لە چوونی هاوولاتییان دەکەن بۆ دۆلی رۆژ و بەو پاساوە رێگایان پێنادەن ئاگرەکە بکوژێنەوە. دامودەزگا پەیوەندارەکانی حکومەتی تورکیاش هیچ کارێک ناکەن بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە. ئاگرەکە لە تەشەنەسەندنی بەردەوامدایە و ئاگرەکە گەیشتووەتە سنووری گوندەکانی گیولەچ و زەریکان لە ناوچەی مازگرت، هاوولاتییان دەستیان بە کوژاندنەوەی ئەو بەشە لە ئاگرەکە کرد، بەلام لە سنوورەکانی ترەوە ئاگرەکە بەردەوامیی هەیە.[4]

رۆژهەلاتی کوردستان

- کاتژمێر 4 و 30 خولەکی ئێوارە، کۆڕەشێعرێک لەژێر ناوی سترانی هەنار بە مەبەستی خزمەت بە شێعر و ئەدەبی کوردی بۆ نیزیک بە پازدە کەس لە شاعێرانی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی مەولەوی کورد لە شاری سەقز بەڕێوەچوو.[6]

باشووری کوردستان

- ژمارەیەک چالاکی کۆمەلگەی مەدەنی و کوردانی رۆژهەلات لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەتەوە و داوا دەکەن (رامین حوسێن پەناهی) لە زیندان ئازادبکرێت.[2]

- ئەمجەد حوسێن پەناهی، برای رامین بەناوی بنەماڵەکەیەوە بە رۆژنامەڤانانی راگەیاند ژمارەیەک چالاکڤانی دیکەش لە سلێمانییەوە بە چوار پاس ویستیان بێنە هەولێر، لە بازگەی تاسلۆجە رێگریمان لێکرا.[3]

- لە سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری ئیبراهیم پاشای بابان لادەبرێت.[1]

- تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بەچڕی تۆپبارانی کوێستانەکانی بەربزینی سەر بە شارۆچکەی سیدەکان دەکەن، فرۆکەی چاودێریش لە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسورێتەوە.[3]

- وەفدێکی سەربازیی ئەلمانیا لە سەردانێکیاندا بۆ کوردستان، رایدەگەیەنن کە کورد دۆستێکی نزیکیانە و هاوکارییە سەربازییەکانیشیان بۆ هێزی پێشمەرگە کە رۆلی گرنگی هەبووە لەتێکشاندنی تیرۆرستانی داعش بەردەوامدەبێت.[5]

- ئەمرۆ، 80 شێوەکاری شاری بەغدا و شاری سلێمانی لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکەی شاری سلێمانی، پێشانگایەکی شێوەکاریی هاوبەشیان بەدروشمی هەمیشە پێکەوەین کردەوە. هەر شێوەکارێک بە تابلۆیەک بەشداریی لە پێشانگاکەدا کردبوو. بڕیارە پێشانگاکە ماوەی 10 رۆژ بەردەوامبێ و لە یەکەم رۆژیشدا هاولاتییەکی زۆر سەردانی پێشانگاکەیان کرد.[6]

دەرەوەی کوردستان

- پلاتفۆرمی عەفرین کە رێکخەری فێستیڤالی کولتوورییە رایگەیاند، حکوومەتی ئەلمانیا فێستیڤالی کولتووری قەدەغە کرد کە بڕیار بوو رۆژی 8ی ئەیلوول\17ی خەرمانان بەرێوەبچێت.[4]

- بارودۆخی شار و شارۆچکەکانی باشوور ئێراق، بەتایبەتری بەسرە زۆر تێکچووە. لە چەند رۆژی رابردوودا خۆپیشاندانەکانی بەسرە دەیان کوژرا و بریندار لێکەوتووەوە. خۆپیشاندەران زۆرێک لە باڵەخانە حکومییەکانیان سووتاندووە. ئەمرۆش قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە بەسرە راگەیەندرا.[1]

- ئێوارەی ئەمرۆ لەدرێژەی خۆپیشاندانەکانی بەسرە، لەباشووری عێراق، خۆپیشاندەرێک لەناو

بینای پارێزگای بەسرە سووتا وماڵی حەوانەی پارێزگاری شارەکەش سووتێنران کە بەوەش تائێستا نزیکەی 15 خۆپیشاندەر کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 06-09-2018
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 06-09-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-09-2018
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 06-09-2018
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 07-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 06-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 250
**2018-09-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180907000000153212



باکووری کوردستان
- دادگای تورک بڕیاری زیندانیی 4 ساڵ و 8 مانگ بۆ سەڵاحەدین دەمیرتاش و 3 ساڵ و نیوی بۆ سورەیا ئۆندەر دەرکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بڕیارە ئەمشەو هەردوو زیندانی سیاسیی کورد لوقمان مورادی و زانیار مورادی لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لەسێدارەبدرێن.[4] هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوەدەکەن کە سبەی بەیانی ئەنجام دەدرێت.[2]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری نەغەدە بە ناوی سەعدی مەعرووفی کوڕی لەتیف خەڵکی گوندی کوێک سەر بە شاری نەغەدە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- زانیار و لوقمان مورادی پەیامێکی ڤیدیۆییان بڵاوکردەوە تیایدا بانگەوازیی لە هەموو ناوەندەکانی

مافی مرۆڤ دەکەن، کە بە جوڵانەوەی خێرا ڕێگری بکەن لە جێبەجێکرجنی سزای لەسێدارەدانیان، چونکە سبەینێ درەنگ دەبێت.[4]

باشووری کوردستان

- تۆپبارانی داگیرکەری ئێران بۆ باڵەکایەتی ئەمڕۆش بەردەوامە.[2]

- پاش ئەوەی شەوی ڕابردوو تەرمەکەی لە ئەڵمانیاوە گەیبشتە سلێمانی، کاتژمێر 8ی بەیانی ئەمڕۆ تەرمی د. جەمال ئەحمەد ڕەشید، لە مزگەوتی (ئەحمەدی حاجی عەلی)یەوە بەڕێکرا و تەرمەکەی دەبرێتە ماڵەکەی خۆی، کلینیکەکەی و نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی. پاشانیش هەر لە سلێمانی لە گردی سەیوان بەخاک دەسپێردرێت.[3]

- چەکدارانی داعش ناوچەی تەلوەردیان لە باشووری کەرکوک هاوەن باران کرد.[3]

- ئاگرێک لەنێوان دوو گوندی دەڤەری نهێل کەوتەوە کە ناویان (سەرگەلێ و سگێرێ)یە، بەهۆیەوە دەیان دۆنم زەوی و پوش و پاوان گڕیان گرت.[3]

- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، بانگەوازیی لە هەموو کەسێکی ئازادیخواز کرد، کە هەڵوێست دەربڕن بۆ ئەوەی سزای لە سێدارەدانی هەریەکە لە زانیار و لوقمان مورادی و ڕامین حسێن پەناهی، زیندانیانی سیاسیی کوردی سزادراو بە سێدارە ڕابگیرێت.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەربازان و چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا لە عەفرین هەڵیانکوتایە سەر گوندەکانی ئاڤرازا و جۆقا لە ناوچەی ماباتای عەفرین. لە دوای ئەشکەنجەکردنی ژنان، دەیان هاووڵاتیی ئەو گوندانەیان ڕفاند.[1]

- لە گوندی دارگرێ لە ناوچەی ماباتای عەفرین چەتەکانی بەرەی شامی تورکیا 17 هاووڵاتییان ڕفاندووە. ناوی کەسە ڕفێنراوەکان بریتین لە: جەمیل خەلیل عارف، عەزیز مەنان موستەفا، ئەمین عەزیز موستەفا، لەوەند عەزیز موستەفا، مەنان عەزیز موستەفا، محەمەد مەنان موستەفا، دیار محەمەد موستەفا، کاوە ڕەشید عەلیکۆ، محەمەد عومەر عەلیکۆ، نەزمی ئەحمەد عەلیکۆ، ئەحمەد محەمەد سەقمی، ئەحمەد محەمەد عەلیکۆ، ڕۆشین ئەمین ئیجۆ، عەریف حوسێن ناسانان، ڕووکەن عومەر، سلێمان وەلید و جەودەت بەکر.[1]

دەرەوەی کوردستان

- بارودۆخی بەسرە زۆر خراپتر بووە و چەندین بارەگای حیزبەکان سووتێنراوە، لە بەغداش چەند موشەکێک گیراوەتە ناوچەی سەوز.[2]

- ئێوارەی ئەمڕۆ کونسوڵخانەی ئێران لە بەسرە سووتێندرا. ئێران بەهۆیەوە سنووری لەگەڵ بەسرە داخست و داوای لە ئێرانییەکانی بەسرە و دەوروبەری کرد بەسرە بەجێبهێڵن.[2]

- هەرسێ سەرۆکەکانی ڕووسیا، ئێران و تورکیا دەربارەی بارودۆخی سووریا لە تاران کۆبوونەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: نەغەدە

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 🕵ماڵپەڕ | 🏳کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-09-2018
[2] ●دیارینەکراو | 🏳کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 🕵ماڵپەڕ | 🏳کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 07-09-2018
[4] 🕵ماڵپەڕ | 🏳کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 07-09-2018
[5] 🕵ماڵپەڕ | 🏳کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 07-09-2018


کاتی تۆمارکردن: 07-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 251

**2018-09-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180908000000153213



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 4ی ئەم بایەنییە، رامین حسێن پەناهی لەسێدارەدرا.[2]
- بنەماڵەی زانیار مورادی لەسەر دواین دۆخی زانیار و لوقمان باس لەوە دەکەن، کە لە کاتژمێر 03:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە لە بەردەم زیندانی ڕەجائی شەهری کەرەج وەستاون، بەرپرسانی زیندانەکە زانیاری ڕوونیان پینەداون کە سزاکەی جێبەجێکراوە یاخود نا. ئاماژەیان بەوەشکردووە، کە بەرپرسانی زیندان یاری بە هەستیان دەکەن و جارێک دەڵێن لەسێدارە دراون و جارێکیش دەڵێن سزاکە جێبەجێنەکراوە، بەوەش لە گومان و دڵەراوکێدا هێشتویاننەتەوە.[3]
- زانیار مورادی و لوقمان مورادی لەسێدارەدران.[2]
- بەهۆی لەسێدارەدانی هەر سێ لاوە کوردەکەی ڕۆژهەڵات و هێرشی داگیرکەری ئێران بۆسەر کۆیە، چالاکوانانی ڕۆژهەڵات کەمپینی من لە ماڵ نایەمەدەر و مانگرتنی سەرتاسەرییان بۆ ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.[2]
باشووری کوردستان
- چەند بارەگایەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شارۆچکەی کۆیە لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە موشەک باران کرا و قوربانی لێکەوتەوە. سەرچاوەکان باس لە شەهیدبونی 14 کەس کە 6یان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین و برینداربوونی دەیان کەس دەکەن. هەریەک لە مستەفا مەولودی سکرتێری گشتی حزبی دیوکراتی کوردستان و خالید عەزیزی سکرتێری پێشوی ئە و حزبە بریندارن، موشەکبارانەکە لە کاتێکدا بووە کە حیزبی دیموکرات پلینیۆمی بەستووە و کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی لایەنگرانی حزب لە ئارادابووە.[2]
- داگیرکەری ئێران دیسان تۆپبارانی ناوچەکانی سیدەکان و حاجی ئۆمەرانی دەستپێکردەوە.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند لەسەر بۆردوومانەکەی کۆیە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات.[5]
- هێزەکانی هاوپەیمانان بە پشتیوانی هێزەکانی کۆماندۆی سەر بە پێشمەرگە ناوچەی شۆراو لە نێوان خورماتوو - کفری بۆردومان دەکەن و ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتیان بۆ لەناوبردنی داعش لە و سنوورە دەستپێکردووە.[1]
- پاش هێرشەکەی ئێران بۆ سەر بارەگای هەردوو دیموکرات لە شاری کۆیە، تیمێکی تایبەتی شارەزایانی ئەمنیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو هێرشە، چوونەتە کۆیە و شوێنی هێرشەکەیان لە نزیکەوە بینیوە.[7]
- لەسنوری خانەقین لە پەلامارێکی چەکدارانی داعش بۆ سەر بازگەیەکی چەکدارانی حەشدی

شەعبی، چەکدارێکی بازگەکە کوژرا کە کوردە.[1]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە، لەسەر بۆردومانکردنی بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات.[1]
- بێگەرد تاڵەبانی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: تاوەکو ئێستا هیچ داوایەک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەکراوە بۆ کۆبوونەوە لەسەر بۆردومانکردنی بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران و دەشڵێت، بەڵام پەرلەمان بێ دەنگ نابێت.[1]
- هەردوو فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، دوو بەیاننامەی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و تێیدا پشتگیری خۆپیشاندەرانی شاری بەسرەیان کردو ئیدانەی هێرشەکەی سەر کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد لە شاری کۆیە کە چەندین کەس تێیدا شەهیدو برینداربوون.[6]
- دوانیوەرۆی ئەمرۆ لە بەردەم موزەخانەی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسان، چالاکوانان و چین و توێژەکانی گردبوونەوەکیان بۆ ئیدانەکردنی لەسێدارەدانی رامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی لەشاری سلێمانی ئەنجامدا.[4]
- چالاکوانان و رۆژنامەنووسانی شاری هەولێر، دژی هێرشە موشەکییەکەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لە شاری کۆیە و لەسێدارەدانی هەریەکە لە رامین حسێن پەناهی و زانیار و لوقمان مورادی، زیندانیانی سیاسیی کورد، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوای داخستنی کۆنسوڵخانەی ئێران-یان کرد.[3]
- بۆ ماوەی 10 رۆژ بە بەردەوامیی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، چەند ناوچەیەک لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی بۆردومان دەکەن، سەرچاوەیەکیش لە شارەدێی شێلادزێ رایدەگەیەنێت: دوێنێ و ئەمرۆ هەشت گوند لە دەڤەری رێکان و دوسکی ژۆری بۆردومان کراون و دارستانی ئەو ناوچانە ئاگری گرتووە.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی ئیتیحادی لەمیانی هەڵمەتەکانی گەڕان و پشکنیندا بۆ ژمارەیەک لەگوندەکانی دەوروبەری پارێزگای کەرکوک، دەستگیرکردنی 27 کەسیان راگەیاند، هاوکات 54 بۆمبی چێندراویش پوچەڵکراوەتەوە.[1]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بریندارەکانی حزبی دیموکراتیان لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی بەسەرکردەوە.[6]

رۆژئاوای کوردستان

- کاتژمێر 09:00 بەیانیی ئەمرۆ هێزەکانی رژێمی سوریا لە نزیک فرۆکەخانەی قامیشلۆ بە زۆر گەنجێکیان دەستگیرکردبوو و خواستبویان بیبەن بۆ سەربازیی زۆرەملێ. هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی خۆبەڕێوبەریی قامیشلۆ دەستیان لەو دۆخەکە وەرداوە و چوونە شوێنی رووداوەکە و لە ئەنجامدا بەهۆی روودانی شەڕەوە بەلانیکەمەوە 13 سەربازی رژێم کوژران و ئەندامێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی قامیشلۆ شەهید بوو و 2 ئەندامی تری ئاسایشی ناوخۆی قامیشلۆ بریندار بوون.[4]
- پارتی مارکسیست لنینیست،کۆمۆنیست (MLKP) لە رۆژئاوا بە مەراسیمێکی بەشکۆ 25هەمین ساڵی دامەزراندنی خۆی پیرۆزکرد.[4]

دەرەوەی کوردستان

- دوای ئەوەی 26-ەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کورد لە شاری دینسلانکەنای ئەڵمانیا قەدەغەکرا، ئەمرۆ بە بەشداربوونی دەیان هەزارهاووڵاتی گردبوونەوەی دۆسڵدۆرف دەستپێکرد. دەیان هەزار هاووڵاتیی کورد لە شارە جیاوازەکانی ئەوروپاوە ئەمرۆ خۆیان گەیاندە دۆسڵدۆرف و بەشداری گردبوونەوە بۆ ئازادیی رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شاری دۆسڵدۆرفی ئەڵمانیا بوون.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی ئێران باڵیۆزی عێراقی لە وڵاتەکەی بانگهێشت کردووە و پەیامێکی نارەزایی توندی پێداوە لەسەر ئە و رووداوانەی کە لەشاری بەسرە رویداو بەهۆیەوە هێرشکرایە سەر کونسڵخانەی تاران لەوشارە، ئەوەش بەپێی هەواڵێک کە ئاژانسی ئارتی روسی

بڵاویکردووەتەوە.[1]
- ئاژانسی هەواڵی فارس نیوز ئەمڕۆ بڵاویکردەوە: بەتۆمەتی پەیوەندییان بە گروپە چەکدارییەکان و ئەنجامدانی کردەوەی تێکدەرانە لە رۆژئاوای ئێران زانیار و لوقمان مورادی و رامین حسێن پەناهی لەسێدارەدراون.[1]
- رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ رایگەیاند حەپەساوین بە لەسێدارەدانی هەریەک لە زانیار و لوقمان مورادی و رامین حوسێن پەناهی لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 08-09-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-09-2018

[6] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 08-09-2018
[7] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 09-09-2018

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-09-08 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 252

**2018-09-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180909000000153214



باکووری کوردستان
- مەجلیسی ژنانی هەدەپە دەربارەی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی کورد ڕامین حسێن پەناهی، لوقمان مورادی و زانیار مورادی کە لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە لە سێدارە دران بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لەسێدارەدانی ئەو 3 چالاکە کوردەی شەرمەزارکرد.[5]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، لەسێدارەدانی سێ چالاکوانی سیاسیی کورد و هێرش بۆ سەر کۆیەی شەرمەزارکرد و ڕایگەیاند، کە ئێران بەو کردەوانە کێشەکان قووڵتر دەکات.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێران تەرمی شەهیدان لوقمان مورادی و زانیار مورادی ناداتەوە و لە تاران بەخاکیان دەسپێرێت.[4]
- سەرۆکی فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان رایدەگەیەنێت: زیاتر لە 10 هەزار کەس لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زینداندان و 15 زیندانی دیکەش سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.[1]
باشووری کوردستان
- تەرمی شەهیدانی کۆیە لە گۆڕستانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە بەخاک دەسپێردرێن.[4]
- لە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە پرسەی شەهیدانی سێدارە زانیار مورادی لە ماڵی دایکی زانیار لە گەڕەکی قورە ڕەش لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەچوو.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا چیاکانی دەرووبەری شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکەن. لەم هەفتەیەدا سێیەم جارە تورکیا ناوچەکانی شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومانده‌کات.[4]
- لە کاتژمێر 12:30 خولەکەوە تۆپخانەکانی ئێران ئەمرۆبەچرپی کوێستانی شیوەدز لە دەڤەری برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر تۆپباران دەکات. بەهۆی تۆپبارانەکەوە چەندین دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ماڵی خۆیان جێهێشتووە ئاوەرەی سیدەکان و گوندەکانی نزیک لە سیدەکان بوون.[5]
- فڕۆکەیەکی سیخوڕیی بە ئاسمانی شارۆچکەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێردا دەسورێتەوە، بەڵام دیار نییە، کە فڕۆکەی چ وڵاتێکە.[3]
- لە شاری سلێمانی بە گردبوونەوەیەکی جەماوەری ئیدانەی هێرشە موشەکییەکەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ل کۆیە و لەسێدارەدانی هەر سێ زیندانی سیاسی کورد ڕامین حسێن پەناهیی و زانیار و لوقمان مورادی کرا.[3]
- بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت لەنێوان کەرکوک و شارۆچکەی دوبز (ڕۆژئاوای کەرکوک) تەقێندرایەوە، لەکاتی هەوڵدان بۆ کوژانەوەی ئاگرەکەیش بۆمبێکی دیکە بەکارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکور تەقیوەتەوە.[1]
- بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی لە خورماتوو رایگەیاند، هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا خورماتوو جێدەهێڵن و لەجێگەی ئەوان لیوایەکی سوپای عێراق جێگیردەبێت. گوتیشی: لەسەر ئەو باڵەخانەیەی هێزەکەی تێدا بووە، کێشە دەکەوێتە نێوان یەکێتی و لیوای 52ی

عێراق.[2]
- بە نوسراوێکی هەڵواسراو لە ناو بەڕێوبەرایەتیی پەروەدەی کەرکوک، داوا لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی حکومەتی عێراق کراوە، کە مامەڵەی یاسایی بکەن بۆ وەرگرتنی زەوی، واتا زەوی تەنیا بەسەر ئەو مامۆستایانەدا دابەش دەکرێت، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق-ن و مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەریمی کوردستان لێی بێبەشن، ئەمەش نیگەرانیی مامۆستایانی خوێندنی کوردیی لێکەوتووەتەوە.[3]
- دوای ئەوەی ئەمشەو ژمارەیەک دوکانی تەجاوز لە نزیک تێرمینالی شارەزوور لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە روخێنران، دوکاندارەکان و کەسوکاریان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[1]
- مینێک لە گوندی چالە دوانەی سەر بە شارەدێی قادر کەرەمی شارۆچکەی چەمچەماڵ تەقیوەتەوە و تێیدا گەنجێک بەناوی (ئ، ع، س) لەدایکبووی 1994 گیانی لەدەستداوە. بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێرمان، گەنجەکە پیشەی شوان بووە و سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکەی بووە، کاتێک کە مینەکە پێیدا تەقیوەتەوە.[6]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەر بەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم رایگەیاند: کاتژمێر 12ی شەوی 11-09-2018، بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات.[4]
- لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەمەراسیمێکدا ڕێزی لە رۆژنامەنووس و نووسەر و ئەرشیڤیستی ناوداری کورد جەمال خەزنەدار گرت.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی ئانها، شەوی ڕابردوو چەتەکانی ئەحراری شام هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی کەفەر شلە-ی سەر بە ناوەندی شاری عەفرین و 10 هاوڵاتیی سیڤیلیان ڕفاندووە کە لەنێویاندا ژن و منداڵ هەیە. ناوی ئە و کەسانەی کە ڕفێنراون: حەسەن مانان مستەفا (45 ساڵان)، ئیسماعیک مەنان مستەفا (43 ساڵان)، سوبحی مەنان مستەفا (40 ساڵان)، مستەفا خەلیل عەبدولڕەحمان (25 ساڵان)، مەزلووم ئەحمەد مستەفا (25 ساڵان)، عیسمەت ڕەشید مدەوەر (30 ساڵان)، فەرهاد مستەفا (17 ساڵان)، ئەحمەد حەسەن مستەفا (16 ساڵان)، مەنان ئیسماعیل (15 ساڵان) و عەبدۆ خەلیل عەبدولرەحمان (18 ساڵان).[5]
- بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ئانها، ئەمڕۆ دانی نیوەڕۆ لە نزیک هۆڵی ژن لە شەقامی فل-ی ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ 34 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی شۆڕشگێڕ و سینەماکاری ناوداری کورد یڵماز گونەی. بە و بۆنەیەوە لەسەر گۆڕەکەی خۆی لە گۆڕستانی پێرلاشز لە پاریس مەڕاسیمێک بەڕێوەچوو.[5]
- بەگوێرەی میدیاکانی تورکیا، درەنگانی شەوی رابردوو کاروانێکی سەربازیی کە لە تانک، زرێپۆش، چەکی قورس، ئۆتۆمبێل، ئامێر و کەرەستەی سەربازیی پێکهاتبوون، وەک هێزی پشتیوانی بۆ یەکەکانی سەر سنووری سووریا رەوانەکران و گەیشتنە پارێزگای کلیس. کاروانە سەربازییەکە لە شارە جیاوازەکانی تورکیاوە بەگرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنی توند، گەیشتنە کلیس و رەوانەی دەروازەی سنووریی ئۆنجوپنار کران. پاشان پەڕینەوە ئەودیوی سنووری سووریا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی بۆردوومانەکانی دوێنێ بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە کۆیە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند بەزاندنی سەروەریی عێراق رەتدەکەینەوە.[1][2]
- سوپای پاسداران وردەکاریی هێرشەکەی سەر بارەگای حدک و حدکا بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیێنێت لە هێرشەکەدا 7 مووشەکی زەمین بە زەمینی مەودا کورت بەکارهێندراوە و ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتووە. سوپای پاسداران هەروەها هۆشداریی دەداتە گرووپەچەکدارەکانی دژی ئێران، ئەگەر چالاکییەکانیان دووبارەبکەنەوە، وەڵامێکی سەختترمان بۆیان دەبێت.[2]
- راوێژکاری رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کاروباری سەربازی رایگەیاند، ئەگەر سووریا

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ولاتەکەی پێویستی بە هاوکاری بێت، ئێران هاوکاری سەربازی دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 09-09-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 09-09-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 09-09-2018

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-09-2018

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 09-09-2018


کاتی تۆمارکردن: 09-09-2018 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 253

**2018-09-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180910000000153215




باکووری کوردستان

- ئەو سیاسەتمەدارانەی کە بەهۆی دۆزی سەرەکیی کەجەکە – وان دەستگیرکرابوون لەلایەن دادگای دەوڵەتی تورکیاوە سزا باران کران. بەکر کایا هاوسەرۆک شارەوانیی گەورە شاری وان یەکێک لەو کەسانەیە و سزای 8 ساڵ و 9 مانگ زیندانیی بەسەردا سەپێنرا. پێشتریش سزاکانی 7 ساڵ و 6 مانگ تاوەکو 8 ساڵ و 9 مانگی بەسەردا سەپێنرابوو.[2]
- دەوڵەتی تورکیا بەردەوامە لە تاڵانکردنی حەسیێکفی 12 هەزار ساڵ. ئەمڕۆش گۆڕێکیتری دێرین و مێژوویی لە حەسکێف لە شوێنەکەی خۆی هەڵکەنرا و بردیان بۆ شوێنێکی تر.[2]
- هەپەگە ئاشکرای کرد لە ماوەی هەفتەیەکدا 59 سەربازی تورکیا لە ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلادا کوژراون.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- زیندانییەکی دیکەی سیاسی کورد بە ناوی کەماڵ ئەحمەدی نژاد کە خەڵکی گوندی گامێشگولی سەربە شاری میاندواو بووە سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی میاندواو لە لایەن داگیرکەری ئێرانەوە لە سیدارە درا.[3]
- هاوسەرۆکانی هەدەپە لە نامەیەکدا بۆ حدک و حدکا هێرشەکەی ڕژێمی ئێرانیان شەرمەزار کرد.[3]
- بەپێی لێدوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، داگیرکەری ئێرانی هێزێکی زۆری لەسەر سنووری باشوور مۆڵداوە و حدکا هێرش بۆسەر بنکەکانی دێموکرات لەسەر سنوور بەدوور نازانیت.[3]
- بە بڵاوکردنەوەی ئاگادارینامە، هەوڵدرا لەلایەن کەسوکاریی زانیار موورادییەوە لە شاری مەریوان-ی سەربە پارێزگای سنە، ئەمڕۆ پرسە بۆ شەهید زانیار دابنرێت، بەڵام ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان بە دەستگیرکردنی ڕێبوار مورادی مامی زانیار مورادی، ئاستەنگی دروستکرد و ناچاری کردن کە بڵاوکراوەکان کۆبکەنەوە و پرسەکە هەڵبوەشێنرێتەوە.[4]

باشووری کوردستان

- بەرەبەرەیانی ئەمڕۆ لە سنوری شارۆچکەی خانەقین ژمارەیەک چەکداری داعش هەڵیانکوتاوەسەر شەش گەنجی کورد و دوای ڕفاندنیان، چواریان شەهید کردوون کە دوانیان پێشمەرگەن و دوانەکەی تریان ئازاد کردووە.[1]
- کاتژمێر 02:00ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە هۆڵی ئاتاسای شارۆچکەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر، پرسە بۆ شەهیدانی هێرشە موشەکییەکەی ڕۆژی 8ی ئەم مانگەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بەڕێوەچوو.[4]
- ئاسایشی هەولێر رایدەگەیەنێت، هێزەکانیان یەکێک لە بکوژەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکەی کۆمسیۆن (فارس محەمەد سادق)یان دەستگیرکردووە و ڕادەستی پۆلیس کراوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە کاتژمێر 14:30 دەستیان بە بۆمبارانکردنی سنووری شارۆچکەی ئامێدی کرد.[2]
- لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان-دا بڕیاردرا گۆڕان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات.[3]
- هەریەکە لە ئەنجومەنی هەرێمی کەرکوکی تەڤگەری ئازادیی و بەرەی دیموکراسی گەل و گەنجانی وڵاتپارێز و ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک لە شاری کەرکوک، گردبوونەوەیەکیان لەدژی هێرشە موشەکییەکەی سەر کۆیە و لەسێدارەدانی چالاکوانانی کورد لەلان حکومەتی ئێرانەوە ئەنجامدا.[4]
- بەهۆی پەلاماری سەگێکەوە، منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ لە گوندی سێکانیان (باکوری کەرکوک) گیانی لەدەستدا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی مینی گەرمیان، ئەمڕۆ ژمارەیەک پارچە تەقەمەنی هەڵگرتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی ئەحرار شام و فرقەتی حەمزە لە گوندی کورزێلێ لە

ناوچەی شێراوای عەفرین 60 هاووڵاتییان رفاندووە. هاوکات چەتەکان ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی ئەو گوندەیان تاڵانکردووە. ناوی بەشێک لە کەسە رفێنراوەکان بریتین لە: فەرهاد حەمکارۆ تەمەن 25 ساڵ، مەزلوم قجێ تەمەن 25 ساڵ، حسێن قجێ تەمەن 20 ساڵ، زەکی حەمکارۆ، نوری حەجی تەمەن 45 ساڵ، محەمەد شامی تەمەن 55 ساڵ، سەبحیە سەتاف تەمەن 60 ساڵ.[2]

- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە شارۆچکەی مارای-یەوە کە داگیریان کردووە، بە هاوەن شارۆچکەی تل رەفعەت-ی سەر بە کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکەن.[2]

- نوێنەرانی دەیان رێکخراو و دامودەزگەی هەرێمی فورات لە بەردەم بینای ئەنجومەنی جێبەجێکار لە کۆبانێ کۆبوونەوە و لە لێدوانێکی هاوبەشی رۆژنامەوانیدا لەسێدارەدانی لاوانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیان ئیدانە کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: وان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-10
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-10 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 254

**2018-09-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180911000000153216



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسێکی حزبی دیموکرات رایدەگەیەنێت: دوای هێرشەکەی سەر بارەگاکانمان پشتیوانی ناوخۆیی و دەرەکیمان زیادبووە و ناوەندە جیهانییەکانیش لە چۆنیەتی رووداوەکە ئاگاداردەکەینەوە.[2]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەسکەندەر گاگەشی تەمەن 47 ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی کانی زەرد سەر بە شاری سەردەشت بە هۆی تەقینەوەی مین لە کوێستانەکانی مامەند و هەڵشۆلە هەرێمی کوردستان گیانی لە دەست دا. تەرمی ئەو کۆڵبەرە کردە بۆ نەخۆشخانەی شاری قەڵادزێ لە هەرێمی کوردستان ڕاگوێزراوە. هەروەها کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حوسێن ئەحمەدی تەمەن 23 ساڵ خەڵکی شاری ڕەبەت کوڕی سەید ئەحمەد بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بە سەختی بریندار بوو.[7]
- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، هەڕەشەی لە هونەرمەندی ناسراوی کورد، عەلی عابدی کرد و ڕایگەیاند: لە ئەگەری چوونە ڕیزی مانگرتووانی گشتیی لە ڕۆژی چوارشەممە 21ی خەرمانان، فێرگەی موسیقای ناوبراو پۆلمپ دەکەن.[7]
باشووری کوردستان
- دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی باشووری کوردستان.
- بەپێی ئە و خشتەیەی کە پێشتر وەزارەتی پەروەردە بڵاوی کردبۆوە، ئەمڕۆ سێشەممە 11ی ئەیلولی 2018، دەبوایە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی خولی یەکەم و دووەم بۆ پۆلەکانی چوار، پێنج، شەش، حەوت و هەشتی بنەڕەتی بۆ بابەتەکانی کوردی، عەرەبی، بیرکاری و کۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی پشووی فەرمییەوە ئە و تاقیکردنەوانە ئەنجام نەدران و وەزارەتی پەروەردەش هیچ روونکردنەوەیەکی پێشوەختەی بڵاونەکردەوە.[2][1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کۆڵبەرێکی تەمەن 47 ساڵ بە ڕەگەز ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی کانی زەردی سەر سنوور لە نزیک چیای مامەندە لە سنووری شارەدێی هەڵشۆ سەر بە شارۆچکەی پشدەر بەهۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەستدا.[3]
- دیداری رۆشنبیری و هونەری محەمەد ساڵح دیلان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و لایەنگران و شەیدایانی هونەر لە تەلاری هونەر لەشاری سلێمانی دەستپێکرد.[3]
- شەوی رابردوو لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی تەقە لە بارەگای پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕان و زەحمەتکێشانی کوردستان کرا.[4]
- بۆ جارێکی دیکە تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی ئێران دەستیان بە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی برادۆست کردەوە بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان دەڵێت، بەهۆی بۆردوومانەکان تاوەکو ئێستاش 200 خێزان ئاوارە بووە.[4]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێران، دانیشتوانی چەند گوندێک ماڵەکانیان چۆڵکردووە و بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکانیش رایدەگەیەنێت: بە هۆی ئەم بۆردومانانەوە 320 دۆنم پاوان و دارستان سوتاون و زیانێکی زۆری ماددیش بەر خەڵکەکە کەوتووە.[2]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت: هیچ هێزێکی کۆماری ئیسلامی ئێران نەهاتۆتە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئە و دەنگۆیانەش بە بانگەشەی هەڵبژاردن ناودەبات.[2]
- بەهۆی نالەباریی دۆخی ئەمنیی شارۆچکەی خانەقین و زیادبوونی کردەوە تیرۆریستییەکان لەو شارۆچکەیە، بەشێک لە هاوڵاتیان و چالاکوانانی شارۆچکەکە گردبوونەوە و جەختییان لە بەردەوامیدان بە نارەزایەتییەکانیان کردەوە، تا ئەوکاتەی ئاوڕ لە دۆخی ئەمنیی شارۆچکەکەیان دەدرێتەوە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- شیمار حیمۆ چالاکوانی سیاسی لەرۆژئاوای کوردستان راگەیاند: چەکدارانی سەربە تورکیا لە شاری عەفرین دوو مامۆستایی ئاینیان بەناوەکانی شێخ بەکر، شێخ مستەفا بەرزنجیان

دەستگیرکردوە.[3]
- فەرماندەیی گشتیی قەسەدە بە ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کۆتا قۆناغی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرەی بە ناوی شەڕی لەناوبردنی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات ڕاگەیاند.[6]
دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا دەگۆڕدرێت و ژەنەراڵ پۆل جۆزێف لاکامێرا لەشوێنی ژەنەراڵ پۆل فانک دەستبەکار دەبێت.[1]
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر جارێکیتر ئەکاونتی فەرمیی بەشی تورکیی ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF)ی لە تویتەر داخست.[5]
- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک لە چالاکوانانی کورد بە خوێن لەسەر دیوارەکانی باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس دروشمیان نووسی، کارمەندانی باڵیۆزخانەکە چەند کاتژمێر سەرقاڵبوون بە سڕینەوە خوێن لەسەر دیوارەکان.[6]
- سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران داوا لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشووری کوردستان جێگیرن، ڕادەستی ئێران بکاتەوە، ئەگەریش ناتوانن ئەو کارە بکەن دەبێت دەریان بکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات |
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 11-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 11-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 11-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-09-2018

[6] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-09-2018
[7] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 12-09-2018
کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-09-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 255

**2018-09-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180912000000153217




رۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتن لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستیپێکرد.[1]
- ئیتلاعات بە تەلەفون پەیوەندی بە دوکاندارە بەناوبانگەکانی رۆژهەڵاتەوە دەکات و داوایان لێدەکات دوکان و مۆڵەکانیان بکانەوە، ئەگەرنا تووشی لێپرسینەوە دەبن.[1]
- بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا، سێ زیندانیی لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ، بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی جۆراوجۆر و بەرێ نەکردنیان بۆ دەرەوەی زیندان بۆ چارەسەری پزیشکی، لە زیندانی ئەو شارە گیانیان لەدەست دا.[5]
- بە هۆی پشتیوانی لە مانگرتنی سەرتاسەریی کوردستان، هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران لە شارەکانی کوردستان، دەستیان کردوە بە رەشبگیری و ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی کوردیان دەسبەسەر کرد. بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەمڕۆ، هێزە ئەمنییەتییەکان شەش چالاکی مەدەنی و سیاسیی کوردیان لە شارەکانی سنە، شنۆ و مەریوان دەسبەسەر کرد. هەواڵنێری کوردپا لە شارەکانی کوردستان شوناسی ئەو شەش چالاکە مەدەنییانەی بە ناوەکانی موختار زارعی سنە، رەشید ناسرزادە و خەلیل گەنجی لە شاری سنە و سۆران دانشوەر، ئارام فەتحی و موسلێم بەهرامی لە شاری مەریوان راگەیاندووە.[5]
- سێ چالاکی مەدەنی شاری مەریوان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەناوەکانی سۆران دانشوەر، ئارام فەتحی و موسلیم بەهرامی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کران.[4]
- دوو چالاکی کرێکاری، خەڵکی شاری سنە بە ناوەکانی خالید حوسێنی و موزەفەر ساڵحنیا، شەوی رابردوو، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە، لە شاری سنە دەسبەسەر کران.[5]
- سێ کاسبکاری کورد خەڵکی شاری سەردەشت لە سنووری کێلێی ئەو شارە، لە لایەن هەنگی سنووریی سەردەشت دەسبەسەر کرا. شوناسی یەکێک لەو سێ کاسبکارە کوردە پەرویز خەڵکی گوندی زورانی شاری سەردەشت راگەیاندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا ئەمڕۆ بە تۆپ و هاوەن گوندی نیزۆر لە ناوچەی حەفتانین لە باشووری کوردستان بۆردومان دەکات. بەهۆی ئەو تۆپباران و هاوەنبارانەوە ئاگرێکی گەورە کەوتووەتەوە و زیانێکی زۆر بە باخ و رەزی هاووڵاتییان گەیشتووە.[2]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بومەلەرزە لە شاری هەڵەبجە روویدا کە گورەکەی 3.0 پلەی رێختەر بووە.[3]
- شەوی رابردوو لەلایەن کەسانی نەناسراوە گڕ لەباخەکانی گوندی باوە مەحمودی سەربە شارۆچکەی خانەقین بەردەدرێت و بەشێکی دەسوتێت.[4]
- ئەمڕۆ، لە دژی تۆپبارانەکان و لە سێدارەدانی گەنجانی کوردانی رۆژهەڵات، ژمارەیەک لایەنی سیاسی و چالاک و هاووڵاتیانی چوار پارچەی کوردستان گردبوونەوەیەکی نارەزاییان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدا. [3]
- قائمیقامی کۆیە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا سەبارەت بە رووداوەکەی بۆردومانکردنی بارەگاکانی حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە رایگەیاند: بەهۆی رووداوەکە 15 کەس شەهید بوون و 42 کەسی دیکەش بریندار بوون کە لەئێستادا تەنها دوو کەس لە نەخۆشخانەکان ماونەتەوە.[4]

- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر رایدەگەیەنێت: لەمەودا بەکارهێنانی مۆبایل لەناو هۆڵەکانی نەشتەرگەری و چاودێری بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- بەهۆی تەقینەوەی مینێکی چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە عەفرین منداڵێک ژیانی لەدەستدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سپی لەبارەی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر عێراق راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە، ئێران بەرپرسی راستەوخۆیە لە هێرشەکان بۆ سەر هاووڵاتییانی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق.[2]
- بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی یەنی شەفەق تورکی کە سەر بە رەجەب تەیب ئەردۆغانە، ئاشکرایکردووە: ئەمریکییەکان لەرێگەی پرۆژەیەکەوە هەریەک لە شاری کەرکوک و تەلەعفەر و ناوچە سنوورییەکانی سێگۆشەی تورکی - عێراق - سووری دەخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.[3]
- چوار کورد بۆ پەرلەمانی سوید هەڵبژێردران.[1]
- ئەنجوومەنی کۆمکاری عەرەبی لە 150هەمین کۆبوونەوەیەدا داوای لە تورکیا کرد هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە و دەست لە کاروباری ناوخۆیی عێراق وەرنەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-12

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-12 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 256

**2018-09-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180913000000153218



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاتژمێر 1ی نیوەشەو، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە شاری مەریوان لە نزیک بەنداوی گاراِن، تەقەیان لە ماشینێکی تویوتا کرد و لە ئاکامدا شۆفێری ئەو ماشینە کە کاسبکارێکی خەڵکی شاری بانە بووە، گیانی لەدەست داوە. هەواڵنێری کوردپا لە شاری مەریوان، شوناسی ئەو کاسبکارە کوردەی بە ناوی زانا محەممەدی، تەمەن 24 ساڵ، کوڕی ئیسماعیل خەڵکی شاری بانە ڕاگەیاندووە.[3]

- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ، لە بەیاننامەیەکدا نیگرانی خۆی لە باردوخی دوو زیندانی کورد (هۆشمەند عەلیپور و محەمەد ئوستاد قادر)، لە ئێران دەربڕی. و تۆمەتانەشی کە بۆیان دروستکراوە، بەدرۆدەخاتەوە.[4]

- فەرهاد عەبدوڵلاپوور، برای هیدایەت عەبدوڵلاپوور زیندانی سیاسیی کورد مەحکووم بە ئێعدام پاش لێپرسینەوە لە دادگای شنۆ بۆ زیندانی ئەو شارە گوازرایەوە.[3]

- چالاکێکی بواری مافی مرۆڤ، بە ناوی سورەیا خدری، ئەندامی دامەزراوەی خێرخوازیی ڕوجیار کوردستان لە سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[3]

- سێ هاووڵاتیی کورد لە شنۆ، بە ناوەکانی ساڵح پاشایی، سادق پاشایی و خوسرەو قودرەت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان، ئەو سێ هاووڵاتییە کوردەیان بە دەست و چاوبەستراوەیی لە بەر هەتاو ڕاگیراتووە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: هێزە ئیتلاعاتییەکان، ئەو سێ هاووڵاتییە کوردەیان، بە تۆمەتی پشتیوانی لە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دەسبەسەر کردووە.[3]

باشووری کوردستان

- سەرچاوەیەک لە حەشدی شەعبی لە حەویجە رایگەیاند، هێزەکانیان چوار تەرمیان دۆزیونەتەوە، کە لەگەڵیاندا سێ ناسنامەی هێزەکانی پێشمەرگە هەیە، ئەوەی دیکە کەسێکی سڤیلی خەڵکی پارێزگای زیقارە. بەپێی زانیارییەکان، سێ لەو تەرمانە پێشمەرگەن و لە شەڕی دژی داعش لە ساڵی 2014 شەهیدبوون و تەرمەکانیان کەوتووتەنە دەست داعش، بە ناوەکانی زیاد حەوێز ڕەشید، هۆشەنگ عەبدولڕەحمان شاهین، ڕەجەب حەسەن شاهین.[1]

- لیوا قارەمان کەمال، جێگری سوپاسالاری هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، رووفاتی ئەو سێ پێشمەرگەی دۆزراونەتەوە هی پێشمەرگە دیلەکان نین، بەڵکو ئەو سێ پێشمەرگەیە لەلای وەزارەتی پێشمەرگە بە شەهید ئەژمارکراون؛ کەسوکارەکانیان دەزانن شەهید بوون و مووچە شەهیدانەشیان هەیە.[1]

- شەوی رابردوو لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە دوو کارمەندی کوردی تەندروستی نەخۆشخانەی حەفتەغار لە داقوق دەرفێنن. ئە و دوو کارمەندە کوردن و ناویان (سەباح تاهیر عەبدولغەفوور و نەوشیروان محەمەد مەحمود)ە و کارمەندی نەخۆشخانەی حەفتەغار-ن لەگوندێکی داقوق.[2]

- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، سوپای تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگی و ئێران لە ڕێگەی تۆپخانەکانییەوە تۆپباران و بۆردومانی ناوچە سنورییەکانی شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆرانی دەستپێکردوە.[4]

- بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی ئۆفیسی دهۆکی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دهۆک رایدەگەیەنێت، لە سنوری پارێزگای دهۆک زیاتر لە 30 کاندید بە کۆژمەی جیاجیا سزادەدرێن.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا کە هێڵی جەرابلووس، ئەختەرین، مارای، عەزاز و باب-یان داگیرکردووە، جارێکی دیکە ناوچەی تل ڕەفعەت و گوندی شێخ عیسایان بۆردومان کرد کە دەکەونە سنووری کانتۆنی شەهبا لە هەرێمی عەفرین.[5]
دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران دەڵێت: تۆڵەکردنەوەی ئەم دواییانەی سوپا لە هێزەکانی پێشمەرگەی (حدکا و حدک)، پەیامێکی پڕ مانا بوو بۆ دوژمنەکانمان و بە تایبەت ئە و زلهێزانەی کە پێیانوایە دەتوانن ئامانجە گڵاوەکانیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن.[4]
- بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، سوپای تورکیا لە عەفرین یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە و ئەو گرووپە چەکدارانەش کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتیدەکرێن ئارەزوومەندانە خەڵکیان گرتوون.[1]
- بڕیاربوو ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ لە ئەمەریکا پیشانگایەکی وێنەیی کلتوری و پێکەوە ژیانی کوردستان بکاتەوە، بەڵام لە فرۆکەخانەی ئەتاتورک لە تورکیا بەشێک لە تابلۆکان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئە و وڵاتەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-13


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 257

**2018-09-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180914000000153219



باکووری کوردستان
- مانگرتنی زیندانیانی دۆزی پەکەکە و پاژک لە زیندانەکانی تورکیادا بۆ ئۆجالان و زیندانییە نەخۆشەکان لە ڕۆژی سێیەمدایە. مانگرتنەکە وەک هۆشدارییەکە و ئەمڕۆ کۆتای پێدێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی کچێکی لاو، تەمەن 15 ساڵ بە ناوی سۆما خەڵکی شاری سنە. لە بان شلانەی لە شاخی ئاوبەر دۆزرایەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو کچە لاوە، بە هۆی کێشەی لەگەڵ باوکی بە شێوەی خۆهەڵواسین، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.[6]
- پاش بانگەوازی ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی شاری مەریوان، خەڵکی مەریوان بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین، پێشنوێژی مزگەوتی مزگەوتی ئەو شارەیان بایکوت کرد.[6]
- دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوەکانی محەمەد یادگارنوین و فەرشید نیکبین، بە تەقەی دەستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی لەو شارە پێکران و هەروەها چەند گوللەیەک بەر ماشینی فواد مەولوودیش کەوتووە.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەعرووف خۆشمەرام، کوڕی جەبار خەڵکی گوندیباوان، سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بە توندی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لە سلێمانی کۆبوونەوە، سەرچاوەکان باس لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو حیزبە دەکەن.[4]
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا موسڵ رایدەگەیەنێت: ئەنجومەنی پارێزگا و ئیدارەی پارێزگای موسڵ لە ئەنجامی ئە و دۆخە خراپە ئەمنیەی کە لە شەنگال هەیە بەهۆی ئە و هێزانە لەوێ هەن ناتوانێت لە ئێستادا گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵبداتەوە.[3]
- لە ترسی تۆپبارانی کۆماری ئیسلامی ئێران خوێندن لە خوێندنگەیەکی سنوری شارەدێی سیدەکانی سەربەشارۆچکەی سۆران دەوەستێت. فاخیر شێخۆ، بەڕێوەبەری خوێندنگەی بنەڕەتی (بن ڕەشکین)ی تێکەڵاو ڕایدەگەیەنێت: ناکرێت ژیانی خوێندکارەکانمان بخەینە مەترسیەوە، بۆیە تا دۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە و تۆپباران بەتەواوی نەوەستێت دەرگای خوێندنگەکە دادەخەین.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی بەرەی شامیی سەر بە سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی شێراوای عەفرین 3 شوانیان رفاند. بەپێی زانیارییەکان چەتەکان ئەو 3 شوانەیان رفاندووە بۆ زیندانی باسوتێ، کە لە ناو خەڵکدا بە زیندانی قەڵا و ئەشکەنجە قورسەکانی ناوبانگی دەرکردووە. ناوی شوانە رفێنراوەکان بریتین لە کاوە عادل حەج ئەواش، عەبدۆ حوسێن حوسێن و مەزڵوم عەبدۆ حەمۆ.[2]
- ئەمشەو لە شاری منبج تەقینەوەیەک ڕوویداوە. ڕاگەیەنرا تەقینەوەکە لە نزیک نەخۆشخانەی ئەمەل-ی شارەکە ڕوویداوە و ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی جۆری کیا تەقیوەتەوە. بەپێی زانیارییەکان تەقینەوەکە قوربانی لێکەوتووەتەوە و بریندار هەیە.[2]
- لە بۆسەیەکی گرووپی داعشدا لە ڕۆژهەڵاتی سوریا، زیاتر لە 20 شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیموکرات شەهیدبوون. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕوانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی داعش لەو بۆسەیەدا سودی لە خراپی کەشوهەواو خۆڵبارینی ناوچەی هەجین وەرگرتووەو تیایدا زیاتر لە 20 شەڕڤانی هەسەدەیان شەهیدکردووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئێریک باهون، وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاند: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەماهەنگیی لەگەڵ تورکیای هاوپەیمانی، لە بەکارهێنانی بنکەی ئەنچەرلیک بەردەوام دەبێت. ڕاشیگەیاندووە: تورکیا بە نسبەت ئەمریکاوە هاوبەشێکی جێگیرە لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرستانی داعش و هەردوو وڵاتیش هاوپەیمانن لە پەیماننامەی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)دا.[1]

- جێگری سەرۆک وەزیرانی رووسیا ئاشکرایکرد، تورکیا سوورە لە کڕینی چەکی سیستەمی مووشەکی بەرگریی ئاسمانیی رووسی لە جۆری S-400. شوگاییف راشیگەیاند، سەرەتا بڕیاربوو سیستەمی S-400 لە ساڵی 2020 رادەستی تورکیا بکرێت، بەڵام لەسەر داوای تورکیا، هەنگاوەکان بەخێرایی هاوێژران و بڕیاردرا لە ناوەڕاستی 2019 تەواوی پرۆژەی سیستەمەکە بە پاتریۆتەکانییەوە رادەستی حکومەتی ئەنقەرە بکرێت.[5]
- ئاژانسی فیتچ نێودەوڵەتی بۆ پۆلینی دڵنیایی، پۆلینی چوار بانکی گەورەی تورکیای دابەزاند، کە بریتین لە بانکەکانی ئەدانە بانک (Anadolubank) فیبا بانک (Fibabanka) شکر بانک (Şekerbank) أودیا بانک (Odeabank).[3]
- حکومەتی هۆڵەندا رایگەیاند کە وڵاتەکەی بڕیاریداوە تاوەکو کۆتایی ساڵ فڕۆکە بەشدارەکانی شەڕی داعش لە عێراق و سووریا بکێشێتەوە. بەڵام بۆ پرسی ئاوەدانکردنەوە و جێگیرکردنی ئاسایش 50 سەرباز لە هەرێمی کوردستان جێگیردەکات.[5]
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران-ژنێف، لە 39هەمین دانیشتنی شۆرای مافی مرۆڤی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 14-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-09-2018

[3] 🌮 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 14-09-2018
[4] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 🌮 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 14-09-2018
[6] 🌮 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 15-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 258
**2018-09-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180915000000153220




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- جێگری بەڕێوەبەری ئابوری ناوچەی ئازادی ماکۆ، لە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرایکرد کارگەیەکی تواندنەوەی ئاسن لە شاری ماکۆ لە ناوچەی ئازادی ئە و شارە دەکرێتەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لەسەر بەرزاییەکانی ئاویەری سنە، ژمارەیەک چالاکوان گردبوونەوە و یادی زانیار مورادی، لوقمان مورادی و ڕامین حسێن پەناهییان کردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- قوباد تاڵەبانی سەردانی پارێزگای هەڵەبجەی کرد، هاوکات هەر ئەمڕۆ لەگەڵ بازرگانان و وەبەرهێنەرانی هەڵەبجە کۆدەبێتەوە و بەبڕی 11 ملیار دیناریش پرۆژەی ڕاگیراوی هەڵەبجە وەگەڕ دەخاتەوە.[2]
- کونسڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت، پرۆگرامێکی ئابوری جێبەجێ دەکەن کە هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت.[2]
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، ئە و سکاڵایانەی لەسەر کۆمپانیاکانی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی بەعس تۆمارکراون، ڕادەستی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا کراون، لەم هەفتەیەشدا ڕادەستی کۆمپانیاکان دەکرێت و دادگاش بڕیار لەسەر بڕی قەرەبووەکان دەدات.[2]
- هەرمان وەتمان، ڕۆژنامەنووسی کورد، خەڵکی شاری مەهاباد و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵدەریی هاژە بە تۆمەتی تێکدانی بیری گشتی و پشتیوانی لە مانگرتنی گشتیی کوردستان بانگهێشتی ئیدارەی پولیسی فەتای شاری مەهاباد کرا و دوای چەند سەعات لێکۆڵینەوە و هەڕەشە بە دانانی بارمتە بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەدیلگیرانی نۆ شەڕڤان لە عەفرین لەلایەن چەتەکانەوە، بەرپرسانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە ئەو هەواڵەیان بەدرۆخستەوە. بەرپرسانی یەپەگە ڕایانگەیاند، کە هەواڵی لەو بابەتە درۆن و بە هەندێک مەبەستی تایبەت لەلایەن میدیای تورکەوە بڵاودەکرێنەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- دانیشتنی پەرلەمانی ئێراق بەڕێوەچوو، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران کە بە پرۆسەیەکی نهێنیدا تێپەڕ بوو، محەمەد حەلبوسی بووە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی عێراق.[3]
- ئاژانسە هەواڵییەکانی ئێران، ڕایانگەیاندووە، کە چەند کەسێکی سەربە کۆمەڵە ئەمڕۆ هێرشیان کردووەتە سەر باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس. ئەو ئاژانسانە ڕاشیانگەیاندووە، کە پۆلیسی فەرەنسا لە بەرامبەر هێرشەکەدا بەرگرییان لە باڵیۆزخانەکە نەکردووە.[1]
- جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایدەگەنێت: ئەگەر بێت و ئەوروپا لە بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بێ هەڵوێست بێت و کردەوەکانی ئەمریکا ڕێککەوتنی ئەتۆمی بخاتە

مەترسییەوە، تاران پیتاندنی یۆرانیۆم زیاد دەکات.[2]
- جیۆ رۆبنسن، سەربازێکی پێشووی بەریتانیا، کە بە تۆمەتی شەڕکردن لە ریزەکانی یەپەگە لە تورکیا دەستبەسەربوو، لەلایەن دادگای تورکیاوە سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی 7 ساڵ و نیو بەسەرداسەپێندرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-15
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-16


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 259

**2018-09-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180916000000153221



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرەڕای فشار و ڕێگری هێزەکانی ڕژیمی ئێران نەیتوانی ڕێگری لە بەڕێوەبردنی پرسەی شەهید ئارگەش کارزان لەشاری کامیاران-ی سەربەپارێزگای سنە بکەن،بەهەزاران هاووڵاتی بەشداریان لەپرسەی شەهیدیدا کرد.[1]
- دوو بریندار گەیەندرانە نەخۆشخانەی شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، کە لە کوێستانەکانی کێلەشین-ی سەر بە شارەدێی سیدەکان بە فیشەک برینداربووبوون. ئەو دوو کەسە کۆڵبەرن بەناوەکانی (نیعمەت مەحمودی و محەمەد)، کە لەکاتی دەربازکردنی سنووری دەستکردی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە شنۆ وە بۆ کێلەشین، پاسدارانی ئێران تەقەیان لێکردوون و برینداریان کردوون.[3]
- ژنێکی لاو خەڵکی گوندی گردکسپیانی سەر بە شاری پیرانشار، بە ناوی عایشە گوڵمحەمەدی تەمەن 15 ساڵ، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار، لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: ئەو ژنە لاوە ماوەی 16 ڕۆژە ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و پاش هێنانەوەی مێردەکەی بۆماڵی باوکی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.[6]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانی ئێرانەوە و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی بایپیری ڕەحیم بە سەختی بریندار دەبێت.[6]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە کوێستانەکانی مێرگە چەکۆ لە نزیک گوندەکانی زێویە و ماشکانی شاری پیرانشار، تەقەیان لە دەیان سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکاران کرد. هێزە نیزامییەکان پاش کوشتنی ئەسپی کاسبکاران، دەستیان بە سەر شتومەکی کاسبکاران داگرت و لەگەڵ خۆیان بردیان و لاشەی کوژراوی ئەسپەکانیان لەو دەشتە بەجێ هێشتووە.[6]
باشووری کوردستان
- بەهۆی جموجۆڵی داعشەوە نائارامییەکی زۆر لە ناوچە ناکۆکەکانی باشووری کەرکوک و دیالە هاتۆتەئاراوە. داعش ڕۆژانە خەڵک دەکوژێت و دڕفێنێت.[2]
- بەشیر خەلیل حەداد، بووە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.[2]
- بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3,5 پلە لە سەنتەری چیای ئەزمڕی نزیک سلێمانی ڕوویدا.[2]
- لە ئۆفیسی سەرەکی منداڵپارێزی کوردستان لە سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی یادی دامەزراندنی 27 ساڵەی منداڵپارێزی کوردستان کرایەوە، لەیادەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرا بە ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی و کەسایەتی سنوری ئیدارەی سلێمانی.[4]
- لەشارۆچکەی خورماتوو، پاسکیلێکی بۆمبرێژکراو تەقیەوەوە، جگە لە زیانی ماددی، هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو.[3]
- هاووڵاتییەک تەقە لە ژن و کچەکەی دەکات و لەپاش گیان لەدەستدانی کچەکەی خۆیشی دەکوژێت ئەوەش بەپێی راگەیەندراوێک کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاویکردووەتەوە.[4]
- ئۆرسوڵا ڤۆن دێر لاین، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا گەیشتە هەولێر.[5]
- لە دهۆک، فیستیڤاڵی ساڵانەی ترێ و هەنگوین بەڕێوەچوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی ژنە شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی ژن-یەپەژە هێلێن جوودی یەکەمین شەهیدی یەپەژە-ی شاری ڕەقا بەمەراسیمێک بەخاک سپێردرا.[1]
- نوری مەحمود وتەبێژی یەینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە رایدەگەیەنێت، کە بانگەشەی بەشداربوونی یەکینەکانیان لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی ئیدلبدا ڕاست نییە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق ئەمڕۆ بەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران کۆبووەوە، لەکۆبونەوەکەدا چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکرا، لە ناویاندا بڵاوکردنەوەی هێزەکانی پاسەوانی سنورە بە درێژایی سنورەکانی نێوان عێراق و تورکیا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: کامیاران

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-16

[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-16

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-16

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-16

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-16 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 260

**2018-09-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180917000000153222



باکووری کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی چیای جودی لە پارێزگای شرنەخی باکووری کوردستان.[2]

- سوپای تورکیا لە بدلیس ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکات و لە 8 گوند و 3 گوندەڵۆک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ قەدەغەی هاتووچوی ڕاگەیاندووە.[2]

- پارێزگاری شاری وان تابلۆی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و ئەحمەد عارف لەگەڵ هۆنراوەی گۆرانییەکانی تەحسین تەها و محەمەد عارف جزراوی لە کۆڵانی هونەر لابرد. بەبیانووی ئەوەی وشەی گوماناوییان تێدایە.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- عالیە جیهاندیدە، تەمەن 27 ساڵ کچی محەممەدئەمین، خەڵکی شاری مەهاباد و دانیشتووی شاری پیرانشار بە هۆی هەڕەشەی هێزە ئیتلاعاتییەکان، دیار نەماوە و چارەنووسی ناڕوونە.[3]

- چالاکێکی کورد بە ناوی ئەحمەد ئەمینی کوڕی خودادا، لە دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە، بە تۆمەتی بێڕێزی بە ڕێبەری بەپێی مادەی 154 یاسای سزای ئیسلامیی کتێبی تعزیرات، بە شەش مانگ زیندان مەحکووم کرا.[3]

- هونەرمەند ڕەسوڵی نادری لە نەخۆشخانەی مەهاباد کۆچی دوایی کرد.[6]

باشووری کوردستان

- لە بەرامبەر خەرجنەکردنی پارەی گەنمەکانیان نیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لە جوتیارانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە و شارۆچکەی سەیدسادق دەستیان بە خۆپیشاندانی نارەزایەتی کردوو بەوهۆیەشەوە ڕێگای سەرەکی پێنجوێن – سەید سادقییان داخست و داوای خەرجکردنی بڕی 12 ملیار و 500 ملیۆن دیناری شایستەی دارایی پارەی گەنمەکانیان دەکەن.[1]

- وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا رایگەیاند، نزیکەی 150 راوێژکارمان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکردوون و لە داهاتوودا ژمارەیان بۆ خوارووی 100 راوێژکار کەمدەکەنەوە.[4]

- فرۆکە جەنگیەکانی عیراق مۆڵگەکانی تیرۆرستانی داعشیان لە سنوری چیای قەرەچوغ بۆردومانکرد.[5]

- وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم رایدەگەیەنێت: سەرۆکی شارەوانی دۆسڵدۆرف-ی ئەڵمانیا 100 پاسی گەشتیاریی بە دیاری داوەتەوە پارێزگای هەولێر، دەڵێت: گرێبەستێک بۆ ئەم مەبەستە واژۆکراوە و تەنها ماوە پاسەکان رادەستی ئیدارەی پارێزگای هەولێر بکریت.[1]

- نارنجۆکێک لەسەر رێگەی هەولێر - کەسنەزان لە نزیک ماجیدی لاند تەقییەوە و کەسێک بە سووکی برینداربووە.[4]

- چەکدارانی داعش لە سنووری شارۆچکەی گولاڵەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین گوندی (قایە)ی عەرەبنشین کۆنترۆڵدەکەن. فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەڵێت، سێ کەسێ لە دانیشتووانی گوندەکە بە سەختی برینداربوون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- عەلی رەزا تەنگسیری، فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانی ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: کونترۆڵی تەواوی کەنداوی فارس و گەرووی هورمز لە دەست هێزی دەریایی سوپا و کونترۆڵی کەنداوی عەممانیش لە کونترۆڵی هێزە چەکدارەکانی ئێراندایە.[1]

- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جارێکی دیکە هەڕەشە لە وڵات و لایەنانە دەکات کە هاوکاری ئابوری ئێران دەکەن.[1]

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەند ئەندامێکی گرووپێکی یۆنانی هێرشیانکردە سەر باڵەخانەی باڵیۆزخانەی ئێران لە یۆنان، بەپێی میدیاکانی یۆنان ئەوانەی هێرشەکەیان کردووە ئەندامانی گرووپی ئانارشیست بەناوی 'رووی کوناس' بوونە. گوتەبێژێکی گرووپە لە فەیسبووک نووسیویەتی: ئەم هێرشە وەک نارەزایەتی بەرامبەر بە سەرکوتکردنی کوردەکان لەلایەن حکومەتی ئێران ئەنجامدراوە.[4]

- نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی پەنابەران لە تورکیا رایدەگەیەنێت، بەرەبەیانی ئەمڕۆ دوو پەنابەری کوردی باشوور لەکاتی کۆچکردنیان لەدەریایی ئیجەوە بۆ کەناراوەکانی یۆنان و ئیتاڵیا خنکاون.[1]

- وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕەتیدەکاتەوە بڕێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەگەڵ قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران کۆبووبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 17-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 17-09-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 17-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 261

**2018-09-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180918000000153223



باکووری کوردستان
- لە 3 گەڕەک و 2 گوندی ناوچەی دهۆ لە پارێزگای سێرت قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاندرا. قەدەغەکارییەکە بۆ ئامادەکاریی ئۆپراسیۆن ڕاگەیاندراوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاشم حوسێن پەناهی چالاکی مەزهەبی و یەکێک لە بەرپرسانی دەفتەری حەسەن ئەمینی سەرۆکی شۆرای مەکتەب قورعانی کوردستان، بەهۆی بانگهێشتێکی فەرمییەوە خۆی بە دادگای دادسەرای تایبەت بە ڕۆحانیەتی شاری هەمەدان ناساندووە، کە ناوبراو تۆمەتی چالاکی تەبلیغی دژی نیزام و تێکدانی بیروڕای گشتی بەسەردا سەپاوە.[6]
باشووری کوردستان
- لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کێلی شاعیران سالم و کوردی و ئەمین زەکی بەگ لە گۆڕستانی شێخ مارف لە شاری سلێمانی شکێندرا، ئەوەش نیگەرانی ڕۆشنبیرانی شارەکەی لێکەوتەوە، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانیش دەڵێت: دەزگا ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەیان دەستپێکردووە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بۆردومانی هەرێمی مەتینان دەکەن.[4]
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان فازل میرانی، لەبارەی قسەی هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی ڕایگەیاند، لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبە گوێمان لێدەبێت کە قسە لەبارەی ئێمە و حکومەتەوە دەکەن بە خراپی، زۆربێمان ناخۆشە کە لە بەرپرسانی باڵای ئەو حیزبەوە گوێمان لێدەبێت، بۆیە لەمەودوا یەک قسەمان لەسەر بکەن، ئێمەش سەد قسەمان بۆ گوتن هەیە.[3]
- لەدوای کۆبوونەوەی لە گەڵ وەفدێکی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی برێت ماکگۆرک، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند :ڤیتۆی لەسەر هیچ کاندیدێکی یەکێتی نییە بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق و پشتگیری هیچ کاندیدێکیش ناکات، بەڵکو ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاندیدی یەکێتی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکات.[1]
- گروپی هەڵمەتی دادپەروەری لە هەولێر لە بارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گردبونەوەیەکیان ئەنجامداو داوایان کرد خانەنشینی پەرلەمانتاران نەمێنێت.[1]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ هاوڵاتییەکی کورد لە کەرکوک بەناوی (یونس ستار) تەمەن (46 ساڵ) لەماڵەکەی خۆیدا کوژرا.[1]
- بەمەبەستی زنجیرەیەک ڕاوێژ و گفتوگۆ پەیوەست بە دوایین پێشهاتەکانی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق فوئاد مەعسوم گەیشتە شاری سلێمانی.[5]
- گەنجێکی دانیشتوی سنوری شارەدێی سیدەکان بە هۆی تەقینەوەی مینەوە پێیدا گیانی لەدەستدا. گەنجەکە تەمەنی 22 ساڵە و ناوی (س.ح.ا) دانیشتوی گوندی ژیلیایی سەر بە شارەدێی سیدەکانە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستبوونی لافاو لە هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، ئەگەری دروستبوونی لافاو لە هەرێمی کوردستان هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئیسرائیل جارێکی تر بە موشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردەسەر دامەزراوە پیشەسازییەکانی سوریا.[2]
- فڕۆکەیەکی سەربازی ڕوسیا بە هەڵە لەلایەن هێزی بەرگری ئاسمانی سوریاوە خرایە خوارەوە.[2]
- لە ئۆپەراسیۆنێکدا بۆ سەر ڕێکخراوی داعش لە قەیسەری، عەبدولخالق کوردی، ئەمیری سەربازی شنگالی ڕێکخراوی داعش و کوڕەکەی مەهدی کوردی، کە لە تەلەعفەر کاریان بۆ ڕێکخراوە کردووە، دەستگیرکران.[3]
- سێناتۆرێکی ئامریکایی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی بە بەشێک لە هەوڵەکانی حکوومەتی ئێران بۆ نائەمن کردنی ناوچەکە زانی. سێناتۆر مارکۆ ڕووبیۆ لە ئەندامانی باڵای سنای ئامریکا لە توویتێکدا هێرشی مووشکی سپای پاسداران بۆ

سەر مەقەڕەکانی حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد و خوازیاری وڵامی توند بەو هێرشە مووشەکییەی حکوومەتی ئێران بوو.[6]
- بەلەمێکی کۆچبەران بە 21 کۆچبەری خەڵکی باشووری کوردستانەوە لە ئاوی ئیجەدا نوقمبوو، دوو خوشکی خەڵکی دەربەندیخان و ئافرەتێکی خەڵکی سلێمانی خنکان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 18-09-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 18-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 18-09-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 18-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 262

**2018-09-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180528131605104097




باکووری کوردستان

- بەهۆی بۆردومانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای زەڵێ سەر بە ناوچەی نازمیای دێرسم ئاگرکەوتەوە و سات بە سات ئاگرەکە زیاتر تەشەنە دەکات.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە ئەنجامی دەسڕێژ لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، کۆڵبەرێکی کوردیان لە سنووری شاری چاڵدێران کوشت. شوناسی یەک لەو کۆڵبەرە کوردە بە ناوی نعمەت شەهبازی حەیدەرانلوو، تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی گوندی عیسا گۆڵێکی شاری چاڵدێران ڕاگەیەندراوە. ئەو کۆڵبەرە کوردە، خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بووە.[1]

- لە گوندی بان زلانی لە شارۆچکەی دالاهۆی سەربە پارێزگای کرماشان، بە ئامادەبوونی بەناوبانگترین موزیک ژەنە کوردەکانی ڕۆژهەڵات فیستیڤاڵی ئاوازەکانی تەنبورو میوزیکە کوردیەکان بەڕێوەدەچێت.[2]

- قادر عێزەتی خەڵکی شاری مەریوان یەکێک لە برینداربووانی مووشەکبارانکردنی مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانییە گیانی لە دەستدا.[1]

- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، دەستیان بە سەر 320 سەر مەڕوماڵاتی هاووڵاتییانی کورد لە گوندی سنووریی بیرواسسەر بە بەشی نەوسوودا گرت.

باشووری کوردستان

- لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نامەی گەڕانەوەی (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) بۆ ناو یەکێتی پەسەندکرا و بە فەرمی بووە کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێراق.[4]

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیان کردووە بە بۆردومانکردنی دوو گوندی سنوری شارۆچکەی ئامێدی. بۆردومانەکە هەردوو گوندی سێرگێ و سەرگەلی دەڤەری نهێلی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی گرتووەتەوە.[6]

- سوپای تورک گوندێکیان لە ناوچەی کانی ماسیی سەر بە ئامێدی هاوەنباران کرد و بەهۆیەوە جووتیارێکی دانیشتووی گوندەکە بریندارابوو.[3]

- هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی ڕایگەیاند، کە بەرهەم ساڵح نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی هاوپەیمانی کردووە و هاوپەیمانیش نامەکەی قبوولکردووە، بڕیاریشە لە داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی فراوانی هاوپەیمانی سەبارەت بە چۆنییەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو حزبە ئەنجامبدرێت.[3]

- ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو لە گەڕەکی تسعینی شاری کەرکوک تەقیەوە و ژمارەیەک بریندار لێکەوتووەتەوە.[6]

- لاهور شێخ جەنگی رایدەگەیەنێت بە نەیارانی یەکێتی دەڵێم سنوور مەبەزێنن، ئەگەر سنور ببەزێنن ئەوا بەدەنگەکانمان ئاودیوی سنوریان دەکەینەوە.[2]

- قایمقامیەتی شارۆچکەی خانەقین، بەهۆی ڕۆژی عاشوراوە قەدەغەکردنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و هاوڵاتیانی بۆ ناو قەزاکە ڕاگەیاند و بڕیارەکە تاوەکو نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە بەردەوامی دەبێت.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ هەزاران هاوڵاتیانی شاری کۆبانێ لەسەر بانگەوازی تەڤگەریی جڤاکی دیموکرات، تەڤ-دەم، ڕژانە سەر شەقامەکان و داگیرکردنی عەفرین و گۆشەگیرکردنی ئۆجالانیان شەرمەزارکرد.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ لە ڕاپۆرتێکدا باس لە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانی و زەمینییەکانی دەوڵەتی تورک دەکات بۆ سەر باشوری کوردستان و، ڕایدەگەیەنێت ئەو ناوچانەی هێرشیان دەکەنە سەر تەنیا هاوڵاتیانی مەدەنییان تێدایە و هیچ بنکەیەکی پەکەکەی لێنییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-19
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-28 1:16:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 263
**2018-09-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180920000000153224



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 10:00ی بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، ئیبراهیم ئایهان، کە لە دوو خولی پەرلەمانی تورکیادا پەرلەمانتاری شاری ڕوهای باکوری کوردستان بوو لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان، بەهۆی جەڵتەی دڵەوە، لە شاری هەولێری هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[2]
باشووری کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە، دانیشتوانی 2 گوندی شارەدێی سەنگەسەری شارۆچکەی پشدەر، بەهۆی کێشەی زەویوزار ڕووبەڕووی یەکتری بونەتەوە، شەڕی نێوانیان بەردەوامە و بە گوێرەی وتەی پۆلیسی ڕاپەڕینیش: لە شەڕەکەدا کوژراوێک بەناوی قارەمان حەسەن هەیە. هەر ئەمڕۆ پاش دامرکاندوەی شەڕەکە پاشتر هەڵیدایەوە پۆلیسێکیش لە ناوبژیدا کوژرا. پاشان پۆلیس نزیکەی 22 کەسی لە هەردوولا دەستگیرکرد[1][2]
- لە بارەگای مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک لە سلێمانی، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک بەخێرهاتنەوەی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی و ئومێدی خواست بەهەموو لایەک کار بکرێت بۆ سەرخستنی زیاتری یەکێتی و یەکدەنگی لە کوردستان.[3]
- لەبارەی پاشکەوتکردنی مووچەی سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵ وتەبێژی حکومەتی هەرێم دەڵێت: حکومەت مانگ بە مانگ مووچەی سەرجەم چین و توێژەکان دابەشدەکات و ئەگەر داهاتی هەرێمیش زیادبێت، پاشەکەوت بەیەکجاریی نامێنێت.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە خانەقین بۆمبێکی چێندراو تەقیوەتەوە.[2]
- مزگەوتی حسینیە لە سلێمانی ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری سلێمانی یادی عاشورا_یان کردەوە.[3]
- سەرچاوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت: بەرهەم ساڵح پاڵێوراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق، پشتگیریی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیی بەدەستهێناوە بۆ وەرگرتی پۆستەکەی، دەشڵێت: دوور لە چاوی میدیاکان کۆبوونەتەوە.[1]
- لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی باوکێک دوو منداڵەکەی فڕێدەداتە سەر شەقام و هێزەکانی پۆلیسیش دەستبەجێ دەگەنە شوێنی ڕوداوەکە و تۆمەتبارەکە دەستگیردەکەن.[3]
- وەزارەتی پەروەردەی هەرێم گۆڕانکاری لە بڕیاری پێشووی خۆیدا کرد و بڕیاریدا بە دواخستنی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خوێندنی ئەمساڵ بۆ 2ی تشرینی یەکەم.[1]
- لازیمە خێرۆ، کچە کوردێکی ئێزدی بوو لەدەست داعش ڕزگاری بوو و گەڕایەوە نیو ماڵباتەکەی خۆی لە شنگال.[4]
- کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، مەلا سەلیم شوشکەیی بۆ بەربژێری سەرۆک کۆماری ئێراق هەڵبژارد.[6]
- لیوا فازل نەجیب بەرواری، فەرماندەی فیرقەی زێڕن-ی سوپای عێراق کۆچی دوایی کرد، خزمێکی نزیکی ئە و فەرماندەیەش دەڵێت: بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کردووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەمڕۆ کاتژمێر 15:30 دەستڕێژیی گولەیان لە هاوڵاتییانی سیڤیلی گوندی خراب کۆرک کرد لە قامیشلۆ کە 500 مەتر لە سنووری تورکیا دوورە. لە ئەنجامدا منداڵێک بە ناوی عەبدوڵا بەرزان کە مەڕەکانی خۆی دەلەوەڕاند، برینداربوو.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی ڕۆیتەرز لەڕاپۆرتێکدا لەزاری بەرپرسانی فەرەنسییەوە، دەڵێت: حکومەتی فەرەنسا ناردنی باڵیۆزی وڵاتەکەی بۆ تاران هەڵپەساردوە تا ئەوکاتەی زانیارییەکانمان لەسەر هەوڵ بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە لە پاریس ڕووندەبێتەوە.[1]
- ئاژانسی هەواڵی بلومبێرگ لە زاری بەرپرسێکی ئەمریکی ئاشکرای دەکات کۆمپانیای ڤۆلکس واگن کۆتایی بە گشت چالاکی و پەیوندییەکانی لەگەڵ ئێران دەهێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏢 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏢 پارت / لایەن: ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-09-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 20-09-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 20-09-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 20-09-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-09-2018
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 264

**2018-09-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180921000000153225



باکووری کوردستان
- دانیشتنی دۆزی بەکر کایا هاوشارەداری وان لە دادگا دواخرا و بڕیار درا لە زیندان بمێنێتەوە.[4]
- سوپای تورکیای داگیرکەر بەبەشداریی جاشەکان لە دەوروبەری گوندی زۆراڤا کە دەکەوێتە نێوان ناوچەکانی کاتۆ ژیرکا و بەستا دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفرەوان کرد.[1]
باشووری کوردستان
- هاوڵاتیانی ئێزدی لە چیای شەنگال جەژنی شێخ ئادی پیرۆزدەکەن.[1]
- بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئابلۆقە ئابورییەکانی ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، شاندێکی کونسڵخانەی ئەمریکا سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی کرد.[2]
- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم رایدەگەیەنێت ئامادەکارییەکانیان بۆ رۆژی دەنگدان تەواوکردوە و 28 و 30ی ئەم مانگەش پرۆسەی دەنگدانی تایبەت و گشتی بەڕێوەدەچێت.[3]

- دانیشتوانی گوندی 'عەوامر' لە سنووری شارەدێی قەرەتەپەی سەر بەشارۆچکەی خانەقین-ی پارێزگای دیالە، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی 20 ماڵە، بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە ئاوارەی شارەدێکە بوون.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئاشتییەوە لە سلێمانی کەرنەڤاڵی ئاشتی لە پارکی هەواری شار بەڕێوەچوو، کە چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەو بۆنەیەوە نمایشکراو بڕیاریشە سبەینێ لە هەڵەبجەی پایەختی ئاشتی هەمان فێستیڤاڵ بەڕێوەبچێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ماڵی ئێزدییەکانی شارۆچکەی تربەسپی-ی سەر بە کانتۆنی قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردستان، بەبۆنەی نزیکبوونەوەی چلەی شەهید مام زەکی شەنگالی، ئەندامی کوردۆناسیۆنی کۆمەڵگای ئێزدی و ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، مەراسیمێکی بەبیرهێنانەوەیان ڕێکخست.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 21-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-21 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 265

**2018-09-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180922000000153226



باکووری کوردستان
- بۆ ماوەی 6 مانگی دیکە دیداری عەبدوڵڵا ئۆجەلان قەدەغە کرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حکوومەتی ئێران چەکوچۆڵی قورسی بۆ شارەکانی سنە و کامیاران هەناردە کردووە. شایەتحاڵان وێنە و فیلمی هەناردەکردنی ئەم چەکوچۆڵە قورسانەیان لە ڕێگاکانی سنە و کامیاران بۆ ئاژانسی کوردپا ناردووە.[6]
باشووری کوردستان
- محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە سەردانێک گەیشتە هەولێر.[3]
- خاڵێکی گومرگی لەنێوان کەرکوک و سلێمانی لە نزیک ناوچەی چیمەن کرایەوە.[2]
- بۆ یەکەمجار و بەئامادەبوونی ژمارەیکی بەرچاو لە چین و توێژە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە، یەکەمین کەرنەڤاڵی ئاشتی جیهانی لە شارەکە بەڕێوەچوو، تیایدا چەندین چالاکیی هونەریی جۆراوجۆر پێشکەشکران.[5]
- پێنجەمین فێستیڤاڵی کولتووره جیاوازەکان لە رانیە بەڕێوەدەچێت. فێستیڤاڵەکە بە بەشداری 12 گرووپە کە لە چوار وڵاتەوە هاتوون و ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت و ئەمڕۆ دوایین ڕۆژییەتی.[4]
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرایدەکات کە حیزبەکەی بەربژێرکردنی بەرهەم ساڵحی قبووڵ نییە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و دەڵێت، کاندیدی ئێمە لەلایەن بارزانییەوە دەستنیشان دەکرێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- هەفتەی کولتووری کوردستان کە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بەڕێوەدەچێت، لە ڕۆژی دووەمیدا بە نمایشکردنی مەڕاسیمی ئاهەنگی هاوسەرگیری کوردان بەردەوامە.[1]
- هێرشکرایە سەر نمایشێکی سەربازی لە شاری ئەهوازی ئێران و دەیان پاسدار کوژراون و بریندار بوون.
[2]
وتەبێژی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕایدەگەیەنێت: چوار هێرشبەرەکەی سەر نمایشی سەربازی لە شاری ئەهواز، سەر بە ئەمریکا و موسادن و لە دوو وڵاتی کەنداوی عەرەب پاڵپشتی دارایی و سەربازییان لێدەکرێت و ڕاهێنانی سەربازیان پێکراوە.[2]
- مارک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ڕاگەیاند: خودی تاران بەرپرسیارێتی هەر هێرشێکی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەلایەن کرێگرتەکانی ئێرانەوە بکرێتە سەر بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و راستەوخۆ وەڵامی تاران دەدەینەوە.[2]
- کۆماری ئیسلامی ئێران دوو دەروازی سنوری لەگەڵ عێراق داخست بەهۆی ئە و هێرشەی کە ئەمڕۆ کرایەسەر سەر نمایشێکی سەربازیی لە شاری ئەهوازی باشوری ئێران.[2]
- پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر چالاکیی دایکانی شەممە لە شاری ئیستەنبووڵ، بەشداربوانیش بە درووشم وەڵامی هێرشی پۆلیسیان دایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-22
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 266

**2018-09-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180923000000153227



باکووری کوردستان
- بە هۆی بۆردومانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای جوودی لە ماوەی یەک هەفتەدا دووجار ناوچەکە ئاگری تێبەربوو کە بەهۆی ئەو ئاگرانەوە بە سەدان داری فستەق بوونە خۆڵەمێش.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمرۆ دادگای شۆرشی ورمێ لەبارەی محێدین ئیبراهیم، زیندانی سیاسیی کورد لە ورمێ بڕیاریداوە و سزای سێدارەی بەسەردا سەپاندووە.[3]
- رۆژنامەنووسی وەرزشی ئیبراهیم دلاوەری، پاش پێنج ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی، ئەمرۆ لە نەخۆشخانەی شاری قورە، لە تەمەنی 60 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[6]
باشووری کوردستان
- هۆزانەوان جەلال جۆبار، لە تەمەنی 89 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[4]
- تەرمی ئیبراهیم ئایهان، پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە بە مەراسیمێک لە هەولێرەوە بەرەو باکوری کوردستان بەڕێکرایەوە.[3]
- ئەمرۆ وەفدێکی باڵای یەکێتی دەگاتە بەغدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرسی سەرکۆمار لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا.[2]
- بەشیر خەلیل جێگری دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایدەگەیەنێت، کە پارتی سوورە لەسەر وەرگتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، دەشڵێت: بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پارتی بەردەوامە لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا.[3]
- چالاکوانانی سیاسیی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شارۆچکەی رانیە، بە مەراسیمێک یادی ئەو چوار شەهیدەی کۆدار-یان کردەوە، کە رۆژی 7ی ئەم مانگە لە ئۆپەراسیۆنێکی سوپای پاسدارانی ئێراندا لە سنووری شاری سنە شەهیدببوون.[3]
- لەلایەن کۆمەڵێک کەسی نەناسراوەوە، هێرشکراوەتە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادی و بەشێکی زۆر لە کەل و پەلی ناو بارەگاکە شکێندراوە، چەند ئەندامێکی تەڤگەریش بەدەستی ئەو گروپە

لێیان دراوە، بەرپرسانی تەڤگەریش دەڵێن، کە گومانمان هەیە ئەم گروپە ئاڕاستەکراوبن.[3]
- مەسعود بارزانی سەردانی سلێمانیی کورد و وتارێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ پارتی دا.[4]
- فوئاد حسێن لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەربژێر کرا.[4]
- بەئامادەبوونی رێکەوت حەمە رەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرێوەبەران و کارمەندانی تەندروستی هەردوو پرۆژەی فراوانکردن و خێرا کردنی خزمەتی ئوتۆمبێلی فریاکەوتن و چوار هۆڵی نەشتەرگەری و چاودێری ورد بەستاندەری جیهانی لە سلێمانی کرانەوە.[5]
- لیستی ژمارە 317ی مەسیحییەکان لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کورددستان کشایەوە و هۆکارەکەشی بەستەوە بە هەموارنەکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بە ئامانجی شەرمەزارکردنی ئەردۆغان، کوردستانیان، رێکخستنە چەپەکانی تورکیا وئەڵمانیا لە شاری فرانکفۆرت رژانە سەرشەقامەکان و بە دروشمی "ئەردۆگان بەخێرنەیەیت" خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- کوتلەی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە لە هۆتێل بابل لە بەغدا کۆبووەوە و لەدوای کۆبونەوەکەش راگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە. لەراگەیەنراوەکەدا هاتووە: کە دەبێت کورد یەک کاندیدی بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق هەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 23-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-09-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 23-09-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 23-09-2018

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2018-09-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 267

**2018-09-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180924000000153228



باکووری کوردستان
- شاندی هەدەپە وبنەماڵەی پارلمانتاری پێشووی هەدەپە ئیبراهیم ئایهان دوای ئەوەی کە دوێنێ تەرمەکەیان لە هەولێر وەرگرتەوە وهێنایان بۆ سلۆپی، دوای ئەوەی کە بەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی دەوڵەتی شێڕناخ تەرمەکەی پشکنی، تەرمی ئیبراهیم ئایهان بەرەو ناوچەی سێرەوەرگ-ی ڕەحا بەڕێکرا.[2]
- هونەرمەندی کورد هۆزان جانێ کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانیایە و ئێستا لە زیندانەکانی ڕژێمی تورکیا دایە، نامەیەکی بۆ ئەنگێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا نارد و دەستنیشانی کرد کە لە زینداندا دۆخیان زۆر خراپە. نامەکەی هۆزان جانێ لە ئاژانسی DPAی ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە و سەرنج خراوەتە سەر بارودۆخی ئە و هونەرمەندە. هۆزان جانێ کە لە شاری کۆڵن دەژیا، لە کاتی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانی 2018 بۆ ئەوەی پشتگیریی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بکات، چوو بۆ تورکیا و لە کاتی میتینگێکدا لە شاری ئەدیرنە دەستگیر کرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی کەریم ئەحمەدپوور، خەڵکی گوندی بێورانی خوار سەر بە شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
- محەممەد تەقی ئەسانلوو، فەرماندەی قەرارگای حەمزە لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی حکوومەتی مێهر، بە هەڕەشەکردن لە حیزبە کوردییەکان ڕایگەیاند: بە هەر جۆرە هەڕەشەیەک دژی وڵات وڵامێکی توند دەدەینەوە. ناوبراو هەروەها ئەوەشی خستەڕوو: هەر جۆرە جووڵەیەکی دژە شۆڕش و ئامریکا لە ناوچەکە بە وردییەوە لەژێر چاوەدێری دەخرێن.[3]
- لە بانە، شەش هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی میلاد ڕەسووڵی، موحسێن قادرپەنایی، ئەرکان ڕەزایی، ڕزگار محەممەدی، تەیب ئەحمەدی و عەتا ڕەشیدزادە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[3]
باشووری کوردستان
- چەکدارانی داعش هێرشدەکەنە سەر گوندێکی خانەقین و دانیشتوانی گوندەکە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و فڕۆکەی هاوپەیمانانیش بۆردومانی مۆڵگە و شوێنی چەکدارەکان دەکات لەسنوری نێوان جەلەولا و خانەقین.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر دەستبەکاربوونی ئازاد تۆفیق وەک پارێزگاری نوێی هەڵەبجە کرد.[1]
- حکومەتی تورکیا رایگەیاند، گەشتکردن بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تاوەکو ڕۆژی 24-12-2018 درێژکرایەوە.[4]
- هێزەکانی هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنن: جموجۆڵی چەکدارانی داعش لەهەردوو پارێزگای کەرکوک و موسڵ زیادیکردووە و دەبێت رێگە لە کردەوە تیرۆریستییەکانیان بگیرێت.[1]
- زانا مەلا خالید، بەربژێری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان راگەیاند: ئەمشەو کاژێر 9:30 خولەک دوو ئۆتۆمبێلی جام رەش تەقەیان لە من و پاسەوانەکانم کرد، بەڵام خۆشبەختانە هیچ کەسێک زیانی پێنەگەیشتووە و سەلامەتین.[4]
- لەگوندێکی سنوری گەرمیان دوو ئامۆزا لەسەر کێشەی زەوی و زار دەبێتە شەڕیان و یەکتر بریندار دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان

- له فرانكفۆرت یادی مەزلووم ئورفا شەهیدی بەرخۆدانی کوبانی کرایەوە.[2]
- سەرۆک کۆماری ئێران، ئاماژەی بەوەدا: عەرەبستانی سعودیە لەپشت ئەو هێرشەوەیە کە کرایەسەر نمایشێکی سەربازیی سوپای ئێران لە شاری ئەهوازی باشوری ئەو وڵاتە و بەهۆیەوە 24 ئەفسەر و سەربازی ئێرانی کوژران و 54 ئەفسەر و سەربازی تر و خەڵکی مەدەنی برینداریوون.
حەسەن رۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران وتی: وەڵامدانەوەی سعودیە لەلایەن ئێرانەوە وێرانکەر دەبێت.[1]
- وەفدێکی یەکێتی بە سەرۆکایەتی (هاوار حاجی) جێگری لێپرسراوی ناوەندی دەرەوەی (ی.ن.ک) بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بەریتانیایان کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 24-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 24-09-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-24 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 268

**2018-09-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180925000000153229



باکووری کوردستان

- دامودەزگەی دادوەریی دەوڵەتی تورک سزای ساڵێک و 11 مانگ زیندانیکردنی بۆ هونەرمەند فەرهاد تونچ بڕیەوە.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی عەبدوڵلا محەممەدزادە خەڵکی گوندی تینال سەر بە شاری مەریوان و عەلی نادری خەڵکی گوندی گونتو سەر بە شاری دیواندەرە بە هۆی تەقینەوەی مین لە سنووری مەریوان کوژران. کۆڵبەرێکی دیکەش بە ناوی حەمید باینچوو خەڵکی گوندی باینچووب سەر بە شاری سنە لە ڕووداوەدا بە توندی بریندار بووە.[1]

- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەری ماڵی دوو هاووڵاتیی کورد لە گوگتەپەی شاری مەهاباد و دەسبەسەریان کردوون. هەواڵنێری کوردپا لە شاری مەهاباد شوناسی ئەو دوو لاوە مەهابادیەی بە ناوەکانی حەسەن ئەرتەنگ و ئارام خورسەندی ڕاگەیاندووە.[1]

باشووری کوردستان

- لە شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە شاری سلێمانی، لە بەردەم ماڵەکەی دەستڕێژیی گولە لە چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوقمان شەهابی کرا و بەسەختی بریندار کرا.[4]

- لە ئەنجامی تەقینەوە یان وەک هەندێک سەرچاوە دەڵێت تامپۆنی دوو ئوتومبیل لە نزیک ماجدی مۆڵی هەولێر 3 کەس بریندار بوون. پاشتر پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، ڕووداوەکەی ئەمشە و تەقینەوە نەبووە، بەڵکو پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبێل بووە.[5]

- تونێلی گەلی زاخۆ بە فەرمی کرایەوە.[5]

- لە بەرامبەر پێنەدانی کرێی کارکردنیان بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت مانگ، ئەمڕۆ کرێکاران و شۆفێرانی کۆمپانیایەکی تورکی لە سەید سادق دەستیان لە کارەکانیان لە درووستکردنی جووت سایدی هەڵەبجە سەیدسادق هەڵگرت و ڕاشیانگەیاند: تا وەرگرتنەوەی مافەکانیان دەستبەکار ناکەنەوە.[2]

- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند: ئەگەر خاڵەکانی دەستور جێبەجێبکرایە، پەنامان نەدەبردە بەر ریفراندۆم، دەڵێت: داوا دەکەم هەولێر و بەغدا کێشەکان بەپێی دەستوور و لەسەر بنەمای تەوافوق چارەسەر بکەن و ئە و دەرفەتەی هاتووەتەپێش، لەدەستی نەدەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەیدسادق (شارەزوور) |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 25-09-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-09-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-09-2018
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 25-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 269

**2018-09-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180926000000153230



باکووری کوردستان
- لە شاخی ئەزمانای گتە لە ناوچەی سلۆپی شرنەخ جەردەوانان و سەربازان لە ئۆپراسیۆندان. لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکەیاندا تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لەو تەقینەوەیەدا 2 جەردەوان بە ناوەکانی خەلیل یەریۆگا و سولەیمان تۆسون کوژراون و بەلانیکەمەوە 4 جەردەوانی تریش بریندرابوون.[2]
- ئاگربەردانە ناوچەی دۆڵی ڕۆژ لە دێرسیم لەلایەن سوپای تورکیاوە زۆر تەشەنەی سەندووە و سنوورێکی فراوانی گرتووەتەوە. ڕێگریش لە خۆبەخشەکان دەکرێت و ڕێگایان پێنادرێت ئاگرەکە بکوژێننەوە.[2]
- لە و ناوچەیەی کە پارێزگاری بەدلیس قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاندبوو، بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا ئاگر لە دارستانی سەهیێ کەوتەوە و سات بە سات زیاتر تەشەنە دەکات.[2]
- پۆلیسی تورکیا لە شاری ئامەد هەڵیکوتایە سەر ماڵی فەسیح کاراتاش هاوسەرۆکی لقی شارۆچکەی هێنێی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە). لە دوای پشکنینی ماڵەکەی، پۆلیس ناوبراوی دەستگیر کرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیجلال قەوامی، چالاکی مافی مرۆڤ، دانیشتووی شاری سنە، بەبێ ئامادەبوونی خۆی لە لقی 109ی دادگای کەیفەری 2ی ئەو شارە، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بۆ تێکدانی بیرورای گشتی بە 8 مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئەنوەر جەنگی خەڵکی گوندی حاجی حەسەن موکریان سەر بە ناوچەی شاماتی میاندواو لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
- کچێکی کورد بەناوی ئەفسانە خورسەندی خەڵکی گۆگ تەپەی مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرا.[3]
باشووری کوردستان
- یەکەم کاروانی دەرمانی تایبەت بە چارەسەری بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە بەغداوە گەیشتە هەڵەبجە و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەکەش دەڵێت: داوای بەشی شەش مانگ دەرمان و چارەسەرمان لە بەغدا کردووە.[1]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) ڕایدەگەیەنێت: پەکەکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پشتگریی هیچ حیزب و لیستێکی دیاریکراو ناکات و تەنها دەخوازین پرۆسەکە بە شێوەیەکی دیموکراسی و مەدەنی بەڕێوەبچێت.[1]

- له هۆڵی بۆنەکانی شاری هەڵەبجە پێنجەمین فیستیڤاڵی دەنگە جیاوازەکان لەژێر ناوی (عەشقی وەلی دێوانە لە پایزدا ئەپشکوێ) بە ئامادەکاریی ڕێکخراوی کوردیۆ و ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بەڕێوەچوو.[6]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلسی سلێمانی لە راگەیەنراوێکیدا رایگەیاند: ئەمشەو، لەسەر رێگای سلێمانی – دوکان بەهۆی پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبێل سێ ئەندامی خێزانێک گیانیان لەدەستداو حەوت کەسی تریش بریندار بوون.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەمرۆ کاتژمێر 11 سەدان کەس کە زۆرینەیان خوێندکاران و لاوان بوون، لە مەیدانی شەهید جیهاد لە شاری عاموودێ کۆبوونەوە و دەستیان بە ڕێپێوان کرد. دوکانداران دوکانەکانیان داخست و هاتنە ریزی خۆپیشاندارانەوە. لە ڕێپێوانەکەدا بەتووندی داگیرکاریی ڕژێمی تورکیا ئیدانە کرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانتارێکی ئیئتیلافی سائیرون داوادەکات: سەرجەم کاندیدەکانی پۆستی سەرکۆماری ئایندەی عێراق، سیڤی خۆیان بخەنەڕوو، دواتریش هەڵوێستی خۆیان لەسەر یەکپارچەیی عێراق ئاشکرا بکەن، ئەوانەش کە لایەنگری ریفراندۆم بوون داوای لێبوردن بکەن.[1]
- دەزگای قەزایی دەوڵەتی تورکیە لە حوکمێکدا ڕایگەیاندووە، کە سێ بەرهەمی مێژووی سەبارەت بە مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەتی کوردستان و کورد، بەرهەمی دوکتور قاسملوو، مۆڵەتی چاپکردنی نییە.[3]
- پەرلەمانتارێکی رەوتی حیکمە رایدەگەیەنێت: هەردوو هاوپەیمانی (چاکسازی و بنیاتنانەوە) و (بونیادنان) دەنگ لە بەرژەوەندی (بەرهەم ساڵح) دەدەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار.[1]
- بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی لە هێرشەکانی بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا بەردەوامدەبێت، هاوکات بۆ هاوئاهەنگی سەربازیی لەگەڵ رووسیا کۆدەبنەوە.[4]
- ئیدارەی ترەمپ هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکات کە بەردەوامدەبن لە کڕینی نەوتی ئێران و رایدەگەیێنێت هەر وڵاتێک تاوەکو رۆژی 4ی مانگی 11 ئاستی کڕینی نەوتی ئێران نەگەیێنێتە ئاستی سفر، ڕووبەڕووی مەترسی سزای ئەمریکا دەبێتەوە.[4]
- پاش قسەکانی دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک، تمەن ئەوەندەی دیکە داکشا و ئێوارەی ئەمرۆ بەهای هەر دۆلارێک گەیشتە زیاتر لە 19 هەزار تمەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەهاباد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامودا

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-09-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-09-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 26-09-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-09-2018
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 26-09-2018
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 270

**2018-09-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180927000000153231




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی ئەلکێ لە شرنەخ پۆلیسی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیان و لەو هەڵکوتانەیاندا 7 هاووڵاتییان دەستگیرکرد. هەڵکوتانەکەش ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری داواکاری گشتیی کۆماری تورکیادا بەڕێوەچوو. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: قاسم گیوڤەن، جەمیل جین، عەگید دروموش، حازم دورموش، حەسەن ئاتامان، بولەند ئاتامان و زەکەریا ئاتامان.[1]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە فاراشینی ناوچەی ئەلکێ لە پارێزگای شرنەخ بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جەردەوان دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن کرد. بەپێی زانیارییەکان لە کاتی ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیادا لە ناوچەکانی شرنەخ، وان و جۆلەمێرگ شەڕ ڕوویداوە. هاوکات جموجوڵی کۆپتەرەکانی تورکیا زۆر زیادیان کردووە.[1]
بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر لە هەموو شوێنێکی شاری دێرسم ئاگر دەکەوێتەوە. ئاگرکەوتنەوەکان لە ناوچەکانی کووتوودەرە، هارسی، ئارەکی، زارگۆڤیت و ئاهبانۆس بەردەوامە. بەپێی زانیارییەکان لە ناوچەی پیلڤەنک-یش ئاگر لە دارستان بەربووە و تەشەنەی کردووە.[1]
باشووری کوردستان
- ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، وێنەگرتنی دەنگدەرانی لەکاتی دەنگدان هەڵوەشاندەوە.[4]
- ئازاد تۆفیق، پارێزگاری نوێی هەڵەبجە لەبەردەم نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ سوێندی یاسایی خوارد بۆ وەرگرتنی پۆستەکەی.[3]
- دوا ڕۆژی بانگەشەی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.[2]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم هەریەک لە بەشەکانی پاراستنی ددان، منداڵی نەبەکام و ئیکۆی دڵی لە شارۆچکەی ڕانیە کردەوە.[3]

- له نزیک شەقامی پشتێنەی کەلار، لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە تەقە لە ئافرەتێک دەکرێت و دەکوژرێت. ئە و ئافرەتە ناوی (ش،ع،م)ە و تەمەنی 23 ساڵ و دانیشتووی شارۆچکەی کەلارە.[3]
- فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەکدارانی داعش لە چیای قەرەچووغ بۆردوومانده‌کەن و سێ چەکدار کوژراون.[4]
- حکومەتی هەرێم رایگەیاند بەبۆنەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە تەنها رۆژی 30 ئەیلول پشووی رەسمی دەبێت.[5]
- سەرکەوت حەسەن، ناسراو بە سەرکەوتی کوبە، دوای ئەوەی ریزەکانی گۆڕانی جێهێشت و بەفەرمی گەڕایەوە ناو یەکێتی.[5]
- بەهۆکارێکی نادیار کچێکی گوندی جەلکانی شارۆچکەی پشدەر گیانی لە دەستدا و وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین-یش دەڵێت: دوو ژنی تری هەمان گوند بەهۆی ناجێگیری باری تەندروستییان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کراون.[3]
- لە شارۆچکەی سەید سادق بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە،شەڕ دروستبووە و کوژراوێک و دوو بریندراری لێکەوتووەتەوە.[4]
- ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک بە زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازی و بلدۆزەر و کەرەستەی هەڵکەندنی زەوییەوە، هاتنە ناو گوندی شاپان-ی سەر بە شارەدێی سیدەکان لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر، بەو بەهانەیەی دەیانەوێت دەرگایەکی سنووری لە نێوان باشور و باکوری کوردستاندا بکەنەوە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- سەردانی ئەردۆگان بۆ ئەڵمانیا.[2]
- دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لەسەر سکاڵای ئەشکەنجەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رایگەیاند، بەڵگەکان وەک پێویست سەلمێنەر نین.[1]
- پێش ئەوەی ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا بڕوات بۆ ئەڵمانیا، کوردستانیان و دۆستەکانیان چالاکیی ئیدانەکردنی ئەردۆغان و پێشوازیکردن لە ئەردۆغانیان دەستپێکرد.[1]
- لە شاری ئینگۆلستادی ئەڵمانیا گەنجێکی کورد بەناوی ئومێد ئاجار لەدژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵا ئۆجالان، رێبەری پەکەکە و چوونی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا ئاگری لە جەستەی بەردا و خۆی سووتاند.[6]
- محەممەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراق لەبارەی بەربژێرەکانی پۆستی سەرۆککۆماریی عێراق رایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ پۆستی سەرککۆمار بەربژێرکردووە 31 کەسن، بەڵام تەنیا حەوت کەسیان مەرجەکانیان تێدایە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-09-2018
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-09-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-09-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 27-09-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 271

**2018-09-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180928000000153232


neues deutschland
SOZIALISTISCHE TAGESZEITUNG
STANDPUNKT
Spatz in der Hand
Ne bi xêr tê Erdoğan!
Türkischer Präsident besucht Deutschland / Zahlreiche Proteste angekündigt

باکووری کوردستان
- 26 ناوچەی پارێزگای چەولک وەک ناوچەی تایبەتی ئاسایش دیارییکرابوون و دۆخی نائاساییان تێدا راگەیەندرابوو، دۆخی نائاسایی لەو ناوچانەدا تا رۆژی 11ی مانگی 10 درێژکرایەوە.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لەگەڵ یەکینەشاراوەکان لە هێڵی چنارۆک و هەنارۆک-ی سەر بە گوندی بلکان و بەسپین-ی چیای جوودی دەستی بە ئۆپەراسیۆن کردووە. ڕاگەیەنرا کە جاشەکانی گوندی بێسپین-یش بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنەکە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حکوومەتی ئێران چەند تانگ و کەرەستەی قورسی شەڕی ڕەوانەی شاری شائاباد لە پارێزگای کرماشان کرد.[7]
- دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی شێرکۆ ڕەهبەری و یەعقووب محەممەدی، خەڵکی گوگتەپەی شاری مەهاباد، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[7]
باشووری کوردستان
- دەنگدانی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 99 بنکەی دەنگدان لە هەر 4 پارێزگاکەی کوردستان دەستیپێکرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێکانی ماسێ لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی بۆردومانکرد، سەرچاوەیەکیش لەو دەڤەرە راگەیاند: لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەمە چوارەم جارە ناوچەکە بۆردومان دەکەن.[3]
- بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە رایگەیاند، هێرش کراوەتە سەرمان و ڕێگە نەدراوە دەنگدەرانمان بەشێوەیەکی ئازادانە دەنگبدەن.[4]
- لە سنوری شارۆچکەی سۆران هێرش دەکرێتە سەر پەیامنێری گەلی کوردستان و بە گێرەشێوێن ناوی دەبەن.[6]
- لە ژمارەیەکی زۆر بنکەکانی دەنگداندا لەسنوری هەولێر و دهۆک سەرپێچی و خروقاتی

ئاشکرادەکرێت و بەشی هەڵبژاردنی یەکێتیش سکاڵای یاسایی تۆماردەکات.[6]
- بەیانی ئەمڕۆ بە مەراسیمێک گەلەری کەرکوک لە شەقامی کۆماری لە باڵەخانەی جومعە نەجار لە شاری کەرکوک کرایەوە و تێیدا نوێنەری پێکهاتە و ئاینە جیاوازەکان بەشداربوون.[5]
- یەکێک لەو چوار بریندارەی کە بەهۆی شەڕە تەقەکەی شەوی رابردووی شارۆچکەی سەید سادقەوە گەیەنرابوونە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەڵەبجە، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[3]
- لەسەر رێگای خەلەکان – رانیە دوو ئۆتۆمبێل لەجۆری (قەمەرە، تاکسی و ئۆتۆمبێلێکی گەڵابە، بارهەڵگر) پێکیانداداو بەهۆیەوە ئۆتۆمبێلی جۆری قەمەرە تاکسی سوتاو سەرجەم سەرنشینانی کە چوار کەس بوون گیانیانلەدەستدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- رۆژنامەی ئەڵمانیای نوێ (Neues Deutschland) بە مانشێتی کوردی وەڵامی سەردانەکەی ئەردۆغانی بۆ ئەڵمانیا دایەوە و لە مانشێتەکەیدا نووسیی ئەردۆغان بەخێر نەیەیت.[2]
- لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا جەیمس جێفری، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا لە وەڵامی پرسیارێکدا رایگەیاند، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هاوپەیمانی ئەمریکایە لە شەڕی دژی داعش، هەڵوێستی واشنتن ئەوەیە هەموو لایەنەکان بەشداری پرۆسەی سیاسی سووریا بن.[4]
- بە دەسپێشخەری پلاتفۆرمی' ئەردۆغان بەخێرنەهاتی' بانگهێشت کردنی سەرۆک کۆماری تورک رەجەب تەیب ئەردۆغان لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری شەرمەزارکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-09-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-09-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-09-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-09-2018
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 28-09-2018
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 28-09-2018 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 272

**2018-09-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929000000153233



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری شاری سەڵماس، دەسرێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد کردووە، کە لە ئاکامدا دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی سەڵماس بریندار بوون. شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، بە ناوەکانی عەبدولعەزیز فەنەکی و میرحاج عەلیزادە ڕاگەیەندراوە.[2]
باشووری کوردستان
- لە کاتژمێر 3:30 خولەکی ئەمڕۆوە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بە هاوکاریی فڕۆکەی سیخوڕیی بۆردوومانی چیای گارە و دەشتی کافیە-ی سەر نە ناوچەی شیلادزێ دەکەن.[1]
- لە سنووری خانەقین، شەوی ڕابردوو لە گوندی یوسف بەگ بۆمبێکی دەنگی لە نزیک ماڵی ئەفسەرێکی ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق تەقیەوە، هاوکات دوو گوللە هاوەن ئاڕاستەی گوندی موبارەک کرا و لەناو خانەقین-یش پۆلیسێک بریندار کرا.[1]
- لە نێوان هەردووو شارۆچکەی کفری و دووزخورماتوو فڕۆکەیەکی جەنگی کەوتە خوارەوە. [3]
- ئیدارەی گەرمیان داوا لە هاوڵاتیان دەکات لەدوای تەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن تەقەی خۆشی نەکەن و هۆشداریشدەدات لەوەی هەر کەسێک سەرپێچی بکات ڕووبەڕووی یاسای دەکەنەوە.[3]
- عەبدوڵڵەتیف ڕەشید، کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، لەبارەی خۆکاندیدکردنی بۆ ئەو پۆستە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی ئەنجامدا. عەبدوڵڵەتیف ڕەشید، لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، ئاماژەی بەوەکرد، کە بەردەوامە لە خۆکاندیدکردنی، بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و داواشی لە سەرکردایەتی یەکێتی کردووە کە هاوکاری بن.[1]
- شارەوانی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: مۆڵەتی یەک مانگ دەدەینە قەوارەکان بۆ لابردنی دروشم و پۆستەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و دەڵێت: بە پێچەوانەوە بەپێی زۆری و کەمی پۆستەر و وێنەکان سزای لایەنەکان دەدەین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەبەشداری هەزاران کەس لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا سەرۆک کۆماری تورک ڕەجەب تەیەب ئەردۆغان شەرمەزارکرا. لە خۆپیشاندانەکەدا دروشمی ' بکووژ ئەردۆغان' و' بەخێرنەهاتی ئەردۆغان وترایەوە'.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەڵماس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 29-09-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-09-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-09-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 273

**2018-09-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180511114052103884




| ژمارەی پارێزگا | پارێزگا | دەنگدانی تایبەت ژمارەی بنکە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەر | دەنگدانی گشتی ژمارەی بنکە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەر | کۆی گشتی ژمارەی بنکە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەران |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | هەولێر | 41 | 201 | 72,653 | 499 | 2,142 | 1,036,419 | 540 | 2,343 | 1,109,072 |
| 6 | سلێمانی | 37 | 172 | 62,220 | 476 | 2,306 | 1,134,760 | 513 | 2,478 | 1,196,980 |
| 4 | دهۆک | 20 | 92 | 33,421 | 257 | 1,361 | 677,797 | 277 | 1,453 | 711,218 |
| 7 | هەڵەبجە | 1 | 6 | 2,175 | 28 | 132 | 66,016 | 29 | 138 | 68,191 |
| | کۆی گشتی | 99 | 471 | 170,469 | 1,260 | 5,941 | 2,914,992 | 1,359 | 6,412 | 3,085,461 |

رۆژهەڵاتی کوردستان
- سپای پاسداران کوێستانی کۆدۆ لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستانی بوردوومان کرد.[4]
- سەلاحەدین سەعیدپوور پاڵەوانی مەلەی ئێران، کە 20 رۆژ پێش لەسەر گۆڕی شەریف باجوەر و ئومید کۆنەپۆشی، میداڵەکانی خۆی پێشکەش بەوان کردبوو، ئەمڕۆ بۆ یادی ئەوان پانتایی گۆلی زرێباری بە مەلەکردن پێوا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەفیع محەممەدپوور خەڵکی بەخشی سیلوانای شاری ورمێ لە خاڵی سنووری ئەو شارە بریندار کرا.[4]
باشووری کوردستان
- رۆژی دەنگدانی گشتی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.[1]
- لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەپارێزگای هەڵەبجە چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان رایانگەیاند: راوێژی تەکنیکیمان پێشکەش بە کارمەندانی کوردستان کردووە و کارەکانیان زۆر پرۆفیشناڵانە بەرێوە دەروات.[2]
- رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیێنێت، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بێلایەن و سەربەخۆن و هەر بڕیارێک بدەن ئێمە پێوەی پابەند دەبین.[1]
- بەرپرسێکی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن رایدەگەیەنێت: نزیکەی 25 هەزار کەس لە سلێمانی مافی دەنگدانیان فەوتاوە لەبەرئەوەی پێشتر سەردانی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری

دەنگدەرانیان نەکردووە.[2]
- کاروخ عوسمان، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان لە سنوری شارەدێی قەسرێ هێرشیکرایە سەر و بریندارکرا.[2]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم رایگەیاند: هاووڵاتیانی ناوچەکانی ماددەی 140 بۆیان نیە لە هەرێمی کوردستان دەنگبدەن.[2]
- لەدوای بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بە فڕۆکەیەکی سەربازی چوونە بەغدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی پۆستی سەرۆککۆماری عێراق.[3]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و سەرقاڵبوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی حکومەت سبەینێی کرد بە پشوو.[1]
- بەهادین نوری سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عیراق و کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان بۆ بەوشداری کردن لە پرۆسەی دەنگدانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بنکەی دەنگدانییان کرد، بەڵام نەیانتوانی لە سلێمانی دەنگ بدەن. ئەم دوو کەسایەتییە کە تەمەنیان لەسەرو 90 ساڵەوەیە و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم ناویان لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا سڕدراوەتەوەو لە کاتێکدا لە ژیاندا ماون.[6]
- بەهۆی تەقەی خۆشییەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دوو هاوڵاتی بریندابوون.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- کردەوە دژە مرۆییەکانی دەوڵەتی تورکیا وچەتەکانی لە دژی هاووڵاتیان وسروشتی ناوچەکەکانی عەفرین بەردەوامە. چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا دەستیان کردووە بە سووتاندنی چیاکانی ناوچەی-ی مەیدانکێ-ی عەفرین.[5]
- لە شاری سوتۆکهۆڵمی سوید بە بەشداری کوردستانیان یادی ئارگەش کارزان، دلۆڤان فیدایی، تۆلهەڵدان سنە ورۆژهات لە ئەندامانی رێبەری کۆداروکۆمەڵگەی گەنجانی رۆژهەڵات و شەهیدانی پای سێدارە رامین حسێن پەناهی، زانیارولوقمان مورادی کرایەوە.[5]
- کۆچی دوایی نووسەر و راگەیاندکار کەمال رەئوف محەمەد - بابی لالۆ لە هۆڵندا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 🏰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 30-09-2018
[3] 🏰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-09-2018
[4] 🏰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-09-2018
[5] 🏰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-09-2018
[6] 🏰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 30-09-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-11 11:40:52 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 274

**2018-10-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180701212147807 49




رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەکرەم خەلیلی، تەمەن 27 ساڵ، خەڵکی کووران لە ناوچەی سۆمای برادۆست، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[6]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ کاتژمێر 03:4، بوومەلەرزەیەک لە ناوەندی شارۆچکەی تازەئاباد-ی سەربە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان روویدا، بوومەلەرزەکە کە شارەکانی جوانڕۆ و گاوارەی پارێزگای کرماشان و هەڵەبجەی هەرێمی کوردستانیش هەستی پێکراوە. بەرپرسانی فریاکەوتن لە کرماشان دەڵێن: ئەو بوومەلەرزەیە زیانی لێ نەکەوتووەتەوە.[3]
- کاوە بەهرامی، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی ڕەسمی حیزبی دێموکرات، بەیاننامەی قەرارگای حەمزە، سەبارەت بە تۆپباران نەکردنی مەقەرەکانی حدکای رەت کردەوە. ناوبراو دەڵێت: سپای پاسداران لەو بوردوومانەدا لە مووشەکی 30 کیلۆیی دروسکراوی ساڵی 2017 کەڵکی وەرگرتووە.[6]
- هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی فواد و ئازاد ئەمجەدی لە شارەکی نەساجی و ئەو دوو برایەیان دەسبەسەر کردووە.[6]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، دەستیان بەسەر زیاتر لە 300 سەر مەڕوماڵاتی خەڵک لە شاخەکانی کوڕا بەری سپی لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێدا گرت.[6]
- سپای پاسداران چەکوچۆڵی قورس لە جۆری کاتیووشا و تانک ڕەوانەی ناوچە سنورییەکانی شاری ورمێ دەکات.[6]
باشووری کوردستان
- دەستەی کەشناسی و چاودێری بوومەلەرزەی عێراق ئاشکرایکرد کە بەرەبەیانی ئەمڕۆ بوومەلەزەیەک سنوری شاری هەڵەبجەی گرتووەتەوە و گوڕەکەی نزیکەی 4.5 پلەی رێختەر بووە.[1]
- ئەمڕۆ کاتژمێر10:20 خولەک تۆپخانەکانی سوپای ئێران دەستیان بە تۆپبارانی گوندەکانی ماتا، تۆپزاوا و بەربزن لە دەڤەری برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر.[4]
- یەکەم فرۆکەی هێڵی ئاسمانی سعودیە لە هەولێر نیشتەوە. لەمەودوا لە هەفتەیەکدا سێ رۆژ گەشتی ئاسمانی لەنێوان عەرەبستانی سعودیە و هەولێر ئەنجامدەدرێت.[1]
- رێکخراوی فردریچ ئیبێرتی ئەڵمانی کە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە و رایگەیاند رێژەی بەشداری دەنگدەران لە و هەڵبژاردنەدا کەم بووە و جێگەی چاوەڕێی و پێشبینی ئە و چاوەدێرە بیانیانە نەبووە کە چاودێری پرۆسەکەیان کردووە.[1]
- فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپەرلەمانی عیراق رایگەیاند: د.بەرهەم ساڵح تەنها کاندیدی یەکێتییە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق و داوای لەنوێنەرانی سەرجەم فراکسیۆنە

کوردستانی و عیراقییەکان کرد کە متمانەی خۆیان بەکاندیدەکەی یەکێتی ببەخشن.[2]
- شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند، هەنگاوی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتکردنەوەی کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنە و لەدوای هەڵبژاردن بە پەیکەری ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی گۆڕاندا دەچینەوە.[5]
- شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ رایگەیاند، کە بەشداری پەرلەمانی کوردستان ناکەن بەهۆی ئەو ساختەکارییەی روویداوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی قیبارا-ی سەربەناوەندی عەفرین ژمارەیەکی زۆرلە هاووڵاتیانی ئێزدی کە ژنیشیان تێدایە لەکاتێکدا کە سەردانی کێڵگەو باخە زەیتوونەکانی خۆیان دەکرد لەلایەن سوپای تورکیای داگیرکەروچەتەکانەوە ڕفێندران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سوپای پاسداران لە راگەیەنراوێکدا بڵاویکردووەتەوە: کاژێر 2ی سەرلەبەیانی بە مووشەکی (زەمین - زەمین) لە شاری کرماشانەوە چەند ئامانجێکی لە شاری ئەلبوکەمالی رۆژهەڵاتی سوریا کردووەتە ئامانج، بەبێ خستنەڕووی ئاماری هێرشە مووشەکیەکە، تەنیا ئاماژە بە کوژران و برینداربوونی چەند چەکدارێک دەکرێت.[2]
- ئاژانسی ئیلنا لە زاری عەبدول محەمەد زاهێدی، پارێزگاری قەزوین و ئەکبەر باقری سەرۆکی بەشی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکانی پارێزگای قەزوین بڵاویکردەوە، زیادبوونی چەندین بەرامبەری نرخی تەماتە بەهۆی بازرگانانی هەرێمی کوردستانەوەیە کە هەموو بەرهەمەکانی تەماتە دەکڕن و بازاڕەکانیان خاڵی کردووتەوە.[1]
- رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی، لە ژمارەی ئەمڕۆیدا ڕایگەیاند، کە بەهۆی چوونی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا تەنیا لە بەرلین و کۆڵن 10 هەزار پۆلیس ئەرکدارکراون، ئەوەش حەوت بۆ هەشت ملیۆن دۆلاری بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا تێچووە.[4]
- بانکی ناوەندیی چین وڵاتی ئێرانی بەهۆی پێبەندنەبوون بە یاساکانی هێزی کاری کردارە داراییەکان (فاتف - FATF) خستە ریزی ئەو وڵاتە زۆر مەترسیدارانەوە، کە ئەنجامدانی کاری بازرگانی و ئاڵوگۆڕی دراو لەگەڵیاندا مەترسیدارە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: جوانرۆ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-01

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-01 9:21:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 275

**2018-10-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155148



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمرۆ، حوکمی ئێعدامی سێ زیندانیی، بە ناوەکانی سەلمان خانعەلیلو، زەینەب سکانوەند و حەسەن حاجیلوو، لە زیندانی ورمێ جێبەجێ کرا.[4]
باشووری کوردستان
- لە سەرجەم خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان بەبەشداری زیاتر لە ملیۆنێک و 700 هەزار خوێندکار زەنگی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا.[1]
- گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی دەڵێت، لە هەر شوێنێک ئیرادەی دەنگدەر لەژێر هەڕەشە و گوشاردا بووبێت، دەنگی ئەو بنکەیە پووچەڵدەکرێتەوە. دەشڵێت، ئەمڕۆ فۆرمی سەرجەم پارێزگاکان گەیشتوونەتە کۆمیسیۆن و لە داتابەیس تۆماردەکرێن بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی بەرایی رابگەیێنین.[3]
- وتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی رایگەیاند، بەپێی ئە و ئامارانەی دەست ئێمە کەوتووە یەکێتی 24 بۆ 26 کورسی پەرلەمان بەدەستدەهێنێت و ئەگەر کۆمسیۆن بە وردی لەسکاڵاکانمان بکۆڵێتەوە گومانمان نیە کە رێژەی کورسییەکانمان زیاددەبێت.[5]
- فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا لەلایەن هێزەکانی گەریلاوە خرایە خوارەوە.[7]
- بۆ جاری یەکەم لە شارۆچکەی کەلار، بەناونیشانی 'مافی خۆمە خەونەکانم بەدی بهێنم' شانۆیەکی سەرشەقام نمایشکرا.[6]
- بەهۆی تەقەی خۆشییەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ پیاوێکی تەمەن 47 ساڵ گیانی لەدەستدا و لە شارەزوریش گەنجێک برینداربوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لە پارتی و یەکێتی کردووە لەسەر یەک کاندید بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق رێکبکەون باشترە، ئەگەر نا ئەو پرسە لە پەرلەمانی عێراق یەکلایی بکرێتەوە.[2]
- بەهۆی ململانێی پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، پەرلەمانی ئێراق دانیشتنی خۆیی دواخست بۆ کاژێر 8ی ئێوارە.[1]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فراکسیۆنی پ-د-ک،رایگەیاند، کە کاندیدی سەرۆک کۆماری خۆیان دەکێشنەوە و ئەو پرۆسەیە مایەی قبوڵ

نییە.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمانی ئێراق بە سەرۆک کۆماری ئێراق هەڵبژێردرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 276

**2018-10-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155149



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی فاراشینی ئەلکێ شەڕ لە نێوان هێزەکانی گەریلا و سەربازانی تورکیادا روویدا. سەرچاوە هەرێمییەکان رایانگەیاند، سەربازانی تورکیا کوژراو و برینداریان هەیە و لە قلەبانیش ئامادەکاری بۆ ئۆپۆاسیۆن دەکرێت.[3]
- ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر کە لە گەڕەکەکانی مزاگ، باراف و کۆرمک-ی ناوچەی لیجەی ئامەد دەستی پێکردبوو، لە ڕۆژی سێیەمدا بەردەوامە. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا تیمە تایبەتەکانی جەندەرمە و پۆلیس بەشدارن.[3]
- پەروین بوڵدان و سەزای تەمەلی هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە ئەمڕۆ پەیامێکی پیرۆزباییان ئاراستەی بەرهەم ساڵح کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆماری عێراق.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ کۆڵبەرێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنووری نێوان گوندی نودشەی سەر بە پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەدێی تەوێڵەی پارێزگای هەڵەبجە لە بەرزاییەکانی شۆشمێ، بە تەقەی سوپای پاسدارانی ئێران کوژرا. ئەو کۆڵبەرە ناوی عەزیم ئەحمەدی-یە و خەڵکی گوندی تەشار-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و باوکی سێ منداڵە.[6]
- ژمارەیەکی زۆر لە هێزی پاراستنی یەکە تایبەتەکان (گارد یگان ویژە) و هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە نێو شاری سنە جێگیر کران.[4]
- سپای پاسداران چەکوچۆڵی قورسی لە شارەکانی دیواندەرە، سنە، کامیاران و کرماشان، بۆ ناوچە سنوورییەکان ڕەوانە کرد.[4]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی مەراسیمی ساڵیادی کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلال بەڕێوەچوو.[2]
- رابەر کەمال، ئەو گەنجەی شارۆچکەی شارەزوور کە شەوی ڕابردوو بەهۆی تەقەکردنی هاووڵاتیان بە مەبەستی دەربڕینی خۆشی بریندارببوو، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ئەمڕۆ گیانی لەدەستدا.[1]
- مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایدەگەیێنێت، هاوکاری دامودەزگا پەیوەندارەکان دەکەن بۆ بەسزا گەیاندنی ئەو کەسانەی تەقەی خۆشیان کردووە.[5]
- تەرمی کەمال رەئوف محەمەد - بابی لالۆ لە هۆڵنداوە دەهێندریتەوە کوردستان.[2]
- دوو تەقینەوەی بەهێز شاری کەرکوکیان هەژاند کە یەکێکیان لە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو بووە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بەیەکپۆشی خوێندکاران رایدەگەیەنێت، بەڕێوەبەری خوێندنگاکان تەنیا دەتوانن رەنگی جلەکان دیاری بکەن و ڕێگەیان پێنادرێت کەسوکاری خوێندکاران ناچار بکەن لە کۆمپانیایەکی دیاریکراو جلەکان بکڕن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئامینە عومەر هاوسەرۆکی مەجلیسی سووریای دیموکراتیک-مەسەدە، رایگەیاند: دانوستانەکانی نێوان مەسەدە و ڕژێمی سووریا ڕاوستاوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سەلام لەلایەن فوئاد مەعسومەوە رادەستی بەرهەم ئەحمەد ساڵح دەکرێت.[2]
- ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەڵمانیا بڕیاریدا ماوەی مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و سووریا دژی داعش بۆ ماوەی ساڵێک درێژبکاتەوە.[5]
- شێخ سەباح ئەحمەد جابر، میری کوەیت، بانگهێشتنامەیەکی رەسمی ئاڕاستەی بەرهەم ساڵح، سەرکۆماری نوێی عێراق کرد بۆ سەردانیکردنی وڵاتەکەی.[1]
- دەنگی تەقەکردن لە نزیک بارەگای سەرەکی فەتحوڵلا گولەن سەرمایەدار و بانگخوازی تورکی لە ئەمریکا دەبسترێت کە لەلایەن تورکیاوە داواکراوە رادەستی بکرێتەوە.[1]
- پەرلەمانی تورکیا لە یەکەم کاری وەرزی نوێیدا، بڕیارنامەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنووری کردە ڕۆژەڤی خۆی. لە بڕیارنامەکەدا پێشنیازی درێژکردنەوەی ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ساڵێکی دیکە کرا، لە ئەنجامدا بە دەنگی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی ئاکەپە، جەهەپە، مەهەپە و ئیی پارتی

بڕیارنامەکە پەسەند کرا.[3]
- دادگای نێودەوڵەتی لاهای ئەمڕۆ بڕیاریدا کە ئەمریکا دەبێت گەرەنتی ئەوە بدات کە گەمارۆکانی بۆ سەر ئێران بەشی مرۆیی نەگرێتەوە و ئەوکەسانەی بە فڕۆکە لە ئێران گەشت دەکەن ژیانیان نەکەوێتە مەترسییەوە.[5]
- مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی لەگەڵ ئێران دەکشێتەوە کە 63 ساڵ لەمەوبەر لە نێوانیان واژۆ کراوە.[1]
- ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کەنەکە بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەرهەم ساڵح بە سەرۆک کۆماری عێراق پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ناوبراو کرد. لە پەیامەکەدا هاتووە، (بە هەڵبژاردنی بەڕێزتان بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە شادمانیەوە پێشوازی لەو بڕیارە دەکەین و لە دڵەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین.)[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 03-10-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 03-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 03-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-10-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-10-2018


کاتی تۆمارکردن: AM 10:11:55 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 277

**2018-10-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155150




باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەریی کەجەکە پیرۆزبایی لە د.بەرهەم ساڵح دەکات بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆماری عێراق و هیوا دەخوازێت، کە هۆشیاریی سیاسیی بەرهەم ساڵح گەمارۆی ئێتنیکی، ئاینی و مەزهەبی لەسەر گەلانی عێراق لاببات و ژیانێکی دیموکرات دروست بکات.[4]
- لە کاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش بۆ بەشداریکردن لە ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە ناوچەی کەرجەوس لە پارێزگای ئێلح (باتمان) تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویداوە. بەپێی میدیاکانی تورکیا لەو تەقینەوەیەدا 4 سەرباز کوژراون و 5 سەربازی تریش بریندار بوون. سەربازە کوژراو و بریندارەکان بە کۆپتەر لە شوێنی تەقینەوەکە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە.[1] هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی 7 سەرباز دەکات.[3][2]
- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخراوی تێرۆریستیی چەکداری) لە هەژدەمین دادگەی سزاقورسەکانی ئەنقەرە بەڕێوەچوو. دادوەر نەجاتی کایاکۆزو ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە. سەرۆکی دادگە بڕیاری دا کە هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە بەزۆر بەشداری پێبکرێت لە دانیشتنی دادگەدا و دانیشتنەکەشی دواخست.[1]
- دانیشتنێکی دیکەی نۆزدەمین دادگەی سزا قورسەکانی ئەنقەرە دەربارەی دۆسیەی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا بڕیار درا کە دەمیرتاش ئازاد نەکرێت و لە زینداندا بمێنێتەوە. بڕیاریشە دانیشتنی داهاتووی دادگە لە 12-14ی کانوونی یەکەمی 2018 بەڕێوەبچێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهاد ساڵحی بەڕێوەبەری کاناڵی سەلام پاوە و موزەفەر وەلەد بەیگی بەڕێوبەری کەناڵی دەنگی نوریار، بە هۆی ڕووماڵکردنی هەواڵی کوژراونی کۆڵبەری کورد عەزیم ئەحمەدی لەو دوو کاناڵە تێلێگرامییە بووەتە هۆی بانگهێشت کرانیان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عوسمان زەبرە خەڵکی تاچینئاوای شاری شنۆ و پاش پشکنینی ماڵەکەی ناوبراویان دەسبەسەر کرد. لە لایەکی دیکەوە، هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆ لە ناوچەی دەشتەبێڵ هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی ڕزگار مەعرووفی تەمەن 26 ساڵ کوڕی ئەحمەد دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕایانگواستووە.[7]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند چوونی ئێمە بۆ بەغدا بۆ ئەوە بوو هەموو هەوڵێک بدەین یەکێتی ڕیزەکانی کورد بپارێزین. پرسی سەرۆککۆمار ئیستحقاقی گەلی کوردستانە نەک پارتی و یەکێتی، بە بۆچوونی ئێمە دەبوو ئەو پرسە لەناو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا یەکلابکرێتەوە، کە پێشتریش ئەوە کرا نەک لایەنی دیکە بەربژێری کورد بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانبکەن. نێچیرڤان بارزانی ڕاشیگەیاند ئەو هەنگاوە تاکلایەنەی یەکێتی زۆر جێگەی نیگەرانییە و دەستپێکێکی مەترسیدارە، کە ئەو پۆستە لە دەرەوەی ئیدارەی خەڵکی کوردستان دیاریکراوە. ئەوەی برادەرانی یەکێتی کردیان بۆ داهاتوو مەترسیدارە.[2]
- ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەوەکالەت، عیرفان کەرکوکلی ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگا سەرپشککرد بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن.[5]
- عومەر کالۆ، پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنی ڕووداو دوای زیاتر لە مانگێک لە دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی سووریاوە، ئەمڕۆ ئازادکرا.[2]
- دیار نەسرەدین جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکردەکات کۆمسیۆن تاوتوێی سکاڵای بەشێک لە کارمەندەکانی دەکات کە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئازاردراون یان هێرش کراوەتە سەریان.[5]
- لە ئاسمانی هەڵەبجەوە شتێکی هاوشیوەی مووشەک بیندراوە کە بە ئاراستەی سلێمانی

هاوێژراوە، لە دوای خۆیەوە دووکەڵی بەجێ هێشتووە.[6]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی پۆیسی پارێزگای هەولێر، ئاگاداری هاوڵاتیانی شاری هەولێر دەکاتەوە کەوا لە کاتی ئاشکرا کردنی ئەنجامی هەڵبژاردندا، هەر کەسێک تەقەی خۆشی بکات یان چەکی بەدەستەوە بێت ڕێکاری یاسایی توندیان بەرامبەر دەگرنەبەر.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بڕیارە ئاراس شێخ جەنگی وەک گەورە راوێژکاری سەرکۆماری نوێی عێراق د. بەرهەم ساڵح دەستنیشانبکرێت.[5]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، هێزەکانیان لە سوریا ناکشێننەوە تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن لەو وڵاتە ئەنجامنەدرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان



[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2018-10-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-05


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 278

**2018-10-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155151




باکووری کوردستان

- پۆلیس لە وان لە هەڵکوتانە سەر ماڵان و هاندان باگجی هاوسەرۆک شارەوانیی قەلقەلی-یان دەستگیرکرد. هەر لەو هەڵکوتانەدا لە ناوچەی قەلقەلی زوبەیر باگجی و کەسێکی تر کە ناوەکەی نازانرێت دەستگیرکران. هەروەها لە ناوچەی ئەردیشی وان پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵی بەڕێوەبەری هەدەپە ئایفەر سایات لە گەڕەکی یەشیلۆڤا و ئایفەر سایات-یان دەستگیرکرد.[1]

- ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی تلۆ و ناوەندی سێرت لە باکووری کوردستان بەردەوامە. ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیا گەڕەکەکانی ئەلماجک، کارگاجک، ئەرەنلەر، ئاکومەرە و گوندەکانی چنارلس، هانتارات، ئاکایلا و تاشبالاتانی ناوچەی تلۆ و گوندی کۆچلوی سەر بە ناوەندی شار و دەورووبەری گوندەکانی ئەمەکچلەر و بایراکتەپەی گرتووەتەوە.[1]

- پۆلیسی تورکیا بەرەبەیانیی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی قۆسەر-ی مێردین هەڵیکوتایە سەر زۆر ماڵ. لە ئەنجامدا چەندین ئەندام و بەرپرسی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پارتی هەرێمەدیموکراتییەکان (دەبەپە) دەستگیرکران. ئە وکەسانەی کە دەستگیرکراون بریتین لە: حەمدیە تورگای کاندیدی هەدەپە لە شاری هاتای بۆ هەڵبژاردنی 2015ی پەرلەمانی تورکیا، یاسەمین دەمیرکایا ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری دەبەپە، حەقی ئاکانسەل هاوسەرۆکی پێشووی دەبەپە لە ناوچەی قۆسەر، مەلاهات ئۆرال ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری دەبەپە، حەمدولا ئەرەس کارمەندی پێشووی شارەوانی، سەردار چەتین، مەسعوود یگیت و سەلین چنار.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان لە نزیک گوندی دیناران لە ناوچەی ئالانی شاری سەردەشت، دایە بەر دەسڕێژ و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکاندا دوو کۆڵبەری کورد، بە ناوەکانی کەماڵ قادریان تەمەن 28 ساڵ و ئومید ساڵحپوور تەمەن 23 ساڵ بە سەختی بریندار بوون.[5]

- لە کاتی مانۆڕی سپای پاسداران لە شاخی شاهۆ، بە تۆپبارانی ئەو زەنجیرە شاخە، بەتایبەت لە گوندەکانی لۆنی سادات و تیلەکۆ، بوو بە هۆی ئاگردانی چەندین لەوەرگە و سووتانی دارستانەکانی ئەو زنجیرە شاخە.[5]

باشووری کوردستان

- ڕۆژنامەنووس و مامۆستا محەمەد حاجی فەرەج دێکۆنی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[3]

- فڕۆکەکانی تورک دەوروبەری گوندەکانی دەڤەری نهێل لە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکەن.[2]

- تەرمی کەمال ڕەئوف محەمەد - بابی لالۆ لە هۆڵنداوە گەییشتەوە سلێمانی و ئێوارەی ئەمڕۆ لە تەنیشت لالۆی کوڕییەوە نێژرا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- نادیە موراد، کچە کوردی ئێزیدیی قوربانیی دەستی داعش، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی وەرگرت. لە کاتی ڕێزلێنانەکەدا بەهیچ جۆرێک ناوی کورد و کوردستان نەهات.[2]

- عەممار حەکیم،سەرۆکی ڕەوتی حیکمە لە تویتێکیدا دەنووسێت: بە بەهێزترین رستەکان، سەرکۆنەی تەقینەوە تیرۆریستەکە دەکەین کە بووە هۆی کوژرانی 7 سەربازی تورک لە ویلایەتی باتمانی ڕۆژهەڵات و هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ حکومەت و گەلی تورکیای دراوسێ دەخەینەڕوو بەتایبەتی کەسوکاری قوربانییان و هەڵوێستی نەگۆڕی خۆمان دژ بە توندوتیژی و تیرۆر، دەخەینەڕوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سێرت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-05

[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-05

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-05

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 279

**2018-10-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155152



باکووری کوردستان

- نزیکەی هەفتەیەکە لە ناوچەی لیجەی ئامەد ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی سوپای تورکیا بەردەوامە. سەربازە ئۆپراسیۆنچییەکان هەڕەشە لە گوندنشینانی ئەو ناوچەیە دەکەن و ڕێگایان پێنادەن لە ماڵەکانی خۆیان بچنەدەرەوە.[1]

- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵان. لە دوای پشکنینی ماڵەکان، نیزامەدین تۆگوچ هاوسەرۆکی هەدەپە لە ئێلح و 7 کەسی تریان دەستگیرکرد. ئەو 8 کەسە دەستگیرکراوەیان گواستووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئێلح.

- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە گەڕەکی باغلەرباشیی ناوچەیی خەلیلیەی ڕحا پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵان و محەمەد کلچ بەڕێوەبەری ڕێکخستنەکانی هەدەپەی شاری ڕحای دەستگیرکرد. پۆلیس دەستیان گرت بەسەر کۆمپیوتەر و تەلەفونەکانی ئەندامانی ئەو ماڵانەدا کە هەڵیانکوتاوەتە سەری. لە گەڕەکی کارائۆتلاک-یش جەندرمە هەڵیکوتایە سەر ماڵی گەنجێک بە ناوی ڕەسوڵ شەکەر. ئەو گەنجەیان بە پاساوی بڵاوکردنەوەی بابەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستگیرکرد.[1]

- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لەبارەی ئەو ئۆپراسیۆنەوە رایگەیاند لە ئۆپراسیۆن لە ئێلح نیزامەدین تۆگوچ هاوسەرۆکی هەدەپە و 7 کەس، لە ئاگری 25 لایەنگری هەدەپە، لە ئەنقەرە 5 کەس، لە موش 1 کەس و لە مێردین 1 کەس و لە رحا 9 کەس، کە بە گشتی دەکاتە 49 کەس، دەستگیرکراون.[1]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- بەگوێرەی هەواڵێکی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، سوپای پاسداران دەستیکردووە بە گواستنەوەی رۆکێت و چەکی قورس بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان و لە سنە، مەریوان، کامیاران، پاوە، سەوڵاوا و چیاکانی شاهۆ و کۆساڵان جێگری کردوون.[5]

- دەیان سەر ئاژەڵی مەرداراني شاری پیرانشار لە لایەن سپای پاسدارانەوە لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و کوردستانی ئێراندا دەستیان بەسەردا گیرا.[7]

باشووری کوردستان

- سەعات 6ی بەیانی ئەمرۆ، لە گەڕەکی ئازادی شارۆچکەی کۆیە پیاوێک خێزانەکەی کوشتووەو دواتریش خۆی کووشتوە.[2]

- سەرپەرشتیاری میحوەری مەخموور-گوێر رایگەیاند، هاوپەیمانان چەکدارانی داعشیان لە باشووری گوندی کوشاف بۆردوومانکرد و 6 چەکداریان کوژراون.[3]

- ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیکی شەنگال پیرۆزبایی لە نادیە موراد چالاکوانی کوردی ئێزدی و دکتۆر دێنس ماکویچی داکۆکیکار لە مافی ژنان لە کۆمای کۆنگۆی دیموکراتیک کرد، کە بە شایانی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ ناسێنراون لە جیهاندا.[1]

- سەرۆکی یەکێتیی هاوردە و هەناردەکاران رادەگەیەنێت: لەم رۆژانەدا نرخی خۆراک و سەوزە و میوە و کەلوپەلی تر لە کوردستان دادەبەزێت و بازرگانان جگە لە ئێران، کەلوپەل و خۆراک لە وڵاتانی دیکەوە هاوردەی هەرێم دەکەن.[6]

دەرەوەی کوردستان

- پۆلیسی بەریتانیا رایگەیاند: تەرمی کچێکی کورد بە ناوی ئاڤان نەجمەدین تەمەن 32 ساڵان لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری فێنتۆن دۆزراوەتەوە.[4]

- ئەمرۆ پلاتفۆرمی هۆرام یەکەم کۆنفرانسی هەورامان ناسیی دەرەوە وڵاتی بە دروشمی ژیانی پێکەوە و کۆمەڵگای فرەڕەنگ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دەستپێکرد.[5]

- بەشی دووەمی زرێپۆشەکانی دروستکراوی رووسی لە جۆری BMP-3 رادەستی سوپای عێراقی کرا و بەمنزیکانەش بەسەر یەکە سەربازییەکانی هێزەکانی وشکانی دابەش دەکرێن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-06
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 280

**2018-10-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155153



باکووری کوردستان
- لە شاری ئێلح، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر بینای هەدەپە لە شاری ئێلح و هاوسەرۆکی لقی شاری ئێلح-ی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بێریڤان هەلەن ئشک-یان دەستگیر کرد.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سوپای پاسداران بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی چیای شاهۆ.[2]
- بەهۆی بۆمباران کردنی چیای شاهۆ، ئاگر لە ناوچەکە کەوتووەتەوە و هێزەکانی سوپای پاسداران رێگە نادەن ئاگرەکە بکوژێنرێتەوە. لە رۆژانی رابردووشدا پاسدارانی ئێران لە ناوچەکانی کەلە، تەنە و کۆساڵان-ی هەورامان دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردبوو.[2]
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، هێرشیان کردە سەر ماڵی مامۆستایەکی کورد بە ناوی محەمەدساڵح شەکەری و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەهۆی زیادکردنی دەوامەوە بایکۆتیان راگەیاند.[1]
- بەهۆی زیادکردنی ژمارەیەک هێڵی تاکسی بۆ تورکمانەکانی ناوچەکە، شۆفێرە کوردەکانی تێرمیناڵی گشتی، خورماتوو نیگەرانییان دەربڕی و سکاڵایان تۆمارکرد، هەرەشەی مانگرتنیش دەکەن.[1]
- دوای ئەوەی پۆلیسی کۆیە، دوو دەستگیرکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەبات بۆ بەردەم دادوەر لە شارۆچکەی تەقتەق، لەڕێگا ئەو دوو دەستگیرکراوە لەلایەن کەسوکاریانەوە لەدەستی پۆلیسی دەرفێندرێن.[3]
- بەبیانووی هەبوونی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، تۆپخانەکانی سوپای تورکیا بناری گوندی کێستە لە شارەدێی کانی ماسێ تۆپباران دەکەن.[1]
- ژمارەیەک لە کەسایەتی و هاوڵاتیان، کەمپەینی واژۆ نەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن-یان راگەیاندرا، داوا لەئەندامانی ئەجومەنی کۆمسیاران دەکەن واژۆ لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەکەن.[4]
- کۆسرەت رەسول عەلی لەگەڵ برێت مەکگۆرک کۆبووەوە و بە شاندی میوانی رایگەیاند، بەلای یەکێتییەوە گرنگە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە و کێشەکانیان چارەسەربکەن و ململانێ حیزبییەکانیان وەلابنێن.[3]
- تادێت دەنگی نارەزایەتیەکان لەناو بزووتنەوەی گۆڕان بەرزتردەبنەوە و سەرەکیترین داواکاریش

دەست لەکارکێشانەوەی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندنە، بەرپرسێکی بزوتنەوەکەش دەڵێت: لەسەر چاکسازی ناوخۆیی لێکتێگەیشتن لەنێوان ئۆرگانە جیاجیاکاندا هەیە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ گروپی کچانی (زایەڵە)ی مەریوان لەهۆڵی ڕۆشنبیری شارۆچکەی چەمچەماڵ کۆنسێرتێکی هونەری-یان سازکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی زانیارییەکان نزیکەی 80 چەتەی دەوڵەتی تورکیا لە عەفرین دەستیان کردووە بە دزینی زەیتونی هاووڵاتییان و زەیتونەکانیان بردووە بۆ کارگەیەک و هەوڵیانداوە زەیتی زەیتونی لێدروست بکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- عەلی دایی ئەفسانەی تۆپی پێی ئێران، بەتۆمەتی هاوکاری کردنی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی کرماشان بەبێ ئاگاداری حکومەت، دەستگیرکرا. میدیاکانی ئێران ئاشکرایانکردووە: عەلی دایی دەیان ملیار تمەنی وەکو هاوکاری بەخشیوە بە لیقەوماوانی بومەلەرزەکەی کرماشان و هاوکارییەکانی لە هاوکاری حکومەتی ئێران زیاتربووە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی بەبێ ئاگاداری حکومەت ئەو کارەی کردووە، بانگێشتی دادگاکراوە و تا یەکلابوونەوەی کەیسەکەی لە زینداندا دەمێنێتەوە.[1]
- چاغداش کاپڵان بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆژنامەی یەنی یاشام بە پاساوی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر کۆبانێ و ئەو وێنانەی کە لە کۆبانێ گرتوویێ دەستگیرکرا.[2]
- کۆنگرەی هەنگەڤانانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی لە بەیروتی پایتەخی لوبنان ئەمڕۆ کۆتایی بە کارەکانی هێناو، هەنگەڤانانی کورد دوو خەڵاتی یەکەمیان بردەوە، بڕیاریشە کۆنگرەی داهاتوو لە ساڵی 2019 لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 07-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 07-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 07-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 09-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-09-2018 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 281

## 2018-10-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155154



باکووری کوردستان
- دەیەمین دانیشتنی یەکەمین دادگەی سزاقورسەکانی شاری مەڵەتی دەربارەی دۆسیەی هاوشارەداری گەورەی ئامەد گوڵتان کشاناک و هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) سەباحەت تونجەل بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، یاریدەدەری هاوسەرۆکی دەبەپە و پەرلەمانتارێکی شاری زوریخی سویسرا ئامادە بوون. هەروەها نوێنەرانی ناوەندی گشتیی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی تورکیا و لقی شاری ئامەد و مەڵەتی هەمان ڕێکخراو ئامادە بوون. بە تۆمەتی (دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕێکخستن)، (پڕوپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن) و (سەرەڕای هۆشداری پێدان، بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە نایاساییەکان) داوای سزای 230 ساڵ بەندکردن بۆ کشاناک و 145 ساڵ بەندکردن بۆ تونجەل دەکرێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی گرانبوونی شتومەک و نەبوونی کەرەستە سەرەکییەکان لە بازاڕ و قۆرغ کردنیان لە لایەن بازرگانەکانەوە، هاوڵاتیانی شارەکانی سنە، مهاباد، پیرانشار، مەریوان، سەقز، بانە، پاوە، بۆکان، کرماشان، سەردەشت، ئورمیە و میاندواو دەستیان بە مانگرتنی گشتیی کرد.[4]
- یەکێک لە مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان بە ناوی میلاد محەممەدیان خەڵکی شاری کامیاران لە شەڕ و تێکەڵچوونێکی چەکداریدا، لە سنووری شاری مەریوان کوژرا.[5]
- ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزانی شاری سەقز، بە چاندنی نەمام لە 50 شوێنی ئەو شارە وەکوو ڕێزلێنان لە گیان لەدەستداوانی ژینگەپارێزیی 3ی خەرمانان، لە شاری مەریوان چەند چالاکییەکیان ئەنجام دا.[5]
- بەهۆی داڕوخانی دیواری خوێندنگایەک لەگوندێکی سەربە شاری سنە منداڵێکی شەش ساڵانی قۆناغی یەکی سەرەتایی بەناوی دنیا وەیسی گیانی لەدەستدا.[1]
- چالاکێکی کرێکاریی کورد، بە ناوی زانیار دەباغیان خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە ڕێوڕەسمێکدا پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت و ئازاد تۆفیق وەک پارێزگاری نوێ دەستبەکاربوو.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە هێزێکی کاکەییەکاندا لەسنوری شارۆچکەی داقوقی سەر بەپارێزگای کەرکوک دوو چەکداری ئە و هێزە بریندار بوون.[2]

- هێزەکانی هاوپەیمانان رایدەگەیەنن: لەگەڵ ئە و فشارانەی لە سوریا خراوەتە سەر چەکدارانی داعش پێدەچێت بەشێک لە و چەکدارانە دزە بکەنە ناوخاکی هەرێمی کوردستان. هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت کۆبوونەوە و لە راگەیەنراوێکی کۆبوونەوەکەش ئاماژە بە زیادبونی جموجۆڵەکانی داعش لەسنوری هەردوو پارێزگای کەرکوک و موسڵ و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان کرا.[2]
- لە کاتژمێر 2:30 خولەکی ئەمڕۆ تۆپخانەکانی سوپای تورک لە چەلێ-ی باکوری کوردستانەوە دەستیان بە تۆپبارانی ناوچەکانی زاپ و ئاڤاشین و دەوروبەری شارەدێی باتوفا لە شارۆچکەی ئامێدیی سەر بە پارێزگای دهۆک تۆپباران دەکەن.[4]
- لە زانکۆی کۆیە سەنتەری مەلای گەورە بۆ توێژینەوە کرایەوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکەیەکی سیخوڕی تورکیا لە شاری کۆبانێ کەوتەخوارەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆبانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-09

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 282

**2018-10-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155155



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورکیا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شاری ئامەد بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش هەڵیکوتایە سەر ماڵان و دەیان دەرگای ماڵانیان شکاند. پۆلیس لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا، ڕۆژنامەنووسان عەبدولڕەحمان گۆک، کیبریە ئەڤرەن و محەمەد شەریف چامچی هاوسەرۆکی هەدەپەی ئامەد و زیاتر لە 100 کەسیان دەستگیرکرد.[1]
- ئەمڕۆ پۆلیسی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەی چاڵدرانی پارێزگای وان هەڵیکوتایە سەر 13 ماڵ و 13 کەسی دەستگیرکردووە و 7 کەسی تریشیان ڕاپێچ کردووە و چاوەڕێ دەکرێت ئەوانیش دەستگیر بکەن. ناوی ئەو کەسانەی کە دەرگای ماڵەکانیان لەلایەن پۆلیسەوە شکێنراوە و دەستگیرکراون بریتین لە: حاجی هاراک، شاهیر تۆپچی، موستەفا کایا، سەید خان ئاجار، فەوزی ئوزونای و شەمسەدین ئاجار. هەروەها عەلی ئێحسان تاش هاوسەرۆکی هەدەپە لە چاڵدران، سەلامی کۆچ بەڕێوەبەری هەدەپەی ئەو ناوچەیە، جەنگیز کۆچ، فاروق تراک، نەوزاد ئۆزونای، کە پۆلیس هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵەکانیان، لەو کاتەدا لە ماڵەوە نەبوون.[1]
ناوی 63 کەس لە دەستگیرکراوەکان
کیبریە ئەڤرەن ڕۆژنامەنووس، عەبدولڕەحمان گۆک ڕۆژنامەنووس، سەمیحە ئالانکیوش ڕۆژنامەنووس، ئەسرا سۆلین دال ڕۆژنامەنووس. حەسەن حوسێن ئەبدەم ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، محەمەد نوری ئۆزدەمیر ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، حوسێن کایا ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، حیلمی ئایدۆغان ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، عەدنان ئاک گیول ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە). ڕوکەن کلچ ئەندامی ئەنجوومەنی هەرێمیی کەجەدە، وەحید دۆغرول خەباتکاری کەجەدە، شەریف چامچی هاوسەرۆکی هەدەپە لە ئامەد، وەدات داغ خەباتکاری ڕاگەیاندنی هەدەپە، ئەیلەم جەیلان ئەندامی ئەنجوونی هەدەپە، سەحەر تومەر یاریدەدری هاوسەرۆکی گشتیی دەبەپە، نەڤریە چور ئەندامی ئەنجوومەنی دەبەپە، فیگەن ئەکتی چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا)، ئەلیف حەڕان چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا)، فیگەن ئاراس چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا)، مەکییە ئۆرمانجی، سەرجان دۆغان، سەلمان مەتین، نێعمەت یورەک، نەسلی خان کاراجا داغ، ئای گیول ئالاگیوندوز، دلناز ئەمەکچی، ئەحمەد ئاسلان، لەیلا تەکداغ، موکریمە کاڵکان، زەکی باران، پنار تەکین، ئەنگین بابایت، شێخموس کارایلا، زەهرا ئۆزدەمیر، محەمەد ئای، موعەزز جانپۆلات، رفات ڕۆنی، لەیلا ئایاز، شاتی هایمە، قەدریە ئۆزجانلی، محەمەد تەمیز یوز، ئەڤیندار ئایدن، زانا دۆنار، ماهیر کۆیون، نالان ئۆزایدن، موعەززز ئولاش، مەهتاب مەتین، عەباس ئاسلان، نەجدەت سەزگین، سەما کۆچ، ڤەیسەڵ ئۆزەکتی، ئەمروڵا کاڵاکان، پنار سرناچ، محەمەد ئاکدۆغان (نووسەر)، خەدیجە شەن، دەریا ئاسلان، سەلدا ئەرتەن، حەبیبە ئەکینجی، خالیسە یاووز، حەسەن چیچەک، ساواش ئاسلان (دابەشکاری ڕۆژنامە)، حەیات ئۆزمەز (دابەشکاری ڕۆژنامە)، سیاژن پاشناوەکەی نازانرێت.[1]
- ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسی لە لایەن ڕژێمی ئاکەپە - مەهەپە بەردەوامە. پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵی لەیلا گوڤەن پەرلەمانتاری هەدەپە و هاوسەرۆکی کەجەدە کە ئێستا لە زینداندایە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- حوکمی لە سێدارەدانی زیندانیی سیاسیی کورد هیدایەت عەبدوڵلاپوور خەڵکی شاری شنۆ لە زیندانیی ناوەندی شاری ورمێ لە لایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە پشتڕاست کرایەوە.[5]
باشووری کوردستان
- سەدان مامۆستا و خوێندکارانی کوردانی رۆژئاوا لەبەردەم بارەگای UN لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوا دەکەن قوتابخانەکانی کوردانی رۆژئاوا دانەخرێن.[2]
- یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لەبارەی داهاتووی کورد-ەوە لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[3]
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دانانی خاڵی گومرگی لەنێوان کەرکوک و شارەکانی هەرێم بەنایاسایی ناودەبات و داوا لە حکومەتی عیراق دەکات ئە و خاڵانە لاببات.[3]
- لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، شارۆچکەکانی رانیە و دەربەندیخان، خۆپیشادان بۆ شەرمەزارکردنی، گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 9ی ئۆکتۆبەر، دژ بە عەبدوڵلا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستپێکرد.[4]
- راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنگۆی رێگری لە چوونی کۆسرەت رەسول بۆ هەولێر رەتدەکاتەوە و دەڵێت دڵنیاین خەڵکی کوردستان بڕوا بە و جۆرە پڕوپاگەندانە ناکەن.[6]
- ئەمڕۆ لە باخچەی شەهیدان لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک کۆمەڵێک کەسایەتیی، رۆژنامەنووس و چالاکوان و بەشێک لە رێکخراوەکانی مەدەنیی لە جوارچێوەی گروپێکدا بەناوی (هاوپەیمانیی کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیانی کەرکوک) و بە دورشمی دەسەڵاتی سەربازیی لەسەر کەرکوک هەڵگرن، گردبوونەوە و بەیاننامەیەکیان خوێندەوە.[4]
- سەندیکای مامۆستایانی عێراق داوای چۆڵکردنی بینایەک لە لقی کەرکوکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکات، بۆ ئەو مەبەستەیش هێزێکی سەربازی بەهەمەرەوە چۆتە سەریان.[2]
- گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند چوار چەکدار مووچەی پێنج قوتابخانە و باخچەیەکی ساوایانی خوێندنگە کوردییەکانی خورماتوویان بردووە.[6]
- دژەتیرۆری هەرێمی کوردستان سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەستگیرکردنی تۆڕێکی گەورەی سەرچاوەی دارایی داعشی لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا لەگەڵ هاوپەیمانان راگەیاند.[6]
- پەیکەری کاوەی ئاسنگەر کە لە لایەن چەتەکانی ئەردۆغان لە عەفرین شکێندرا، لە دەربەندیخان داندرایەوە و بووە سیمبولێک بۆ ئەو شارۆچکەیە.[4]
- لە پارێزگای دهۆک، بە بۆنەی گەلەکۆمی 9ی ئۆکتۆبەر لە دژی عەبدوڵلا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆڕێک ئەنجامدرا و تیشک خرایە سەر ئامانجی گەلەکۆمەکە و کاریگەری فکر و تێزەکانی ئۆجالان.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- لە شەڕی روبەڕووبونەوەی نێوان شەڕڤانانی سوپای سوریای دیموکرات و داعش لەسنوری پارێزگای دێر ئەلزوری سوریا، فەرماندەیەکی شەڕڤانان بەناوی حسێن دۆشکا شەهیدبوو.[4]
دەرەوەی کوردستان
- مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە کۆشکی سپی لەگەڵ نادیە موراد، کچە چالاکوانی کوردی ئێزدی کۆبووەوە و رایگەیاند، نادیە شایەنی ئەم خەڵاتەیە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: وان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-10-2018
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 09-10-2018
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 09-10-2018
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 09-10-2018
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 09-10-2018
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 283

**2018-10-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155156




باکووری کوردستان
- دانیشتنی دادگەی سزاقورسەکانی شاری موش-ی باکووری کوردستان دەربارەی دۆسیەی ڕۆژنامەوانی ئاژانسی میزۆپۆتامیا سەدا تاشکین بەڕێوەچوو. تاشکین لە 20ی کانوونی یەکەمی 2017 بە بیانووی (دەربارەی ئە و ئیخبار هەیە) دەستبەسەر کرا و ڕۆژی 22ی کانوونی دووەمی 2018ش بڕیاری گرتنی درا. دادگەی ڕژێمی تورکیا سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەوان سەدا تاشکیندا سەپاند.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە گەڕەکی میراوای شاری بۆکان، گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ لە بەر چاوی هاوڵاتیان خۆی لەسەر پردێکەوە هەڵدایە خوارەوە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەستدا.[3]
- لە سنە، هەشتەمین پیشانگای نێودەوڵەتی کتێب دەستپێکرد، ئەو پیشانگایە تا ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبەر بەردەوام دەبێت لە کارەکانی. 195 ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، 157 ناوەندی بڵاوکردنەوەی بە نوێنەرایەتی و 52 ناوەندی بڵاوکردنەوەی بیانی لەو پیشانگایەدا بەشدارییان کردووە. 73 هەزار و 500 ناونیشانی کتێبی ناوەندە بڵاوکردنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و 400 ناونیشانی کتێب لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە نێودەوڵەتییەکان و دوو هەزار و 800 ناونیشانی کتێبی کوردیش لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە پیشانگاکەدا نمایش دەکرێن.[3]
باشووری کوردستان
- بە بەشداری 17 وڵاتی جیاواز سیازدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر کرایەوە. نزیکەی 300 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە تێیدا بەشدارن کە لە 17 وڵاتی جیاواز کە 11 وڵاتی عەرەبییەو سێ وڵاتی ئەوروپی و هەریەک لە تورکیا و ئێران و هیندیستانیش بەشدارن. پێشانگاکە 500 هەزار ناونیشانی جیاوازی کتێب لەخۆدەگرێت و بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بەنمایشکردنی فیلمی (کچانی خۆر) سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لە شاری سلێمانی دەستپێدەکات و هەفتەیەک بەردەوام دەبێت.[1] لە ماوەی هەفتەیەکی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکە 122 فیلم لە 52 وڵاتەوە لە 4 هۆڵی جیاواز لە سلێمانی نمایش دەکرێن.[5]
- لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا سوپای تورکیا لە ناوچەکانی ئامێدی و برادۆست سێ بنکەی تری سەربازیی دامەزراندووە و ژمارەی سوپاکەشی لە ناو خاکی هەرێم بۆ دووهێندەی جاران زیاتر کردووە، ئەمە سەرەڕای هێنانی چەک و جبەخانەی قوورس و زۆر بۆ ئە و بنکانە.[2]
- ئەمڕۆ، دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمسیارانی هەڵوەشاندەوە، بۆ پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن،کە بەپێی ئەو بڕیارە دەبووایە دوولەسەرسێی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەنگ لەسەر پەسەندکردنی ئەنجامەکان بدەن، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە ئێستا بە 50+1 ئەنجامەکان پەسەند دەکرێت،بڕیاردەری ئەنجومەنی کۆمسیارانیش دەڵێت بەپێی یاساکەش ناتواندرێت تانە لە بڕیارەکە بدرێت.[3]
- سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، هەرچەندە زۆر هەوڵدرا پاشەکەوتی مووچەی ئەو پێشمەرگانە بە یاسایەک لابرێت کە مووچەیان کەمە و حەقی پاشەکەوتکردن نین، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی یەکەم دەیەوێت قەرزە کەڵەکەبووەکانی بداتەوە، پاشان پاشکەوتی مووچە لابدات.[1]
- هێزەکانی گەریلا لە کاتژمێر 09:00 لە شاخی لێلیکان لە ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان چالاکییان لە دژی سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەنجامداوە. هێزەکانی گەریلا لە کاتژمێر 14:00 دا چالاکییەکی تریان لە دژی سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە شاخی لێلیکان ئەنجامداوەتەوە و لە چالاکییەدا 4 سەربازی تورکیا کوژراون.[4]
- ئەمڕۆ لە گەڕەکی هەرشەم 2 لە شاری هەولێر گەنجێک بەناوی کارزان فەرید کوژرا.[3]
- لە دوای دانانی دوو خاڵە گومرگییەکەی نێوان کەرکوک-سلێمانی و کەرکوک-هەولێر، بەبیانوی سەندنی باج ڕێگە نادەن هیچ پەرتوکێکی کوردی بێتە شارەکەوە.[1]
- محەمەد سەمعان، بەرپرسێکی بەرەی تورکمانی رایدەگەیەنێت: لەگەڵ یەکێتی و عەرەبدا

لەرێککەوتنی کۆتایی نزیکن لەسەر دانانی کەسایەتیەکی کورد بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکوک.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە دەریای ئیجە، بەختێک کە 35 کەسی تێدابووە و سەرجەمیان خەڵکی دهۆک و زاخۆن نقووم بوو. پاش نقومبوونی بەختەکە هەشت کۆچبەر بە خنکاوی دۆزراونەتەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 10-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 10-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 10-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-10-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 284
**2018-10-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155157



باکووری کوردستان

- سەزای تەمەلی، هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لەگەڵ شاندێکی هەدەپە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپە و مەهەپە لەدژی سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی کورد چووە ئامەد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بەشداریی کرد.[6]
- ڕۆژنامەوان کیبریە ئەڤرەن لە ئامەد بەند کرا.[4]
- لە شاری ئامەد 2 پارێزەر دەستگیر کران.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- یەکەم کۆنگرەی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی لە خانەی مجتمع فەرهەنگی شاری شنۆ بەڕێوە چوو، کە بە هۆی دەستێوەردانەکانی سپای پاسداران، ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی شاری شنۆ لەو کۆنگرەیە بەشدارییان نەکرد.[7]

باشووری کوردستان

- کاتژمێر 8ی بەیانی ئەمڕۆ بۆمبێکی چێندراو لە گەرەکی ڕێگای بەغدای شاری کەرکوک تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 2 هاوڵاتی و 4ی دیکەیش بریندداربوون.[1]
- پاسەوانی سنوور سەر بە حکومەتی عێراق بارەگایەکی گەورەی لە شارۆچکەکانی ماسی سەر بە ئامێدی کردەوە، ئەرکیان پاراستنی ناوچە سنووریەکانی بەرواری باڵایە لە گەڵ تورکیا. ئەو هێزانە هاوکات چاودێری دەروازەی سەر زێڕیش دەکەن.[2]
- بەبیانووی بوونی بارەگاکانی پەکەکە گەلی سیڤا کە دوو کیلۆمەتر لەسەنتەری گوندی گوهەرزی دووره، بۆردوومان کرا لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە کە یەکەمجارە ئەو ناوچەیە دەکرێتە ئامانج. سەرەڕای بوونی خۆڵباریني زۆر، هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لێ نیشتووە و بۆردوومانەکە زۆر سەختە.[5]
- یەکەی قەناس بەدەستی هێزەکانی گەریلا لە شاخی خودێ لە ناوچەی بارزان چالاکییەکیان لە دژی سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەنجامدا. لەو چالاکییەدا سەربازێکی تورکیا کوژرا.[4]
- ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، تەواونەبوونی ئەنجامی ڕێژەی 15%ی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەیوەندی بە تەواونەبوونی وردبینی سکاڵاکان و فۆرمەکانەوە هەیە.[5]
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایدەگەیەنێت لە خانەقین خۆکوژێکیان دەستگیرکردووە کە ویستویەتی خۆی بتەقێنێتەوە، پۆلیسی خانەقینیش باس لەوە دەکات ئە و کەسەی دەستگیرکراوە تەمەنی 14 ساڵە و خەڵکی سوریایە.[5]
- لە بۆسەیەکی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا لە باشوری کەرکوک دوو چەکداری داعش کوژران.[5]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە داقووق دوو چەکداری حەشدی شەعبی کوژران کوژران.[2]
- لە شارۆچکەی داقوق ماڵی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوک تەقێنرایەوە، تەنها زیانی ماددی لێکەوتەوە.[1]
- کاتژمێر 2:00ی پاشنیوەڕۆ، لە شارەدێی حاجیئاوای، سەر بە شارۆچکەی ڕانیە، سەر بە دەڤەری ڕاپەڕین، ژنێکی تەمەن 48 ساڵ بە هۆی هەڵواسینەوە لە ژورێکی ماڵی باوکی گیانی لەدەستدا.[6]
- لەشاری دهۆک و ئامێدی گەنجێک کەسێک و هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت.[3]
- سێیەمین وەرزی هونەرمەندانی مۆدێرنی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو. 25 هونەرمەند بە 30 بەرهەم لە باشوور، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان لە دیدی خۆیانەوە وێنای جیهانی دەوروبەریان کرد.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازی منبج لەڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە ئۆتۆمبێلی سەربازی پێشکەوتویان پێدەدرێت بۆ باشتربەڕێوەبردنی دۆخی ئەمنی ناوچەکە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ئاشکرا بوو کە ئەو 35 کۆچبەرەی دوێنێ لە ئاوی ئیجە لە ئیزمیری تورکیا یەختەکەیان ژێرئاوکەوت سەرجەمیان کوردن. تاوەکو ئەمڕۆ تەرمی 14 کەسیان دۆزراونەتەوە.[1]

- مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پەیمانگای جوو بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا رایگەیاند، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە نزیکەوە کاری لەگەڵ کوردەکانی سووریا (رۆژئاوای کوردستان) کردووە و ئەوان هاوبەشێکی گرنگن. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی، ئێستا واشنتن کار لەسەر ئەوە دەکات کوردەکان لە دانوستاندنەکانی داهاتووی تایبەت بە چارەنووسی سووریادا بەشدارییان هەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (راپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 11-10-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 11-10-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-10-2018

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 11-10-2018

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-10-2018

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 12-10-2018


کاتی تۆمارکردن: 01-09-2018 10:11:55 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 285

**2018-10-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155158



باکووری کوردستان

- لە ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی رۆژی 9ی تشرینی یەکەمی 2018دا، کە دەوڵەتی تورکیا لە دژی گەلی کورد ئەنجامیدا 25 کەس دەستگیرکرابوون. ئەو کەسانە لە ئامەد برانە بەردەم دادگا. کیبرییە ئەڤرەنی رۆژنامەنووس و 12 کەسی تر لەو دەستگیرکراوانە لەلایەن دادگاوە سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێنرا و 12 کەسی تریش ئازاد کران.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- 19 نوێنەری پەرلەمانی ئێران بە ئاماژەدان بە گیانلەدەستدانی دونیا وەیسی، کچە قوتابی رۆژهەڵاتی کوردستان و 4 قوتابی دیکە، داوا لە دەزگای دادی ئێران دەکەن لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکە بکات و، بەرپرسان و تۆمەتبارانی گیانلەدەستدانی ئەو قوتابییانە سزابدات.[5]

- هێزەکانی سپای پاسداران لە سەرەتای جادەی خاکیی بیدمیری سەر بە شاری پاوە کە دەگاتە کوێستانەکانی شاهۆ، هاووڵاتیەکی کورد بە ناوی فەرشاد چەچانی، کوڕی ئیسماعیل، دانیشتووی شاری پاوەیان کردە ئامانجی دەسرێژی خۆیان کە لە ئاکامدا ئەو هاووڵاتیە کوردە گیانی لە دەست دا.[6]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەری پێشووی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی و چالاک بزووتنەوەی گۆڕان عەمید نەریمان عەزیز فەقێ محەمەد، کۆچی دواییکرد.[1]

- لەکاتی لێدانی بیری کارێز لە سنوری گەرمیان، چوار هاولاتی کەوتنە ژێر گڵەوەو بەهۆیەوە سێ کەسیان گیانی لەدەستدا.[3]

- شەوی رابردوو لەسەر رێگای کەلار – سلێمانی نزیک شارەدێی باوەنور، ژمارەیەکی زۆر جوجکی زیندوو فرێدران و بە شەقامەکاندا بڵاوبوونەوە، قایمقامیەتی کەلاریش رایدەگەیەنێت، ئەو جوجکانە لە رووی تەندروستییەوە مەترسیان نیەو هەڵگری هیچ ڤایرۆس و نەخۆشییەک نین.[4]

دەرەوەی کوردستان

- لە تورکیا، دانیشتنی دادگایی ئەندرۆ برۆنسن، قەشە ئەمریکییەکە بەڕێوەچوو، دادگەی سزا سەختەکانی ئیزمیر، قەشە برۆنسنی بە ساڵێک و مانگێک و 15 رۆژ سزادا، بەڵام بە ئەژمارکردنی ئەو ماوەیەی کە دەستبەسەربووە، قەشە ئەمریکییەکەی ئازادکرد.[1]

- تەرمی 4 پەنابەری باشوور لە دەریای ئیجە دۆزرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 286

**2018-10-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155159




باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی گەلی کورد دا لە وان 15 کەسیان دەستگیرکرد، کە 3 کەسیان ئەنجوومەنی گەڕەکەکانن.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی یەک ساڵ زیندانی بۆ چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سنە بە ناوی محەمەد سدیق ڕۆستەمی کوڕی سەعید لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنەوە، بە سەر ئەو چالاکە مەدەنییە کورددا سەپا.[6]
- لقی چواری لێپرسینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە، حوسێن ئەحمەدینیاز، پارێزەری پلەی یەکی کوردی بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کرد. حوسێن ئەحمەدینیاز، بانگهێشتکردنی خۆی بۆ دۆسیەی ڕامین حوسێن پەناهی، زیندانیی سیاسیی ئێعدامکراوی کورد و لێدوانەکانی سەبارەت بە کچانی شیناوێ گەڕاندەوە.[6]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە 95%ی دەنگەکانی جیاکردۆتەوە بە هۆی بوونی سکاڵا و ناکۆکی لەبارەی چارەنووسی بەشێک لە و سندوقانەی قردێلەی سووریان لەسەرە و دووبارە داخڵکردن و وردبینیکردن بۆ فۆڕمەکان، ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دوادەکەوێت.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەسەر دەروازەی سنووریی حاجی ئۆمەران لەگەڵ ئێران لەسەر چوار خاڵ ڕێککەوتوون، کە یەکێکیان ئەوەیە دەروازەکە دەبێت 24 کاژێر کراوە بێت.[2]
- جێگری بەڕێوەبەری گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی بیری توندڕەوییەوە ڕێگەمان نەداوەوە 38 کتێب لە پێشانگای کتێب لەهەولێر نمایش بکرێت.[3]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان لە تورکیا لە پەیوەندیدایە و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ گەڕاندنەوەی تەرمی قوربانیانی ڕووداوەکەی ئیجە.[2]
- سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئێران وەک پێشتر ناتوانێت هەموو کاڵایەک هەناردەی هەرێمی کوردستان بکات و هەڵدەدەین بارزگانەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت تورکیا ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەنجام بدەن.[4]

- ئێوارەی ئەمڕۆ، کچێکی تەمەن 13 ساڵ، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بە خنکاوی گەیەندراوەتەوە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی چەمچەماڵ.[5]
- ئۆتۆمبێلێکی بۆمڕێژکراو لە کەرکوک تەقیەوە، وتەبێژی پۆلیسی کەرکوکیش ڕایدەگەینێت، بەپێی زانیارە سەرەتاییەکان شەش کەس لە تەقینەوەکە بریندار بوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی زانیارییە هەرێمییەکان، گوندی عەلی شێر لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی تورکیاوە بە چەکی قورس کراوەتەوە ئامانج و هێرشی کراوەتە سەر.[1]
- دەوڵەتی تورک سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێرشی کردە سەر گوندی عەزیزیە لە سەرێکانی، کە کەوتووەتە 10 کیلۆمەتری قووڵایی خاکی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، لەو هێرشەدا جوتیارێک بەناوی جەمال موسا کە تەمەنی 25 ساڵە بریندارببوو.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا، ڕایدەگەیەنێت، کە لەبەرامبەر ئازادکردنی قەشە ئەمریکییەکە لەلایەن تورکیاوە، هیچ ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئەو وڵاتە نییە بۆ لابردنی سزاکانیان.[5]
- سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: ئەمریکا هەوڵدەدات نیمچە دەوڵەتێک لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات دروستبکات بە یارمەتی هاوپەیمانانی لە سوریا، لە پێش هەموویانەوە کوردەکان، ئەمەش بەلای مۆسکۆوە هەنگاوێکی نارەوایە و ڕەتدەکرێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
- 🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-10-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 13-10-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-10-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 13-10-2018
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 13-10-2018

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 13-10-2018

کاتی تۆمارکردن: AM 10:11:55 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 287

**2018-10-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155160



باکووری کوردستان

- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە بەدلیس قەدەغەی هاتووچۆی راگەیاند و ئامادەکاریی بۆ ئۆپراسیۆن لە مەزرا و گوندی دۆیوملو و ناوچەی خیزان دەکات.[4]

- بەهۆی قەدەغەکاریی دەوڵەتی ئاکەپە و ڕێگریکردن لە چوونی هاووڵاتییان بۆ لەوەڕگە و کوێستانەکان، زیانێکی زۆر بە کەرتی ئاژەڵداریی هاووڵاتییان گەیشتووە. دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بە زۆری کاری ئاژەڵداری دەکەن، ناچار بوون تەنها ئاژەڵەکانیان لە گوندەکانیاندا بلەوەڕێنن. لەبەر ئەوەی هاووڵاتییان ڕێگرییان لێکرا، کە ئاژەڵەکانیان ببنە ناوچە شاخاوی و کوێستانەکان لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا سەدان سەر ئاژەڵ مردار بوونەوە.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەهۆی جێبەجێ نەکردنی یاسا پەسندکراوەکان بۆ مامۆستایان، هەروەها بەهۆی زیادنەبوونی مووچەی مامۆستایان و لەلایەکی دیکەوە بەکاڵابوونی پەروەردە مامۆستایانی سەرتاسەری ئێران، لەسەر بانگەوازیی ئەنجومەنی هەماهەنگی سەندیکاکانی مامۆستایانی ئێران، ئەمڕۆ و سبەینێ لە سەرتاسەری خوێندگاکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان مان لە کارکردن دەگیرێت و مامۆستایان ناچنەوە خوێندنگاکان.[3]

- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە کوێستانی بریاجی سەر بە بەخشی ناوەندی شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لەو کۆڵبەرانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەسووڵ سەراجی بە سەختی بریندار دەبێت.[5]

- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، هێزەکانی سپای پاسداران، لە شاخی خێرووزەی گوندی میراوێ سەر بە شاری شنۆ، دەستیان بە لێدان و ئازار و ئەشکەنجەی شوانێکی تەمەن 16 ساڵ دەکەن. هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو شوانە مێرمنداڵەی بە ناوی ناسیح تەمەن 16 ساڵ خەڵکی گوندی میراوێ ڕاگەیاندووە.[5]

- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری پاوە، ڕێگریان لە بەڕێوەچوونی سەرەخۆشی بۆ شاهۆ وەیسی کرد، کە چەند ڕۆژ پێش لە شەڕ و تێکەڵچوونێکی چەکدارانەدا لەگەڵ هێزە ئیتلاعاتییەکان گیانی لە دەستدابوو.[5]

باشووری کوردستان

- لە بەردەوامی سازکردنی کۆڕەکانیدا، ساڵۆنی کوردستانی نوێ بەناونیشانی (ئەزموونی میللەتان لە ناساندنی کەیسی جینۆساید دا) کۆڕێک بۆ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق سازدەکات.[1]

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە: کاتژمێر 12:04 خولەکی شەوی رابردوو بومەلەرزەیەک لە شارۆچکەی سۆرانی داوە. ئاماژە بەوەشکراوە کە بومەلەرزەکە بە گوڕی 3،2 پلەی ڕێختەر بە قوڵایی 10کم بووەو هاووڵاتیان هەستیان پێکردووە، بەڵام هیچ زیانێکی بەدواوە نەبووە.[2]

- بەشێک لە و خوێندکارانەی ناویان لەهیچ زانکۆو پەیمانگاکایەک نەگەڕانەوە، لەپێش وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەولێر گردبوونەتەوە و داوادەکەن، کێشەکانیان چارەسەر بکرێت. پاشتر بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلان و بەدواداچوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا رایدەگەیەنێت: سیستمێکی نوێ بۆ ئە و خوێندکارانە جێبەجێدەکرێت، کە ناویان لەهیچ زانکۆ و پەیمانگەیەک نەگەڕاوەتەوە.[2]

- نزیکەی 50 کیلۆی ماددەی هۆشبەر لە سنوری پارێزگای دهۆک دەستی بەسەرداگیرا، کە وابڕیار بوو بە ڕێی قاچاغ ڕەوانەی تورکیا بکرێت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک شارۆچکەی سۆران و ڕواندزی هەژاند.[6]
- شەوی ڕابردوو، لە گوندی وەرمێلێی سەر بە شاری دهۆک، لە ڕووداوێکی سەرنجراکێش دا دوای پێکدادانی لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک، ئەسپێک دەچێتە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە و ژنێک بریندار دەبێت.[6]
دەرەوەی کوردستان
- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەوروپا ڕایدەگەیەنێت، کۆمپانیای بازرگانی هۆنگ کۆنگ- ئەفریقی کە پێشتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکانی لە هەرێم جێهێشتبوو، لەئێستادا بەمەبەستی وەبەرهێنان دەگەڕێتەوە کوردستان.[2]
- وەزارەتی ئیتلاعات بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕایگەیاندووە، کە هێزە ئیتلاعاتییەکان لە ئیدارەی گشتیی ئیتلاعاتی پارێزگای کرماشان، شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان لە شاری پاوە، دۆزیوەتەوە و پاش شەڕ و تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە لە نێوان هێزە ئیتلاعاتییەکان و پێشمەرگەکانی حدکا ڕووی داوە.[5]
- دەزگای هەواڵگریی عێراق ئاشکرای دەکات: هیچ گومانێکیان لەمردنی فازڵ بەرواری فەرماندەی لیوای ئاڵتوونی نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
- شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
- شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕواندز
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
- شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
- شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
- شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
- شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-14

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 14-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-09-2018 10:11:55 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 288

**2018-10-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180809112909104529



باکووری کوردستان

- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئیی پارتی لە ناوەندی شرناخ و شارۆچکەکانی جزیرە، سلۆپی، ئوڵودەرە، بەیت و شەباب و هەزەخ-ی سەربە پارێزگای شرناخ، زۆرتر لە 800 ئەندام دەستلکارکێشانەوەی بەکۆمەڵەیان ڕاگەیاند.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ئیدارەی چاوەدێریی بەسەر ئەماکنی گشتیی فەرماندەیی ئینتزامیی شاری سنە، هەوڵی داخستنی دووکانی مانگرتووانی داوە.[4]

- شەوی ڕابردوو، لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا لەناوچەی سەڵوەت ئابادی شاریی سنە، تانکەرێکی گواستنەوەی ماددەی کیمیایی گڕدەگرێت و گیانلەدەستدان و برینداربوونی لێدەکەوێتەوە.[1]

- وتەبێژی دەزگای قەزایی لە شاری کرماشان، ناوی 10 بازرگانی کورد بە تۆمەتی تێکدەرانی ئابووری بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: ئەو 10 کەسە بە 80 ساڵ زیندان و دەسبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانیان مەحکووم کراون. شوناسی ئەو 10 کەسە کە حوکم دراون لە لایەن دەزگای قەزاییەوە بەم چەشنەیە: نەریمان بەختیاری کوڕی قارەمان 15 ساڵ زیندان، محەممەدڕەزا ئامریون کوڕی عەلیئەکبەر 15 ساڵ، حەدی محەممەدی کوڕی محەممەدموراد 15 ساڵ، سدیق محەممەدی کوڕی حەسەن، حوسێن نیکڕەوش، هوومەن بەهرەمەند، محەممەدهادی یووسفشاهی کوڕی نەجمەدین، حەسەن حەبیبی کوڕی پیروت، سەردار محەممەدی کوڕی ئەحمەد و هەروەها بەهیە ئاستینچیدە کچی ئیبراهیم، بۆ هەرکامەیان 5 ساڵ زیندانیان بۆ بڕدراوەتەوە.[4]

- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی کاوە دەشمیر خەڵکی گوندی گرگسکی شاری پیرانشار بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار کرا.[4]

- دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری مێهران، بە هۆی تەقینەوەی کەرەستە تەقەمەنییەکان بریندار بوون و بۆ ناوەندەی دەرمانیی شاری ئیلام ڕاگوێزراون.[4]

- پاش دەمەقاڵێ لە نێوان یەکێک لە زیندانییانی سیاسی لەگەڵ مەئموورانی زیندانی ورمێ و لێدانی ئەو زیندانییە سیاسییە لە لایەن مەئموورانی زیندانەوە، زیندانییانی سیاسیی ناڕەزایەتییان دەربڕی و ئەمەش هێرشی گاردی زیندان بۆ سەر زیندانییان سیاسی لێ کەوتەوە.[4]

باشووری کوردستان

- گوڕێکی بەکۆمەڵی کوردانی ئیزدی کە زۆربەیان خەڵکی گوندی کۆجۆن، لە گوندی کەسر میحراب لە تەلەعفەر هەڵدراوەتەوە. 18 تەرمی تێدا بووە کە ناسنامەی هەشت تەرمیان ئاشکرابوون و ئەمڕۆ دەگوازرێنەوە بۆ شنگال.[3]

- ئەمڕۆ کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی گۆچانی سپی کەتایبەتە بە نابینایان و خاوەن پێداویستی تایبەت، لەسەنتەری ڕۆشنایی شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نابینایان و خاوەن پێداویستی تایبەت چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو، لە یادەکەدا نابینایان پەیامێکیان لەڕێگەی 111 گۆچانی سپی و 111 عەینەکی ڕەش بۆ سەدو یازدە ئەندام پەرلەمان نارد و داوایان لێکردن چیتر لەخەمی نابیانایان بن و پشتگوێ نەخرێن.[5]

- بەهۆی خراپی مامەڵەی پاسداران لە خاکی (ئێران)دا بەرامبەریان، شۆفێرانی کورد لە خاڵی سنووریی باشماخەوە بڕیاری مانگرتنیان داوە کە نەچنە خاکی ئێران بۆ بارکردن تا بڕیارێک وەرنەگرن لەلایەنی پەیوەندیدار، بۆ باشکردنی ئەوپرسە. بەهۆیەوە گرژیەک لە نێوان ئاسایش و

ئەو شۆفێرانەدا کە گردبونەوەیان ئەنجامداوە ڕوویدا، لە ئەنجامدا هێزی ئاسایش تەقەیان کرد بەرامبەر شۆفێرەکان، بەڵام زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.[2]
- ژمارەیەک لە دەرچووانی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆ و پەیمانگەکان گردبوونەوەیەکی نارەزاییان ئەنجامدا و داوای دامەزراندن دەکەن، بۆ بەردەوامی گردبوونەوەکەشیان خێمەیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لەشاری هەولێر هەڵدا.[5]
- بەشی ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە پێشانگایەکی بە دروشمی (کۆڵەکەی پێشکەوتنی کشتوکاڵ، بە بازاڕکردنی شایستەی بەرهەمی جوتیارانە)، بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکانی جوتیارانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کردەوە. لە پێشانگاکەدا زیاتر لە 50 جوتیار و 45 خاوەن پیشەی دەستیی و ئامادەکاری خواردنی کوردەواریی بەشدارییان کرد و زیاتر لە 100 جۆر بەرهەمی وەک هەنار،هەنجیر، تووی وشک، دۆینە، ترخێنە، کەلانە سەروپێ و دەیان جۆری دیکەی خواردن نمایشکرابوون.[6]
- وەڵاتپارێز و تێکۆشەر حاجی نووری ڤارلی کە ڕۆژی 13ی تشرینی یەکەم\21ی ڕەزبەر لە کەمپی شەهید ڕۆستەم جوودی لە مەخموور بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد، ئەمڕۆ بە مەراسیم لە گۆڕستانی شەهید محەمەد قەرەسوونگوور لە قەندیل بەخاکسپێردرا.[7]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی ناڵپارێزی سەر بە شارۆچکەی پێنجوێن رایگەیاند، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاسۆ ئەحمەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی ناڵپارێز بە وەکالەت، لەلایەن کەسێکەوە کوژرا.[3]
- لە گوندی یوسف، بەگ لە سنوری شارۆچکەی خانەقین، دوو بۆمبی چێندراو تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا پۆلیسێک بریندار بووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- سایتی ڕۆژنامەی سۆزجووی تورکی ئاشکرایکردووە کە باڵیۆزی ئێران لە تورکیا لە باڵەخانەکە براوەتە دەرەوە و ڕێوشوێنی ئەمنی توندیش لە چواردەوری باڵیۆزخانەکە گیراوەتەبەر. هەردوو سایتی سی ئێن ئێن تورک و حورییەتی تورکی ئاشکرایان کردووە ئەگەر هەیە هێرشی هاوشێوەی فرەنساو یۆنان بۆ سەر باڵیۆزخانەکانی ئێران لە تورکیاش دووبارە ببێتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شڕناخ
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 15-10-2018
[2] Kتۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - زریان سەرچناری
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 15-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 15-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 15-10-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 15-10-2018
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-10-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-08-09 11:29:09 AM


ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 289

**2018-10-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155161



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سامان نەسیم زیندانیی سیاسی کورد لە گرتووخانەی ناوەندەی شاری ورمێ بە دانانی بارمتەی 500 میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی هەتا کاتی بەڕێوەچوونی دادگایەکەی ئازاد کرا.[7]
- دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی جەبار برشان و موسلێح قوریش، کوڕی سەیدموراد، خەڵکی گوندی نمنجەی سەر بە شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بە سەختی بریندار بوون.[7]
- کاسبکارێکی کوردی خەڵکی شاری بانە، بە ناوی عوسمان سەعیدی، خەڵکی گوندی بنژاژ بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.[7]
- 200 سەر مەڕوماڵاتی ئاژەڵدارانی خەڵکی گوندەکانی میراوێ و پێگەڵە، سەر بە شاری شنۆ لە سنووری کێلەشین، لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستیان بەسەردا گیرا. لە ماوەی ڕابردوودا، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، بە شێوەی سیستماتیک لە شارەکانی پاوە، شنۆ، ورمێ و پیرانشار هەوڵی تاڵانکردنی مەڕوماڵاتی ئاژەڵدارانیان داوە.[7]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە بازاڕی حەسەن قەوان و کۆماری و هەڵوێست، لە شارۆچکەی دووزخورماتووی سەربە پارێزگای سەڵاحەدین، هاوڵاتیان و دوکانداران و کاسبکارانی کوردی شارۆچکەکە، وەکوو هەڵوێستێک دژی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەیاند.[5]
- ئەدهەم جومعە، سەرپەرشتیاری بزووتنەوەی مافی کورد لە کەرکوک، درەنگانی شەوی ڕابردوو لەلایەن هێزێکی دژەتیرۆری عێراقەوە دەستگیرکراو، براکەشی دەڵێت، ئەو هێزەی هاتبوون نزیکەی 70 کەس دەبوون.[3]
- بە ڕاگەیەندراوێکی فەرمی هێزەکانی حەشدی شەعبی، شارەدێی تلعەزەر-ی شەنگال-یان ڕادەستی ئەنجومەنی خۆسەری شەنگال و ئاسایشی ئێزیدخان کردەوە.[4]

- مەلا بەختیار لە ساڵیادی 16ی ئۆکتۆبەردا هەمان پەیامی ساڵی رابردووی بڵاودەکاتەوە و دەڵێت ئێستاش هەمان ئەو بۆچوونانەم هەیە کە ئەوکات نوسیوومن، بەڵام بەرژەوەندپەرست و هەلپەرستەکان بۆچونی خۆیان گۆڕی.[3]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ دابەشکردنی کتێبی (بونیادە گێڕانەوەگەرییەکان لە رۆمان و چیرۆکەکانی گەلاوێژدا) رێکدەخات.[1]
- سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین رایدەگەیەنێت: لە چەند رۆژی داهاتوودا کۆچەر بیرکار سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و دکتۆرای فەخری پێدەبەخشرێت.[2]
- رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە وەکالەت رایگەیاند، ئێستا لە کەرکوک چوار بەڕێوەبەری کورد و تورکمان لە زینداندانی حەشدی شەعبیدان و ئەو هێزە هیچ رێزێک بۆ پارێزبەندی و بەڕێوەبەری دانانێت.[3]
- دوای حەوت رۆژ چالاکی بەردەوام و نمایشی فیلم، ئەمڕۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی کۆتایی بە کارەکانی هێنا و خەڵاتەکانی دابەشکرد.[6]
- عەمید زرار کاوانی، کادیری باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر بە رووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستدا.[1]
- قایمقامی هەولێر دەستگیرکردنی شوفێری ئەو تەنکەرە رادەگەیێنێت، کە پیسایی ماڵانی لە زەوییەکی کشتوکاڵییدا رۆکردبوو، هاوکات بڕیاری تێکدانی ئەو شوێنەش دەدات، کە پیساییەکەی لەژێر رۆکراوە.[3]
- بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێکی لیوای چواری حەشدی شەعبیدا لە شارەدێی سەعدیە-ی سەربە شارۆچکەی خانەقین لە سنووری پارێزگای دیالە تەقییەوە. لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا چەکدارێکی حەشد کوژراوە و چواری دیکەش بریندار بوون.[5]
- دوو بنەماڵە لە گوندی دۆڵاشی سەربە شارۆچکەی سەید سادق دەبێتە شەڕ و ئاڵۆزییان پۆلیسی سەید سادق گەیشتنە شوێنی ڕوداوەکەو بەزوویی بارودۆخەکە کۆنترۆڵکرا. هێزەکانی پۆلیسیش 8 تۆمەتباری رووداوەکەیان دەستگیرکرد.[1]
- لە شەڕێکدا دژی چەتەکانی داعش لە شارەدێی زاب-ی سەربە پارێزگای کەرکوک، ئەفسەرێکی هەواڵگری پۆلیسی فیدراڵی کوژرا و دوو پۆلیسیش برینداربوون.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەی مارع-وە بە چەکی قورس هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی ئوم هۆش، هربل و شێخ عیسای سەربە شەهبا و گوندەکانی دەوروبەری بەنداوەکە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق تەرمی چوار کۆچبەری سنوری پارێزگای دهۆک لە وڵاتی تورکیاوە بەرەو هەرێم دەگەڕێنێتەوە.[2]
- 14 سەربازی ئێرانی کە پاسەوانی سنوری وڵاتەکەیان بوون لەگەڵ پاکسان لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە رفێندران.[2]
- کاروانێکی سەربازیی تورکیا لەڕێگەی خاڵی سنووریی 'باب ئەلهەوا' لە باکووری ئیدلبەوە چووە خاکی سوریاوە.[5]
- ئەمەریکا، بڕی 178 ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری پێشکەش بە کەمە نەتەوەکانی عێراق کرد.[6]
- نوێنەری پەرلەمانی ئەورووپا کاتی پیری لە ئەنقەرە سەردانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی کرد و ڕایگەیاند: (هەبوونی هەدەپە لە پەرلەمان خۆشحاڵمان دەکات.)[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 14-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 16-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-10-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 16-10-2018
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 290
**2018-10-17**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155162




باکووری کوردستان
- لە جڤاتی گشتی ناوەندی پارێزرانی ئەدەنە، بەهۆی ئەوەی شیار ڕشڤانوغلو وتبووی کوردستان و گەریلا لەلایەن نەژادپەرستەکانەوە هێرش کرایە سەری.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەکی بەهێز شارۆچکەی قەسری شیرینی سەربە پارێزگای کرماشانی هەژاند.[1]
- مریەم سادقی، ئەندامی کۆمیتەی هاوئاهەنگیی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بانگهێشتی دادسەرای گشتی و دادگای ئینقلابی شاری سنە کرا.[7]
باشووری کوردستان
- بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم بڵاویکردەوە: لە کاتژمێر (6:16)خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بە گوڕی (4.5) پلەی ڕێختەر، لە دووری (152 کیلۆمەتر) لەداتا سەنتەری چیای ئەزمەڕ لە پارێزگای سلێمانی و 18کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی خانەقین تۆمارکراوە و هەستی پێکراوە.[3]
- ئەمڕۆ تەرمی چوار لەو کۆچبەرانە گەڕێنرانەوە زاخۆ کە هەفتەی رابردوو لە دەریای ئیجەدا خنکابوون، لە کۆی 35 کۆچبەر، تەنها یەکێکیان رزگاری بوو، 19ی دیکەشیان کە کورد بوون لە دەریای ئیجەدا خنکان.[4]
- خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆی سلێمانی دەستیان بە بەرزکردنەوەی دروشمی دامەزاندن دەستیان بە خۆپیشاندان کردەوە و شەقامی سەرەکی بەردەم زانکۆی سلێمانی-یان گرت، یەکێک لە و خوێندکارانەش دەڵێت: بەردەوام دەبین تا حکومەت بەدەم داواکارییەکانمانەوە دێت.[3]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی ڕایگەیاند: دامەزراوەیەکی نیشتمانیی دەرمان پێکدەهێنرێت و ئە و دامەزراوەیە بەرپرس دەبێت لەهێنان و کڕین و دابەشکردنی دەرمان لەهەرێمی کوردستان.[5]
- بڕیاردەری ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەڵێت: کارەکانی کۆمسیۆن بەرەو کۆتایی دەچن و لەماوەی هەفتەیەکی دیکەدا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنین.[6]
- فڕۆکەجەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 15:30ی ئەمڕۆ بۆردومانی گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی ئامێدییان کرد لە سنووری پارێزگەی دهۆک. بە گوێرەی زانیارییەکان فڕۆکەجەنگییەکان دەوروبەری گوندەکانی کانێ و سێگرکێ-یان بۆردومان کردووە. هەروەها دەڤەرەکانی مەتینا و نهێرا-ی هەمان ناوچەیان کردووەتە ئامانج.[2]
- بەرپرسی کۆمیتەی مەخمووری یەکێتی رایدەگەیەنێت: دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەچڕی بنکە و بارەگاکانی داعشیان لە سنوری مەخمور بۆردومان کردووە.[3]
- بە تۆمەتی بەقاچاغ بردن و فرۆشتنی نەوت، چەند بەرپرسێکی ئاسایش لە شاری هەولێر دەستگیرکران، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش هەواڵە پشتراست دەکاتەوە.[6]
- عەمید عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە راگەیاند: ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر پوش و پاوان دەمەقاڵێ لەنێوان دوو خێزانی گوندەکانی قۆریتان و باخەجنێر روویداوە لە رووداوەکەدا باوکێک کە خەڵکی گوندی قۆریتانە کوژراوە و دوو کوڕیشی بریندار بوون. بریندارەکان لەژێر چاودێری پزیشکدان.[4]
- نەجمەدین کەریم هەواڵی پەیوەندیکردنی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە مەرامی سیاسی لەپشتەوەیە.[4]
- لەسەر داوای دەستەی دەسپاکیی عێراق، بەڕێوبەر و بەشێک لە فەرمانبەرانی خاڵی گومرگی کەرکوک- سلێمانی دەستگیر کران.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی ئۆلاشلیی سەر بە شاری باب و لە ڕۆژئاوای هێڵی منبجەوە بە چەکەکانی هاوەن، دۆشکا، ئەی فۆر و بی کەی سی هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج و شەڕڤانانیش بە چڕی وەڵامی هێرشەکەیان

دایەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی بۆردومانێکی هەڵەی فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمریکاوە لە نزیک شاری دەیرزوری سوریا شەش شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیموکرات کوژران و 15ی تریش بریندار بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 291

**2018-10-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155163



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ دانیشتنی دووهەمین دادگەی سزا قورسەکانی شاری ئاگری دەربارەی دۆسیەی سەرۆکی شارەوانیی گەورەی وان بەکر کایا و چەند خەباتکارێکی شارەوانییەکە بەڕێوەچوو. دادگە سزای 8 ساڵ و 3 مانگ زیندانیکردنی بۆ بەکر کایا بڕیەوە. هەروەها سزای 2 ساڵ و مانگێک زیندانیکردنی بۆ هەریەکە لە خەباتکاران؛ بەکر کران، چەتین چیفتچی، جووما کۆیئۆغلوو، ئیدریس شایباک و نەریمان ئوویار بڕیەوە. هەریەکە لە زەلال تانلی، محەمەد یالم ئەریگیت و جان تایلان ئازاد کران.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەیدعەلی حوسێنی و سلێمان عەبدی دوو مامۆستای ناسراو و چالاکی مەدەنیی شاری سەقز، بە هۆی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانە، لە لایەن دامەزراوە ئەمنییەتییەکانەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لێ کرا.[1]
- ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤی بەناوی هەنگاو ڕایگەیاند: لەم هەفتەیەدا حکومەتی ئێران سێ هاوولاتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسێدارەداوە.[2]
- سێ هاوولاتیی کورد بە ناوەکانی بڕیار کاوە تەمەن 25 ساڵ کوڕی ئەمین، موحسێن فەرەهمەند کوڕی خوسرەو و حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[1]
- ئێوارەشێعرێکی پاییزی، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە شاعێرانی کوردستان، لە بنکە فەرهەنگییەکانی گوتاری نوێ و خانای قوبادی، لە شاری جوانڕۆ بۆ قوربانیانی بوومەلەرزەی کوردستان بەڕێوە چوو.[1]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی جەماڵ عەلی وەیسی خەڵکی شاری کرماشان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، چیای قەندیل و کورتەک و دۆڵی باڵەیان بۆردوومان دەکەن.[6]
- خوێندکارانی بەشی پزیشکی ددانی زانکۆی سلێمانی لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و بەڕێیوان دەچنە بەردەم نوسینگەی پەرلەمان.[2]
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 09:00 وە بۆ 09:30 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر دەوروبەری گوندی فلەحا-ی سەربە ناوچەی زاپ-ی هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان بۆردوومان کردووە.[5]
- گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەنگاوەکانی پارتی بە کاردانەوەی پۆستی سەرۆککۆمار ناودەبات و دەڵێت، پارتی بریندارە و یارمەتییان دەدەین برینەکانیان سارێژ بێت. هەروەها ڕەتیکردەوە کە پۆستی پارێزگاری کەرکوک کەسی بێلایەن وەری بگرێت و دەڵێت، پارتی خۆی کردووە بە محامی هەموو لایەنەکان.[3]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کاروان محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیاریی هاتوچۆی ڕاگەیاند، کە بۆ ماوەی یەک مانگ بەردەوام دەبێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەمەبەستی ئیدانەکردنی گۆشەگیریی تووندی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان و داگیرکاریی تورکیا لە عەفرین ڕێپێوانێک لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەچوو.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ماریا زاخارۆڤا، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی هەفتانەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئاماژەی بەوەدا، لە دژی بەڕێوەبەرایەتی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا گرووپی چەکداری نوێ پێکدێن، چونکە دامەزراوە خۆجێییەکان لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە سەرکەوتوو نەبوون.[3]

- فیدراسیۆنی پەنابەران رایگەیاند ئەو بارهەڵگرەی لەئزمیر وەرگەڕاو کۆچبەری پەنابەری تێدا بووە عیراقی بوون و 9 کەسیان گیانیان لەدەستداوەو زیاتر لە 30 کەسی دیکەشیان بریندارن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: جوانرۆ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: وان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 18-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 18-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 18-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 18-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-10-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 18-10-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 292

**2018-10-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155164



رۆژهەڵاتی کوردستان
- نیگارکێش، ئیسماعیل پاکزاد (سمکۆ پاکزاد) لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد.[3]
- بە پێی هەواڵی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان رۆژی هەینی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران لە گوندی نێ-ی سەربەشاری مەریوان، هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی محەمەد پەروازە دەسبەسەر کرد. هەروەها کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان رایگەیاندووە کە رۆژی پێنج شەممەی ڕابردووە هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی 3 هاوولاتی دیکەیان بە ناوەکانی حەمید پەروازە 28ساڵ تەمەن، بریارکاوە 25 ساڵ تەمەن و موحسین فەرەهمەندی 26 ساڵ تەمەنیان دەسبەسەرکردووە و گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[1]
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری بۆکان بە ناوی عەلی نەسیری کوڕی حاجی کەریم، کە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار ببوو، پاش گواستنەوە و مانەوەی لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد، بە هۆی کاریگەری برینەکانییەوە، گیانی لە دەستدا.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان، لاوێکی کوردیان بە ناوی محەمەد پەروازە تەمەن 21 کوڕی مەلاحوسێن خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان، دەسبەسەر کرد.[5]
- بە بەشداری 50 زۆرانوانی کورد لە شارەکانی بانە، سەقز، کامیاران، مەریوان، بیجاڕ و ئارمەردە، یەکەمین کێبرکێی زۆرانوانی لە شارەدێی ئارمەردە بەڕێوەچوو.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری مەریوان دەستیان بە سەر پەیکەری شەریف باجوەر لە گوندی ئێنگیجەی ئەم شارەدا گرت و لەگەڵ خۆیان بردیان.[5]
باشووری کوردستان
- لە شارەدێی شیلادزێ-ی سەر بە پارێزگای دهۆک، سوپای تورکی داگیرکەر ئەمڕۆ کاتژمێر 7:30 خولەک چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازیی ڕەوانەی بارەگا سەربازییەکانی کردووە لە شارۆچکەی ئامێدی.[2]
- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی خاڵی گومرگیی کەرکوک – هەولێر دەستگیرکران. دەستگیرکردنی ئەو فەرمانبەرانە، لەلایەن پۆلیسی عێراقیی و لەسەر داوای دەستەی دەسپاکیی عێراق بووە.[2]
- رێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، دووەمین کۆنفرانسی خۆیان لە شاری سلێمانی دەبەستن، بانگەوازی لە ژنانیش دەکەن، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان لە باشوری کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییەکان، بەشداری لە کۆنفرانسەکەیاندا بکەن.[2]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، چلەی ماتەمینی د. جەمال ئەحمەد رەشید پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو.[5]
- لەگەڵ نزیکبوونەوەی قۆناغی دووەمی سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا، مامەڵەکان لە بازاڕەکانی دراوی هەرێم لەگەڵ ئە و وڵاتە رووی لە سستی کردووە، پسپۆڕێکی ئابوریش دەڵێت: باشترە بازرگان و کۆمپانیاکانی بواری دراو تا سەرەتای مانگی داهاتوو خۆیان بەدووربگرن لە مامەڵەکردن بە تمەنی ئێرانییەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- یەکەمین کۆنفرانسی زانکۆکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەمەبەستی بونیاتنانی سیستمێکی هاوبەش بۆ خوێندنی باڵا لە قامیشلۆ دەستپێکرد.[2]
- لە کاتژمێرەکانی نیوەشەودا سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی لە بەردەوامی پێشێلکاری و داگیرکارییەکانیان لە عەفرین، گوندی بورج قاس-ی شێراوای عەفرینیان بە هاوەن تۆپباران کرد تۆپباران کرد. سەرچاوە هەرێمییەکان ڕاپانگەیاندووە، کە لەو هێرشەدا زیان بەر ماڵی دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی ئەحمەد ئەحمۆکا و حەمووش خەلۆکەوتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: بیجار
شار و شارۆچکەکان: سەقز
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-19
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-19

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 293
**2018-10-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180716093439152819



باکووری کوردستان
- یەکەی شارەوای سوپای تورکیای داگیرکەر لە دەورووبەری گوندی خرابە باڤا لە پارێزگای مێردین دەستیان بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی کردووە. ئۆپراسیۆنەکە سنووری پالەتی لەو ناوچەیە گرتووەتەوە و جموجوڵی سەربازیش لە ناوچەکە زیادیکردووە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی زەکەریا بەکری کوڕی عەلی خەڵکی گوندی هەلەج سەر بە ناوچەی مەرگەوەری شاری ورمێ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[3]
- دادگای ئینقلابی شاری سنە، لەگەڵ ئازادکردنی سەحەر کازمی، ژنە چالاکی مەدەنیی بە دانانی بارمتە دژایەتی کرد و ناوبراو هەروەها لە گرتووخانەدا چارەنووسی نارۆونە.[3]
- لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، سوپای پاسداران دەستی بە بردنی خاکی بەپیتی گوندی چەپەرئاوێی شاری شنۆ کردووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: سپای پاسداران

به شێوەی نایاسایی دەستی بە بردنی خاکی بەپێی ئەو گوندە کردووە و دەیفرۆشێت.[3]
- شەش کەس لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز بە ناوەکانی تاهیر قادرزادە، سلێمان عەبدی، سەید عەلی حوسێنی، ئەحمەد قادری، حەمید یەزدانی و خالید عەبدوڵلاهی بانگهێشتی ئیدارەی ئەماکن کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.[3]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارنەکان و راپرسی هەرێم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی راگەیاند.[1]
- ئێوارەی ئەمرۆ بە پێشەنگایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ قسەوباس لە سەردۆخی کوردستان و چارەسەری کێشەی کورد بە بەشداری ژمارەیەک سیاسەتمەدار و رۆشنبیر لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە ساڵۆنی هۆتیل جوتیاری دهۆک کۆبونەوەیەک بەرێوە چوو.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16 9:34:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 294

**2018-10-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155165



باکووری کوردستان
- بەرپرسانی حیزبی حەرەکەتی ئازادی، پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا (PDK-T)، پارتی ئازادی و سۆسیالیزم (OSP)، حیزبی ئازادی، پارتی دیموکراتی کوردستان – پلاتفۆرم (PDK-P)، حیزبی ئیسلامی و پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی هەدەپە، ئەحمەد تورک سیاسەتمەداری کورد، سری ساکیک و پەرلەمانتارانی هەدەپە ئیمام تاشچر، نەجدەت ئیپەک یوز و تەیب تەمەل لە دەمیر ئۆتێلی ئامەد لەبارەی پێشهاتەکانی ئەمدواییەوە کۆبوونەوە.[2]
- سوپای تورکیا بە یەکەی شاراوە لە هەرێمی چیای جودی لە پارێزگای شرنەخ لە باکووری کوردستان دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کرد. ئۆپەراسیۆنەکە سنووری ناوچەکانی شاخی هرمۆ، حەسەنا و شاخی چۆلیی گرتووەتەوە. هاوکات جموجوڵی سەربازیی سوپای تورکیا لەو سنوورانەدا زیادیکردووە و ئامادەکاری بۆ بەرفراوانترکردنی ئۆپەراسیۆنەکە دەکرێت.[2]
- لە چەند رۆژی رابردوو پرسی ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە میدیای ناوخۆیی و دەرەوە دەنگی دایەوە و لەو بارەیەوە نوێنەری پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لە باشووری کوردستان رایدەگەیەنێت: ئازادکردنی دەمیرتاش دوورە لەڕاستی.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار هاووڵاتیی خەڵکی گوندی نێ مەریوان بە ناوەکانی حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ کوڕی محەممەد، بڕیار کاوە تەمەن 25 ساڵ کوڕی ئەمین، موحسین فەرەهمەند تەمەن 24 ساڵ کوڕی خوسرەو، محەممەد پەروازە تەمەن 21 ساڵ کوڕی مەلاحسەین، بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە ڕاگوێزراون.[5]
- ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی-عەقیدەتی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، لە ئاکامی هێرشی گاردی ئەو زیندانە بۆ سەر زیندانییانی سیاسی کورد، ماوەی 6 رۆژە لەو زیندانە، مانیان لە خواردن گرتووە.[5]
باشووری کوردستان
- محەممەد عەلی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و رێکخەری ژووری توێژینەوەی سیاسی گۆڕان دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.[1]
- دانیشتووانی سێ گوندی سنووری شارۆچکەی داقوق سکاڵای ئەوە دەکەن لەلایەن بەشێک لە عەرەبە هاوردەکانی سنوورەکەیان هەڕەشەی داگیرکردنی زەوییەکانیان لێدەکرێت و داوا لە بەرپرسانی کورد دەکەن فریایان بکەون.[3]
- جارێکی دیکە بەشێک لە دەرچووانی پۆلی 12ی ئامادەیی، کە لە زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان وەرنەگیراون، لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، هەڕەشەی بەردەوامبوونیش دەکەن.[4]
- دوا نیوەرۆی ئەمرۆ کاتژمێر 2:30 خولەک لە چیاکانی گوندی زەنگلانی سەر بە شارەدێی سەنگەسەری ئیدارەی ڕاپەڕین، هەورە بروسکە لە ڕانەمەڕێکی دا و لە ئەنجامدا 16 سەر مەڕ مرداربوونەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | شڕناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |

شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-21
[3] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-21
[4] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-21
[5] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-21
[6] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 295

**2018-10-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155166



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنێکی دووگیان بەناوی پرشنگ لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژرا.[2]
- کاروانێکی کۆڵبەران لە ناوچەی کانی خودای سنووری پیرانشاری سەربە ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی تاریکی و تەمومژ و ترسی بۆسەی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران، بەهەڵە کەوتنە مەیدانێکی مینەوە و کۆڵبەرێک هەردوو قاچی لەدەستدا. ئەو کۆڵبەرە ناوی شەهاب ئاکفوودە، خەڵکی شاری مەهابادە.[5]
باشووری کوردستان
- خوێندکارانی بەشی پزیشکی زانکۆی سلێمانی لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و چوونە بەردەم نەخۆشخانەی شۆرش.[1]
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕیاریدا کە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکات و ببێتە ئۆپۆزسیۆن.[1]
- پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت بڕیاریداوە زەوی و زاری نۆ گوندی کوردنشینی شارۆچکەی داقوق رادەستی عەرەبە هاوردەکان بکرێتەوە. جوتیارانی داقوقیش ئە و بڕیارە بەپێشێلکردنی مافەکانی کورد لەناوچە جێناکۆکەکان ناو دەبەن و پەرلەمانتارانی یەکێتیش لەپارێزگای کەرکوک رایدەگەیەنن، بڕیارەکەی پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت قابیلی قبوڵکردن نییە و رێوشوێنی یاسایی و دەستووریشی لەدژ دەگرنەبەر.[4]
- ئەمرۆ بەرێوبەری نوێی پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزدی-پادێ، یەکەمین کۆبوونەوی خۆی ئەنجامدا و ئەمیر سالح، جارێکی دیکە وەک سەرۆکی پادێ دیاری کرا.[5]
- یەکەمین فێستیڤاڵی هونەرە میللییەکان لە هەولێر بەرێوەچوو.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) لە چوارچێوەی قۆناغی کۆتایی هەڵمەتی دژ بە چەتەکانی داعش چوونە ناو شارۆچکەی سوس لە دێرەزۆر.[2]
- مینێکی چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بە 4 هاوڵاتیی عەفریندا تەقییەوە لە کاتێکدا هەوڵیان دەدا لەنێوان گوندەکانی بارادە و برجک-ی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرینەوە بچنە دەرەوەی ناوچەکە. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئە و 4 هاوڵاتییە سیڤیلە بەهۆی زەخت و ستەمی هێزە داگیرکەرەکان ویستوویانە لە سنووری کانتۆنی عەفرین کۆچ بکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 22-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 22-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 22-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 22-10-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 296

**2018-10-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180716093659152821

باکووری کوردستان



- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ بینیی ئۆجالان، بۆ جاری 757 سەردانی داواکاری گشتیی تورکیایان کرد، بەڵام زۆر بە خێرایی داوای پارێزەران بۆ بینیی ئۆجالان رەتکرایەوە.[4]
- بەڕێوبەرانی زیندانی ئامەد، 20 ژنەزیندانی سیاسی کورد لەو زیندانەوە بۆ زیندانی ژنانی تارسووس دوورخرانەوە. لەو 20 ژنە زیندانییە، پێنجیان نەخۆشن، حالیم ئیشک یەکێکە لەو زیندانییە نەخۆشانە. هەروەها، زەهرا دۆغان، کاریکاتێریستی زیندانی، یەکێکە لەو زیندانییانەی بۆ زیندانی تارسووس دوورخراوەتەوە.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- لە چەند رۆژی ڕابردوودا زانیار گولابی، شەوگەرد گولابی و وریا خوسرەوی لە شاری سنە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێرانەوە ڕفێندراون.[2]
- ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی ڕازیی شاری کرماشان، بە نیسبەت خراپبوونی خزمەتگوزاریی بەشی خواردنی ئەو زانکۆیە، مانیان لە خواردن گرت. مانگرتنی خوێندکارانی ڕازیی شاری کرماشان، لەوە سەرچاوەی گرت، کە بە هۆی تێکردنی کافوور لە خواردنەکەیان و خراپی چۆنایەتیی خواردنەکەیان دەستیان دایە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕین.[6]
- لە ناوچە سنوورییەکانی شپیرانی سەربە شاری سەلماسی پارێزگای ورمێ، کە هاوسنوورە لەگەڵ باکوری کورروردستان، دەستەیەک کۆڵبەر کەوتنە بۆسەی هێزەکانی حکومەتی ئێرانەوە هێرشیان کرایە سەر. هێزە سەربازییەکانی ئێران تەقەیان لەو کۆڵبەرانە کرد، لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک بەناوی فەرامەرز جلی باقوی تەمەن 26 ساڵ کوژرا و کۆڵبەرێکی دیکەش بەناوی زاکری جلی باقوی تەمەن 30 ساڵ بە سەختی بریندارببوو.[2]

باشووری کوردستان

- نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بارزان قەساب بەرپرسی ئاسایشی هەولێر کە برای یەکترن، بەهۆی فرۆشتنی نەوتی قاچاخ دەستگیر کران.[5]
- خوێندکارانی کۆلێژی پەرستاری زانکۆی سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و شەقامی سەرەکی بەردەم کەمپی ناوشاری زانکۆیان داخست. خوێندکاران داوای داخستنی سەرجەم کۆلێژی پەرستارییەکان لە زانکۆ ئەهلییەکان دەکەین. هەروەها داوای دامەزراندنی سەندیکایەکی سەربەخۆ دەکەن بۆ دەرچووانی بەشی پەرستاری زانکۆ.[1]
- لە شاری هەولێر دوو گردبوونەوەی ناڕەزایی بەڕێوەچوون، بەشێکی ناڕازییان داوای دامەزراندن لە حکومەت دەکەن و بەشێکی دیکەشیان پارەیان لای حکومەتە و داوای خەرجکردنی دەکەن.[2]
- لە خورماتوو، بۆمبێکی چێنراو لە بەردەم دوکانێکی مەی فرۆشتندا تەقێنرایەوە و تەنها زیانی ماددی هەبووە.[1]
- لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوک تەرمی ژنێک کە شوێنەواری گوللەی بەسەرەوەیە دۆزرایەوە و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە هاوژینەکەی خۆی کوشتوویەتی.[3]
- بزووتنەوەی ئیسلامی پێشوازی لە ئۆپۆزسیۆنبوونی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و رایدەگەیەنن پێشتر رابەری حیزبەکەیان داوای لە ئەمینداری یەکگرتوو کردووە جگە لەئۆپۆزسیۆنبوون، بەشداری پەرلەمانیش نەکەن.[1]
- راکان سەعید جبوری، پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت نووسراوێکی فەرمی بۆ پۆلیسی فیدراڵی لە کەرکووک کردووە، بۆ ئەوەی 81 ماڵی عەرەب لە گوندی شاناغە نیشتەجێبکرێن، کە بە گوتەی راکان جبووری ئەوانە خەڵکی گوندەکەن و ناویان لە تۆماری ناسنامەی قەزای دووبز و ناحیەی سەرگەران هەیە، داوادەکات ئاسانکارییان بۆ بکرێت بەمەبەستی نیشتەجێکردنیان.[3]
- لە هۆڵی بابانی زانکۆی سلێمانی، گروپی کچانی کوردستان، بە هاوکاری زانکۆی سلێمانی و نەخۆشخانەی هیوا-ی تایبەت بە شێرپەنجە، سیمینارێکی تایبەت بە شێرپەنجەی مەمک بۆ 'هاژە عەبدوڵا' پزیشک و پسپۆڕی بواری شێرپەنجەی مەمک بەڕێوەچوو، ئامانج لێی هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و ژنان بوو بەرامبەر بە شێرپەنجەی مەمک.[2]
- لە شاری کەرکوک سەنتەری میتۆگرافی دووەمین فێستیڤاڵی فۆتۆگرافی بە هاوکاری (ئینگلش

زۆن) و ڕێکخراوی کۆکار کردەوە. بڕیارە فێستیڤاڵەکە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بێت.[4]
- گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی ڕێکەوت رەزا، دانیشتووی گەڕەکی شارستانی لە هەڵەبجەی تازە، لەلایەن دوو براوە کە دراوسێی بوون، لەسەر مانگایەک کوژرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 23-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 23-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-10-2018
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16 9:36:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 297

**2018-10-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155167




باکووری کوردستان

- پۆلیسی رژێمی ئاکەپە هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی هەدەپە، زەکی کۆچ کە لە ناوچەی ئەسکەندەروونی شاری هاتای دەژیت. ناوبراو دەستگیر کرا و دەستیش بەسەر کەلوپەلەکانیدا گیرا.[3]
- بەپێی ئاژانسی فەرمیی تورکیا، لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزە ئەمنییەکان لە ئامەد، کەسێک بەناوی (هـ. ب) کە بە یەکێک لە بەرپرسانی پەکەکە لە وڵاتی سوێد دادەنرێت، دەستبەسەرکرا.[2]
- لە ناوچەی وێرانشاری سەر بە پارێزگەی رِوحا هێزەکانی جەندرمەی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و 4 کەسیان دەستگیر کرد. دەروێش ئارتران موختاری گەرەکی گەدە دودویا کە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لەگەڵ هاوڵاتییانی ناوچەکە خەتیب دۆنمەز، مەحموود ڤوورال و کەسێکی دیکە کە ناوەکەی نەزانرا، بە بیانووی (پرۆپاگەندە کردن بۆ رێکخستن) دەستگیر کران.[3]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- بەرێوەچوونی جێژنی هەنار لە بەخشی باینگانی شاری پاوە لە ئەنجامی دژایەتی مەلا قادر قادری، پێشنوێژی هەینی ئەو شارە و سپای پاسداران هەڵوەشایەوە.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی جەماڵ گرامی خەڵکی گوندی نێ مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[5]

باشووری کوردستان

- خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی ددانی زانکۆی سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و شەقامی پیرەمێردیان لەسلێمانی داخست.[1]
- سێ هەزار و 200 ماڵباتی ئاوارەی عەرەب کەمپەکانی داقووقیان پێچۆڵکرا، لەم رۆژانەدا بە بریاری راکان سەعید 1300 خێزانیان براونەتە ناو کەرکوک و ئەوانی دیکەیان لە ناوچەی پیشەسازی شارەکە جێیان کراوەتەوە.[2]
- لە زانکۆی سلێمانی، دووەمین کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی کوردستان دەستپێکرد، دوو رۆژ بەردەوام دەبێت و پرسەکانی ئازادیی ڕادەربرین، بەشداریی ژنان لە ناوەندەکانی بریار، پاراستنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو و چەند پرسێکی دیکە تاوتوێدەکرێن و لەداهاتوودا کاریان لەسەردەکرێت.[3]
- دەستگیرکردنی خالید گۆران ئەندامی مەڵبەندی نەینەوا-ی یەکێتی لە شارۆچکەی بەردە رەش لە لایەن ئاسایشی پارتییەوە.[6]
- وەزیری پەروەردەی هەرێم رایدەگەیەنێت: بەرپرسانی حکومەت پێیان وتوین کابینەی تازەی حکومەت پاشەکەوتی مووچە ناهێڵێت، دەشڵێت :پشووی رۆژانی شەممە لە قوتابخانەکاندا نەماوە و بڕیارەکە هەڵناوەشێتەوە.[1]
- شاندێکی بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ بازرگانانی شاری سلێمانی کۆبوونەوە و پێشنیاریان کرد، کە بازرگانانی هەرێم لە جیاتی ئێران ڕوو لە ئەمریکا بکەن.[4]
- لیژنەی فەتوا لە شاری سلێمانی بڕیاریدا بە حەرامکردنی یاری پەبجی بۆ ئەو کەسانەی کە بەجۆرێک ئالودەی بوون تا لە کارە سەرەکییەکەی خۆیان دووریان بخاتەوە.[1]
- پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی کە بە بیانووی قاچاخچێتیی نەوت لە ڕۆژانی ڕابردوو دەستگیر کرابوو، لە ئەنجامی دیدارێکی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی ئازاد کرا. لە بری ناوبراو 2 پاسەوانی دەستگیر کراون.[3]

دەرەوەی کوردستان

- لەکۆبونەوەی ئەمشەوی پەرلەمانی عیراقدا، کاندیدی 14 وەزارەت خرانە دەنگدانەوە و متمانەیان پێدرا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⬤ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-24
[6] ⬤ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 298

**2018-10-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155168




رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە ئێرانییەکان، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ کاتژمێر 08:00 لە گوندی ژیواری سەربە ناوچەی کۆسالانی شارۆچکەی سەوڵاوا، دوو ئەندامی بەسیج لەلایەن هێزێکی نەناسراوەوە کوژراون. ئیرەج ئاداک و کەماڵ فەتحی ئەو دوو ئەندامەی بەسیجن کە کوژراون. لە هەواڵەکەدا هاتووە، کە ئەو ئەندامانەی بەسیج لە شفتی شەوی پاسەوانییان بۆ بارەگایەکی بەسیج دەگەڕانەوە کە کراونەتە ئامانج و کوژراون.[4]
- دانیشتووانی گوندەکانی گەمارەلەنگ، گوێزەکوێرە، کۆڵیت، کۆلیج و دەرێ، بە نیسبەت دێپۆکردن و چاڵکردنی پاشماوەی زبڵەکانی ئەو شارە، لە نزیک ئەو گوندانە ناڕەزایەتییان دەربڕی و لە ئاکامدا شەڕ و تێکەڵچوون لە نێوان هێزە ئینتزامییەکان و خەڵکدا هاتە ئاراوە. لە ئاکامی ئەو شەڕ و تێکەڵچوونەدا، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی ئەرکان کەرەمی بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار و پێنج هاووڵاتییە دیکە بە ناوەکانی زانیار ئیبراهیمی، محەممەدموراد کەریمی، عەلی سلێمانی، فاروق مەحموودی و عەزیز ساڵحی دەسبەسەر کران.[5]

باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، ئاگرێکی گەورە لە بازاڕی لەنگەی هەولێر کەوتەوە و بووە هۆی سووتانی نزیکەی 2 هەزار دوکان و زیانی ماددی گەورەی لێکەوتەوە.[1]
- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێم رایدەگەیەنێت، لەمەودوا هەر کەناڵێک ریکلام بۆ دەرمانێک بکات کە لە کوالێتی دەرنەچووبێت، ئەوا بەبێ ئاگادارکردنەوە، کەناڵەکە دادەخرێت.[2]
- بەچاودێری وەزارەتی کشتوکاڵ و تۆڕی رێکخراوەکانی هەڵەبجە ئەمڕۆ چوارەمین فێستیڤاڵی هەنار لە شاری یاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت.[1]
- دوو بۆمب لە دوو شوێنی جیاوازی نێوان گوندەکانی شەشە و سەید وەلەدی کاکەیینشین لە کەرکوک تەقینەوە و بەهۆیەوە چوار هاووڵاتی کاکەیی بریندارببوون کە لەوکاتەدا بەوێدا تێپەرببوون.[2]
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کۆنفرانسێکی گشتیی لەژێر ناوی بەخۆداچوونەوە و پلان بۆ ئاییندەی نوێ لە دهۆک ئەنجامدەدات.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ماجدی مۆڵ، لە شاری سلێمانی، یەکەمین پێشانگای هونەری شێوەکاری بەڕێوبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کرایەوە. لە پێشانگاکەدا، بەرهەمی کاری دەستی 30 سزادراوی نێو چاکسازی گەوران نمایشکرابوو، کە لەماوەی هەشت مانگدا، نزیکەی 150 بەرهەمییان دروستکردبوو، بەرهەمەکانیش خۆی لە دەسبەند و جانتای ژنان و کاری رووپۆشکردن بە زەنیانە و چنین و شمەکی لە تەختە دروستکراو و تابلۆی هونەری-دا دەبینییەوە.[4]
- بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو، فێستیڤاڵی گۆرانی و میوزیکی سورنا، لە شاری سلێمانی دەستپێکرد، لە یەکەم رۆژی فێستیڤاڵەکەدا شەش گروپی گۆرانی و میوزیک بەرهەمی خۆیان پێشکەش دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە ئامادەبوونی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق و حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق رێوڕەسمی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و رادەستکردن پۆستە وەزارییەکان بەڕێوەچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 🖎 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 25-10-2018
[3] 🖎 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 25-10-2018
[4] 🖎 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 25-10-2018
[5] 🖎 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 26-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 299

**2018-10-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155169



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان و سیاسەتمەدارانی کورد لە قەرس و چەندین کەسی دەستگیرکرد. ناوی سیاسەتمەدارە دەستگیرکراوەکان: شافاک ئۆزالن پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە، جەنگیز ئالانی هاوسەرۆکی دەبەپە لە شاری قەرس، ئەکرەم ساڤجی هاوسەرۆکی هەدەپە لە شاری قەرس، جەنگیز تۆپباشی هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە شاری قەرس، حەیاتی مەتمەت ئۆغلو راوێژکاری ئایهان بیلگەن سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا. ئەو کەسە دەستگیرکراوانە براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شاری قەرس.[5]
- لە ئامەد کۆنگرەی، ئامەد: کۆمەڵگە، مێژوو و ئابووری بەڕێوەدەچێت. لە کۆنگرەکەدا 130 پسپۆڕ و مامۆستای زانکۆ لە هەشت وڵاتی جیاواز تاوتوێی تایبەتمەندییەکانی ئامەد دەکەن.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەدیب حوسێنی خەڵکی گوندی بلوجوک سەر بە ناوچەی قوتوور لە شاری خۆی بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[7]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی موزەفەر حوسێنی تەمەن 35 ساڵ کوڕی عەلی خەڵکی گوندی گسیان سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ لە کاتی کۆڵبەریدا بە هۆی سەرمابردوویی گیانی لە دەست دا.[7]
- پاش هەڵوەشاندنەوەی فێستیڤاڵی هەنار لە بەشی باینگان، ئەم جارەش فێستیڤاڵی هەنار لە گوندی داریان بە هۆی گوشاری پێشنوێژی هەینیی پاوە و ناوەندە حکوومەتییەکان هەڵوەشایەوە. ئەو ڕێوەرەسمە بڕیاربوو، ئەمڕۆ بەڕێوە بچێت و شوێنی ڕێوەرەسمەکە نگین هورامان کە بەرپرسایەتی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمە لە ئەستۆدا بووە، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێک، ڕایگەیاند: بە هۆی سرنج و تێبینیی هێندێک لە کەسایەتییەکان و نەدانی مۆڵەتی پێویست لە لایەن فەرمانداریی شاری پاوە و دەزگا پەیوەندییدارەکان، فێستیڤاڵی هەناری داریان هەڵوەشایەوە.[7]
باشووری کوردستان
- لە شەوی رابردووەوە، بەهۆی بارینی بارانێکی بەخوڕ لافاو لە شارەدێی سمیلان روویدا و بەهۆیەوە بە دەیان کەس لە دانیشتووانی ناوچەکە ماڵەکانیان جێهێشت و پەیوەندی 14 گوندیش لەگەڵ سەنتەری ناحیەکە پچڕاوە.[1]
- لە سنوری شارۆچکەی پشدەر لەکاتی سەرقاڵبوونی هاوڵاتیەک بە کۆکردنەوەی دار، لافاو لەگەڵ خۆیدا بردی و دوای دوو کاتژمێر و بردنی بۆ مەودای یەک کیلۆمەتر هاوڵاتیەکە ڕزگار کرا.[3]
- لە سنوری شارەدێی سیدەکان تەرمی دوو هاووڵاتی دۆزانەوە کە لافاو هێناونی و یەکێکیشیان ژنە. تەرمەکان نەناسراونەتەوەو ناشزانرێت کێن، چونکە بەهۆی لافاوەکەوە هیچ کەسێک لەناوچەکە گیانی لەدەستنەداوە، بەڵام پێدەچێت تەرمی ئەو کەسانە بێت کە پێشتر بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە شەهید بوون.[4]

- لافاوێکی بەهێز دۆڵی سورەدێی لە بناری قەندیلی گرتەوە و هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیلیش دەڵێتلافاوەکە زیاتر 15 خانووی وێران کردووە دوو پردوو و دوو ئۆتۆمبێلیشی ڕاماڵیوە.[3]
- خاوەنی ئەو دوکانانەی بازاڕی لەنگەی هەولێر کە دوێنێ دوکانەکانیان سوتا، خۆپیشاندانیان دەستپێکردو داوا دەکەن بەهۆی ئەو زیانە زۆرەی بەریان کەوتووە قەرەبوو بکرێنەوە.[4]
- بەپێی ڕاپۆرتێک کە سایتی The daily mealی بریتانی بڵاو کردووتەوە شاری هەولێر پێنجەم شاری ئارامی جیهانە لە رووی سەردانی گەشتیارەوە لە کۆی 50 شاری ئارام لەسەرانسەری جیهاندا.[3]
- ئەمڕۆ ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر، لە ژێر درووشمی ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی لە ناوەندی هەولێر بە بەشداریی هەزاران کەس بەڕێوەچوو. ماراسۆنەکە لە سێ پێشبڕکێ پێکهات، پێشبڕکێی 42 کیلۆمەتری لە شەقامی 60 مەتری، دوو پێشبڕکێی دیکەش لە دەوری پارکی سامی عەبدولڕەحمان بە 12 کیلۆمەتری و چوار کیلۆمەتری بەڕێوەچوو. هاوکات دەیان راکەری بیانی بەشدارییان لە ماراسۆنەکەدا کردووە، کە حەوتەمین ساڵە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.[6]
- سەرجەم گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەڵەوتی سلێمانی وەستان و بەڕێوەبەری ئە و فڕۆکەخانەیەش دەڵێت :بەهۆی خراپی کەشوهەواوە ناچاربووین سەرجەم گەشتەکان بوەستێنین.[3]
- بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەبارەی راگرتن و دووبارە دەستپێکردنەوەی گەشتەکان راگەیاند، بەهۆی خۆڵبارینەوە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک گەشتکردن لە فڕۆکەخانەکەمان وەستا و دواتر دەستپێکردەوە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئاگادارییەک بۆ هاونیشتمانیان و بە تایبەت شۆفێران بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیێنێت، بەهۆی رەشەباوە یەکێک لە تاوەرە سەرەکییەکانی کارەبای هەولێر لەرێگەی سەرەکی هەولێر - مەخموور لە نزیک گوندی منارە کەوتووەتە خوارەوە و بەهۆیەوە یەکێک لە سایدەکانی رێگەکە گیراوە، بەڵام وەکو چارەسەرێکی کاتی دیوەکەی دیکەی شەقامەکە کراوەتە و شۆفێران دەتوانن بە وریاییەوە هاتووچۆ بکەن.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی گوڵمکەوە-ی سەر بەشارەدێی شوان-ی پارێزگای کەرکوک، شوانێکی بەنەتەوە عەرەب، کە تەمەنی 15 ساڵەو ناوی 'محمود فازل خەڵەف-ە' خنکا.[6]
- ئەمشەو، لەناو بازاڕی ئیسکانی شاری هەولێر تەقە لە ژن و مێردێک کراو پیاوەکە کوژرا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- هەژدەمین جڤاتی گشتیی کەنەکە لە شاری بارلۆ-ی هۆڵەندا بەڕێوەدەچێت. کۆبوونەوەکە 3 رۆژ بەردەوام دەبێت و لە کوردستان و ئەورووپاوە سەدان ئەندام بەشدارییان تێدا کردووە.[1]
- سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت، هەنگاوەکانی ئیدارەکەی لە بەرامبەر حکومەتی ئێراندا کاریگەری گەورەیان هەبووە و گوتی: لە 5ی تشرینی دووەمدا تەواوی سزاکان بە سەر ئێراندا دەسەپێنینەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏣 پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور

🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قارس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-26
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-26
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-26
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-26
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-26
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-27


کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 300

**2018-10-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155170



باکووری کوردستان
- ئەردۆگان، بڕیاری گۆڕینی بەشێک لە پارێزگارەکانی باکووری کوردستانی دەرکرد.[3]
- بەهۆی سەرماوە دوو سەربازی تورکی گیانیان لەدەستدا پاش ئەوەی بەشدارییان کردبوو لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا لەشاری تونجەلی دژی گەریلاکانی پەکەکە. رەقبوونەوەی ئەو دوو سەربازە تورکە شەپۆلێکی نارەزایی توندی بەدوای خۆیدا هێناوە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار لاوی خەڵکی شاری پاوە، بە ناوەکانی ئاسۆ مورادی کوڕی حەسەن، ئارش مورادی کوڕی محەممەدرەشید، یووسف ئەحمەدی کوڕی رەفیق و شایان خالیدی کوڕی نامدار، لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە لە شاری مەریوان دەسبەسەر کراون.[4]
- کاتژمێر 05:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، پۆلیسی پاسەوانی سنوری عێراق، بە دووری دوو کیلۆمەتر لە سەیرانگای ئاوێسەر-ی سەر بە شارەدێی تەوێڵە، بەڵام لەناو خاکی رۆژهەڵاتدا، دوو تەرمیان دۆزیوەتەوە و شوێنەواری گوللەیان پێوەبووە، دواتر لایەنی ئێرانیی ئاگادارکراوەتەوە و هەردوو تەرمەکەیان بردووە بۆ شاری پاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. بەپێی زانیارییەکانی وتەبێژی پۆلیسی

هەڵەبجە، کوژراوەکان کۆڵبەر نین، خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاو-ی سەر بە پارێزگای کرماشانن.[5] شوناسی ئەو دوو لاوە کوردە بە ناوەکانی بیلال تەحامی کوڕی ئەحمەد لە دایکبووی ساڵی 1999 و ئەیووب پاڵانی کوڕی حوسێن لە دایکبووی 1998 خەڵکی گوندی تەپەماران لە دەشتی زەهاو ڕاگەیەندراوە کە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان مەبەستیان بووە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.[4]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی میلاد قزلباش، خەڵکی شاری ماکۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.[4]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە کاتژمێر 10:40ی ئەمڕۆوە دەستیانکردووە بە بۆردومانکردنی گوندەکانی قەندیل.[2]

- ئێوارەی ئەمڕۆ، کۆگایەکی سووتەمەنی لە سلێمانی کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی تانجەرۆ - قەرەداغ ئاگری گرت.[3]

- بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە فڕۆکەخانەی سلێمانی و لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی و پارێزگاری سلێمانی و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی عیراق و کەسایەتی حزبی و حکومی پێشوازی لێکرا.[5]

- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی سلێمانی، لەلایەن گروپێکی سەربەخۆ کە بەشێوەیەکی بازنەیی (کاری گروپی بێ ئەوەی سەرۆک و بەڕێوبەریان هەبێت) لە باشوری کوردستان و ئەوروپا کاردەکەن، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا پڕۆژەیەی 'ژن ژیانە مەیکوژە' ڕاگەیاند. لەم پڕۆژەیەدا کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداریان کردووە. ئامانجی پڕۆژەکە بەرەنگاربوونەوەی ژنکوژیی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ڕێگەگرتن لە و هۆکارانەیە، کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی ئە و تاوانە.[5]

- پاێزگای هەولێر داوا لە خاوەن دوکان و دوکاندارە سوتاوەکانی لەنگەی هەولێر کرد خۆیان دوکانەکانیان چاکبنەوە و ئەوانیش وەک حکومەت تۆری ئاوەڕۆ و هێڵی کارەبایان بۆ دادەنێن.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە عەفرین لە دژی خاڵی پشکنینی پۆلیس و سەربازانی سوپای تورکیا چالاکی ئەنجامدرا، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان چەتەیەک کوژرا ویەکێکی دیکەش برینداربوو.[2]

دەرەوەی کوردستان

- لە شاری لیڤەرپول بە ئامادەبوونی کەس و کاری و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕەوەندی کوردی و نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراوی ژنانی کورد و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق، ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردنی ئاڤان نەجمەدین، قوربانیەکی تری توند و تیژی و کوشتنی ژنان بەڕێوەچوو.[3]

- سەر لەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیسی ڕژێمی کۆشک لە ئەنقەرە هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و ئەندامانی هەدەپە و 6 ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان: ئیبراهیم بینیجی پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە، لوقمان ئایدۆغموش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەی ئەتیمەسگیوت، دەریا بەکر بەڕێوەبەری شاری ئەنقەرەی هەدەپە، سەدات یاگجی ئۆغڵو ئەکادیمیسیەن، خەلیل چەلەنک بەڕێوەبەری هەدەپە، عیسمەت یاڵچن کایا کە لە هەڵبژاردنەکانی 7ی حوزەیرانی 2015 و 1ی تشرینی دووەمی 2015دا پاڵێوراوی هەدەپە بوو بۆ پەرلەمانی تورکیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەرە
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 27-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-10-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-10-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 301

**2018-10-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155171




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی خدر موفید کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی گومان سەر بە شاری سەردەشت بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر ناوچەی چەمانکێ-یان لە سنووری ئامێدی بۆردومانکرد.[2]
- فراکسیۆنەکانی گۆڕان و هاوپەیمانی نیشتمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەن لیژنەیەک بۆ خەمڵاندنی زەرەر و زیانی لافاوی ناوچەی ڕاپەڕین دروست بکات بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە.[1]

- سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند، هێزە ئەمنییەکانی عێراق چواردەوری گەڕەکی شۆریجەیان گرتووە و ماڵ بە ماڵ پشکنین دەکەن و ناهێڵن کەس لە ماڵ دەرچێت.[3]
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر رایدەگەیەنێت: خاوەن دوکان و موڵکەکانی بازاڕی لەنگە دڵنیادەکەینەوە کە بازاڕەکە بە خێرایی و وەکو خۆی دروستدەکرێتەوە و هەموو ئاسانکارییەکیشی لەلایەن شارەوانییەوە بۆ دەکرێت.[1]
- ئەمڕۆ، لەهۆڵی کافتریای گەلەری ئەمنە سورەکە لە شاری سلێمانی، رێکخراوی باران بۆ پرسی ئەنفال و جینۆساید، مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی شەش کتێبی تایبەت بە ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان ئەنجامدا.[5]
- کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە عێراق، لە شاری هەڵەبجەوە ڕایگەیاند، ئەوەی بەسەر خەڵکی هەڵەبجە-دا هاتووە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە، دەشڵێت: هەڵەبجەییەکان دڵنیا دەکەینەوە کە پشتوانیان دەبینین و بەڵێنی فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستەیان پێدەدەین.[5]
- مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری پێشوی کشتوکاڵی کەرکوک ئەمڕۆ رایگەیاند: نزیکەی مانگێکە فەرمانی دورخستنەوەم دەرچووە و کەسێکی تورکمانی شیعەی دانیشتوی شارۆچکەی تەلەعفەر لە پۆستەکەم دانراوە.[1]
- بەهۆی ئەو باران و لافاوەی هەرێمی کوردستان و باکووری گرتووەتەوە، سەرچاوەکانی ئاوی کردووەتە قوڕ و لیتەیەکی زۆر و بەو هۆیەش چوار پرۆژەی ستراتیژی ئاو، کە (ئیفرازی یەکەم، دووەم و سێیەمە لە هەولێر) و پرۆژەی ئاوی شەقڵاوەیە وەستان.[3]
- سەر لە بەیانی ئەمڕو ئاسایشی پارتی لە کۆمەڵگای کەلەکچی، سەر بە شارۆچکەی شێخان-ی سەر بە پارێزگای دهۆک، هەڵدەکوتنە سەر ماڵی چالاکوان ڕێکان ڕەشید و دەستگیری دەکەن.[5]
- هیوا گەیلانی، بەرپرسی لقی 11ی پارتی لە رانیە راگەیاند: دوای ئەوەی ئێوارەی رۆژی 26-10-2018، (خۆشناو ئەنوەر) کادیری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن ئاسایشی رانیە دەستگیرکرا، ئێوارەی ئەمڕۆ، ئازادکرا.[3]

رۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر لە کاتژمێر 10:30 دا هێرشیان کردووەتە سەر 4 گوندی رۆژئاوای کۆبانێ. سوپای تورکیا بە تۆپخانەکانی ئەو 4 گوندەی تۆپبارانکردووە و زیانی بە ماڵ و موڵکی هاووڵاتییان گەیاندووە. ئەو گوندانەی رۆژئاوای کۆبانێ کە لەلایەن تۆپخانەکانی تورکیاوە تۆپباران کراون بریتین لە: زۆرموغار، خراب عەتۆ، چارقلی و ئاشمێ.[2]
- شەرڤانانی قەسەدە لە دێرەزۆر گەنجێکی دیکەی ئێزدییان لەچنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، کە لە ساڵی 2014 لەلایەن چەتەکانی داعشەوە ڕفێندرابوو، ئەزهەر سوهێل مەهەد خەڵکی شەنگالە وتەمەنی 18 ساڵە، ئەمڕۆ لە ناوەندی تەڤگەری ئازادیی ژنانی ئێزدی لە خانەسۆر ڕادەستی خانەوادەکەی کرایەوە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- گروپێک لە فاشیستەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر بارەگای هەدەپە لە ناوچەی مەزیتلیی لە پارێزگای مێرسین. ئەو گروپە فاشیستە لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر بارەگاکەی هەدەپە تابلۆی بارەگاکەی هەدەپەیان هێنایە خوارەوە و ئاگریان لە تابلۆی بارەگاکە بەردا و دواتر لە بارەگاکە دووركەوتنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 28-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 302

**2018-10-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155172




باکووری کوردستان
- لەژێر دروشمی 'ئەمڕۆ زمانی دایکیمان سبەی نەتەوەکەمان'، نۆ پارتی کوردی لە باکوری کوردستان، ئەنجومەنێکیان بۆ بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە تورکیا دروستکرد و ڕیانگەیاند، کە ئیتر لە هەموو شوێنێک بە کوردی قسە دەکەن.[3]
- هێزەچەکدارەکانی دەوڵەتی تورک بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر 28 ماڵ لە شاری شرناخ و ناوچەکانی دەوروبەری. لە ئەنجامدا 23 کەسیان دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، بەشێک لە و کەسانە بەهۆی بڵاوکراوەکانیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەشێکیشیان بەهۆی بەشداری کردنیان لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکان، دەستگیر کراون. دەستگیرکراوەکان گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش لە شار و ناوچەکان.[2]
- پارێزگەی ئامەد لە چەند شوێنێکی سنووری گوندەکانی سەر بە لیجە، کاراز و هەزۆ-ی ئامەد، قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند. بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی پارێزگەی ئامەد، لە 29ی تشرینی یەکەمی 2018\7ی گەلاڕێزان کاتژمێر 21 قەدەغەی هاتووچۆ لە و دەڤەرانە دەستپێدەکات و تا کاتێکی نادیار بەردەوام دەبێت.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی گوندی سەردۆش سەر بە بەشی خاومیراوای شاری مەریوان، لە ڕێوڕەسمێکدا، بە مەبەستی ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت، تەورەکان و مشارەکانیان شکاند. ئەو ڕێوڕەسمە بە هاوکاریی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، لەژێر ناوی ئاشتی لەگەڵ سروشت بەڕێوە چوو، کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو بووە.[4]
- محەمەد خرەد تەمەن 40 ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار و بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامی دەنگی خانێ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە 15 ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک دەستگیرکران. دەستگیرکردنی ئەو ئەفسەرانە کە پلەی جیاوازی تێدایە بەفەرمانی دەستەی دەستپاکی کەرکوکە و لەئێستادا لەلای پۆلیس تەوقیفکراون تاوەکو کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکان دێت. لە نێو ئەو ئەفسەرانەدا کوردیش هەیە.[1]
- ساڵی نوێی خوێندن لە شەنگال بە کردنەوەی 4 خوێندنگای نوێ و بەشداریی هەزار و 500 خوێندکار دەستپێکرد.[3]
- پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕەتیدەکاتەوە بەنگین ڕێکانی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراق کۆنە بەعسی بووبێت، دەیان چالاکوانی دهۆکیش رایدەگەیەنن کە کۆنە بەعسییە.[1]
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ رایدەگەیەنێت: ژن هەبووە بەهۆی یەک نامەوە کوژراوە و جەختیش دەکاتەوە کە دەبێت سزاکانی ژنکوشتن توندترین و ڕێگە نەدرێت لەدەرەوەی دادگا بە سوڵح و کۆمەڵایەتی حیزب و مامۆستای ئاینی چارەسەر بکرێن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەڤدەم هێرشەکانی دوێنێی سوپای تورکیا لە دژی گوندەکانی کۆبانێ بە توندی ئیدانە کرد و رایگەیاند، دەوڵەتی تورکیا هەوڵ دەدات ڕێگری لە کۆتایهێنان بە شەڕی سوریا بگرێت و چارەسەری دیموکراتیک بۆ سوریا دروست نەبێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- جەندرمەکانی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوی ئۆپراسیۆنی سڕینەوە و پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورد دا لە گەڕەکی یەنی محەلەی ئەنقەرە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییانی سەربە هەدەپە. لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا عەلی یڵدز بەڕێوەبەری ناوچەی یەنی محەلەی ئەنقەرە و سەڵاحەدین یاڤاش و شاکر تاشکن بەڕێوەبەرانی پێشووی ئەو ناوچەیە دەستگیرکران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەرە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: شڕناخ

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 29-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 303

**2018-10-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155173



باکووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا دەستیکرد بە تۆپبارانی چیای جوودی و گوندی مەلێ-ی سەربە ناوەندی شڕناخ.[3]
- عوسمان شانیاشار کە براکەی و دووبرازای بەدەستی ئیبراهیم خەلیل یەڵدز پارلمانتاری ئاکەپەی ڕەحا کوژراون، لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی دەوڵەتی تورکیاوە لە فڕۆکەخانەی ئیستانبوول دەستگیرکرا.[3]
- پارێزگەی بەدلیس ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لە کاتژمێر 18ی ڕێکەوتی 30ی تشرینی یەکەم\8ی گەڵارێزان بەدواوە ڕۆژانە لەنێوان کاتژمێر 18 و 19 هاتووچۆ لە گوندەکانی ئارپالی، باگشلی، ئاگاچلی، کێڵگەکانی ڕەجەبلی، کێڵگەی گوندی ئاکشار ئاشاگکلاڤوز، کێڵگەکانی یوکارکلاڤوز، گوندەکانی ئوچدیرەک، کوپلو، کانیگۆلو و کێڵگەکانیان، قەدەغەیە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری ورمێ پێشانگەیەکی فەرش بەڕێوەچوو کە تێیدا بەرهەمهێنەرانی فەرشی دەستچنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداربوون و بەرهەمەکانی خۆیان نمایشکرد کە جۆرێکی تایبەتە و لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی دابەزینی بەهای تمەنەوە لە وڵاتانی دراوسێ خوازیاری زۆری بووە.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری شنۆیان بە ناوی ئەمیر حاجیپوور دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.[7]
- هیوا حەفیدی خەڵکی شاری مەهاباد و مامۆستای پێشووی زانکۆی شاری قەزوێن، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد دەسبەسەر کرا.[7]
باشووری کوردستان
- کاژێر 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ، تەقینەوەیەک لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی چلەی ئیمام حوسێن لە خانەقین لە نزیک مەزاری باوە مەحمود ڕوویدا و بەهۆیەوە بەپێی سەرچاوەکان دوو کەس کوژران و زۆرتر لە 10 کەسی دیکەش برینداربوون.[1]
- گروپی تیرۆرستی داعش لەپێگەی تایبەت بەخۆی بەرپرسیاریەتی خۆی لەتەقینەوەکەی ئەمڕۆی نزیک مەزاری باوە مەحمودی خانەقین ڕاگەیاند.[5]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئۆتۆمبێلێکیان لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی بۆردومانکرد و

سەرچاوەیەکی دانیشتوی ناوچەکەش دەڵێت: ئۆتۆمبێلی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەیە و شەهید و برینداری لێکەوتووەتەوە.[1]
- کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە شارۆچکەی شنگال و دەشتی نەینەوا بەهۆی بوونی پاشماوەی مین و تەقینەوەکانی داعش ئامادە نین بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان.[2]
- ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 2018ی پەرلەمانی کوردستانی پەسندکرد.[1]
- کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی شاری هەولێر، نارەزایی بەرامبەر سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەردەبڕن، لە بەرامبەر پێشێلکاری بەرامبەر مافی ڕۆژنامەنووسان و جیاکاری لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن-دا، دەشڵێن، کە پێویستە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست لە بەرامبەریدا وەربگرێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازەکانی سوپای تورک هێرشیان کردە سەر گرێسپی، لەو هێرشەدا شەڕڤانێکی هێزەکانی ئەرکی بەرگریی شەهیدبوو و شەڕڤانێکی دیکەش برینداربوو.[6]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی دانیمارک ڕایگەیاند: باڵوێزەکەیان لە تاران کشاندۆتەوە و داواش لە یەکێتی ئەوروپا دەکات کە سزای زیاتر لەدژی ئێران بگرێتە بەر.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 30-10-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-10-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-10-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 30-10-2018
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-10-2018
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 31-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-09-2018 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 304

**31-10-2018**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901101155155174



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە کە (باوک و کوڕ بوون)، بە ناوەکانی سدیق ڕەحمانزادە تەمەن 45 ساڵ و عوسمان ڕەحمانزادە تەمەن 15 ساڵ ڕاگەیاندووە.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حەمید برووکی میلان، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سوپای تورک لە چاڵدیران بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.[3]
- زەبیحوڵڵا ڕەئووفی تەمەن 69 ساڵ، خەڵکی شاری سنە، کە لە لایەن دادگای ئینقلابەوە بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و یەکساڵ دوورخستنەوە بۆ شاری میناب، لە پارێزگای هۆرمۆزگان مەحکووم کرابوو، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەی، بۆ زیندانی شاری سنە ڕەوانە کرا.[4]
- هاجەر زەندی، کچە خوێندکاری زانکۆی کوردستان لە شاری سنە، وەکو ئافرەتی ساڵ دەستنیشان کرا.[4]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان بۆ ماڵئاوایی لە خولی چوارەم کۆبێتەوە.
- بەپێی ڕێکەوتنێکی حکومەتی هەرێم و عیراق، ئەمڕۆ ئیدارە کۆنەکەی شنگال و شارەدێیەکانی سەر بە شارۆچکەکە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.[2][1]
- لە شەنگال دژی ئیدارە کۆنەکە خۆپیشاندانە و ڕێگە بە پارێزگاری موسڵ و قایمقام و بەڕێوەبەری شارەدێیەکانی دەوروبەری شەنگال نادرێت بگەڕێنەوە ناو شارەکە.[1]
- شەوی ڕابردوو لە ناوچەی زەرگەی ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو، چەتەکانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سوپای عێراق و شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە.[3]
- لە سنوری نێوان کفری - خورماتوو، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری هێزێکی هاوپەیمانان ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوە و لە ئاکامدا سێ چەکداری داعش کوژراون و سێ پێشمەرگەش برینداربوون.[5] هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا چوار چەتەی داعش کوژراون و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ڕێگەی بۆمبێکی چێندراوەوە مەزاری باوەمەحمود لە شاری خانەقین تەقێندرایەوە کە مەزاری کەسایەتیەکی ئاینی شیعەکانە.[5]
- جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە بڕیاری بایکۆتی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پاشگەزبووەوە و ڕایگەیاند، بەربژێرە دەرچووەکانی دەچنە پەرلەمان.[6]

- لە کامپی شەهید ڕۆستەم جوودی - مەخمور، بە ئەنجامدانی مەراسیمێک، یادی ڕۆژی جیهانی پشتگیری لە کۆبانێ کرایەوە و تێیدا سەدان هاوڵاتی کامپەکە ئامادەبوون.[3]
- جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و شاندێکی یاوەری سەردانی سەرۆک و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیان کرد لە نووسینگەی هەرێمی کوردستانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لە هەولێر، بەشیر حەداد رایگەیاند 16ی ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی دواتری لە دەرەوەی یاسا و دەستوور بوون.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا لەدوێنێ ئێوارەوە بە چەکی قورس هێرشی کردووەتە سەر گرێ سپی و هێرشەکە بەردەوامە.[7]
- سوپای تورکیا بەهاوەن گوندی کورعەلی کوبانی کردووەتە ئامانج. تۆپبارانەکە بەردەوامە. هاوکات سوپای تورکیا بە تانک هێرشی کردووەتە سەرگوندی سەلێمێ کە دەکەوێتە 15 کم ڕۆژئاوای کوبانی.[7]
- لە قامیشلۆ 18 لایەنی سیاسی بە لێدوانێکی هاوبەش بانگەوازییان کرد، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و حکومەتی سوریا هەڵوێستی خۆیان لە سەر هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باکوری سوریا ڕوون بکەنەوە و پارێزگاری لە ئارامیی ئەو ناوچەیە بکەن.[3]
- قەسەدە ڕایگەیاند، دوای ئەوەی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشی کردە سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەوان وەک قەسەدە هەڵمەتەکەیان دژی داعش لە دێرەزۆر وەستاندووە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی ئێران رایگەیاند: سزا نوێکانی ئەمریکا وڵاتەکەی ناترسێنن و چەندین دەوڵەت دژی ئە و سزایانەی ئەمریکا پشتگیری ئێران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 31-10-2018
[3] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 31-10-2018
[4] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 31-10-2018
[5] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 31-10-2018
[6] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 31-10-2018
[7] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 31-10-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-09-2018 10:11:55 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 305

**2018-11-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156670




باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە ناوچەکانی سەربە ئامەد هەڵیانکوتایە سەر 107 ماڵ.[2]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ناوەندی شاری ئێلح و ناوچەی کەرجۆس هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵ و زیاتر لە 10 کەسیان دەستگیرکرد. ئۆپەراسیۆنەی پاکتاوکارنەکەی دەوڵەتی تورکیا بەردەوامیی هەیە. لەو ئۆپەراسیۆنەدا هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی سەبری ئۆزدەمیر هاوسەرۆک شارەوانیی دەبەپە لە ئێلح و ئۆزدەمیر و چەندین کەسی تریان دەستگیرکرد.[2]
- بۆ یەکەمجارە لە ئامەد و بە گشتی لە باکووری کوردستان لووتکەی ژنانی بازرگان بەڕێوەدەچێت، کە ئامانج لێی بەشداری ئافرەتە لە کەرتی ئابووری و بازرگانی لە تورکیا و لابردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە لەبەردەم ژنان لە بواری ئابووری و وەبەرهێناندا هەن.[1]
باشووری کوردستان
- لە گوندێکی سنووری شارۆچکەی داقوق لەسەر کێشەی زەوی، شەڕ لەنێوان کورد و عەرەبی هاوردە دروستبووە و چەند کەسێک بریندار بوون.[1]
- ئێوارەی ئەمرۆ هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، گوندەکانی بناری چیای گارە لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی-یان بۆردومانکردووە.[4]
- ئەمرۆ، هەڤرەست شوان، کە ئەندامی هەرێمی هەولێری تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکات خوێندکاری قۆناغی سێیە لە کۆلێژی لوبنانی – فەرەنسی لە بەشی یاسا لە شاری هەولێر، دوای ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بەسەردا نەسەپێندرا، ئازادکرا.[3]
- شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی و هەڵەبجە، سەردانی مەڵبەندی یەکی یەکێتی کرد لە سلێمانی، لە کۆبوونەوەکەشیاندا عارف تەیفوور ڕایگەیاند: بە بێ یەکێتی حکومەت پێکناهێنین.[1]
- فەوجی 9 ی لیوای 37 ی یەکەی نۆی زرێپۆشی سوپای عێراق سەربازگەی کەیوانی کەرکوکی جێهێشت.[4]
- بۆ جاری سێیەم راکان سەعید، پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت هێز دەنێرێتە سەر 38 گوندی کوردنشین لە سنووری سەرگەڕان و دووبز و، ناهێڵێت جووتیارانی کورد زەوییەکانیان بکێڵن.[1]
- کاروانێکی سەربازی سوپای تورکیا لە سنوری هەردوو شارۆچکەی زاخۆ و ئامێدی، لەڕێگەی

دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل-ەوە بۆ ناو خاکی باکوور کشانەوە. ئەو کاروانە سەربازییانەی سوپای تورکیا لە نزیکەی 18 بارهەڵگر و 15 ئۆتۆمبێل و ناقیلەی سەربازی پێکهاتبوون.[4]
- ئەنجومەنی شەقام بۆ ماف و ئازادییەکان لەسەر کێشەی سووتەمەنی و پاشکەوتنی مووچە و بەرزبوونەوەی بەهای بەنزین، یاداشتێکی ئاڕاستەی نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ، هێزەکانی پاراستنی سنووری تورک تەقەیان لە هاوڵاتیانی گەڕەکەکانی باکوری شاری گرێ سپی لە کانتۆنی فورات کرد، کە دەکەونە سنوری نێوان ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان.[3] لە ئەنجامدا منداڵێکی کچی تەمەن 12 ساڵان بە ناوی سارا ڕەفعەت کوژرا.[2]
- ئەمشە و کاتژمێر 20 بە کاتی ڕۆاڤا، سوپای تورکیای داگیرکەر جارێکی دیکە بە چەکی دۆشکە گولەبارانی گوندەکانی چارخلی و کۆر عەلی کردووە لە ڕۆژئاوای کۆبانێ.[2]
- لە شارۆچکەی تربەسپی سەر بە کانتۆنی قامیشلۆ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کۆبانێ خۆپیشاندانێکی گەورە ساز کرا و هەزاران کەس هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەریان ئیدانە کرد.[2]
- خولوسی ئەکار، وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، ئەمڕۆ سەربازانی سوپای وڵاتەکەی و سەربازانی ئەمریکی لە شاری منبجی باکووری سووریا دەستیان بە ئەنجامدانی دەورییەی هاوبەش کردووە.[1]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە دوای هێرشکردنە سەر گوندی تل فەندەر لە کاتژمێر 21:50دا بە چەکی دۆشکا هێرشی کردە سەر گوندی سوسکێ لە 10 کیلۆمەتریی ڕۆژئاوای گرێ سپی دا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شۆن ڕایان، گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەشێوەیەکی کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش ڕاگرتووە، ئەوەش لە وەڵامی هێرشەکانی تورکیادا. شۆن ڕایان ئاماژە بەوە دەکات، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە پەیوەندیدایە لەگەڵ تورکیا و هەسەدە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێوربکاتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-01

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 306

**2018-11-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156671



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی سەلام مەردان تەمەن 27 ساڵ کوڕی خالید خەڵکی گوندی سەوجە جەبلی وەیسی خەڵکی ناوچەی دەشتەبێڵی شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی کارکردن لە پرۆژەی ستراتیژی دابینکردنی ئاوی پارێزگای هەڵەبجە و شارەدێی سیروان، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری رادەگیرێت، بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجەش ئاماژە بەوەدەکات: دەمانەوێت کۆتایی بە گرفتی دابینکردنی ئاو بۆ هاووڵاتیان بهێنین.[3]
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵێکی گەڕەکی ڕاپەڕین لە ڕانیە، 4 کەسی خێزانێک گیانیانلەدەستدا و حەوت کەسی دیکەش بریندارببوون. گوتەبێژی بەرگری شارستانی ڕاپەڕین دەڵێت، بەهۆی سەختی برینەکانیان سەرجەم بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراون.[4]
- فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی عیراق ڕایگەیاند: هێزەکانیان لە چەند هەڵمەتێکدا لە سنووری شارۆچکەی مەخموور 19 تیرۆرستی داعشیان کوشتووە.[5]
- بەهۆی تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییەکان، سەرجەم مەزارە ئاینییەکان لە خانەقین پاسەوان و پۆلیسی تایبەتی بۆ دادەنرێت و هەروەها بە شێوەیەکی توندوتۆڵتر زیارەتکاران دەپارێزرێن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەی سەر بە دەوڵەتی تورکیا بە چەکی هاوەن هێرشیان کردووەتە سەر ناوچی فافین لە کانتۆی شەهبا. هێرشەکە لە کاتژمێر 00:15 شەوی ڕابردوو ئەنجامدراوە و هاوەکان لە شوێنێکی نزیک لە کامپی بەرخودان-یان داوە، کە هەزاران هاووڵاتیی عەفرینی لەو کامپەدا دەژین.[1]

- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر گوندی تل جیهان-ی سەر سنووریان کردە ئامانج. لە ئەنجامی گولەبارانی سەربازاندا ئەندامێکی هێزەکانی سەنادید بە ناوی عەدنان ئەحمەد خەلەف بریندار بوو. ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانەی شەهید بەرخۆدان کرا لە شاری دێرک.[1]
- ئاژانسی هەواڵی هاوار (ئانها - ANHA) بڵاویکردەوە، پەیامنێرانیان گولیستان محەمەد و ئیبراهیم ئەحمەد لە کاتی ڕووماڵکردنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر گرێ سپی لەلایەن سوپای تورکیاوە کراونەتە ئامانج و بریندار کراون. ئەو 2 پەیامنێرە بریندارە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی وەتەن لە ژێر چاودێریی پزیشکدان.[1]
- شەرڤان دەروێش، وتەبێژی هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازی منبج رایدەگەیەنێت: هیچ خاڵێکی سەربازیمان لە منبج رادەستی هێزەکانی تورکیا نەکردووە، لە داهاتووشدا کاری هاوبەشی زیاتر لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە منبج دەکەین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئیدارەی ترەمپ گەڕاندنەوەی هەموو سزاکانی بۆ سەر ئێران ڕاگەیاند، کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی 2015دا لەسەر ئەو وڵاتە هەڵگیرابوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-02


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 307

**2018-11-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156672



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر 30 ناوچە و ناوەندی پارێزگای جۆلەمێرگ کردە ناوچەی ئەمنیی تایبەت و قەدەغەی هاتووچۆی بەسەر هاووڵاتیاندا سەپاند. ئەو قەدەغەکارییە بۆ ئەوەیە سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆن و هێرش ئەنجام بدات.[3]
- بەرێوەبەرایەتی دەروازەی گومرگی خابووری سەر بە پارێزگای شرناخ لە باکووری کوردستان، ئۆتۆمبێلێکی تابلۆی دهۆکی راگرت، دوای ئەوەی بەئامێری پشکنینی تیشک پشکنینیان بۆ کرد، لە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەدا ملیۆنێک و 500 هەزار دۆلاریان لەنێو دوو کارتۆنی کارتۆنی پاقلاوە دۆزییەوە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی داگیرکەری ئێران، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شێخ ساڵحیان دایە بەر دەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی بروومەند بەهرامی، خەڵکی گوندی زیارەت تەمرخان، سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی هووشیار نەمامی و ئەرکان بەهرامی بە توندی بریندار بوون.[6]
- پەرەستوو میرزایی هاوسەری زانیار دەباغیان، چالاکی کرێکاریی دەستبەسەرکراو، لە رێگەی پێوەندی تەلەفۆنییەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بانگهێشت و پاشان دەستبەسەر کراوە.[6]
- 16 سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکاران بە تەقەی مەئموورانی ئینتزامیی حکوومەتی ئێران لە ناوچەی سنووری گوندی زێوکە و ماشکان، لە ناوچوون.[6]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ گروپێکی چەکدار لە گوندێکی نزیک شارۆچکەی دووبزی سنوری کەرکوک دوو هاوڵاتی کورد بەناوەکانی فەهمی ساڵح، جووتیار و سەرحان محەمەدیان رفاند و چەند کاژێرێک پاشتر تەرمی فەهمی ساڵح دۆزرایەوە.[1]
- لە خورماتوو، کۆگایەکی چەکی حەشدی شەعبی تەقییەوە و دەیان چەکداری حەشد برینداربوون.[1]
- لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان دژی پێدانی 48 ملیۆن دینار بەرپەلەمانتاران، چالاکوانانن و رێکخراوەکانی مەدەنی گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[2]
- لە شارۆچکەی خانەقین چەکدارانی داعش دوای تەقاندنەوەی بۆمبێک بە ئۆتۆمبیلێکدا، هێرشیانکردەسەر بازگەیەکی هێزەکانی پۆلیس و لە ئەنجامدا ئەفسەر و پۆلیسێک و هاووڵاتییەکی مەدەنی برینداربوون.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا کچێکی تەمەن 17 ساڵیان بەناوی لاڤا مستەفا لە گەرەکی مەقسوودییە لە ناوەندی شاری عەفرین رفاند.[7]
دەرەوەی کوردستان
- لەژێر دروشمی (دانانی ستراتیژ بۆ کۆتایهێنان بە داعش سەنتەری زانیاری ئەورووپی و وڵاتانی کەنداو لە پراغ) پایتەختی وڵاتی چیک بەبەشداری چەندین کەسایەتی و سیاسی ودیپلۆماسی وسەربازی دیداری خۆی رێکخست.[2]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای سەپێنراوی سەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و وەزیری دادی تورکیا هەڵدەگرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 03-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 03-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 03-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 03-11-2018
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-10-2018 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 308

**04-11-2018**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156673



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هوشیار نەمامی، خەڵکی گوندی زیارەت تەمرخان سەر بە سەلاسی باوەجانی کە بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە بە سەختی بریندار ببوو، گیانی لە دەست دا.[3]
- هێزە نیزامییەکانی پایگای نەجەفی تەقەیان لە شوانێکی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار، لە شوێنێک بە ناوی مێرگی سەید عەبدوڵا، کرد.[3]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی مەراسیمێک بۆ پەردەلادان لەسەر پەیکەری ڕۆشنگەر ڕەفیق حیلمی ڕێکدەخرێت.[1]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ ناساندن و دابەشکردنی کۆکراوەی ژمارە 1-25 ی دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕێکدەخات.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەوروبەری کاتژمێر 15:30ی ئەمڕۆ، هێرشی ئاسمانییان کردە سەر گوندی دشیشێ لە دەڤەری کانی ڕەش-ی سەر بە ناوچەی بەرواری لە شارۆچکەی ئامێدی.[5]
- زیاتر لە هەفتەیەکە هەنارده و هاوردەکردنی سووتەمەنی بە هەموو شێوەیەک لە مەرزی

پەروێزخانەوە راگیراوە و هیچ مامەڵەیەکی بازرگانی پێوە ناکرێت و ئەوەش پەیوەندی بە سزاکانی ئەمەریکاوە بۆ سەر وڵاتی ئێران هەیە.[4]
- ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بەریژێرە دەرچووەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئاگادارەدەکاتەوە رۆژی 06-11-2018 ئامادەی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان بن.[2]
- بنکەی ئاسایشی نەهێشتنی مادەە هۆشبەرەکانی سۆران ئەمرۆ یەکشەممە 4ی تشرینی دووەمی 2018 لە راگەیەنراوێکدا ئاشکرایکرد: هێزەکانی ئاسایش لە سنوری شارۆچکەی سۆران هاوڵاتییەکیان دەستگیرکرد و لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا بڕی حەوت کیلۆ و 200 گرام ماددەی هۆشبەری جۆری هیرۆیینی پێبووە. راشیگەیاند: ئە و هاوڵاتیە دانیشتوی قەزایەکی هەرێمی کوردستانە و لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆیەوە هێناویەتی و ویستویەتی ئە و ماددە هۆشبەرە لە شارۆچکەی سۆران ساغبکاتەوە.[4]
- لیوا مەعن سەعدی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی کەرکوک راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، لە ئەنجامی دوو بۆردومانی جیای هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، 25 چەکداری داعش کوژراون و دوو مۆڵگەشیان خاپوور کراوە.[5]
- پێش نیوەڕۆی ئەمرۆ لە شارۆچکەی سۆران-ی سەر بە پارێزگای هەولێر دژی دابەش نەکردنی بەشە نەوتی ماڵان، رێکخراوەکان و هاوڵاتیان لەبەردەم بینای قائیمقامییەت گردبوونەوە و یاداشتێکیان ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکان کرد.[7]
- ئێوارەی ئەمرۆ، ناوەندی چاوی کورد لە هۆڵی هۆتێل تایتانیک لە شاری سلێمانی، پانێلێکی بەناونیشانی گەمارۆکانی سەر ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆ هەریەکە لە مستەفا شێخ عەبدولرەحمان، سەرۆکی گشتیی هاوردەکار و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، یاسین مەحمود، وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان و هاوبیر ئەنوەر، وەبەرهێن سازکرد.[7]
- ئێوارەی ئەمرۆ لە هۆتێل شیراتۆنی شاری هەولێر رێکخراوی نیو کوردستان بۆ پرسە نێودەوڵەتییەکان پانێلێکی بۆ هەریەکە لە دکتۆر بەشیر حەداد، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و دکتۆر محەمەد شاکر لە فراکسیۆنی پارتی و ڕابوون مەعروف لە فراکسۆنی نەوەی نوێ و کاوە محەمەد لە فراکسیۆنی گۆڕان و هەرێم کەمال ئاغا لە فراکسیۆنی یەکێتی رێکخست.[7]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گرێ سپی تەرمی قوربانییەکی تۆپبارانەکانی تورکیا بەخاکسپێردرا.[6]
- بە هەزاران هاووڵاتی گرێ سپی و گوندەکانی دەوروبەری خۆپێشاندانیان لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجامدا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-01
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-04
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-04
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-04
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-04
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 309

**2018-11-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156674



باکووری کوردستان
- لە دانیشتنی دادگای فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دا، دادگا بە پاساوی گومانی بەهێز بۆ تاوان بڕیاریدا ماوەی دیلکردن و مانەوەی یوکسەکداغ لە دۆخی بارمتەیەدا درێژ بکاتەوە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی گوڵستان جنکانلو، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری ماکۆ، لە زیندانی شاری خۆی، بە تۆمەتی زینا لە لایەن لقی 1ی دادگوستەری ئەو شارە، حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا سەپا.[6]
باشووری کوردستان
- گەریلاکانی پەکەکە سەنگەرێکی پاسەوانانی سوپای تورکیایان لە دەروازەی سەرزێری لە شارەدێ کانی ماسی لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی کردە ئامانج و رێگەی هاتۆچۆی نێوان هەرێم و تورکیا لە و دەروازەیەوە راگیرا.[2]
- ئەمرۆ لەبەردەم بینای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە شاری هەولێر، کەمئەندامان گربوونەوەیەکیان ئەنجامدا، بە مەبەستی دەربڕینی نارەزای لە بەرامبەر خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران بە موچەیەکی زۆر و پێدانی 48 ملیۆن دینار بەهەر پەرلەمانتارێک وەک پێشینەی خانەنشینی. لە گردبوونەوەکەدا، کەمئەندامان وەک نیشاندانی نارەزایی لە بەرامبەر پێدانی 48 ملیۆن دینار، بە پەرلەمانتاران و خراپی گوزەرانی کەمئەندامان، پێداویستییە کەمئەندامییەکانی خۆیان سوتاند.[5]
- بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە لە هەندێک گەرەکی شارۆچکەی خورماتوو لافاو دروستبووە و کەشناسی گەرمیانیش رایدەگەیەنێت، بارانبارینەکە تا ئێوارەی چوارشەممە بەردەوام دەبێت.[3]
- عەبدولرەحمان فارس ناسراو بە (ئەبو کاروان)، پەرلەمانتاری حزبی شیوعی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ئە و 49 ملیۆن دینارە وەرنەگرێت، کە وەکو پاداشتی شەش مانگی خانەنشینی بەسەرجەم پەرلەمانتارانی خولی چوارەم دەدرێت.[2]
- لە کتێبخانەی گشتی رانیە، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کەنەکە دیبەیتێکی کراوەی لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان لە بەرامبەر گۆرانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەبوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی سازکرد.[5]
- ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە کە سزاکانی سەر

ئێران کاریگەریی لەسەر بازاڕی هەرێمی کوردستان دروست ناکەن و خاڵە سنووریەکانی نێوان هەرێم و ئێران کراوەن و شتومەک ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەبێ هیچ گرفتێک.[3]
- کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی هەیام ئەلیاس، دانیشتووی کەمپی مام ڕەشان لە شارۆچکەی شێخان، بە دەمانچەیەک خۆی کوشت.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا گوندی سووسکێ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گرێ سپییەوە گولەباران کردووە. ڕاگەیەنرا کە سوپای تورکیا قوتابخانەیەکی سەرەتایی داوەتە بەرگولە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- قۆناخی دووەمی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەستپێکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ماکۆ |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-14


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 310

**2018-11-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156675




باکووری کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەرلە دەورووبەری شارۆچکەی گوندەک-ی مەل-ی شرنەخ دەستیانکرد بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی بەرفراوانی سەربازی کرد.[4]

- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، سەردانی داواکاری گشتیی دادگای کۆماری بورسایان کرد، و بۆ جاری 761مین، داوای بینینی ئۆجەلان-یان کرد.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دەرهێنەرانی کورتە فیلمی ذبح لە چواردەهەمین فێستیڤاڵی خوێندکاریی Early Bird کە لە وڵاتی بولغارستان لە شاری سوفیا، پایەتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو، ڕێوڕەسمێکیان بۆ یادکردنەوەیەک شەریف باجوەر و هاوڕێکانی لە سەرەتای فێستیڤاڵەکەدا بە بەشداری فیلمسازان بەڕێوە برد.[6]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا موکەڕەم تەمەن 67 ساڵ خەڵکی شارەکی تەرزیلووی شاری ورمێ بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ کرا.[6]

باشووری کوردستان

- خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدەدات و لە کۆبوونەوەکەدا پەرلەمانتاران سوێندی یاسایی دەخۆن. هەردوو قوباد تاڵەبانی و شاسوار عەبدولواحید ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون و سوێندیان نەخوارد[2]

- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، سەرپەشتیاری مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، سەبارەت بەدەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سزا ئابورییەکانی سەر ئێران و رایگەیاند: کاری بازرگانی نێوان هەرێم و ئێران بەردەوامە.[3]

- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەڕێوەدەبات.[1]

- یەکەمین گەشتی ڕاستەوخۆی نێوان فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی شارقە لەوڵاتی ئیمارات لەلایەن هێڵی ئاسمانی ئەلعەربیەوە دەستپێکرد.[1]

- پارێزگاری سلێمانی رایدەگەیەنێت: پێشتر لەگەڵ ئەمریکییەکاندا قسەیان کردوە کە دۆخی سلێمانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ مامەڵە لەگەڵ ئێران زۆر جیاوازە و دەڵێت: خۆشبەختانە ئەمریکییەکان ئەو تێبینییانەیان وەرگرتووە و هەرێمی کوردستان و عێراق لە لیستی ئەو شوێنانەن کە لەو گەمارۆیانەدا موراعاتی تایبەتیان دەکرێت.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- کاتژمێر 07:30 خولەکی بەیانی لە چوارڕیانی سەبی بەحراتی منبج بۆمبێک کە لە ناو ئۆتۆمبیلێکدا ئۆتۆبیلێکدا دانرابوو تەقییەوە. بەهۆی ئەوتەقینەوەیە شوفێری ئۆتۆمبیلەکە بەناوی عەبدولڕەحمان ئیبراهیم بەسەختی بریندارببوو. ناوبراو بەهۆی سەختی برینەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[4]

- سوپای داگیرکەری تورکیا بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، لەو چوارچێوەیەشدا ئەمرۆ گوندی تل جیهان-ی سەر بە تربەسپی تۆپباران کرد.[4]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بڕی 12 ملیۆن دۆلار وەکو خەڵات دادەنێت بۆ هەر کەسێک شوێنی سێ سەرکردەی باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان ئاشکرابکات. پێنج ملیۆن بۆ موراد قەرەیلان، بڕی چوار ملیۆن دۆلار بۆ ئاشکراکردنی شوێنی جەمیل بایک و سێ ملیۆن دۆلاریش بۆ ئاشکراکردنی شوێنی دوران کالکان دانراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شڕناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 05-11-2018
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 06-11-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-11-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 06-11-2018
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 07-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-10-2018 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 311

**2018-11-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156676



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا لە ئامەد قەدەغەی لە 19 گەڕەک و 54 دێ و لادێ لە سنووری شاری لیجەی ئامەد راگەیاند و هەموو جۆرە جموجوڵ و چوونەدەرەوەیەک لە دوای سعات 6 لە هاووڵاتییان قەدەغە کراوە. هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی ئەو قەدەغەکارییە، یەکە تایبەتەکانی سوپای تورکیا لە هەندێک لەو ناوچانەدا کە قەدەغەی تیادا راگەیاندراوە دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد. ئۆپەراسیۆنەکە چەندین کۆپتەریش تیایدا بەشداران و بە کۆپتەری جەنگی و لۆجستی هاوکاریی سەربازەکانی یەکەی تایبەتی سوپای تورکیا دەکرێت.[3]
- لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتیک (کەجەدە) و پەرلەمانتاری زیندانیکراوی هەدەپە، لەبەر ئەوەی رەتیکردەوە بە کەلەپچەکراوی ببرێتە دادگا، نەبرا بۆ دانیشتنی دادگا و دانیشتنەکە بەبێ ئامادەبوونی خۆی بەڕێوەچوو.[6]
- بەڕێوەبەرایەتیی زیندانی جۆری ئی ئامەد بە پاساوی ئەوەی لە رۆژی 1ی نۆڤەمبەردا لە قاوشی زینداندا 10 ژنە زیندانیی سیاسیی کورد بە کوردی گۆرانییان چڕیوە، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەکردن لە گەڵیاندا.[3]
- پۆلیسی تورکیا بەیانیی ئەمڕۆ لە ناوچەی تووتاخ-ی ئاگری هەڵیکوتایە سەر زۆر ماڵ و 15

کەسی دەستگیر کرد. ئە و کەسانەی دەستگیر کراون بریتین لە: مەندووح ئایدن بەرپرسی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەکە، نوورەدین دووران، بەدیر ئەلبی، مەندەرەس ئەلبی، ئیلیاس ئەفە، ڤەدات توورگووت، جەڤدەت بیلیچی، محەمەد دووراک، عەبدولرەحمان دەمیرەل، مەناف یلدرم، مەتین یلدرم، ئەنڤەر کوتولای و یاشار دووران. دەستگیرکراوان گواسترانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تورکیا لە شاری ئاگری.[3]
- دادگەی دەوڵەتی تورک سزای ساڵێک و 8 مانگ زیندانیکردنی بۆ جەرەن چۆبان هاوسەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی لاوانی سۆسیالیست لە تورکیا بڕیەوە بەهۆی لێدوانێک دەربارەی داگیرکاریی سەر عەفرین.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، سپای پاسداران دەستی بەسەر 140 سەر مەڕوماڵاتی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی فەرهاد سادقی خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ لە گوندی میراوا داگرت.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مەنسوور پەرویزی خەڵکی بەخشی قوتوور؛ بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.[4]
باشووری کوردستان
- خانەوادەی شەهیدانی 16ی ئۆکتۆبەر لەسنووری شارۆچکەی پێنجوێن، بەهۆی جێبەجینەکردنی داواکارییەکانیان و ڕێگەپێنەدانیان تا لەمەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کاربکەن، لەبەردەم مەرزەکە گردبونەوە و تا ڕۆژی شەممەی داهاتوو مۆڵەتیان داوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی کارکردنیان لە باشماخ پێبدرێت.[2]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی سووتانی بازاڕی لەنگەی هەولێری دەرکرد و بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەی، کرێچی و خاوەن دوکان پێکەوە قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەگەر بڕی ئەو 5 ملیۆن دۆلارە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت کە تێچووی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەیەتی.[5]
- ئەندامێکی دیکەی ئەو خێزانەی ڕانیە گیانی لەدەستدا کە بەهۆی ڕوداوی ئاگرکەوتنەوەکەوە پێشتر چوار کەسیان گیانیان لەدەستدا بوو.[7]
- بەڕێوەبەری شارەدێی لەیلان لە سنوری کەرکوک کە لەنەتەوەی تورکمانە بەهۆی هەڵوێستەکانی دژی گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان لەلایەن دادگای کەرکوکەوە بەشێوەیەکی کاتی دەستبەسەرکرا و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.[2]
- لە کاژێر 6:30 خولەکی ئەمڕۆ دوو فڕۆکەی سەربازیی تورکیا بۆ جارێکی دیکە ئاسمانی هەرێمی کوردستانیان بەزاندە، دوای سوڕانەوەی نزیک 10 خولەک، بەچڕی کەوتوونەتە بۆردوومانکردنی خواکورک، گەلی ڕەش و دەوروبەری گوندی خەلیفان. بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان گوتیشی، بۆردوومانەکە زیانی گیانی نەبووە بەڵام ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە نێو دانیشتوانی گوندی خەلیفان چونکە نزیک گوندەکە بەر بۆردوومانەکەی ناوە ناوەی فڕۆکەکان دەکەوێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر ئەمشەو گوندەکانی چارخلی و سلپکران-ی کۆبانێیان بەچڕی گولەباران کرد.[3]
- تورکیای داگیرکەر کاتژمێر 18:30 بە کاتی ڕۆژاڤا، بە چەکی لوولەدرێژ هێرشی کردووەتە سەر گوندی سووسک-ی کانتۆنی گرێ سپی.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ئەمڕۆ، لۆگۆیەکی بۆ وەزارەتەکەی بڵاوکردەوە کە لە لۆگۆکەدا زمانی کوردی بەکارهێناوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-07
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 312

**2018-11-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156677



باکووری کوردستان
- شەوی رابردوو، زینەت ئالگان هاوسەرۆکی دەبەپە لە نسێبین، جەنگیز کۆک هاوسەرۆک شارەوانیی نسێبین و ئەمینە ئاکیوز ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیی نسێبین تووشی رووداوی هاتووچۆ بوون. ئاکیوز باری تەندروستیی ناجێگیرە.[4]
- جەنگیز چیچەک، ئیبراهیم بیلمەز، فوئاد جۆشجاک پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری پەکەکە، ئەمڕۆ جارێکی دیکە بۆ بینینی ئۆجالان سەردانی داواکاری گشتیی دەوڵەتی تورکیان لە بورسا کرد، بەمەس ژمارەی ئەو داواکارییانەی پارێزەران پێشکەش بە دادگاکەیان کردووە، بوو بە 762 جار.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سەلاح ئەسفەندوەند تەمەن 28 ساڵ خەڵکی شاری مەهاباد بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەستدا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یوونس ئیبراهیمی خەڵکی گوندی زێوەی شاری سەردەشت بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەسدا.[3]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی فاروق فەیزی کوڕی ئیسماعیل خەڵکی گوندی تەنگیوەر سەر بە شاری کامیاران بە هۆت تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە شاری ئەهواز گیانی لە دەسدا.[3]
باشووری کوردستان
- لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی سێهەمین فێستیڤاڵی هەنگوین بەرێوەدەچێت و لە ماوەی دوو رۆژی فێستیڤاڵدا بە سەدان جۆر هەنگوینی کوردستان نمایش دەکرێت.[1]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایدەگەیەنێت: وڵاتی چیک لقێکی زانکۆی پالاسک لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و دەشڵێت: خوێندن لە و زانکۆیە ئە و بوارانە لەخۆدەگرێت کە گرنگن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە زانستییەکان.[2]
- ژمارەیەک کارمەندی گرێبەست لە ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق گردبوونەوەکیان ئەنجامدا و داوای دامەزراندن دەکەن.[2]
- حزبی شیوعی کوردستان، دژ بە بڕیاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، سەبارەت بە پێدانی خەڵات بەو کەسانەی شوێنی سێ سەرکردەی کەجەکە و پەکەکە، ئاشکرادەکەن، لە کەلار گردبوونەوەیەکی ئەنجامدا و تێیدا ئیدانەی ئەو بڕیارەیان کرد و داوایانکرد، کە ئەمریکا بەو بڕیارە نادروستەیدا بچێتەوە.[5]
- لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ئەمڕۆ بۆ جاری دووەم دابەشکردنی ئاو لە هەڵەبجە رادەگیرێت و بەهۆیەوە هەندێک لە گەڕەکەکانی شارەکە نزیکەی هەفتەیەکە ئاوی خواردنەوەیان بەدەست نەگەیشتووە، ئەمەش نیگەرانی لای هاوڵاتیان دروستکردووە و داواکارن سەرچاوەی دابینکردنی ئەوی خواردنەوەیان بگوازرێتەوە بۆ سەرچاوەی ئاوی زەڵم.[2]
- سەرچاوەیەک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە شارەدێی گوڵاڵە، ڕایگەیاندووە کە تیرۆرستانی داعش بە 7 گولە هاوەن بۆردوومانی جەلەولا-ی کرد بەڵام هیچ زیانی گیانی نەبووە.[4]
- لە نزیک دەرياچەی حەمرینی سنوری شارەدێی سەعدیە، هێزە ئەمنییەکان رووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوە و لە ئاکامدا سێ چەکداری داعش کە یەکێکیان بەرپرسی بۆمبڕێژکردنە لەگەڵ پۆلیسێک کوژران.[2]
- پێشمەرگەیەک بەناوی شێرزاد محەمەد ئەمین، کە سەر بە لیوای 16یە، ئەو پێشمەرگەیە دانشتوی شاری کەرکوک-ە، بەمەبەستی سەردان هاتووەتە ماڵی باوکی، دواتر دەچێتە حەوشەی ماڵەکە و دەدرێتە بەر دەسترێژی گولە و بریندار دەبێت، بەڵام دوای چەند خولەکێک بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەسدا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێکدا کە چەتە و سەربازانی تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی بلبلێ جێگیریان کردوون، 5 کەسی خانەوادەیەک گیانیان لەدەستدا. ناوی 2 لە قوربانییەکانی تەقینەوەی مینەکە ئاشکرا بوو کە بریتین لە ئیسماعیل ئیبیش ئیسماعیل و هەمزە ئیبیش

ئیسماعیل.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لەلایەن داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا لە بیویوک چەکمەجەی ئیستەنبول، سکاڵایەکی تر لە دژی هونەرمەند فەرهاد تونج تۆمار کرا. هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵاکە بۆ بڵاوکردنەوەی تویتێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر دەگەڕێتەوە. لە سکاڵاکەدا ئیدعای ئەوە کراوە، فەرهاد تونج سوکایەتیی بەسەرۆک کۆمار کردووە.[4]
- کۆمەڵەی سویفت بۆ پەیوەندی داراییِ نێودەوڵەتی ئاشکرای کرد، وەک پابەندبوون بەسزا ئابوورییەکانی ئەمریکا، لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە هەموو خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ بانکە ئێرانیەکان بچڕاند، یەکێتی ئەوروپاش نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بڕیارەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-08

كاتی تۆمارکردن: PM 9:09:58 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 313

**2018-11-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156678




باکووری کوردستان
- پارێزگاری جۆلەمێرگ ئێوارەی ئەمڕۆ ڕایگەیاند، لە کاتی تۆپ هاویشتندا تەقینەوەیەک لە سەربازگەی گردی سۆنگوی گوندی ئۆرتاکلار ڕوویداوە و لەنێو سەربازاندا بریندار هەن. ڕاشیگەیاند، بەهۆی خراپی جبەخانەی سەربازگەکە تەقینەوەکە ڕوویداوە. وەزارەتی پاراستنی میللیی تورکیا ڕایگەیاند، 25 سەرباز ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون و 7 سەربازیش بێسەروشوێنن. هاوکات دادگەی دەوڵەتی تورک لە شەمزینان بڕیاری قەدەغەی پەخشی ڕاگەیاندنەکانی دا دەربارەی تەقینەوەی سەربازگەی گردی سۆنگو.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا؛ سەید عەلی حوسێنی و سلێمان عەبدی دوو مامۆستای قوتابخانەکانی شاری سەقز دووبارە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران.[4]
- ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی بەیان، یەکەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی خۆی بەڕێوە برد. لەو ڕێوەڕەسمەدا، کە بە بەشداری سەدان کەس لە شاعێران، نووسەران و خەڵکی شاری بۆکان، لە ساڵۆنی پاساژی شارەداریی ئەم شارە بەڕێوە چوو، ڕێز لە کار و چالاکیی یەکساڵی ڕابردووی فێرگەی بەیان گیرا و بڕوانامەی کۆتایی خولی ڕێنووسی کوردی بە 200 خوێندکاری ئەو فێرگەیە پێشکەش کرا.[7]
باشووری کوردستان
- لە کەرکوک بۆمبێکی چێندراو لەبەردەم ماڵی ئومێد حسێن فەرماندەی حەشدی کاکەیی تەقییەوە و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.[1]
- لە کۆنگرەی نائاسایی هاوپەیمانی دیموکراسیی و دادپەروەری لە هەولێر، بڕیاری بەردەوامبوونی حیزبەکە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەکە پەسندکرا.[2] ئارام قادر، یەکێک لە دامەزرێنەرانی هاوپەیمانی نیشتمانی ئەو حزبە بە سەرۆک هەڵبژێردرا.[1]
- دووەمین کۆنفرانسی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لە هۆڵی ئوتێل مەم و زین لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد.[3]
- کاتژمێر 4:30ی ئێوارەی ئەمڕۆ سوپای تورک دەستی کرد بە تۆپبارانکردنی سنوری نێروە و ڕێکان لە شارۆچەکی ئامێدی.[3]
- بەپێی هەواڵێکی پوک میدیا؛ نزیکەی چوار هەزار لە هەڵسوڕاوان و لایەنگران و دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕان لەناو شاری سلێمانی بڕیاریاندا لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانییدا درێژە بەکاری ڕێکخراوەیی بدەن و لە داهاتودا دەنگەکانیان بۆ یەکێتی بێت.[6]
- لە شەنگال خۆپیشاندانێک دژی گەڕانەوەی ئیدارەی شارەکە بەڕێوەچوو.[3]
- لە ئاهەنگێکی بووکگواستنەوە لە شارۆچکەی کەسنەزانی هەولێر بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێ کەسێک کوژرا و دوو کەسی دیکەش برینداربوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شارۆچکەی ڕمێلان-ی قامیشلۆ بەدروشمی بەتێکۆشانی جەوانانی شۆڕشگێڕ ئێمە سووریایەکی ئازاد و دیموکراتیک دابمەزرێنین دوویەمین کۆنگرەی یەکیەتی جەوانانی ڕۆژئاوا (YCR)دەستی پێکرد. 5 هەزار گەنج لەباکووری سووریا وڕۆژهەڵاتی سووریاوە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان

- له مۆسکۆی پایتەختی روسیای فیدراڵ، یەکەمین کۆنفرانسی زانستی کۆمەڵەی لاوانی کوردناسی لەژێر ناونیشانی (بارودۆخی نوێی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست-دا)، بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا کۆمەڵێک لە شارەزایانی چەندین نەتەوەی جیاواز و ولاتی جیاواز، لە روسیا، ئازربایانجان، ئەرمینیا، تورکیا، سوریا و عیراق و کورد بەشداریانکردبوو کە پێکهاتبوون لە: (مارینین ئ.ئ، لوکیانۆف.گ.پ، ترۆفیمچوک.گ.پ، پاتیێف.ف.ئ، سەرتیپ عەلی، کاروان یاروەیس، د.هونەر ئەمین، شاخەوان هەرکی).[6]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ لەناوچەی بەرگەما، سەفەرحەسار، مەنمەنە وناوەندی ئیزمیر پۆلیسی تورکیا هەڵی کوتایەسەرماڵان و 9 کەسیان دەسبەسەرکرد. ئەم کەسانە بەبینووی ئەوەی کە لەسەرتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشەیان بۆ پەکەکە کردووە لەلایەن پۆلیسەوە دەسبەسەرکراون. دەسبەسەرکراوەکان گوازراونەتەوەبۆ ناوەندی پۆلیسی ئیزمیر.[5]
- بەپێی راگەیێندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، لەمیانەی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە ئەمنییەکان لەنێوخۆی تورکیادا، لە رۆژانی 1 بۆ 8ی ئەم مانگەدا، چوار بەرپرسای باڵای پەکەکە/کەجەکە کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-09

[4] 👫 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 09-11-2018
[5] 👫 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-11-2018
[6] 👫 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 09-11-2018
[7] 👫 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 11-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 314

**2018-11-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156679




باکووری کوردستان
- ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، لە تەقینەوەکەی شەمزیناندا 4 سەرباز کوژراون و 20 سەربازی تریش بریندار بوون. سەرچاوە هەرێمییەکانیش باس لە کوژرانی سەربازی زیاتر دەکەن.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسی میراتە فەرهەنگییەکانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند: پەیمان محەممەدی، هونەرمەندی کرماشانی، لە بواری پیشە دەستییەکان، پاش هەڵسەنگاندنی لێژنەی داوەران، خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرت.[6]
- دوو هاووڵاتیی کورد لە بۆکان بە ناوەکانی هاشم و حەسەن فەتحی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی تاکۆ بە هاوبەشی لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی مافی مرۆڤ بە هاوکاری و سەرپەرشتی پارێزگاری سلێمانی دیداری بەرەنگاری دیاردەی چەکداری و تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان سازدەکات.[1]
- مامۆستایانی ناڕازی لە سنوری شارەدێی بالیسانی سەر بە پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنن: بەهۆی پێنەدانی دەرماڵەکانی وانەبێژی، لە ئەمڕۆوە بایکۆتی خوێندنیان دەستپێکردووە.[2]
- لە کاژێر 8:05 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، دوو فڕۆکەی هاوپەیمانان بەچڕی بۆردوومانی پێگەکانی داعش لە سنووری چیای قەرەچووخ کرد.[3]
- شەوی ڕابردوو نارنجۆکێکی دەستی فڕێدراوەتە ماڵێک لە قەڵادزێ، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە و تەنیا شوشەی پەنجەرەی ماڵەکەی شکاندووە.[3]
- سەرچاوەیەک لە ئاسایشی شارەدێی زینانە ئەمڕۆ ڕایگەیاند: سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە کاتی چوونی هاووڵاتییەک بە ناوی هێمن عەلی بۆ کێڵانی زەوی و زار لە گوندی شۆڕاو لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی خورماتوو لە ناوچەی داوی لە ڕێگادا بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلەکەیدا دەتەقێتەوە و بە و هۆیەشەوە بریندار دەبێت، وتیشی: خۆشبەختانە برینەکەی سوکە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی شارۆچکەی کەلار کراوە.[1]
- لە شارۆچکەی قەڵادزێ گردبوونەوەیەک دژی بڕیاری ئەمریکا بۆ دیاریکردنی خەڵات لەبەرامبەر ئاشکراکردنی شوێنی سێ سەرکردەی پەکەکە و کەجەکە ئەنجامدرا، تێیدا ئەو بڕیارە شەرمەزارکرا و وەک درێژەپێدەری پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژی کورد بیندرا.[4]
- هاوشێوەی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی تری باشوری کوردستان، لە شارۆچکەی سەید سادق-ی سەر بەپارێزگای سلێمانیش بە گردبوونەوەیەک ئیدانەی بڕیارێکی ئەمەریکا کرا سەبارەت بە پێدانی بڕێک پارە لە بەرامبەر ئاشکراکردنی شوێنی سێ سەرکردەی کورد.[5]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی دەربەندیخان سەر بە پارێزگای سلێمانی، گردبوونەوەیەکی جەماوەری لە دژی بڕیارەکەی ئەمریکا سەبارەت بە دۆزینەوەی شوێنی هەر سێ سەرکردەی کورد

جەمال بایک و موراد قەرەیڵان و دوران کاڵکان، گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی ئەنجامدرا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجوومەنی سەربازی منبج ئاشکرای کرد کە چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر هاووڵاتیانی مەدەنی منبجیان کردووتە ئامانج. مەجلیسی سەربازی منبج ئەوەی خستەڕوو لەگوندی هەرمان کەدەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی منبج، لەکاتی ئەوەی کە خەریکی چاندنی زەیتوون بوون لەلایەن سوپای تورکیای داگیرکەرەوە کراونەتە ئامانجی گوللە.[4]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک لە عەفرین ژنێکی تەمەن 80 ساڵانیان رفاند و دوای دزینی پارە و زێرەکانی خنکاندیان.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا بەردەوامە لە هەرەشەکانی درێژەپێدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە باشووری کوردستان و دەڵێت "بەردەوامین لەبەرەوپێشچوون بۆ رووخاندنی قەندیل و شنگال بەسەر تیرۆریستاندا.[3]
- سەرکۆماری ئێران رایگەیاند: گەمارۆکانی سەر وڵاتەکەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئابووری ئێران نەبووە، دەڵێت: ئەمریکا تەنها دەیەوێت فشار بخاتەسەر هاووڵاتیانی ئێران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
- پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
- شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
- شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
- شار و شارۆچکەکان: کرماشان
- شار و شارۆچکەکان: بۆکان
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: هەولێر
- شار و شارۆچکەکان: مەخموور
- شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
- شار و شارۆچکەکان: منبج
- شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
- شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
- شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
- شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-06

[2]	👤 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 10-11-2018
[3]	👤 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-11-2018
[4]	👤 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-11-2018
[5]	👤 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 10-11-2018
[6]	👤 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 10-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 315

**2018-11-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156680



باکووری کوردستان
- تونا ئایدن هاووتەبێژی ئەنجوومەنی گەنجانی هەدەپە، کە لە ئۆپەراسیۆن پاکتاوی سیاسیی دەوڵەتی تورکیا لە دژی گەلی کورد دەستگیرکرابوو، بە تۆمەتی ئەندامبوون لە رێکخستن دا بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا.[2]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کەجەکە وەڵامی لێدوانێکی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا دەداتەوە و دەڵێت: دەبێت ئەردۆغان و ئاکەپە خەونی خاپورکردنی قەندیل و لەناوبردنی پەکەکە لەگەڵ خۆیان ببەنە ژێر گڵ.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی غالب کویەک خەڵکی گوندی دزەوەن سەر بە شاری مەریوان لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەسدا.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شاری هەولێر کۆمەڵێک لەچالاکوانان، مامۆستایان، رۆژنامەنووسان و هاووڵاتیانی شاری هەولێر بەئامانجی ئیدانەکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا لەدژی 3کادیرە پێشەنگەکەی پەکەکە و بە دروشمی ئێمە شۆڕشگێڕەکانمان نافرۆشین خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا لە عەن کاوەی شاری هەولێر ئەنجامدا.[2]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ ناساندن و دابەشکردنی کتێبی رازی هۆرامی سازدەکات.[1]
- ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند، ماوەی چەند رۆژێکە هەناردەکردنی نەوت بۆ ئێران لە کەرکوکەوە راگیراوە، هەروەها زانیاری ئەوە هەیە کە نەوتی کەرکوک لە رێگەی بۆریە نەوتییەکانی خاکی هەرێمەوە بەرەو تورکیا هەناردە بکرێتەوە.[2]
- ئەمشەو چەند تیرۆرستێکی داعش هێرشیان کردوەتە سەر گوندی بەنی وەیس سنوری شارەدێی سەعدیە و هاووڵاتیەکیان کوشتوە و یەکێکی تریان بریندار کردوە.[1]
- دژ بەمامەڵەی خراپی کارمەندانی حکومەتی ئیران، بەرامبەر بە شۆفێری ئۆتۆمبێلە بارهەڵگری هەرێمی کوردستان، لە خاڵی سنوری پەروێزخان، نزیکەی 600 شۆفێر مانگرتنیان راگەیاند و جموجوڵی بازرگانیان راگرت، دەشڵێن: تا کارمەندەکانی ئێران لە خاڵی سنوری پەروێزخان نەگۆڕدرێن مانگرتنەکە ناشکێنن.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی تەل قەرەح-ی سەربە ناوچەی ئەحداس-ی شەهبا مینێکی چێنراوی چەتەکانی داعش تەقییەوە و بەو هۆیەوە منداڵێکی 12ساڵ تەمەن بەناوی جەبۆ عومەر عەبدۆ کوژرا. راگەیەنرا کە بنەماڵەی جەبۆ عومەر خەلکی گوندی بەراد-ی ناوچەی شێراوای عەفرینن کە دوای داگیرکردنی گوندەکەیان لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و چەتەکای بەناچاری روویان لە شەهبا کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-09

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-11

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-11

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 316

**2018-11-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156681




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە زانکۆی پەیامی نووری مەریوان هەڵمەتێکی بەرووچاندن لە لایەن چالاکانی ژینگەپارێز بەڕێوەچوو و چالاکییەکەش پێشکەش بە شەهیدانی ژینگەپارێز کرا.[5]
- مامۆستایەکی کورد بە ناوی ئومید شامحەمەدی، خەڵکی شاری دیواندەرە لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعات دەسبەسەر کرا. ئەم مامۆستا کوردە پاش مانگرتنی سەرتاسەری مامۆستایان بە هۆی هاندانی مامۆستایان بۆ بەشداری کە مانگرتنی سەرتاسەری بانگهێشتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- یانەی سیاوچەمانە ڕێورەسمی ناساندن و واژۆکردن و بەخشینی کتێبی (گەوهەری ژمارەیەک تێکست و دەستنووسەکان) بەڕێوەدەبات.[1]
- چوارەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بە ناونیشانی سلێمانی مێژوویەکی دێرین، لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]

- دکتۆر ڕەزا حەسەن، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بەهۆی ئەنجامدانی فێستیڤاڵی یادی یۆبیلی زێڕینی زانکۆی سلێمانی، ڕۆژانی 28 و 29ی ئەم مانگە دەکرێتە پشووی فەرمی و دەوام ناکرێت.[4]
- لە دژی بڕیاری ئەمریکا لەسەر پێشەنگەکانی کورد، لە شاری سلێمانی گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو، تێیدا وێڕای ئیدانەکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا، ئەو بڕیارەش بە خزمەتەکردن بە تیرۆریستانی داعش و هاوکار بۆ پێشخستنی داعشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبرا.[3]
- سەر لە بەیانی ئەمرۆ کرێکارانی کۆمپانیای گارێکس، کە کاری خاوێنکردنەوەی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین لە ئەستۆ دەگرن، لە بەردەم بینای شارەدێی حاجیاوا-ی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین گردبوونەوە و مانگرتنیان لە کارەکانیان ڕاگەیاند. مانگرتووان پێکهاتوون لە کرێکارانی سنووری شکارتە و سەروچاوە و حاجیاوا و مانگرتنەکەیان دژ بە کەمکردنەوەی مووچەکانیانە لە 400 هەزار دینارەوە بۆ 250 هەزار دینار.[3]
- بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی لە خورماتوو ڕایگەیاند، چەکدارانی داعش لە سنووری خورماتوو هەن، ژمارەیان کەم و زۆر دەکات و لەنێوان 50 بۆ 80 کەس دەبن.[2]
- هاوڵاتیانی بناری قەندیل بڕیارەکەی ئەمریکا دژی پێشەنگانی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان شەرمەزار دەکەن، بڕیارەکە بە پیلانگێڕیی ناوزەد دەکەن، دەشڵێن: شۆڕشگێڕی خۆمان نادەینە دەست دووژمنان.[3]
- سەرۆکی دادگای کەرکوک سەرجەم دادوەرانی باری کەسێتی ئاگادارکردووەتەوە داوای ڕەزامەندی هاوژینی یەکەم لەو پیاوانە نەکەن کە دەیانەوێت ژنی دووەم بهێنن، هەروەها بۆ سێیەم و چوارەمیش بەهەمانشێوە.[4]
- عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: ئەمرۆ یەکێک لە بریندارەکانی شەڕەکە بەناوی (زوهێر جەعفەر) گیانی لەدەستداکە خێزانداره. وتیشی: پۆلیس بەردەوامە لە دۆزینەوەی بکوژانی هەیسەم و زوهێر کە تائێستا سێ کەس بە گومانی کوشتنی ئە و دوو هاوولاتییە دەستگیرکراون. [4]
- وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی کردەوە تیرۆرستییەکانی ئەمدواییانەی داعش، دەیان کەس لە خەڵکی سڤیل کوژراون و برینداربوون کە ئەمەش بوەتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری و گرفت بۆ خەڵک.[4]
- کۆبوونەوەی بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە هەولێر بەڕێوەچوو، کە تێیدا تاوتوێی جموجۆڵەکانی داعش کرا.[2]
- گەورەترین فڕۆکەکانی بواری گواستنەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی نیشتەوە و بڕیاریشە لەنزیکترین کاتدا فڕۆکەیەکی دیکەی هاوشێوە بگاتە فڕۆکەخانەکە.[1]
- دوای ڕاگرتنی هاوردە و هەناردەکردنی سوتەمەنی بۆ ماوەی نزیکەی 20 ڕۆژ لە مەرزی پەروێزخان، ئەمرۆ جارێکیتر جوڵەی بازرگانی بە سوتەمەنییەوە لەو مەرزە دەستپێکردەوە.[4]
- بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ڕەتیدەکاتەوە، ئاگر لە بەشێکی باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆ کەوتبێتەوە و فایلە گرنگ و نهێنییەکان سوتابن.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە بنکەیەکی پۆلیسی شارۆچکەی جەرابلووس تەقیەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان کە لە سەرچاوە خۆجێیەکان وەرگیراون، بەهۆی تەقینەوەکە لایەنی کەم 9 کەس بریندار بوون. ناوی بریندارەکان: فادی عەبد مەجید (29 ساڵان)، عیسا محەمەد (32 ساڵان)، جەمال حوسێن (28 ساڵان)، عەبد هادی سابری (24 ساڵان)، محەمەد فەرەج (18 ساڵان)، عەبد عەزیز خدر، محەمەد هنداوی (34 ساڵان)، فەرەح هنداوی (18 ساڵان) و محەمەد ڕەجەب.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە دادگای باڵای شتوتگارت یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی گەنجێکی کورد کە لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە، بەڕێوەچوو. گەنجەکە ناوی دەستبارە و پێشتر

مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە دانپێدانانەکەیدا باسی ئەوگەنجە دەکات و دەڵێت، لە ئەڵمانیاوە هاتووەتە هەولێر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-16


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 317

**2018-11-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156682




باکووری کوردستان
- لە ئامەد لەسەر داوای پارتیی ئازادی کوردستان پاک و پارتی سۆسیالیستی کوردستان، کۆنفرانسێک لەبارەی نەخشەڕێگەی چۆنییەتی بەشداری کورد لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوەچوو.[5]
- لە کاتژمێر 01:00 نیوەشەودا لە ناوچەی بسملیێ-ی ئامەد کەسێک بینای هەدەپەی دایەبەر دەسڕێژی گوللە. بەهۆی ئەوەی کە هێرشەکە لەنیوەشەودا ئەنجامدراوە و بیناکەی هەدەپە چۆڵ بووە زیانی گیانی بەدواوە نەبووە وتەنیها خەسارێ مادی بەربیناکە کەوتووە.[2]
- داواکاری گشتیی ئەنقەرە دۆسیەیەکی بۆ دادگەیی کردنی هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) پەروین بوولدان، هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات (کەجەدە) بەردان ئۆزتورک، پەرلەمانتاری ئامەدی هەدەپە ئیمام تاشچیئەر و پەرلەمانتاری دێرسمی هەدەپە عەلیجان ئۆنلو ئامادە کرد بە تۆمەتی (پروپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن).[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمرۆ کاتژمێر 04:30 خولەک بەکاتی کرماشان، ژنێکی کورد بە ناوی شەراره ئەلیاسی لە زیندانی ناوەندی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە درا.[2]
- مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان و ئێران نارەزایەتییان لە مەڕ جێبەجێ نەکردنی داخوازییەکانیان دەربڕی و مانیان گرت.[4]
- غالب حوسێنی، چالاکی کرێکاری و لە ئەندامانی کومیتەی هاوئاهەنگی بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی هێزە ئینتزامییەکان لە شاری سنە کرا.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حەسەن فەتحی تەمەن 27 ساڵ خەڵکی شاری بۆکان، کە لە سەرەتای ئەم حەوتوویەدا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، بۆ لێپرسینەوە، ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد کرا.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کوردیان بە ناوی سامان کەریمی تەمەن 23 ساڵ خەڵکی شاری بانە دەسبەسەر کرد.[7]
- ئومید شامحەمەدی چالاکی مامۆستایان و مامۆستای ژینگەناسیی لە شاری دیواندەرە، ئەمرۆ، ڕۆژێک پاش دەسبەسەرکرانی، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری سنە ڕاگوێزرا.[7]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 09:15 فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا گەلیی بەدران لە ناوچەی بۆکریسکان و چەند ناوچەیەکی دیکە لە بناری قەندیل بۆمبباران دەکەن.[2]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ ناساندن و دابەشکردنی کتێبی سینەماتۆگراف سازدەکات.[1]
- وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئاشکرایکرد ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ڕەزامەندیداوە لەسەر خەرجکردنی بڕی 16 ملیارو 858 ملیۆن دینار بۆ خوێندکارانی کورو کچی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی.[3]
- لە چوارچێوەی هەڵمەتی هۆشیاری هاتوچۆی سلێمانی کە لە ژێر دروشمی (ئامانجمان سزادانتان نییە، پەرۆشی سەلامەتیتانین)، سەر لەبەیانی ئەمرۆ بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (هێڵی سور) زیاد لە 250 منداڵ بە هاوکاری مامۆستایان، هەر دوو خوێندنگای بنەرەتی زەڵێ و هەوارە بەرزە سەردانی بینای بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانیان کرد بە هەڵگرتنی دروشمی (تکایە بمان پارێزن) و بە چەندین دروشمی هاتوچۆی تر.[1]
- لەسەر ئەرکی کۆمەڵێک خێرخواز قوتابخانەیەکی شەش پۆلی لە شارەدێی بۆسکێنی سەر بە شارۆچکەی رانیە کرایەوە.[5]
- بە مەبەستی خێراکردنی کارەکانی نۆژەنکردنەوەی دووکانەکانی بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر و گەڕانەوەی کاسبکارەکان بۆسەر کارەکانیان، کار گرووپ شەش هەزار تۆن چیمەنتۆ بەسەر خاوەن دووکانەکانی لەنگە دابەشدەکات.[5]
- کاتژمێر 3:00ی ئێوارەی ئەمرۆ، لەبەردەم پارکی چەرمۆ، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەلایەن چین و توێژەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵەوە، گردبوونەوەیەک بۆ ئیدانکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ پاکتاوکردنی سێ سەرکردەی پەکەکە و کەجەکە، ئەنجامدرا.[6]

- گەنجانی مەخموور، بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بڕیاری ئەمریکا دژی پێشەنگانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد ڕەتدەکەنەوە و بە دژی ئۆجەلان و تەواوی گەلی کورد لە قەڵەمی دەدەن و ڕاشیانگەیاند 'پێشەنگەکانی ئێمە کەرامەتی ئێمەن'.[6]
- بەهۆی زۆربوونی ڕووداوەکانی کوشتن لە هەولێر و پارێزگاکانی دیکە، وەزارەتی ناوخۆی هەرێم هەڵمەتێکی دیکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێمۆڵەت دەستپێدەکاتەوە، بەرپرسێکی پارێزگای هەولێریش دەڵێت: مۆڵەت بە هەموو کەسێک نادرێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی ئەهرەسی سەر بە کانتۆنی شەهبا مینێک تەقییەوە، لە ئەنجامدا 3 کەس بریندار بوون کە دوانیان منداڵن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نوێنەری ڕاوێژی گەلی کوردی ئەرمینیا، کوردستان کۆمیتە، نوێنەرایەتی مەجلیسی شەنگال لە ئەرمینیا، ڕۆژنامەی زاگرۆس، ڕۆژنامەی ڕێگەی تازە، ژمارەیەک زانا و ڕۆشنبیر لە ئۆفیسی کوردستان کۆمیتە کۆبونەوە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بڕیارەکەی ئەمریکایان دژ بە سێ سەرکردەی پەکەکە (جەمیل بایک، دوران کالکان و موراد قەرەیلان)شەرمەزار کرد.[4]
- دانیشتنێکی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا دەربارەی کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی تورک لە شاری جزیری باکووری کوردستان لە کاتی ڕاگەیاندنی خۆبەڕێوەبەریدا بەڕێوەچوو، دانیشتنەکە دەربارەی دۆسیەی کوشتنی دوو کەس بە ناوەکانی عومەر ئەلچی و ئۆرهان توونچ بوو، دانیشتنەکە سێ کاتژمێری خایاند و بنەماڵەی توونچ و ئەلچی ئیفادەیاندا. پارێزەران ڕەمەزان دەمیر و نەورۆز ئویسال، هەروەها زەینەب توونچ هاوژینی محەمەد توونچ-ی کە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکە گیانی لەدەستدابوو و گولەر توونچ هاوژینی ئۆرهان توونچ ئامادە بوون. پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، ئایشە ئاجار باشاران و پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە فەیسەڵ ساری یڵدز-یش ئامادە بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جزیرا بۆتان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەهاباد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دیواندەرە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ڕانیە (ڕاپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-13
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-15


کاتی تۆمارکردن: PM 9:09:58 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 318

**2018-11-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156683




باکووری کوردستان
- یەکەی تایبەتی پۆلیسی تورکیا لە ئامەد هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان لە ئامەد. پۆلیس لە هەڵکوتانەکەیاندا دەرگای ماڵەکانیان شکاند و دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکان. لە هەڵکوتانە سەر ماڵانەدا لە گەڕەکی یالملی لە ناوچەی لیجە سەیفەدین دەمیر، نەزیر گیوموش، زەکی گیوموش و زەکی مەنەکەش دەستگیرکران. زەکی مەنەکەش نەخۆش بووە لە ماڵەوە لە جێدا بووە، کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. کەسە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دەوڵەتی تورک لە ئامەد. لە فارقین-یش هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیان و ژنێک بە ناوی یڵدز ئەلما دەستگیرکرا.[6]
- پاش ئەوەی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لە ڕێی ئامێری ئاسمانییەوە دژی سەربازگەیەکی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی شەمزینان چالاکییەکی کاریگەریان کرد و ژمارەیەکی زۆری سەربازی تورکیا کوژران و بریندار بوون، پارێزگاری جۆلەمێرگ بڕیاری قەدەغەکردنی ئامێرە ئاسمانییە بێفڕۆکەوانەکانی دا. بە گوێرەی بڕیارەکە، فڕاندن و بەکارهێنانی فڕۆکەی سیخووڕیی بێفڕۆکەوانی جۆری IHA و درۆن تەنیا لە ڕێی وەرگرتنی مۆڵەت دەبێت.[6]
- ئەمڕۆ دانیشتنی دادگەیی کردنی هۆزان جانێ کە هاوکات هاوڵاتیی ئەڵمانیایە لە سێیەمین دادگەی سزاقورسەکانی ئەدیرنە بەڕێوەچوو. هونەرمەند هۆزان جانێ لە بەندیخانەی ئیستەنبووڵەوە لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگەوە بەشداری لە دانیشتنەکە کرد و ئە و تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە دراوەتیەپاڵی. هۆزان جانێ گوتی: (من هیچ پەیوەندییەکم بە و نووسینانەوە نییە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە. من هونەرمەندم و کاری هونەری دەکەم.) دەستەی دادگە بە بیانووی (پروپاگەندەکردن بۆ ڕێکخستن) سزای 6 ساڵ و 3 مانگ زیندانیکردنی بۆ هونەرمەند جانێ بڕیەوە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی لوقمان خیاڵی تەمەن 36 ساڵ، خەڵکی گوندی حەسەن کوردەی شاری بانە، بە تەقەی هێزە حکوومەتییەکان بریندار بوو.[7]
- کاتژمێر 1:30 خولەکی نیوەشەوی ڕابردوو لە گەڕەکی ئیلاهیە ی شاری کرماشان-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز خەڵکی لە ماڵەکانیان بردە دەرەوە. بە گوێرەی شەیەتحاڵان، شووشەی زۆرێک لە ماڵەکانی ئەو گەڕەکە شکاوە و زیانێکی زۆر بەر چەند ماڵێک لە نزیک تەقینەوەکە کەوتووە. تەقینەوەکە لەبەردەم ئۆتۆمبێلێکدا ڕوویداوە، کە لەناویدا کەسێک بە ناوی بەهرام نەورۆزی و هاوسەر و کچەکەیانی تێدابووە و بە برینداریی گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.[5]
- چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سەقز، بە ناوی ئەیووب جەوانپوور بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا.[7]
- مامۆستایەکی کورد بە ناوی ئەسکەندەر لوتفی خەڵکی شاری مەریوان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتیی شاری مەریوان و لەو ناوەندە حکوومەتییە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.[7]

باشووری کوردستان

- سلێمانی یادی 234 ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە و لە ساڵڕۆژی دامەزراندنیشی چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچن.[1]
- لە چوارچێوەی کارەکانی کۆڕبەندی پاریس حکومەتی فەرەنسا بڕیاریدا بە پێشکەشکردنی بڕی دوو ملیۆن یۆرۆ بە سندوقی نۆژەنکردنەوەی شارۆچکەی شنگال، کە لەلایەن نادیە مورادەوە دامەزراوە.[4]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان رایگەیاند، بۆ ماوەی 45 خولەک تورکیا تۆپبارانی چەند گوندێکی سنوورەکەیانی کردووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە و دەشڵێت تۆپبارانەکە لە وەڵامی هێرشێکی پەکەکەدا بووە، کە ئەمڕۆ کردوویانەتە سەر بارەگایەکی سەربازی تورکیا.[3]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت: کونسوڵخانەی کۆریای باشور لە هەولێر، 110 جۆر دەرمان و پێداویستی پزیشکی گەیاندۆتە بەڕێوەبەرایەتی تەندروسی شارەکە.[2]
- وتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاشکرایدەکات: لە شاری هەولێر باوکێک کە چەند ساڵێک لە زیندان بووە، درەنگانی شەوی ڕابردوو بە دەستڕێژی گوللە کوڕەکەی خۆی بەناوی م. س. کوشتووە.[2]
- هاوڵاتییەک لە نزیک نەخۆشخانەی شۆڕش لە شاری سلێمانی ئاگری بەردایە جەستەی خۆی و بە شێکی جەستەی سوتا و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.[5]
- ئەمڕۆ لە هۆتێل ڕۆتانا لە هەولێر ڕێکخراوی سپارک کۆنفرانسێک سەبارەت بە توندتیژی و توندڕەوی بە هاوکاری وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا سازدەکات.[3]
- بەرپرسێکی پەروەردەی هەولێر رایدەگەیەنێت: دوای ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە بڕیاردرا لە سەرجەم خوێندنگاکان دوو وانەی زانست و بیرکاری بەفەرمی بکرێن بە زمانی ئینگلیزی و مامۆستاش بۆ وانەکان دابینکراوە.[2]
- هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان لە مەراسیمێکدا بنکەی چاککردنەوەی ئامێرەکانی گەیاندنیان بەئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە ڕادەستی یەکەی گەیاندنی هێزەکانی پێشمەرگە کرد.[2]

دەرەوەی کوردستان

- ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، دادگای کەرخی تایبەت بە سەیریکردنی دۆسیەی تیرۆر، پێداچوونەوەی بە دانپێنانی یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی ڕێکخراوی داعشدا کردووە، کە والی کەرکوک بووە و ناسناوی ئەبو حەمزەی کوردی-یە. کە تۆمەتبارە بە بەدیلگرتنی ژمارەیەک پێشمەرگە گەڕاندنیان بەنێو حەویجە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 14-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 14-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 14-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 14-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-11-2018
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 15-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 319

**2018-11-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156684

باکووری کوردستان



- له 81هەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی ڕێبەری ڕاپەڕینی دێرسم سەید ڕەزا و هاوڕێکانی کە لە 15ی تشرینی دووەمی 1937 لە لایەن دەوڵەتی تورک لەسێدارەدران، لە مەیدانی سەید ڕەزا مەڕاسیمێکی یادکردنەوە بەڕێوەچوو. مەڕاسیمەکە لە لایەن هێزە دیموکراتییەکانی دێرسم ڕێکخرا. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە سەزای تەمەللی، پەرلەمانتارانی هەدەپە عەلیجان ئۆنلو، دڵشاد جانباز، عەلی کەنانئۆغلوو، کەمال بولبول، سەرۆکی گشتیی PSAKD غانی کاپڵان، هاوسەرۆکانی گشتیی کۆمەڵەی عەلەوییە دیموکراتییەکان (DAD) سەلدا گونەش و مووسا کوولوو و زۆر هاوڵاتی بەشدار بوون.[6]

- بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی لە سنووری پارێزگاکانی ئەرزینگان، قەرس، مووش، ئەردەخان و ئاگری باریوە، ڕێگای هاتووچۆی نێوان 270 گوند لەگەڵ ناوەندی شار و شارۆچکەکان داخراون.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزەکانی سپای پاسداران جێگر لە گوندی نێی مەریوان، چەند هاوولاتییەکی دانیشتووی ئەو گوندی بە ناوەکانی ڕەحمەت ئەفرا، عەبوڵلا ئەفرا، سەلاح ئەفرا، ئەحمەد ئەفرا و سەردار ئەفرا بانگهێشت کرد. یەکێک لە دانیشتووانی گوندی نێ لەم بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: باغی هاووڵاتییانی بانگهێشت کراو لە نزیک پایگای سپای پاسداران هەڵکەوتووە و هێزەکانی سپای پاسداران هەڕەشەیان لەو هاووڵاتییانە کردووە کە بیئیزنی سپا مافی هاتن بۆ ناو باغەکانی خۆیان نییە.[5]

- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان بە ناوی بێهزاد بامداد لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[5]

- لە دێهیاری سەوڵاوای شاری سنە، خولێکی زمانی کوردی و فێرکردنی دەف و سێ تار، بۆ فێرخوازانی زمان و هونەری کوردی بە ڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی فەرهەنگیی شاری سنە و هاووڵاتییانی خەڵکی شاری سەوڵاوا، بەشداربوون و لەوحی کۆتایی خولی زمانی کوردی و دەف و سێ تار بەخشرایە فێرخوازان.[5]

- دوو لاوی کورد بە ناوەکانی شیروان ڕۆستەمی کوڕی بارام و حەمدی ڕەزایی کوڕی مەحموود، خەڵکی گوندی دزڵی شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[5]

باشووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو، بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، سێ هاووڵاتیی کۆمەڵگەی قەدشی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی گیانیان لەدەستدا.قوربانییەکان ناویان (ڕەمەزان محەمەد، ئیسماعیل حەسەن و دلۆڤان ساڵح)ە. پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەرمی هەر سێکیان لە گۆڕستانی کۆمەڵگای قەدش خاک سپێردران.[1]

- توبا سەید قادر کە خەڵکی عەبابەیلێ بوو، یەکێک بوو لە بەرکەوتووانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی 1988. پاش چەندین ساڵ گیرۆدەبوونی بە کاریگەرییەکانی چەکەکە، ئەمڕۆ کۆچی دواییکرد.[4]

- شەوی ڕابردوو، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، سێ تەقینەوە ڕوویانداوە. تەقینەوەی یەکەم لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەکە بووە. هەروەها تەقینەوەی دووەم، لە نزیک مەزارگەی فاتما ئەلزەهرا لەهەمان گەڕەک، ماڵێکی چۆڵ تەقێندراوەتەوە. هاوکات کۆگایەکی مادە کهولییەکان، تەقێندراوەتەوە.[2]

- سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەت ڕەتیدەکاتەوە لە شاری سلێمانی گۆشتی گوێدرێژ فرۆشرابێت و دەڵێت: داوای یاسایی لەسەر ئە و کەناڵە تۆماردەکەین کە ئەو لێدوانێکی ئێمەی شێواندووە.[3]

- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆنفرانسێک لەلایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، کۆنفرانسێکی تایبەت بە کاریگەری دراما بیانییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی، لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا، چەندین پسبۆڕی بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری ئامادەبوون و چەندین بابەت لەبارەی کاریگەری دراما بیانییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی

پێشکەشکرا و باس لە ڕێگاچارەی کەمکردنەوەی کاریگەری خراپی ئەو دراما بیانییانە کرا لەسەر کۆمەڵگا.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ڕووداوێکی هاتوچۆ لە نزیک گوندی ئەڤریکێ کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆک لەنێوان دوو ئۆتۆمبێلدا لە جۆرەکانی کۆستەر و شۆفرلێت ڕوویداوە، لە ئەنجامدا ژنێک و دوو پیاو گیانیان لەدەستداوە و 18ی تریش برینداربوون.[3]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کڵێسەی ماریوسف و مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی بەسەردەکاتەوە.[7]
- بەڕێوەبەری بەشی پاراستنی کۆمەڵایەتی تەندروستی شارۆچکەی شەقڵاوە رایدەگەیەنێت: لە خوێندنگایەکی قەزاکە 32 خوێندکار بەهۆی بەرکەوتنیان بە جۆرە کرمێکەوە تووشی حاڵەتێکی مەترسیدار بوون.[3]
- شارەوانیی سلێمانی، هەڵمەتی ساڵانەی پاککردنەوەی شەقام و باخچە و شوێنە گشتییەکانی ئەنجامدا، ژمارەیەک خۆبەخش و ژینگەپارێز و کۆمپانیاکانی تایبەت بە پاککردنەوە بەشداربوون.[2]
- خالید کوڕی عەبدولکەریم خزر مەفرەجی سەرۆکی دادگای کەرکوک لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لەبەغدا دەستگیرکرا. ناوبراو بەتۆمەتی مامەڵەکردن بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراوە و بۆ دادگاییکردنیشی رەوانەی دادگای کەرکوک کرایەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دادگای دادی ئەوروپی ئەمڕۆ لە بڕیارێکی نوێدا رایگەیاند لەنێوان 2014 بۆ 2017 هێشتنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی تیرۆر ناحەق بووە. بەپێی حوکمەکەی دادگای یەکێتیی ئەوروپا، ئەنجوومەنی وڵاتانی ئەندام بۆ بڕیار و رێکاری دەرکراو، هۆکاری پێویستیان نەخستووەتەڕوو، کە پەکەکەیان لەو ساڵانەدا لە لیستی تیرۆردا هێشتووەتەوە.[4]
- لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا یادی 81هەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی سەید رەزا و هەڤاڵەکانی کرایەوە و یادیان بەرز راگیرا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئەرزینجان

شار و شارۆچکەکان: قارس

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: موش

🏢 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-15
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-15
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-15
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-15
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-15
[7] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-16

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 320

**2018-11-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156685



باکووری کوردستان
- پەرلەمانتارانی هەدەپە بۆ پشتگیریکردن لە مانگرتن لە خواردنی لەیلا گیوڤەن، لە زیندان، ویستیان لە بەردەم بەندیخانەی ئامەد لێدوانێکی رۆژنامەوانی بدەن، بەڵام پۆلیسی تورک هێرشی کردە سەریان.[2]
- والی جولەمێرگ لە بەیاننامەیەکی خۆیدا ئاشکرای کرد کە لەوناوچانەی سەربەجولەمێرگ-ی شەمزینان، وک چەلی، گەڤەرو30 ناوچەی دیکە کە لە 20ی تەشرتنی یەکەمەوە قەدەغەی تێداراگەیەنراوە هەتاکوکۆتایی تەشرینی دوویەم قەدەغەکە درێژکراوەتەوە.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمرۆ، لە گوندەکانی فارساوا و فەرەجاوای و چەند گوندێکی دیکەی هەورامان ژاوەرۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن گروپێکی ژینگەپارێزەوە هەڵمەتێکی پاککردنەوەی ژینگە، دەستپێکرد و دەروبەری ئەو گوندانە لە خۆڵ و خاشاک پاککرایەوە، بڕیار وایە هەڵمەتەکە لە رۆژانی داهاتوودا بەردەوام بێت.[2]
- کۆڵبەرێکی مێرمنداڵ بە ناوی مێهران دەهستانیراد تەمەن 15 ساڵ خەڵکی گوندی دۆڵەتووی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بە سەختی بریندار کرا.[6]
- 22 سەر ئەسپی کاسبکاران، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری بانە بە کوشت چوون و لاشەکانیان لە دەشت و دۆڵ بەجێهێشتووە.[6]
- هەڵۆکانی زاگرۆس بە بڵاوکردنەوەی بەیانییەیەک ڕایگەیاندووە کە لەو شەڕ و تێکهەڵچوونی ئەمرۆ، لە شوێنێک بە ناوی خێڵە ڕەشی شاری بانە، یەکێک لە هێزە نیزامییەکان کوژراوە و دوو

کەسی دیکە بریندار بوونە. هەڵۆکانی زاگرۆس شوناسی ئەو مەئموورە کوژراوەی هێزە نیزامییەکانیان بە ئارمان فەخری ڕاگەیاندووە و دوو کەس لە بریندار بووەکانیش بە ناوەکانی لوقمان خیاڵی و مەنشلوو بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی سەلاحدین ئەیووبی بانە ڕاگوێزراون.[7]

باشووری کوردستان

- حکومەتی عێراق هەناردەکردنی نەوتی کەرکوکی لەڕێگەی بۆڕی کوردستان دەستپێکردەوە.[3]
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی بۆردوومانکردنی ئامێدی لەلایەن سوپای تورک-ەوە بڵاوکردە و تێیدا ئیدانەکە هێرشەکە دەکات و دەشڵێت، کە بێدەنگی پەرلەمانتارانی هەرێم و بەغدا بەرامبەر بەو بۆردوومانکردنانە خیانەتکردنە لەو سوێندەی کە خواردوویانە.[2]
- شەوی رابردوو هونەرمەند عەبدوڵڵا حاجی لە دهۆک کۆچی دواییکرد.[1]
- کاژێر 1:30 خولەکی شەو لەکاتی هەڵکەندنی بیری گاز لە گوندی تورگە لە چەمچەماڵ، گاز دەرپەڕیووە، لە ئەنجامدا کارمەندێکی هەڵکەندنی بیر کە خەڵکی کەنەدایە گیانیلەدەستداوە و دوو کارمەندی دیکەش دۆخی تەندروستییان تێکچووە.[1]
- زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتییان لەبارەی پەرەپێدانی تەلارسازی خۆماڵی ئەنجامدا. هەموو ئەو بابەتانەی لە کۆنفرانسەکەدا خرانەڕوو جەختکردنەوە بوو لە داڕشتنی بنەمایەکی زانستی تەلارسازی، کە مۆرکێکی تایبەتی هەبێت بەکورد.[1]
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی هۆشداری دەدەنە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم لەئەگەری هێشتنەوەی پاشەکەوتی مووچە، پێشبینی دروستبوونی نارەزایی دەکرێت.[4]
- مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕونکردنەوەیەکدا رەتیدەکاتەوە داواکرابێت، فەرمانگەکانی سەر بە هەرێمی کوردستان و پۆلیسە کوردەکانی سنووری خانەقین بگەڕێنەوە گەرمیان و لە خانەقین بکشێنەوە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ەمرۆ دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بە گومانی ئەوەی لە ناوچەی جەرابلووس ئیدانەی داگیرکاریی تورکیا بکرێت، بە تانک، دۆشکە و سەرباز چواردەوری هەموو مزگەوتەکانی گرتووە. سەرچاوەکان ڕایانگەیاند، بەهۆی بەسەربازیکردنی شوێنەکان گەل ناچار بووە لە دوای نوێژ بڵاوەی پێبکات. هەروەها ئە وکەسانەی وێنەیان گرتووە لە لایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دەستگیر کراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏣 پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
- 🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شەمزینان
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-16
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-19

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 321

**2018-11-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156686




رۆژهەڵاتی کوردستان
- نزیکەی سەعات 10ی شە و بومەلەرزەیەکی بەهێز شارۆچکەی تازە ئابادی سەربە پارێزگای کرماشانی هەژاندوە. رونیشکراوەتەوە: پلەکەی 4.1 ڕێختەربووە و تاکو ئێستا زیانەکان نەزانراوە.[1]
باشووری کوردستان
- لە کۆمەڵگای (تل عزێر)ی سەر بە شارۆچکەی شنگال لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا پروسکی ژنێک و شەش پیاو دۆزرانەوە کە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کۆمەڵکوژکرابوون.[2]
- بۆ یەکەم جار لە شاری سلێمانی کونسوڵخانەی کۆریا لە هەولێر و کۆمەڵگەی پەروەردەیی کوردستان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی فیستیڤاڵی کەلتوری کۆری. فیستیڤاڵەکە پاشنیوەڕۆ لە تەلاری هونەری شاری سلێمانی بەرێوەدەچێت. گۆرانی و میوزیکی کۆری و سەمای تەقلیدی کۆری، نمایشی یاری تایکواندۆو چەندین سوپرایزی دیکە لە خۆدەگرێت.[1]
- پارتی و یەکێتی لە سلێمانی لەسەر پێکهێنانی حکومەت کۆبوونەوە.[3]
- ماوەی 4 رۆژە ژینگەپارێزانی ناحیەکانی شارۆچکەی رانیە دژی بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەکانیان لە 400 هەزار دینارەوە بۆ 300 هەزار دینار مانگرتنیان دەستپێکردووە، ئەمرۆش خۆپیشاندانی ژینگەپارێزان لە شارەدێی حاجیاوا بەردەوامبوو. بەهۆی مانگرتنی ژینگەپارێزانی ناحیەکانی حاجیاوا و سەرکەپکان لە ئێستادا خۆڵ و خاشاکێکی زۆر لەناوبازاڕ و شەقام و کۆڵانەکانی ئەو دوو ناحیەیە کۆبوەتەوە و بوەتەهۆی بێزاری هاووڵاتیان و مەترسی ژینگەشی لەسەر ئەو دوو ناحیەیە دروستکردوە.[2]
- لە شارۆچکەی خورماتوو، شەڕوپێکادان لەنێوان گروپێکی چەکدار و چەکدارانی حەشدی شەعبی ڕوویدا و دوای بریندارکردنی چەکدارێکی حەشد، گروپە چەتەکە دەستگیرکران.[2]

رۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا بەچەکی قورس و مام ناوەند شوێنی مانەوەی هاووڵاتیانی مەدەنی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی گرێ سپی کردووەتە ئاماج.[4]
- پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوان لە شاری قامشلۆ بەڕێوەچوو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-17
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 322
**2018-11-18**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156687




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تۆپخانەکانی سپای پاسداران بەرزاییەکانی شاخی شاهۆی لە نزیک گوندی شمشێر سەر بە شاری پاوە تۆپباران کرد. لەو تۆپباران کردنەدا، خەسارێکی بەرچاو بە ژینگەی ناوچەیە گەیشتووە و بووتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان دانیشتوانی گوندەکانی دەورووبەری شاهۆ.[5]
- کاتژمێر 9ی شەو، لاوێکی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی سەلمان ئەفرا کوڕی ڕەحمەت خەڵکی گوندی نێی مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دسبەسەر کرا و لە ماوەی 32 ڕۆژی ڕابردوودا، ئەمە 5مین هاووڵاتییە خەڵکی ئەو گوندەیە کە دەسبەسەر دەکرێت.[5]
- لە شاری سەحنە لە پارێزگای کرماشان وەک نەرێتێکی ساڵانە مەراسیمی ساڵیادی سەید خەلیل عالینێژاد بۆبەرزڕاگرتنی یادی ئەو هونەرمەندە، سەرەڕای ڕێگریی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بەڕێوە چوو.[4]
- دوو کرێکاری کورد خەڵکی شاری خۆی، بە هۆی هەڵمژینی گاز لە کارگەی ئامونیاک، گیانیان لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- بۆ یەکەمین جار دیداری گۆرانی شاعیر لە پارێزگاری هەڵەبجە بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیر و پارێزگاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت.[2]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: هیچ ڕێککەوتنێک بۆ هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ سوپا و هێزەکانی پیادەی عێراق نەکراوە، دەڵێت: لە بودجەی ساڵی 2019دا، 37 ملیار دینار بۆ هێزەکانی پێشمەرگە تەرخانکراوە.[1]
- لە گوندی پارە پارە لە باکووری خورماتوو، بۆمبێکی چێنراو بە تراکتۆری جوتیارێکی کورددا تەقییەوە و تەنها زیانی ماددی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری نێوان شارۆچکەی کفری - خورماتوو بۆمبێکیان پوچەڵکردەوە کە ماوەیەکە لە و ناوچەیە تیرۆریستانی داعش جموجۆڵیان زیاتر بووە.[1]
- دانیشتووانی گوندی یەنگیجەی تاڵەبانی جارێکی دیکە ڕێگری لە گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ گوندەکەیان دەکەن کە نیازی ئەوەیان هەیە بە هاوکاری دادوەری داقووق دەستبەسەر ئەو زەویانەدا بگرنەوە کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لە کورد سەنرابوونەوە و بە عەرەب درابوون.[3]
- بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان، بۆ یادکردەوەی ڕۆژی جیهانی قوربانیانیی هاتووچۆ ماوەی پێنج خولەک هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی ڕاگرت.[4]
- کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێڕ حەکیم کاکەوەیس.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمرۆ هێزە چەکدارەکانی سەربە تورکیا کە شاری عەفرینیان داگیرکردوە، دەبێتە شەڕی ناوخۆیان و کوژراو بریندارى لێدەکەوێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 18-11-2018
[2] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 18-11-2018
[3] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 18-11-2018
[4] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 18-11-2018
[5] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 18-11-2018
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 323
**2018-11-19**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156688



کوردستان
هەریەکە لە کەناڵەکانی ستێرک تی ڤی، مەدیا هابەر تی ڤی، ژن تی ڤی، ئاریەن تی ڤی، چرا تی ڤی و ڕۆناهی تی ڤی ئەمڕۆ کاتژمێر 17 بۆ ماوەی چەند خولەکێک شاشەکانیان ڕەش کرد. بەڕێوەبەرانی ئە و کەناڵانە ڕایانگەیاند، بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەی توندوتیژیی دژی ژنان (25ی تشرینی دووەم) ئەم چالاکییەیان ئەنجام داوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کاسبکاری کورد بە ناوەکانی لوقمان فەتحی و لوقمان ئەعلەم خەڵکی گوندی ئارمردەی بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار بوون.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد دادرەسی تەمەن 33 ساڵ کوڕی حامید خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی خەلیل کەریمی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]
- ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی نەرمین سەمەدی کچی عۆسمان، خەڵکی شاری بۆکان بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی لەگەڵ مێردەکەی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[7]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەیەکی تورکیا بۆردوومانی هەردوو چیای شەرانش و خامتیری کرد لە سنووری زاخۆ.[1]
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بۆردومانی دەڤەری چەمگین-یان کردووە لە سنووری هەرێمی ئاڤاشین-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگەی دهۆک.[3]
- لە مەراسیمێکی شکۆداردا تەرمی شەرڤانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، کە لە ڕۆژئاوای کوردستان شەهید ببوو لە شاری هەولێر بەخاک سپێردرا.[5]
- بەرەی تورکمانی بایکۆتی هەموو دانوستان و کۆبونەوەکانی کرد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لەبارەی

کەرکوکەوە، تا لە کابینەی نوێی حکومەتدا بەشداری پێدەکرێت.[2]
- پرۆسەی دانانەوەی چوار شمشێرەکە لەگەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکوک دەستپێکرد و لە یەکەم هەنگاودا یەکێک لە شمشێرەکان دانرایەوە، کە پێشتر لەلایەن ئیدارەکەی نەجمەدین کەریمەوە وەکو یەکێک لە شوێنەوارەکانی حزبی بەعس لە پارێزگاکە لادرا.[3] بەڵام بە هۆکاری مۆڵەت وەرنەگرتن لە لایەن دژە تیرۆری عێراقەوە ڕێگری لێکرا.[5]
- کاژێر 08:00ی ئەمشەو ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشدەکەن سەر هەر سێ گوندی ئیخوە، محەممەد شیربەگ و حوسێن مەمە لە سنووری خانەقین و شەڕ لەنێوان گرووپەکە و دانیشتووانی گوندەکان بە پاڵپشتی پۆلیسی فیدراڵی ڕوویداوە.[1]
- نزیکەی سەعات 9ی ئەمشە و بۆمبێک بەهێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی خانەقین تەقییەوە و چوار پۆلیس بریندابوون و ئەفسەرێکیش کوژرا.[4]
- کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر، هەڵبژاردنی ناوخۆیی بۆ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەنجامدا و بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانیش بۆ جارێکی دیکە کاوە مەحمود بە سکرتێر و بابە عەلی بەجێگری سکرتێر بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبژێردرانەوە و دوو لە ئەندامانی سەرکردایەتیش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.[2]
- بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە سنوری دهۆک دوو پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا.[4]
- سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید رایدەگەیەنێت: سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوەکەمان بانگهێشتنامەی رەسمی بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی جیهانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بۆ نێردراوە، بەڵام تورکیا ڕێگەنادات بەشداری کۆنگرەکە بکەن.[2]
- پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت: برای شەیمای 17 ساڵانیان دەستیگرکردووە، کە 19 رۆژ پێش ئێستا بەبیانووی دواکەوتنی لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بە حەوت گوللە کوژرا.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بەبشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی هەولێر، ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی مەولودی بێغەمبەری ئیسلام بەڕێوەچوو.[5]
- ئەمڕۆ دووشەممە، شاندێکی گومرگی عێراقی سەردانی هەولێریان کرد و لەبارەی پرسی داخستنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێم و عێراق ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمیش دەڵێت: شاندەکە چەند رۆژێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەمێننەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەڕڤانی یەپەگەی خەڵکی هەولێر عەلی خەبات و شەڕڤانی فەرەنسایی یەپەگە شاهین قەرەچۆخ بە مەڕاسیمێکی شکۆدار لە دەروازەی سنووری سێماڵکا ڕەوانەی باشووری کوردستان کران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە دادگای رەسافەی بەغدا دانیشتنێک لەبارەی قەرزی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، جووتیارانی کوردستان نزیکەی 555 ملیار دیناریان لای حکومەتی عێراقە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی شیوعی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراقی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-11-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 19-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 19-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 19-11-2018
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 23-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-10-2018 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 324

**2018-11-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156689



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی رێبەر عەبدوڵلا ئۆجەلان، جەنگیز یورەکلی، مەزلووم دینچ و سینان زینجیر بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان، جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەش بە سەرۆکایەتی داواکاریی گشتیی لە شاری بوورسا کرد. بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[5]
- چالاکی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد زەینەب ئولبەجی لەماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی قازی لەری ناوچەی پەیاسێ-ی ئامەد دەستگیرکرا. پۆلیسی تورکیا بەبێ مۆڵەتی دادوەرهەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئەو چالاکوانە و دەستگیریان کرد.[5]
- دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان-ئاکەپە، پێش هەڵبژاردنەکان، دەستی بە بڵاوکردنەوەی خەڵوزی بێبەرامبەر کردووە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، بەڵام دانیشتوانی گوندی حزووێ-ی ناوچەی حەسکێف لە باکوری کوردستان، ئەو خەڵوزانەیان قبووڵنەکرد و لەپێش چاوی بەرپرسانی ئاکەپە ڕژاندیان.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، مادیح فەتحی هاوژینی سەحەر کازمی چالاکی مەدەنیی دەسبەسەرکراوە خەڵکی شاری سنە و دایکی ناوبراو بە ناوی مەهوەش ئەمیری

ماوەی 5 رۆژە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دان.[3]
- لە شاری شووش، مێرمنداڵێکی تەمەن 12 ساڵ بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە کۆ نەکراوەکانی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق، گیانی لە دەست دا. شوناسی ئەو مێرمنداڵە تەمەن 12 ساڵە بە ناوی محەممەد ئەمین قالبی حاجیوەند، ڕاگەیاندراوە.[3]
باشووری کوردستان
- پۆلیسی ئێراقی لەکاتی هەڵمەتەکەیان بۆ گوندی زەنقەر لە داقوق چونەتە سەر ماڵی نەجیب کەریم فارس و بەهۆی شێوازی پشکنینەکەیانەوە کە لەڕووی عەشایەرییەوە قبوڵ نەکراوە، شەڕە بۆکس لەنێوان کوڕێکی ماڵەکە و پۆلیسەکان دروستبووە. لەئەنجامدا هێزەکە تەواوی ماڵەکەیان شێواندووە و نەجیب کاکەیی و هەردوو کوڕەکەیان دەستبەسەر کردووە.[1]
- لە ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە چەمچەماڵ حەوت کەسی خێزانێک گیانیانلەدەستدا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاکە دەڵێت، خێزانەکە عەرەبن و لەژوورێکدا سەرجەمیان سووتاون و گیانیانلەدەستداوە.[2]
- سەرۆکی ئەنجومەنی گومرگی سەوزە و میوەی هەولێر رایدەگەیەنێت: بەهۆی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی تەماتە بۆ ناو عێراق، ئەمڕۆ هیچ بەرهەمێکی تەماتە لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی عێراق نەکراوە، دەشڵێت: ئە و بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق زیانێکی زۆر بە بازرگانان دەگەیەنێت.[1]
- لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری سلێمانی، کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات، بەهاوکاری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی، سیمینارێک-یان بەدروشمی 'بێدەنگی بشکێنن، ڕێکارێک بۆ بەرگرتن بەتوندوتیژی بەرامبەر بە ژنان!' بۆ 'کەوسەر فەتاحی' چالاکوانی بواری ژنان ئەنجامدرا.[6]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو ڕاپۆرتانە دەداتەوە کە تۆمەتباریدەکەن بە پێشێلکردنی مافی کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کریستیاننشینەکانی پارێزگای دهۆک و دەشتی نەینەوا.[2]
- سێ هاووڵاتی بەڕەگەز تورکمان دانیشتووی سنووری خورماتوو لەکاتی ڕاوەماسیدا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندران.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی ئەل کەچلێ-ی منبج مینێک تەقییەوە، تەقینەوەکە لە کۆڵانی 30هەمینی گەڕەکی ئەل کەچلێ ڕوویدا. دەربارەی ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە هیچ زنیارییەک بڵاو نەبووەتەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا داوای ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و ئەندام پەرلەمانەکانی ئە و پارتە کوردییە دەکات کە لەلایەن تورکیاوە زیندانیکراون.[4]
- لە وەڵامی بڕیارەکەی دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا، ئەردۆغان رایگەیاند ئەو بڕیارانەی دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەورووپا دەریاندەکات، پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-11-2018
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 20-11-2018
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 20-11-2018
[4] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-11-2018
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 20-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 325

**2018-11-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156690



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورکیا ئەمرۆ لە ناوچەی پرسوسی رحا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی باران کاراک و لە دوای پشکنینی ماڵەکە کاراک-یان دەستگیرکرد و لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئەو ناوچەیە.[4]
لە گەڕەکی ئەلبەنگەدی لە ناوچەی وێرانشار بە پاساوی بڵاوکردنەوەی بابەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان 2 هاووڵاتی بە ناوەکانی حەسەن کاباک و عەبدولقادر چالاگان دەستگیرکران و ئەو 2 هاووڵاتییەیان گواستەوە بۆ فەرماندەیی جەندرمەکانی ئەو ناوچەیە.[4]
- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی پەرلەمانتاری هەدەپە سەلچووک مزراکلی بەڕێوەچوو.[4]
- پاسێک کە لە هێڵی گواستنەوەی رێگەی ئامەد - ئەدەنە کار دەکات، لە کیلۆمەتری 65ی رێگەی ئۆتۆبانی نێوان روحا - بیرەجیک لە لایەن پۆلیسەوە وەستێنرا. لە کاتی پشکنینی ناسنامەی سەرنشینانی پاسەکە، لە دووری 50 مەترەوە لەنێو ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشەوە گولەبارانی پاسەکە کرا و لە ئەنجامدا سەرنشینێکی پاسەکە بە ناوی سەدات پۆلات (32 ساڵان) بریندار بوو. پاش ئەوەی ناوبراو رەوانەی نەخۆشخانەی پەروەردە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عاکیف ئینان کرا، گیانی لەدەست دا. دواتر لە فەرمانگەی پزیشکی دادوەری تەرمی ئە و هاوڵاتییە رادەستی خانەوادەکەی کرایەوە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی مەدەنی بە ناوی کەریم ئەسغەری بە هۆکاری نادیار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی

سپای پاسدارانەوە لە شاری سنە دەسبەسەر کرا.[7]
- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی زەینەدین شێخە خەڵکی شاری سەردەشت لە سنووری کانی خوایی شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا.[7]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ەوە، لە هۆڵی گەلەری ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی، مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە ی-ن-ک، پێشەنگایەکی بۆ وێنەی شەهیدانی شەڕی دژی داعش کردەوە.[5]
- لە بارەگای نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە شاری هەولێر، ئەندامانی نوێنەرایەتییەکە دژ بە بەردەوامیی گۆشە گیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە مانگرتنیان لە خواردن دەستپێکرد و ڕایانگەیاند.[5]
- ریزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان راگەیەنرا.[1]
- لە شاری سلێمانی، هەڵەبجە و کۆیە و چەندین ناوچەی تر ڕێورەسمی تایبەت بۆ ڕۆژی شەهیدانی یەکێتی بەڕێوەچوو.[3]
- فەرماندەی پاسەوانی سنووری عێراق لە هەرێمی کوردستان و فەرماندەی پاسەوانی سنووری سنە لە سلێمانی کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی هاوبەشدا، لیوا شێرکۆ عەبدوڵڵا، فەرماندەی پاسەوانی سنووری عێراق لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان کۆماری عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا کراوە، پێویستە شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەیەک لەنێوان فەرماندەکانی پارێزگاکانی سنوور ئەنجام بدرێت، جارێک لە ئێران و جارێکیش لە عێراق.[2]
- پزیشکی دادوەری بەغدا ئەنجامی پکشنینەکانی (دی ئێن ئەی) بۆ ئێسکپروسکەکانی حەویجە و کەسوکاری ژمارەیەک پێشمەرگە ئاشکراکرد، بەپێی پشکنینەکان هیچ پارچەیەک لەئێسکوپروسکەکان هی ئەو پێشمەرگانە نین کە ناسنامەکانیان لە حەویجە دۆزرابوویەوە.[6]
- ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، سیمینارێکی لە قوتابخانەی ڕەوشتی کچان لە شارۆچکەی کەلار، بۆ ڕابیعە عەباس ڕێکخست، سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و تێیدا ئاماژە بەوەکرا، کە پێویستە ژنان بە توانا و بە خۆبەڕێکخستنکردن ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە.[5]
- ناوی 273 تۆمەتباری هەڵهاتوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە رادەستی وەزارەتی ناوخۆ کران و بڕیارە لە یەکشەممەی داهاتوو ئە و لیژنە باڵایەی بۆ دەستیگرکردنیان پێکهێندراوە، شوێنی نیشتەجێبوونیان ئاشکرا بکات.[6]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا خاڵە گومرگییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لابرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 21-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 21-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 21-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-11-2018
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 21-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 326

**2018-11-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156691



باکووری کوردستان
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی پاکتاوکردن و سڕینەوەی سیاسیی گەلی کورد دا، هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵی هونەرمەندانی ناوەندی رۆشنبیری میزۆپۆتامیا (نەچەمە - NÇM) و 8 هونەرمەند و منداڵێکی تەمەن 1 ساڵیان دەستگیرکرد.[2]
- لە شارۆچکەی دارەندەی سەر بە پارێزگای مەلەتی پاسێک وەرگەڕا. بەپێی ئاماری سەرەتایی، لانیکەم حەوت کەس گیانیانلەدەستداوە و 15ی دیکەش بریندارببوون.[1]
- کاتژمێر 8:50ی بەیانی بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.1 پلە بەپێوەری رێختەر ناوچەی سلۆپی بە پارێزگای شرنەخ هەژاند. بومەلەرزەکە لە قوڵایی 6.91ی کیلۆمەتری ژێر زەویدا رووی داوە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرباری تێپەڕینی 45 رۆژ بەسەر تەواوبوونی مانۆڕی سەربازیی سوپای پاسداران لە زنجیرە شاخ و کوێستانەکانی چیای شاهۆ، بەڵام سوپای پاسداران تا ئێستاش بەردەوامە لە بۆردومانکردنی ناوچە جیاجیاکانی شاهۆ و بەهۆی ئەو تۆپبارانکردنانەوە زیانێکی زۆر بە سروشتی شاهۆ و بە تایبەتی ئەو ناوچانە گەیشتووە، کە کراونەتە ئامانجی تۆپبارانەکان.[2]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی تاهیر سۆفی تەمەن 36 ساڵ خەڵکی گوندی گەرگۆلی خوار، سەر بە شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە کوردە، ناوبراویان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە

کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیی هاوبەشدا لەگەڵ رێبەری هاوپەیمانیی فەتح ڕایگەیاند: بۆ پشتگیریکردنی ئەو هەلە نوێیەی لە عێراق هاتووەتە پێشەوە، سەردانی بەغدام کردووە.[1]
- بومەلەرزەیەکباکوری خۆرئاوای شارۆچکەی زاخۆی سەربە پارێزگای دهۆکی هەژاند.[3]
- لە دەڤەری بەرواری سەر بە شارۆچکەی ئامێدی، بەفربارین دەستیپێکرد. بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەزانی ئامێدیش دەڵێت: شەپۆلی بەفروباران تا شەممەی داهاتوو بەردەوام دەبێت.[4]
- لەسەر رێگای سلێمانی-کەرکوک نزیک کۆمەڵگای (تەیناڵ) بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێک و بارهەڵگرێکەوە سێ ئەندامی خێزانێک گیانیان لەدەستدا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: مەلاتێ
- شار و شارۆچکەکان: شرناخ
- شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
- شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-11-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 22-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-11-2018


کاتی تۆمارکردن: 01-10-2018 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 327

**2018-11-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156692




باکووری کوردستان

- پارێزگاری دیلۆک ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: (لە نێوان 23ی تشرینی دووەمی 2018\2ی سەرماوەز و 7ی کانوونی یەکەمی 2018\16ی سەرماوەز لە ناوچە قەدەغەکراوانەی وەک [ناوچەی ئاسایشی تایبەت] ڕاگەیەنراون، هاتووچۆی مرۆڤ و ئۆتۆمبێل قەدەغەیە. قەدەغەی پێویست و ڕێوشوێنی ئاسایشیی پێویست لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شار و فەرمانداریەتیی جەندەرمەی شار دەگیرێنەبەر.)[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سپای پاسداران هەوڵی ڕەوانە کردنی چەکوچۆڵی قورسی نیزامیی بۆ بەرزاییەکانی شاخۆ شاهۆ دەدات. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، سپای پاسداران پایگەلێکی نوێ لە بەرزاییەکانی شاخی شاهۆ دروست کردووە و ئەم چەکوچۆڵە قورسانەش ڕەوانە ئەو پایگاگایانە دەکات.[5]

باشووری کوردستان

- بە ئامادەبوونی 180 کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی 13 هەمین پیشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی کرایەوە. ئە و پیشانگایە لە 23-11-2018 هەتا 28-11-2018 بۆ ماوەی 6 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و کۆمپانیاکان کاڵاکانی خۆیان دەخەنەڕوو. ڕۆژانە لە سەعات 11ی بەیانی هەتا 5 ئێوارە پیشانگاکە بەڕووی هاوڵاتیاندا کراوەیە.[2]

- بەهۆی بارانبارینێکی زۆر لە کەمپی شێخان ئاوچووەتە نێو نزیکەی 30 خێوەتی ئاوارەی کوردانی ئێزدی و هەموو کەلوپەلەکانیان ژێرئاوکەوتوون.[1]

- نووسەر و ڕۆژنامەنووس د. محەمەد ئەمین هەورامانی لە تەمەنی 90 ساڵیدا لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]

- ژنانی هەولێر لە ژێردروشمی (هەموو پێکەوە بەرەنگاری توندوتیژی دەبینەوە) گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا داوایانکرد چیتر توندوتیژی بەرامبەر ژنان نەکرێت.[6]

- شەوی ڕابردوو بەهۆی زۆری ڕێژەی بارانبارین، لافاو لە بەشێک لە گەڕەگ و شەقامەکانی سەدمەتری و شەشت مەتری شاری هەولێر دروستبوو.[4]

- لە ژێر ناونیشانیلە دژی توندوتیژی، هەموومان پێکەوە بەرەنگاریی توندوتیژی دەبینەوە، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- ڕژاک، بە بەشداری چین و توێژە جیاوازەکان، ڕێپێوانێکیان لە بەردەم باخی گشتی بۆ پارکی دایک-ی شاری سلێمانی دەستپێکرد.[4]

- لە کەلار هۆڵێکی هونەری بە گوژمەی 879 ملیۆن دینار کرایەوە و لە ماوەی چوار ساڵدا پرۆژەکە تەواوکرا، بۆ یەکەمجار دیدارێکی هونەری لە هۆڵەکەدا ئەنجامدا کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت و چەند گرووپێکی ئێرانی و ڕووسی تێیدا بەشدارن.[1]

- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارەدێی وەرتێ سەر بە شارۆچکەی ڕواندز، گەنجێکی تەمەن 22 ساڵان بەناوی ئاسۆ ئازاد ویستویەتی هاوشێوەی یاری پەپجی ڤیدیۆییەک تۆماربکات، بەڵام بەهەڵە لەلایەن هاوڕێیەکییەوە کوژراوە.[6][2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەنجوومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، گروپە چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشیان کردووەتە سەر خاڵەکانی شەرڤانان لە گوندی عەرەب حەسەن لە منبج.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕواندز
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەنتاب - دیلۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

:Quick Respons Code

🗄سەرچاوەکان

[1] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 23-11-2018

[2] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 23-11-2018

[3] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-11-2018

[4] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-11-2018

[5] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 23-11-2018

[6] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 23-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 328

## 2018-11-24

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156693




باکووری کوردستان

- پۆلیسەکانی دەوڵەتی ئاکەپە بە دوکاندار و کاسبکارانی ناوچەی جزیریان لە شرنەخ راگەیاندووە، نابێت لە کاتژمێر 12ی شەو بە دواوە دوکان و بازاڕ و شوێنی کارەکانیان کراوە بێت.[3]
- پۆلیسی دەوڵەتی ئاکەپە لە وان بەڕێوەبەرانی دیسا دەر (DÎSA-Der) و خەباتکارانی رۆژنامەی یەنی یاشام و هەدەپەی دەستگیرکرد.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، ئەمیر سوهەیلی، بەرپرسی ئەنجومەنی کارتۆن و کاریکاتۆری سنە، لە رێگای نێوان کامیاران-سنە، بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەست دا.[6]
- سەحەر کازمی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری سنە، کە چەند مانگ پێشتر لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، بە شێوەی کاتی لە گرتووخانە ئازاد کرا.[6]
- دوو لاوی کورد، بە ناوەکانی پەیام ئەنوەری و ڕەزا مەریمی، خەڵکی شاری بانە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. هێزە ئیتلاعاتییەکان هۆکاری دەسبەسەرکردنی ئەم دوو هاووڵاتییە کوردەیان، بۆ لایەنگەری لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران گەڕاندووەتەوە.[6]
- ئومێد دەباغچی موکری، چالاکێکی مەدەنیی کورد، لە گرتووخانەی شاری مەهاباد پاش تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ئازاد کرا.[6]
- چالاکێکی مامۆستایان بە ناوی حامید نێرگسی خەڵکی شاری دیواندەرە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپا دەسبەسەر کرا.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سینا ئەحمەدی خەڵکی شاری بانە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]

باشووری کوردستان

- له نزیک شارەدێ تەکیە-ی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ-ی پارێزگای سلێمانی، تەقە لە ئۆتۆمبێلێک کرا، بەهۆیەوە کەسێک کوژرا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون، کە هەرسێکیان خەڵکی شاری کەرکوک-ن و لە نەتەوەی تورکمان-ن.[1]
- کۆگایەک لە شاری هەولێر گڕی گرت و ژمارەیەک خێزانیش کە لە بینای سەر کۆگاکەدان ژیانیان کەوتە مەترسیەوە. ئاگرەکە زیانی ماددی زۆری لێکەوتەوە و سەرئەنجام زیانی گیانی نەبوو.[2][5]
- شیروان میرزا، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان عێراق رایگەیاند، لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆ گفتوگۆ دەکرێت لەبارەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکانی ئەم دواییەی عێراق و ئێمەش داوای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی بناری قەندیل دەکەین.[4]
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، حکومەتی فیدراڵی پابەند کرد بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی ئەم دواییەی ناوچەکانی هەرێم.[5]
- بۆ یەکەمجار لەسلێمانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق بەبێ کردنەوەی قەفەزەی سنگ نەشتەگەری گۆڕینی سەمامەی دڵ ئەنجامدرا، وتەبێژی تەندروستی سلێمانیش دەڵێت: تیمێکی ئەڵمانی بەهاوکاری پزیشکانی ناوخۆ نەشتەرگەرییەکانیان بەسەرکەوتووی ئەنجامداوەو نرخی هەر سەمامەیەکیش 40 هەزار دۆلارە.[5]
- فرۆشتنی جۆرە پێڵاوێک لە بازاڕەکانی دهۆک مەسیحییەکانی ئە و شارە تووڕە دەکات و داوا دەکەن ئە و جۆرە پێڵاوە لەبازاڕ نەفرۆشرێت، پەرلەمانتارێکی مەسیحی-ش داوا دەکات ئە و کسانە سزا بدرێن کە ئە و کارەیان کردووە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سۆران دەستی بەسەر بڕی 31 کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە جۆری هێرۆیندا گرت، کە لەنێو ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بووە لە جۆری مازدا.[4]
- بەهۆی بارانی بەخوڕ و لێزمە، لە ئێوارەی ئەمڕۆوە لە سنووری مەندەلی و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری لافاو دروستبووە و بەهۆی ترس لە زیادتربوونی لافاو تیمە فریاگوزارییەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان.[2]
- یاسین ڕەحیم جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانی پێشوازیان لە محەمەد قایە سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئامەد و عەبدلقادر دەمیر سەرۆکی ژووری بازرگانی باتمان کرد و پرۆتۆکۆڵێکی هاوکارییان واژۆکرد.[5]
- لە چەمچەماڵ شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵە روویدا و بەهۆیەوە دوو کەس برینداربوون.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شیمار حیمۆ چالاکوانی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاند: لەشارۆچکەی تیانەی سەربە پارێزگای دێر ئەلزور، شەرڤانان و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ئوسامە عوێد ئەبو زەید کەسی دووەمی داعشیان دەستگیرکردوە.[5]
- چەتەکان بە ئامانجی لەباربردنی ئاسایشی منبج، دوو مین-یان لە گەرەکی سەرب بەجێ کردبوو، مینی یەکەم لە نزیکی خوێندنگای 'قەسر بەنات عەرەب' لە کاتژمێر 23:24 خولەکی شەو تەقییەوە، کە لە ئەنجامی تەقینەوەکە کەسێکی سڤیل و دوو سەرباز بریندار بوون، تەقینی دووەمیش لە نزیکی مەیدانی دەلوو کاتژمێر 23:25 خولەکی شەو ڕوویدا کە ئەو تەقینە زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری ئارنەیمی هۆڵندا لەبارەی کەمپەینی توندوتیژی دژ بە ژنان سیاسەتە سیمینارێک رێکخرا. ئەو کەمپەینە لەلایەن بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ئەروپا (تەژەکە ئەوروپا - TJK-E) رێکخراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |

شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-11-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 24-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 24-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 24-11-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 329

**2018-11-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156694

رۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.5 پلەی ڕێختەر لە سەرپێڵ زەهاو و قەسری شیرین و ناوچەکانی تری سنووری کرماشانی دا. قوربانی و بریندارى زۆری لێکەوتەوە. هەواڵە سەرەتاییەکان باس لە کوژرانی 7 هاووڵاتی لە سەرپێڵی زەهاو دەکەن. پارێزگاری کرماشان ژمارەی بریندارانی 115 کەس ڕاگەیاندووە. بە وتە هوشەنگ بازوبەند پارێزگاری کرماشان لە گیلانی غەرب 50 کەس، لەسەرپێڵی زەهاو 50 و 15کەسی دیکە لە گیلان غەرب بریندار بوون.[3]
- ژمارەیەک لە کچانی هونەرمەندی شاری سنە، پێشانگایەکیان بە ناوی هاوار سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان بەڕێوە برد.[5]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.5 پلەی ڕێختەر لە گەرمیان و سنووری پارێزگای سلێمانیی دا، بەهۆیەوە بەلایەنی کەمەوە 2 کەس لە کەلار گیانی لەدەستداوە و دەیان بریندارى لێکەوتەوە.[3]
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنێت. لەمەراسیمەکەدا هەر یەکە لە نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی و نوێنەری یەکێتی ئەوروپا و نوێنەری ژمارەیەک کونسڵی وڵاتان لەهەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان ئامادە دەبن.[1]
- بەهۆی بوونی کەموکوڕی و نارەزایی لەدۆخی ژیانیان خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان دەستپێکرد و بەهۆیەوە دەوام ڕاگیرا. سەرۆکی زانکۆی سلێمانی ڕایگەیاند: لیژنەیەکیان بۆ بەدەنگەوەهاتنی داواکاری خوێندکاران پێکهێناوە و ئەمڕۆش بڕیار دراوە تا ماوەیەک بەڕێوبەری کەمپی ناوشاری زانکۆی سلێمانی بەرپرسیارێتی بەشە ناوخۆییەکان دەگرێتە دەست.[1]
- ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، سکاڵایەکی یاسایی لەسەر باوکی نما تۆمارکرد و، ئەمڕۆش بۆ لێکۆڵینەوە بردرایە بەردەم دادگا.[2]
- لە شارەدێی خانەسۆر لە شەنگال بە بۆنەی 25ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، سیمینارێک ئەنجامدرا و دواتر خۆپیشاندانێک بەڕێوەچوو.[4]




تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-11-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 25-11-2018

[3] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-11-2018

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 27-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 330

**2018-11-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156695



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا لە 11کەرەک و گوندی لیجە قەدەغەی هاتوچۆی لە دژی هاووڵاتییان ڕاگەیاند. سوپای تورکیا دوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆئۆپەراسیۆنێکی سەربازییان لەناوچەکەدا دەستپێکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بوومەلەرزەکەی دوێنێ شەوەوە، سەرچاوەکان باس لە کوژرانی 8 کەس و برینداربوونی زۆرتر لە 700 کەس دەکەن لە سنووری کرماشان.[1]
- بەرپرسی تۆڕی ناوەندی بومەلەرزەزانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند: لەدوای ئەو بومەلەرزە بەهێزەکەی لە کرماشان ڕوویدا 161 بومەلەرزەی سوک و مام ناوەند لەو پارێزگایە تۆمارکراوە.[5]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی داڵانپەڕی مەرگەوەر، لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە تەقەیان لێدەکرێت و لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مامەش عەلیزادە خەڵکی ناوچەی تەرگەوەڕ، بە سەختی بریندار بوو.[3]
- چەند ڕۆژ پێش، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حشمەت ئادمنتەمەن 28 ساڵ خەڵکی گوندی ئەسپەرێز سەر بە دێهستانی پیرشالیاری شاری سەوڵاوا، لە لایەن مەئموورانی ئیتلاعاتی سەر بە هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
باشووری کوردستان
- لەماوەی 24 سەعاتی ڕابردوودا 90 بومەلەرزە شاری خانەقین و دەوروبەری هەژاندوە.[5]
- کاتژمێر: 23:00، ئاگرێک لە بازاڕی قەیسەریی مێژوویی کەرکوک کەوتەوە و بەهۆیەوە سەدان دوکان سووتان و زیانی ماددی و مێژوویی لێکەوتەوە.[1]
- ئەمڕۆ جارێکی دیکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەبەردەم کەمپی نوێی زانکۆ گردبونەوەیان ئەنجامدا. ئەو خوێندکارانە، جەختیان کردەوە، کە تا ئەو کاتەی تەواوی داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت، بەردەوام دەبن لە دەربڕینی ناڕەزایی.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لە بارەگا سەرەکیی خۆیان لە شاری سلێمانی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان لەسەر بڕیاری داخستنی حزب و ڕێکخراوە بێ مۆڵەتەکان ڕێکخست، کە دوێنێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرکرا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، شیلان شاکر، هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی قسەیکرد و ئەوەی خستەڕوو: دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە، ئەمڕۆ بەشی ئاسایشی ڕزگاریی لە شاری سلێمانی سەردانی بارەگاکەمانی کرد و داوای پیشاندانی مۆڵەتی لێ کردین، ئێمەش پێمانوت کە مۆڵەتی هەرێمان نییە بەڵام مۆڵەتی عێراقمان هەیە.[6]
- عاسی محەمەد زەنگەنە دانیشتووی شاری کفری کە یەکێکە لەوانەی لە سەر دۆسیەی ئەنفال داواکراو بوو، چوار ساڵ لەمەوبەر خۆی ڕادەستی دادگا کرد بوو، ئەمڕۆ لە زینداندا کۆچی دوایی کرد.[7]
دەرەوەی کوردستان
- هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک بە بەشداری ژمارەیەک شارەزای کورد، عەرەب و ئیسرائیلی لە ئۆرشەلیم بەڕێوەچوو کە تێیدا سیستەمی فیدراڵیزم بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاوتوێ کرا، بەتایبەتیش لە عێراق، سووریا، ئوردن و ئیسرائیل، ئەمەش وەکو بەشێک لە چارەسەری ئەو

دۆخە ئاڵۆزەی لە چەندین ساڵی رابردوودا رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتووەتەوە. یەکێک لەو بژارانەی لەوێدا خراوەتەڕوو، پێکهێنانی جۆرێک لە کۆنفیدراڵی لە نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-11-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 26-11-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 26-11-2018

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 26-11-2018

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 26-11-2018

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 26-11-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 331

**2018-11-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156696




باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا، سەردانی داواکاری گشتیی دادگای کۆماری بورسایان کرد. ئەمە 766هەمین جارە کە پارێزەران سەردانی دادگای کۆماری بورسا دەکەن. بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[5]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیکوتایە سەر دەیان ماڵ لە پارێزگەی شرناخ. بە گوێرەی زانیارییەکان لە ناوەندی شارەکە 8، لە جزیر 18، لە سلۆپی 14، لە هەزەخ 9 و لە قلابان-یش کەسێک دەستگیر کراوە. ڕاگەیەنرا ئە و کەسانە بە بیانووی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) و (پڕوپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن دەستگیرکراون و ڕەوانەی بەڕەوەبەرایەتیی ئاسایش کراون.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دانیشتووانی سنووری کرماشان، بەهۆی ترس لە بوومەلەرزە لە دەرەوەی ماڵەکانیان ڕۆژ دەکەنەوە.[2]
- عێزەت نەسری چالاکی کرێکاریی کورد، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەی بەپێی حوکمی دادگوستەریی شاری سەقز، خۆی بە ناوەندە قەزاییەکان ناساند و بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی مێهدی ئەمینی، کوڕی مەجید خەڵکی گوندی نەنووری شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا.[6]
- ستوانی یەکەم مستەفا عەبدولمەلەکی، خەڵکی شاری قوروە و فەرماندەی پاسگای سنووری بروێشکان، لە گوردانی نووری شاری بانە، لە شەڕ و تێکەڵچوونێکدا لەگەڵ کەسانێکی نەناسراو کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە دادگای بەرایی هەڵەبجە و بە ئامادەبوونی پارێزەرانی نێودەوڵەتی و کەسوکاری شەهیدان و پارێزەری کۆمپانیاکانی فرۆشتنی چەکی کیمیایی، پرۆسەی دادگایکردنی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی بەعس دەستپێکرد.[1]
- شەوی ڕابردوو ئاگر لە بازاڕی قەیسەری شاری کەرکوک کەوتەوە، بەو هۆیەوە زیاتر لە 300 دوکانی بازاڕەکە بە کەلوپەلەکانی ناویانەوە سووتان.[2]
- هێزەکانی ئاسایش لە سلێمانی چوونە بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و پێیان ڕاگەیاندوون، کە بەهۆی نەبوونی مۆڵەتەوە دەبێت بارەگاکەیان داخەن و بۆ ئەو مەبەستەش دەستەی بەڕێوبەریی تەڤگەری ئازادییش لە کۆبوونەوەدایە و هێزەکانی ئاسایشیش گەمارۆ بارەگاکەیان داوە و لە چاوەڕوانیی داخستنیدان. هاوڵاتیان و ئەندامانی تەڤگەر ڕوو لە بارەگای تەڤگەری ئازادیی دەکەن بە مەبەستیی پشتگیریی.[2]
- محەمەد عەبدوڵڵا، هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە، کە بارەگانیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان بکەن و دابخرێت، دەشڵێت: ئەگەر بەزۆریش ئێمەیان کردە دەرەوە، ڕێگای خۆپیشاندان و نارەزایەتی دیموکراسییانە دەگرینە بەر.[2]
- ساڵیادی دامەزراندنی پەکەکە لە چیاکانی کوردستان بە مەراسیمێک پیرۆزکرا.[2]
- دانیشتوانی گوندەکانی سنووری شارۆچکەی داقوق خۆپیشاندانێکیان ساز کرد بەمەبەستی ڕێگرتن لەچوونی عەرەبەکان بەپاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان بۆ گوندەکانیان.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: ئێوارەی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک لە شارۆچەکەی خانەقینی داوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[1]
- مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەکەی ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، یەکێتی بە شەراکەتی راستەقینە و بڕیاری هاوبەش و بەرپرسیارێتی هاوبەش، بەشداری کابینەی نوێی حکومەت دەکات.[4]
- فیلمی (14ی تەمووز) کە باس لە بەرخۆدانی مێژوویی پێشەنگەکانی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان (پەکەکە) لە زیندانی ئامەد دەکات، بڕیار بوو لە ڕۆژی 1ی کانوونی یەکەم\10ی سەرماوەز بەدوا، لە سینەما سالمی شاری سلێمانی نمایش بکرێت، بەڵام بە بڕیاری ئاسایشی گشتیی سلێمانی نمایشی فیلمەکە قەدەغە کرا.[5]

- گەنجانی باڵەکایەتی بەبۆنەی 41 ساڵەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە ڕۆشتنە شوێنی گەریلاکان و بە یاریە ئاگرینەکان چیاکانیان ڕوناک کردەوە، بەو شێوەیە پیرۆزبایی خۆیان بۆ ئەو یادە دەربڕی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمریکا بەردەوامە لەفراوانکردنی توانا سەربازیەکانی خۆی لەڕۆژئاوای کوردستان و لەناوچەی گرێ سپی سەربازگەیەک لەنێوان سنوری تورکیا- ڕۆژئاوا دادەمەزرێنێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | شرناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-11-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 27-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 27-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 28-11-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 332

**2018-11-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156697



باکووری کوردستان
- لە سێیەمین ساڵیادی کوشتنیدا، لە بەردەم منارەی چوار لنگ لە ناوچەی سووری ئامەد مەراسیمی یادکردنەوەی تاهیر ئەلچی سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد بەڕێوەچوو. لە مەراسیمەکەدا تورکان ئەلچی هاوژینی تاهیر ئەلچی، نوێنەرانی ژووری پارێزەرانی دیلۆک، ئیزمیر، ئەنقەرە و یەکێتیی ژووری پارێزەرانی تورکیا (TTB)، پەرلەمانتارانی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ڕەمزیە تۆسوون، سەلچووک مزراکلی، مووسا فارسئۆغووللاری و زۆر پارێزەری دیکە بەشدار بوون.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە، چەند بوومەلەرزەیەک لە سنووری سەرپێڵ زەهاو ڕوویانداوە.[1]
باشووری کوردستان
- لە یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، چەند ڕێورەسم و چالاکییەک بەڕێوەدەچێت. لە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکی چالاکییەکانیدا، یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشیە سەرۆک مام جەلال لە پێناو دامەزراندن و گەشەپێدان و یارمەتی و کۆمەکەکانی بۆ ئەو زانکۆی سلێمانی. هەروەها زانکۆی سلێمانی لە پێناو خزمەتکردنیان بە و زانۆیە خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشییە ژمارەیەک لە بەرپرسان و سەرۆک و دڵسۆزانی ئە و زانکۆیە کە لەناویاندا پشتیوان و هاوکار بوون لە سەرخستن و بەرەوپێشبردنی زانکۆکەدا هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ، نەوشیروان مستەفا، مەسعود بارزانی، جەمال عەبدول، لەتیف ڕەشید، فاروق مەلا مستەفا و ژمارەیەک کەسایەتی زانستی و ئەدەبی و هونەری دەبیندرێت.[2]
- شەوی ڕابردوو، 3 بوومەلەرزە لە نزیک خانەقین ڕوویاندا.[1]
- ئاسایشی گەرمیان، ڕۆشتوونەتە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شارۆچکەی کەلار و داوای ئەوە دەکەن بارەگاکەیان دابخەن.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ، هێزێکی ئاسایشی کۆیە، چوونەتە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادی لە شارۆچکەی کۆیە-ی سەر بە پارێزگای هەولێر و دایانخستووە.[3]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایش لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستانیان داخست.[3]
- بارەگای تەڤگەری ئازادی لە هەردوو ڕانیە و قەڵادزێ لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە داخران.[4]
- هێزەکانی ئاسایشی ڕانیە ئەمشە و هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەی ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕەژاک) لە شاری ڕانیە و دوای 3 ڕۆژ لە کردنەوەی، نووسینگەکەیان داخست.[5]
- شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، سەردانی بارەگای تەڤگەری ئازادییان کرد لە شاری سلێمانی و پشتیوانیی خۆیان بۆ هاوسەرۆکان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤگەری ئازادیی دەربڕی.[3]
- بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم رایدەگەیەنێت: حکومەتی هەرێم داوا لە بریتانیا دەکات کار بکات بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ ناساندنی کەیسی ئێزدییەکان بۆ بە جینۆساید ناساندنی.[4]
- تەقە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەشی ڕۆژ هەڵاتی سلێمانی لە گەڕەکی توی مەلیک کرا و زیانی ماددیی لێکەوتەوە.[4]
- بە مەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ و دروستکردنی بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی جوتیارانی سنورەکە، بە ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر و بەرپرسانی حکومی و حزبی، لەسەر بودجەی یەکێتی ئەوروپا و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە هەفتەبازاڕێکی کشتوکاڵی لە هەڵەبجە کراوە کە بێ بەرامبەر دەدرێتە جوتیاران.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەفدێکی هاوبەشی کورد و تورکمان لەبارەی کێشە کشتوکاڵییەکانی کەرکوک لەگەڵ بەرهەم

ساڵح، سەرکۆماری عێراق کۆبونەوە.[4]
- تاهیر ئەلچی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ 3 ساڵ لەوە پێش و لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا لە ئامەد تیرۆرکرا. بڕیاربوو لە ئەنقەرە یادی ئەلچی بەڕێوەبچێت، بەڵام پۆلیسی تورک رێگای نەدا یادەکە لە ئەنقەرە بەڕێوەبچێت.[3]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ رژێمی ئاکەپە هەڵیکوتایە سەر ماڵان و لە ئەنجامدا هەریەکە لە ئەندامانی هەدەپە؛ هانیفی باڵجی، سەیفەدین بۆزکوورت، ڕەمەزان ئایهان، ئەکرەم عەلی پنار، ئیهرابی چەتین، شەهابەدین ئولکەر و 3 کەسی دیکە کە ناویان نەزانرا دەستگیر کران. بە گوێرەی زانیارییەکان بەشێک لە و دەستگیرکراوانە لە بەڕێوەبەرانی پێشووی هەدەپەن کە بەهۆی بڵاوکراوەکانیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەستگیرکراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (راپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | زەهاو |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 28-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-11-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 333

**2018-11-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156698




باکووری کوردستان

- ژاندەرمەکانی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی بیرەجووک-ی سەر بە پارێزگەی ڕوحا هەڵیانکوتایە سەر گەڕەکی زیارەت و 7 کەسیان دەستگیر کرد. لەنێو دەستگیرکراوەکاندا موختار هشمان کلچ، سادوون کلچ، ساڵح قەرەیلان و سەباحەدین قەرەیلان هەن.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هادی سەلیمی، تەمەن 30 ساڵ کوڕی ئەحمەد، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، جێگیر لە پایگای ماڵتەی شاری بانە، گیانی لە دەست دا.[3]

- کاروانێک لە کۆڵبەران لە ناوچەی کانی خودا (کانی خوڵا) لە سنووری پیرانشار کەوتوونەتە بۆسەی چەکدارەکانی سەر سنووری ئێران و بەهۆی تەقەی ئەو چەکدارانەوە کۆڵبەرێک بە ناوی فەرهاد بیانک خەڵکی گوندی ماشکان کوژراوە.[6]

باشووری کوردستان

- محەمەد عەبدوڵڵا، هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی رایدەگەیێنێت، چوار بارەگای حیزبەکەیان لە سنووری سلێمانی داخراوە و بارەگای کەلاریش گەمارۆدراوە. هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی ئاماژەی بەوەشکرد تاوەکو ئێستا هیچ رووبەڕبوونەوەیەک روونەداوە شیاوی باسکردن بێت، تەنیا لە قەڵادزێ دوو هەڤاڵمان دەستگیرکراون و دواتر ئازادکران.[1]

- بڕیاربوو لە دژی داخستنی بارەگاکەیان و بەندکردنی چوار ئەندامیان لەناو بارەگا تا درەنگانی شەو، کاتژمێر 9:00ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەبەردەم بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوەیەک بەڕێوەبچێت، بەڵام هێزێکی زۆری ئاسایش پەلاماری چالاکوانانیان دا و ڕێگانادەن چالاکییەکە ئەنجام بدەن. هێزەکانی ئاسایش بە سەختیی لە سێ ئەندامی تەڤگەری ئازادیی-یان داوە و هەرسێ ئەندامەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار کراون لە کەلار.[2]

- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 بەرەی تورکمانی لەژێر ناونیشانی (داواکارییەکانی تورکمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە هۆڵی هۆتێل کوارتز لە شاری هەولێر دەستی بە کۆبوونەوە کرد، تیمی ڕۆژنیوز بە مەبەستی ڕووماڵکردنی کۆبوونەوەکە چووە هۆڵەکە، بەڵام لەلایەن ئەندامانی بەرەی تورکمانییەوە ڕێگریی لێکرا. ئەندامانی بەرەی تورکمانیی ڕاگەیاندووە، کە بەهۆی ئامادەبوونی هاکان قەرەچای، کونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، لەناو کۆبوونەوەکە، نابێت ڕۆژنیوز لێرە ئامادەبن و ڕووماڵ بکەن.[2]

- کونسڵی گشتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند وڵاتەکەی پاڵپشتی ئە و بڕیارە دەکات کە حکومەتی هەرێم دەریکردووە بۆ داخستنی بارەگای حزبە بێ مۆڵەتەکان ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ بڕیاری داخستنی بارەگای ڕەوتی تەڤگەری ئازادی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی یاسایی کە بە گروپێکی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەژمار دەکرێت.[4]

- شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دژی فشارەکانی سەر تەڤگەری ئازادیی، رایدەگەیەنێت، کە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان یاسا پێشل دەکات و وتیشی: دەبوو وەزارەتەکە وەڵامی هەموو ئەو حیزبانەی بدایەتەوە کە سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان کردووە.[2]

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە لایەن پۆلیسی ئێراقییەوە یەکەم کۆمەڵگەی تەعریب لە ناوچەی داقوق جێگیرکرا، کە نزیکەی 50 ماڵ دەبن.[5]

- لە نزیک گوندی ئەشاجیر-ی سەر بە شارەدێی سەعدیە لە شارۆچکەی خانەقین، لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بۆمبێک تەقیەوە. بەهۆی

تەقینەوەکە جەمال جەنابی فەرماندەی فەوجی ڕوحوڵای سەر بە لیوای 110ی حەشدی کوژرا و چەند چەکدارێکی فەوجەکەش بریندار بوون.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3،4 پلە بە پێوەری ڕێختەر بە قوڵی 11 کیلۆمەتر بە دوری 30 کیلۆمەتر لە سنوری خانەقین رویدا.[4]
- لە ژێر دروشمی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان لەپێناو کۆمەڵگایەکی تەندروست لە شارۆچکەی کفری پۆلیسی کۆمەڵگەیی کۆنفرانسێکی ئەنجامدا و یاداشتێک لە و بارەیەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | روحا |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 29-11-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 29-11-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 29-11-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-11-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 29-11-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-11-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM

بابەت: 334

**2018-11-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156699




باکووری کوردستان
- بەپێی سەرچاوە هەرێمییەکان گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) و یەکینەی ژنانی ئازاد (یەژاستار - YJA-STAR) لە شاخی عەلی شێر لەناوچەی گەڤەر لە پارێزگای جۆلەمێرگ لە سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەریان دا و بەو هۆیەوە 5 سەرباز کوژران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بنکەی فەرهەنگی و ئەدەبی ڕووناک لە شاری پیرانشار شەوە شێعرێکی بۆ شاعیران و هۆگرانی شێعر و ئەدەبی کوردی بەڕێوە برد. لەم شەوە شێعرەدا کە کاتژمێر 4ی ئێوارە دەستی پێکرد، 33 شاعێر بەشدار بوون کە تێیدا زیاتر لە 50 شێعریان خوێندەوە؛ ئەم شەوە شێعرە زیاتر لە 4 کاتژمێری خایاند. شاعیرانی بەشداربووی ئەم شەوە شێعرە خەڵکی شارەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان، سەقز، نەغەدە و شنۆ بوون.[6]
- کۆڕی ناساندن و تاوتوێکردنی گۆڤاری زانستیی هۆژین لە کافە کتێبی ئەندێشە (پیرانشار)، بە بەشداریی ستافی بەڕێوەبەرایەتی بنکەی زانستی-فەرهەنگی هۆژان، سەرنووسەر، بەرپرسان و کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هۆژین بەڕێوە چوو.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جبرەئیل ئەحمەدی خەڵکی ناوچەی سۆمای ورمێ لە ئاکامی تەقەی هێزە ئینتیزامییەکاندا لە ڕێگای گەیشتن بە هەشتیان، شانی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- فیدراسیۆنی پەنابەران رایدەگەیەنێت، سەعات 6:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەسەر ئەرکی قوباد تاڵەبانی تەرمی منداڵێکی پەنابەری تەمەن 3 ساڵ بە ناوی ئەحمەد عەبدولڕەحمان کە بە رووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدابوو، لە یۆنانەوە گەڕێنرایەوە هەرێم.[1]
- کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم رایدەگەیەنێت: بەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک بە قوڵایی 10 کم لە شاری خانەقینی داوە.[2]
- فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کورستان ڕایگەیاند، داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکات.[3]
- کەجەکە رایگەیاند، بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی لە ژێر گوشاری دەوڵەتی تورک دا داخراون. راشیگەیاند هۆکارەکانی دامەزراندنی یەکێتی و هێڵی سیاسیی مام جەلال ئەو رێگایەیە کە دەبێت یەکێتیی ئەمڕۆش لەسەری بێت. کەجەکە داوای لە یەکێتی کرد دەست لەو هەڵوێستەی هەڵگرێت.[4]
- کاتژمێر 11ی بەیانی ئەمڕۆ فاتح یەڵدز باڵوێزی تورکیا لە عێراق سەردانی بازاڕی قەیسەریی کەرکوک کرد، کە سوتاوە، دواتر نوێژی هەینی لە مزگەوتی قشڵە کرد، کە دەکەوێتە بەرامبەر قەیسەریی کەرکوک، بەڵام جگە لە کەناڵی عێراقیە و تورکمانی، ڕێگە بە هیچ دەزگایەکی تر نەدرا سەردانەکەی ڕووماڵ بکەن.[3]
- کۆردیناسیۆنی کۆما ژنانی کوردستان - کەژەکە ڕایگەیاند، داخستنی بارەگەکانی تەڤگەری ئازادی و ڕژاک، لە بەهاکانی وڵاتپارێزی ناوەشێتەوە و داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ی- ن- ک، کرد خۆیان لە و هەڵسوکەوت و بڕیارانە بەدووربگرن.[3]
- لە کاردانەوی داخستنی بارەگەکانی تەڤگەری ئازادی لە سنووری سلێمانی، ژمارەیەک گەنج لە سنوونێ چوونە سەر بارەگای کۆمیتەی 2ی یەکێتی و داوای داخستنی بارەگاکەیان کردووە و بۆ ماوەی دوو کاژێر کۆمیتەکە داخرا، ئاڵای یەکێتیش لەسەر بارەگەکە هێنراوەتە خوارەوە.[5]
- پارتی ئازادی و دیموکراسی ئێزدی – پادێ، ڕایگەیاند، کە ئەو گەنجانەی چوونەتە سەر بارەگای ی- ن- ک، لە شەنگال هیچ پەیوەندییاکیان بە ئەوانەوە نییە و لەگەڵ ئەو کارەشدا نیین کە

ئەنجامیان داوە.[3]
- بەپێی راگەیەندراوێکی رۆژنامەوانی نوسینگەی راکان جبوری، پارێزگاری کاتی کەرکوک کە لەبارەی سەردانی ئەمرۆی فاتح یەڵدز، باڵیۆزی تورکیا لەعێراق بۆ کەرکوک بڵاوکراوەتەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەمرۆدا تەئکیدکراوەتەوە لەسەر ئەوەی ساڵی داهاتوو ئاژانسی پەرەپێدانی تورکیا (تیکا) چەند پرۆژەیەک بۆ پاڵپشتی لەئیدارەی کەرکوک ئەنجام دەدات. هەر لە راگەیەنراوەکەدا ئەوەشخراوەتەڕوو یەکێک لە و پرۆژانە کردنەوەی نوسینگەی پێدانی ڤیزای وڵاتی تورکیا-یە بەهاوڵاتیان.[2]
- لە چوارچێوەی یارییەکانی خولی نایابی کوردستان لەیاریگای دهۆک یاری نێوان هەردوو یانەی دهۆک و زاخۆ بەڕێوەچوو، بەڵام لەکاتی یارییەکەدا شەڕو پێکدادان لەنێوان هاندەرانی دهۆک و زاخۆ سەریهەڵداو پەلاماری یەکیانداوەو تێڵاو دارلاستیکیکیشیان بەکارهێناوەو بەهۆیەوە 12 کەس لەهەردوولا بریندار بوون.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- پەیەدە نارەزایەتی پیشان دا لە بەرانبەر داخستنی بارەگەکانی تەڤگەری ئازادی و ڕایگەیاند، ئەم هەنگاوە خزمەتی کوردستان ناکات.[4]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو سوپای ئیسرائیل چەند ئامانجێکی لە سووریا بۆردوومانکردوون و بەرپرسێکی سووریاش دەڵێت، سوپای وڵاتەکەی وەڵامی هێرشەکەی داوەتەوە.[2]
- نۆزدەمین دادگەی سزا قورسەکانی ئەنقەرە داواکاریی پارێزەرانی دەمیرتاشی ڕەتکردەوە کە لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەکەی دادگەی مافی مرۆڤی ئەورووپا داوای ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاشیان کردبوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 30-11-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 30-11-2018

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 30-11-2018
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-11-2018
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-11-2018
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 01-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-10-2018 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 335

**2018-12-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001210958156700



باکووری کوردستان
- بە ئامانجی هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان و پشتیوانییکردنی مانگرتنەکەی لەیلا گوڤەن، ئەمرۆ سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان-دەبەپە و 14 ژنی دیکە لە زیندانی پیتی (ئێف)ی ژمارە 1-ی کاندیرای کۆجائەلی مانگرتن لە خواردنیان دەستپێکرد و بڕیارە 10 ڕۆژ بەردەوام بێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی 2 ساڵ و 188 ڕۆژ زیندان بۆ 6 چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری کامیاران بە ناوەکانی مێهرداد سەبووری، دڵنیا سەبووری، ئومید ئەحمەدی، ئارام محەمەدی، شاهۆ سادقی و ڕۆژین ئیبراهیمی لە لایەن لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە پشتڕاست کرایەوە. دەزگای قەزایی ئەو 6 چالاکە کرێکارییەی بە تۆمەتی بەڕێوەبردن و بەشداری لە ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکاران تاوانبار کردووە.[3]
باشووری کوردستان
- کەمال موفتی وەزیری پێشووتری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێک لەفەرماندە سەربازییەکان لەهەرێمی کوردستان بەهۆی نەخۆشییەوە لەشاری پزیشکی فاروق کۆچی دوایکرد.[4]
- شەوی ڕابردوو بەهۆی بارانبارینی بەلێزمەوە لە ناوچەی مسێریک لە شارۆچکەی سێمێلی پارێزگای دهۆک ئاوی باران لە کۆڵانەکان بەزبووەتەوە و بەهۆیەوە 21 ماڵ ژێر ئاو کەوتن و خاوەن ماڵەکانیش بەناچاری خانووەکانیان بەجێهێشتووە.[1]
- بەیانیی ئەمڕۆ تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە هۆڵی لوبنان-ی شاری کەرکوک بەبەشداریی 150 ئەندامی شاری کەرکوک و دەوروبەری دەستی بە کۆنفرانسی هەرێمی کەرکوک کرد و تا ئێوارە بەردەوام دەبێت. لە کۆنفرانسەکەدا هەر یەک لە ڕێحان حەمادی و کۆمەڵ سەرمەند وەک هاوسەرۆکانی نوێی ئەنجوومەنی کەرکوک هەڵبژێردران.[2]
- یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەڵیان کوتابێتە سەر بارەگایەکیان لە شارەدێی سنونێ لەسنوری شارۆچکەی شنگال و ئاڵاکەیان داگرتبێتن وەک ئەوەی بەشێک لە میدیا عێراقییەکان بڵاویان کردووە و بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیش لە و سنورە دەڵێت ئەوەی ڕویدا ئەوە بووە چەند گەنجێک هاتونەتە لامان و داواکارییەکیان لەرێگەی ئێمەوە بەرز کردووەتەوە.[1]
- شەشەمین گروپی نوێنەرایەتی هەدەپە کە لە 13 ئافرەت و دوو پیاو پێکدێن، لە باشوری کوردستان مانگرتنیان دەستپێکرد و ڕایدەگەیەنن: تا گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوام بێت، مانگرتنی ئەوانیش بەردەوام دەبێت.[1]
- فەرمانگەی کەشناسی هەورامان لە ئاگادارییەکی بە پەلەدا هۆشداری دەداتە شۆفێران و ئەو گوندنشینانەی نزیکن لە چەم و دۆڵەکان بەهۆی ئەگەری دروستبوونی لافاو و تەمومژی چڕ لە سەرلەئێوارەی ئەمڕۆوە تا بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە.[1]

- ئەمڕۆ شانێکی شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و دهۆک لە دەروازەی سیمالکا لەلایەن ئاساییشەوە ڕێگریان لێکرا بچەن ڕۆژئاوای کوردستان.[5]
- لە سنووری شارەدێی سەنگاو، ئۆتۆمبێلێک کە چەند گەنجێکی تێدابووە لە بازگەیەکی پۆلیسی دارستان نەوەستاوە، دواتر شەڕەتەقە دروستبووە و، بەهۆیەوە هاونیشتمانییەک کوژرا و دووانی دیکەش برینداربوون.[6]
- لە بەرزاییەکانی زورگەزراو لە میحوەری مەخموور ئەمشەو بەهۆی هەورەبروسکە پێشمەرگەیەک لە فەرماندەی بارزان گیانی لەدەستدا. ئەو پێشمەرگەیە ناوی حەسەن حوسێن مزوریە و دانیشتوی شارۆچکەی سۆرانە و سێ منداڵی لە دوای خۆی جێهیشتووە.[1]
- بەهۆی بارانبارینی بەخوڕ لە چەند گەڕەکێکی شاری هەولێر، ئەمشەو ئاو چووە چەندین ماڵ و زیانی ماڵی زۆر بەر ماڵەکان کەوتووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە هەرێمی جزیر بەهۆی بارانی بارینی زۆرەوە لە زۆر شوێن لافاو ڕوویدا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- هەزاران کەس لە بەرلین دژی 25هەمین ساڵیادی قەدەغەی ئەڵمانیا لە دژی پەکەکە ڕژانە سەر شەقامەکان و هەموو قەدەغەکارییەکانی ئەڵمانیایان تێکشکاند. دروشمی بژی سەرۆک ئاپۆیان وتەوە و وێنەکانی ئۆجالان و ئاڵاکانی پەکەکە و یەپەگە و یەپەژەیان بەرزکردەوە.[2]
- سایتی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا CIA لەپاڵ بەکارهێنانی 9 زمانی جیهانی زمانی کوردیش دەخاتە لیستی بەکارهێنانەکانیەوە.[4]
- عادل مەلا ساڵح کە بەڕێوەبەری شارەدێی بەمۆیە و دانیتشووی گەرمیانە، لە کۆنگرەی باڵیۆزانی ئاشتی لە وڵاتی میسر وەک باڵیۆزی ئاشتی ڕێکخراوی (نێودەوڵەتی عەرەبی بۆ دادوەری و چارەسەرکردنی ململانێکان) دیاریدەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جەزیر - ڕۆژاوا
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01 9:09:58 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 336

**2018-12-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180525222127151099



حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئە نجوومەنی وەزیران
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی
بەشی ئامار

جیاوازی باران بارین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| ناوی پارێزگا | کۆی باران بارینی ئەم ساڵ بە ملم تاوەکو ئێستا ٢٠١٨/١٢/١ | کۆی باران بارینی پار ساڵ بە ملم تاوەکو ئێستا ٢٠١٧/١٢/١ | جیاوازی باران بارینی ئەم ساڵ لەگەڵ پار ساڵ بە ملم تاوەکو ئەمڕۆ |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 215.2 | 37.6 | 177.6 |
| سلێمانی | 226.3 | 106.4 | 119.9 |
| دهۆک | 264.1 | 35.5 | 228.6 |
| کرکوك | 165.2 | 2.7 | 162.5 |
| هەڵەبجە | 174 | 39.7 | 134.3 |

باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا لە ئامەد بە پاساوی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی سوپای دەوڵەتەکەی لە 37 دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە و هێنێ ئامەد هاتووچۆکردنی لە هاووڵاتییان قەدەغە کرد. بەپێی ڕاگەیاندراوی پارێزگارەکەی دەوڵەتی تورکیا، ئەو قەدەغەکارییە لە کاتژمێر 6ی ئەم بەیانییەوە دەستی پێکردووە و تاوەکو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێکی تر قەدەغەکارییەکە بەردەوامیی دەبێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی ڕۆچوونی زەوی لە شارۆچکەی چوار لە پارێزگای ئیلام، شارەوانی داوا لە دانیشتووانێکی گەڕەکێکی ئەو شارە دەکات تاوەکو ماڵەکانیان چۆڵبکەن، لەدوای بوومەلەرزەکەی هەفتەی ڕابردووی سەرپێلی زهاو کە چواریشی گرتەوە، بەشێک لە هاونیشتمانییان ماڵەکانیان چۆڵکردووە.[3]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی کامیار عەبدوڵڵاهی، 30 تەمەن ساڵ و سەفەر ڕەحمانی تەمەن 35 ساڵ، بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی هەنگەژاڵی شاری بانە، تووشی برینداربوونی لاق بوون. ئەم دوو هاووڵاتییە کوردە کە خەڵکی گوندەکانی عەباس ئاوا و خوری ئاوا لە بەشی نەنووری بانەن، بە هۆی سەختی برینەکەیانەوە گوازراونەتەوە بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی ئەم شارە.[6]
باشووری کوردستان
- بۆ چاککردنی سیستمی زانکۆ و چاککردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان، دابینکردنی کۆمپانیای پاککەرەوە بۆ ناو زانکۆ، خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت و زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی لە بەردەم کەمپی کۆنی زانکۆ گردبوونەوەیان ئەنجامدا.[1]
- مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی فەریقی یەکەم کەمال موفتی بە ئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عومەر سەید عەلی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست، فاروق مەلا مستەفا و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ و کەسوکار و فەرماندەکانی هێزەکانی هەفتا و بەرپرسانی حزبی و حکومی لە گۆڕستانی ئابلاخ لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو.[4]
- لە ژێر ناونیشانی 'پاراستنی کلتور و شوێنەوار لە ناوچەی ململانێ و شەڕ - کەیسی کۆمەڵی ئێزدی بەنموونە' پانێڵی هاوبەشی هەردوو زانکۆی سلێمانی و زانکۆی لیڤەرپوڵی بەریتانی بەڕێوەچوو، لە

پانێڵەکەدا ئاماژە بەوەکرا، کە بەهۆی شەڕی داعشەوە زیاتر لە 70 شوێنەواری ئێزدی وێرانکراوە.[5]
- لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، بە هاوکاری زانکۆی سلێمانی و سەنتەری یەکسانیی جێندەر و کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، دیبەتێکی بەناونیشانی 'کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیا لە زیادبوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان' ئەنجامدرا. لە دیبەیتەکەدا وتاری هەریەکە لە زانکۆی سلێمانی، ڕێکخراوی UNFPA -ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها سەنتەری یەکسانیی جێندەر پێشکەشکران، دواتر کورتە فلیمێکی تایبەت بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نمایشکرا.[5]
- قایمقامێتی سلێمانی لیژنەی ژمارە 31مان ڕاگەیاند کە ئەم لیژنەیە تایبەتە بە کاری کرێکاران بۆ بەدواداچوونی سەلامەتی کرێکار لەشوێنی کار لەسەرجەم شوێنەکاندا کە کرێکار کاری تێدا دەکات. ڕاشیگەیاند: لەم لیژنەیەدا تەواوی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان و سەندیکای کرێکاران تیایدا بەشدارن بەدواداچون دەکەن بۆ تەواوی ئەو شوێنانەی کرێکار کاری تێدا دەکات هەر جێگەیەک پێشێلی مافی کرێکاران بکات، بەپێی یاسا سزا دەدرێت.[1]
- شاندێکی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، سەردانی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد و لەگەڵ هەریەکە لە یوسرا ڕەجەب، سەرکەوت شەمسەدین و بەهار مەحمود، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوونەوە. شاندەکەی تەڤگەری ئازادیی لە کۆبوونەوەکەدا، یاداشتێکیان لەسەر داخستنی بارەگاکانیان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، پێشکەشی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.[5]
- لە مەراسیمێکدا لە شاری سلێمانی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان ڕۆژی جیهانی کەمئەندامانیان بەرزنرخاند و داواشیان لە حکومەت کرد دۆخی ژیانیان باش بکات.[4]
- لە شارۆچکەی کەلار، دوای پێنج ڕۆژ لە هێرش و فشاری هێزەکانی ئاسایش بۆ سەر بارەگای تەڤگەری ئازادیی، ئەمڕۆ بارەگاکەیان پێچۆڵکردن، تەڤگەری ئازادییش ئاماژە بەوەدەکەن، کە ئەوە کارێکی دوژمنکارانەیە و نابێتە هۆی وەستاندنی خەبات و تێکۆشانیان.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی سمێڵکای نێوان هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگیرا ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕوباری دیجلە و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئە و پردەی کە هەردوو بەشەکەی کوردستان لە و دەروازەیەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.[1]
- بەهۆی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێک لەنێو ڕووباری خابوور لەنێوان دەروازەی پێشخابوو لە باشووری کوردستان و دەروازەی سێمێلکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، کرێکارێکی کوردی ئێزدی خنکا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-25 10:21:27 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 337

**2018-12-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161299



باکووری کوردستان

- بۆ پشتیوانییکردن لە لەیلا گیوڤەن و چالاکییەکەی، ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ڕێکخستنەکانی هەدەپە لە مێرسین دوێنێ لە بارەگای هەدەپە دەستیان بە چالاکیی مانگرتن لە خواردن کرد، بەڵام پۆلیسی ئەو شارە هەڵیکوتایە سەر بارەگاکە و دەستی بە پشکنین کرد. پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەموو ڕێگاکانی هاتووچۆی دەورووبەری بارەگاکەی داخست 10 چالاکی مانگرتووەی دەستگیرکرد.[3]

- پارێزگەی بەدلیس ڕایگەیاند، لە 2ی کانوونی یەکەم\11ی سەرماوەز بەدواوە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو لە گوندی ئەکینلی، یایلاجک، چالشکانلار، یۆلبیلەن، ساریتاش، ئەرەنجیک و لادێیەکانی دەلیلکلیتاش، بیلگیلی، ساریبال، یەنیچای، گەدیک، ئاکیازی، ئۆزەنلی، ئووزەربان، ئۆتلووک، تاتریک و هەرماندۆڤەن هاتووچۆ قەدەغەیە.[2]

- پەرلەمانتارانی شاری ئامەدی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد بۆ ماوەی 3 ڕۆژ.[3]

- لە شاری ڕوحا دانیشتنی دادگەیی کردنی کۆمەڵێک سیاسەتمەداری هەدەپە و دەبەپە کە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2016 دەستگیر کرابوون، لە شەشەمین دادگەی سزا قورسەکان بەڕێوەچوو. لێدوانی ڕۆژنامەوانی، بەشداربوون لە پرسە و مەڕاسیمی بەخاکسپاردنی تەرم وەک بیانوو بۆ دادگەیی کردنەکە پیشان دران و سزا بەسەر 3 زینداینکراو و 5 کەسی دیکەدا سەپێنرا. سزای زیندانیکردنی 7 ساڵ و 10 مانگ و 15 ڕۆژ بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی بۆزاڤا (سەر بە دەبەپە) بایرام ئاسڵان، 8 ساڵ و 6 مانگ بۆ بەڕێوەبەری پێشووی ڕێکخستنی دەبەپە لە ناوچەی وێرانشار مەحموود کایا، 9 ساڵ بۆ هاوسەرۆکانی پێشووی هەدەپە لە ناوچەکە محەمەد چیچەک و ماهیدە کورتتەکین، 8 مانگ بۆ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەکە پارێزەر سەڤدا چەلیک بڕایەوە. دەستەی دادگە بڕیاری بەزینداینکراوی هێشتنەوەی هەموو سیاسەتمەدارەکانی دیکەی دا جگە لە تۆمەتباران ئۆزبینگۆل و ئاسڵان.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە تیلاعاتییەکان لە سەردەشت بۆ دەستبەسەرکردنی سۆران خزری تەمەن 21 ساڵ، کوڕی حەسەن، هێرشیان کردووەتە سەر خانووی ناوبراو، بەڵام نەیاتوانیوە دەستبەسەری بکەن. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی خانووی ئەم هاووڵاتییە کوردە، برای ناوبراو بە ناوی کاروان خزری و دایکی بە ناوی تووبا شەهیدییان دەستبەسەر کردووە.[4]
- محەمەدئەمین عەبدوڵڵاهی، زیندانیی سیاسیی خەڵکی شاری بۆکان پاش 13 ساڵ و شەش مانگ زیندان بە شێوەی مەرجدار لە زیندانی بیرجەند ئازاد کرا.[4]
باشووری کوردستان
- هێزەکانی هاوپەیمانان بە فڕۆکە چەند ناوچەیەکی چەکدارانی ئاڵا سپیەکانیان لە سنووری کفری و خورماتوو بۆردوومان کرد.[1]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بڕیاریدا مەسرور بارزانی وەک کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم دیاریبکات و نێچیرڤان بارزانی-ش دەبێتە کاندیدی پارتی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.[2]
- ئەمڕۆ لەبەردەم سەرۆکایەتیی زانکۆی چەرموو لە شارۆچکەی چەر بە پارێزگای سلێمانی، پەردە لەسەر پەیکەری عیبدولقادر مەحمود، ناسراو بە قالە لادرا، کە ژمارەیەکی زۆر کەسی لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگارکردووە.[3]
- د. کەمال ئەحمەد سەعید، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتیی کە هاوژینی د. هاژەیە و هەردووکیان دوو پزیشکی ناسراون لە سلێمانی، لەناو نۆرینگەکەی خۆیدا لەلایەن کەسێکەوە بە دەمانچەی بێدەنگ تەقەی لێکراوە و باری تەندروستی ناجێگیرە.[1]
- لە گوندێکی سنوری شارۆچکەی خانەقین پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت.[5]
- هێزێکی سەر بە سوپای عێراق چوونەتە شەنگال و دەیانەوێت سنوری نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و شەنگال دابخەن و خەڵکی شەنگال-یش ڕێگایان لە هێزەکە گرتووە و ناهێڵن ئەو کارە ئەنجام بدەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ڕوحا |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کفری |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-03
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-03
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 338

**2018-12-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161300




باکووری کوردستان
- لە ڕاگەیەنراوێکدا پارێزگەی جۆلەمێرگ ڕایگەیاند، لە شاری جۆلەمێرگ و ناوچەکانی چەلێ، شەمزینان و گەڤەر 30 شوێنیان وەک (ناوچەی ئاسایشی تایبەت) دیاریکردووە و لەنێوان 4-19ی کانوونی یەکەمی 2018\13-28ی سەرماوەز هاتووچۆ لە و شوێنانە قەدەغەیە.[2]
- پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان بەمەبەستی سەردانی ئیمراڵی، بۆ جاری 769هەمین داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتیی بوورسا کرد.[2]
- سەرەڕای بڕیارەکەی دادگەی مافی مرۆڤی ئەورووپا دەربارەی دەمیرتاش، ئەمڕۆ دادگەریی دەوڵەتی تورک بەپەلە سزاکەی سەر سەڵاحەدین دەمیرتاش و سڕی سوورەیا ئۆندەری پەسەند کرد.[2]
- هاوسەرۆکی شارەوانیی گەورەی ئامەد گوڵتان کشاناک و هاوسەرۆکی پارتیی هەرێمەدیموکراتییەکان (دەبەپە) سەباحەت تونجەل کە لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکیا بەند کراون، سکاڵایەکیان لە دادگەی دەستووری بنەڕەتی تۆمار کردبوو بەهۆی ئەوەی مافەکانیان لە رووی کەسی و ئاسایشییەوە پێشێل کراوە. بەڵام دادگەکە بە بیانووی ئەوەی (هیچ بەڵگەیەک نییە) سکاڵاکەی ڕەتکردەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی تەقینەوەی مینی بەجێماو لە شەڕی 8 ساڵەی نێوان عێراق و ئێران لە ناوچەی چم هندی لە موسیانی دێهلۆران لە ئیلام، هاووڵاتییەکی تەمەن 60 ساڵ، بریندار بوو.[7]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جەعفەر مونیر، تەمەن 28 ساڵ، کوڕی سەید ئەحمەد خەڵکی سەردەشت، هاوکات لە گەڵ گرووپێک لە کۆڵبەرانی دیکە، لە سەر خاڵی سیفری سنووری ئەم سارە لە لایەن هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانەوە تەقەیان لێ کراوە و لە ئاکامدا لاقی بریندار بووە.[7]
باشووری کوردستان
- تەها مەحوی، سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای پزیشکانی کوردستان ڕایگەیاند وەکو کاردانەوەیەک لە بەرامبەر تەقەکردن لە پرۆفیسۆر د. کەمال ئەحمەد سەعید، سەندیکای پزیشکانی سلێمانی بڕیاریدا ئەمڕۆ سەرجەم نۆرینگە تایبەتییەکانی پزیشکان بۆ ماوەی یەک ڕۆژ دابخرێن. لەگەڵ ئەو هەڵوێستەشماندا چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەکەین تاوەکو هۆکاری ڕووداوەکە ئاشکرا بکەن.[1]
- لە سلێمانی دژی بریندارکردنی پزیشکەکەی سلێمانی گردبونەوەیەکی ناڕەزایی بەڕێوەچوو.[3]

- بە تۆمەتی هاندان دژی عەرەبی هاوردە لە شارۆچکەی داقوق، جوتیارێکی بە ڕەگەز کورد بەناوی عادل ستار لە لایەن دادوەری دادگای داقوقەوە دەسگیرکرا.[5]
- لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران پەردە لەسەر پەیکەری شار لادرا کە لەلایەن گروپی هونەری دڵخواز ئامادەکرابوو.[3]
- بەشێک لە جووتیارانی کەرکوک کە لە نەتەوەی کورد و تورکمان و عەرەب پێکهاتبوون، لەبەردەم دیوانی پارێزگای کەرکوک، دژی تەعریبکردنی گوندەکانیان و دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانیان گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان ئەنجامدا.[4]
- لە سنوری نێوان کفری-خورماتوو، تیمێکی مین هەڵگرتنەوە و هێزێکی پێشمەرگە، ڕووبەڕووی هێرشێکی چەکدارانی داعش بوونەوە و دواتر شەڕ و پێکدادان لەنێوانیان ڕوویدا، دواتر لەگەڵ گەشتنی هێزی دیکەی پێشمەرگە چەکدارەکان هەڵهاتون و شەڕەکە کۆتایی هاتووە و هیچ کارمەند و پێشمەرگەیەک زیانی بەرنەکەوتووە.[3]
- بەپێی بڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرکی عیراق، خاڵە گومرکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لادەبرین و فەرمانبەرەکانیان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناو فەرمانگەی گومرکییەکانی پارێزگاکان.[5]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لە بنکەی پۆلیسی ڕزگاری سلێمانی سکاڵای دژی هاکان قەرەچای کونسوڵی دەوڵەتی تورک لە هەرێمی کوردستان تۆمار کرد، بە هۆی ئەوەی، کە تەڤگەری ئازادیی بە تیرۆست ناوبردبوو.[6]
- کامیل ڕۆستەم بەرپرسی کۆمیتەی 3ی سەربە مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ل ڕایگەیاند: سەعات 2 و 30 دەقیقەی شەوی ڕابردوو لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بە نارنجۆک هێرش کرایە سەر ماڵەکەم لەگەڕەکی کۆماری شارۆچکەی خورماتوو. وتیشی: زیانی گیانی نەبوە و تەنها زیان بەر ئۆتۆمبێل و خانووەکەم کەوتوە.[5]
- دادگای تاوانەکانی هەولێر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ چوار لە بکوژانی پاسەوانی بارەگایەکی کۆمەڵی ئیسلامی دەرکرد.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- تەقینەوەیەک لە قامیشلۆ ڕوویدا و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزەکانی پاراستنی جڤاکی بریندارببوون.[2]
- کۆنفرانسی (گۆڕینی دیمۆگرافیا و سڕینەوەی ئەتنیکی لە عەفرین) لە ڕۆژی سێیەمدا لە عاموودێ بەردەوامە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە و زۆر پەرلەمانتاری هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامودا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ
🏢 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-04
[3] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-04
[4] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-04
[5] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-04
[6] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-04
[7] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-05

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 339

**2018-12-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161301



باکووری کوردستان
- دادگای باڵای تورکیا سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانیی بۆ ئیدریس بالوکەن پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە و ئەندامی شاندی دانوستانی ئیمراڵی پەسەند کرد.[2]
- پۆلیسی تورک لە ناوەندی ئامەد دیسانەوە هەڵیانکوتایەوە سەر ماڵی هاووڵاتییانی کورد و چەندین بەڕێوەبەری هەدەپە و دەبەپەیان دەستگیرکرد. لە ئامەد نەجمەدین بوراکماک هاوسەرۆکی هەدەپە لە باغلەر، وەهاب گیونای هاوسەرۆکی هەدەپە لە یەنی شەهیر، هالوک ئەیوب ئۆغلو هاوسەرۆکی هەدەپە لە کایاپنار، عەلی ئالکان هاوسەرۆکی دەبەپە لە باغلەر، ڕەمەزان ئونگور بەڕێوەبەری هەدەپە و عوسمان دۆنا و سەعید دەمیر دەستگیر کران. پۆلیسی تورک بەڕێوەبەرە دەستگیرکراوەکانیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئامەد و باس لەوەش دەکرێت ژمارەی دەستگیرکراوەکان لەوە زیاترە، کە تا ئێستا ئاشکرا بووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عەبدولقادر ساڵحیان کوڕی جەمیل و خەڵکی دزەی ناوچەی مەرگەوەری ورمێ بە هۆی بەرکەوتنی فیشەکی هێزە حکوومەتییەکان کوژرا.[5]

- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی دالانپەڕ، دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانەوە و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکاندا، کۆڵبەرێک بە ناوی عومەر نەبیزاد لە بەشی کەمەرییەوە بە توندی بریندار دەبێت.[5]
- لە کرماشان بەهۆی تەقەکردنەوە لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریدا، 30 کەس بوونە قوربانی.[1]
باشووری کوردستان
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان و چین و توێژە جیاوازەکان، یادی پێنجەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی، لەسەر مەزارەکەی لە شارۆچکەی کەلار سەر بە ئیدارەی گەرمیان کرایەوە.[3]
- لە شارۆچکەی ڕانیە یادی پێنجەمین ساڵەی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم کاوە گەرمیانی کرایەوە و ئاماژە بەوە کرا، جگە لەوەی تا ئێستا تاوانبارانی پشتی ڕووداوەکە دەستگیرنەکراون، هاوکات دەبینین مەوداکانی ئازادیی و دیموکراسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرتەسک دەکرێتەوە.[3]
- لە درێژەی چالاکییەکانی پێنجەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانیدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانان و ڕۆشنبیرانی سنورەکە و شار و شارۆچکەکانی دیکە، لە هۆڵی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، مەراسیمێک بۆ بەخشینی پێنجەمین خەڵاتی کاوە گەرمیانی بەڕێوەچوو. ئەمساڵ ئەو خەڵاتە بەخشرایە سەردار محەمەد ڕۆژنامەنوس لە شاری سلێمانی، کە نزیکەی 20 ساڵ ئەزموون و خزمەتی هەیە لە کاری ڕۆژنامەوانی و پێشخستنی میدیای ئەهلی و ئازاد دا و لە ئێستاشدا سەرنوسەری وێب سایتی ئاوێنە نیوزە، کە میدیایەکی سەربەخۆ و بێلایەنە.[3]
- لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گومرگەکانی سنوری کەرکوک و نەینەوای دەرکردوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکان پابەندی ئەو بڕیارە نابن و ڕێگەش نادەن بارهەڵگرەکان تێپەڕبن.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە دژی سەربازانی سوپای تورکیا لە شاخی لێلیکان چالاکییەکیان ئەنجامدا. بەهۆی ئەو چالاکییەوە سوپای تورکیا کوژراو و برینداری هەیە.[2]
- پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی ئەو کەسەی ئاشکرا کرد کە تەقەی لە دکتۆر کەمال ئەحمەد سەعید کرد. عەمید ئاسۆ شێخ تەها، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی وتی: لە کەمتر لە 72 کاتژمێر هێزەکانمان توانیان ئەو تەقەکەرە دەستگیربکەن کە تەقەی لە د. کەمال ئەحمەد سەعید کرد بوو. وتیشی: ئەو کەسەی دەستگیرکراوە ناوی (هـ.ع.ک)ە و لە دایکبووی 1982 و خەڵکی دەرەوەی سلێمانییە.[1]
- گەنجانی کەرکوک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕاگەیاندراوێکیان بۆ ئیدانەکردنی بڕیاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی خوێندەوە و ڕایدەگەیەنن، ئەو بڕیارە، بڕیاری وڵاتانی دەرەکییە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەجندای سیاسیی ولاتانی دەرەکی کە دوایین بڕیاریان بڕیاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی بوو.[2]
- ماوەی زیاتر لە دوو مانگە مووچەی ژمارەیەک مامۆستای خوێندنی کوردی لە شارۆچکەی خورماتوو لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دزراوە و تا ئێستاش قەرەبوو نەکراونەتەوە. بەوهۆیشەوە ئەمڕۆ ئەو مامۆستایانە بایکۆتیان ڕاگەیاند و لە لێدوانێکیشدا ئاماژەیان بەوەکرد،داواکارن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم لە زوترین کاتدا قەرەبوویان بکاتەوە و تاوانبارەکانیش بە زووترین کات دەستگیر بکرێن.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی زۆری بارانبارینەوە لەسەرجەم ناوچەکان پەڵەی داوە و دەتوانرێت جووت و داچاندن بکرێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆنفرانسی تایبەت بە گۆڕینی دیمۆگرافیا و تاوانەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی لە عەفرین، کۆتاییهات و ئەنجامنامەیەکی بڵاوکردەوە، داواکراوە فڕین لە ئاسمانی باکوری سوریا

قەدەغەبکرێت تا ئەزموونی عەفرین دووبارە نەکرێتەوە، هەروەها کۆمیتەیەکی یاسایی دابمەزرێت، کە سکاڵاکان ڕادەستی دادگا نێونەتەوەییەکان بکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 05-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 05-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 05-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 05-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 06-12-2018



کاتی تۆمارکردن: 01-11-2018 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 340

**2018-12-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161302



باکووری کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشی عەلی ئەرسڵانتاش، پارێزگاری ئەرزینجان و بولەند شەنسۆی، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەمان پارێزگا، عەلی ئەرسڵانتاش ڕایگەیاند: لە ئۆپەڕاسیۆنێکدا تیمەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەستیان بەسەر هەزار و 271 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری هیرۆییندا گرتووە.[2]
- سری سورەیا ئۆندەر پەرلەمانتاری پێشووی ئەنقەرەی هەدەپە و ئەندامی شاندی دانوستانکاری ئیمرالی، دوای ئەوەی لەلایەن دادگای تورکەوە سزای 3 ساڵ و 6 مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا، ئەمڕۆ ڕەوانەی زیندانی کاندرە کرا.[3]
- بۆ پشتیوانی کردن لە لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری هەدەپە کە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە زیندان مانی لە خواردن گرتووە، ماوەی 3 ڕۆژ بوو مانگرتن لە خواردن لە بینای هەدەپەی شاری ڕوحا بەڕێوەدەچوو، ئەمڕۆ دوای کۆتایی هاتنی مانگرتنەکە پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر بیناکە و 40 کەسی دەستگیر کرد.[4]
- بەدیشەن کارابوولاک هاوسەرۆکی هەدەپە لە شاری وان بە هۆی لایک کردنی بابەتێک لە فەیسبووک، دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ کرابوویەوە. لە دانیشتنی دووەمین دادگەی سزا قورسەکانی شاری وان دەربارەی ئە و دۆسیەیە، دادگە سزای ساڵێک و 3 مانگ زیندانی کردنی بۆ ئە و ناوبراو بڕیەوە.[4]
- ئەندامی ئەنجومەنی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) و ئەندامی کۆمسیۆنی ئاشتی نوورەدین تورگوت لە شاری ئێلح دەستگیر کرا. تورگوت گوازرایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تورکیا لە شاری ئامەد.[4]
باشووری کوردستان
- بەهۆی بارینی بارانێکی زۆرەوە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار پشووی ڕەسمی بۆ دەوامی دووەمی سەرجەم خوێندنگاکان ڕاگەیاند.[1]
- بەیانیی ئەمڕۆ کاتژمێر 10:30 خولەک سوپای تورک تۆپبارانی گوندی کەندەگەلی لە سنووری شارەدێی سیدەکانی دەڤەری برادۆست-ی تۆباران کرد. سەرچاوەی تۆپبارانەکەی سوپای تورک لە دیوی باشوری کوردستان و لە چیای کەتکین-ی نزیک گوندی بەرمیزە بووە. تۆپبارانەکەی سوپای تورک، زیانی بە ڕێگای نێوان گوندەکانی کەندەگەلی-خەلیفان-ئالەکان گەیاند و بەهۆیەوە هاتووچۆ لەنیوان ئەو گوندانەدا ڕاگیراوە.[3]
- پسپۆڕێکی تەندروستی گشتی و نەخۆشییە درمییەکان لە باشووری کوردستان هۆشداری دەدات لە بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر بەتایبەت جۆری بی.[1]
- قایمقامیەتی کەلار ئاشکرای دەکات مەترسی دروستبوونی لافاو لە ئارادایە و بۆ ئە و مەبەستەش تەواوی تیمەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و بە پێویستیشی دەزانین هۆشداری بدەین بە هاووڵاتیان و ئاگاداربن.[1]
- بڕیاری کردنەوەی بەشی ڤی ئای پی (VIP) لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر، کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، بە شێکی زۆر لە چالاکڤانان و تەنانەت پەرلەمانتارانیش لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نیگەرانی خۆیان لەو بڕیارە دەربڕی. هاتووچۆی هەولێریش ڕوونکردنەوە لەسەر بڕیارەکە دەدات و بە بڕیارێکی باشی دەزانێت بۆ خزمەتکردن و ڕاییکردنی مامەڵەی خەڵک.[2]
- لە یادی پێنج ساڵەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی، ڕۆژنامەنووسانی هەولێر لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا داوای ئاشکراکردنی دۆسیەی تیرۆری ڕۆژنامەنووسان کرا.[3]
- بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ بەشی خزمەتگوزاری خێرا کە بە VIP ناسراوە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ڕاگیرا.[2] پاشتر وتەبێژی هاتوچۆی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: کردنەوەی بەشی vip بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان بەردەوامدەبێت و داناخرێت.[1]
- شاندێکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیارانی عێراق کۆبووەوە و سەرۆکی ئەنجومەنەکە ڕایگەیاند، بڕیاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەر نایاساییە و

فشار دەخەنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ کردنەوەی بارەگاکان.[3]
- نوێنەرانی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر، بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین بەرامبەر کێشەکانیان و پێنەدانی دەرماڵە، گردبوونەوەیەکیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێم ئەنجامدا، لە رێگەی یاداشتێکەوە داواکارییەکانیان رادەستی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد.[3]
- لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵای شاری هەولێر پێنجەمین ساڵی خەڵاتەکانی روانگە 2018 بەڕێوەچوو و براوەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە بەشەکانی کورتە فیلم، کورتەچیرۆک، هونەری ریسایکلین، وێنەکێشان، تاکژەنی میوزیک، داهێنانی زانستیی، فۆتۆگرافیی، دەستپێشخەری کار، پرۆگرامسازی و، هۆنراوە خەڵاتکران.[2]
- بەهۆی خواردنی قارچکی ژەهراویەوە 12 کەس لە شارەدێی بێتواتەی سەربە شارۆچکەی رانیە رەوانەی نەخۆشخانە کران.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو لە نزیک نانەواخانەی جوبەیر لە شارۆچکەی جندرێس-ی سەربە عەفرین تەقینەوەیەک روویدا و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان کوژراو و بریندار لەناو چەتەکان هەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئەرزینجان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 341

**2018-12-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161303



باکووری کوردستان

- هاوشارەداری ناوچەی سێرێی سەر بە شاری وان عەبدولقادر چالشکان کە لەسەر لیستی پارتیی هەرێمەدیموکراتییەکان (دەبەپە) هەڵبژێردرابوو، لەگەڵ 9 کەسی دیکە کە ماوەی 2 ساڵە لە زینداندان، ئەمڕۆ لە پێنجەمین دادگەی سزا قورسەکانی وان دادگەیی کران. دادگەی دەوڵەتی تورکیا بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانی کردنی بۆ عەبدولقادر چالشکان بڕیەوە. هەروەها سزای 4 ساڵ و 2 مانگ زیندانی کردنی بۆ باران چالشکان بڕیەوە بە تۆمەتی (هاریکاری کردنی ڕێکخستن. هەمان دادگە سزای 15 ڕۆژ زیندانی کردنی بۆ هەریەکە لە فولیا شەن، محەمەد دوندار و ئەکرەم یوجەل بڕیەوە. هەریەکە لە محەمەد زاکر دەنیز، فەیسەڵ ئەلتەر، نەجلا یامان، زافەر کەلەش و شادیە ئوچاک ئازاد کران.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ڕەحیم زەبیحی، دەرهێنەری بەناوبانگی کورد و برایەکی گیانیان لە دەستدا.[5]

باشووری کوردستان

- هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو و لافاوەوە، گوندی گرزوشانی سەر بە شارەدێی سەرگەڕان لە سنوری شارەدێی دبسیان بەدانیشتوانەکەی چۆڵکرد.[2]

- ڕێخراوێکی تورکی دەستپێکردنی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی قەیسەرییەکەی کەرکوکی ڕاگەیاند. ئەوەش لەکاتێکدایە شوێنەواری کەرکوک رایدەگەیەنێت بۆ نۆژەنکردنەوەی قەیسەریە سوتاوەکە چاوەڕێی فەرمانی دادگا دەکەن.[1]

- یانەی ئەسپسواریی نێودەوڵەتیی هەولێر، لە درێژەی چالاکییەکانیدا پێشبڕکێی خێرایی ئەسپی ئەنجامدرا و کۆمەڵێک سوارچاک تێیدا بەشداربوون.[3]

- لە گوندێکی سەربە شارەدێی سەنگاو بەهۆی دروستبوونی لافاوەوە منداڵێکی 6 ساڵان ئاودەیبات و گیان لەدەستدەدات.[6]

- بەهۆی بارانبارینی زۆر و دروستبوونی لافاو، ڕێگەی نێوان کەلار - دەربەندیخان دادەخرێت.[6]

- لەژێر گوشاری هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی، خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەستیان بە وەرگرتنی گومرگ لە بارهەڵگرەکان کردەوە و بەهۆیەوە بە دەیان شۆفێر لە نزیک ئەو خاڵانە سەرگەردان ماونەتەوە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- یەڵدا عەباسی، کچە گۆرانیبێژێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە ساڵیادی دامەزراندنی ناوەندی چاند و هونەری میزۆپۆتامیا، سەردانی وڵاتی تورکیای کرد، شەوی ڕابردوو لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک، لە شاری ئەستەمبوڵ دەستگیرکراوە بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەک لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنەکەیەوە ڕابگەیەندرێت.[1] پاشتر نێوبراو ئازادکرا. لە دادگای تورک بە یەڵدا عەباسی-یان وتووە، کە لەسەر ئەوە دەستگیرکراوە، لە ساڵی 2016دا بەشداری کۆنسێرتێکی کردووە لە شاری وان و لە کۆنسێرتەکەدا پێش ئەوەی گۆرانی بڵێت چەند قسەی کردووە و پشتگیری ڕێکخستنی کردووە، هەروەها لەسەر پێگەی خۆی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پشتگیری عەفرینی کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 07-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 07-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 07-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-12-2018
[5] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 07-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 342

**2018-12-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161304



باکووری کوردستان
- حەوا تەکین بەرێوەبەری رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) لە شاری مێرسین لە کاتی هەڵکوتانی پۆلیس بۆ سەر ماڵەکەی دەستگیرکرا. لە دوای پشکنینی تەندروستی تەکین رەوانەی بەرێوەبەرایەتیی پۆلیسی مێرسین کرا. راگەیاندرا، پۆلیس بە پاساوی ئەوەی تەکین بەشداریی لە چالاکیی مانگرتن لە خواردندا بۆ پشتیوانی لە لەیلا گیوڤەن کردووە، دەستگیریان کردووە.[7]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەنجومەنی فەرهەنگیی قەڵەمی هاوچەرخی کورد لە شاری پاوە، کەوتووەتە ژێر گوشاری ناوەندە فەرهەنگییەکانی سەر بە حکوومەتی ئێران.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی وەحید عەزیمی لە شوێنی کارەکەی لە نزیک مەیدانی ئیقبالی شاری سنە دەسبەسەر کراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە بێ خستنە رووی بەڵگەیی یاسایی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان ئەو هاووڵاتییە کوردەیان وێرای لێدانی فیزیکی دەسبەسەر کردووە.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی شەهاب میهەنخا، خەڵکی گوندی ئەمیرئاباد، سەر بە شاری شنۆ، بە دانانی بارمتەی 400 میلیۆن تمەنی، لە زیندانی ئەم شارە و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[5]
باشووری کوردستان

- بەهۆی باران بارین و بەدوورگرتنی خوێندکارانی لە زیانی گیانی لە چەند ناوچەیەکی سنوری هەردوو پەروەردەی گەرمیان و شارۆچکەی شارەزوور دەوامی خوێندنگەکان بۆ ئەمڕۆ کرایە پشوی فەرمی.[1]
- بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی کۆیە رایگەیاند، هێشتا هاتووچۆی ئۆتۆمبیل بە ڕێگای سماقوڵیدا ئاسایی نەبووەتەوە، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی بەنداوی جەلی کە ئاستەنگی بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمبیل دروستکردووە.[2]
- بەهۆی باران بارینەوە لە گوندی کەویێن سەر بە شارەدێی سەرکەپکانی شارۆچکەی رانیە، خانوی هاوولاتیەک داڕما بەسەر دوکانەکەیدا.[3]
- هاتوچۆی گەرمیان داوا لەهاوولاتیان دەکات بەهۆی داڕووخانی بەشێک لە پردی دەرە دۆینە لە سنووری قەترەی نێوان کەلار- دەربەندیخان بەشێوەیەکی کاتی هاتوچۆکردن بخەنە سەر رێگەی بەمۆ.[3]
- لە شارۆچکەی بەردەرەش بەهۆی دروستبوونی لافاو 10 هەزار مریشک دەبنە ژێر ئاوەوە.[3]
- خالد نەرمۆ سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی شێخان رایگەیاند: ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی (باسفن) بەنداوێک بەهۆی گلدانەوەی زۆری ئاوی باران هەرەسی هێنا و رووخا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور لەئاگادارییەکدا دەڵێت: لەبەر زۆریی بارانبارین قوتابخانەکانی ئە و گوندانەی بەهۆی لافاوەوە رێگاکانیان مەترسی لەسەرە، دەتوانن دەوام نەکەن.[1]
- ستافی سینەما سالم لە شاری سلێمانی، هەفتەیەکی دیکەیان بۆ نمایشکردنی فیلمی 14ی تەمموز (تیرمەه) درێژکردەوە و لە هەفتەی دووەم-دا ڕۆژانە لە دوو کاتی جیاوازدا نمایش دەکرێت.[4]
- ئاسایشی سلێمانی دەستگیرکردنی گروپێکی خۆکوژ رادەگەیەنێت.[6]
دەرەوەی کوردستان
- پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز نووسەر و زمانەوانی کورد لە تەمەنی 85 ساڵیدا و لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچیدوایی کرد.[6]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق داوای ڕوونکردنەوەی هۆکاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادیی لە حکومەتی هەرێم دەکات و وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیشی لێئاگادار دەکاتەوە.[4]
- نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سوریا رایدەگەیەنێت: پشتیوانیکردنی کوردەکان لەلایەن واشنتن-ەوە تەکتیکی و کاتییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پاوە (هەورامان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەیدسادق (شارەزوور) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆیە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |

شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 08-12-2018
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-12-2018
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 08-12-2018
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-12-2018
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 08-12-2018
[6] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-12-2018


کاتی تۆمارکردن: 01-11-2018 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 343

**2018-12-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161305



رۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی هەریەک لە رەحیم زەبیحی دەرهێنەری ناوداری کورد و کەیوان زەبیحی برای، لە گۆڕستانی سلێمان بەگی شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری جەماوەرێکی زۆری ئەو شارە و هونەرمەندان و رۆشنبیران بە خاکسپێردران.[4]
- ئاژانسی میهر-ی ئێران لە زاری عەبدوڵڵا فاتحی بەرێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سنە بڵاویکردۆتەوە کە دوای بیست و چوار سەعات لە کوشتنی رەحیم زەبیحی و کەیوانی برای، پۆلیس بکوژی ئە و دوو برایەی دەستگیر کردووە. هەر لە و چوارچێوەیەدا ئاژانسی رەسمی ئێران (ئیرنا) لە زاری سەرهەنگ رەسوڵ کەرەمی بەرێوەبەری پۆلیسی بانە بڵاویکردەوە کە بکوژی ئە و دوو برایە کەسێکە بە ناوی ئەکبەر عەباس پوور خەڵکی شارۆچکەی مەراغەیە لە پارێزگای تەورێز و هۆکاری کوشتنەکەشی گەڕاندۆتەوە بۆ کێشەیەکی دارایی لەنێوان ئەکبەر و رەحیم و کەیوانی برای.[3]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ کوڕی محەممەد، موحسێن فەرهمەند تەمەن 24 ساڵ کوڕی خوسرەو و محەممەد پەروازە تەمەن 21 ساڵ کوڕی حوسێن، هەرکامیان ماوەی 72 رۆژە لە ژووری تاکەکەسی لە زیندانی ناوەندی شاری سنە دان و محەممەد نامداری تەمەن 33 ساڵ کوڕی حامید و سەڵمان ئەفرا تەمەن 22 ساڵ کوڕی رەحمەت هەرکامیان ماوەی 21 و 22 رۆژە لە ژووری تاکەکەسی زیندانی ناوەندی شاری سنەدا، راگیراون. ئەم پێنج هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر و بۆ لێپرسینەوە، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە راگوێزراون.[6]
- سەعات 6 و 45 خولەک و 11 چرکەی بەیانیی ئەمڕۆ، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.5

بەپێوەری ڕێختەر ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرینی لە پارێزگای کرماشان هەژاند.[1]
- بوومەلەرزەیەک شارۆچکەی نەهاوەند-ی لە پارێزگای هەمەدان هەژاند.[3]
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی ئومید ئەسەدی کوڕی محەمەد خەڵکی شاری کامیاران لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعیدی بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. ئەو چالاکە کرێکارییە بە هۆی چالاکی لە بیاڤی کرێکاری و پشتیوانی لە مافی کرێکاران، ئەم حوکمەی بە سەردا سەپاووە.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی کۆرش شەریفپوور خەڵکی شاری دیواندەرە لە لایەن لقی 2ی دادگای ئینقلابی سنەوە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]
باشووری کوردستان
- بومەلەرزەیەک هەردوو شارۆچکەی کەلار و خانەقینی هەژاند.[1]
- کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بانگەواز دەکات کە سێ هەزار چادری ئاوارەکانی پارێزگای موسڵ لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بارانبارینەوە ژێرئاو کەوتوون.[2]
- بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایانی خوێندنی کوردی لەشارۆچکەی خورماتوو بەردەوامی هەیە و ڕایدەگەیەنن تا مووچە دزراوەکەیان پێنەدرێتەوە دەست بەدەوام ناکەنەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەش دەڵێت: وەرزارەت بڕیاریداوە قەرەبووی مامۆستایان بکاتەوە، بەڵام دەڵێن هەتاوەکو لێکۆڵێنەوە لە ڕووداوی دزیکردنەوەکە تەواو نەبێت قەرەبووەکە ناکەنەوە.[4]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، ئاستەنگ بۆ شۆفێرانی مەرزی نافەرمی سەیران بەن دروستبووە و شۆفێرانیش نیگەرانن لەبەدەنگەوە نەچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنوورەکە.[2]
- لە گەڕەکی (لەتیف ئاوا)ی شاری کەرکوک، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقە لە هاوڵاتیەک کرا، پاش برینداربوونی بە سەختی، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کە پیشەی پێشمەرگەیە. ئەو پێشمەرگەیە ناوی عەلی عوسمان ساڵح-ە و لەدایکبووی 1989 ، دوای ئەوەی بە سەختی برینداربوو، لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوک گیانی لەدەستداوە.[4]
- لەبەردەم پارکی لەیلا قاسم، لە شارۆچکەی کەلار-ی ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، گرووپی کچانی دەسترەنگینی گەرمیان، بە هاوکاری ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری خانزاد، پێشانگایەکی کاری دەستیان کردەوە بۆ نیشاندانی دەسترەنگینی کچانی سنورەکە.[4]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ پردی سەرەکی نێوان بەغدا - کەرکوک لە نزیک خورماتوو بەهۆی لافاوەوە بەشێکی رووخاوە، ئەوەش بووەتە هۆی دروستبوونی گرفت بۆ هاتووچۆ.[5]
- دوای ئەوەی بەهۆی لافاوەکەی چەند ڕۆژی رابردووەوە زیانی پێگەیەنرا، نۆژەنکردنەوەی پردی دەرە دۆینەی نێوان کەلار – سلێمانی دەستپێکردوە.[3]
- کۆمەڵەی قوبانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، مەراسیمێکی تایبەت بە کۆچی دوایی هونەرمەندی سینەماکاری کورد ڕەحیمی زەبیحی سازکرد، کە تێیدا کەسوکاری شەهیدان و هونەرمەندان و چین و توێژە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە، ئامادەبوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قەسری شیرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زەهاو

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە

شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەمەدان
شار و شارۆچکەکان: ◯ کامیاران
شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 09-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 09-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 09-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 09-12-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 09-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 01-11-2018 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 344

**2018-12-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161306



باکووری کوردستان
- دادگای تورکیا ساڵێک و 6 مانگ زیندانی بەسەر هەر یەک لە عوسمان بایدەمیر و لەیلا بیرلیک پەرلەمانتاری پیشووی هەدەپە دا سەپاند. داواکاری گشتی بەهۆی بەشداری بوونیان لە ڕێپێواندا سکاڵای لە دژی عەلی جان ئۆنلو، عایشە ئاجار باشاران، عوسمان بایدەمیر و لەیلا بیرلیک پەرلەمانتارانی هەدەپە تۆمار کرد و دانیشتنی ئەو سکاڵایە لە دادگای سزاکانی شرنەخ بەڕێوەچوو. لەو دانیشتنەدا دادگا بە پاساوی ئەوەی لە دژی یاسای ڕێپێوان و خۆپیشاندان بوون، بۆ هەر یەک لە عوسمان بایدەمیر و لەیلا بیرلیک بڕیاری سزای ساڵێک و 6 مانگ زیندانیی دەرکرد. دادگاکە دۆسیەی پەرلەمانتاران ئۆنلون و باشارانی لەو دانیشتە جیاکردەوە و دۆسیەکەیان دەبرێتە دادگایەکی تر.[3]
- چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا - TJA) و دایکانی ئاشتی لە شاری وان دەستیان بە چالاکیی مانگرتن بۆ پشتیوانیکردن لە لەیلا گیوڤەن و چالاکییەکەی کرد و مانگرتنەکەش ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت.[3]
- 25 ژن لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA - تەژەئا) کە لە شاری ئامەد بۆ 3 ڕۆژ دەستیان

به مانگرتن لە خواردن کردبوو، ئەمڕۆ لە لایەن پۆلیسی تورکیا دەستگیر کران.[3]
- بزووتنەوەی گەنجانی شۆڕشگێڕ- دەگەهە – DGH، ڕایگەیاند لە ئامەد چالاکییان ئەنجامداوە و لە 12 شوێنی شاری ئامەد دا ئاڵای پەکەکەیان هەڵکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ پرۆژەی تونێلی ڕێگەی نوێی مەریوان - سنە کرایەوە.[5]
- ئارمان غەفووری، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان کە ڕۆژی 2ی گەلاوێژ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرابوو، بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی لە زیندانی مەریوان ئازاد کرا.[6]
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسداران هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی باپیر بەرزە کوڕی عوسمان خەڵکی گوندی چیانە سەر بە شاری پیرانشاریان دەستبەسەر کرد.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی جەماڵ مەحموودزادە، تەمەن 26 ساڵ، کوڕی عەبدوڵڵا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە گوندێکی نێوان کەلار - خانەقین،بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە و هیچ زیانێکی گیانی بەدواوەوە نەبووە.[1]
- ئەمشەو بەهۆی کەشوهەواوە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی گەشتەکانی ڕاگرت.[4]
- بەشێکی خانووی ئیحسان دۆغرەمەچی، کەسایەتی تورکمانی لەسەر قەڵای هەولێر رووخا. سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بوژاندنەوەی قەڵای هەولێریش دەڵێت، بەهۆی بارانبارین و خەرجنەکردنی پارەی نۆژەنکردنەوەوە رووخاوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی خالید دۆسکی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە لێپرسراوانی حزبی و حکومی و ئەندامانی پەرلەمان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی شارەکانی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وبەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە شاری هەولێر پێنجەمین فێستیڤاڵی نێو دەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە رێوەچوو.[1]
- ئەمڕۆ، لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکوک، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکوک، لەگەڵ تیپی شانۆی ئاشتی و تیپی شانۆی سێکانی، مینی درامای (نیشتیمانی تورەبوون) و شانۆگەریی (دوا گۆرانی)یان نمایش کرد، دواتریش کۆڕێک لە ژێرناونیشانی بنەماکانی هونەری دراما و هەڵوەستەیەک بۆ هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی ڕێکخرا.[2]
- لە گوندی سەرقزڵی سەر بە شارۆچکەی قۆرەتوو سوپای پاسداران 247 سەر مەڕی ماڵێک دەبەن، شوانی مەڕەکان و کوڕێکی خاوەن مێگەلەکەش دەستبەسەردەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە ناوچەی ئەحداس لە کانتۆنی شەهبا بەهۆی تەقینەوەی مینێکی چێندراوی چەتەکانی داعشەوە، دوو منداڵ بوونە قوربانی. منداڵەکانی ئاوارەی عەفرینن و بەهۆی داگیرکارییەکانەوە عەفرینیان جێهێشتووە. تەقینەوەکە بووتە هۆی گیانلەدەستدانی ڕۆدی ڕەشید و برینداربوونی ئیبش عەلی، کە هەردووکیان منداڵن و لە کاتی یاریکردندا مینە چێندراوەکە تەقیوەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نادیە موراد‌ی تەمەن 25 ساڵ و دینیس مۆکویگ-ی تەمەن 63 ساڵ بەهۆی هەوڵەکانیان بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی دەستدرێژی سێکسی وەک چەکێک لەکاتی جەنگدا لەلایەن یەکەم و هەوڵە پزیشکییەکانی کەسی دووەم لە شاری ئۆسلۆ خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرن. نادیە موراد، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەر لە وەرگرتنی خەڵاتەکە وتی: ئەم خەڵاتی نۆبڵە کۆتایی بە هێرشەکانی سەر خانمان و منداڵان ناهێنێت، بەڵام هەوڵدەدەین لە ڕێگەی ئەم خەڵاتەوە دەرگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەینەوە.[4]
- پۆلیسی تورک ئەمڕۆ لە ئەنقەرە هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان لە ئەنقەرە و ڕۆژنامەنووس کەنعان کرک کایا و 11 کەسی تریان دەستگیرکرد. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: ڕۆژنامەنووس کەنعان کرک کایا، ئەبوزەر کسا بەڕێوەبەری هەدەپە لە ئەنقەرە، دەنیز

ئایدن، موراد چەشمە، گوڵناز بۆزکورت، سیمگە ئاکسان، محەمەد کۆنوک، ئۆزگە چرپان، بوراک ئایدەمیر، سەلڤی پۆلات، محەمەد دەرسولو و ئیلکەر ئیشک.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 10-12-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 10-12-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-12-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 10-12-2018
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-12-2018
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 11-12-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 345

**2018-12-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161307




باکووری کوردستان

- گیراوانی بەندیخانەی شاری وان بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان داوەتە مانگرتن لەخواردن. مانگرتن لەخواردن لەلایەن گروپی دووهەمەوە بەردەوامە.[3]

- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک سزای ساڵێک و 10 مانگ زیندانی کردنی بەسەر پەیامنێر عەدنان بیلەن-دا سەپاند و جێبەجێ کردنی سزاکەشی بۆ 5 ساڵ دواخست.[3]

- پارێزەرانی ئۆجالان بەمەبەستی دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەمڕۆ جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی حکوومەتیی ئیسنا، ئارش کەیخوسرەوی، کوڕی ڕەشیدخان، پارێزەری خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن قازی سەڵواتی، بەرپرسی لقی 15ی دادگای ئینقلابی تارانەوە بە شەش ساڵ زیندان مەحکووم کراوە.[4]

- سادق زیباکەلام، چالاکی ڕیفۆرمخواز و مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران لە کۆبوونەوەیەکدا لە هۆڵی مەولەویی زانکۆی کوردستان، کار و چالاکیی حکوومەتی ئێرانی خستە بەر باس و تاوتوێ کردن. ناوبراو بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی کوردستان، دێموکراسیی وەک تەنیا ڕێگەچارە بۆ پرسی کورد لە ئێراندا ناو برد؛ وتوویشیەتی: بە جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا، بیری سەربەخۆییخوازی لە کوردستاندا جێگایەکی نامێنێت و هیچ قەومێک خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران نابێ و ئەبێ بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدەین. قسەکانی زیباکەلام دژکردەوەی توندی خوێندکارانی زانکۆی کوردستانی بەدواوە بوو و ئەوان بە ڕەخنەگرتن لە قسەکانی ناوبراو سەربەخۆیی کوردستانیان بە تەنیا ڕێگەی وەدیهاتنی خواستەکانی نەتەوەی کورد زانی.[4]

- لاوێکی کورد بە ناوی سلێمان محەمەدنژاد خەڵکی گوندی گەرگوول سەر بە شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[4]

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی زانیار عەزیززادە کوڕی سلێمان خەڵکی پیرانشار لە کاتی کۆڵبەریدا بە هۆی سەرمابردوویی گیانی لە دەست دا.[4]

باشووری کوردستان

- ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بڕیاردراوە کە مووچەی سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵ پاشەکەوت نەکرێت و هەموو 30 ڕۆژ جارێکیش مووچە دابەش دەکرێت.[1]

- شاندێکی ئەمریکی بەسەرۆکایەتیی وەزیری وزە سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوە، وەزیری وزە رایگەیاند کە دەتوانین پێکەوە لە بواری وزەدا کاربکەین.[6]

- بەهۆی کۆبوونەوەی ئاو و دروستبوونی قوڕ و لیتاو لەبەردەم پەیمانگەکەیان، خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و چوونەتە بەردەم قایمقامیەت.[1]

- شەوی ڕابردوو ڕۆژنامەنووس و دەرهێنەر خاتوو بەهار مستەفا هاوسەری هونەرمەند سەلام ڕەشید بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.[2]

- لە هێرشێکی چەکدارانی داعشدا بۆ سەر هێزێکی پۆلیس لە خانەقین چوار کارمەندی هێزەکە بوونە قوربانی، کوژراوێک و 3 بریندارى لێکەوتەوە.[1]

- کۆنفرانسی ئابوری نێوان شاری سلێمانی و شاری سنە دەستیپێکرد بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و بەرەنگار بوونەوەیان. کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی پارێزگاری شاری سنە و سلێمانی و بەرپرسانی حکومی هەردولا و پەرلەمانتاران بەڕێوەچوو.[1]

- بە چاودێری د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەسەرپەرشتی لیژنەی سەرپەرشتیکاری کۆنفرانس و بەدروشمی (ئێمە پلان بە ستراتیژیانە دادەڕێژین بۆ بەڕێوەبردنی قەیران و چارەسەرکردنی) دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی کوردستان (سنە) و زانکۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[2]

- لە کۆڕێکدا لە شاری سلێمانی ڕۆڵی ژن لەناو بزوتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورددا شرۆڤە کرا و بە گرنگ بیندرا ژنانی باشور هاوشێوەی ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان خۆیان بەرێکخستن بکەن و سود لە ئەزموونیان وەربگرن.[5]
- کۆمەڵەی شاخەوانی سلێمانی، یادی ڕۆژی جیهانی شاخ-یان بە کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی کردەوە، بەئامانجی ئاشتکردنەوەی شارنشینەکان لەگەڵ سروشتی ناوچە شاخاوییەکاندا.[5]
- ئەمڕۆ بەشداری دەیان کەس لە چین و توێژە جیاوازەکانی ڕانیە یەکەمین چالاکی پرۆژەی (ئۆتۆمبێل میوانە) یان ئەنجامداوە، لە ڕێگەی ڕێڕۆشتنی پیادە و لێخوڕینی پایسکیلەوە، لە داهاتوشدا دەیان چالاکی تر لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیە ئەنجام دەدەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری بەرلین بە ئامادەبوونی هاوژینەکەی و سەدان کەس لە دۆست و هاوڕێیانی جەمال نەبەز مەراسیمی پرسەکەی بەڕێوەچوو.[6]
- سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆژەیاسایەکی کۆنگرێسی بە ژمارە 390 لەبارەی جینۆساید لە عێراق و سوریا واژۆکرد کە نوێنەری ئێزدییەکان ئامادەی بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 11-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 11-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 11-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 11-12-2018
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 346

**2018-12-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161308



باکووری کوردستان

- سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی گشتیی دەبەپە بۆ پشتیوانیکردن لە چالاکیی مانگرتنی لەیلا گیوڤەن دەستی بە چالاکیی مانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی 10 ڕۆژ کردبوو، بەڵام بەرپرسانی زیندانەکەی لە بەرامبەردا 10 مانگ سزای دیسیپلینیان بەسەردا سەپاند.[4]

- پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر مانگرتوانی شاری ئامەد کە ئەمڕۆ سەرلەنوێ لە بینای پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردبوویەوە. پۆلیس 50 مانگرتووی دەستگیر کرد.[4]

- لە دادگای سزا قورسەکانی سینجان لە ئەنقەرە، پرۆسەی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە بەڕێوەدەچێت. کەیسی دەمیرتاش لە دادگای سزاقورسەکانی ئامەد کرابووەوە، بەڵام بەهۆی ڕەوشی ئەمنییەوە کەیسەکەی بۆ 19یەمین دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە گوازرایەوە. دەمیرتاش لە ماوەی یەک ساڵدا 33 دۆزی لەسەر تۆمار کراوە.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سێمیناری خەسارناسیی ئابووریی سنوور بە ناوەرۆکی قاچاخ و کۆڵبەری کە بڕیار بوو لە هۆڵی مامۆستا قانعی زانکۆی پەیام نووری مەریواندا بەڕێوە بچێت، لە لایەن حەراسەتی ئەم زانکۆیەوە هەڵوەشێندرایەوە.[5]

باشووری کوردستان

- پێشبینی دەکرێت هەفتەی داهاتوو شەپۆلێکی دیکەی بارانبارین سنوری گەرمیان بگرێتەوە، بۆ ڕێگریکردنیش لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی تیمێکی فرۆکەوانی ڕەوانەی سنورەکە دەکات.[1]

- دارمانی هەردوو پردی سەرەکیی شارۆچکەی خورماتوو بەهۆی لافاوەوە، هاتووچۆکردنی بە ڕێگای سەرەکیی بەغدا - کەرکوک ڕاگرت، قایمقامی شارۆچکەکەش دەڵێت، بەمزووانە هەردوو پردەکە چاکدەکرێنەوە و هاتووچۆ ئاسایی دەبێتەوە.[3]

- ئێوارەی ئەمڕۆ گەشتی ئاسمانی فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ڕاگیرا ئەوەش بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی تەم و دروستکردنی گرفت بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە.[1]

- چوار چەکداری داعش لە سنوری شارۆچکەی خانەقین هێرشیان کردەسەر گوندێک و کوڕێکی ئەنجومەنی گوندەکەیان ڕفاند.[1]

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێکەوتنامەیەک لە بواری خوێندنی باڵا ئیمزا دەکەن.[2]

- هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکیان لەبارەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق ئەنجامدا و وەزیری پلاندانانی هەرێمیش ئاشکرایدەکات: لە بودجەی 2019دا زیاتر لە 50 ملیۆن دۆلار بۆ ئە و سەرژمێرییە گشتییە تەرخانکراوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەپۆلێکی باران بارین گوندەکانی ناوچەی کۆچەرات لە دێرکی ڕۆژئاوای کوردستانی گرتەوە و بەهۆی باران بارینی زۆرەوە لە گوندەکانی سوێدییە و گرکێ هەیولێ و چەندین گوندی تردا لافاو ڕوویدا. بەهۆی ئەوەوە ئاو چووە ناو چەندین ماڵی هاووڵاتییان و ئەوەش بووە هۆی مرداربوونەوەی چەندین سەر ئاژەڵ.[4]

- ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە بنکەیەکی چەتەکانی سەر بە لیوای سوڵتان موراد لە ناوچەی عەزاز تەقییەوە. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، لە تەقینەوەکەدا فەرماندەیەکی باڵای لیوای

سوڵتان موراد بە ناوی ئەبوو ئەلمۆت کوژراوە و چەندین چەتەی دیکەش کوژران و بریندار بوون.[4]
- دوای ئەوەی لە شاری عەزاز-ی ژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی تەقینەوەیەک ڕوویدا، تەقینەوەیەک شاری ڕاعیی هەژاند کە ئە و ناوچەیەش لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە.[4]
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە شەوی ڕابردووەوە تا بەیانیی ئەمڕۆ هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازیی منبج.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامی ئەنجومەنی دەبەپە خالید شاشماز لە گەڕەکی کوچوکدیکیلی لە ناوچەی سەیهان-ی سەر بە شاری ئەدەنە. پۆلیس دەرگەی ماڵەکەیان شکاند و بەڕێوەبەرەکەی دەبەپەیان دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان شاشماز گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شاری ئەدەنە.[4]
- بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق لە کۆشکی سەلام لە بەغدا پێشوازی لە نادیە موراد کرد بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی.[2] لە وتەیەکدا لەبەردەم ڕۆژنامەنوسان، نادیە موراد ڕایگەیاند: بۆیە گەڕاومەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرسان کێشەی ئێزدیەکان یەکلا بکەینەوە کە تائێستا ژمارەیەکی زۆریان لەکەمپەکاندا لە دۆخێکی خراپدان، داوا دەکەم هاووڵاتیان قەرەبوو بکرێنەوە و شەنگال ئاوەدان بکرێتەوە.[1]
- بێهنام ئیبراهیم زادە،چالاکی کرێکاری لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی تارانەوە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کرا.[5]
- سەرۆکی کۆمسێۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە میانەی کۆ بوونەوەکەی لەگەڵ شاندی تەڤگەری ئازادی ڕایگەیاندووە، داخوازیی تورکیایان بۆ قەدەغەکردنی تەڤگەری ئازادییان جێبەجێ نەکردووە و بە تورکیایان وتوە، تەڤگەری ئازادی پارتێکی یاساییە و هیچ کێشەیەکی نییە.[4]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە گوتارێکدا کە لە لووتکەی پیشەسازی بەرگری تورک لە ئەنقەرە پێشکەشی کرد ڕایگەیاند بۆ ڕزگاربوون لە ڕێکخراوی جوداخوازی تیرۆری، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە ڕۆژهەڵاتی فورات دەست بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن دەکەین.[6]
- شۆن ڕۆبێرتسۆن، گوتەبێژی پێنتاگۆن لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هەر هێرشێکی سەربازی تاکلایەنە بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت، بەتایبەت کە هێزی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا هەیە، ئەوا زۆر جێگەی نیگەرانییە. هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە بە قبوڵنەکراو دەزانین.[6]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند: واشنتن بە نیازە بە هاوکاری 15 ئەندامی ئە و ئەنجومەنە چالاکییە موشەکییەکانی ئێران کونترۆڵ و سنوردار بکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دێرک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ منبج |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-12-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 12-12-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-12-2018
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-12-2018
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 12-12-2018
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 12-12-2018


کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 347

**2018-12-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161309



باکووری کوردستان
- لە کاتژمێر 6ی بەیانیی ئەمڕۆوە لە 21 ناوچەی لیجە، پاسوور و فارقینی ئامەد هاتوچۆکردن لە هاووڵاتییان قەدەغە کرا. پێش ئەوەی قەدەغەکاری لە دژی هاووڵاتییان ڕابگەیەنرێت، سوپای تورکی داگیرکەر لەو ناوچانە بە بەشداریی یەکەی تایبەت دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کردبوو. قەدەغەکاری و ئۆپەراسیۆنەکە لە سنووری شاری لیجە هەر یەک لە گوندەکانی حەمزە، جۆفتن، بەششت، گر، ئەنتاخ، بامتن، سنی و کێڵەگانیان دەگرێتەوە. قەدەغەکاری و ئۆپەراسیۆنەکە لە سنووری شاری پاسوور هەر یەک لە گوندەکانی کامکان، چرک، تەمرانکەبر، مالامەکی، مالبازی، تەمرانساخر، گۆدەرن، شاقوشان، کانکان، باران، ئاراشکان، شەرەفکان و کێڵگەکانیان دەگرێتەوە. لە سنووری شاری فارقینیش گوندەکانی شێلما و جومات و کێڵگەکانیان بەر ئەو قەدەغەکارییە کەوتوون.[2]
- یەکێک لە دەرگاکانی بەنداوی کرال کزی لە شارۆچکەی گێل لە ئامە بەهۆی بارینی بارانێکی بەخوڕ دوای پڕبوونی شکا و مەترسیی لافاو لەسەر ئامەد هەیە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هەفتەی ڕابردوو نەشمیل قۆیتاسی، هاوژینی ئەرسەلان خۆدکام؛ زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام، لە لایەن لقی یەکی دادسەرای نیزامیی ورمێ بە بێ بوونی پارێزەر بە تۆمەتی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی بە

یەکساڵ زیندان مەحکووم کرا.[3]
- کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی ژینگەی وڵات لە شاری بۆکان لە بەیانییەیەکدا ئاشکرای کردووە کە فەرمانداریی و شارەداری دەیانهەوێ کۆتایی بە چالاکییەکانی ئەو ئەنجومەنە بێنن.[3]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری شاری خۆی بوونە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکان و لە ئاکامی ئەم تەقەیەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هادی نعمەتی، تەمەن 29 ساڵ، بە توندی بریندار بوو.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی زانیار موڕادی، لە شوێنی کارەکەی لە شارەکی سەنعەتیی مەریواندا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان، بە بێ ئیزنی یاسایی ئەم هاووڵاتییەیان دەستبەسەر کردووە و ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووەتەوە. لە لایەکی تریشەوە، لە هەمان ڕۆژدا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حەمید ئەحمەدی لە مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوەتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر وارگەی شەهید ڕۆستەم جوودی لە شارۆچکەی مەخموور و گوندی سکێنی-یان لە ڕۆژئاوای شاری شەنگال بۆردومان کرد. لە مەخموور 4 ئەندامی هێزەکانی پاراستنی خۆیی شەهید بوون کە هەموویان ژنن و چەند کەسێکی دیکەشیان بریندار بووە.[2][6]
- دوای هێرشەکەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی، هاوڵاتیان خۆپیشاندانی فراوانیان ئەنجامدا و دروشمی بکوژ ئەردۆغان دەڵێنەوە.[6]
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا 21 سەرکردەی بەندکراوی داعشی بەندکراو لە یەکێک لە بەندینخانەکانی پارێزگای سلێمانی هەڵاتوون. لەو 21 کەسە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە 10 کەسیان لەشارەدێی بازیان دەستگیرکراونەتەوە شەش کەسی دیکەیان لە سلێمانی دەستگیرکراونەتەوە، لەئێستاشدا پێنج کەسیان هەڵاتوون لە نزیک ناوچەی دێلێژە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە و گەڕان بەدوایاندا بەردەوامە.[1]
- وەزارەتی دادی عیراق هەواڵی هەڵهاتنی زیندانیی لە گرتووخانەی سوسێی شاری سلێمانی ڕەتدەکاتەوە.[5]
- دوای ڕاگرتنی لە شەوی ڕابردووەوە، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەستیانپێکردەوە.[1]
- هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی چاویان بە نادیە موراد کەوت.[4]
- زانکۆی ڕاپەڕین میوانداری وۆرکشۆپێکی نێودەوڵەتی کرد، کە تیایدا چەندین زانکۆی ناوخۆیی و بیانی لەوڵاتەکانی ئەڵمانیا بەشداربوون، تیایدا چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیستەمی خوێندنی بۆلۆنیا تاوتوێکرا، هەروەک باس لە چۆنیەتی ئامادەکردنی مامۆستا کرا بۆ ئەم سیستەمە نوێیە، بەپێی ئەم سیستەمە خوێندکار دەبێتە چەقی فێربوون و مامۆستا تەنها ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێت، وە هەموو هەوڵێکی خوێندکار و ماندووبونەکانی بە ژمارە گوزارشتی لێ ئەکرێت، کە ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەم ژمارانە ئاستی خوێندکار و ئاستی فێربوونی دیاری دەکرێت.[5]
- بەهۆی خراپبوونی ڕێگای گەڕەکی ڕۆشنبیری هەولێر و تێکچوونی پردی پەڕینەوە، منداڵێکی ئە و گەڕەکە گیردەخوات و مەترسی خنکانی لێ دەکرێت، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێرو هاوڵاتیانی ئە و گەڕەکەوە منداڵەکە لە خنکاندن ڕزگار کرا.[1]
- لەسەر زۆری داواکاریی گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان،ستافی سینەما سالم لە شاری سلێمانی، هەفتەیەکی دیکەیان بۆ نمایشکردنی فیلمی 14ی تەمموز(تیرمەه) درێژکردەوە.[6]
- بەبۆنەی یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی خوێندنگای خانزادی کچان لە شاری سلێمانی، بە ئامادەبوونی مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگەکە ڤیستیڤاڵێکی ئەرشیفی و کلتوری بەڕێوەچوو.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوای ئەوەی تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورک هەڕەشەی داگیرکردنی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، جموجوڵی سەربازیی سوپا داگیرکەرەکەی لەسەر سنووری سەرێکانی دەستپێکرد.

سەرچاوە هەرێمییەکان راشیانگەیاندووە، جاروباریش دەنگی چەک لە ناوچەکە دەبیسترێت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیش بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێنەوە.[2]
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، رایگەیاند: ئەردۆغان بۆ جاری سێیەم هەوڵ بۆ پاراستنی داعش دەدات کە ئێستا لە هەجین لەلایەن هەسەدەوە دوورپێچکراون، بۆیە هەڕەشەی هێرشکردنە سەر رۆژئاوای کوردستان دەکات.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە هەرێمی شەهبای داگیرکراودا باری نائاساییان راگەیاند و دەستیان بە کۆکردنەوەی هێز کرد. شەوی رابردووش منبج-یان تۆپبارانکرد. کاروانێکی سەربازیش لە کیلیسەوە چووە جەرابلوس. لە 6 ناوچەش باری نائاسایی راگەیاندووە.[2]
- تەقینەوەیەک لە عەفرین روویدا و بەپێی سەرچاوە خۆجێییەکان 5 کەس کوژراون و 4ی دیکەش بریندارن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری rووداو - 2018-12-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 348

**2018-12-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161310



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی قەلقەل-ی سەر بە پارێزگەی وان لە باکووری کوردستان بەهۆی بەفر بارینی زۆر چارەنووسی 5 کەس دیار نییە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحمانی کتابی تەمەن 40 ساڵ خەڵکی گوندی شێلمان و دانیشتووی گوندی نەنووری شاری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری هەنگەژاڵە، گیانی لە دەستدا و هەروەها کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی محەممەد مەعرووفی تەمەن 20 ساڵ خەڵکی گوندی بژی بە سەختی بریندار بووە.[4]
باشووری کوردستان
- لە ڕێگەی دوو فڕۆکەی جەنگییەوە بۆ جارێکی دیکە تورکیا دەستیکردەوە بە بۆردوومانکردنی بەرزاییەکانی دەڤەری برادۆست لە سنووری پارێزگای هەولێر.[1]
- تەرمی ئە و هاوڵاتییە سیڤیلانەی لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەجەنگییەکانی تورکیا لە مەخموور شەهید بوون، بە مەڕاسیمێک بە خاک سپێردران.[2]
- دووەمین کۆنفڕانسی هەرێمی سلێمانیی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد. لە دوای پێشکەش کردنی گوتەیەک لە لایەن محەمەد عەبدوڵا هاوسەرۆکی گشتیی تەڤگەری ئازادیی، ڕاپۆرتی دوو ساڵی کار و خەبات خوێنرایەوە. دوای نیوەرۆش هەریەک لە شەهێن محەمەد و حاجی ئازاد وەک هاوسەرۆکانی نوێی تەڤگەری ئازادی لە هەرێمی سلێمانی هەڵبژێردران. هەروەها هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێی تەڤگەر لە سلێمانی ئەنجام درا و 19 کەس (13 پیاو و 6 ژن) هەڵبژێردران.[2]
- سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی سوپای تورکیا بۆ سەر شنگال و کەمپی پەنابەرانی باکووری کوردستان لە مەخموور بەپەیامێک ناودەبات بۆ ئەوانەی بەگوتەی ئەو پشتگیری تیرۆر دەکەن. نوێترین ئاماری قوربانیانی رووداوەکەش بڵاوکرایەوە و بەپێی میدیای پەکەکە نۆ کەس کوژراون و برینداربوون.[1]
- کاوە محەمەد، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، لە دژی هێرشی سەر کامپی 'رۆستم جودی' لەمەخمور، داوای هەڵوێست و هەنگاوی بەپەلە دەکات.[3]
- دژی گۆشەگیرییەکانی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بۆ پشتیوانی لەیلا گوڤەن پەرلەمانتاری هەدەپە کە لەزینداندا مانی گرتووە، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- رژاک، لە رانیە مانگرتنی ڕاگەیاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🏰 هەولێر

Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 14-12-2018

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-12-2018

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 14-12-2018

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 14-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 349

**2018-12-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161311




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کوشتاری کۆڵبەران و کاسبکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێرانەوە بەردەوامە. شەوی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت بەهۆی تەقەی چەکدارەکانی ڕژێمی ئێرانەوە کۆڵبەرێکی گەنجی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی حاسڵ بادبەرین خەڵکی گوندی توورکەس-ی پیرانشار کوژرا.[2]

- ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا، کشانەوەی خۆی لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.[4]

- ئەنجومەنی فەرهەنگی هونەریی ڤەژین، لە ڕاگەیەندراوێکدا نیگەرانیی خۆی لە هەمبەر لەنێوبردنی دارستانەکانی زاگرۆس دەربڕی.[4]

- بەڕێوە چوونی دادگایی هوشمەند عەلیپوور، خەڵکی شاری سەردەشت و محەممەد ئوستادقادر، خەڵکی شاری سەقز دوو زیندانی سیاسی بەندکراو لە زیندانی سەقز بۆ مانگێکی دیکە وەدواکەوت.[4]

باشووری کوردستان

- حزبی شیوعی کوردستان سەرکۆنەی هێرش و هەرەشەکانی تورکیا بۆسەر باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و دەستێوەردانەکانی لە کەرکوک دەکات.[2]

- فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای بۆ سەر کامپی مەخمور و شەنگال ئیدانە کرد و لە بەرامبەر بێدەنگیی حکومەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناڕەزایەتیی نیشاندا.[2]

- ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق دوای ساڵێک لە داخستنی، دەروازەی سحێلا-ی لەنێوان دهۆک و شەنگال-دا کردەوە، عێراق-یش ئەو ڕێڕەوە مرۆییەی داخست، کە لەکاتی فەرمانەکەی سەر شەنگال لەنێوان ڕۆژئاوا و شەنگالدا کرابووەوە، بڕیارە خەڵکی شەنگال لەوبارەیەوە ناڕەزایەتیی نیشان بدەن.[3]

دەرەوەی کوردستان

- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە، لە دژی بڕیارەکەی ئەمریکا بەرامبەر بە جەمیل بایک، موراد قەرەیلان و دوران کاڵکان کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداریی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتییە ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەکادیمییەکان بەڕێوەدەبات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | حزبی شیوعی کوردستان |
| پارت / لایەن: | سازمانی خەبات |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 16-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 15-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 350

**2018-12-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161312



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئۆتۆمبێلی کاسبکارێکی کورد، بە ناوی ڕەحمان ڕەسووڵی (قەرەچۆم)، تەمەن 31 ساڵ، کوڕی حەسەن، خەڵکی مەهاباد، لە ئاکامی ڕاودوونانی لە لایەن نیزامییە حکوومەتییەکانەوە وەرگەڕاوەتەوە و ناوبراو دەسبەجێ گیانی لە دەست داوە.[5]
- نیزامییە حکوومەتییەکان، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کوردیان لە سنووری پیرانشار کردە ئامانجی تەقەی خۆیان و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نادر نەبیزادە، خەڵکی گوندی زیوە سەر بە شاری پیرانشار بە توندی بریندار بوو. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم کۆڵبەرە کوردە بە هۆی سەختی برینەکانیەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی شاری پیرانشار. ئەم سەرچاوە ئاگادارە، دۆخی تەندرووستیی ئەم کۆڵبەرە کوردەی خراپ وەسف کردووە.[5]
- دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی ئەنسار ئەدوایی، تەمەن 27 ساڵ و فەردین ئەدوایی، تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی هەورامانی سەوڵاوا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار گوازراونەتەوە.[5]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، مستەفا ساڵح کەریم لە سلێمانی.[1]
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵێکی شارۆچکەی چەمچەماڵ سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا و دایکیشیان برینداربووە.[1]
- لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، 21ەمینساڵیادی دامەزراندنی ئۆرکێسترای کوردستان / هەولێر بەڕێوەچوو.[3]
- لە سلێمانی لە بەردەم باڵەخانەی پارێزگا ساڵیادی مانگرتنەکەی 1991 کرایەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بازاڕی ئەلهال لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا. سەرچاوە هەرێمییەکان باس لە کوژرانی چەندین چەتەی تورکیا دەکەن.[2]
- سوپای تورکی داگیرکەر بە تۆپخانەکانی هێرشی کردە سەر ناوچەی شێراوای عەفرین و لەو هێرشەدا 2 هاووڵاتیی ئەو ناوچەیە بریندار بوون.[2]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژ ڕایگەیاند، ئەمڕۆ ژمارەیەک پێشمەرگەی هێزی ڕۆژ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا چوونەتە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
دەرەوەی کوردستان
- نادیە موراد، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ مەولوود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا داوایکردووە سوپای تورکیا بۆردوومانەکانی بۆ سەر شنگال رابگرێت.[3]
- بۆ بەدواداچوونکردن لەسەر کەیسی داخستنی بارەگاکانیان، شاندێکی تەڤگەری ئازادیی سەردانی فەرمانگەی کاروباری پارتە سیاسییەکانیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 351

**2018-12-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161313




باکووری کوردستان
- هەزارەها خۆپیشاندەر لە شاری ئامەد دژی هەڕەشەکانی ئەردۆغان و خراپیی باری ئابووری خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- دادگای دەوڵەتی تورکی داگیرکەر سزای 9 ساڵ و 4 مانگ زیندانیکردنی بەسەر مستەفا بایرام هاوسەرۆک شارەوانیی شاری خەلفەتی دا سەپاند.[6]
- پۆلیسی تورک لە ناوچەی فارقینی پارێزگای ئامەد هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان. پۆلیس لەو هەڵکوتانەدا هەر یەک لە بیلال ئەرەنفیک، عوسمان و ئامەد ئەزەری دەستگیرکرد و کەسە دەستگیرکراوەکانیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی فارقین.[6]
- لە شاری وان ڕۆژنامەوان ئۆکتای جاندەمیر لە لایەن هێزەکانی جەندەرمەی سەر بە دەوڵەتی تورک دەستگیر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستانەوە لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان هەندێک چالاکی بەڕێوەدەچێت.[4]
- حیزبی شیوعی وەکو یەکەم حزبی کوردستانی لە کەرکوک ئاڵای کوردستانی لەسەر بارەگاکەی هەڵکرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دوو ڕۆژە ژمارەیەک گوندی سنوری شارۆچکەی ئاکرێ بۆردومان دەکەن، بەهۆیشییەوە سێ گوند لە دەڤەری زێباری چوڵکراون.[1]
- غانم سەباح نادر، لێپرسیراوی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری شارەدێکانی گوێر و قەراج و دیبگە و شارۆچکەی مەخموور، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی هەولێرەوە لەبازگەی بازارگە لەسەر ڕێگای هەولێر- مەخموور دەستگیرکراوە و ڕادەستی ئاسایشی هەولێر و لەوێشەوە ڕادەستی هێزەکانی دژە تیرۆری هەولێر کرا.[2]
- هاتووچۆی گەرمیان بەهۆی بارانبارین و لافاوەوە ڕێگای هاتووچۆی نێوان کەلار- دەربەندیخانی

داخست.[5]
- 317 ملیار دیناری پشکی مانگانەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە رەوانەی هەرێم کرا.[1]
- خەڵکی شەنگال لەدژی بڕیاری داخستنی ڕێڕەوی مرۆیی نێوان شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان نارەزاییان دەربڕی.[5]
- جارێکی تر بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە لافاو روو لەناوچەکانی مەندەلی و قەزانیەی سەربە پارێزگای دیالە دەکات.[5]
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندی شێخ لەنگەری سەر بە شارەدێی کوکسی سەر بە شارۆچکەی کفری ئیدارەی گەرمیان، خانوی ئەفسەرێکی وەزارەتی ناوخۆ بەهۆی باران بارینەوە ڕووخا.[2]
- لە گەرمیان هاوڵاتیەک دەستڕێژی گوللە لە براکانی دەکات و برایەکی کوژراو دوو برای دیکەی بریندار بوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گوتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە دەڵێت، لەم ڕۆژانەی دواییدا هەندێک هەواڵ دەربارەی چوونی ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەم هەواڵانە دوورن لە راستییەوە.[3]
- جەیمس جێفری، نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا رایگەیاند، پێشمەرگەی رۆژ بە ئاگاداری ئەمریکا و هێزەکانی هەسەدە بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە چوونەتە سووریا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لەسەر ناوزەندنکردنی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بە تیرۆریست لەلایەن هاکان قاراچای، سەرکونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دەرەوەی عێراق هۆشداریی دەداتە قاراچای.[2]
- لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کورستان- پەکەکە، لە شاری ستراسبۆرگی فەرەنسا 18 هاوڵاتی کورد دەستیان بە مانگرتنی بێ مەودا و بێ نۆبەت کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏣 پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

🏣 پارت / لایەن: ☭ حزبی شیوعی کوردستان

🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئاکرێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کفری

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 17-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 17-12-2018
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 17-12-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 352

**2018-12-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161314



باکووری کوردستان
- شەوی رابردوو، لە ناوچەی هێنێ لە پارێزگای ئامەد بەهۆی چالاکیی هێزەکانی گەریلاوە 2 پۆلیس بریندار بوون. ئەو 2 پۆلیسە بریندارە بە کۆپتەر گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی حکومیی سەڵاحەدینی ئەیوبی و یەکێک لە پۆلیسە بریندارەکان بە ناوی نازن تونجەر لە نەخۆشخانەدا مردووە.[2]
- دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی سڕینەوەی سیاسیی گەلی کورد دا، کزناز تورکەلی پەرلەمانتاری هەدەپە، شازییە ئۆنەر هاوسەرۆک شارەوانیی ئیدر و محەمەد گیولتەکین هاوسەرۆک شارەوانیی تۆزان و بەڕێوەبەری هەدەپەی شاری ئیدری دەستگیرکرد.[2]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوەندی دێرسیم هەڵیانکوتایە سەر بەشی ناوخۆیی خوێندکاران و لەو هەڵکوتانەیاندا، چەندین خوێندکاریان دەستگیرکرد و بردنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تونجەلی. ناوە کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: سەرحەد پۆڵات، جەنگیز فیدان، بێریڤان دومان، شێخموس بەکر، محەمەد ئەرکیس، بێریتان ئاکداغ، بیلال دەنیز و لیدەر پۆڵات.[2]
- پارێزگاری جۆلەمێرگ بۆ ماوەی 15 رۆژ هاتووچۆی لە 30 شوێنی نێو شاری جۆلەمێرگ و دەوروبەری قەدەغە کرد.[2]
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک سزای ساڵێک و 8 مانگ زیندانی کردنی بۆ رۆژنامەوان هەمزە گوندوز بڕیەوە.[2]
- دادگەیەکی رژێمی تورکیا بەهۆی قسەکانی لە نەورۆزی ساڵی 2016دا، سزای 2 ساڵ زیندانی کردنی بۆ ئەرتوغرول کورکچو سەرۆکی فەخریی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بڕیەوە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری سنە پەردە لەسەر پەیکەری نووسەر محێدین حەقشناس لادرا.[1]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سالار تەنهایی، تەمەن 32 ساڵ، خەڵکی شاری جوانرۆ، لە سنووری نەوسوود بە هۆی سەرماوە دڵی ڕاوەستاوە و گیانی لە دەست دا.[6]

- ئارام محەمەدی چالاکی کرێکاریی، لە کامیاران دەسبەسەر کراوە و بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندان کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لەسەر راسپاردەی بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق دادگای فیدراڵی هەموو ئە و نووسراوانەی راکان سەعید، پارێزگاری کەرکوکی بەوەکالەت هەڵوەشاندەوە، کە لەماوەی ساڵێکدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی کورد دەریکردبوون.[3]
- ستیف بلۆک وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاووتوێی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و پێکهێنانی حکومەتی نوێیان کرد. هەردوولا ئاماژەیان بەوە کرد کە پەیوەندییەکانی هۆڵندا و هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدایە.[1]
- هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا گەیشتە هەولێر و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کورستان کۆدەبێتەوە، بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەرلین و مەشقی هێزەکانی پێشمەرگە و چاکسازی لە پەیکەربەندی و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە.[3]
- ئەمڕۆش گەلی شەنگال بۆ ئیدانەکردنی داخستنی ڕێڕەوی مرۆیی نێوان ڕۆژئاوا و شەنگال لەسەر سنوور کۆبوونەوە و داخستنەکەیان ئیدانە کرد.[2]
- سەرپەرشتیاری گشتی فیدراسیۆنی پەنابەران رایدەگەیەنێت: بەهۆی رێککەوتنێکی نوێی نێوان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی هۆڵەندا، دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بەشێوەیەکی زۆرەملێ بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەستپێکردۆتەوە.[1]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سەرگەڕان خۆی رادەستی پۆلیسی هەولێر کرد، ئەوەش دوای ئەوەی بەهەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووە و خوشکەکەی کوشتووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەزاران هاوڵاتیی هەرێمی فورات لە گۆڕستانی شەهید دیجلە لە شاری کۆبانێ کۆبوونەوە بۆ ئەوەی تەرمی هەر سێ شەهیدی سیڤیل خەلیل خالید جعۆ-ی خەڵکی گوندی قۆلان قەرە عەلی، مستەفا حاجی خەڵکی گوندی قۆلان و مەحموود خان تەمۆ خەڵکی گوندی هەلنج بەخاک بسپێرن کە بەهۆی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە شەنگال شەهید بووبوون.[4]
- دەوروبەری کاتژمێر 19:20ی ئەمڕۆ لە نزیک فەرماندارەتیی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی شەرا تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ئیدانەی پێشێلکاریەکانی تورکیا بۆ سەر سەروەری عیراق دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دێرسیم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆبانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ جوانرۆ |

شار و شارۆچکەکان: کامیاران

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-19


کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 353

**2018-12-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161315



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ئاگادارییەکدا بۆ بیروڕای گشتی ئیدعاکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بۆ چوونە دەرەوە لەو ناوەندەی ڕەد کردەوە.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحمان شوانە خەڵکی گوندی دۆڵەتوو سەر بە شاری سەردەشت، بە هۆی تەقەی نیزامییە حکوومەتییەکان بریندار بوو و گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە.[6]
- شاهۆ سادقی، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری کامیاران، پاش بانگهێشت لە لایەن دادگاوە، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندان کرا.[6]
- کچێکی کورد، بە ناوی چرۆ نیکزاد، تەمەن 16 ساڵ، کچی عەلی، خەڵکی گوندی سەردۆش، سەر بە شاری مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم کچە مەریوانییە، بە هۆی بەشوودانی زۆرەملێ لەگەڵ کوڕە مامێکی خۆی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.[6]
- سابیر نادری ئەندازیاری کامپیوتێر و بەڕێوەبەری کۆمپانیای شەهیر نەرم ئەفزار پوویا، (شهیر نرم افزار پویا)، خەڵکی شاری قوروە، بۆ تێپەڕاندنی 4 ساڵ زیندان دەسبەسەر کرا و بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سنە ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- فرۆکەخانەی عەربەت بە فەرمی ناسێندرا و بڕوانامەی حەوتەمین فڕۆکەخانەی عێراق و سێهەمین فڕۆکەخانەی هەرێمی کوردستانی وەرگرت.[3]
- کەسوکاری دوو شەهیدەکەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووی ڕانیە دەڵێن، تا ئێستا بکوژانی کوڕەکانیان دەستگیر نەکراون، داواش دەکەن یاسا سەروەر بێت و بکوژان سزا بدرێن.[4]
- دانیشتوانی شارەدێی سەرکەپکانی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بەهۆی نەبوونی کارەباوە خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕێگای سەرەکیی ڕانیە -

سۆرانیان داخست.[4]
- ئەمڕۆ لەبەردەم بینای پارێزگای هەولێر، نوێنەرانی چوار هەزار بەشداربووی پرۆژەی خانووەکانی گوندی کۆریی گردبوونەوەیەکیان ئەنجام دا و تێیدا داوایان کرد بە زووترین کات چارەنووسی ئەو خانوانەیان ئاشکرا بکرێت.[4]
- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، بە نوسراوێکی فەرمی، حکومەتی هەرێمی ئاگادار کردووەتەوە لەبارەی داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی و دەڵێت، کە تەڤگەر ئازادیی پارتێکی فەرمییەو بۆی هەیە لە هەموو عێراق-دا کاری سیاسی بکات و بارەگای هەبێت.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە نزیک کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور بۆردوومانی چەتەکانی داعش دەکەن.[4]
- جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی 2ی یەکێتی لە کەرکوک، ڕایگەیاند، دەستەی دەستپاکی کەرکوک سکاڵای لەسەر ڕاکان جبوری، پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکوک تۆمار کردووە و فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ دەرکراوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ڕۆژئاوای منبج لە نێوان گروپێک چەتە بە ناوی ئەحفاد ئەل ڕەسوڵ و سوپای تورکی داگیرکەر شەڕ روویدا.[2]
- ئەمڕۆ بە سەدان دانیشتووی ناوچەی سەرێکانی، لە هەموو پێکهاتەکانی لەبەردەمماڵی گەل کۆبوونەوە و بەرەوە هێڵی سنووری بەڕێکەوتن، تا وەک قەڵغانی زیندوو ڕێگە لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بگرن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- عادل عەبدولمەهدی, سەرۆک وەزیرانی عێراق رایدەگەیەنێت: لەبارەی بۆردومانەکەی تورکیا بۆ سەر شەنگال ئاگادارکردنەوەیەکمان داوەتە باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا کە ئە و کردەوانە ڕەتکراوەن لای ئێمە.[1]
- وێنەکانی تاوان و شەڕەکانی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی سووری ئامەد لە کاتی بەرخودانی خۆبەڕێوەبەریدا لە شارەوانیی شاری لاهای (دێنهاخ)ی هۆڵندا نمایشکران.[2]
- دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، داعشیان لە سووریا تێشکاندووە و شەڕی ئەو گرووپەش تاکە هۆکاری مانەوەی هێزەکانیان بوو لە سووریا.[3]
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لەزاری چەند بەرپرسێکی باڵای ئەمریکییەوە بڵاویکردۆتەوە، ئیدارەی واشنتۆن دیراسەی کشانەوەی هێزەکانی خۆی دەکات لەسوریا بەشێوەیەکی یەکجاریی.[1]
- ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ئاشکرایکرد، هێزەکانی ئەمریکا خۆیان ئامادەدەکەن بۆکشانەوە لە باکووری سووریا.[3]
- یەکەم کاردانەوەی ناڕەزایی دژی بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریادا لە ناوخۆی پارتی کۆمارییەکان دەرکەوت کە بڕیارەکە بە هەڵەیەکی گەورە ناوزەند دەکات.[5]
- بنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئاشکرایکرد، ئیسرائیل تاوتوێی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەکات و کاریش لەسەر پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏣 پارت / لایەن: سازمانی خەبات

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کامیاران

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان


شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 19-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 19-12-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 19-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 354
**2018-12-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161316




باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزای تەمەڵی دەربارەی بڕیارەکەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا ڕایگەیاند، با هەموو هێزە دەرەکییەکان لە سووریا بکشێنەوە بە تورکیا و رووسیاشەوە.[5]
- دانیشتنی دادگەیی کردنی رۆژنامەوانانی رۆژنامەی (ئۆزگور گوندەم) حوسێن ئایکۆل، زانا کایا، ئینان کزلکایا و سیاسەتمەداری کورد خەتیب دیجلە لە دووەمین دادگەی سزادانی ئیستەنبوڵ بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا رۆژنامەوانان ئایکۆل، کایا و کزلکایا هەروەها سیاسەتمەدار خەتیب دیجلە ئامادە نەبوون. لە بری ئەوان پارێزەرەکانیان ئامادە بوون. نوێنەری ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور (RSF) لە تورکیا ئەرۆل ئۆنەرئۆغلو و پەیامنێرانی دەزگەکانی راگەیاندن چاودێری دانیشتنەکەیان کرد. دەستەی دادگە دانیشتنەکەی بۆ 21ی شوباتی 2019 دواخست.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا عەلیپوور، باوکی هووشمەند عەلیپوور، زیندانیی سیاسیی کورد، لە نامەیەکدا ڕوو بە

خەڵکی کوردستان داوای کرد، کە بۆ ئازادکرانی هووشمەند عەلیپوور و محەممەد ئوستادقادر هەوڵ بدەن و گیانیان لە مەترسی ڕزگار بکەن.[2]
- ئومید شامحەمەدی مامۆستای کوردی خەڵکی شاری دیواندەرە، پاش 40 ڕۆژ لە دەستبەسەرکرانی، بە دانانی بارمتەی 100 میلیۆن تمەنی ئازاد کرا.[2]
- لە ناوچەی دەشتە بێلی شنۆ، کاروانێک لە کۆڵبەران دەکەونە بەر دەستڕێژی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بە ناوی عەلی مامەند بە تۆندی بریندار دەبێت.[2]
- لاوێکی کورد بە ناوی عوسمان فەرەجی، خەڵکی شاری بانە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[2]
باشووری کوردستان
- دوای چەندجارێک هۆشداریدان بەحکومەتی عێراق بۆ ئەوەی مووچەکانیان خەرجبکات، دواجار هێزەکەی کاکەییەکان لەچوارچێوەی حەشدی شەعبیدا سەنگەرەکانیان لە باشووری کەرکوک بەجێهێشت.[1]
- ژنێک لە کەلار خۆی سوتاند و بەهۆی زۆری سوتاوییەکەیەوە رەوانەی نەخۆشخانەی سوتاوی لە سلێمانی کرا.[3]
- بەپێی راگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان شەوی رابردوو سەعات 12:17 دەقیقەی شە و بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.5 پلەی رێختەر بەدووری 24 کم لەئاکرێوە روویدا.[3]
- محەمەد زاخۆیی ئەندامی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە ئازادکرا.[6]
- هەڵمەتی کوتانی منداڵان دژی نەخۆشی ئیفلیجی دەستپێدەکات و تەندروستی سلێمانیش دەڵێت هەڵمەتەکە پێج رۆژ بەردەوامدەبێت و منداڵانی خوار تەمەن پێنجساڵ دەگرێتەوە.[3]
- لە دوای کۆتاییهاتنی یاریی نێوان یانەی رزگاری و یانەی خانەقین لە شارۆچکەی رزگاری، لەلایەن هەندێک کەسەوە کە خۆیان وەکو هاندەری یانەی رزگای پیشانداوە، هێرشکرایە سەر ئۆتۆمبێلی یاریزانانی یانە خانەقین. بە و هۆیەشەوە شەش یاریزان بریندار بوون.[4]
- لە سلێمانی بەچالاکی جۆراوجۆر یادی شەوی یەڵدا دەکرێتەوە کە درێژترین شەوی ساڵە.[3]
- هەڵبژاردنی چوارەمین شاجوانی کوردستان لەنێوان 107 بەشداربوو بەڕێوەچوو، سانا مەحمود لە شاری هەڵەبجە وەک شاجوان هەڵبژێردرا.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وتەبێژی تەڤدەم راگەیاند: هێزەکانی سوریای دیموکرات، دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هەڵوێستی رەسمی خۆیان رانەگەیاندووە، هەر وتەیەک بەناوی ئە و هێزەوە بڵاوکرابێتەوە راست نییە.[1]
- بۆ ئیدانەکردنی مامەڵەی قێزەونی نێوان بەڕێوەبەریی ئەمریکا و تورکیا بەرامبەر بە گەلانی باکوو و رۆژهەڵاتی سوریا، لە بەردەم بارەگای هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش لە کۆبانی کۆدەبنەوە.[5]
- قەسەدە، ڕایگەیاند، کە هێشتا شەڕی داعش بەردەوامە و بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بۆشایی سیاسیی و سەربازیی دروست دەکات.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ليندسی گراهام، سیناتۆری ئەمریکی پەیوەست بە راگەیاندنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، دەڵێت: ئەوانەی دەڵێن هێزەکانی داعشمان لە سوریا بە یەکجاریی لەناوبردووە، ئەمە لێدوانێکی راست نییە، بەڵکو تەنیا توانراوە زیانیان پێبگەیەنرێت و تواناکانیان کەمبکرێتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی هەموو توانایەک خرایە بەردەستی هێزەکانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام رازی نیم بوترێت کۆتایی بە داعش هێنراوە لە عێراق و سوریا.[1]
- دۆناڵد ترەمپ بەرگری لە بڕیاری کشانەوە لە سووریا دەکات و دەڵێت ئێمە پۆلیسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نین. دەشڵێت، رووسیا و ئێران خۆشحاڵ نین ئەمریکا سووریای جێهێشتووە چونکە دەبێ لەمەودوا خۆیان شەڕی داعش بکەن.[4]

- سەرۆکی ڕوسیا ڕایگەیاند: بوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سوریا نارەوایە و کشانەوەی ئەم هێزانە هەنگاوێکی ڕاستە، دەشڵێت: پشتگیری وتەکانی سەرۆکی ئەمریکا دەکەم لەبارەی لەناوبردنی داعش-ەوە.[1]
- نوێنەری پارتیی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) لە فەرەنسا خالید عیسا بە ئاژانسی فەرەنسا (AFP)ی ڕاگەیاند، هاوسەرۆکانی ئەنجومەنی سووریای دیموکراتی (مەسەدە) ڕیاز دەرار و ئیلهام ئەحمەد لە کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس پێشوازییان لێ دەکرێت. هاوکات کۆشکی ئەلیزێ ڕایگەیاند، ڕۆژی هەینی هەردوو نوێنەرەکەی باکووری سووریا (ڕۆژاڤا) دەبنە میوانی کۆشکی ئەلیزێ.[5]
- جیم ماتس وەزیری بەرگری ئەمریکا، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی، کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە ڕۆژاوا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 20-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 20-12-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 20-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-12-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 20-12-2018
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: PM 9:41:01 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 355

**2018-12-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161317




باکووری کوردستان
- لە شاری وان بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵی کوتایەسەر ماڵی جالاکانی سیاسی و هاوسەرۆکی هەدەپەی وان ئومید دەدی، هاوسەرۆکی دەبەپە ئوککیش کاوە، بەرێوەبەری هەدەپەی شارهەندان کاراکسویون، هاوسەرۆکی ناوچەی پایزاڤا، سەنەم لالات و2کەسی تریان دەستگیرکرد.[2]
- شارۆچکەی نسێبین و دەیان گوند و کێڵگەی ئەو شارۆچکەیە ڕووبەڕووی لافاو و بارانی بەلێزمە بوونەتەوە و، زیانی زۆری بەموڵک و ماڵی خەڵک گەیاندووە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە گوندی دارەڵکی مەهاباد، فێستیڤاڵێکی کولتووری و هونەری بەناوی دایک بەڕێوەچوو کە لەلایەن لیژنەی یاریە خۆجێیەکانی مەهاباد ڕێکخرابوو. فێستیڤاڵەکە بە ئامادەبوونی سەدان کەس بەڕێوەچوو و تێیدا یاریە خۆجێیەکان، پیشە دەستییەکان و خواردنە ڕەسەنەکانی ناوچەی موکریان خرانەڕوو.[5]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی چیرۆکنووس ڕەئوف حەسەن.[1]
- تەرمی جەمال نەبەز لە ئەڵمانیاوە دەگاتە هەولێر.[1]
- لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا حەوت تانکەر مەوادی کیمیایی و نزیکەی 50 سندوق قارچک بەهۆی دەرنەچوون لە پشکنین ڕەوانەی ئێران کراونەتەوە ئەوەش بە وتەی بەرێوەبەری کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران.[4]
- ماوەی 31 ڕۆژە، ئەندامانی نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە باشوری کوردستان، دژی بەردەوامی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان و پشتگیری لە مانگرتنی لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کەجەدە، دەستیان بە مانگرتن کردووە، ئەمڕۆش گروپی 16هەم دەستیان بە مانگرتن کرد.[2]
- ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی ڕایدەگەیەنن، دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی دەسپێدەکەن، لەئێستاشدا هەر چالاکی و کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدرێت هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە.[4]
- بڕیار وابوو، کاتژمێر 1:00ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێک دژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە، بەرێوەبچێت، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی ڕێگرییان لە خۆپیشاندانەکە کرد و بە دەیان خۆپیشاندەریان دەستگیرکرد. بەرهەم لەتیف، پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی ڕۆژنیوز، کە بە ئامانجی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکە ڕۆشتبووە شوێنی خۆپیشاندانەکە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا.[2]
- ئاسایشی گەرمیان ماوەی دوو ڕۆژ مۆڵەتی داوەتە ڕێکخراوی نێوگەر، بۆ ئەوەی بارەگاکەیان دابخەن، ئەوانیش دەڵێن کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە و بارەگەکەیان بەهیچ شێوەیەک

داناخەن.[3]
- هێشتا هیچ بڕە سووتەمەنییەک بەسەر ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دابەشنەکراوە، 82 کەمپی سنووری سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سووتەمەنیان پێنەدراوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، چەتەکانی 'قەڵغانی فورات' کە سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەرن، هێرشیان کردووەتە سەر خاڵەکانی شەڕڤانەکانیان لە ناوچەی ساجوور کە دەکەوێتە باکوور و ڕۆژهەڵاتی منبج، لە هێرشەکەیاندا چەکی دۆشکە و بی کەی سی-یان بەکارهێناوە.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە لەسەر ڕێگەی مارەت ڕوویداوە. تەقینەوەکە چەتەکانی لیوای فاتیح سوڵتان-ی کردووەتە ئامانج.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی سوریای دیموکرات سەردانی فەڕەنسای کردو لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای ئە و وڵاتە کۆبوونەوە و لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیشدا داواکاربوون ناوچەیەکی دژە فڕین لە باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا دروستبکرێت.[6]
- کاتژمێر 17ی ئەمڕۆ چالاکییەکە لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە پاریس دەستی پێکرد. خۆپیشاندەران ئاڵاکانی یەپەگە و یەپەژەیان بەرز کردنەوە و درووشمی (کورد لەپێناو هەموومان بەرخۆدانی کرد، ڕێزی لێ بگرن)یان دەگوتەوە. چالاکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد هەر وەک چۆن لە ڕابردوودا کوردان بەرخۆدانیان کردووە، لە ئێستا و داهاتووشدا بەردەوام دەبن لە بەرخۆدان.[2]
- هایکۆماس وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا ڕەخنە لەبڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا دەگرێت و هۆشداری ئەدات و پێی وایە ئە و بڕیارە پەلەی تیاکراوە و داعش بەهێزدەکاتەوە.[6]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا رایگەیاند: ئۆپراسیۆنی سەربازی لە ڕۆهەڵاتی فورات بۆ چەند مانگێک دوادەخەن.[4]
- روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکردوە: سوپای ئەمریکا، سەربازگەیەکی نوێ لەناو خاکی سوریا دەکاتەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | نوسەیبین |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-21
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-21
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-21
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-21
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 356

**2018-12-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161318



باکووری کوردستان
- موراد قەرەیلان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، لەتازەترین لێدوانیدا هەڕەشەی تۆڵە لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر شەنگال و مەخموور دەکات.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ماوەی حوکمی زیندانییەکی کورد بە ناوی فەرۆخ عەبدی بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامی ئامانج کە ئێستا لە زیندانی ناوەندیی ورمێ دایە؛ لە دوای کۆکردنەوەی حوکمەکانی ماوەی زیندانییەکەی بۆ 5 ساڵ زیندان زیاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی جەمال نەبەز گەییشتە فرۆکەخانەی هەولێر و پاشان بەرەو سلێمانی بەڕێکرا و لە گردی سەیوان نێژرا.[3]
- هێزەکانی ئەمریکا لە خواروی شارۆچکەی مەخموور (رۆژئاوای هەولێر) بە تۆپی دوورهاوێژ داعشی لە زنجیرە چیای قەرەچووخ بەرامبەر گوندەکای عەلیە رەش و بەردە سپی بۆردومانکرد.[1]
- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر و فرۆکەکانی چاودێری لە کاتژمێر 03:00ی بەیانیی ئەمرۆدا بە ئاسمانی ناوچەکەدا سوڕاونەتەوە. دوای ئەوە لە کاتژمێر 04:10 دا ناوچەی نێروە و رێکان لە سنووری شاری ئامێدی لە پارێزگای دهۆک لە باشوروی کوردستان لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکەوە بۆردومان کرا.[2]
- فاتح یڵدز باڵێۆزی تورکیا لە عێراق، رایگەیاند، داوایان لە حکومەتی عێراق کردووە، کە رێگایان پێبدات کۆنسوڵخانەیەک لە کەرکوک دا بکەنەوە.[2]
- لە سەربەیانیی ئەمرۆوە ئاسایشی گەرمیان گەمارۆی بارەگای رێکخراوی نوێگەر بۆ گەشەپێدانیی هونەریی داوە لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و تابلۆی بارەگاکەیان داگرتە

خوارەوە و دایانخست.[5]
- لە سنووری خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر بازگەیەکی هێزەکانی پۆلیس و لە ئاکامی شەڕو پێکدادان، پۆلیسێک کوژرا و بۆمبێکیش بە هێزەکانی ئاسایشدا تەقییەوە.[1]
- تەواوی ئەو 97 هاوڵاتییەی کە دوێنێ لەکاتی خۆپیشاندان لەدژی گۆشەگیری عەبدوڵلا ئۆجەلان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکرابوون، ئازادکران.[2]
دەرەوەی کوردستان
- برێت مەکگورک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕ دژی داعش دەستی لەکارکێشایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 22-12-2018
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-12-2018
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری پوک میدیا - 22-12-2018
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 22-12-2018
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 23-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 357
**2018-12-23**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161319



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکەکانی بیرلیک، شەنلیکی شاری لیجە و سنووری گوندەکانی میاران کۆمو، کلارەش کۆمو، شاکار، ئەیاز و ئاکچە پنار و دەورووبەری لیجە لە پارێزگای ئامەد لە باکووری کوردستان لە کاتژمێر 06:00ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هاتوچۆکردن لە هاووڵاتییان قەدەغە کرا. پێش ئەوەی لەو گەڕەک و گوندانەدا هاتوچۆکردن لە هاووڵاتییان قەدغە بکرێت، ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بە بەشداریی هێزی تایبەت لەلایەن سوپای تورکی داگیرکەرەوە دەستیپێکردبوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی باپیر بەرزە، ئەسعەد مەحموودی، شێرکۆ عەلیمحەمەدی و کەیوان نژادڕەسووڵ، خەڵکی شارستانی پیرانشار دوای دەسبەسەرکرانیان بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ورمێ ڕاگوێزران.[5]
- لقی 102ی دادگای کەیفەریی 2ی پیرانشار، حوکمی 30 ساڵ زیندانی بۆ دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی محەممەد ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد و ناسح خالیدی کوڕی مستەفا بڕیەوە.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕوحوڵلا پاریاب تەمەن 47 ساڵە شۆفیری لۆدێری ناوەندی پاککەرەوەی مینی ئێران، بە هۆی تەقینەوەی مینی دژەتانکی M19 بە توندی بریندار بوو.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی ئەمیر بەرەکەتی، کوڕی غوڵامڕەزا، خەڵکی ئیلام لە شوێنی کارەکەی خۆی، لە شەقامی فارابی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوزراوەتەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ مۆڵەتی یاسایی، بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران، ئەم هاووڵاتییە کوردەیان دەسبەسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لەڕاگەیەنراوێکدا بڵاوی کردەوە، سەعات 5:48 دەقیقەی بەیانی ئەمڕۆ 23-12-2018، بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.4 پلە بەپێوەری ڕێختەر و بەقوڵای 13 کم خانەقینی هەژاند.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر گوندەکانی قەڵاتوکا و مارادوویان لە بناری قەندیلی سەر بە ناوچەی ژاراوەی شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان بۆردومانکرد.[1]
- نرخی لیترێک بەنزینی نۆرماڵ بۆ خوار 700 دینار دابەزی.[2]
- دووکانداران و کاسبکارانی بازاڕی شارۆچکەی کەلار، مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەیاند و دووکانەکانیان داخست، لە ئێستادا لە بەردەم بینای قایمقامییەت گردبوونەتەوە، مانگرتنەکەیان دژی بڕیارێکی شارەوانییە، کە ڕێگریی کردووە لە هێنانەدەرەوەی کەلوپەلی دووکاندارەکان بۆ بەردەم دووکانەکانیان.[4]
- خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە شارۆچکەی ڕانیە ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ جاری دووەم لە بەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە گردبوونەوە و داوای لابردنی سیستمی 50 بە 50 دەکەن.[4]
- دادگای تاوانەکانی کەرکوک، فەرمانی دەستگیرکردنی پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکوکی هەڵوەشاندەوە و ڕایگەیاند، پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو کەیسەدا بکرێت.[4]
- مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکوک هەواڵێک لەسەر کشانەوەی سکاڵا لە ڕاکان جبوری پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت ڕەتدەکاتەوە.[3]
- لەسنووری بەشێک لەگوندەکانی شارەدێی ناڵپارێزی سەر بەشارۆچکەی پێنجوێن، لەلایەن بەشی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن و بنکەی پۆلیسی دارستانی ناڵپارێز، بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ناحیە و شارەوانی، هەڵمەتێکی بەفراوانی ڕوخاندنی کورەی خەڵوز دروستکردن بەڕێوەچوو، تیایدا زیارت لە (30) کورەی خەڵوز دروستکردن رووخێندران.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری عەزاز، کە لەلایەن دەوڵەتی تورک و چەتەکانیەوە داگیرکراوە، چەتەکانی دەوڵەتی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی بحوروتە و ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەیان کۆمەڵکوژکرد.[1]
- سەرەڕای دەرکردنی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەلایەن سەرۆک کۆماری ئە و وڵاتەوە،

هێزەکانی سوپای ئەمریکا بەردەوامن لەسەر ئەرکەکانیان و دەچنە ناو بازاڕی منبج لەرۆژئاوای کوردستان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-12-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 23-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 23-12-2018



کاتی تۆمارکردن: 01-11-2018 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 358

**2018-12-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161320



باکووری کوردستان
- دوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لە 7 گەڕەکی گەڕەکی لیجە سوپای داگیرکەری تورکیا دەستی کرد بەئۆپەراسیۆنی سەربازی. سەربازانی سوپای تورکیا هەڵیانکوتایە سەرماڵی هاووڵاتیان و 3 کەسیان دەستگیرکرد.[6]
- جەندرمە و پۆلیسی تورک لە چوارچێوەی پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورد دا، لە ناوچەکانی ئەردیش و بێگر لە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و 12 کەسیان دەستگیرکرد.[6]
- شەپۆلێکی بەفربارین باکووری کوردستانی گرتوەتەوە و بەوهۆیەوە لە سنووری پارێزگاکانی وان، بەدلیس و مووش ڕێگای 242 گوند داخراون. بەهۆی بارینی بەفر لە سنووری پارێزگای مووش ڕێگەی 100 گوند و لە سنووری پارێزگای بەدلیسیش، ڕێگەی 139 گوند داخراون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گرووپێک لە کۆڵبەرە کوردەکان لە سنووری نێوان شاری قەڵادزێ و سەردەشت کەوتنە کەمینی نیزامییە حکوومەتییەکان و بە هۆی تەقەی نیزامییە حکوومەتییەکانەوە دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری سەقز بە توندی بریندار بوون و بۆ نەخۆشخانەی شەهیدانی شاری قەڵادزێ ڕاگوێزرانەوە.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مووسا مەحموودی، تەمەن 45 ساڵ، خەڵکی گوندی گوندەوێڵەی شاری شنۆ لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێرانەوە بە چوار ساڵ زیندان مەحکووم کرا. دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی حکوومەتی ئێران ئەو حوکمەی بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردەی دەرکردووە.[3]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، ئەنسار ئەدوایی، فەردین ئەدوایی، زانیار موڕادی و حەمید ئەحمەدی، خەڵکی گوندەکانی سلێن و دەگاگا، لە ناوچەی هەورامانی سەر بە سەوڵاوا، کە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سوپاوە دەسبەسەر کراون، هێشتا لە گرتووخانەی ئەم ناوەندەدان و هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسیان لە بەردەستدا نییە.[3]
باشووری کوردستان
- سێوان قادر، دایکی ئەو سێ منداڵەی کە هەفتەی ڕابردوو لەکاتی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵەکەیاندا لە چەمچەماڵ سووتان، لە ئەنجامدا سێ منداڵەکەی گیانیانلەدەستدا، خۆیشی لە 90%ی جەستەی سووتا، ئەم بەیانییە گیانی لەدەستدا. قایمقامی چەمچەماڵ بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ڕۆژێک ماتەمینی ڕاگەیاند.[2]
- کەسی یەکەمی حزبە کوردستانییەکان بەبێ پارتی لە کەرکوک کۆبوونەوە.[2]
- حکومەتی تورکیا بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لەگەڵ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تا سێ مانگی دیکە.[1]
- لە سنووری شاری شنگال ئاڵۆزی لەنێوان حەشدی شەعبی و هێزی ئێزیدخانی سەر بە هێزەکانی پێشمەرگە ڕویداو بەهۆیەوە 33 پێشمەرگە لەلایەن حەشدی شەعبیەوە دەستگیرکراون.[1]
- فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی ئێزدی لە شنگال ڕایگەیاند، ئەوەی حەشدی شەعبی بەرامبەر بە پێشمەرگە کردوویەتی کارێکی داعشانەیە و گوتیشی: ئەگەر پێشمەرگەکان ئازادنەکەن لە هەرشوێنێک حەشد ببینین لێیاندەدەین.[4]
- بەمەبەستی پشکنینی ناوچەکانی دەوروبەری مەزارگەی باوە مەحمود لە خانەقین، هێزەکانی پۆلیس هەڵمەتێکی فراوانی ئەنجامداوە و بەهۆیەوە ڕێگەی نێوان کەلار-خانەقین داخرا.[1]
- ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە، بەئامادەبوونی کاوە عەلی جێگری پارێزگار، پێشوازی لە ئاری هەرسین ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کرد، لای خۆشییەوە ئاری هەرسین بڕی ئە و 49 ملیۆن دینارەی کە وەری گرتبوو بەخشیە پارێزگای هەڵەبجە.[5]
- شاندێکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بەمەبەستی کۆ بووەنەوە لە گەڵ هاوپەیمانیی سائیرون بەرە و بەغداد بەڕێکەوت.[6]
- پێشمەرگەکانی ئێزیدخان کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە دەستگیرکرابوون، ئازادکران.[1]
- ئەمشەو، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردەسەر گوندی پارەپارەی کوردنشینی

ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو و چوار هاوولاتیی کوردیان ڕفاند.[1]
- بەهۆی بەفر بارین لە زینی وەرتێ، کە ڕێگای سەرەکی نێوان شارۆچکەکانی ڕانیە و چۆمان و سۆران-ە، ڕێگاکە داخراوە و هاتووچۆ لە نێوان ئەو شارۆچکەیانەدا ڕاوەستاوە، هەروەها چەند ئۆتۆمبێلێک لەسەر ڕێگاکە پەکیان کەوتووە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پنتاگۆن بڕیاری کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە سوریا واژۆکرد کە پێشتر لە لایەن دۆناڵد ترەمپی سەرۆکەوە دەرکرابوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 24-12-2018
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 24-12-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 24-12-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 359

**2018-12-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161321



باکووری کوردستان
- بەفر و تەرزە لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان دەبارێ و زۆری بارینی بەفر و تەرزە جوڵەی هاووڵاتییانی پەکخستووە. ماوەی 2 رۆژە بە بەردەوامی لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستان بەفر و تەرزە دەبارێت. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی رێگای سەدان دێ و لادێ بگیرێت و بەهۆی خزانی ئۆتۆمبێلیشەوە چەندین کەس بریندار بوون.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی وەرگەڕان و گڕگرتنی تانکەرێکی سووتەمەنیی عێراقیی، رێگای نێوان شاری 'شاباد' و شارۆچکەی 'حەمەیل' لە پارێزگای کرماشان داخرا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی فەرشاد میرزایی، کوڕی ئەسەد خەڵکی گوندی بلسووری سۆفلا، سەر بە شاری خۆی، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە لای ڕانییەوە بە توندی بریندار کراوە.[4]
باشووری کوردستان
- تۆڕی رێخراوەکانی سلێمانی و ژمارەیەک لە چالاکوانان و هاولاتیان، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا سەرکۆنەی سوتاندنی سێوان و سێ منداڵەکەیان کرد، داواشیان کرد تاوانبارانی ئەو کارە بە سزای یاسایی بگەیەندرێن.[3]
- شەش ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە و حیزبە ڕادەگەیەنن و هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەش بۆ سیاسەتی حیزبەکەیان و دەستێوەردانی ڕابەری گشتیی لە ئۆرگانەکانی ئە و حزبە دەگەڕێننەوە. ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی برتین لەهەریەک لە کامل محمود، حەمەدئەمین ئاشووری، موحسین محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرباز خۆشناو، مەلا غەفور چەمچەماڵی، ئارام کەمال، ئەندامانی سەرکردایەتی بزوتنەوە.[1]
- شەوی رابردوو لەسنوری شارەدێی رەشاد چەکدارانی داعش بە جلوبەرگی سەربازییەوە چوونەتە سەر هەردوو گوندی زەباع و موبد، 14 هاووڵاتیان رفاندووەو لەنێویاندا موختاری گوندی زەباعی تێدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 25-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 25-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 360

**2018-12-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161322




دەرەوەی کوردستان
- کەیسی وەرگرتنی پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان لە دادگای بەغدا بردرایەوە.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 361

**2018-12-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161323



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی تەقینەوەی مین، لە ناوچەی ساڵحاوا، سەر بە شاری مێهران، شوانێک بە توندی بریندار بووە.[1]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی باست محەممەدی کوڕی حەمەخان تەمەن 32 ساڵ و خێزاندار خەڵکی گوندی دەرەبەیان سەر بە شاری پاوە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
شار و شارۆچکەکان: ○ پاوە (هەورامان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 28-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 362
**2018-12-28**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161324



رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهاد سەحراپەیما، زیندانیی سیاسیی کورد، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئازاد کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 363

**2018-12-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161325






ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد، هەرمان وتمانی، بەرپرسی گشتیی ماڵپەڕی هاژە، پژمان ئیسماعیلنژاد و پۆڵا ئاغاز هەواڵنێرانی هاژە، پەخشان قەلەندەری، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەبزئەندیشانی جەوانی مەهاباد، فریا ڕەشئەحمەدی و سەیدحەسەن سەیدهادی لە چالاکانی ژینگەپارێزی و لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی بەگشتی بانگهێشت کردووە. هێزە ئیتلاعاتییەکان، هۆشدارییان بەو 6 هاووڵاتییە کوردە داوە، کە دەست لە چالاکییەکانیان هەڵ بگرن. ئەو 6 هاوڵاتییەی شاری مەهاباد، بە دنەدانی بیروڕای گشتی و پڕۆپاگەندە بۆ بیری ناسیۆنالیزمی کوردی تاوانبار کراون.[3]
- لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا، ئەنسار ئەدوایی، فەردین ئەدوایی، زانیار موراردی و حەمید ئەحمەدی، خەڵکی گوندەکانی سلێن و دەگاگا، لە ناوچەی هەورامانی سەر بە سەوڵاوا، کە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپاوە دەسبەسەر کرابوون، بە شێوەی کاتی لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی سپای مەریوان ئازاد کران. ئەم چوار هاووڵاتییە کوردە پاش تەواوبوونی قۆناغی لێپێچینەوە بە شێوەی کاتی ئازادبوون.[3]
باشووری کوردستان
- لە بارەی کەیسی سوتانی سێوان قادرەوە گروپێک لە چینوتوێژە جیاوازەکانی شاری هەولێر، داوایەک ئاراستەی حکومەت و پەرلەمانی هەرێم دەکەن، تێیدا داوای بە لاڕێدانەبردنی کەیسەکە دەکەن و چەند خاڵێک دەخەنەڕوو، لەخاڵەکانیشدا هۆشداری دەربارەی دراما بیانییەکان و مەترسییەکانی دراوە.[2]
- لە شاری سلێمانی کەمپەینێک بەمەستیی پشتیوانیی لە تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و بۆ کۆتاییهێنان بە گوشارەکانی سەریان، ڕاگەیەندرا، کە واژۆی 93 کەسایەتیی، ڕۆشنبیر، ئەکادیمیی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنیی لەسەر بوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، چەتەکانی قەڵغانی فوراتی تورکیای داگیرکەر بە چەکی قورس و مامناوەند هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکان و خاڵەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج لە گوندی مەحسەنلی لەسەر هێڵی ساجور.[1]
- لە نزیک گوندی محەمەدییە سەربە جندرێس لە عەفرین، یەپەگە چالاکییان لە دژی گروپێکی فەیلەق شام ئەنجامداوە و بەهۆیەوە سێ چەتە کوژراون و دوو چەتەی تریش بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ○ منبج

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ مەهاباد

شار و شارۆچکەکان: ○ پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 364

**2018-12-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161326




باکووری کوردستان
- شەوی رابردوو، کاروانێکی سەربازیی سوپای تورکیا کە لە ژمارەیەک تۆپهاوێژ پێکهاتوون، لە شاری هاتای-ی تورکیاوە بەرەوە شاری دیلۆک لە باکووری کوردستان بەڕێکەوت.[1]
- تەڤگەری گەنجانی شۆڕشگێر- دەگەهە، لە چوارچێوەی هەنگاوی سەرهەڵدە بۆ کۆتایی هێنان بە گۆشەگیرییەکانی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەریی پەکەکە، لە کوردستان و شارەکانی تورکیا چالاکییان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا نۆ ئۆتۆمبێل و پارکینگێکی شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل سووتێندران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی شێرزاد و سیامەند شەهسەوار، خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ لە گومرۆکی حاجی عومەران دەسبەسەر کران و بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ ڕاگوێزران. هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەو دوو هاووڵاتییە کوردەیان بە تۆمەتی هەواداری و هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[2]
- ڕیپۆرتێرانی بێسنوور، دەرکردنی حوکمی زیندان و لێدانی قامچی بۆ سەلاحەدین ڕەنجبەر، بەرپرسی کاناڵی تێلێگرامیی هەواڵدەریی ئورمیە دەنگ و محەممەدحوسێن سەوداگەر، بەرپرسی کاناڵی سۆزباز نیووزیان مەحکووم کرد.[2]
- لاوێکی تەمەن 34 ساڵ، لە ناوچەی دەشتی عەباس، لە گوندی ئیستقلال، سەر بە شاری دێهلۆران، بە هۆی مینێکی بەجێماوی سەردەمی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق بە توندی بریندار بوو.[2]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەکی زۆر لەخاوەن بەنزیخانە ئەهلیەکان کە ژمارەیان زیاتر لە سەد بەنزینخانەیە لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکوک گردبونەوەیەکی نارەزایەتیان رێکخست و داوایانکرد بڕیاری روخاندنی بەنزینخانەکانیان رابگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەنتاب - دیلۆک
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 30-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 30-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 31-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 365

**2018-12-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181101214101161327




رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی رۆژانی ڕابردوو، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد ڕەزایی تەمەن 32 ساڵ، کوری خەلیل خەڵکی شاری کامیاران لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان بە بێ مۆڵەتی یاسایی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان دەسبەسەر و لە کاتی دەسبەسەرکردنیدا ناوبراو کەوتووەتە بەر لێدان. ئەو هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کراوە.[4]
- هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەڵیانکوتاوەتە سەر دوکان و شوێنی کاری هەر یەک لە رەزا ئەسەدی و فازل قیتاسی لە بازاڕی میللەتی کامیاران و دەستگیریان کردوون. ئەو کەسانە هاوکات ئەندامی لقی کوردستانیی حیزبی وەحدەتی میللین لە کامیاران.[1]
- لاوێکی کورد، تەمەن 19 ساڵ، بە ناوی حەسەن خۆرسان، کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی بەرەم، سەر بە شاری دێهلۆران، بە هۆی تەقینەوەی مین، لە ناوچەی سنووریی چەم هندی، بە توندی بریندار بوو و لاقێکی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- مانگرتنی ڕێکخراوی کرێکارانی میزۆپۆتامیا لە شاری سلێمانی بۆ ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەردەوامە، لە ئێستاشدا دەیەم گروپ کە پێکهاتوون لە خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستان، مانگرتن لە خواردن درێژەی هەیە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی راگەیاندنی' ژنان لەسەرپێن' کە لەناو گۆنگرەی ستاردا خەباتی خۆیان دەکەن، بۆ پەنابەرانی عەفرینی لەکەمپەکانی کانتۆنی شەهبا دەستیان کرد بە کردنەوەی کەمپەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاری. ناوەندی راگەیاندنی ژانان دەربارەی ئەو کەمپەینە ڕاگەیەنراوێکی

بڵاوکردەوە و وەبیری هێنایەوە کە بەهاتنی وەرزی زستان بارودۆخی ژیان وگوزەرانی پەنابەران قوورستر بووەتەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکەیەکی ئەمریکی لەفڕۆکەخانەی سەربازی کۆبانێ نیشتوەتەوە و چەک و تەقەمەنی گواستووەتەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ليندزی گراهام، کۆنگرێسمانی ناسراوی ئەمریکا بەشێک لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتەکەیدا راگەیاند و دەڵێت، سەرۆک ترەمپ دڵنیاییدەدات لە پاراستنی هاوپەیمانە کوردەکانمان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 31-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 31-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 31-12-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 31-12-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری چاودێر - 31-12-2018

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01 9:41:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان